انتشارات کردستان

ڕێگەی ڕەهبەر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

(لە عیلمی ئوسولی حەدیسدا)

دانانی: مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی: عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێگەی ڕەهبەر (لە عیلمی ئوسووڵی حەدیسدا)

تەواوی مافەکانی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ بڵاوکردنەوەی کوردستان

هیچ کەس و لایەنێك مافی لەچاپدانەوەی ئەم نوسخەیەی بەبێ ڕێپێدانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی **کوردستان** بۆ نییە، هەمووی یان بەشێکی؛ هەروەها ئەم مافە، وەرگێڕان و نووسینەوە و تۆمارکردن لەسەر سی‌دی و میمۆری و دانانی لە (فەزای مەجازی)یش، بە هەر فۆرمەتێك بێت، دەگرێتەوە.

لەگەڵ سەرپێچکار بەپێی یاسا هەڵسوکەوت ئەکرێت

سرشناسه	مدرس، عبدالکریم، ۱۲۸۳ - ۱۳۸۴.
عنوان و نام پدیدآور	ریگەی رەهبەر: لە عیلمی ئوسوولی حەدیسدا/ دانانی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس ؛ لیکولینەوە و لەسەر نووسینی عەبدوللا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی.
مشخصات نشر	سنندج : کردستان ، ۱۳۹۶.
مشخصات ظاهری	۳۰٤ ص.
شابک	۹۷۸-۹٦٤-۹۸۰-۳۱۷-۳
وضعیت فهرست نویسی	فیپا
یادداشت	کردی.
موضوع	حدیث
موضوع	حدیث -- نقد و تفسیر
موضوع	Hadith -- Criticism, interpretation, etc.
شناسه افزوده	ملااحمد احمدآوایی، عبدالله، ۱۳۶۰ -
رده بندی کنگره	۱۳۹۶ ۹ر۳۸۷م/BP۱۰۹
رده بندی دیویی	۲۹۷/۲۶
شماره کتابشناسی ملی :	۴۷۸۰۵۵۵

ڕێگەی ڕەهبەر

(لە عیلمی ئوسوولی حەدیسدا)

دانانی:
مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسینی:
عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی

انتشارات کردستان
سنه

ڕێگەی ڕەهبەر

لە عیلمی ئوسوولی حەدیسدا

✓ ناوی کتێب (نام کتاب):	ڕێگەی ڕەهبەر لە عیلمی ئوسوولی حەدیسدا
✓ دانراوی (مؤلف):	ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس
✓ لێکۆڵینەوە و لەسەرنووسین (تحقیق و تعلیق):	عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد ئەحمەدئاوایی
✓ کەڕەتی چاپ (نوبت چاپ):	یەکەم (اول) ۱۳۹۶ـ ۲۰۱۸
✓ ژمارەی چاپکراو (تیراژ):	۵۰۰ بەرگ (جلد)
✓ ژمارەی لاپەڕە و قەوارە (تعداد صفحات):	۳۰٤ لاپەڕە (صفحەی وزیری)
✓ بڵاوکەرەوە (ناشر):	بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان)
✓ شابک:	۹۷۸ـ ۹٦٤ـ ۹۸۰ـ ۳۱۷ـ ۳

✓ نرخ (قیمت): ۲۰,۰۰۰ ـ ۸۰۰۰ دینار

سنندج ـ چهارراه شهدا ـ پاساژ عزّتی ـ انتشارات کُردستان ـ تلفن: ۰۸۷۳۳۱٦٥۳۸۲

سنە ـ پاسازی عیزەتی ـ بڵاوکردنەوەی کوردستان ـ تەلەفوون: ۳۳۱٦٥۳۸۲ ۸۷ ۹۸+

ناوەڕۆك

پێشەكیی لێكۆڵەر ١٣
دەقی فەرمایشتی زانای پایەبەرزی وڵات، جەنابی مامۆستا نووری فارس حەمەخان ١٦
پوختەیەك لە بیۆگرافیا و كەسایەتیی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس ١٩
كەسایەتیی، و سیفاتەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ١٩
سیفاتەكانی مامۆستای مودەڕڕیس: ٢١
یەكەم: دنیا نەویستی و بەشوێن دیمەن و كەشخەو ناو و شۆرەتدا نەگەڕان: ٢١
دووەم: دڵ نەشكاندن، و ڕوو نەشكاندنی كەس: ٢٢
سێیەم: بەرنامەی خواردنی: ٢٣
چوارەم: خەوتنی مامۆستا: ٢٤
پێنجەم: لەخۆباییبوون: ٢٦
شەشەم: دامەزراوی لە سەر بیروڕای و موساوەمە نەكردنی لە سەر حەق: ٢٦
حەوتەم: بەتەنگەوە هاتنی نەداران و هەژاران: ٢٧
مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس، و كاردانەوەی زانایان لە سەری: ٢٧
وەسف و سەنای زانایان لە سەر مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٩٢
[چەند دێڕێك لە ستایشی شافعیی دووەم، عەللامە مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس] ١٣
[غەزالیی وەخت] ٣٩
ئەو پلەو وەزیفانەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس، بینیونی: ٤٠
مامۆستاكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٤١
ئەمەش ناونیشانی هەندێك لە مامۆستاكانییەتی: ٤٢
ژمارەیەك لە قوتابییەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٤٣
نازناوەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٤٥
كتێبەكانی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٤٦
كۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕڕیس: ٥٣
مەرثیەی زانای ناوداری عێراق بۆ كۆچی دوایی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولكەریم ٥٤

ژێدەرەکانی ئەم بیۆگرافیایە: ٦٠
[سەرەتایەك دەربارەی (فەرموودە ناسی)] ٦١
چەند پێناسەیەکی سەرەتایی: ٦٣
بە ناوبانگترینی کتێبەکانی فەرموودە ناسی (علوم الحديث): ٦٥
ـ (کوردانندنی زاراوەکانی فەرمودە): ٦٨
(پێشەکیی شێخی مودەڕڕیس) ٧٣
ماموستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (گۆڕی پڕ نوور بێت) ٧٤
(باسی بەشەکانی زانستی زاراوەکانی فەرموودە) ٧٥
(بەشەکانی فەرموودە) ٧٩
وە قیسمی دووەم لەم تەقسیمەدا کە حەدیسی ئاحادە لەسەر سێ بەشە: ٨١
ئەقسامی حەدیس ٨٢
١ـ فەرموودەی ساغ (الصحيح) ٨٣
لەم مەقامەدا چەند فائیدەیەك هەیە: ٨٤
تەقسیمی حەدیس بۆ لای صەحیح و حەسەن و ضەعیف ٩٣
٢ـ فەرموودەی جوان و شیـرین (الحسن) ٩٥
جا ئەم باسە ڕووناك ئەکەینەوە بە چەند وتارێکی بە سوود: ٩٧
حەدیسی حەسەن چییە ١٠١
٣ـ باسی فەرموودەی لاواز (الضَعيف) ١٠٢
حەدیسی زەعیف ١٠٣
٤ـ باسی فەرموودەی (الـمُسند) ١٠٥
حەدیسی (مسند) ١٠٦
٥ـ (باسی فەرموودەی موتتەسیل) ١٠٦
حەدیسی (متصل) ١٠٧
٦ـ (باسی فەرموودەی مەڕفوع) ١٠٧
حەدیسی (مەڕفووع) ١٠٨
٧ـ باسی فەرموودەی وەستێنراو (الـموقوف) ١٠٨

(حەدیسی مەوقوف)________ ١٠٩
٨ـ باسی فەرموودەی بڕراو (الـمَقطوُع)________ ١٠٩
(مقطوع)________ ١١٠
جا لەم مەقامەدا بازێ تەفریعات هەیە:________ ١١٠
تەفریعی دووەم________ ١١٣
تەفریعی سێیەم________ ١١٣
٩ـ باسی فەرموودەی بەرەڵلاكراو (الُمرسل)________ ١١٤
وە لەم مەقامەدا چەند سوورەتێ هەیە ئیختیلاف هەیە لەوا كە مورسەلن، یان نا:________ ١١٦
حەدیسی (مرسل)________ ١١٧
١٠ـ باسی فەرموودەی پچڕاو (الـمُنْقَطِعْ)________ ١١٩
حەدیسی (مونقەتیع)________ ١٢١
١١ـ باسی فەرموودەی ئاڵۆزاو (الـمُعْضَلْ)________ ١٢١
حەدیسی (معضل)________ ١٢٨
١٢ـ باسی فەرموودەی فێڵ تیاكراو (مُدَلَّسْ)________ ١٢٩
(تدلیس و مدلّس)________ ١٣١
حوكمی حەدیسی (مدلّس)________ ١٣٢
١٣ـ باسی فەرموودەی ناوێزە (الشاذ)________ ١٣٣
فەرموودەی ناوێزە (الشاذ):________ ١٣٣
(شاذ و مُنكَر)________ ١٣٥
١٤ـ (مَعْرِفَةُ الاعْتِبَارِ وَالْمُتَابِعَاتِ وَالشَّوَاهِدِ)________ ١٣٦
باسی (اعتبار و متابعة و شاهد)________ ١٣٩
١٥ـ زیادەی كەسانی بڕوا پێكراو (زیادات الثقات)________ ١٣٩
زیادەی ئینسانی باوەڕپێكراو________ ١٤٣
١٦ـ باسی فەرموودەی (تاكەوە بوو الافراد)________ ١٤٤
حەدیسی (ئیفراد)________ ١٤٩
١٧ـ فەرموودەی عەیبدار (الـمُعَلَّلْ)________ ١٤٩

حەدیسی (معلّل) ١٥١
١٨ـ فەرموودەی شڵەقاو (الْمُضْطَرِبِ) ١٥٢
باسی حەدیسی (مضطرب) ١٥٤
١٩ـ باسی (الُمدْرَجْ) ١٥٥
حەدیسی (مدرج) ١٥٧
٢٠ـ فەرموودەی هەڵبەستراو (الـموضوع) ١٥٨
وە هۆی ئاگاداربوون بەسەر حەدیسی مەوزووعدا گەلێ شتە: ١٥٩
حەدیسی (موضوع) ١٦٠
٢١ـ فەرموودەی وەرگەڕاو (الْمَقْلُوْبِ) ١٦٢
حەدیسی (مقلوب) ١٦٤
٢٢ـ (باسی سیفەتی ئەو کەسەی کە گێڕانەوەی لێ وەردەگیرێت، ١٦٦
یان بەرپەرچ دەدرێتەوە، وە باسی ئەوەی پەیوەستە ١٦٦
بەم باسەوە لە الجرح والتعديل: ١٦٦
جا ئەم باسە ڕووناك ئەكەینەوە بە چەند مەسئەلەیەك: ١٦٧
جا ئەلفازی تەعدیل بەم ڕیزەیە: ١٧٦
٢٣ـ سەنەدی بەرزی، و نزمی (الإِسناد العالـي والنازل) ١٧٧
ئەقسامی ئیسناد ١٨١
٢٤ـ باسی فەرموودەی ناسراو (الْمَشْهُور) ١٨٢
(مشهور) ٤٨١
٢٥ـ فەرموودەی نامۆ، و دەگمەن (الغَرِيْبِ والعَزِيْزِ) ١٨٥
حەدیسی (غریب و عزیز) ١٨٦
٢٦ـ باسی زانینی دەستەواژە نامۆکانی نێو فەرمووده ١٨٧
باسی ڕووناککردنەوەی کەلیمەی (غەریب) لە ناو حەدیسدا ١٨٩
٢٧ـ زانینی فەرموودەی زنجیرەیی (الْمُسَلْسَلِ) ١٨٩
باسی حەدیسی (مسلسل) ١٩٢
٢٨ـ باسی فەرموودەی سرپار و فەرموودەی سرڕاوە ١٩٣

جا نەسخ بە چەند شت دەرئەكەوێ: ١٩٤
(النسخ في الحديث الشريف) ١٩٧
٢٩ـ باسی فەرموودەی (الْمُصَحَّف) ١٩٨
باسی (تَصحیف)ـی، حەدیس ١٩٩
٣٠ـ باسی (الـمُحكم وَ مُختلف الحديث) ٢٠٠
(مُختلف الـحديث) ٢٠١
٣١ـ باسی زیادە لە سەنەدی پەیوەستدا ٢٠٢
باسی زیادە لە ئیسنادی حەدیسدا ٢٠٣
٣٢ـ (باسی مورسەلـی خەفی ـ بەرەڵاكراوی شاراوە) ٢٠٣
مورسەلی خەفی ٢٠٤
٣٣ـ باسی (الْمُؤْتَلِفِ والْمُخْتَلِفِ) ٢٠٤
حەدیسی (مؤتلف و مختلف) ٢٠٧
٣٤ـ باسی (الـمُتَّفِقِ والـمُفْتَرِقِ) ٢٠٧
المُتَّفِقِ والمُفْتَرِقِ ٢٠٩
٣٥ـ (گێڕانەوەی گەورەكان لە بچووكەكان: ٢١٠
ڕیوایەتی (أكابر) لە (أصاغر) ٢١١
٣٦ـ گێڕانەوەی (الـمُدَبَّج و رواية ألأقران) ٢١٢
ڕیوایەتی ئەقران ٢١٣
٣٧ـ باسی ڕیوایەتی برا و خوشكەكان ٢١٣
باسی برا و خوشكەكان لە ئەهلی ڕیوایەت: ٢١٣
ڕیوایەتی (الأخوة والأخوات) ٢١٥
٣٨ زانستی حەدیسی پیـرۆز: ٢١٥
زانستی حەدیسی پیرۆز ٢١٦
٣٩ ڕێگەی نەقڵی حەدیسی شەریف: ٢١٧
ڕێگەی نەقڵی حەدیسی شەریف ٢٢٢
ڕیوایەتی حەدیس بە مەعنا ٢٢٤

٤٠ ئادابی تالیبی حەدیس ئادابەکانی تامەزرۆیانی فەرمووده: ٢٢٤
ـ ئەو ئادابانەی کە تایبەتن بە قوتابی فەرمودەوە: نەك بە فەرمودەناسەوە: ٢٢٥
(ئادابی تالیبی حەدیس) ٢٢٦
٤١ـ ئادابەکانی فەرمووده‌ناس ـ ئادابی (مُحَدِّث) ٢٢٨
ـ دیارترینی ئەو شتانەی کە دەبێت فەرمووده‌ناس خۆی پێ برازێنێتەوە پێیان: ٢٢٨
ـ ئەو شتانەی کە کردنیان سوننەتە، لە کاتی ئامادەبوونی کۆڕی خوێندنەوەدا: ٢٢٨
ـ ئەو تەمەنە چەندە کە دەبێت فەرمودەناس تیایدا دەست بە گێڕانەوەی فەرمووده بکات؟ ٢٢٩
ـ بەناو بانگترین کتێب لەم بارەیەوە: ٢٢٩
ئادابی (مُحَدِّث) ٢٣٠
٤٢ ـ باسی هاوەڵان رضي الله عنهم: ٢٣١
باسی ئەصحابی کیـرام رضي الله عنهم ٢٣٦
تەعریفی سەحابی ٢٣٧
عەدالەتی ئەصحابی کیـرام ٢٣٧
تەرتیبی فەزڵ لە نێوان هاوەڵاندا رضي الله عنهم ٢٤٠
وە تەبەقاتیان دوازدەن: ٢٤٠
تەرتیبی فەزل ٢٤٢
ئەهلی ڕیوایەت لە سەحابە ٢٤٣
ئەسحابە ڕاوییەکان ٢٤٧
خاوەن فەتواکان ٢٤٧
ژمارەی ئەسحابە رضي الله عنهم ٢٤٨
ئەووەڵ کەسێ موسڵمان بوو لە یاران رضي الله عنهم ٢٤٨
٤٣ ـ تابیعین: شوێنکەوتووان (خودایان لێ ڕازی بێ): ٢٤٩
تابیعی کێن؟ ٢٥١
(بەیانی مەعانی عەداڵەت ـ شرۆڤەی مانای دادگەری) ٢٥٤
[پاشکۆ] ٢٥٧
(٤٤) فەرمودەی نەناسراو (المنکر) ٢٥٩
(٤٥) چۆنیەتی بیستنی فەرمودەو وەرگرتنی و شێوازی لەبەرکردنی ٢٦٢

(٤٦) دەربارەی نووسینەوەی فەرمووده و لەبەرکردنی و کتێبدانان تیایدا ٢٦٤
(٤٧) شێوازی گێڕانەوەی فەرمووده ٢٦٩
(٤٨) گێڕانەوەی باوکان لە کوڕانەوە ٢٧٢
(رواية الآباء عن الأبناء) ٢٧٢
(٤٩) گێڕانەوەی کوڕان لە باوکان ٢٧٣
(٥٠) باسی (السابق و اللاحق) ٢٧٤
(٥١) (الوحدان) ناسینی (الوُحْدان) ٢٧٥
(٥٢) بێئاگا بوون لە حاڵی گێڕەرەوە ٢٧٦
(الجهالة بالرّاوي) ٢٧٦
(٥٣) ناسینی موفرەداتی ناو و کونیە و نازناوەکان ٢٨٠
(٥٤) زانینی ناوی ئەو کەسانەی کە بە کونیەکانیان ناسراون ٢٨١
(٥٥) ناسینی ئەوانەی کە بەناوو صیفاتی جیاجیا ناسراون ٢٨٣
(٥٦) ناسینی نازناوەکان (ألألقاب) ٢٨٤
(٥٧) لێکچوو (المتشابه) ٢٨٦
(٥٨) فەرموودەی قودسی (الحديث القدسي) ٢٨٨
(٥٩) ناسینی ئەوانەی کە بۆلای غەیری باوکیان نیسبەت دراون ٢٨٩
(٦٠) ناسینی ئەو نیسبەت لێدانانەی کە پێچەوانەی ڕووکەشی نیسبەت لێدانەکانن ٢٩٠
(٦١) زانینی (الـمُبْهَمات) ٢٩١
(٦٢) زانینی مێژووی گێڕەرەوەکان ٢٩٣
(٦٣) ناسینی گێڕەرەوە بڕوا پێکراوەکان لەنێو لاوازەکاندا ٢٩٦
(٦٤) ناسینی ئەو کەسە بڕوا پێکراوانەی کە شت تێکەڵ دەکەن ٢٩٧
(٦٥) ناسینی چینەکانی زانایان و گێڕەرەوەکان ٢٩٨
(٦٦) ناسینی گێڕەرەوە زانا کۆیلەکان ٣٠٠
(٦٧) ناسینی ناوچەو شاری گێڕەرەوەکان ٣٠١

پێشەکیی لێکۆڵەر

إنَّ الحَمدَ لِلّهِ نَحْمَدُهُ وَ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَ نَعُوذُ باللّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنا وَ مِنْ سَيِّئاتِ أَعْمالِنا، مَنْ يَهْدِهِ اللّهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هادِيَ لَهُ، وَ أَشْهَدُ أَنْ لا إلهَ إلا اللّه وَحْدَهُ لا شَريكَ لَهُ، وَ أشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَ رَسُولُهُ.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ **آل‌عمران: ١٠٢**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ **النساء: ١**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ **الأحزاب: ٧٠**

أَمَّا بعد: فإنّ أَصدق الحديث كتابُ اللّه وَ خيْر الهدي هدي مُحَمّدﷺ وَ شرّ ألأُمُور مُحدَثاتها، وَ كُلّ مُحدَثة بدعَة وَ كُلّ بدعَة ضلالَة وَ كُلّ ضلالَة فِي النّار.

پاشان: یەکێك لە شاکار و داهێنانەکانی جەنابی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، ئەوەیە کە زیندووکەرەوەی زانستێکیترە لە زانستە ئیسلامییەکان لە ناو وڵاتی کوردەواریدا، کە ئەویش زانستی (فەرموودەناسی: **علوُم الحَديث**)ـە، کە بۆ چەند سەدەیەك دەچوو لە وڵاتی خۆماندا پێچرابوویەوە و نەدەخوێندرا و سەرەڕای گرنگییەکەیشی بایەخی پێ نەدەدرا، مامۆستا هات و بۆ یەکەم جار بە زمانی کوردی لەم بابەتەدا پەرتووکی (ڕێگەی ڕەهبەر)ی، نووسی، و سەرلەنوێ بزاوتێکی بەم زانستە پیرۆزە لە حوجرە و مەدرەسەکانی کوردستاندا بەخشییەوە، و شایەنی وەبیر هێنانەوەیە کە یەکەم داهێنەری ئەم زانستە بە زمانی عەرەبیش هەر زانایەکی کورد بووە، کە ئەویش پێشەوا (ئیبنو سەلاحی شارەزووری)یە، وئەو توانی بابەت و زانیارییە

پەرت و بڵاوەکانی ئەم زانستە لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا کۆ بکاتەوە و ئەفراندنێکی مەزن و مێژوویی لەم بوارەدا تۆمار بکات، و بۆیە هەر لە پێشەکی پەڕتووکەکەدا شێخی مودەڕیس (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (وە زۆربەی ئەم ڕیسالەمە وەرگرتووە لە کتێبی (**عِلوُم الحَدیث**) دانراوی (شیخ المُحدِّثین)، (ئەبو عەمر عوسمان) نازناو بە (ئیبنو سەلاح) و مەشهوور بە شارەزووری، و ئەم زاتە لە تەئریخی پێنجسەد و حەفتا و حەوتی کۆچیدا لە دێی شیلەخان لە دایك بووە ـ شیلەخان: وەرگیراوە لە لەفزی شیخ عەلی خان، کە ناوی مالیکی ئەو دێیە بووە، و هاوچەرخی (قازی بەنێ)ی، قەرەداغی بووە، لە دەوری تەئریخی سێسەد و حەفتای کۆچیدا ـ و دێی شیلەخان لە ناحیەی (سووورداش)ـە، و تابیعی موحافەظەی سلێمانیەی ئەمڕۆیە، وە لە خزمەتی باوکی بە حورمەتی عەللامەی عەسر شێخ عەبدوڕەحمانی شیلەخانی شارەزووری، کە نازناوەکەی ئەبو سەلاح بووە، خوێندوویەتی هەتا پێگەیشتووە، و (ئیبن سەلاح) گەلێ تەئلیفی کردووە لە عولوومدا، یەکێ لەوانە ئەم کتێبەیە کە ناوی: (**عِلوُم الحَدیث**)ـە، و من کردوومە بە سەرچاوەی ئیستیفادەی خۆم، لە میهرەبانی خودای تەعالا داوا ئەکەم کە ئەم کتێبەی منیش بکا بە هۆی ئیستیفادەی طەڵەبەی عولووم لەم وڵاتی خۆمانەدا ـ **بِمنِّهِ وَ فضلِهِ**، آمین ـ

شایەنی باسە پەڕتووکی (ڕێگەی ڕەهبەر) بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٨٥) لە شاری بەغدا چاپکراوە، و زانای بەڕێز دکتۆر سەلاحەددین سەنگاوی لەو سەردەمەدا ئامادەی کردووە بۆ چاپ و سەرپەرشتی چاپەکەیشی کردووە، و لە ڕاستیدا زۆر خۆیی پێوە ماندوو کردووە، و دکتۆر سەلاحەددین سەنگاوی دواتر و لە ساڵەکانی (٢٠٠٣) بە دواوە بووە مامۆستای خۆیشم لە بەشی خوێندنی ئیسلامیی ـ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، ئەم مامۆستا بەڕێزە پیاوێکی زۆر زانا و لێوان لێو بوو لە ڕێز و شکۆ و ئیحتیرام، و یەکێکیش بووە لە قوتابییەکانی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، و بۆیە هەر نووڕڕێژ بێت ئارامگای شێخی مودەڕیس، بۆ خۆی ئەم قافڵە نوورانییە لە قوتابی زانا و خاوەن ویقار، کە بە ڕاستی دکتۆر سەلاحەددین سەنگاوی لە ترۆپکی ئەو هەرەمەدایە!

دواجار کەوتە سەرم ئەم پەڕتووکە سەرلەنوێ نوێ بکەمەوە، و ئەوەی بکرێت لێکۆڵینەوەی بکەم، و سوپاس بۆ خوا بەم قۆناغەم گەیاند کە لە بەردەستدایە، لە پێشەکیدا پوختەی ژیاننامەی شێخی مودەڕیسم داناوە، و پاشان تەواوی فەرموودەکانم تەخریج کردوون، و هەروەها ئاماژەم بە سەرچاوەی زۆر لە قسەی ئەو زانایانە کردووە کە شێخی مودەڕیس ئاماژەی پێ نەدابوو، و پاشانیش هەندێ بابەت هەبوون کە مامۆستا نەیهێنابوون و یان بە کورتی و ناڕوونی لێیان دووابوو، من لە پاشکۆیەکی تایبەتدا باسم لە هەموویان کردووە، و دواجار گرنگی ئەو فەرمایشتەی زانای پایەبەرزی وڵات، و قوتابی دێرینی شێخی مودەڕیس و دوایادگاری زانایانی پێشینەمان، جەنابی (مامۆستا نوری فارس حەمەخان) جوانی و باڵایەتی ئەم چاپە نوێیەی گەیاندۆتە ترۆپك.

ئومێدەوارم ئەمجارەیش و بەم چاپە نوێیە و بەم لێکۆڵینەوەیەوە، پەڕتووکی (ڕێگەی ڕەهبەر) جێگای خۆی بگرێت و سوودمەند بێت بۆ قوتابی و فەقێیانی وڵاتی کوردەواری و سوپاسیش بۆ جەنابی مامۆستا مەلا ڕەحیمی دەمەیەوی خاوەنی ئینتیشاراتی کوردستان لە شاری (سنە) کە هاندەر بوو بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە.

وصلى الله على سيدنا و نبينا محمد و على آله و صحبه وسلم و الحمد لله رب العالمين.

خزمەتگوزاری زانستەکانی شەریعەت

باوکی نامی ـ عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی

(١٥ی، ذوالقعِدَة،١٤٣٧) ـ (١٨/ ٨/ ٢٠١٦) خورماڵ، هەورامان، باشووری کوردستان

دەقی فەرمایشتی زانای پایەبەرزی وڵات، جەنابی مامۆستا نووری فارس حەمەخان[1] لەسەر ئەم پەڕتووکە

«بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»

سوپاس بۆ خودا، دروود لە حەزرەت

ڕەزا لە یاران، ڕەحمەت لە ئوممەت

گەورە و سەروەرمان، جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، "ڕەحمەتی خوای گەورەی لێ بێت" ئەوەندە زانایەکی خواناس و ڕەببانی و خاوەن تەقوا بوو، وەك دەڵێن: "هەق وەهایە کە بە دەستی بە دەستنوێژەوە ناوی بهێنرێ!"، و لە ڕاستیدا بەرهەمە قەڵەمییەکانی مامۆستای بیارە هەموویان وەك گەوهەری شەوچرا وەهان، ئایەخیان تیادا نییە، گشتیان بە نرخ و بە سوود و بە بەها و بەهرەدارن، یەکێ لەو بەرهەمە پیرۆزانەی ئەم مامۆستا مەوسووعییە کتێبی (ڕێگەی ڕەهبەر)ـە، کە سەبارەت بە عیلمی حەدیس و زانستی فەرموودەیە، کە ئەم زانستە خۆی لە پیرۆزترین و بە نرخترین زانستە شەرعییەکانە، وە ئەم شاکارە نایابە بە زمانی شیرینی کوردی خۆمانە، کە خوێندن و فێربوونی ئەم زانستە بەرز و بە نرخ و پیرۆزە بۆ ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆی ئێمە بە تایبەتی بۆ ئاشقانی فەرموودەی سەروەرﷺ ـ ئەگەر فەرزی عەین نەبێ ـ بێگومان کە فەرزی کیفایەیە!!

جا بەندەی خادیمی خاکی بەرپێی زانایانی ئیسلام، داوا و تکا لە هەموو فێرخواز و

---

١. جەنابیان ناسراوە بە (وەرگێڕە کوردەکەی پێغەمبەری خواﷺ)، و وەرگێڕی (رياض الصالِحيـن)، و (موختەسەری سەحیحی بوخاری)، (موختەسەری سەحیحی موسلیم) و (التاج الـجامِع لِلأُصُول)، و (بلوُغ الـمَرام)، (اللؤلؤ و الـمَرجان)، و هەزاران فەرموودەی تری پێغەمبەری ئازیزە ﷺ، بۆ سەر زمانی کوردی، و خۆیشی زۆر جوانی فەرمووە:

نووری تا ماوە مەمنونی خوایە ... کە تەرجومانی رسول اللّه یە!

قوتابی و زانایانی ئایینـپەروەر دەکەم کە گرنگی و بایەخی تەواو بە زانستی فەرمووده و فەرمووده شوناسی بدەن، کە ئەم پەڕاوەی مامۆستای مودەڕیس باشترین سەرچاوەی ئەمین و بە کەڵکە لەم بوارە بە پیت و فەڕەدا، چونکە لە ڕاستیدا ئەمڕۆ زۆربەی خوێنەوارانی کوردی ئایینـدۆست بە تایبەتی لاوەکانمان گرنگی و بایەخی تەواو بە فەرمووده دەدەن، بەڵام خۆزگە پێ بە پێی ئەوەیش بایەخی پێویستیان بە زانستی فەرمووده و فەرمووده شوناسی دەدا، هەتا لەمە زیاتر کێشەوبەرە لە نێوانی شەرعخوازان و فەرمووده خوازاندا پەرەی نەسەندایە، کە بووە بە جۆرە خیلافێکی لەفزی و ڕاجیاییەکی زارەکی کە زەرەر و زیانی گەلێ گەلێ لە قازانجی زیاترە!

جا لە خوا داوا دەکەم کە ئەم پەڕاوەی مامۆستای سەروەرمان ـ بەم لێکۆڵینەوە نوێیەی مەلا عەبدوڵلاوە ـ بە جوانی ئەم کەلێنەمان بۆ پڕ بکاتەوە و ببێ بە چرای نوور لە وڵاتا بۆ دڵ و دەروونی هەموو کورد زمانێکی مسوڵمانی دڵسۆزی دین و دنیای ئەم گەلی کوردی ئیسلامدۆستی خودا پەرستە، و دواجار دەستخۆشی لە لێکۆڵەر دەکەم، بۆ ئەم لێکۆڵینەوە جوانەی!

باسێك بۆ یادگار: فەقێ بووم لە مزگەوتی شێخ مەحموودی قەرەچێواری، عەبدوڵلا یەزدیم دەخوێند، هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ لای مامۆستا مەلا غەفوری حاجی ئەحمەدی کانی سپیکەیی، لە مزگەوتی بن تەبەق، کە ئەو لەوێ فەقێ بوو، لە لای مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمی، کە ئیمامی مزگەوتەکە بوو، دەرسەکەمان دەخوێند، موستەعیدێکی تری لێ بوو، زۆر فەقێیەکی بە ویقار و سەلار و سەنگین بوو، زۆر نەدم بوو، زۆر ثیقەی بە خۆی هەبوو، لە گەڵ مامۆستا مەلا غەفوردا زۆر بەینیان خۆش بوو، چونکە هەردووکیان مەیلی تەسەوفیان هەبوو، مامۆستا مەلا غەفور زۆر لێی ڕازی بوو، دەیگوت: (ئەمە مەلا ئەحمەدە[1])، جاربەجارێ کە قسەیەکی نهێنییان هەبێ لە گەڵ مامۆستا مەلا مستەفای زەڵمیدا بە هەورامی قسە دەکەن، مامۆستا مەلا ئەحمەد بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو، ئێمە بە چاوی برای گەورەی خۆمان تەماشامان دەکرد، ئەو کاتە وا دەزانم، یان

١. واتە: مامۆستا مەلا ئەحمەدی ئەحمەدئاوا، باوکی ئەم مەلا عەبدوڵلایەی لێکۆڵەری ئەم پەڕتووکە.

(**لُبُّ الأُصُول**) یان (**جَمعُ الجَوامِع**)ی، دەخوێنند، چونکە زۆر جار گلەیی لە ماموستا مەلا مستەفای زەڵمی هەبوو، کە بۆ ئەوەندە خۆی بە خەڵکی گەڕەکەوە ماندوو دەکا، بە تایبەتی لە پرسی شەرعدا، دەڵێی: "دەرسی ئوسوولی فیقهیان بۆ ڕوون دەکاتەوە!".

هەموو جارێ ماموستا مەلا غەفور دەیفەرموو: (ئەم مەلا ئەحمەدە، ئەهلییەتێکی عیلمیی باشی هەیە، ئەگەر بواری بۆ بسازێ و مەدرەسەی هەبێ، مەلایەکی گەورەی چاکی لێ دەردەچێ!!)، زۆری نەخایاند، کە ماموستا مەلا مستەفای زەڵمی بوو بە ئیمامی عەسکەری، و ماموستا مەلا ئەحمەدیش چوو بۆ لای ماموستا مەلا مارفی خاوێیی، و لای ئەو ئیجازەی وەرگرت، یادی بە خێر!

مەبەستێکی بەڵگەنامەیی: بەڕێز کاك مەلا عەبدوڵڵای ماموستا مەلا ئەحمەدی ـ ئەحمەدئاوایی، جەنابی ماموستای پایەبەرز و هێژا ماموستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی "کە مامی باوکیشیەتی" ئیجازەی عیلمیی ـ مەلایەتی بۆ نووسیوە، کە جاران و بگرە ئێستایش بەڵگەی زانایی و شارەزایی ئیجازە پێدراوەکەیە لە هەموو عیلمە شەرعییەکاندا، وەك علومی تەفسیر و حەدیس و فیقهـ و عولوومی ئالە، وە بەندەی هەژار شایەتی دەدەم کە هەم ماموستای موجیز و هەم ماموستای موجاز شایانی ئەم بەخشینی ئیجازە و وەرگرتنی ئیجازەیەن، و تەئییدی ئیجازە نامەکەیشیم کردووە و خۆیشم ئیجازەیەکی تایبەتی خۆمم بۆ نووسیوە، و داوا لە کاك مەلا عەبدوڵڵا دەکەم، کە جێگەی ئومێدی هەموومان بێ، و قەڵەمە کاراکەی لە خزمەتی ئیسلام و پەخشی نووری قورئان درێغی نەکات، و لە خوا داوا دەکەم کە هەمیشە کاك مەلا عەبدوڵڵا سەرکەوتووی دین و دونیا بێت، و بۆ ئێمەیش و بۆ خۆیشی و بۆ هەموو دۆست و برادەران مایەی دۆعای خێر بێت. ئامین.

دۆعا گۆتان: نووری فارس حەمەخان حەسەن

خادِمُ العُلَمَاءِ وَ الـمَشَایِخِ وَالفُقَرَاءِ

١٥ / ٨ / ٢٠١٦ سلێمانی ـ گەڕەکی ماموستایان

پوختەیەك لە بیۆگرافیا و کەسایەتیی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس

*** ناو و لەدایکبوون و مێژووی بە دنیاهاتنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:**

زانای پایە بەرز، و مەزن، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، ناوی تەواوی (عەبدولکەریم)ی، کوڕی (موحەممەد)ی، کوڕی (فەتاح)ی، کوڕی (سلێمان)ی، کوڕی (مستەفا)ی، کوڕی (موحەممەد ـ حەمە خەجێ)، یە، و لە ساڵی (١٨٩٩)ی، زایینی، لە ئاوایی (گوێزە کوێرە)ی، سەر بە شاری (مەریوان)ی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە[١].

*** کەسایەتیی، و سیفاتەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:**

مامۆستای مودەڕڕیس باڵای ناوەندی و بەرەو کورتی دەنواند و لەم دواییانەداو لەکاتی نەخۆشی و پیریدا زۆر بچوکی دەنواند، وەك مامۆستا هێمنی شاعیر لە وەسفیدا دەڵێت: جارێك لە گەڵ چەند مامۆستای گەورە و ماقوڵ لە بارەگای حەزرەتی غەوس لە حوجرە تەنگ و چکۆلەکەیدا دانیشتبووین، من ئەم بیرەم بە مێشکدا دەهات ئەگەر هەموو نووسینە بە نرخەکانی ئەم مامۆستا کورتە باڵا، ڕەزا سووکە، خوێن شیرین و قسە خۆشە بێنی، و لە تایەکی تەرازووی باوی و جەستەی لاوازی خۆشی لە تایەکەی دیکە بخەی، ئایا سەری وە میچی حوجرەکەی ناکەوێ ؟

ئەو بەردەوام جبەی لەبەر کردووە، و زۆر حەزی بە ڕەنگی قاوەیی دەکرد، مێزەرێکی سپی جوان ڕەنگی لە سەر دەنا و بە بینینی دڵی سپی و خاوێن دەکردەوە و پاکی و نەزاهەتی مامۆستاشی دەگەیاند.

زانایەکی لەخوا ترس و زیرەك و وەڵام بەدەست بوو، زمان پاراوێکی خۆش قسەو گفت بوو، مامۆستا تاهیری بەحرکەیی لەوەسفیدا دەڵێ: بەڕاستی مەجلیسی پڕ خێر و

---

١. کاروانی پێنووس، فاتێح مستەفایی ـ مەریوان، چاپی یەکەم، (١٣٩٠هەتاوی ـ ٢٠١٢ز)، لاپەڕە (٨٢)، بڵاوکردنەوەی ئاراس ـ سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەرەکـەت بـوون، باسـی دنیـات بەخۆشـی دەبیسـت، ئەو مـاوەی لەخزمەتی دەمایتەوە، هەستت بەخۆشی دەکرد، دەتوت با هەڵنەستی!

قوتابیانی خۆی زۆر خۆشدەویسـت و هەمیشـە لێبوردەیی بەرامبەر بەکار دەهێنان و بگرە تەنها ژیانی ناو فەقێیان و مزگەوتی بە ژیان دەزانی.

مامۆستا زۆر بەوەفا بوو، بەڵکو لەهەموو سیفەتەکانی تری، ئەم سیفەتەی دیارتر بوو، ئەمەش بەڕوونی لە کتێبەکانیدا بەرچاو دەکەوێ ..... کەهەرکەس چاکەیەکی لەگەڵ کردبێت لەبیری ناکات و باسی دەکات و بەنزای خێر بەسەری دەکاتەوە بۆ نموونە بنوارە (**علماؤنا فِي خدمة العلم و الدين**)، چۆن وەسفی شێخ جەمیلی تاڵەبانـی، و هـەردوو کوڕەکەی شێخ عەلی و شێخ عەبدولڕەحمان دەکات، یان چۆن وەسفی شێخ عومەری قەرەداغـی لـە «ڕۆژگاری ژیان»دا دەکات، و هـەر لـەو سـەرچاوەدا باسـی دوو گەنـجی سلێمانی موحەممەد ساڵح و موحەممەد سەعید دەکا، و پیاوەتییـان لـەیاد ناکات، کە وەختێ فەقێ بووە، یارمەتییان داوە، هەروەها بنوارە ئەو وەفایەی کە بەرامبەر بە شێخی بیارە هەیەتی، و چۆنی دەلاوێنێتەوە لە «بنەماڵەی زانیاران»دا.

یەکێکیـتر لەسیفەتە بەرزەکانـی مامۆستا، موتاڵەعـەی چڕ و پڕ و بەردەوامـە، و هیچ کاتێـك دەرسێکی بـە بێموتالاو خۆحازرکـردن نەوتووەتـەوە، ئەمـەش یەکێکـە لـە ئامۆژگارییەکانی «ئیبن قەرەداغی» کە پیادەی کردووە .

مامۆستای مودەڕڕیس زۆر غەمخۆری گەلەکەی بوو، کە دەیبینی ڕۆژ بە ڕۆژ نەزانی ئاوقـەیان دەبێـت و دەکەونـە گێژاوییـەوە، هـەر بۆیـە دەبینـی بوێرانە دەستیدایە نوسین بـە کـوردی و زۆر لایـەن و سـوچی خالّیـی کتێبخانـەی کوردی ڕۆشـن و ڕوناك کـردەوە، و کوردیش بەزمانـی خـۆی توانـی تەقە لـە دەرگای زۆرێك لە زانستەکانی علومی قورئان و حەدیس و بەدیع و عـەرووز ....بـدات، و ئـەو دەرگایە بە دەسـتی مودەڕڕیس، خرایە سەر پشت بۆ نەوەی ڕابوونی ئیسلامی.

سیفاتەکانی مامۆستای مودەڕڕیس:

یەکەم: دنیا نەویستی و بەشوێن دیمەن و کەشخەو ناو و شۆرەتدا نەگەڕان:

لە سەر ئەم خاڵە دەکرێ دەیان نموونەی زیندوو ڕیز بکرێت[1]، من یەکێك لەو خاڵانەی کەدەیان جار بەچاوی خۆم دیومە و لەسەریشی بەدەنگ هاتووم، باس دەکەم:

زۆر لەو بەڕێزانەی لێرەدا دانیشتوون، پێش نوێکردنەوەی (باب الشیخ) و لە ساڵەکانی ٧٠ و ٨٠ ئەو ژورەتان دیوە، کە ناوی ژووری مامۆستا بوو، هەم مەدرەسەی بوو، هەم جێگەی خەو و خواردن و حەوانەوەی بوو.

مامۆستایش کەپێش نوێژ، و مامۆستای ئەو بارەگا گەورە پیرۆزە بوو، جگە لەوەی هەر کوردێك ڕووی بکردایەتە بەغدا، و زیارەتی بارەگای (گەیلانی) بکردایە، ئەگەر سەردانی مامۆستای مودەڕڕیسیشی نەکردایە، ئەوا سەردانەکەی بەلاوە قەبووڵ نەبوو. هەر میوانێکی دەرەوەی وڵاتیش لە زاناو سەفیرو پیاوی ئاینی و ناودار سەردانی (باب الشیخ)یان، بکردایە دوای زیارەتی (گەیلانی) دیارترین کەس مامۆستا بوو، کە جێگەی شانازی بێت و شیاوی ئەوە بێت بە ڕوو سوورییەوە ئەو میوانانە ڕایی بکات و دیمەنی گەشی زانستیان لە شێوەیەکی وادا بۆ بنوێنێ بە یادگار لە مێشکیاندا ساڵەها بمێنێتەوە.

مامۆستا لەو ژورەدا بوو، ئەو هەمو میوانە ڕویان دەکردە ئەو ژوورە کە چەند تەختە قەنەفەی کۆنی تێدا بوو، چەرچەفی کۆن و ڕزیوو پواویان پێوە بوو، ڕۆژێك یەکێك لەو میوانە بیانییانە هاتە خزمەتی، دوای دیدەنی و قسە و باس کاتێك هەڵسا دەستی چووبە درز و شەقی چەرچەفی قەنەفەکەدا، دوای ڕۆیشتنی میوانەکە عەرزی مامۆستام کرد، ئەمە جوان نییە، و ئەگەر بە (سەید یوسف) ـکەئەو کاتە موتەوەلی گەیلانی بوو ـ بڵێیت بە مەمنوونی قەنەفەکانیشت بۆ تازە دەکاتەوە، نەك چەرچەفەکانیان، جا مامۆستا فەرمووی: ڕۆڵە ئەوان خۆیان نایبینن؟! من پێیان ناڵێم!

ئەمە لەکاتێکدا بوو، ژووری تەنیشتی ژووری مامۆستا (کمال الدین طائی) بوو، ڕازاوەترین ژوور بوو، جوانترین تاقم و فەرشی تێدا بوو، (کمال الدین)یش، ئەگەر

١. ئەمە وتەی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییە.

هەفتەی دوو سێ ڕۆژ بهاتایە، یەك سەعات بەناو دەرسی دەگووتەوە .

هەر لە ژوورەکەی مامۆستایش چەند هەنگاوێك بەولاوە، ژووری (عبدالوهاب طعمة) بوو، کە ئەگەر بە فەقێی دابنرایەیت، لەوانە بوو ئەو فەقێیە سەری خۆی هەڵبگرێت!! و وڵات بەجێبهێڵێت، کەچی ژووری (عبد الوهاب) جگە لەوەی نایابترین فەرش و تاقمی تێدا بوو، هەموو دیوارەکەی لەباتی بۆیە بە تەختەی ساج ڕووپۆشی کردبوو، کورسی و مێزی میوانی هەبوو، سورەیای نایاب بەسەر سەریدا شۆڕ بوبووەوە، و تەلەفۆن ـکە ئەو کات دەگمەن بووـ لەم دیوو ئەو دیوییەوە دانرابوو، ئەگەر مامۆستای مودەڕڕیسیش زۆر پەلە و پێویستی بوایە بە یەکێکمانی ئەفەرموو، بڕۆن لای (عبد الوهاب)ەوە، تەلەفۆنێکم بۆ بکەن!.

دووەم: دڵ نەشکاندن، و ڕوو نەشکاندنی کەس:

ڕاڤەی فەرمایشتێکی پێغەمبەر ﷺ هەیە، هەرچەندە هەندێ کەس بەلاوازی دادەنێن، دەفەرموێ: ئێمە بەڕووی کەسانێکەوە پێدەکەنین، و دڵیشمان لە ئاستیاندا خوێن دەدەڵێنێ.

مامۆستا لە ژیانیدا ئەم فەرمایشتەی بەڕێکی پەیڕەوی دەکرد، گەلێ جار دیومە کەسانی وا هاتونەتە خزمەتی لەڕێگەی ژیانیانەوە لەگەڵ مامۆستادا و ڕابوردویان لە ئاستیدا، زانیومە مامۆستا حەزی لە چارەیان نییە و خۆشی ناوێن، کەچی کە هاتونەتە خزمەتی، مامۆستا بە جۆرێك ڕەفتاری لەگەڵدا کردوون، ئەگەر کەسێکی ناشارەزا ئەو دیمەنەی بدیبایە وایدەزانی هیچ ناکۆکییەك لە نێوانیاندا نییە، و موو بە نێوانیاندا ناچێت، هەر لە مانای ئەمەیشدایە ئەو پەندە کوردییەی کە دەڵێ: (دەستێ نەتوانم ببیڕم، ماچی دەکەم).

بۆیە وا دەزانم، چەند لە خزمەتی مامۆستادا بووم، لە بیرم نایەت غەیبەتی کەسی کردبێت، یان دڵی کەسی شکاندبێت، ئەوە ناڵێم ئەگەر جارجار فەقێی وا هەبوایە دەرسەکەی باش حازر نەکردایە، یان کەمتەرخەمی لە پێدا چوونەوەو ڕەوانکردنی دەرسەکانیدا بکردایە، مامۆستا لە ڕووی دڵسۆزییەوە لێی تووڕە بووایە.

سێیەم: بەرنامەی خواردنی:

فەرمایشتێکی پێغەمبەرﷺ هەیە، واتاکەی ئەمەیە: هیچ کەسێك نییە ئەو ڕۆزییەی خودا بۆی بڕیار داوە نەیخواو بمرێ، کوردیش دەڵێ (هەرکەس زۆر بخوا، زۆر ناژی)، وا بزانم مامۆستا ئەم فەرمایشتەی بەجۆرێکی دی مانا کردووە، هەرچەند درێژی و کورتی تەمەن بەدەست خوایە، مامۆستا وەهای لە یەکداوەتەوە، ئەو ئەندازە خۆراکەی خودا بڕیاری داوە کەی تەواو بوو، ئادەمیزادەکەش تەمەنی کۆتایی دێت، وەك بڵێین خودا بۆ زەلامێکی داناوە، لە درێژایی تەمەنیدا (١٠) دە تەن خواردن بخوات، ئەگەر بە پەنجا ساڵ بیخوات، ئەوا تەمەنی پەنجا ساڵ ئەبێت، و ئەگەر بە حەفتا ساڵیش بیخوات، ئەوا تەمەنی (٧٠) ساڵ ئەبێت، مامۆستا ئەو بڕە خواردنەی خۆی وا بەشکردبوو، بەشی (١٠٠) ساڵ زیاتری بکات، چونکە بەڕاستی ئەو کەسەی بەوردی سەرنجی بەرنامەی خواردنی مامۆستای بدایە، سەرسام دەبوو، کە مامۆستا چۆن قنیات بەو ئەندازە خواردنە دەکات و چۆن پێی دەژی .

بەیانیان هێلکەیەك یان تۆزێ هەنگوین، یان پارچە پەنیرێ یان شتێکی وەهای دەخوارد و هێشتا هەتاو گزنگی نەدابوو دەستی دەکرد بە دەرس وتنەوە تا نیوەڕۆ یان تا دەرسەکان تەواو ببوایە ئەوا دەستی دەدایە کتێبێك یان بە خوێندنەوە یان بە نووسینەوە خەریك دەبوو، ئەگەر میوانی نەهاتایە .

کاتی نیوەڕۆیش خواردنەکەی ئەوە بوو بریتی بوو، بە زۆری لە برنج و شلەیەك کە لە سەفەرسازێکدا لەماڵەوە بۆی دەهات، کاتی نیوەڕۆ گەرم دەکرایەوە، بڕوا ناکام نیوەڕۆیەك بووبێت، یەکێك و دووان هاوبەش نەبووبن لە تەکیدا بۆ ئەو خواردنە کەمە، هەرچەندە زۆر جار وائەبوو کەسانێك هەبوون خۆیان پەنا دەدا تا کاتی نانخواردنەکەی مامۆستا لەو کاتەدا لە پڕو بێ خوڵك و مەوعید و سەلام و عەلەیك، و بەرانبەری مامۆستایان لەسەر سفرەکەی دەگرت، ئیتر مامۆستا شتێکی لەو خواردنە کەمە بەرکەوتایە هەر ئەوە بوو دەیخوارد و هەڵدەستا، دوای ئەوەیش ئیتر تا بەیانی ڕۆژی داهاتوو، تۆزێك میوەی لێدەرچێت، کە شەو بەر لە خەو دەیخوارد، هیچ خواردنێکی نەدەخوارد .

چوارەم: خەوتنی مامۆستا:

دەبێ ئەوەیش لە بیر نەکەین، کە مامۆستا تەشریفی هەڵدەستا بۆ نوێژی بەیانی ئیتر نەدەخەوتەوە، و پیشەی ڕۆژانەی وەهابوو، دوای نوێژ ڕیزێك ویردی ڕۆژانەی هەبوو وردە وردە بەدەم پیاسەو گەڕانەوە دەیخوێند تا کاتی چایی خواردنی بەیانیانی دەهات، دوای ئەوە وەك وتمان تا نیوەڕۆ سەرقاڵی دەرس وتنەوە دەبوو، کەم دەیپەرژایە سەر شتی تر، دوای نانخواردنی نیوەڕۆیش کاتێ ڕۆژگار درێژ دەبوو، وەك بەهار و هاوین، دەرگای ژوورەکەی دادەخست و ماوەیەك ڕادەکشا، لەو ماوەیەشدا، ئەگەر بیانهێشتایە بنوێ، پاش کەمێك هەڵدەستا، دەستنوێژی دەگرت، و خەریکی نووسین دەبوو!

کە دەڵێم ئەگەر بیانهێشتایە، مەبەستم ئاماژەیە بۆ حاڵەتێك کە مامۆستا هەمیشە هاواری بوو لە دەستی، ئەویش ئەوەبوو، ئەو ماوە کەمەی دوای نانخواردنی نیوەڕۆ کە دەیویست ڕابکشێت، چەند جار لەسەر یەك دەیاندا لە دەرگای ژورەکەی، ئیتر زەلامێ، ئەو کاتە زیارەتی شێخ عەبدولقادری بۆ گونجا بوو، دەیویست بگەڕێتەوە بۆ هەولێر، یان سلێمانی، ئەگەر زیارەتی مامۆستاشی نەکردایە، زیارەتەکەی بە تەواو نەدەزانی، یان ئەو کاتە گەیشتبووە بەغدا، و نەخۆشی بۆ لای دکتۆر هێنا بوو، ئەیویست پێش ئەوەی بچێت بۆ عیادە، بچێتە خزمەتی مامۆستاو مامۆستا دوعای خێری بۆ بکات و ناونیشانی دکتۆرێکی باشیشی بداتێ.

دەبێ لەبارەی خەوی مامۆستاوە ئەوەیش لەبیر نەکرێت، مامۆستا کە دوای نوێژی عیشا دەرگای لەسەر خۆی دادەخست، ئیتر نەدەچووە ژێر لێفەو ناو جێگەی گەرم و نەرم و بخەوێت تا بەیانی، بەڵکو وەك دەڵێن شەو قەڵای مێردانە، مامۆستا بەوردی حسابی بۆ ناو ئەو قەڵایە دەکرد، تەنانەت دەیفەرموو: کاتی وا هەیە، شەو تا دوای سەعات دووی نیوەشەو خەریکی نووسین دەبووم.

هەر لەم ڕووەیشەوە فەرمووی، لەنووسینی یەکێك لە کتێبەکانیدا دوای ساڵی ١٩٩٠ چاوی لەدەستدا و بینایی زەرەری هێنا، چونکە پێش ئەو مێژووە گەلێ جار چومەتە خزمەتی شیعرێك یان بابەتێکی وردی دەستخەتم بۆ نەخوێندراوەتەوە . . مامۆستا کەیارمەتی داوم بۆ خوێندنەوەی بێ عەینەك خوێندویەتییەوە!!

لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ شتێك دەکەم:

کەڵە زانایان و هەڵکەوتوانی جیهان دەکرێن بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان بەش و بەهرەیەکی خوایی هەبووە لەزیرەکیی و بلیمەتیدا و دەستی بۆ هەرچی بردبێت زوو توانای بە سەریدا شکاوە و زانیویەتی و ڕەنجی زۆری بۆ تێگەشتنی نەکێشاوە .

بەشێکیشیان ئەو بەهرەو توانایانە نەبووە، بەڵام قەرەبووی ئەوەیان بە هەوڵ و کۆششی بێوچان و نەبڕاوەیان کردووەتەوە، و گەلێجار لە بەهرەوەرەکان پێشکەوتووتر بوون.

دەتوانین مامۆستای مودەڕڕیس لەم بەشەیان دابنێین و ئەوەندەی من ئاگاداری ژیانی مامۆستا بووم و، لەنزیکەوە لەهەڵسوکەوتی ڕۆژانەی شارەزا بووم کەم کەسم دیوە بەئەندازەی مامۆستا حسابی بۆ کات کردبێت، وکاتی بە فیڕۆ نەدابێت، بە جۆرێك سودی تەواوی لەو تەمەنە پیرۆزەو درێژەی بینیوە و هەمووی لە خزمەتی زانستدا بەسەر بردووە، و بە خوێندنەوە، و دەرس گوتنەوە، و نووسین خۆی پێگەیاندووە .

ئەو کتێبانەی لەسەردەمی ئەودا باوبوون و فەقێ بەدەرز دەیانخوێندن، مامۆستا ئەوەندەی گوتبونەوە، هەمویانی لەبەر کردبوون، کتێبی وا هەبووە لە کتێبە گەورەکانی وەك (**مطول**) و (**تهذیب**) و (**شرح مواقف**) و... دەیان جار، تەنانەت کتێبی وایان هەبووە، هەشتا ـ نەوەد جار سەر لە بەری بە دەرز وتوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە مامۆستا لە سەردەمی فەقێتی خۆیدا زۆر کۆششی کردووە، یەکێك بووە لە فەقێ هەرە ساعییەکانی سەردەمی خۆی، و هەر کتێبێکی خوێندبێت، مەعناکەی بە تەواوی لەبەر کردووە، دواییش نەیهێشتووە، لە بیری بچێتەوە، گەلێ جار کە لە خزمەتیا دەبووین، و دەرسی گوتوەتەوە، مەتنەکانی (**فریدة**) و (**فرائض**)ی شێخ مەعروفی نۆدێیی، و (**تلخیص**) و مەتنی (**تهذیب**) و چەندین مەتنی دیکەی لەبەر دەور کردۆتەوە.

پێنجەم: لەخۆباییبوون:

گەلێ لەمامۆستایانمان کەلە خوێندندا پێشکەوتوو بوون، و ماوەیەکی زۆر دەرزیان گوتوەتەوە، ئیتر پێیان وابووە ئەوان لەوە دەرچوون دەرسی هەموو کتێبێك بڵێنەوە، و دەبێ ئاخر مادەکان زیاتر بڵێنەوە، ئەم مامۆستایانە لە حوجرەکانی کوردستاندا نمونەیان کەم نەبووە، بەڵام مامۆستای مودەڕڕیس بەرامبەر بەم خووەیش لە خەڵکی دیکە جیاواز بوو، هەر کەس بچوایەتە خزمەتی بۆ هەر دەرسێك دەستی بە ڕویەوە نەدەنا، و بەگوێرەی بۆچوون و تێگەشتنی خۆی لەدەریای زانستی مامۆستا سودمەند دەبوو.

ڕۆژێ چوومە خزمەتی منداڵێك لەخزمەتیا بوو، دەرسی سورەتی (**القارعة**)ی پێدەگووت، عەرزم کرد:

قوربان کەسێك نییە، ئەم دەرزەی پێبڵێت و جەنابت خۆتی پێوە ماندوو نەکەیت؟!

فەرمووی بۆ من چیم؟! و کێ لە من باشتر پێی دەڵێت؟!

شەشەم: دامەزراوی لە سەر بیروڕای و موساوەمە نەکردنی لە سەر حەق:

مامۆستا دەربارەی ئەو شتانەی باوەڕی پێیان هەبوو، و بەشێك بوون لە بیروباوەڕی شەرعی و عەقیدەیی، ئامادە نەبوو، بە هیچ جۆرێك و بۆ هیچ کەسێك لە هەر پلەیەکدا بوایە مویەك لەوەی خۆی باوەڕی پێیەتی و دیارە باوەڕەکەیشی باوەڕی پیاوێکی مسوڵمانی بڕوا پتەو بوو، لابدات و سازش لەسەری بکات.

وەك نموونە: لە هەشتاکاندا باسێك لە ئەوقاف کەوتە ناو بە ناوی (ئیستیبدالی زەوی و خانووی وەقف)، باسەکە خرایە بەردەمی (مجلس الاوقاف الاعلی)، کەبەزۆری لە زانایانی ئاینی پێکهاتبوو، ژمارەیان لە دەوروبەری (٩) کەسدا بوو، ئەندامانی ئەو مەجلیسە جگە لە مامۆستای مودەڕڕیس بە تێکڕای دەنگ ئەوەیان پەسەند کرد، کە دروستە ئەو خانوو زەوییانە بفرۆشرێن، و بە پارەکەیان شتی دی بخرێتە شوێنیان، بەڵام مامۆستا بڕوای وابوو، قسەو مەرجی واقیف ئەو کەسەی لەبنەڕەتدا ماڵەکەی وەقف کردووە، وەك نەص و دەقی شەرع وایە و گۆڕینی دروست نییە، و بە تەنها مامۆستا ئەو بڕیارەی ئیمزا نەکرد، و گوێی لە هیچ هەڕەشەو مەترسی و دەرئەنجامێك نەبوو!

حەوتەم: بەتەنگەوە هاتنی نەداران و هەژاران:

مامۆستا بە حوکمی ئەوەی لەو جێگە گەورەو پیرۆزەدا بوو، خۆیشی پیاوێکی ناودارو ناسراو بوو، دەستڕۆیشتوان خێر و زەکاتیان بۆ ئەهێنا، مامۆستایش بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی شتێك لەو پارە هەڵبگرێت، چاوی دەگێڕاو بێدەنگ و بەدزییەوە هەژاران ونەبووانی دەستنیشان دەکردو مانگانەی بۆ دەبڕینەوەو لەڕێگەی تایبەتی خۆیەوە بۆی دەناردن، ئاگاداری گەلێك لەوانەم ولە کاتی نەبوونیی خەڵکی سلێمانیدا دوای ڕاپەرین، دەیان کەس وخێزان هەبوون لەسلێمانی و دەوروبەریدا مامۆستا دەستگرۆیی دەکردن، و بە کۆچی دوایی مامۆستا ئەو سەرچاوە وشکی کرد، و ئەو خێزانانە ئەو هیوایەیان نەما.

*** مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، و کاردانەوەی زانایان لە سەری:**

زانایان کاردانەوەیان لەسەر یەکدی بووە لەئارامگرتن و سوور بوون، و نووسین و داڕشتن و سەخاوەت و.... وێکچوون لەنێوانیاندا بووە، تایبەت گەر لە زەمەنێکدا ژیابن و تایبەتیتریش گەر قوتابی و مامۆستا بووبن .. تەنانەت لە شێوازی بیرکردنەوەو بگرە لە هیواکانی خوێندنیشدا.

مامۆستای مودەڕیس ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کاریگەر بووە لەژیانی خۆیدا بەزۆرێك لە گەورە پیاوو ناوداران و زۆریش کاردانەوەیان لەسەر درووست بوونی کەسایەتی زانستی ئەو بووە، لە تەقاندنەوەی گڕوتینە شاراوەکانی و بیر فراوانکردنی و چاندنی هیواو ئاواتی بەرز و گەورە لە نووسین و وانە وتنەوە و بەردەوامی ئەودا دەستی دیار و بەرچاویان هەیە .

وەلێ پێش ئەوەی بچمە سەر باسی ئەم کەسایەتییانە پێمخۆشە ماندوبوونی دایك و باوکی بنرخێنم، لەسەرەتای گەشەی مودەڕڕیسدا کە چۆن بابی (سۆفی موحەممەد) دەستی دەگرێ و دەیخاتە سەر ڕێڕەوی خوێندن و دایکیشی وەکو زۆر هیوای گەورەی بە کوڕە تاقانەکەی هەیە، و بە (حاجی مەلا عەبدولکەریم) نەبێ، قەتاوقەت بانگی نەکردووە، و هانی بەردەوامی خوێندنی دەدا، دوای کۆچی دوایی مێردەکەی، کەئەمە وا لە مودەڕڕیس دەکات، بە بێ پچڕان لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بێت.

مامۆستای مودەڕڕیس کاردانەوەی دوو کەسایەتی لەسەر بووە، ئەوانیش (شێخ عومەری) ناسراو بە (إبن القرداغی) و (شێخ عەلائەددینی نەقشبەندی)یە، و مودەڕڕیس زۆر بە ڕوونی ئەمەی پێوە دیارە.

یەکەمیان : کەسایەتییەکی زانستییەو زۆر سیفاتی بەرزی لە مامۆستای مودەڕڕیسدا چاندووەو هەر لەوێشەوە فێری نوسین و شێوازی تاقیق بووە، و بە ڕوونی مودەڕڕیس ئەمەی وتووە: (هیچ کەسایەتییەك لە زانست و وانە بێژیدا سەرسامی نەکردووم، تەنها مامۆستام شێخ عومەری قەرەداغی نەبێت)، هەروەها هەریەك لە شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی، و دکتۆر سەلاحەدین سەنگاوی، ئەم ڕاستییەیان جەخت لەسەر کردووە کە مامۆستای مودەڕڕیس هەمیشە باسی (إبن القرداغی) دەکرد، و سەرسامی خۆی دەردەبڕی بۆی!

(إبن القرداغی) توانی کیانێك بۆ مودەڕڕیس پێك بێنێ و کەسایەتی زانستی بەهێز کات لە پێش چاوی خەڵکیدا، بەتایبەت کاتێك تەشریف دەباتە بیارە لە بەهاری ساڵی (١٣٤٧ ك) داو لەپێشچاوی شێخی عەلائەددین و خەڵکی بیارەو تەنانەت ئەوانەی دژایەتی مودەڕڕیسیشیان دەکرد، فەرمووی: (ئەم زاتە لە من مەلاتر ئەبێت، ئەگەر شێخ لوتف بفەرمێ لە گەڵیا، ئەوەی ئێمە زانیومانە لە خوێندنا وەری گرتووە، بە هۆی تەدریسەوە ئەتوانێ زیادەشی بخاتە سەر).

هەروەها بەردەوام نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا گوزەراوە، و زیاتر لە بیست نامە لە (ڕۆژگاری ژیان)دا، هاتوون، لە (إبن القرداغی)یەوە، بۆ مامۆستای مودەڕڕیس، کە لە ڕێیانەوە ئامۆژگارییەکانی خۆی ئاڕاستەی مودەڕڕیس کردووە .

دیارترینی ئەم نامانە ئەو نامەیە کەسەبر و بەردەوامی لەسەر وانەبێژی دەداتە مامۆستای مودەڕڕیس لە ڕۆژگاری ساردبونەوەو نارەحەتی مودەڕڕیس بەهۆی کۆچی دوایی خێزانی یەکەمییەوە کەتێیدا هاتووە (ان شاء الله) خەریك بوونت بە وانە بێژییەوە لە جاران زیاتر دەبێ و غەمی مناڵەکان لەمە دوات ناخات و (ومن يتوكل على الله فهو حسبه).

دووەمیان: (شێخی علاءالدین رَحِمَهُ اللَّهُ) کەسایەتییەکی ڕۆحییەو دەستی مودەڕڕیسی گرتووەو خستوویەتییە سەر ڕێڕەوی تەسەوف و مامۆستای مودەڕڕیسیش بە پێشەوا و

مورشیدی ڕۆحی خۆی قەبووڵی کردووە، شێخی عەلائەددین هانی مامۆستای مودەڕڕیسی داوە لەسەر خوێندن کاتێ قوتابی بووە لە خانەقای (دوورۆ)، و وەك باوك چاودێری کردووەو لەڕووی ماددی و مەعنەوییەوە یارمەتی داوە، بە تایبەتی لە ڕۆژگاری گرانی گەورەدا.

سیفەتی سەخاوەت و یارمەتی دانی هەژاران هەر لەو ساتەوە لە مودەڕڕیسدا چەکەرەی کردووە و دیاردەکەی بە ئاشکرا دەبینرێ، کاتێ مامۆستای مودەڕڕیس لە بەغداد دادەنیشێ و یارمەتی لێقەوماوانی کورد دەدات کەڕێیان دەکەوێتە بەغداد بۆ پاروەە نانێکی بژێوی یان لەبەر شیفایەك بۆ نەخۆشییەکانیان، بەڕاستی حوجرەکەی گەیلانی خانەی بێنەوایان و لێقەوماوانی کورد بوو، هەزاران کورد شاهیدی ئەم ڕاستییە دەدەن و من بۆ خۆم چەندەها جار یارمەتی مودەڕڕیسم بینیوە بۆ لێقەوماوانی کورد و داماوی بێ جێ و ڕێم دیوە لەکنجوڕی حوجرەکەی مامۆستای مودەڕڕیسدا حەواوەتەوە، و ئۆقرەیان گرتووە، و لە دوای ئەوەی مودەڕڕیس ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرێت، و لە (نێرگسەجاڕ) دەبێتە مەلا هەر شێخی عەلائەدین دەستی دەگرێ و لە بیارە دایدەمەزرێنێ و لەپەنای شێخدا بیست و پێنج ساڵ وانە دەڵێتەوە و چەندین مامۆستای بەرز لەسەر دەستی ئیجازە وەردەگرن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ مامۆستای مودەڕڕیس زۆر موتەئەسیر بووە بە دوو کەسایەتی یەکێکیان کەسایەتییەکی بەهێزی زانستی و ئەویتریان کەسایەتییەکی ڕۆحی بەرز و پاکە، هەر ئەم کاردانەوەیە مامۆستای مودەڕڕیس دەکاتە زانایەکی سۆفی، و دەیکاتە موجتەهیدێکی دیندار و نووسراوەکانیشی شاهیدی ئەم ڕاستییەن.

*** وەسف و سەنای زانایان لە سەر مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:**

لەگەڵ سازدانی چەند دیمانە و چاو پێکەوتنێکدا لەگەڵ هەندێ زاناو ناودار و کەسایەتیدا، هەریەك بە چەشنێ وەسفی مامۆستای مودەڕڕیسی دەکرد و لە سەنای ئەودا بەجۆرێ دەپشکوا، ئەمەش مشتێکە لە خەروارێك:

١ ـ مامۆستا شێخ تەییبی بەحرکی :

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ـ رحمه الله ـ زانایەکی بە تەقوا بوو، قەت ڕیای

نەدەکرد، و خۆی لە دەسەڵاتداران نزیك نەدەکردەوە، زۆر بە ئیخلاس بوو بۆ مەداریسی دینی، ئەوەی سەرسامی کردبووم، ئەو ئەدەبە کوردانە کە وەری گرتبوو دانیشتنی چەند ساڵەی لە بەغداد پێی نەگۆڕی بوو!

٢ ـ مامۆستا عەبدولقادری کوڕی حاجی ڕەسوڵی بەحرکی :

مامۆستام مودەڕڕیس ـ رحِمه الله ـ هەرکات یادی دەکەم وا دەزانم بەرامبەر زانای پایە بەرز ئیمامی (سیوطی) وەستاوم، هەمیشە وتوومە: بە ڕاستی ئەو (سیوطی) زەمەنی ئێمەیە، بە مەندە کۆتایی دێنم لە حەقیدا، خوا ڕەحمان پێ بکات بەهۆی بەرەکەت و شوێنەواری پاکییەتی ئەوەوە.

٣ ـ دکتۆر موحەممەد ئەحمەد گەزنەیی:

مامۆستای مودەڕڕیس بەنموونەی نوسەر و تاقیقیان لەنێوان زانایانی کورددا لە عێراق دێتە ژمار و بگرە لەنێو زانایانی گشت عێراق، هەروەها بە دەریایەك لەزانست قەڵەم ڕەو دەکرێ، لە سەرجەم زانستە عەقڵی و نەقڵییەکاندا، بە سەرچاوەی تەقواو ڕەوشی بەرزی پەسەند حساب دەکرێ .

بە ڕاستی زۆر خۆ بەکەم زانە، زۆر بەسۆزە، لەگەڵ قوتابییەکانیدا بە بەزەییە، لەگەڵ گەلەکەیدا و لەگەڵ هەموو خەڵکی، بڕوای زۆر بەتینە، پشت بە خوا بەستەیەکی بەهێزە، زانست و ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی دینی پاك و بڵاوکردنەوەی بە هەرسێ زمانی عەرەبی و کوردی و فارسی .

٤ ـ دکتۆر عوسمان موحەممەد غەریب هەورامانی:

ئێستە ئەوەم دێنێتەوە یاد، کە دکتۆر عەبدولحەمید حەمەد شەهاب ئەلعوبێدی، چاودێر لەسەر دکتۆراکەم، لەبەردەم سەرجەم مامۆستایاندا و لەکاتی گفتوگۆی سەرنامەی دکتۆراکەم فەرمووی:

(زانای عەللامە، موحەددیسی گەورە، شێخ "عەبدولفەتاح أبو غدة"، سەردانی مامۆستا مودەڕڕیسی کرد لە بەغداو هاتە دەرەوە بەسەرسامییەوە وتی: قەت بەبڕوامدا نەدەهات لەبەغداد کەسانی وەك شافعی هەبن لە زەمانی خۆیدا، بگرە لەویش زاناتر).

٥ ـ مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی:

مامۆستا شێخ جەلالی، کوڕی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی، کە موجیزمە، و مامی باوکمە، و زانایەکی پایەبەرزی ناوچەی هەورامان و مەریوانی کوردستانی ئێرانە، و موجازی عەللامە مامۆستا سەیید بابەشێخی ئەڵمانەیە، و تێکڕای تەمەنی نزیکەی (٥٤) ساڵ لە خزمەت حوجرە و فەقێدا بووە، و لە بیارە لە سەر دەستی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس خوێندویەتی، و تەنانەت ئەو کاتەی کە جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بۆ دواجار بیارەی جێهێشتووە، مامۆستا شێخ جەلال، لەوێ دوامادەی خوێندووە، و فەرمووی: لە گەڵ مامۆستا بە تکا و ڕجا و گریان تا ملەگای چنار، واتە: (ئەوبەری بیارە) ڕۆیشتم، و زۆر لێی پاڕامەوە، کە نەڕوات و بەجێمان نەهێڵێ، بەڵام بارودۆخی جەنابیان وای خواست، کە تەشریفی لەوێ نەمێنێت، و ئەوەیشی فەرموو، کە بۆ خۆم بینیم، کە شێخی عەلائەددین زانی، تەشریفی مامۆستای مودەڕیس ڕۆیشتووە، گریا، وە دوای ئەم واقیعەیە بە فەرمانی شێخی عەلائەددین، مامۆستا شێخ جەلال کراوەتە مودەڕیسی بیارە، و ماوەی شەش مانگ کاروباری تەدریس و حوجرەی ڕاپەڕاندووە، و ئەو شەرەفەی مودەڕسێتی بیارەیشی بەرکەوتووە، تا (عەللامەی بالیسانی) تەشریفی هاتۆتە بیارە، لەم نێوەندەدا مامۆستا شێخ جەلال لە وەسفی مامۆستا (نامی)دا، فەرموویەتی:

[چەند دێڕێك لە ستایشی شافعیی دووەم، مامۆستای نامی، عەللامە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس]

مامۆستای نامی، عەللامەی زەمان — دەست نەناڵێ، تا ئاخر زەمان
مامۆسای بەڕێز، زانای کوردەوار — دانەری تەفسیر، کەلامی نازار
تەفسیری نامی، دەلیلی دینە — کلیلی دەرگای، پیرۆزی ژینە
عەللامەی زەمان، ڕەهبەری سەروەر — ئیحیاکەرەوەی شەرعی پێغەمبەر

عومری درێژکە، ئەی خوای ئەکبەر   بۆ تەرویجی دین، شەرعی پێغەمبەر
شافیعیی دووەم، لە کوردستانا   هەر وەسفی تۆیە، لە ڕووی جیهانا
مامۆسای نامی، ساحێب غورڕو تاج   تەفسیری نامی، خوا دای ڕەواج
من بۆچی باشم، بێ کەڵك و جورە   مامۆستا باشە، دڵی پڕ نوورە
ئوستادی نامی، بۆ تۆ سەد سەلام   هەم عەفوی خودا، خاتیمەی کەلام
نووری چاوەکەم، نووری ئیسلامە   لە دنیا و دینا، ئەمە مەرامە
من بە قوربانی قەڵەم و زووانی   حیکمەت و وەرع و نوکتە و بەیانی
گوڵزار بە نەشئە، وەکو بەهارە   شیعر و نەسری ئەو، وەکو گوڵزارە
نامەکەی هۆشیار، لە لای جەلالە   لە ناو تەسنیفات، وەکو هیلالە
دەسنووس مودەڕیس، شافیعیی زەمان   ئوستادی نامیی، کورد، و کوردستان
بەهاری نامی، چونکە گوڵزارە   بۆنی بەهەشتی، تێدا دیارە
هەموو حیکمەت، و ئایە، و حەدیسە   تەربیە و تەکلیف، بۆ جینن و ئینسە
ڕێنومای خەیرە، بۆ گەلی کوردان   بۆ زانین مەعنای ئایاتی قورئان
نامەی ئایینە، بۆ عیلم و عیرفان   بە نەشری ئەحکام، ئایاتی قورئان
تەفسیری نامی، مەعنای تەواوە   بۆ گەلی ئیسلام، نەفعی دراوە
بە دەستی (جەلال) ئەمە نووسراوە   نەفعی بۆ عوموم، تەرتیب کراوە

٦ ـ مامۆستا کاکەشێخی، شێخ جەلیلی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی:

ئەم مامۆستا بەڕێزەیش، کە دەکاتە ئامۆزای باوکم، یەکێکە لە مەلا باش و کەسایەتییە دیارەکانی ناوچەی هەورامان و مەریوان لە کوردستانی ئێران، کوڕی مامۆستا شێخ جەلیلی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی، یە، لە ناوچەی هەورامانی ئێران، کە جەنابی مامۆستا شێخ جەلیل (خوا لێی خۆش بێت) هاو فەقێ، و دۆستی گیانیی جەنابی عەللامەی مودەڕیس بووە، وپەیوەندی دۆستانە، و قوڵ لە نێوانیاندا هەبووە، و تەنانەت

مامۆستای مودەڕیس دوای وەفاتی مامۆستا شێخ جەلیل، ئەو پەیوەندییانەی نەپساندووە، و کتێبەکانی خۆی بە هەدیە لە بەغداوە ناردووە، بۆ جەنابی مامۆستا کاکەشێخی، کوڕی مامۆستا شێخ جەلیل، و مەرحەمەت و لوتفی خۆی زۆر دەربارەی جەنابیان وتەواوی خانەوادەی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی، نواندووە، (**غفرالله له، وأسكنه فسيح جناته**)، جا مامۆستا کاکە شێخ لە وەسفی مامۆستای (نامی)یدا، نووسیویەتی:

مامۆستای ئازیز، شوعلەی چرای دین — ڕۆشنکەرەوەی صەحرای دەشتی ژین
ئوستادی هونەر، باخەوانی دین — واریسی حەزرەت ڕەسولی ئەمینﷺ
چرای ڕووناکی بۆ کورد هەڵکرا — پێنووسی هونەر دەستی تۆ درا
نازانم وەسفی کام هونەرت کەم — درێژیی ژینم، بە قوربانت کەم

٧ ـ مامۆستا نوری فارس حەمەخان:

زانای مەزن، و وەرگێڕی (ریاض الصالحین)، و (موختەسەری سەحیحی بوخاری)، و (التاج الجامع لِلأُصوُل)، و هەزاران فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ، بۆ سەر زمانی کوردی[1]، لە وەسفی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا، فەرموویەتی [2]:

«بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»

نِعَمُ الإلـهِ عَلى العِبادِ ظَواهِرُ — حَمْدُ الإلـهِ مِنْ عَبيدِهِ لَصادِرُ

ناز و بەهرەکانی خودای گەورە و سەروەر، بەردەوام دەڕژێ بەسەر بەندەکانا، سوپاس و ستایشی خودایش هەمیشە لەسەر زار و زمانی بەندەکانی خودایە.

---

١. هەر بەم هۆیەوە نازناوی (وەرگێڕە کوردەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ)ی، پێ بەخشراوە، و خۆیشی زۆر جوانی فەرمووە:

نووری تا ماوە مەمنونی خوایە — کە تەرجومانی رسول الله یە!

٢. کاتێك چوومە خزمەتی مامۆستا نوری فارس و داوای ئەم قەسیدەیە و تەرجەمەکەیم لە جەنابیان کرد، بۆی جێبەجێ کردم و لە پێشەکی قەسیدەکەیشدا لە لوتفی خۆیەوە نووسیویەتی: [ئەم قەسیدەیە و وەرگێڕاوەکەیم بە کوردی، سەر لە نوێ نووسیوە، بۆ برازای خۆشەویست و ئازیزم کاك عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی، لەسەر داوای بەڕێزی، چونکە ئومێد و بۆنی خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەلی کوردی لێ دەکەم، ئیتر پەنا بە خوا]. (نوری فارس حەمەخان)

وَ صَلاةُ رَبِّ البَيْتِ، دامَ سَــلامُــهُ   عَلى حَبيبِــي الـمُصطَفـى تَتَوافَرُ

درووود و ڕەحـمەتی پەروەردگاری خانەی خودا، سڵاو و میهری بەردەوام بێ، لەسەر خۆشەویستمان حەزرەتی موحەمەد لموستەفا ﷺ.

عِشْـقُ الحَقيقَـةِ أَخْلَـدَ الحَلاّجَ، ما   ثَنـاهُ مِـنْ مُنـاهُ صُلْـبٌ غـادِرُ

عیشقی ڕاست و دروست و حەق، نەمریی بەخشی بە حەللاجی شەهیدی حوببی خودایـی، گەرچـی هەڕەشـەیان لێکرد، ئەگـەر پەشیمان نەبێتـەوە لـە ڕێبازەکـەی لـە سێدارەی دەدەن، بەڵام ئەو عەزمی نەشکان و چوو بە پیری شەهیدییەوە.

طوُبـى لِمَـنْ بِكأْسِـهِ سَـيُعاقِرُ   بُشـرى لِـمَنْ لِرَكْبِـهِ سَـيُجاوِرُ

دەی هەر کەسێ لەو پێکە دەنۆشێ کە ئەو نۆشی، نۆشی گیانی بێ، دەی هەر کەسێ وەك ئەو ڕێگەی عەشقی حەقیقەت دەبێ موژدەی لێ بێ، لە گەڵ کاروانێکی پیرۆزدا ڕێ دەکا.

فِـي عَزْمِـهِ صُلْـبٌ شَـديدٌ صابِـرُ   بِشَـهيدِ صِـدْقٍ يَقْتَـدي وَ يُـؤازِرُ

بـە ڕاستی هیممـەت و عەزمێکی پتەو و پڕ لە ئارامی هەیە، و شـەهیدێکی ڕاسـت و دروستی بۆ خۆی کردووە بە سەرمەشق و پشتگیری لێ دەکا.

لَحْنُ الـخُلوُدِ صَريـرُ أَقلامِ الهُدى   طَرِبَـتْ بِـهِ أَسْـماعُنا وَ نَواظِـرُ

جیڕەی قەڵەم و خامەی هیدایەتبەخش لەسەر ڕووپەڕەی کاغەز و کتێب، ئاوازی نەمری و خۆشبەختییە، بیر و دڵ و هۆش و گۆش و دڵی چامان، پێی گەش دەبنەوە و دەبوژێنەوە و دەکەونە سەر سەما و شادی.

فَحَنِّطـوُا أَكْفانَنـا بِمِدادِهـا   يـا قَوْمَنـا! هُـوَ سِـدْرُها وَ كَوافِـرُ

کەواتـە ئـەی خزمینـە! لە باتی ئەوەی حەنوت و بۆنی خۆشـی مۆرد و کافور بدەن لە کفنەکەم، بە گوڵاوی مەرەکەبی قەڵەمی زاناکان، کفنەکەم گوڵاوپرژێن بکەن.

عُلَمـاءُ أُمَّـةِ الهُـدى، أَرواحُـنا   لَهُـم الفِـدا، سوُرٌ لِديـنِكَ خافِـرُ

مامۆستا و زانایانی گەلی ئیسلام، کە تاقە گەلی خودان کە ڕێگەی ڕاستیان گرتووە، گیانمان بە قوربانی ئەو زانایانە بێ، چونکە شورای پۆلایینـن، بۆ پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، و شەو و ڕۆژ وەك پاسەوان ئێشکی ئەم دینە پیرۆزە دەگرن.

أَعْلَمْ بِهِم، أَعْظِمْ بِهِم، أَكْـرِمْ بِهِم   أَصـدِقْ بِهِم، أَشْـفِقْ بِهِم، يا ناظِرُ

ئـەم بەڕێزانـە، چەنـدە بڵێیـت زانا و دانان، چەنـدە بڵێیـت مـەزن و هێژان، چەنـدە بڵێیت نازدارن، چەندە بفەرموویت، ڕاستاڵ و ڕاستگۆن، چەندە بڵێیت میهرەبان و بە بەزەیین، ئەی کەسێ کە بە چاوی ویژدان سەرنج بدەیت.

أَلقَـتْ مَواكِبُهُـمْ بِكَوْكَبَـةٍ مِنَ ألـ   كُـرْدِ الهُـداةِ، بِهِـمْ تَقِـرُّ نَواظِـرُ

کاروانـی پـڕ ڕێـز و شـکۆمەندی زانایانـی ئیسـلام ڕازاوەتـەوە، بـە کـەژاوەی کۆمەڵێ لە زانایانـی گەلـی کـورد، کـە هەمـوو بوون بـە چـرای ڕووناکی بـۆ ڕێنمایـی گەلـی ئیسـلام، بە تایبەتـی بـۆ گەلـی کوردی خـۆیان، سـوپاس بـۆ خـودا کـە دڵـیان پـێ فێنـك دەبێتـەوە و چاویان پێ ڕۆشن دەبێتەوە.

مِنْ بَيْنِهِمْ بَحْرُ العلوُمِ مُصطَفـى   شَـلاّلُ عِلْـمٍ، مِثْـلَ زَلْـمٍ هـادِرُ!

یەکـێ لـەم زاتـە بەڕێزانـە، و دەریای زانسـت و حیکمەتـە، مامۆسـتا مـەلا مستەفای زەڵمیە (کە قوتابیی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم بووە)، کە خودا کردوویەتی بە تاڤگەی زانست و زانیاری، بەردەوام وەك تاڤگەی زەڵم لێشاوی عیلم و زانست هەڵ دەڕێژێ!

لِإمامِهِـم زَيْـنُ الشـيوُخِ، شَـيْخُنا   عَبْدُالكَريـمِ لِـدينِ أَحْمَـدَ ناشِـرُ

پێشەوای ئەم کۆمەڵە لە زانایانی کورد زمان، جەنابی مامۆستا عەبدولکەریمی بیارەیە، کـە بـووە بـە هـۆی ڕازاندنـەوەی مامۆسـتایان بـە بەرگـی تەقـوا، کە هـۆی شـانازی بەندەی داماوە کە فەقێی ئەم زانا مەزنە بووم، و سوپاس بۆ خودا بووە بە پەخشەوەکەری ئایینی حەزرەتی موحەمـەد ﷺ.

نوُرٌ عَلى عَلَمِ الهُدى، يَهدي إلـى   سُـبُلِ السَّـلامِ فَضـاءَ نَجْـمٌ زاهِرُ!!

خـودا کردوویـەتـی بـە چـرای ڕووناکی بـۆ ڕێنمایـی مسـوڵمانان، و خەڵکی مسـوڵمان دەخاتـە سـەر ڕێگـەی بەهەشـت، کـە ڕێگـەی خـۆشـی و ئاشـتی و حەوانەوەیـە، وەك ئەستێرەی گەشی ئاسمان کە دەبێ بە مایەی هیدایەت بۆخەڵکی سەرزەوی.

بوُرِكْتَ يا ابْنَ الكُرْدِ، سَوْفَ تُفاخِرُ   أُمَـمٌ بِكُـم، وَ بِعِلْمِكُـم سَـتُناظِرُ!

فـەرِدار بیـت ئـەی ڕۆڵەی کوردی بـە ئەمـەك، بە درێژایـی ڕۆژگار گەلە مسـوڵمانەکان

شانازی بە تۆ و بە زانستەکەتەوە دەکەن و سود و بەهرەی لێ وەردەگرن!

لَخَوالِدُ الكُتُبِ العِظامِ نَوادِرُ وَ مُؤَلَفاتُكُمو لِتِلْكَ بَوادِرُ

کتێبی گەورەی نەمری پڕ خێر و بێر و زۆر کەم و دانسقەیە، بەڵام بەرهەم و دانراوەکانی ئێوە نۆبەرەیە لەم بوارەدا.

صارَتْ خَزائِنَ الكُنوُزِ فَإنَها لِخَيْرِ مَجْمَعِ العُلوُمِ مَصادِرُ

بوون بە عەمباری گەنج و گەوهەر، و باشترین سەرچاوەن بۆ کۆگای زانستەکان.

جَدَّدْتَ لِلْكُرْدِ شَوامِخَ مَجْدِهِمْ فَدِيارُ قَوْمِكَ لِلْعُلوُمِ بَيادِرُ!

بە ڕاستی مایەی سەربەرزی گەلی کوردت نوێکردەوە، کە وەك چیا لوتکە بەرزەکانی کوردستان وابوو، لە ڕاستیدا وڵاتی گەلی کورد هەمیشە جێگە خەرمانی زانستەکان بووە!

إنْ كانَ ناسٌ فاخَروُا بِيَراعِهِمْ فَبِكَ اليَراعُ يُفاخِرُ وَ يُباهِرُ

گەرچی کەسانێ هەن کە شانازی بە بەرهەمی قەڵەمەکانیان دەکەن، بەڵام تۆ ئەوەندە پیرۆز و فەرداریت، قەڵەم و دەفتەر شانازیت پێوە دەکەن!

أَلِّفْ وَ صَنِّفْ فَالفُنوُنُ كَثيرَةٌ وَ جَميلَةٌ، وَ لَها الكِتابُ مَنائِرُ

بفەرموو لە هەموو زانستێ کتێب دابنێ، هونەرەکان هەم زۆرن و هەم جوانن، کتێب وەك منارە یە کە دەبێ بە هۆی ڕێنمایی لە وشکانی و دەریادا، کتێبیش ئاوا گەنجینەن بۆ هونەرەکان، و دەبن بە هۆی ڕێنمایی.

صَنِّفْ وَ خَلِّفْ جَوْهَراً، مَا أَصْدَقا: «صَرْحٌ خَلا مِنَ الضِّياءِ مَقابِرُ!!»

هەر کتێبێ دادەنێیت، گەوهەرێکی شەوچرا هەڵدەکەیت، کە هەتاهەتایە دەمێنێ، دانایی پێشینان چەند ڕاست و دروستیان فەرمووە، کە گوتوویانە: «تەلاری بێ چرا، گۆڕی تاریکە، زانای بێ بەرهەم وەجاخ کوێرە، زانستەکەی لەگەڵ تەرمەکەیدا دەنێژرێ لە گۆڕەکەیدا!!»

تَفْنَى الجِبالُ، وَالكِتابُ سَيَخْلُدُ فَفِي الجِنانِ، لِلْهُداةِ مَنابِرُ

چیاکان دەبن بە تەپوتۆز و گەردەلوولی ڕۆژگار دەیانبا بە حەوادا، بەڵام کتێبی بەسوود هەر دەمێنێ و نامرێ، پێغەمبەر «دروودی خوای لەسەر بێت» دەفەرموێت: «زانایان و چاکەکاران، لەسەر مینبەری نوورن، لە ڕۆژی دوارۆژدا».

العُمْرُ فُرْصَةٌ فَلا تَتَكَرَّرُ   كَالضَّيْفِ، بَعْدَ زِيارَةٍ سَيُغادِرُ!

تەمەن هەل و دەرفەتێکی کورتە، دووبارە نابێتەوە، وەك سەردانی میوان وەهایە، بە زوویی ماڵی خانەخوێکەی بە جێ دەهێڵێ.

أَسْلافُنا رَحَلوُا، وَ نَحْنُ سَنَرْحَلُ   وَ بِنا كَمِثْلِهِمُوُ تَدوُرُ دَوائِرُ

پێشینەکانمان کۆچ و باریان کرد، ئێمەیش هەر کۆچ و بار دەکەین، و کارەساتی ناهەمواری ڕۆژگار وەك چۆن ئەوانی تەفروتوونا کرد، ئێمەیش ئاوا لێ دەکا، مەگەر کەسانێ کە خودا پەنایان بدا، کە ئەوانیش چاکەکارانن.

فَسَنَنْزِلُ الحُفَرَ القُبوُرَ لِوَحْدِنا   وَ كَأَنَّ أَنفُسَنا لَهُنَّ خَوافِرُ

هاکا زەوی قووتی داین و شۆڕ بووینەوە بۆ ناو قولگەیەکی تەنگ و تاریك، کە پێی دەڵێن: گۆڕ، تاق و تەنهاین لە گۆڕدا، نە پاسەوان، نە ماڵ و منداڵ، دەڵێی! گیانمان ئێشکی گۆڕەکەمان دەگرێ و تاقە پاسەوانیەتی.

وَالنّاسُ أَكْثَرُهُمْ عَبيدُ هَواهُموُ   كَالطِّفلِ تَجْذُبُهُ الدُّمى وَ مَظاهِرُ

ئەو خەڵکە زۆرینەیان کۆیلەی هەواوهەوەسی خۆیانن، وەك منداڵ وان، بووکەڵە و یارۆچکە سەرەنجی ڕادەکێشێ!

لا يَعْلَموُنَ مِنَ الحَياةِ سِوى المَظا   هِـرِ، ماتَ فيهِمْ قَلْبُهُمْ وَ ضَمائِرُ!

بێجگە لە ڕواڵەتکاری، لە ژیان هیچیتر نازانن، دڵ و دەروون و ویژدانی زیندوویان مردووە!!

وَ أَقَلُّهُمْ سَبَروُا الأُموُرَ وَ غَوْرَها   جَهْلٌ أَحاطَ بِهِمْ، وَ دَهْرٌ داهِرُ!

نەزانیی گەمارۆی داون، ڕێگە دەرناکەن، بە دەگمەن دەچنە ناو قوڵایی کاروبارەکانەوە، هەتا لە ڕاستییەکان تێ بگەن، و بوون بە داوی فرۆفێڵی ڕۆژگاری ڕەشەوە!

ذَرْهُمْ، وَ لكِنْ كُنْ لَهُمْ نوُرَ الهُدى   أُخدُمْ خُدِمْتَ! فَلَقَدْ أَتَتْكَ بَشائِرُ:

وازیان لێبێنە، باریان گرانتر مەکە، بەڵام بۆیان ببە بە چرای ڕوناکی و ڕێنمایی، هەتا دەتوانی خزمەت بکە بە ئوممەتی موحەممەد ﷺ کەسێ خزمەت بکا خزمەت دەکرێتەوە، نیشانەی ئەوە وا دیاری داوە لەم کۆمەڵە مژدەیەدا.

أَلأَمْنُ وَ الإِيمانُ وَ السَّلامُ وَالْـ إِسلامُ: قوتُ قُلوُبِنا وَ بَصائِرُ

ئاسایشی گیانی و بڕوای پاك و پیرۆز، کە خودا بەخشیویەتی پێتان جوانترین مزگێنین، سەرەڕای ئەمانەیش ئیسلامی پیرۆزیش کە بووە بە خۆراکی دڵ و چاومان، گەورەترین خەڵاتی خوایە بۆ خۆمان و گەلەکەمان!

مَا مَاتَ مَنْ خَدَمَ الأَنامَ بِعِلْمِهِ فَلَهُ الأَمانُ وَ الأَمانُ جَواهِرُ

هەرکەسێ خزمەتی خەڵکی خواناس بە زانستەکەی بکا، هەرگیز نامرێ، و لە پاش مەرگیش ناوی جوانی دەمێنێ، و لە ناویانا خەڵاتی حەسانەوە و ئەمانی پێ دەبەخشرێ، کە خەڵاتی ئەمان و ئاسایش گەورەترین گەوهەری شەوچرایە.

کُنْ مِنْ جُنوُدِ الأُمَّةِ المَرْحوُمَةِ فَمِثالُکُمْ لِمِثالِهِمْ يَتَناصَرُ

بەردەوام بە، و هەمیشە سەربازی سەربەرزی ئومەتی ڕەحمەت بە، چونکە وێنەی تۆ شایانی ئەو خزمەتە پیرۆزەیە.

وَ حَذارِ مِنْ دُنيا بِلا دينٍ کَما تَتَرَقَّبُ الرَّقْطاءَ، ثُمَّ تُحاذِرُ

هەمیشە وەك ئێستات دوور بە لە دنیای بێ دین، وەك چۆن خۆت دەپارێزی لە ماری شڵی زەهراوی، چونکە دنیا بە بێ دین ماری کوڵەوەییابە!

مَا أَکْرَمَ الإِسْمَ الَّذي تُسْمى بِهِ عَبْدٌ کَريمٌ لِلْکَريمِ، وَ ناصِرُ!!

چەندە بەرز و پیرۆزە! ئەم ناوە جوانەی کە بووە بە ناوی تۆ، کە ئاماژەیە بۆ ئەم ناوەڕۆکە: «بەندەیەکی بەڕێز و نازدارە، بۆ خودای بەڕێز و نازدار، هەروەك لە «أنصارالله» یشە».

بِالنّوُرِ مَکْتوُبٌ عَلی جَبينِهِ سِيَماهُ فِي هذا الشِّعارِ ظاهِرُ:

بە قەڵەمی نوورین، و بە پیتی نوورین، لە تەوێڵی مەلا عەبدولکەریمی بیارە، ئەم دروشمە نووسراوە و بووە بە سیما و نیشانە بۆی:

«نوُرُ الوِقارِ عَلی الجَبينِ إذا سَنا يَعْنِي هُنا روُحُ الدِّيانَةِ حاضِرُ!»

«هەر کاتێ نووری سەلاری و شکۆمەندی لە ناوچاوانی کەسێ دەدرەوشایەوە، ئەوە واتای وایە: کە گیانی دینداری و ئاییندار لە ناو دڵی ئەو زاتەدا ئامادەیە!»

حَمْداً لِمَنْ هَداكَ يا نوُري إلـى حُـبّ لِمَـنْ بِالنـوُرِ قَلْبُـهُ عامِـرُ!!

ئەی نوری کوڕی فارس کوڕی حەمەخان! سوپاس و ستایشی بێ پایانی خودا بکە، کە ڕێنمایی تۆی کردووە، کە کەسێکت خۆش بوێ، کە شێخ عەبدولکەریمی مودەڕیسە، کە دڵی بە نووری ئیسلام و قورئان ئاوەدانە.

لِكاتِبِهِ: نوري فارس حمه خـان حَسَن، « خادِمُ العُلَماءِ وَ المَشايخِ وَ الفُقَراءِ»، حُرِّرَ فِي«١٩٩١/١٢/١٢»، تَأْريخ اليَوْم «٢٠١٦/٢/٩».

ئەمە کورتەیەکی پوختی ئەم چامەیە کە لە ساڵی (١٩٩١)دا، لە پەسنی جوانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا داناوە.

خودا بە ڕەحمەتی خۆی لە منی قەبوڵ بکا و بە تاعەت حلێبی بکا بۆم، چونکە هەمووی هەقە، و دوورە لە مەدحی درۆی ناهەق.

نوری فارس حەمەخان

٢٠١٦/٢/١٣ ـ لە وەرگێڕانەکە بوومەوە

٨ ـ مامۆستا مەلا حەمەمینی میرزایی:

مامۆستا مەلا حەمەمینی میرزایی، زانا و شاعیر و موتەسەوفێکی باڵای ناوچەی هەورامانی دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئیخلاسێکی زۆری بۆ ئاستانەی بیارەی شەریف و شێخانی نەقشبەندی هەورامان و زانایان و فەقێ و مەلا بەگشتی هەیە، لە ستایشی شێخی مودەڕیسدا زۆر جوان فەرموویەتی:

[غەزالیی وەخت[1]]

پیرۆزبایی لە هۆزی کورد، (عەبدولکەریم)ی، (نامی) بوو
با فەقاهەت، ئوسوولی بوو، موفەسسیر بوو، کەلامیی بوو
لە خزمەتی عیلم و دین، پیرو گەنج و کورد و عەرەب
لە سەد ساڵا، ئەو ئاوێنەی باڵانمای تەمامی بوو

---

١. دیوانی میرزای هەورامی، ل٥٠، چاپی یەکەم، (١٣٩٤ـ٢٠١٥)، (بڵاوکردنەوەی کوردستان) ـ (سنە ـ ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

ماموٚسـای حەڵقـەی مەلایان، پیـری ژیری کـوردەواری
سـەرقافڵەی ئەهلـی تەوحیـد، یـا خەتیبـی تەهامی بوو
بە من مەدح و سوپاسی ئەو، چلۆن دەکرێ بە دەس خاڵی؟
حەقیقەت شێخی ئەجەلل و غەزالیی وەخت و جامی بوو
فەحوولـی کورد فەراوانـە و عەللامەی کورد بێ سـامانن
بـەڵام (نامی) لە قەڕنی خۆی، ئاودێرێك بوو بۆ عامی بوو
بـە ئیخلاس و فیداکاری، بە دڵسـۆزی نەزم و پەخشـان
مودەڕیسـی دەرسی ئەسـحاب، ناقیلی نەقلی سامی بوو
هەمـوو گوفتار و ڕەفتاری، عەشـقی بەرزی کـوردەواری
هەمووواتەی ڕەجمی شەیتان، سەددی کۆگای هەوامی بوو
عومومیی (شَيْخُ الْإِسْـلَامِ) و خوسووسی(شَيْخُ الْأَكراد)ە
جێی شـانازی ئیسـلام و کورد، بۆ کوردی پاك قەوامی بوو
ڕەخنـە لـە ماموٚسـتای زانـا، سـپڵەگەری و نامۆییـە
مەکـەن مەنعی بێ ڕیشـەیە، و دەردی کاری نەفامی بوو
بـژی کـورد و مەکتەبـەی کـورد بـۆ (إِمَـامُ الْحَرَمَيْـنِ)ی
کەریمـی زوهـد و زانایـی، چ فەرقی کـورد و شـامی بوو

*** ئەو پلەو وەزیفانەی ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بینیونی:**

لەگەڵ ئەوەی ماموٚستای مودەڕڕیس بە گوزەرێکی نائارامی سیاسیدا تێپەڕیوە لەگەڵ ئەو بارە ئابورییە داتەپیوەی وڵاتەکەیدا، توانیویەتی هەندێ پلە وەرگرێ و لە چەند وەزیفەیەکدا بەشدار بێت، لەم باسەدا، و بە پێی مێژووەکانیان ڕیزیان دەکەین.

١ـ بووەتە ماموٚستا لە قوتابخانەو حوجرەی (نێرگسەجاڕ)، ئەمەش لە ساڵی (١٣٤٧ك/١٩٢٤ز)، هەتا کۆتایی ساڵی (١٣٤٦ /١٩٢٧ز).

٢ـ بووەتە مامۆستا و وانەبێژ لە (خانەقای بیارە)، لە سەرەتای ساڵی (١٣٤٧ك/١٩٢٨ز)، تا ساڵی (١٣٧١ك / ١٩٥١ز) .

٣ـ بە فەرمی بووەتە وانەبێژ لەمزگەوتی (حاجی حان) لە سلێمانی، ئەمەش لەساڵی (١٣٧١ك / ١٩٥١ز)، تا ساڵی (١٩٥٤/١٣٧٤ز) .

٤ـ چووەتە کەرکووك و لە (تەکییەی حاجی شێخ جەمیلی تاڵەبانی)، ماوەتەوە، و وانە بێژ بووە لەم تەکییەدا، لە ساڵی (١٣٧٤ ك /١٩٥٤ ز) تاساڵی (١٣٨٠ك / ١٩٦٠ ز) .

٥ـ بووەتە پێشنوێژ و وتار خوێن لە مزگەوتی (ئەحمەدی)، لە نزیك وەزارەتی بەرگری پێشوو لە بەغداد، ئەمەش لە ساڵی(١٩٦٠ز)، دوای دەرچوون لە تاقیکردنەوەی وتار خوێنی و پێشنوێژیدا .

٦ـ دامەزراوە بە وانەبێژ لە قوتابخانەی (عاتیکە خاتوون)، لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانییدا، لە جەمادی یەکەمی (١٣٨٠ ك / ١٩٦٠ ز) .

٧ـ لەدوای ئەوەی ساڵی (١٣٩٣ ك / ١٩٧٣ ز) خانەنشین کراوە، لە لایەن بنەماڵەی شێخی گەیلانییەوە، شەرەفی مانەوەی لە مزگەوتی گەیلانی پێبەخشراوە بۆ فەتوادان بۆ مسوڵمانان و پێشنوێژی کردنی عەسر و نیوەڕۆ.

٨ـ دواتر بووەتە موفتی هەموو عێراق.

٩ـ سەرۆکی ڕابیتەی زانایانی مسوڵمان بووە لە عێراق، لە ساڵی (١٩٧٤ز)، تا (٢٠٠٣ ز).

١٠ـ لە ئەندامە کاراو دیارەکانی کۆڕی زانیاری عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٧٨ ز، تا کۆچی دوایی، وەلێ کارایەتی مامۆستا لە کۆڕدا لە پازدە ساڵ تێپەڕ ناکات، و دواتر ئەندامی شەرەفی کۆڕ بووە.

مامۆستاکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

مامۆستای مودەڕڕیس لای مامۆستاگەلێ خوێندویەتی و لە بەحری پڕ زانستیاندا لێوانێکی هەڵگۆزیوە، و لە سینگی خۆیدا کۆی کردووەتەوەو پاش بوونە دەریا لەلێوی شیرین و قەڵەمی ڕەنگینییەوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ لێی ڕژاوەو قوتابی گەلێکی تینو لێی تێراو بوون .

ئەمەش ناونیشانی هەندێك لە مامۆستاکانییەتی:

١. مەلا عەبدولواحیدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای هەجیجی:

لەساڵەکانی (١٣٠٣ ك) دا، لە دایك بووە، لای جەنابی باوکی لە دێی (بالك)ی ناوچەی مەریوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خوێندویەتی و گەڕاوە بەدوای زانستدا، هۆگری مامۆستا عەبدولقادری مودەڕڕیسی بیارە بووە و ئیجازەی لە خزمەتیا وەرگرتووە و یەکەمین کەسێکە کە زمانی مامۆستای مودەڕیسی بە پیتەکان ناساندووە، یەکێکە لە دۆستەکانی سۆفی موحەممەدی باوکی مودەڕڕیس و لەدەوروبەری ساڵی(١٣٥٢ك)، لە ساوجی نزیك مەریوان وەفاتی کردووە.

٢. مەلا مەحمودی جوانڕۆیی:

لەساڵەکانی دەوروبەری(١٣٠٠ك)، لە دایك بووە، مامۆستای (بالك) بووە، و پاشان چووەتە گوندی (دەرەتفێ)ی مەرویوان، و لەساڵی (١٣٦٣ك)، وەفاتی کردووە .

٣. مەلا ئەحمەدی ڕەش:

زانای پایە بەرزی ناسراو بە (مەلای ڕەش) خەڵکی گوندی (پاش بەرد) ی پێنجوێنە، لە دەوروبەری (١٣١٣ك) لەدایك بووە، و ئیجازەی لە خزمەتی مەلا عەبدولقادری مودەڕڕیس وەرگرتووە، و دواتریش لە مەلا ئەبوبەکری ئەفەندی بڕوانامەی وەرگرتووە، ئەو زانایەکی وانەبێژی زۆر سەرکەوتوو بووە، لە ساڵی (١٣٧٣ ك)، وەفاتی کردووە .

٤. شێخ عومەری ناسراو بە ئیبنولقەرەداغی:

عەلامەی تێگەشتوو، پیاو چاکی پێگەشتوو، شێخ عومەری کوڕی شێخ عەبدوللەتیفی گەورەی کوڕی شێخ مەعروفی دەرەقووڵە، لە ساڵی(١٣٠٣ ك)، لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، ئیجازەی مەلایەتی لای شێخ نەجیبی قەرەداغی وەرگرتووە، زانایەکی وردەکار بووە، و حاشیەو پەراوێزی لەسەر زۆرێك لە پەڕتووکە زانستییەکان هەیە، لەساڵی(١٣٥٥ ك ـ ١٩٣٦ز)، وەفاتی کردووە، و لە گردی سەیوان، لە شاری سلێمانی نێژراوە .

٥. شێخ سلێمانی کوڕی فەقێ عوسمان .

٦. مەلا شەریفی کانی سانان.

٧. مەلا عەزیزی بالیکەدەری .

٨. مەلا عەبدوللەتیفی بانەیی .

٩. مەلا فەیزوڵڵای تاڵش .

١٠. مەلا عارفی کوڕی مەلا عەبدوللەتیفی هەجیجی .

١١. شێخ بابە ڕەسوڵی بەرزنجی .

١٢. سەید موحەممەدی کوڕی سەیید ئەمینی گیزەملی .

١٣. مەلا موحەممەد سەعیدی عەبابەیلێ.

١٤. حاجی مەلا عەزیزی دەرەتفێ .

ژمارەیەك لە قوتابییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

١. مەلا موحەممەد زاهدی کوڕی حاجی ساڵحی پاوەیی، (١٣٥١ك، ١٩٣٣ز)، ئیجازەی پێبەخشراوە، و یەکەمین ئیجازەی مامۆستای مودەڕڕیسی لە بیارە بەدەست هێناوە .

٢. مەلا ئەسەدوڵڵای تاڵش، هەمان ساڵ .

٣. سەید حیسامەدینی موکریانی ١٣٥٥ ك - ١٩٣٦ز .

٤. سەید بەهادینی خورخورەیی ١٣٥٦ك - ١٩٣٧ز .

٥. مەلا خزری ئالوسی ئالانی، هەمان ساڵ .

٦. شێخ ئەحمەدی سەردەشتی، هەمان ساڵ .

٧. شێخ عومەری عیززی دێرزوری کوڕی شێخ ئەحمەدی سوریا، (١٣٥٧ ك - ١٩٣٨ ز) .

٨. مەلا عەلی جوانڕۆیی، هەمان ساڵ .

٩. مەلا مەحمودی وەیسەیی، هەمان ساڵ .

١٠ مەلا سەعیدی بالکی، ١٣٥٨ ك ١٩٣٩ ز .

١١. مەلا موحسنی ئەڵمانەیی، هەمان ساڵ .

١٢. شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ مارفی نێرگسەجاڕی، ١٣٥٩ ك ١٩٤٠ ز .

١٣. مەلا محەمەد ئەمینی موکریانی، هەمان ساڵ .

١٤. مەلا قادری کوڕی حاجی ئەحمەدی هاروونی، ١٣٦٠ ك - ١٩٤١ ز .

١٥. مەلا مەجیدی کانی ساردی وارماوایی، هەمان ساڵ .

١٦. مەلا ئەحمەدی کوڕی سۆفی مەحمودی کوێرکی، هەمان ساڵ .

١٧. مەلا مەحمودی کانی بەردینەیی، ١٣٦١ ك - ١٩٤٢ ز .

١٨. مەلا عەلی کوێرەکی، هەمان ساڵ .

١٩. مەلا ساڵحی کوڕی سۆفی عەبدولقادری ژاڵەناوی، ١٣٦٢ ك - ١٩٤٣ ز .

٢٠. مەلا فەتاحی شاتری، هەمان ساڵ .

٢١. مەلا سدیقی کوڕی خەلیفە مەلا ڕەحیمی هەوشاری، ١٣٦٣ ك - ١٩٤٤ ز .

٢٢. مەلا سەعیدی گڵێجاڵی، ١٣٦٤ ك - ١٩٤٥ ز .

٢٣. مەلا مەجیدی وەڵەدبەگی، هەمان ساڵ .

٢٤. مەلا محەمەدی کوڕی مەلا ئەحمەدی هەوشاری، ١٣٦٨ ك - ١٩٤٩ ز .

٢٥. مەلا موحەممەد ئەمینی بانەیی، هەمان ساڵ .

٢٦. مەلا عەبدولقادری خۆشناوی، هەمان ساڵ .

٢٧. شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ عەبدولقادری حەوتاشی، ١٣٧١ ك - ١٩٥٢ ز .

٢٨. مەلا موحەممەدی کوڕی عەباسی بانەیی، هەمان ساڵ .

ئەو ناوانەی سەرەوە لە بیارە ئیجازەیان وەرگرتووە، لە سلێمانیشدا مامۆستای مودەڕڕیس ئیجازەی هەریەك لەم مامۆستایانەی داوە:

٢٩. مەلا موحەممەد ئەمین گەورەدێیی، ١٣٧٥ ك -١٩٥٦ ز .

٣٠. مەلا خدری مەنگوڕی، هەمان ساڵ .

لە کەرکووك ئیجازەی ئەم مامۆستایانەی داوە :

٣١. مەلا ڕەشیدی کوڕی حاجی کاکە حەمەی قوڵی جانی، ١٣٧٦ ك - ١٩٥٧ ز .

٣٢. مەلا عومەر ڕەشیدی نۆدەریاویی، ١٣٧٧ ك، ١٩٥٨ ز .

٣٣. مەلا حسێنی کۆیی، هەمان ساڵ .

لە بەغدادیش زۆر مامۆستا لە خزمەتیدا سودمەند بوون، و ئیجازەیان وەرگرتووە، ئەمەش هەندێکیانن:

٣٤. مەلا عەبدولقادری کوڕی شێخ ڕەسوڵی بەحرکی.

٣٥. دکتۆر عوسمان موحەممەد غەریب ـ خەرپانەیی هەورامانی .

٣٦. شێخ موحەممەد عەلی قەرەداغی، لە ساڵی (١٩٦٨) ئیجازەی وەرگرتووە.

٣٧. دکتۆر محەممەد مەلا ئەحمەد گەزنەیی، وەزیری ئەوقافی پێشوو، لە ئیدارەی سلێمانی، لە ساڵی (١٩٦٩ز)، ئیجازەی وەرگرتووە .

٣٨. مامۆستا یاسین دەروێش .

٣٩. مەلا موستەفای کۆزە پانکی .

٤٠. دکتۆر صلاح الدین سەنگاوی، ١٩٦٥.

هەروەها زانا و مەلای زۆر لە خزمەتیدا خوێندوویانە، بەڵام ئیجازەیان لە جێگای تر وەرگرتووە، لەوانە:

٤١. دکتۆر مستەفا زەڵمی.

٤٢. مامۆستا شێخ جەلال، شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی.

٤٣. مامۆستا مەلا شێخ ئەحمەدی، ئەحمەدئاوا، (باوکم).

نازناوەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

مامۆستای مودەڕیس نازناوێکی زۆری هەیە، و لەهەموویان دیارتر (مودەڕڕیس)ـە، کە بە مانای (وانەبێژ) دێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە (٢٥) ساڵ لەبیارەدا وانەی وتووەتەوە، خۆیشی هێما بەم نازناوە دەدات و لەکۆتایی کتێبی (فوائد الفوائح)دا فەرموویەتی: (فقیر مؤلف عبدالکریم فرزند محمد مشهور بمدرس) .

یەکێکی تر لە نازناوەکانی بریتییە لە (نامی)، کەئەمەش نازناوی شیعرییەتی و لەشیعرە کوردی و فارسییەکانیدا بەکاری دێنێت، بەڵام لە شیعرە عەرەبییەکانیدا بەکاری ناهێنێ، هەربۆیە لەنێوەندی عێراقدا بەم نازناوە نەناسراوە .

هەربەم نازناوەوە سێ پەڕتووکی بە چاپگەیاندووە، کە بریتین لە:

١. بەدیع و عەروزی نامی .

٢. تەفسیری نامی .

٣. خولاصەی تەفسیری نامی .

هەروەها وشەی [نامی]، لەکۆتایی زۆرێك لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، وەك :

(نامی) ئەناڵێ لە دەرگای ڕەحمەت بۆعەفوی خۆی، و ماباقی ئوممەت

یان :

(نامی) بۆمەولای ساداتی کیرام دیاری ئەنێرێ، بە بەستەی سەلام

یان:

(نامی) ئەم نامە ئەنوسێ بۆتان واتە خادیم بن، بۆخودای خۆتان

لەگەڵ ئەم دوو نازناوەدا، مامۆستای مودەڕڕیس ناوەکەی پاڵ دەدرێتە پەنای هەندێ شوێن، وەك:

٤. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی بیارە، لە بەر ئەوەی پەروەردەی بیارەیە، و پوختەی گەنجی وتوانا، و زۆری تەمەنی لەوێ بە سەر بردووە، و زۆر ماوەتەوە .

٥. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوردی، دەدرێتە پاڵ گەلەکەی.

* کتێبەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

١. سەرچاوەی ئایین: ئەم پەڕتووکە، لە ساڵی(١٩٨٢ز)دا، بە چاپی گەیاندووە، و لە شەش نامیلکە پێکهاتووە، کە ئەمانەن:

أـ ئیمان و ئیسلام: لە عەقیدەدا نوسراوەو وەرگیراوەلە کتێبی (عەقیدەی هەورامیانە)ی، مەلا حامیدی کاتبی سیراجەددین، کە بە شێوەزاری هەورامی نووسراوە، لە ساڵی(١٣٥٢ك ـ ١٩٣٣ز)، لە بیارە داناوە.

ب ـ ئەساسی سەعادەت: شیعرە لەباسی ئادابی ئیسلام و ئەرکانی ئیمان لە ساڵی (١٣٥٤ك ـ ١٩٣٥ ز) لە سەر شێوەی پرسیار و وەڵام نووسیویەتی.

ج ـ ئاوی حەیات: ژیاننامەی ئەو پێغەمبەرانەیە، کە لە قورئاندا ناویان هاتووە، و پاشان باسی عەشەرەی موبەشەرە، و چوار ئیمامەی موجتەهید دەکات، ساڵی (١٣٥٨ ك ـ ١٩٣٩ز) لە بیارە نووسیویەتی.

د ـ چل چرای ئیسلام: ڕاڤەی چل فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ ساڵی (١٣٧٣ ك ـ ١٩٥٤ز) لە سلێمانی نووسیوییەتی.

هـ ـ نورو نەجات: شیعرێکی کوردییە لە مەدحی پێغەمبەر ﷺ، و هاوەڵانیدا، ساڵی (١٣٧٥ ك ـ ١٩٥٦ز) لە کەرکووك نووسراوە.

و ـ ئیقباڵنامە: هۆنراوەیە، وەرگێڕدراوی پەڕتووکی (دەوڵەت نامە)ی مەلا خضری ڕوارییە، کە بە شێوازی هەورامی لە ساڵی(١٣٥٣ ك ـ ١٩٣٤ز) نووسراوە.

٧. مەولوودنامە و میعراج نامە، لە ساڵی(١٣٧٨ ك ـ ١٩٥٩ ز) لە کەرکووك نوسیویەتی، و لە ساڵی (١٩٨٢ز)، بە چاپ گەیشتووە .

٨. دووڕشتە: فەرهەنگێکی عەرەبی ـ کوردییە، ساڵی(١٣٨٥ ك ـ ١٩٦٦ ز) نوسیویەتی، و ساڵی (١٩٩٢ز)، بە چاپ گەیشتووە .

٩. بەهار و گوڵزار: حیکمەت و دانایەتییە، مامۆستای مودەڕڕیس هۆنیویەتیەوە، ساڵی(١٩٧٧ز)، بە چاپ گەیشتووە.

١٠. شەریعەتی ئیسلام: وەرگێڕاوی (منهاج الطالبین)ی ئیمامی نەوەوییە، چوار بەرگە، دانراوی ساڵی(١٣٧٨ك ـ ١٩٥٨ز) تا ساڵی(١٣٨١ك ـ ١٩٦١ز)یە.

١١. وتاری ئاینی بۆ ڕۆژانی هەینی، بەزمانی کوردی و پوختەیەکی عەرەبی لەساڵی (١٣٨٠ك ـ ١٩٦١ز) لە بەغدا نووسیویەتی، و لە ساڵی (١٩٧٠ز)دا بە چاپ گەیشتووە .

١٢. بارانی ڕەحمەت: هۆنراوەیەکە بەژیانی پێغەمبەری خوا ﷺ، دەست پێدەکات، و دواتر کورتە ژیانێکی چوار خەلیفەکە و پاشان بە چەند بابەتێکی فیقهی کۆتایی دێنێ بە چەند باسێك لە باوەڕدا، لە ساڵی (١٣٥٤ك ـ ١٩٣٥ز) نووسیویەتی، و لە ساڵی (١٩٥٨ز)، بە چاپ گەیشتووە .

١٣. یادی مەردان: دوو بەرگە، و بەرگێکی باسی (مەولانا خالیدی نەقشبەندییە) و

بەرگەکەی تریش باسی (شێخ عوسمان سیراجەددینە) لە گەڵ بنەماڵەکەی، بەرگی یەکەم لە ساڵی (١٩٧٩ز) بە چاپ گەیشتووە، و بەرگی دووەم لە ساڵی (١٩٨٣ ز) چاپکراوە.

١٤. دیوانی مەولەوی: لێکۆڵینەوەو ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوییە، و لە ساڵی (١٩٥٩ز) دانراوە، و لە ساڵی (١٩٦١ز) چاپکراوە .

١٥. ڕاڤەی شیعرەکانی دیوانی (نالی)، فاتحی کوڕی هاوکاری کردووە، و لە حەفتاکاندا چاپکراوە.

١٦. ڕاڤەی شیعرەکانی دیوانی (مەحوی) لە ساڵی(١٣٨٢ك - ١٩٦٢ز) دایناوە، و لە ساڵی (١٩٧٩ز) بە چاپ گەیشتووە .

١٧. کۆمەڵە شیعرێکی فەقێ قادری هەمەوەندی، فاتحی کوڕی هاوکاری باوکی کردووە، و لە ساڵی (١٩٨٠ز)دا بە چاپ گەیشتووە .

١٨. حەج نامە: لە باسی ئادابی حەج .

١٩. ڕاڤەی (عەقیدەی مەرزیە)ی مەولەوی لە زانستی کەلامدا، و لە ساڵی (١٩٨٨)، بە چاپی گەیاندووە .

٢٠. مەکتوباتی کاك ئەحمەدی شێخ: وەرگیراوە لە فارسییەوە، پەنجاوپێنج مەکتوب و نووسراوە، لە ساڵی (١٩٨٤-١٩٩١ز) لە چوار بەرگدا چاپکراوە، و دواتریش دەزگای (ئاراس) لە هەولێر، بە شێوەیەکی قەشەنگ چاپی کردۆتەوە.

٢١. بنەماڵەی زانیاران: باس لە هەندێ لە بنەماڵە ناسراوەکان دەکات، کە شۆرەتیان بەزانست و دین بڵاو بووەتەوە، و لە ساڵی (١٩٨٤ز) بە چاپ گەیشتووە، و لە کتێبی (علماؤنا)دا، بە (بنەماڵەکانی کوردستان) ناوی هاتووە .

٢٢. تەفسیری نامی: حەوت بەرگە لە تەفسیری قورئانی پیرۆزدا، لە ساڵی (١٩٨٠-١٩٨٤ز) بە چاپ گەیشتووە .

٢٣. خولاسەی تەفسیری نامی: سێ بەرگە، بۆ خۆی لە ساڵی (١٩٨٥ز)دا کورتی کردۆتەوە.

٢٤. نووری قورئان: لە زانستەکانی قورئاندا، لە ساڵی(١٣١٩ك-١٩٧١ز) دانراوە، لە بەغدا، و لە ساڵی (١٩٨٥ ز) بە چاپ گەیشتووە .

٢٥. ڕێگای بەهەشت: لە ساڵی (١٩٨٧ز) بەچاپ گەیەنراوە .

٢٦. نامەی هۆشیار: ساڵی (١٤٠٩ك-١٩٨٩ز) لە بەغدا نووسراوە، و لە ساڵی (١٩٩٢ ز) بە چاپ گەیشتووە .

٢٧. شەرحی (فتح القريب)، لە فیقهی پێشەوا شافیعیدا.

٢٨. بەدیع و عەروزی نامی: لە ساڵی (١٤٠٩ك-١٩٨٩ز) لە بەغدا نووسراوە، و لە ساڵی (١٩٩١ز)دا بە چاپ گەیشتووە .

٢٩. ڕێگای ڕەهبەر: لە زانستەکانی فەرمووده‌دا، (علوم الحديث)، لە ساڵی (١٤٠٢ك-١٩٨٢ز) لە بەغدا نووسراوە، و لە ساڵی (١٩٨٥ز) چاپکراوە .

٣٠. سەنا و سکاڵا: لە ساڵی (١٤٠٦ك - ١٩٨٦ز) لە بەغدا دانراوە، و لە ساڵی (١٩٨٧ز) چاپکراوە .

٣١. نامەی حەقیقەت: لە ساڵی (١٣٦٢ك) داینراوە .

٣٢. ڕۆژگاری ژیان: دەستنوسێکی زۆر جوانەو لەبەسەرهات و ڕۆژگاری ژیانی خۆی نووسیویەتی، (٢٥٦) لاپەڕەی خورشیدییە، و تا ساڵی (١٩٦٩) ژیانی خۆی بە درێژی تیادا نووسیوە. لە ساڵی (٢٠١٤) لە شاری سنە لەلایەنی ئینتیشاراتی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر جوان لەچاپ دراوە.

٣٣. سۆسەنی کۆسار: ئامۆژگارییە بۆ مسوڵمانان، لە ساڵی (١٤١٩ك) نووسیویەتی.

٣٤. وەنەوشەی نازار: لە ساڵی (١٤٠٣ك)، دایناوە .

٣٥. پەیڕەوان: باسی خەلیفە دیارەکانی شێخ عوسمان سیڕاجەددینی یەکەم، و کوڕەکانی دەکات.

٣٦. باخچەی مەعریفەت، لە ساڵی (١٣٧٣ك)، نووسیویەتی .

٣٧. ڕاڤە، و لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی سالم.

٣٨. ڕاڤە، و لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی بێسارانی .

٣٩. شەمامەی بیندار: فەلسەفەو ئامۆژگارییە .

٤٠. نامەی بەختیار، ئامۆژگاری گشتییە بۆ مسوڵمانان، لە ساڵی (١٣٨٤ك)، داینراوە.

٤١. ڕاڤەی تەسریفی زەنجانی، بە کوردی لە زانستی سەرفدا.

٤٢. باوەشێنی دڵ بەچەند دەستە گوڵ، باسی ژیانی خۆی دەکات تا بوونە مامۆستا لەبیارە، پاشان وەك وەفایەك باسی شێخەکانی نەقشی دەکات، بە (مەولانا خالید)، دەست پێدەکات، و بە شێخ (عومەر ضیاءالدین) کۆتایی دێت، و مەخابن ئەم کتێبەی تەواو نەکردووە، و بە خەتەکەیدا پێدەچێ، لە تەواوی پیری و دەست لەرزۆکیدا نووسیبێتی!

٤٣. **جواهر الفتاوى:** فەتوای زانا گەلێکی کوردی تێدا کۆکردووەتەوە و لە فەوتان قوتاریکردوون، سێ بەرگە، و لە ساڵی(١٣٨٢ك ١٩٦٢ز)، دایناوە، و لە ساڵی (١٩٦٩ - ١٩٧١ ز) بە چاپ گەیشتووە .

٤٤. **جواهر الكلام فى عقائد أهل الاسلام:** کتێبێکی نایابی عەقائیدە، کەخۆی هۆنیویەتیەوە، و ڕاڤەی کردووە، لە ساڵی(١٤١١ك - ١٩٥٦ز) دایناوە، و لە ساڵی (١٩٩٣ز) بە چاپ گەیشتووە .

٤٥. **صفوة اللآلى من مستصفى الامام الغزالي:** لە زانستی (اصول الفقه) دایە، و توانای مودەڕڕیس لەم زانستەدا دەخاتە ڕوو، و مەودای تێگەیشتنی لە ئوصوڵ ئاشکرا دەکات، لە ساڵی (١٣٧٥ ك _ ١٩٥٥ ز) لە کەرکووك دایناوە، و لە ساڵی (١٩٨٦ ز) چاپکراوە .

٤٦. **ارشاد السالك إلى المَناسك :** لە باسی حەجدا نووسیویەتی، لە ساڵی (١٩٨٣ز)دا چاپکراوە.

٤٧. **المواهب الحميدة في شرح الفريدة:** لە زانستی (نەحو)دا، ئەمەی نووسیوە، و زۆر بە جوانی (فریدة)کەی، ئیمامی (سیوطی) ڕاڤە کردووە، و لە دونیای فەوتان ڕزگاری کردووە، و لە ساڵی(١٣٧٤ك - ١٩٥٤ز)، لە سلێمانی دایناوە، و لە ساڵی (١٩٧٧ز)دا، چاپکراوە .

٤٨. **نور الايمان:** لە زانستی عەقائیددا نووسراوە، لە ساڵی (١٩٧٨ز)دا، چاپکراوە.

٤٩. **ارشاد الأنام الى أركان ألاسلام:** لە زانستی فیقهدا نووسیویەتی، لە ساڵی (١٤٠٨ك - ١٩٨٧ز)، دایناوە، و لە ساڵی (١٩٩٠ز) بە چاپ گەیشتووە .

٥٠. **رسائل العرفان في الصرف والنحو والوضع والبيان:** ئەمەش چەند نامیلکەیەکی لە خۆ گرتووە:

أـ الصرف الواضح للمبتدئين: ساڵی(١٣٨٣ك-١٩٦٣ز) لە بەغدا دایناوە.

ب ـ مفتاح الاداب : لە زانستی نەحودا، و لە ساڵی(١٣٩٣ك-١٩٧٣ز) نووسراوە.

ج ـ الخلاصة فِي الوضع والبيان.

د ـ التبيان في الوضع البيان: ئەم دووانەی کۆتایی، لە ساڵی(١٣٥١ك-١٩٣٢ز)دا لە بیارە نووسیونی.

٥١. رسائل الرّحمة، فِي المنطق والحكمة : پێنج نامیلکەی لە خۆ گرتووە:

أ. المفتاح فِي المنطق: لەزانستی لۆژیکدا، وەك سەرەتایەك زۆر بە سوودە، و ساڵی (١٣٥٣ك-١٩٣٤ز) لە بیارە نووسیویەتی .

ب. الورقات فِي المنطق: ساڵی(١٣٤٩ك-١٩٣٠ز)، دایناوە.

ج. المقالات فى المقولات: هەمان ساڵ نووسیویەتی .

د. رسالة العزيزة فِي المنطق: ساڵی (١٣٤٨ك - ١٩٢٩ز) لە بیارە نووسراوە.

هـ. الوجيهة المرضية فِي المواجهات: لە ساڵی(١٣٤٩ك-١٩٣٠ز) نووسراوە.

٥٢. اعلام بالغيب، و الهام بلا ريب: ڕاڤەی هەندێ فەرموودەی پێغەمبەرە، ﷺ، لە ساڵی (١٩٩٢ز) چاپکراوە.

٥٣. نور الاسلام: لە زانستی عەقائیددا نووسراوە، و لە ساڵی(١٣٩٧ك - ١٩٧٧ز) دایناوە، و لە ساڵی (١٩٧٨ز) چاپکراوە .

٥٤. علماؤنا في خدمة العلم و الدين : ساڵی (١٤٠١ك - ١٩٨١ز) نووسیویەتی، و لە ساڵی (١٩٨٣ز) چاپکراوە، بە ڕاستی لەم پەڕتووکەوە ماموستا وەك کەشکۆڵێك بۆ زانایانی کورد دەردەکەوێت.

٥٥. مواهب الرحمن في تفسير القرآن : حەوت بەرگە لە تەفسیری قورئاندا لە ساڵی (١٩٨٤ز)، لە بەغدا دایناوە، و لە ساڵی (١٩٨٦-١٩٨٩ز)، چاپکراوە .

٥٦. خلاصة منظومة جواهر الكلام في عقائد اهل الاسلام: کورتکراوەی پەڕتووکی (جواهر الكلام)ی، خۆیەتی، لە ساڵی (١٩٩٢ز)، لە بەغدا کورتی کردۆتەوە، و لە ساڵی (١٩٩٢ز)، چاپکراوە .

٥٧. الرسالة و أنوارها: سەبارەت بە پەیامی پێغەمبەران، و موعجیزەکانیان، **(على نبينا، و عليهم أفضل الصلاة والسلام)** لە ساڵی (١٩٨٩ز) چاپکراوە.

٥٨. اسناد الاعلام الى حضرة سيد الأنام : لە ساڵی (١٩٩٥ز) چاپكراوە.

٥٩. الفرائد الجديدة على المطالع السعيدة : ڕاڤەی **(مطالعي سيوطى)**یە، لە زانستی نەحودا .

٦٠. الوردة العنبرية، في مدح حضرة خير البرية: ساڵی(١٤١٣ك-١٩٩٢ز)، دایناوە، و لە ساڵی (١٩٩٤ز)، چاپكراوە.

٦١. الأنوار القدسية، في ألأحوال الشخصية. (دربارەی نیكاح و تەلاق و میرات)

٦٢. الوسيلة فى شرح الفضيلة : راڤەی **(الفضيلة)**ی مەولەوییە، بە عەرەبی لە زانستی (بیروباوەڕ-كەلام)دا، و لە ساڵی (١٩٥٩ز) لە كەركووك نووسیویەتی، و لە ساڵی (١٩٧٢ز) لە دوو بەرگدا چاپكراوە.

٦٣. بركات الأحدية، فى شرح الفوائد الصمدية، لە زانستی نەحودا.

٦٤. العقد الذهب في جيد الأدب، لە زانستی **(بديع و عروض)**دا، دایناوە.

٦٥. العلمان فى علمين: لە زانستی **(وضع، و إستعارة)** دا، و لە ساڵی(١٣٧٣ك)، نووسراوە.

٦٦. خلاصة التبيان، لە ساڵی(١٣٧٤ك)، دایناوە .

٦٧. ناميلكەی **(شمشير كارى بر نسيمى رستگارى)**، وەڵامە بۆ پەڕتووكی **(نسیمی رستگاری)**، كە لە سەر ئیجتیهاد و تەقلید، (ئایەتوڵڵا موحەممەد مەردۆخی كوردستانی، سنەیی)، نووسیویەتی، و مامۆستای مودەڕڕیس وەڵامی بۆ نووسیوە، و لە ساڵی(١٣٥٦ك)دا، دایناوە.

٦٨. فوائد الفوائح، در شرح (منظومة الفوائح)، كە مەولەوی لە عەقیدەدا، و بە زمانی فارسی هۆنیویەتییەوە، و مودەڕڕیسیش شیكە ڕاڤەیەكی كردووە، و مەولەوی مەلەوانی لە فارسیدا ناساندووە، بە عەجەمستان.

٦٩. (شهاب سما در رجم جن جان نما)، ئەمەش وەڵامە بۆ كتێبی (جان نما)، دانراوی (ئایەتوڵڵای مەردۆخی)، لە عەقیدەدا، شێخی مودەڕڕیس لە ساڵی (١٣٥٧ك)دا، وەڵامی بۆ نووسیوە.

٧٠. فيوضاتى خداى ذى من: وەڵامە بۆ پەڕتووكی كتێبی (یزدان و أهریمن)، دانراوی (ئایەتوڵڵای مەردۆخییە)، كە هەم كتێبەكەی مەردۆخی، و هەم وەڵامەكەی مودەڕڕیس هۆنراوەیە، و لە ساڵی(١٣٥٨ك)دا، دایناوە.

٧١. **گلزار حکمت، در رباعیات فارسی:** نامیلکەیەکە لەسەر شێوەی هۆنراوەی فارسی، لە گەڵ چەند چوارینەیەکی فارسی، لە ساڵی (١٣٧٧ك)، دایناوە .

٧٢. هۆنراوەیەکی فارسی لە زانستی تەجویدا، ساڵی (١٣٧٣ك)، نووسیویەتی .

٧٣. **راه رحمت حق**، شیعرە بە فارسی .

* کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

زانای پایە بەرز و مەزن، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، پاش بە سەربردنی تەمەنێکی درێژ و پڕاوپڕ لە خزمەت، بۆ دواجار لە شەوی بیست و نۆ، لە سەر سی، مانگی هەشتی، ساڵی (٢٠٠٥)ی، زایینی، کۆچی دوایی کرد، و لە گۆڕستانی **(قطب العارفین)**، شێخ عەبدولقادری گەیلانی، لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق بە خاك سپێردرا.

فسلام علیه، یوم ولد، و یوم مات، و یوم یبعث حیًا.

ماوەتەوە بڵێین:

داستانی هیجری تۆ، شەرحی بە دەفتەر ناکرێ
پێت دەڵێم چۆنە؟ ئەگەر چاوم بە چاوت کەوتەوە!

◈◈◈

مەرسیەی زانای ناوداری عێراق (د. ڕافیع تەها ئەلڕوفاعی) بە بۆنەی کۆچی دوایی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس:

[یا سَيِّدَ العُلَماءِ: ئەی گەورەی زانایان[1]]

ناحـت لفقـدك أرضهـا وَ سـماها عبدالكريـم وَ هـل يفيـد بكاهـا

ئـەرز و ئاسـمان بۆ کۆچـی دوایـی تـۆ، ئـەی عەبدولکەریـم، هاتـە گـریان، بـەڵام ئایا گریانەکان هیچ کەلێنێك دەگرێت؟ واتە، کە تۆ لە دەست دەرچوویت، تازە گریان چی پێ دەکرێت؟!

یـا سَـیِّدَ العُلَمـاءِ قـد أورثتـــنا حـزن الثكالــى فِـي ربيـع صباها

ئەی گەورەی زانایان، دڵتەنگیی و گریانی ئەو کەسەت بۆ بەجێهێشتین کە تاقانەیەکی جوانـی ببێـت، لـە بەهـاری گەنجیدا بمرێـت، ئێمەیش حاڵمان بۆتە حاڵی ئەو کەسە، بۆ کۆچی دوایی تۆ.

یـا سَـیِّدَ العُلَمـاءِ موتـك ثـلمة فِي الدين من ذا يستطيع بَـناها

ئـەی گـەورەی زانایان، مردنـی تـۆ بـوو بـە کەلەبەرێـك لە ئاینـی ئیسـلامدا، ئەبێ کێ بتوانـێ؟ ئـەو کەلەبـەرە ڕوخـاوە چـاك بکاتـەوە؟! واتـە، لـە دوای تـۆ کـەس نییـە جێگات بگرێتەوە.

یا أيّها العِلْم الـمسجى فِي الثرى أنّـى يكـبـــل جانبيـك ثــراها

ئەی زانیارییەك کە داپۆشراوی بە گڵ چۆن ئەملا و ئەولات بە گڵ گیراوە، واتە، ئەو هەمـوو زانیارییـەی تۆ ئەی جەنابی مودەڕیس چووە ناو گۆڕەوە، ئەملا و ئەولای بە گڵ گیرا، و سەریشی داپۆشراو بەندی ناو گۆڕ کرا.

---

١. بڕوانە: **العَلاّمَة عَبدُالكَريم الـمُدَرِّس، وَ مَنهَجُهُ فِي تَفسيـرِ القُرآنِ، وَ عُلوُمه، عبدالدائِم مَعروُف الـهَوْرامانِي،** ل١٠٧ـ١٠٩، چ١: (١٤٣١هـــ ـ ٢٠١٠م)، **مَكتَب التَّفســير، لِلنَّشــرِ وَ الأِعلان** ـ هەولێر، و (ژیاننامەی مامۆســتا مــەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، مەلا عەلی محەممــەد عەلی وەیس، (تووتەقاچ)، ل٢٠٦ـ٢١٣، چاپی یەکەم: (٢٠١٢م)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ـ هەولێر.

وَ لقد علمتُ بأن أملاك السما   وضعت جوانحها له ليطاها

بە ڕاستی تۆ ئاگادار بوویت، فریشتەکان هاتنە خوارەوە بۆ سەر تەرمی پیرۆزی جەنابی مودەڕیس، باڵیان ڕاکێشا کە تەرمە پیرۆزەکەی بپێچنەوە و بیبەن بۆ ئاسمان.

لما نشاء بيْن المَعارفِ وَالهُدى   حُراً يرومُ مِن الذرى أسماها

فریشتە بۆیە هاتن بۆ سەر تەرمی پیرۆزی جەنابی مودەڕیس، چونکە ئەم پیاوە لە ناو زانیاری ڕێگەی شارەزایی کردندا بە ئازادی چاوی بڕیبووە پۆپەی پلە و پایە بەرزەکان، لەبەر ئەوە شایستەی ڕێزە.

وَ طوى على شظف الحياة أضالِعاً   يرنو لكُلّ فضيلةٍ وَ علاها

هەر لەبەر ئەوەی کە جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، خۆی گوشیی و خۆی برسی کرد لە ژیانی خۆش، و گوێی نەدا بەو شتانە، و بەڵکو چاوی بڕییە هەموو پلە و پایە بایەخدار و بەرزەکان.

يا سَيِّدي قد كنتَ من عهدِ الصبا   تنجي ثمارَ علومِها وَ هُداها

ئەی گەورەی من، بە ڕاستی تۆ لە منداڵیتەوە خەریکی چنینەوە و کۆکردنەوەی شارەزایی و ڕێنمایی بوویت، واتە، هەر لە منداڵییەوە بەردی بنچینەی زانیاریت داناوە، و لە پەسا چینت لەسەر داناوە، و هەتا تەلاری زانیاریت تەواو کرد و ڕازانتەوە.

غازلتَ أبكارَ آلعلومِ مبكراً   وَ لثمتَ قرناً من رُضابِ لُماها

هەر زوو بوویت بە هاودەم و هاوئەڤینی تەڕ و تازە و دەست لێنەدراوی زانیارییەکانت، سەدەیەك تەمەنت پلە پلە کۆکردەوە، و نۆشیت، واتە، تۆ لە تەمەندا بەرەو ڕووی زانیارییەکان ڕۆیشتوویت، زانیارییەکانیش مۆر و دەسکاری نەکرابوون، هەر لە منداڵییەوە ئاوێزانیان بوویت و سەدەیەك تەمەنت وەکو ڕینگاڵی هەنگوین لە گەڵیاندا خوارد و ئاوێزانی یەکتر بوون.

وَ أفضتَ للطلاّب مِن سلسالها   عذبَ المَناهلِ فاز مَن وافاها

تۆ ئەو هەموو زانیارییە، کە لەو سەدەی تەمەنەدا کۆتکردەوە و بە دەستت هێنا، دەستت نەگرت بە سەریدا بەشی کەسی لێ نەدەیت، بەڵکو خوانی زانیارییەکانت

ڕاخست بۆ خوێندکاران، و بابەتە ئاسان و ڕەوانەکانت لەسەر ئەو خوانە بۆ دانان، جا ئەوەی کە چووە سەری و لەو خوانەی تۆی خوارد و وەریگرت، سەرکەوتوو بوو.

یا أیّها الماضي لرحمةِ ربهِ　　　أیتمتَ بعدَك أُمّةً وَ أباها

ئەی کەسێك کە ڕووبەڕووی بارەگای خودای خاوەن بەزەیی بوویتەوە، زانیارییەکان لە دوای تۆ بە باوکیش و بە دایکیش هەتیو کەوتن.

ما لِلعراقِ وَ قد تصدعَ رکنُهُ　　　حِساً وَ معنی لیلةً وَ ضحاها

دەبێت عێراق چی بەسەر بێت، کە پایەی هەم لە ڕووی دەرەوە، و هەم لە ڕووی ناوەوە، واتە، لە بارەی ماددی و مەعنەوییەوە لە شەو و ڕۆژێکدا ڕووخا، بە هۆی کۆچی دوایی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسەوە.

أسفي علی الأیام ویح صروفها　　　قطعن أسباب آلصفا وَ عراها

هاوار بەماڵم بۆ ئەم ڕۆژگارە چۆن دەڕوات و پچڕاندیان هۆ و هۆکاری خۆشیی و شادی، بە ڕووتی فڕەی داینە دەشتەوە، واتە، بە هۆی کۆچی دوایی مودەڕڕیسەوە.

یا هادمَ آللذاتِ مالكَ صائل　　　تُدمي القلوبَ وَ تُخرس الأفواها

ئەی مردن، ئەوە چیتە، کە هەڵمەت دەبەیت و گڵۆپی دڵەکان دەکوژێنیتەوە و لە کاریان دەخەیت، و زوبانەکانیش لە گۆ دەخەیت، واتە، ئەوە بۆ هێرشت هێنا بۆ سەر جەنابی شێخی مودەڕڕیس، و ڕاپێچت پێکرد، بۆ جیهانی نەمان و لە دەستی ئێمەت دەرکرد.

یا هادم اللذاتِ ویَحَك ماجَنَت　　　یُمناكَ إذ بطشت بقطب رحاها

ئەی مردن، هاوار بە ماڵم، لە کردەوەی دەستی ڕاستت، کە وەشاندت لە تەوەری ئاشەکە و شکاندت، واتە، وەکو چۆن ئاش لە دەوری تەوەرەکەی دەسوڕێتەوە، لەشیش لە دەوری گیان دەسوڕێتەوە، کە تەوەرەکەی دڵیەتی، وەکو چۆن تەوەری ئاش شکا، ئیتر لە کار دەکەوێت، کە دڵیش وەستا، ئیتر ئاشی لەش لە کار دەکەوێت، جا ئەمە بۆیە وایە چونکە دەستی ڕاست بەهێزترە بۆ لێدان، تۆیش ئەی مردن داتهێنایەوە و دات لە دڵی جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، و ئاشی ژیانیت لە کار خست.

أنا ليس يشفى لي غليل منك ما　　　لم ألقَ فيك سُويعة تخشاها

من کە زۆر تینووم بۆ تۆ و بۆ یادی تۆ، ئەگەر چەند کانییەك نەهێنم، و نەیتوێنمەوە لە یاد و باسی تۆدا، ئەوا ئارامم لێ دەبڕێت و داناکەوم.

لما تُجندَل مثل كبشٍ أملحِ　　　ما بيْن جنَّتِها وَ حرٌ لظاها

کە من تۆ دەبینم، کە وەکو ئەو بەرانە ڕەش و بازووە کە مردنە و سەرت دەبڕێت، لە نێوانی بەهەشت و دۆزەخدا بە دەم سەربڕینەوە دەسوڕێتەوە، بە هەمان شێوە تۆیش دەسوڕێیتەوە بە دەم مردنەوە، چۆن ئارامم لێ نابڕێ!

يا سَيِّدَ العُلَماءِ قَد فارقتنا　　　فِي ساعة قد أثقلت دنياها

ئەی گەورەی زانایان، بە ڕاستیی جیا بوویتەوە لێمان، لە کاتێکدا قورسایی جیا بوونەوەکەی تۆ، قورستر کەوتە سەر دڵمان، و نەمانزانی ئەم دنیایە چییە؟! و بۆچی چاکە، و هەروەها کەوتە سەر هەموو دنیایش.

إذ سادتِ الجماءُ وَالعرجاءُ والـ　　　عوراءُ وَالعجفاءُ فِي مرعاها

کۆچی دواییی تۆ ئەی جەنابی مودەڕڕیس، هەر قورسایی نەخستە سەر دڵی ئێمە، و دنیای لا تەنگ و تاریك نەکردین، بەڵکو باڵیشی کێشا بەسەر ئاژەڵەکانیشدا، لە (کوڵ) و (شاخدار) و (کوێر) و هەموو بێ زمان لە لەوەڕگاکانیاندا.

وَ لقد تزاحمتِ الحوالكُ فوقنا　　　حتى تساوى صبحُها وَ مساها

کاریگەری کۆچی دوایی تۆ، هەر لە سەر زەویدا نەبوو، بەڵکو ئاسمانیشی هەژان و چڕیی کۆمەڵی فریشتەکانیش بە سەر سەرمانەوە، ئەوەندە زۆر بوون، بەری خۆریان گرتبوو، بە (لا حَوْلَ وَ لا قُوّة إلّا بالله) هاتنە خوارەوە، بۆ سەر تەرمی پیرۆزت.

وَ يصولُ طول البلاد وَ عُرضِها　　　خصم لدود قد أذلِ إباها

دەستی گرتووە، بە سەر وڵاتدا و بە درێژی و پانیدا دوژمنێکی سەرسەختی تاوانکار دایڕنیوە، و تووشی ژێردەستەیی کردووە، و هەرچەندە ئەم وڵاتە ژێردەستەیی ڕەتدەکاتەوە.

يُزجي ثواقلَ حقدهِ وَ سمومه لجبالها وَ سهولها وَ رباها

ئەم دوژمنە سەرسەختە تاوانکار و تاوانبارە قین و ژەهری خۆیی بە سەر تەواوی ئەم وڵاتەدا ڕشتووە، بە کەژ و کێو و دەشت و تەپۆڵکەکانییەوە.

فتلحفت أَرض العراقِ شبابَها وَ رَوَت قواحِل أَرضِها بدماها

ئاپۆرای گەنجانی ئەم وڵاتی عێراقە، سەرزەوی عێراقی داپۆشیوە و بەرەنگاری داگیرکەر دەبنەوە، و زەوییە وشك و تینووەکەی ئەم وڵاتە بە خوێنی خۆیان ئاو دەدەن.

أَسفي على بغداد أَين بدورُها طوتِ العوادي نورَها وَ سناها

هاوار بە ماڵم! شاری بەغداد، و گەڕەك و کۆڵانەکانی، بە هۆی کۆچی دوایی جەنابی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسەوە، ئەو فەڕ و پیت و پلە و پایەیەی جارانی نەما!

ويح الليالي ما فعَلن بزهرةِ الـ دنيا فقد أَودت بفوحِ شذاها

هاوار بە ماڵم! شەوەکان، واتە ئەو تاریکاییەی، بە هۆی کۆچی دوایی جەنابی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسەوە پەیدا بوو، چییان کرد بەو گوڵەی ئەم دنیایە و چۆن ئەو بۆنە خۆشە تاقانەیەیان بڕی، واتە، جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، وەك گوڵێکی بۆنخۆش و ناوازە بوو، بە کۆچی دوایی ئەو ئیتر ئەو بۆنە خۆشە نەما.

بغدادُ أمُ المكرماتِ على المدى أَنّى يدنسُ أَرضها أَعداها

شاری بەغداد، دایکی شکۆمەندییەکان بووە بە درێژایی سەردەمەکان، ئەوە چۆنە وا ئێستا دوژمنان خاکەکەی پیس دەکەن؟!! واتە: هەرگیز ناتوانن پیسی بکەن!

أَنى يمزق خدرَ حرمتِها الذي ما كان يحلُمُ أَن يشم هواها

ئەوە چۆنە وا ئێستا دوژمنان حورمەتی ئەدڕێنن و ئەشکێنن، لە کاتێکدا کە هەرگیز بە بای خەیاڵیشیاندا نەهاتووە کە بۆنیشی پێوە بکەن!

ويح الذين تعانقت أَيمانُهم بيمينِ محتلٍ أَباحَ حماها

هاوار بۆ ئەوانەی کە ملیان بۆ داگیرکەر دانەواند و پابەندبوون بە پەیمانی بەکرێگیراوییەوە بۆی، ئەو داگیرکەرەی کە ئەو پاوەنی حورمەتەی نەدەبوو، بیبەزێنێت، بەزاندی!

یـا سیِّدي مـا کان فقـدُك هیناً   لا وَالّـذي رَفَـعَ السـما وَ بناهـا

ئەی گەورەم، ئەوە وا نییە، نەمانی تۆ لە ناو ئێمەدا ئاسان بێت، نەخێر! سوێند بەوەی کە ئاسمانی بەرز و دروست کردووە . . . .

بـل کان قاصمـة الظهـورِ وَ إنّنـا   للـهِ نشـکو الهـمَ مِـن بلواهـا

نەمانی تۆ لە ناو ئێمەدا، کارێکی پشت شکێنە، ئێمەیش سکاڵای خۆمان لە لای خودا دەکەین، بەو ئێش و ئازارەی بە هۆی کۆچی دوایی تۆوە تووشمان بووە.

لـكَ جنـةُ الفـردوسِ أنعِـمْ خالداً   فیهـا فدونـكَ حورُهـا وَ حلاهـا

بەهەشتی بەرین بۆ تۆیە، ڕابوێرە تیایدا بە خۆشیی، ئیتر تۆ و پەرییەکانی بەهەشت، خۆشیی و شیرینی بەهەشتن.

أنعِـم أبـا النَفـسِ الزکیـةِ إنمـا   قـد أفلـحَ العبـدُ الّـذي زکّاهـا

ڕابوێرە لە بەهەشتدا، ئەی خاوەنی نەفسێکی پاککراو لە خەوش و خاڵ و شتی ناڕەوا و ناشایستە، بە ڕاستی سەربەرز و براوە، ئەو کەسەیە کە نەفسی خۆی پاك کردۆتەوە.

یـا أیّهـا الحیـری لفقـد إمامکـم   صَبْـراً فـأِنَ الخَیْـر فِـي عُقباهـا

ئەی ئەو کەسانەی بە هۆی کۆچی دوایی جەنابی عەللامە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسەوە خەم دایگرتوون، دان بە خۆتاندا بگرن، بە ڕاستی پاداشتەکەی لە دواوەیە، واتە، هەم خەم بۆ جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، مەخۆن کە لێتان جیا بۆتەوە، چونکە ئەو گەیشت بە جێگەی خۆی لە بەهەشت، و ئێوەیش لە سەر خۆڕاگرتن لە سەر ئەو نەهامەتییە پاداشت وەردەگرن.

وَ لِفقـدهِ أرخـتُ أنْ لا تحزنُـوا   عبدُالکریـم سـری یُجـاوِرُ طـه

جا بۆ لە دەستدان و کۆچی دوایيي جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، و لە دوا چۆڕی شیعرەکانمدا بە (حسابی ئەبجەد) ئەو مێژووەم تۆمار کردووە، کە لە ڕستەی (أنْ لا تحزنُوا عبدُالکریم سری یُجاورُ طه)دا، بەرجەستە دەبێت! و مێژووی کۆچی دوایيي ئەم زاتە دیاری دەکات.

ژێدەرەکانی ئەم بیۆگرافیایە:

(١). هەندێ لە یادگارییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کۆکردنەوە، و ئامادەکردنی: مامۆستا عبدالدائم هەورامانی، چاپی سلێمانی، ٢٠١١.

(٢). مودەڕیس نامە، ئامادەکردنی: ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد، چاپی سلێمانی، ٢٠٠٩.

(٣). (ڕۆژگاری ژیان)، یادداشت و بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ئامادەکردن و لەسەرنووسین: ڕەئووف مەحموودی، چاپی یەکەم، (١٣٩٤-٢٠١٥)، (بڵاوکردنەوی کوردستان) - (سنە - ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

(٤). دیوانی میرزای هەورامی، چاپی یەکەم، (١٣٩٤-٢٠١٥)، (بڵاوکردنەوی کوردستان) - (سنە - ڕۆژهەڵاتی کوردستان).

(٥). کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، چاپی یەکەم، ٢٠١٤.

(٦). (ژیاننامەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)، مەلا عەلی محەممەد عەلی وەیس، (تووتەقاچ)، چاپی یەکەم: (٢٠١٢م)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر.

(٧). (سەدەیەك تەمەنی نوورین -)، مامۆستا دکتۆر عبدالدائم هەورامانی، چاپی یەکەم: (١٤٢٨ هـ - ٢٠٠٧م)، چاپخانەی (نووسەر) سلێمانی، ٢٠١١.

(٨). کاروانی پێنووس، فاتیح مستەفایی - مەریوان، چاپی یەکەم، (١٣٩٠هەتاوی - ٢٠١٢ز)، بڵاوکردنەوەی ئاراس - سنە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

[سەرەتایەك دەربارەی (فەرموودەناسی)]

كورتەیەكی مێژوویی دەربارەی نەشونماكردنی فەرمووده ناسی (علوم الحدیث) و ئەو قۆناغانەی كە پیایدا تێپەڕ بووە:

لێكۆڵەرەوەی سەرناس تێبینی ئەوە دەكات، كە بنەماو پایە ڕیشەییەكانی زانستی ڕیوایەت و گێڕانەوەی فەرموودە لە قورئانی پیرۆزو سونەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾[1]، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەركەسێكی تاوانبار هەواڵێكی بۆتان هێنا جا بكۆڵنەوە نەكا لەڕووی نەزانییەوە بەخەڵكی‌تر زیان بگەیەنن، جا لەكارێ كە كردوتانە، پەشیمان ببنەوە، وەلە فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە كە دەفەرمووێت: «**نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثًا فَحَفِظَهُ حَتَّى يُبَلِّغَهُ غَيْرَهُ، فَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ إِلَى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنْهُ، وَرُبَّ حَامِلِ فِقْهٍ لَيْسَ بِفَقِيهٍ**»[2]، واتە: خوا پێت بخاتە كاری كەسێكەوە كە شتێكمان لێ دەبیستێ و بەو شێوەیەی كە بیستویەتی دەیگەیەنێتەوە، جا هەندێ پێ ڕاگەیەنرا و هەیە كەلە گوێگر وریاترە و تێگەیشتوترە. وەلە گێڕانەوەیەكی تر: وەهەندێ لە هەڵگری فیقهـ، هەیە كە كەسێكی‌تر هەیە لەو فیقهـ زانترە، وەهەندێ كەس هەیە كە هەڵگری شەرع (فقه)ـە، و كەچی شەرعزان (فەقیهـ) نییە.

جا لەو ئایەتە پیرۆزە و لەو فەرموودە بەپێزەدا پرۆگرامی پێداگیری (التثبت)لە وەرگرتنی فەرموودەو چۆنیەتی وەرگرتنی لەڕووی بێداری و شارەزایی و وردەكارییەوەی تیادایە لە گواستنەوەیدا بۆ كەسانی‌تر.

وەك گوێڕایەڵیەك بۆ فەرمانی خوای گەورەو پێغەمبەرەكەی ﷺ هاوەڵان (رضی الله عنهم) زۆر پێداگیریان دەكرد لە گواستنەوەی فەرموودەداو لەوەرگرتنیدا، بەتایبەتی

---

١. سوره الحجرات: ٦

٢. **رواه الترمذي: فەرموودەی ژمارە (٢٦٥٦) و قال عنه: (حسن صحيح)، و صحّحه الشيخ الألباني.**

کە ئەگەر گومانیان هەبوایە لە ڕاستگۆیی گوێزەرەوەکەیدا هەرلەبەر ئەمەش بابەتی (ڕشتە: سەنەد)کە زۆر بە نرخە بۆ وەرگرتن یان وەرنەگرتنی فەرموودە هاتەکایەوە.

لە پێشەکی (سەحیحی موسلیم)دا، هاتووە، لە (ابن سیرین)ـەوە، کە دەڵێت: نەدەپرسرایەوە لەسەنەد، بەڵام کە فیتنە سەری هەڵدا، دەیان گوت، ناوی پیاوەکان؟ واتە ئەوانەی سەنەدەکە بڵێ، جا ئەوانەی کە ئەهلی سوننە بوون فەرمودەکانیان لێ وەردەگیرا ئینجا ئەوانەش کە (أهل البدع)بوون، فەرموودەیان لێ وەرنەدەگیرا[1]، جا لەبەرئەوەی کەفەرمووده لەدوای ناسینی سەنەدەکەیەوە نەبێت وەرناگیرێ، بۆیە زانستی (الجرح والتعدیل) و قسەکردن لەسەر ڕاوییەکان و ناسینی (متصل و منقطع)ی، سەنەدەکان و ناسینی (العلل الخفیة) هاتە کایەوە و وەدەرکەوت و هەروەها قسەکردن لەسەر هەندێ ڕاوی هاتە کایەوە بەڵام بەکەمی ئەمەش لەبەر کەمی گێڕەرەوەی تانە لێدراو(مجروح) لە سەرەتاوە، و پاشان زانایان لەم بارەیەوە زیاتر لایەنەکەیان فراوانتر کرد تا باسکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر زانست گەلێك کە پەیوەست بوون بەفەرموودەوە لەڕووی (ضبط) کردن و چۆنیەتی هەڵگرتن و دانەوەیەوە و ناسینی (ناسخ) و (منسوخ) و (غریب) و هتد .... هاتەکایەوە ئەمە زانایان بە سەرەکی دەیان گواستەوە .

پاشان شتەکە بەرەو پێش چوو، وەوای لێهات ئەو زانستانە دەنوسرانەوەو تۆمار دەکران، بەڵام لەچەند شوێنێکی پەڕاگەندەوە لەکتێبەکاندا، کەبەزانستەکانی تریشەوە تێکەڵ کرابوون، وەك زانستی (أصول) و زانستی (فقه) و زانستی (حدیث) وەك کتێبی (الرسالة) و کتێبی (الأم)ی، ئیمامی شافیعی، جا لەکۆتاییدا کە زانستەکان پێگەیشتن و زاراوەش (الأصطلاح) جێگیر بوو، هەموو زانستێ سەربەخۆ بوو، لەهی‌تر جیا بۆوە، کەئەمەش لەسەدەی چوارەمی هیجریدا بوو، زانایان ئەم زاراوە ناسییە (علم المصطلح)یان، لەکتێبی سەربەخۆدا جیا کردەوە، یەکەم کەسێك کە کتێبی تایبەتی تیادا دانا (**القاضی أبو محمد الحسن بن عبدالرحمن بن خلاد الرامهرمزي**)بوو، کە لە ساڵی (٣٦٠ك)دا، کۆچی دوایی کردووە، و دانەری پەڕتووکی (**المُحدث الفاصل بیْن الراوی والواعی**)یە.

---

١. مقدمة صحیح مسلم.

چەند پێناسەیەکی سەرەتایی:

١. زاراوە ناسی (علم المصطلح):

زانستێکە کە بەهۆی چەند بنەماو ڕێسایەکەوە حاڵەتی ڕشتە (السند) و تێکست (المتـن)دەزانرێ، لەڕووی وەرگرتن یان وەرنەگرتنەوە .

٢. بابەتی ئەم زانستە :

بریتییە لە باسکردنی سەنەدومەتن لەڕووی وەرگرتن یان وەرنەگرتنەوە.

٣. بەرهەمەکەی:

بریتییە لەجیاکردنەوەی فەرموودەی ڕاست (الصحیح) و ناڕاست و ناساغ (السقیم) لە یەکتر.

٤. فەرموودە (الحدیث):

أ. لەڕووی زمانەوە: بەمانای تازە دێت، وەبە پێچەوانەی قیاسەوە لەزمانی عەرەبدا جەمعەکەی (أحادیث)ـە.

ب. لەڕووی زاراوەوە : ئەوەیە کە بدرێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لەگوفتارو کردارو پەسەند کراو و ئاوەڵناو (صفة) بۆی.

٥. هەواڵ (الخبر):

أ. لەڕووی زمانەوە : بەمانای هەواڵ (النبأ)دێت، کە جەمعەکەی (أخبار)ە .

ب. لەڕووی زاراوە: سێ گووتەی لەسەرە:

١. (الخبر) هاوڕێکی (الحدیث)ـە: واتە لەڕووی زاراوەوە ماناکەیان یەکێکە .

٢. پێچەوانەی یەکترن: (الحدیث) ئەوەیە کەلە پێغەمبەرەوە ﷺ و (خبر) ئەوەیە کەلە غەیری پێغەمبەرەوەیە ﷺ .

٣. لە (حدیث) گشتی ترە: واتە: (حدیث) ئەوەیە کە لەپێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، و (خبر) ئەوەیە کەلەپێغەمبەریش ﷺ و غەیری پێغەمبەریشەوە ﷺ هاتووە .

٦. ڕێچکە (الأثر) :

أ. لەڕووی زمانەوە: واتە پاشماوەی شتێك .

ب. لەڕووی زاراوەوە: دوقسەی لەسەرە کە ئەمانەن:

١. ئەوەیە کە هاوڕێکی (حديث)ـە: واتە، لەڕووی زاراوەوە یەك مانایان هەیە .

٢. پێچەوانەیەتی: ئەوەیە کە درابێتە پاڵ هاوەڵێ یان تابعی یەك لە گوفتارو کردار .

٧. (الأسناد) : کە دوو مانای هەیە:

أ. دانە پاڵی فەرمودەکە بۆ لای بێژەرەکەی .

ب. زنجیرەی ئەو پیاوانەی کەئەو مەتنە دەگەیەنن جا بەم مانایە هاوڕێکی (سند)ـە.

٨. ڕشتە (السند) :

أ. لەڕووی زمانەوە: بەمانای پشت پێ بەستراو (المعتمد) دێت، هەر لە بەر ئەوەش واناونراوە، چونکە فەرمودەکە پشتی پێدەبەسترێ و ئیعتیمادی دەخرێتە سەر .

ب. لەڕووی زاراوەوە: زنجیرەی ئەو پیاوانەیە کەمەتنەکە دەگەیەنن

٩. تێکست (المتن):

أ. لەڕووی زمانەوە: ئەو شتە یە، کە دەرکەوێت و بەرزبێتەوە لەزەوی.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەوەیە کە جگە لەسەنەدەکە، دەمێنێتەوە .

١٠. (المسنَد): بەفەتحەی نونەکە:

أ. لەڕووی زمانەوە: ئیسمی مەفعولە، بەمانای (أسند الشئ أليه) واتە درایە پاڵی دێت .

ب: لەڕووی زاراوە: سێ مانای هەیە:

١. هەموو ئەو کتێبانەیە کەتیایدا ڕیوایەتی هەموو هاوەڵێك بەگوێرەی خۆی کۆکرابێتەوە.

٢. بەفەرموودەی مەرفوع و ڕشتە پەیوەست (متصل السند) دەوترێ .

٣. مەبەست پێی (السند)ـە، کە بەم واتایە بێت مەسدەرێکی میمییە .

١١. (المسنِد) بەکەسرەی نونەکە:

ئەوەیە کە فەرموودە ڕیوایەت دەکات بەسەنەدەکەی خۆی ئیتر ئایا ئەوەی کەلەلایەتی زانایە پێی یان تەنها ڕیوایەتە و هیچی تر .

١٢. فەرمووده ناس (المحدث):

ئەوەیە کەسەرقاڵە بەزانستی فەرموودەوە، لەڕووی گێڕانەوە (روایة)و پێزانین (دراية)ـەوە، و ئاگای بەزۆری ڕیوایەتەکان و چۆنیەتی ڕاوییەکان هەبێت .

١٣. (الحافظ) دوو قسەی لەسەرە:

أ. لەلای زۆربەی فەرموده ناسان هاوماناى (محدث)ـە.

ب. وتراوە کەپلەی بەرزترە لە (محدِّث)، بە جۆرێك کە ئەوەی کە لە هەر (طبقة) ئاستێکدا، کە دەیزانێت زیاترە لەوەی کە بێ ئاگایە لێی .

١٤. (الحاكم):

ئەوەیە کە زانستەکەی قاڵە بەسەر هەموو فەرمودەکاندا، بە جۆرێك کە هیچی لەدەست دەرنەچووە لێیان تەنها کەمێك نەبێت، ئەمەش لەسەر ڕای هەندێ لە ئەهلی عیلم .

بە ناوبانگترینی کتێبەکانی فەرمووده ناسی (علوم الحديث):

١. (المحدث الفاصل بين الراوي والواعي) :

(قاضي ابو محمد الحسن بن عبدالرحمن بن خلاد الرامهرمزي) داینـاوە، کـە لـە ساڵی (٣٦٠ ك)دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام سەرجەم باسەکانی (**مصطلح**)ی، لە خۆنەگرتووە، هەرکەسێکیش کەسەرەتای کتێب دانانی بێت لەهەربابەتێکا یان لە هەر زانستێکدا بەزۆری هەر وایە .

٢. (معرفة علوم الحديث) :

(أبو عبدالله محمد بن عبدالله الحاكم النيسابوري) دایناوە، کەلەساڵی (٤٠٥ ك)کۆچی دوایی کردووە، بەڵام باسەکانی پوخت نەکردووە، وەشێوازێکی ڕێکخستنی هونەری گونجاوی بەکارنەهێناوە .

٣. (المستخرج على معرفة علوم الحديث) :

(أبو نُعَيم أحمد بن عبدالله الأصفهاني) داینـاوە، کەلەساڵی (٤٣٠ك) کۆچی دوایی کردووە، لە ڕێساکانی ئەم زانستەدا ئەوشتانەی کە (حاکم)لە کتێبی **(معرفةعلوم**

الحديث)دا لەدەستی داون، ئەم هێناونی بەڵام چەند شتێکیشی تەرك کردووە، کە بۆ کەسێ کەلەدوایەوە کاری لەسەر بکات دەتوانێ ئەوشتانەش بهێنێ .

٤. (الكفاية في علم الرواية):

(أبوبكر أحمد بن علي بن ثابت الخطيب البغدادي)ی دایناوە کەلەساڵی (٤٦٣ ك) کۆچی دوایی کردووە، ئەم کتێبە پڕە لە نوسینەوەی بابەتەکانی ئەم زانستە و ڕونکردنەوەی ڕێساکانی ڕیوایەت، وەبە شکۆمەندترینی سەرچاوەکانی ئەم زانستە دادەنرێت .

٥. (الجامع لأخلاق الرّاوي وأداب السامع):

ئەمیش **(الخطيب البغدادي)**دایناوە، کتێبێکە دەربارەی ئادابەکانی ڕیوایەت باس دەکات هەروەك بەناوەکەیدا دیارە، کتێبێکە لەبواری خۆیدا تاکە و کرۆکەکەی زۆر گرنگە، مەگەر زۆر بەکەمی دەنا لەسەرجەم بابەتەکانی زانستی فەرمودەدا **(الخطيب)** کتێبی سەربەخۆی تیادا داناوە جا وایە، کە **(الحافظ أبوبكر بن نقطة)**دەڵێت: هەرکەسێك کەویژدانی هەبێت، دەزانێ کەفەرموودەناسەکانی دواى **(الخطيب)** هەموویان پێویستیاری کتێبەکانی ئەون .

٦. (الألـماع إلى معرفة أصول الرواية وتقييد السماع):

(القاضي عياض بن موسّى اليحصُبى)دایناوە کەلەساڵی (٥٤٤ك)، کۆچی دوایی کردووە کە کتێبێکی گشتگیر نی یە بۆ سەرجەم باسەکانی زانستی (مصطلح)، بەڵکو لەسەر ئەو شتانە کورت هەڵهێنراوە، کە پەیوەستن بە چۆنیەتی وەرگرتن و دانەوەی فەرمودەو ئەو بابەتانەی کە لەمانە دەبنەوە، بەڵام لەبابەتەکەی خۆیدا زۆر باشە، و لەڕووی پێوەندی و ڕێکخستنیشەوە زۆر جوانە .

٧. (ما لا يَسَعُ الُمحَدِّثَ جَهْلَهُ) :

(ابو حفص عمر بن عبدالـمجيد الـميانـجي) دایناوە، کەلە ساڵی (٥٨٠ك) کۆچی دوایی کردووە، کە جوزوەیەکی بچووکە، و سوودی گەورەو زۆری نییە .

٨. (علوم الحديث) :

(أبو عمرو عثمان بن عبدالرحـمن)ی، شارەزووری ناسراو بە (ابن الصلاح) دایناوە،

کە لە ساڵی (٦٤٣ ك)دا، کۆچی دوایی کردووە وەئەم کتێبەی لەناو خەڵکدا بە (**مقدمة ابن الصلاح**) ناسراوە، و لە بەپیتترینی کتێبەکانی (**مصطلح**)ـە، کە دانەرەکەی تیایدا ئەو شتانەی کەجیاوازن لەم بارەوە، لەکتێبەکانی (**الخطیب**)، و ئەوانەی پێش ئەو کۆی کردۆتەوە وەکتێبێکی پڕ لە سوودە بەڵام لەسەر شێوازێکی گونجاو ڕێکی نەخستووە، چونکە شت لەدوای شت وتویەتیەوەو یەکی خستووە وەلەگەڵ ئەمەشدا پاڵپشتێك بووە بۆ ئەو زانایانەی کەلە دوایەوە هاتوون، هەیە کورتیکردۆتەوە، هەیە ڕێکی خستووە، هەیە بەرەنگاری بۆتەوە و هەیە پاڵپشتی لێ کردووە.

٩. (**التقريب والتسيير لِمعرفة سنن البشير النذير**):

(**محي الدين يحيى بن شرف النواوي**) دایناوە کە لەساڵی(٦٧٦ك)دا کۆچی دوایی کردووە وەئەم کتێبەی کورت کردنەوەیە بۆ کتێبی (**علوم الحديث**) ی (**ابن صلاح**)وە کتێبێکی باشە بەڵام جارجارە عیبارەتەکانی داخراو و ڕەقن .

١٠. (**تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي**):

(**جلال الدين عبدالرحمن بن ابى بكر السيوطي**) دایناوە کەلەساڵی (٩١١ ك)کۆچی دوایی کردووە کە شەرحی کتێبی (**تقريب النواوي**)یە هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە کە دانەرەکەی تیایدا سودێکی زۆری کۆکردۆتەوە .

١١. (**نظم الدُّرر في علم الأثر**):

(**زين الدين عبدالرحيم بن الحسين العراقي**) دایناوە، کەلەساڵی (٨٠٦ ك) کۆچی دوایی کردووە کەبەناوی (**الفية العراقي**) ناسراوە، کەتیایدا (**علوم الحديث**)ی (**أبن الصلاح**)ی هۆندۆتەوە وەشتی لەسەر زیاد کردووە، زۆر باشەو سوود مەندە، چەندەها شەرحی لەسەر کراوە، لەوانە دووشەرحی خودی دانەرەکەیەتی .

١٢. (**فتح المغيث في شرح الفية الحديث**):

(محمد بن عبدالرحمن السخاوى)دایناوە کە لە ساڵی (٩٠٢ ك) کۆچی دوایی کردووە کەئەمەش شەرحێکە لەسەر کتێبی (**الفية العراقي**) کە لە فراوانترین و دەوڵەمەندترینی شەرحەکانی ئەلفیەیە .

١٣. (نخبة الفكر في مصطلح أهل الأثر):

(الحافظ ابن حجر العسقلاني) دایناوە کەلەساڵی (٨٥٢ ك) کۆچی دوایی کردووە کە جوزوەیەکی بچوکەو زۆریش کورتە بەڵام لە سوود مەندترینی کورتیلەکانەو باشترینیانە لەڕوی ڕێکخستنەوە تیایدا دانەرەکەی ڕێبازێکی لە ڕێکخستن و دابەشکاری داهێناوە کە لە پێشیەوە کەسی‌تر نەی کردووە وەهەر دانەرەکەشی شەرحی کردووە، کەناوی ناوە **(نزهة النظر)**هەروەك هی‌تریش شەرحیان کردووە .

١٤. (المنظومة البيقونية):

(عمر بن مُحمّد البيقوني) دایناوە، کە لە ساڵی (١٠٨٠ ك)کۆچی دوایی کردووە کەلەو کتێبە کورتانەیە، کە هۆندنەوەی بۆ کراوە کەلەسی‌و چوار دێڕ تێپەڕناکات وەبە کتێبە بەسوودە ناسراوەکان دادەنرێت، و چەندەها شەرحی لەسەرکراوە .

١٥. (قواعد التحديث) :

(مُحمّد جَمال الدين القاسمي) دایناوە، کە لە ساڵی (١٣٣٢ ك) کۆچی دوایی کردووە، و کتێبێکی داڕێژراو و نووسراوی بە سوودە.

ـ (کوردانەنی زاراوەکانی فەرمودە):

١. **(علوم الحديث)**: فەرمووده ناسی.

٢. **(الحديث)**: فەرمووده.

٣. (الخبر): هەواڵ.

٤. (الأثر) : ڕێچکە.

٥. (السند): ڕشتە.

٦. (المتن): تێکست.

٧. (المحدث): فەرمووده ناس.

٨. (المشهور): بەناوبانگ.

٩. (المُستَفيض): بڵاووەوە بوو.

١٠. (العزيز): دەگمەن.

١١. (معمول به): کار پێ کراو.

١٢. (غير معمول به): کار پێ نەکراو.

١٣. (الصحيح): ساغ.

١٤. (الإجماع): کۆڕا.

١٥. (الحسن) : جوان و شیرین.

١٦. (المحتف بالقرائن): وەرگیراوی نیشاندار.

١٧. (المقبول): وەرگیراو.

١٨.(ناسخ الحديث ومنسوخه): فەرمودەی سڕپیارو فەرمودەی سڕراوە.

١٩. (الخبر المردود): فەرمودەی لادراو.

٢٠. (الضعيف): لاواز.

٢١. المرسل): بەرەڵا کراو.

٢٢. (المعضل): ئاڵۆزاو.

٢٣. (المنقطع): پچڕاو.

٢٤. (المعلق): هەڵپەسێراو.

٢٥. (المُدَلَّس): فەرمودەی فێڵ تیاکراو.

٢٦. (المرسل الخفى): بەرەڵلا کراوی شاراوە.

٢٧. (المردود بسبب الطعن في الرّاوي): بەرپەرچ دراوە بەهۆی تانەدان لە گێڕەرەوە.

٢٨. (الفسق) : خراپەکاری.

٢٩. (المبتدع): بیدعە چی.

٣٠. (الجهالة): نەفامی.

٣١. (فحش الغلط): هەڵەی زەق و زۆرو بێتام.

٣٢. (سوء الحفظ): خراپی هێزی لەبەر کردن .

٣٣. (الغفلة): بێ ئاگایی.

٣٤. (كثرة الأوهام): زۆری وەهم و خەیاڵ.

٣٥. (مُخالفة الثقات): پێچەوانە بوونەوە لەگەڵ متمانە پێکراواندا.

٣٦. (الموضوع) : فەرموودەی هەڵبەستراو.

٣٧. (المنكر): فەرمودەی نەناسراو .

٣٨. (المعروف): فەرمودەی ناسراو.

٣٩. (المُعَلَّل): فەرمودەی عەیبدار.

٤٠. (المخالفة للثقات): دژایەتی کردنی متمانە پێکراوان.

٤١. (المقلوب): فەرمودەی وەرگەڕاو.

٤٢. (المزيد في متصل الأسانيد): باسی زیادەلەسەنەدی پەیوەست دا.

٤٣. (المضطرب): فەرمودەی شڵەقاو.

٤٤. (المُصَحف): گۆڕینی وشەیەك لە نێوفەرمودەکەدا.

٤٥. (الشاذ و المحفوظ): فەرمودەی ناوێزەو پارێزراو.

٤٦. (الجهالة بالرّاوي): بێئاگا بون لە حاڵی گێڕەرەوە.

٤٧. (بدعة): داهێنان وزیادەچێتی.

٤٨. (سوء الحفظ): خراپی هێزی لەبەر کردن.

٤٩. (الحديث القدسي): فەرموودەی پیرۆزی خودا.

٥٠. (المَرْفوُع): فەرمودەی بەرز کراوە.

٥١. (الموقوف): فەرمودەی وەستێنراو.

٥٢. (المقطوع): فەرمودەی بڕاو.

٥٣. (المتصل): فەرموودەی پەیوەست.

٥٤. (زيادات الثقات): زیادەی کەسانی بڕوا پێکراو.

٥٥. (العدالة): ڕاستاڵی.

٥٦. (من حدّث و نسي): کەسێك کە فەرمودەی گێڕاوەتەوە و لە بیری چۆتەوە.

٥٧. (صيغ الأداء): شێوازەکانی گەیاندن ودانەوە.

٥٨. (صفة رواية الحديث): شێوازی گێڕانەوەی فەرمودە.

٥٩. (طُرُق التَّحمُّل و صِيَغ الأَداء): ڕێبازەکانی وەرگرتن و شێوازەکانی دانەوە.

٦٠. (السماع من لفظ الشيخ): بیستن لە خودی دەربڕینی مامۆستاکە.

٦١. (القراءة على الشيخ): خوێندنەوە بەسەر مامۆستاکەدا.

٦٢. (الإجازة): مۆڵەت پێ دان،

٦٣. (المناولة): پێ بەخشین.

٦٤. (الكتابة): نوسینەوە.

٦٥. (الإعلام): پێ ڕاگەیاندن.

٦٦. (الوصية): وەسیەت پێ کردن.

٦٧. (الوجادة): بینینەوە و دەست کەوتن.

٦٨. (صفة رواية الحديث): شێوازی گێڕانەوەی فەرمودە.

٦٩. (غريب الحديث): دەستەواژە نامۆکانی نێو فەرموودە.

٧٠. (لطائف الإسناد): جوانیەکانیی ڕشتە.

٧١. (معرفة الرّواة): ناسینی گێڕەرەوەکان.

٧٢. (العالـي و النازل): سەنەدی بەرزی و نزمی.

٧٣. (المسلسل): زنجیرە یی و پەیوەند.

٧٤. (رواية ألأكابر عن ألأصاغر): گێڕانەوەی گەورە لە بچووك .

٧٥. (رِواية ألآباءو عن ألأبناء): گێڕانەوەی باوك لە کوڕ.

٧٦. (رواية ألأبناء عن الآباء): گێڕانەوەی کوڕ لە باوك .

٧٧. (المُدَبج و رواية ألأقران): گێڕانەوەی هاوتەمەن لە هاوتەمەن .

٧٨. (معرفة الرواة): ناسینی گێڕەرەوەکان.

٧٩. . (معرفة الصحابة): ناسینی هاوەڵان.

٨٠. (معرفة التابعين): ناسینی شوێن کەوتوان.

٨١. (معرفة الأخوة و الأخوات): ناسینی براو خوشکەکان.

٨٢. (المتفق و المتفرق): وەك یەك و جودا.

٨٣. (المهمل): وەلانراو.

٨٤. (المبهمات): ناسینی شتە نادیارەكان.

٨٥. (لقب): ناز ناو.

٨٦. (معرفة تواريخ الرواة): ناسینی مێژووی گێڕەرەوەكان .

٨٧. (طبقات الرواة): چینەكانی گێڕەرەوەكان.

٨٨. (معرفة الثقات والضعفاء من الرواة): ناسینی گێڕەرەوە بڕوا پێكراو و لاوازەكان.

٨٩. . (معرفة أوطان الرواة وبلدانهم): ناسینی نیشتمان و شاری گێڕەرەوەكان.

٩٠. (المصنَّف): كتێب.

(لێكۆڵەر)

(پێشەکیی شێخی مودەڕڕیس)

«بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ»

الحَمْدُللّه الّذي أسند إلـى ذاتِهِ الرّحمَة، وَ أوصلَها إلـى مَن أطاعَهُ مِنَ الأُمّة، وَالصّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى وَسيلَةِ كشفِ الغـُمَّة، سيّدنا مُحَمَّد الرّفيع القدر العالِي الهِمّة، وَ عَلى آلِهِ وَ أصحابِهِ أصحاب السّندِ يَوْم يجمَعُ اللّه الرّسلَ وَ يسأل عَن إجابَة الأُمّة، وَ عَلى أتباعِهِم بِإحسانٍ إلـى يَوم الدّين.

لە پاش ستایش بۆ پەروەردگار و دروودی حەزرەتی ڕەسوولی موختار ﷺ و ئال و ئەسحابی ئەبرار، دەمێکە وام لە بیری ئەوەدا کە ڕیسالەیێ بنووسم بە هۆنراوەیی و ڕووناکی بکەمەوە بەو شێوە پەخشانە درەخشانە کە شیاوی برادەرانە، لە عیلمی حەدیسدا، وا ئێستە ـ الحمد لله ـ موەففەق بووم لەسەر مەبەستی خۆم، وە ئەم ڕیسالەم بۆ نووسین بە عینوانی: (ڕێگەی ڕەهبەر)، لە باسی سوننەتی نەبەوی کە: وتار و ڕەفتار و تەقریرە، واتە: ڕەزامەندیی بەو ڕووداوانە کە کراون لەسەر ئاگاداریی ئەو.

جا لە خودا داوا ئەکەم سوودبەخش بێ بە برادەران لەهەردوو جیهان.

وە زۆربەی ئەم ڕیسالەمە وەرگرتووە لە کتێبی (علوم الحديث) دانراوی (شيخ المحدثين) ئەبوعەمر عوسمان (مكنى) بە (ابن الصلاح) و مەشهوور بە شارەزووری، جا با نموونەیەك لە تەرجەمەی حاڵی بنووسین[1]:

ئەو زاتە لە تەئریخی پێنجسەد و حەفتاو حەوتی کۆچیدا لەدایك بووە لە دێی

---

١. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بیۆگرافیای ئەم پێشەوایە بڕوانە ئەم سەرچاوانە کە دەربارەی ژیانی ئەو دوواون: **(وفيات الأعيان ٣/ ٢٤٣، وسير أعلام النبلاء ٢٣/ ١٤٠، وتذكرة الحفاظ ٤/ ١٤٣٠، والعبر ٥/ ١٧٧، ومرآة الجنان ٤/ ٨٤ ـ ٨٥، وطبقات الشافعية الكبرى ٨/ ٣٢٦، وطبقات الشافعية للإسنوي ٢/ ١٣٣، والبداية والنهاية ١٣/ ١٤٢، والنجوم الزاهرة ٦/ ٣٥٤، وطبقات الحفاظ: ٤٩٩، والدارس ١/ ١٦، وطبقات المفسرين للداوودي ١/ ٣٧٧، وطبقات الشافعية لابن هداية اللّه: ٢٢٠، وشذرات الذهب ٥/ ٢٢١، والأعلام ٤/ ٤٠٧. معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (المتوفى: ٦٤٣هـ)، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، الطبعة الأولى، الناشر: دار الكتب العلمية، (١٤٢٣ هـ / ٢٠٠٢ م)،** ل١١ بە دواوە.

شیلەخان[1] لە ناحیەی (سووورداش) تابیعی موحافەظەی سلێمانیەی ئەمڕۆ، وە لە خزمەتی باوکی بە حورمەتی عەللامەی عەسر شێخ عەبدوڕەحمانی شیلەخانی شارەزووری موکەننا بە ئەبوسەلاح دا خوێندوویەتی هەتا پێگەیشتووە، جا بە ئەمری باوکی بۆ زیادە مەعلوومات ڕۆیشتووە بۆ شاری موصڵ و گەلێ لە عیلمی حەدیس و تەفسیردا ئیستیفادەی کردووە، جا لەوێوە ڕۆیشتووە بۆ شاری (بەغداد) و پاش ماوەیێ لەوێشەوە ڕۆیشتووە بۆ شاری (خۆراسان)، وە لەم شارانەدا بەو جۆرە ویستوویەتی کەسبی عیلمی کردووە، جا گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشقی شام و لە شامەوە گەڕاوەتەوە بۆ دێی شیلەخان و پاش ماوەیێ لە خزمەت باوکیدا گەڕاونەتەوە بۆ شام، وە باوکی دامەزراوە بە مودەڕیس لەسەر مەدرەسەی (أسدیە) لە شاری (حەڵەب)دا، کە (أسد الدین) شێرکۆ مامی سوڵتان سەلاحوددینی ئەییوبی ـ رحمهما الله ـ بینای کردووە، وە (ابن الصلاح) خۆی دامەزراوە لەسەر پایەی ئیفتا و مەشیەخەت و بووە بە موفتی و شێخولئیسلام لە شاری (دیمەشق)دا، وە لە هەموو لایەکەوە توللابی عولووم و موسڵمانان لێیان گردبوونەتەوە و بوون بە چرای عالەمی ئیسلام لە ئیفادەی عولووم و ئەحکامی ئیسلامدا، وە (ابن صلاح الدین) گەلێ تەئلیفی کردووە لە عولوومدا، یەکێ لەوانە ئەم کتێبەیە کە ناوی: (علوم الحدیث)ـە، و من کردوومە بە سەرچاوەی ئیستیفادەی خۆم، لە میهرەبانی خودای تەعالا داوا ئەکەم کە ئەم کتێبەی منیش بکا بە هۆی ئیستیفادەی تەلەبەی عولووم لەم وڵاتی خۆمانەدا ـ بمنّهِ وَ فضلِهِ، آمین ـ

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (گۆڕی پڕ نوور بێت)

---

١. وەرگیراوە لە لەفزی شێخ عەلی خان، کە ناوی مالیکی ئەو دێیە بووە، و هاوچەرخی (قازی بەنێ)ـی، قەرەداغی بووە، لە دەوری تەئریخی سێسەد و حەفتای کۆچیدا ـ منه.

(باسی بەشەکانی زانستی زاراوەکانی فەرموودە)

جا با بزانین: عیلمی ئوسوولی حەدیس دوو باڵی هەیە، یەکەم باڵی ڕیوایەت، واتە: گێڕانەوەی وتار و ڕەفتار و تەقریری حەزرەت ﷺ وە مەعنای تەقریر ڕەزامەندیو دانانە بەو شتانە کە ڕوویان داوە بە ئاگاداری حەزرەت ﷺ و بەبێ مانیع ئینکاری نەکردوون، وە تەعریفی ئەم عیلمە لەسەر ئەم باڵە: گێڕانەوەی وتار و رەفتاری حەزرەتە لەگەڵ تەقریرەکانیدا (كما هو الواقع)، وە مەوزووعەکەی: زاتی حەزرەتە ﷺ لە جیهەتی ڕیوایەتی وتار و ڕەفتار و تەقریرەوە، وە فائیدەکەی: پارێزە لە هەڵەکاری لەو گێڕانەوەدا.

دووەم باڵی دیرایەت، یانی: زانستی پایەی نیسبەتی ئەو وتار و ڕەفتار و تەقریرە بۆ حەزرەت ﷺ لە رووی سیحەت و حوسن و زوعفەوە، واتە لە ڕووی هێزی تەواوی ئەو کەسانە کە ئەوانەی گێڕاوەتەوە لە عەدالەت و زەبت و ڕاگرتن بۆ مەرویەکانی، یا هێزی ناونجی یا هێزی کەمیانەوە.

جا تەعریفی ئەم عیلمە لەم باڵەوە ئەمەیە: عیلمی ئوسوولی حەدیس عیلمە بە چەند ئوسوول و مەسائیلێ کە ئەزانرێ بە هۆی ئەوانەوە ئەحواڵی سەنەدی حەدیسەکان، واتە: ئەو کەسانە کە ریوایەتیان کردوون لە بابەتی سیحەت و حوسن و زوعفەوە، وە لە بابەتی دەرەجات و پلەپلەی ئەم سێ سیفەتانەوە کە مەداری ئەوانەیش لەسەر عەدالەت و زەبت و حیفز و یەقزەیە، وە وێنەی ئەمانەیە وەکو لەمەولا باسیان دێ - إن شاء الله تعالى -

وە ئەو مەسئەلە وەکو ئەڵێت: هەر حەدیسێ سەنەدەکانی تا ئەگا بە حەزرەت ﷺ عادڵ و زەبت و حافظ و متيقظ بن ئەو پێی ئەڵێن: سەحیح.

وە مەوزووعی ئەم عیلمە لەم باڵەوە ڕاوی و (مروی عنه)یە، وە لە بابەتی قبوڵ و ڕەددەوەیە، وە فائیدەکەیشی قوبووڵ یان عەدەمی قوبووڵی حەدیسەکەیە، وە غایەکەیشی گەیشتنە بە پیرۆزی و بەختەوەری لە هەردوو جیهاندا، لەم دونیادا بە پیرۆزی خزمەتی ئاینی ئیسلام و لەو دونیاشدا بە ڕەزامەندیی پەروەردگاری عالەم.

وە وازیع و دانەری ئەم عیلمە (ابن الشهاب الزهری)یە، کە لەسەر فەرمانی خەلیفەی ڕاشید عومەری کوڕی عبدالعزیز لە ساڵی سەدو یازدەی کۆچیدا ئەم عیلمەی داناو ئەحادیسی کۆکردەوە، وە بەو خزمەتە دینی ئیسلام تازە کرایەوە.

جا بزانین: چەند لەفزێ هەن بەکارئەبرێن لە بەینی ئەهلی ئەم عیلمەدا وەکو: (حدیث، اثر، سنة، متن، سند، مسند) بە فەتحە و کەسرەی نوون، وە: (**مُحدث و حافظ و حجة و حاکم**).

لە سەر بیروڕای گەلێ لە زانایانی ئەم عیلمە چوار کەلیمەی ئەوەڵ یەك مەعنایان هەیە، بریتییە لە وتار و ڕەفتار و تەقریری حەزرەت ﷺ، وە (متن) نەفسی ئەو لەفزانەیە کە بیسراون لە حەزرەتەوە، وە (سند) ئەو کەسانەن کە لە ڕشتەی ڕیوایەتەکەدا هەن، وە (مسند) لەسەر وەزنی ئیسمی فاعیلی بابی افعال، بەو ڕاوییە ئەڵێن کە ئەو ڕیجالی سەنەدە ئەخوێنێتەوە، وە (مسند) لەسەر وەزنی ئیسمی مەفعوول ئەو حەدیسەیە کە بەو سەنەدانە بەرز کراوەتەوە، وە (محدث) بە ئیسمی فاعیلی بابی تەفعیل ئەو کەسەیە مەشغووڵی ڕیوایەت و حیفز و تەحقیقی پایەی حەدیس بێ، وە (حافظ) کەسێکە زیاد لە کردەوەکانی موحەددیس حەدیسەکانیش بکاتە بەر، وە (حجة) کەسێکە کە لە عیلمی حەدیسدا پایەی لە موحەددیس و حافیز بەرزتر بێ، وە (حاکم) ئەوەیە پایەی عیلمی لەوان باڵاتر بێ، بەڵام مەناوی شارحی (جامع الصغیر) ئەفەرموێت: حافیز ئەوەیە سەد هەزار حەدیسی لەبەربێ و حوججەت ئەوەیە سێ سەد هەزار حەدیسی لەبەربێ و حاکیم ئەوەیە عیلمی زیاتر بێ لەوان.

بەناوی خودای خاوەن یاسای عام — قورئانی پیرۆز سەرچاوەی ئیسلام
جوبرەئیل یانی، فریشتەی ئەکبەر — لەسەر ئەمری حەق هێنای بۆ ڕەهبەر
بۆ لای موحەممەد ئەحمەدی مەسعوود — خاوەنی پایەی مەقامی مەحموود
ئەویش بە سیدق و ساغی و ئەمانەت — هەمووی ڕاگەیاند بە هەموو ئوممەت
فەرمانیشی دا بە کەشف و بەیان — بۆ موجمەلاتی ئەلفازی قورئان

تا بە وتار و ڕەفتار و تەقریر   تەنویری کردن بە ئەعلا تەنویر
پەری و ئادەمی لە سەر دڵسۆزی   گەیشتن بە ڕێی بارەی پیرۆزی
سەناو ستایش بۆ زاتی خودا   دروودی بێ حەد بۆ (رسول الله)
هەم لەبۆ ئالی بەهرەمەندانیی   لەگەڵ یارانی مەردی مەیدانیی
تا دونیا دونیاو هەتاو چرایە   بەڵکو دائیم بن هەتا هەتایە
پاش ئەمە ئەڵێم بە یارانی پاك   دڵ بە ئەنواری ئیسلامی رووناك
ئەم نامە هەمووی هۆنراوە و بڵاو   باسی سونەتی حەزرەتە تەواو
سونەت وتارە و ڕەفتارە و تەقریر   بۆ پێغەمبەری بەشیر و نەذیر
تەقریر ڕەزایە بە ڕووداوێ وا   روو بدا لە لای حضووری ئەوا
لە گەنجینەی دڵ کاتێ کەوتە دەر   ناوم ئیعلان کرد بە: (ڕێگەی ڕەهبەر)
ئەغڵەب هێناومە بە هیوای نەجاح   لە تەئلیفەکەی شێخ (ابن الصلاح)
مەشهوور لە ناوا بە شارەزووری   پیرۆز بێ قەصری قەبری پڕنووری
کونیەی ئەبو عەمر ناوی عوسمانە   ناوی باوکیشی (عبدالرحمن)ـە
(صلاح الدین)ە، لەقەب لە ناوا   شیلەخانییە لە خاك و ئاوا
پێنج سەد و حەفتاو حەوتی هیجری بوو   کە (ابن الصلاح) تەوەللودی بوو
باوکی مەردێ بوو بە پایە و تەمکین   یەکەم زانا بوو بۆ تەدریسی دین
ئەو ڕۆڵە فەردە لەو خانەدانا   عیلمی تەحصیل کرد تا بوو بە زانا
جا باوکی ناردی بۆ شاری موصڵ   بۆ تەحصیلی عیلم زیاتر لە حاصڵ
ئەویش لە عیلما خۆی کرد بە ڕەئیس   مەخسوس لە عیلمی تەفسیر و حەدیس
جا چوو بۆ بەغدا جا بۆ خوراسان   جا هاتەوە شام ئارام و ئاسان
جا گەڕایەوە لە بۆ کوردستان   بۆ صیلەی ڕەحم و دیدەنی دۆستان
جا لەسەر ڕاوێژ لە بۆ نەشری دین   لەگەڵ باوکیا بە قەدر و تەمکین
هەردوو هاتنەوە لە بۆ شاری شام   ئیستیقبال کران بە رووی ئیحتیرام

باوکی دامەزرا لە شاری حەڵەب
لەسەر مەدرەسەی میری موقەڕەب

(أسد الدین)ی، لەقەب بە شێرکۆ
مامی صەلاحی بە شان و شکۆ

(ابن الصلاح)یش، مایەوە لە شام
کرا بە موفتی بە (شیخ الاسلام)

تا تاوی ڕۆژی دا بە دونیادا
لە عیلم و حیلم و فەزل و تەقوادا

چەن تەئلیفی کرد نایاب و نەفیس
یەکێ لەوانە لە عیلمی حەدیس

من ئەو تەئلیفەم کردووە بە ئیمام
بۆ: ڕێگەی ڕەهبەر (أحسن الكلام)

تا براکانم زوو بیکەن لەبەر
تا ئاگادار بن لە ڕێگەی ڕەهبەر

سوننەت و ئەثەر حەدیس و خەبەر
مەتن و سەنەد و موسنەد ژێر و سەر

موحەددیس حافیز حوججەت و حاکم
ئیستیلاحاتن بە دەوری دائیم

چوارەی ئەوەڵیان موتەرادیفن
لەسەر یەك مەعنا موتەعاریفن

مەتن ئەلفازی حەدیسەکانە
سەنەد ئەفرادی ڕاوییەکانە

موسنید ڕاوییە بە شێوەی ئیسناد
فلان لە فلان تا (خیر العباد)

موسنەد بە فەتحە حەدیسێ وایە
بە سەنەد بڕوا هەتا نیهایە

موحەددیس یانی زانای پڕ مایە
لە بۆ ڕیوایەت هەم بۆ دیرایە

ئەوەن زانا بێ بە حاڵی ئەشخاص
نەکەوێتە ناو گێژی ئیلتیباس

حافیز بە پایە لەوە باڵاتر
حوججە لە حافیز مایەی زیاتر

حاکیم زۆرترە ماقام و ناوی
بەڵێ فەرموویە شێخی مەناوی:

حافیز کەسێکە سەد هەزار حەدیس
لەبەرکا وێنەی جەوهەری نەفیس

حوججە لەبەرکەر بۆ سێ سەد هەزار
لە قەول و فیعلی تەقریری موختار

حاکیم شامیلە عیلمی بە ڕەحمەت
بۆ ئەحادیسی ساحیبی ئوممەت

زانای ئەحادیس لەسەر ڕیوایە
ڕووی لە حەدیسە لە مەتن و مایە

واتە ئەو لەفزە یا ئەو ڕەفتارە
یا ئەو تەقریرە لەبۆ موختارە

یانی وای فەرموو یا ئەو کارەی کرد
یا لەو ڕووداوا ئینکاری نەکرد

لێرا مەوزووعی ئەم عیلمە چاکە   زاتی ئەنوەری ڕەهبەری پاکە
(من حیث اسناد الحدیث الیە   صلی ربنا تعالی علیە)
غایە عیسمەتی ڕاوییەکانە   لە خەتا لە ڕووی ئەو نیسبەتانە
تەعریفەکەیشی عیلمێکی وایە   کە نەقڵی سوننەت ئەکا بە وایە
زانای حەدیسیش لەسەر دیرایە   ئەڵێ تەعریفی ئەم عیلمە وایە
عیلمێکە باحیث لە حاڵی سەنەد   لە ڕووی سیححەت و حوسن و زوعف و ڕەد
مەوزووعەکەیشی ڕاوی و مەروییە   ئاخۆ زەعیفە یاخود قەوییە
غایەیش دوورییە لە خەتاو خەتەر   لەو ئیسنادەدا لای مەولای بەشەر
ئیبنو شەهابی زوهری پڕ تەمیز   بە ئەمری عومەر (بن عبدالعزیز)
ئەم عیلمەی دانا بۆ ئەهلی ئیسلام   (جزاه الله الملك العَلاَّم)
لە سەدو یازدەی تەئریخی هیجری   ببارێ ئەنوار بۆ قوببەی قەبری

❋ ❋ ❋

(بەشەکانی فەرموودە)

بزانن: حەدیسی شەریف بە چەند جۆر تەقسیم ئەکرێ لەسەر ئیعتیباری سیفات و ئیعتیبارات و بەم شێوە ئەقسامی حەدیس ئەکەن بە شەست و پێنج قیسم، بەڵکو لەو ژمارەیەش زیاتر ئەڕوا، بەلام موحەدیسین تەماشایان نەکردوون، وە ئەم تەقسیمانە تەقسیمی ئیعتیبارین.

جا ئەڵێن: حەدیس یا موتەواتەرە یا حەدیسی ئاحادە، وە موتەواتەر ئەوەیە پێنج شەرتی تێدا بێتەجێ:

یەکەم: ژمارەی ڕاوییەکانی زۆربێ.

دووەم: زۆرییەك بە ئەندازەیەك بێت کە بە عادەت گردەوەبوونی ئەو کەسانە لەسەر درۆکردن مەحاڵ بێ.

سێیەم: ڕیوایەتەکەی لەسەر بەکارهێنانی یەکێ لە حەواسی خەمسە بێ، واتە: بە

گوێچکەی خۆی فەرموودەکەی بیستووە، وەیا بە چاوی خۆی ڕەفتارەکەی دیوە.

چوارەم: ئەوەیە ئەم شەرتانە لەسەرەوە تا خوار لە هەموو چینێکدا بێتەجێ، واتە: ژمارەی ڕاوی هەموو چینێك زۆربێ بەنەوعێ بەعادەت مەحاڵ بێ، کە لەسەر درۆکردن گردەوە بین و ئەساسی ڕیوایەتەکەیش لەسەر ئیحساس بێ.

پێنجەم: ئەمەیە کە عیلم پەیدا ببێ بە یەقین بۆ بیسەری ئەو حەدیسە، جا وێنەیەکی ئەم خەبەرە موتەواتەرە وەکو حەدیسی: (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)[1]، واتە: هەرکەسێ عەمدی و قەسد درۆم بە دەمەوە هەڵبەستێ ئەوە با دابمەزرێ لەسەر جێگە دانیشتنی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا، واتە: ئەو کەسە بێگومان شیاوی ئەوەیە لە ئاگری دۆزەخدا عەزاب بدرێ، ئەم حەدیسە لە چینی یەکەمدا زیاتر لە حەفتا کەس بیستوویانە لە حەزرەتەوە ﷺ هەروا لە چینە خوارەوەکانیشا بەو ژمارە زۆرە ڕیوایەت کراوە.

وە بزانن بۆ ژمارەی ڕاوییەکان لە حەدیسی موتەواتەردا عەدەدێکی مەعلووم دیاری نەکراوە، بەڵکو میزان ئیفادەی عیلمە بە ئینسان بە گوێرەی عادەت، واتە: هەر عەدەدێ بوو بە هۆی عیلم و یەقین بۆ بیسەرەکان ئەوە ئەو حەدیسە لەوکاتەدا بەر موتەواتەر ئەکەوێ بە شەرتێ ئەوە کە باقی مەرجەکانیش بێنەجێ، بەڵێ، بازێ لە زاناکان فەرموویانە: نابێ ژمارە چوار یان پێنج بێ، چوانکە چوار شاهید لە شەهادەتی زینادا پێویستە تەزکیە بکرێن لەبەرئەوە کە شەهادەتەکەیان موفیدی زەننە و بەبێ تەزکیەی موزەککی زەعیفە، وە پێنج کەسیش وەکو کەلیمەی لیعان، ئەویش هەر موجیبی زەننە، بەڵام لە پێنج زیاتر قابیلە کە ئیفادەی عیلم بکا.

---

١. حديث صحيح لغيره، رجاله ثقات رجال الشيخين غير ثعلبة- وهو ابن يزيد الحماني- فقد روى له النسائي في «مسند علي» وقال: ثقة، وذكره ابن حبان في «الثقات»، وقال ابن عدي: لَم أجد له حديثاً منكراً، وقال البخاري: فيه نظر. حبيب: هو ابن أبي ثابت، موصوف بالتدليس و قد عنعن، و أخرجه أبو يعلى (٤٩٦) من طريق محمد بن فضيل، بهذا الإسناد، و أخرجه البزار (٨٦٧) ، وأبو يعلى (٤٩٦) و (٥٨٨) ، وابن عدي في «الكامل» ٥٣٦/٢ من طرق عن الأعمش، بڕوانە: مُسند الأِمام أحْمَد بن حنبل المحقق: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وَ آخرون، ٢٤/٢، الحَديث المُرَقّم (٥٨٤).

وە قیسمی دووەم لەم تەقسیمەدا کە حەدیسی ئاحادە لەسەر سێ بەشە:

یەکەم: ناوی ئەبەن بە مەشهوور کە بریتییە لە: حەدیسێ ڕاویەکانی لە دوو کەس زیاتر بن، بەڵام نەگا بە پایەی حەدیسی موتەواتەر، وە ئەم مەشهورە ناویش ئەبرێ بە (مستفیض) وە ئەمانە یەکێکن، وە بازێ لە زاناکان فەرقیان کردوون بەوە کە پێویستە ژمارەی ڕاوییەکانی (مستفیض) لە ئەوەڵەوە تا ئاخر وەکو یەك بن، واتە چوار کەس لە چوار کەس یاخود پێنج کەس لە پێنج کەس بن لەمسەر یان ئەوسەر، وە بازێ لە زاناکان وا فەرقیان کردوون بە فەرقێکی تر، وە مەعنایەکی تری ئەوەیە کە دائیر بێ لەناو خەڵکدا خواه ڕاوییەکی بێ یا دوو یا سێ، یا هەر سەنەدی نەبێ، جا پێویستە ئینسان هۆشیار بێ لەم بابەتانەوە.

دووەم: لە ئەقسامی ئاحاد حەدیسی عەزیزە کە حەدیسێکی وایە ڕاوییەکەی لە دوو کەس کەمتر نەبێ.

سێیەم: لە ئەقسامی ئاحاد غەریبە کە حەدیسێکی وایە لە شوێنێکدا تەنیا یەکێ ڕیوایەتی بکا، خواه لە باقی شوێنەکانا هەر یەکە یەکە بن، وەیا لە بازێ شوێنا زیاتر بن، وە حەدیسی غەریب ئەگەر لە ژوورەوە ڕاوییەکی بێ واتە لەلای سەحابییەوە ئەوە ناوئەبرێ بە فەردی موتڵەق، وە ئەگەر لە غەیری ئەو شوێنەدا یەکێ بێ ئەوە ناوئەبرێ بە فەردی نیسبی.

بزانن: حەدیسی ئاحاد کە ماعەدای حەدیسی موتەواتەرە ئیفادەی عیلمی یەقینی ناکا مەگەر بە هۆی قەرائین و دەلیلی خاریجییەوە، وەکو ئەوە لەگەڵ خەبەردان بە مردنی نەخۆشێ هاوار و گریان لە ماڵەکەیەوە پەیدا ببێ و قەرائین لەسەر وەفاتەکەی پەیدا ببن.

هەروا بزانن حەدیسی موتەواتەر لە سەر دوو قیسمە:

یەکەم: موتەواتەری لەفزی کە ئەوەیە ئەو عەدەدە زۆرە کە باسمانکرد هەموو بە یەك لەفز ڕیوایەتی بکەن، وەکو حەدیسی: (**مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ**)، کە بە عەینی ئەم لەفزە لە حەفتا سەحابی زیاتر ڕیوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوەصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

دووەم: موتەواتەری مەعنەوی کە ئەوەیە ئەو عەدەدە زۆرە کە وتمان بە عیباراتی

موتەفاویت یەك مەتلووب ڕیوایەت بكەن، وەكو ئەحادیسی دەستبەرزكردنەوەی حەزرەت ﷺ لەكاتی دوعاكردندا، ئەمە وارید بووە لە دەوری سەد حەدیسدا لە چەند واقیعەی جیا جیادا كە ڕاوییەكان هەموو ئیتتیفاقیان هەیە لەسەر دەستبەرزكردنەوەی حەزرەت ﷺ لەو واقیعانەدا.

ئەقسامی حەدیس

ئەقسامی حەدیس تا شەست و پێنجن — هەموو بە وێنەی گەوهەری گەنجن
لەلای زانادا باش دیارییە — ئەو تەقسیمانە ئیعتیبارییە
ئەڵێن سوننەتی (سید العباد) — موتەواتەرە یاخود لە ئاحاد
شرووتی یەكەم پێنجە موعتەبەر — كەثرەتی ڕاوی بۆ نەقڵی خەبەر
دووەم ئەمین بین كە لەسەر درۆ — گردەوە بووبن بە عادەتی خۆ
سێیەم ئەساسی لەسەر ئیحساس بێ — بیستن و بینین بێن و مەساس بێ
چوارەم ئەم وەزعە لەسەر تا بە خوار — لە چینەكانا بێنە جێ یەك جار
پێنجەم عەلاوەی ئەو شرووتانە — حصوولی عیلمە بەو خەبەرانە
یانی عیلمێكی بەدیهیی یەقین — دەس بدا بۆ تۆ بەشێوەی تەمكین
وەكو حەدیسی (من كذب علي — فليتبوأ) تا ئینتیهاكەی
دووەم سێ قیسمی یەكەم مەشهوورە — بە زیاتر لە دوو نەقڵی زەروورە
سێ كەس یا چوار یا لەوە زیاتر — بەڵام نەگاتە تای موتەواتەر
هەروا (مستفيض) بازێ كەس ئەڵێ — ئەبێ سەر تا خوار ڕیزی یەك ڕێ بێ
سێ لەسێ لە سێ هەتا لای ڕەسوول — یا چوار لە چوار تا خاوەن مەحصوول
دووەم عەزیزە دوو كەسی بەسە — سێیەم غەریبە لەسەر یەك كەسە
جا ئەگەر غوربەت لە ئەسڵدا بوو — یانی ئەو سەرەی سەحابی تیا بوو
ئەوە ناسراوە بە فەردی موتڵەق — وا نەبوو فەردی نیسبییە بە حەق

ئـەوەی لـە بەشـی ئاحـاد مەعـدوودە بـازێ مەقبوولـە و بـازێ مـەردوودە
بەبـێ قەرینـە خەبـەری ئاحـاد ئیفـادەی یەقیـن ناکـەن بـە عیـاد

بزانن: حەدیسی شەریف بە ئیعتیباری قووەت و زوعفی ئیسناد سێ قیسمە: سەحیح، حەسەن، زەعیف، ئەمانەیش هەرکام دەرەجاتیان هەیە.

١ـ فەرموودەی ساغ (الصحيح)[١]

جا قیسمی یەکەم کە حەدیسی سەحیحە ئەوەیە کە: ئینسانی عادیل و زابیت ڕیوایەتی بکا لە عادیلی زابیت، بە سەنەدی موتتەسیل، هەتا ئەگا بە حەزرەت ﷺ بە مەرجێ ئەو ڕاوییە نە شاز بێ و نە موعەلل بێ، جا هەر حەدیسێ بەم یاسایە ڕیوایەت کرابێ ئەوە لە عورفی موحەددیسیندا ناوی (صحيح)ـە، وە مەعنای ئەو قەیدانە لە تەعریفی سەحیحدا ناوبراون، بەم جۆرەیە: (عادل) ئینسانێکە دارای مەلەکەی تەقوا، واتە خاوەنی سیفەتی تەقوا بێ، بەجۆرێ ئەو سیفەتە لازمی وجوودی بێ و بووبێ بە موڵکی، وە تەقوا پارێز و دوورییە لە کوفر بە هەموو سینفێکیەوە، وێنەی ئیلحاد و ئیشراك و ئینکاری فریشتە و پێغەمبەران و کتێبەکان کە خودا بۆی ناردوون و قەزا و قەدەر و ڕۆژی قیامەت، وە پارێزە لە تاوانی گەورە، وەکو: قەتڵ و زینا و ڕیبا و شوربی موسەککیرات و بوختان کردن و ئازاردانی باوك و دایك و دزی و جەردەیی و جادوو کردن و هەڵهاتن لە جەنگی کافران بێ عوزری شەرعی، وە پارێزە لە ڕۆچوون بە دونیادا، واتە: تەماعی ماڵ گردەوە کردن بە نەوعێ کە شیاوی پیاوی موسڵمان نەبێ، وە پارێزە لە بێ مروەتی، واتە: دوور بێ لە وتار و ڕەفتارێ کە بە عورف و عادەت موناسبی نەبێ.

---

١. بۆ زیاترٙ ناسینی فەرموودەی سەحیح تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٥٨، وجامع الأصول ١/ ١٦٠، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ١١٠ ـ ١٣٦، والتقريب: ٣١ ـ ٤٢، والاقتراح: ١٥٢، والمنهل الروي: ٣٣، والخلاصة: ٣٥، والموقظة: ٢٤، واختصار علوم الحديث: ٢١، والمقنع ١/ ٤١ وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ١١٠، ونزهة النظر: ٨٢، والمختصر للكافيجي: ١١٣، وفتح المغيث ١/ ١٧ وألفية السيوطي: ٣ ـ ١٥، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٩٨، وتوضيح الأفكار ١/ ٧، وظفر الأماني: ١٢٠، وقواعد التحديث: ٧٩).

وە ڕاوی شاز ئەوەیە کە ڕیوایەتەکەی موخالیف بێ بۆ ڕیوایەتی عادڵێ کە لەو ڕاجیحتر بێ، بە نەوعێ کە قابیل نەبێ جەمع لە بەینی ڕیوایەتەکانیاندا.

وە موعەللەل کەسێکە عیللەتێکی تێدا بێ، وەکو ئیرسال لە حەدیسی مەوسوول و وەقف لە حەدیسی مەرفووعدا، یا وێنەی ئەمانە کە باسیان دێ.

وە بەو قەیدانە ئیحتیراز کراوە لە داخڵ بوونی حەدیسی مورسەل و مونقەتیع و موعزەل و شاز و هەر حەدیسێ عیللەتێکی زیان داری بێ، لە تەعریفی سەحیحدا.

بزانن ئیختیلافی موحەددیسین لە سیحەتی حەدیسێ، بەتایبەتی لەبەر ئەوەیە ئیختیلافیان هەیە لە وجوودی ئەو سیفەتانە کە باسمان کردن، یان لەبەر ئیختیلافە لە بەشەرتگرتنی بازێ لەو سیفەتانە، وەکو ئیختیلاف لە حەدیسی مورسەلدا ئەو کەسە بە سەحیحی دائەنێ، ئەڵێ: شەرت نییە حەدیسی سەحیح بگا بە سەحابی و موقابیلەکەی ئەوە بە شەرت ئەگرێ.

وە بزانن شەرتی حەدیسی سەحیح نییە کە (مقطوع به) بێ بە ئیتتیفاقی ئیمامەکان، چونکە حەدیسی سەحیحی وا هەیە کە تاقە عادڵێ ڕیوایەتی کردووە، وە خەبەری واحیدی عادڵ بازێ لە ئیمامەکان قبووڵی ئەکەن و بازێکیان قبووڵی ناکەن.

هەروا حەدیسێکیش سەحیح نەبێ مەعنای وا نییە کە موخالیفی واقیعو نەفسولئەمرە، چونکە گەلێ حەدیس هەیە لەسەر ئیسناد بە پایەی سیحەت نەگەیشتووە (مع أنه) لە واقیعدا حەدیسە و فەرموودەی حەزرەتە ﷺ جا (ئیبن سەلاح) ئەڵێ:

لەم مەقامەدا چەند فائیدەیەك هەیە[1]:

یەکەم: حەدیسی سەحیح لەسەر دوو قیسمە، یەکەم (متفق علیه) کە بە ئیتتیفاقی موحەدیسان بە پایەی سیحەت گەیشتووە، دووەم (مختلف فیه) کە لە لای بازێ لە موحەددیسەکان بە پایەی سیحەت نەگەیشتووە، هەروا حەدیسی سەحیح مەشهوور و

١. بڕوانە: معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (المتوفى: ٦٤٣هـ)، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، الطبعة الأولى، الناشر: دار الكتب العلمية، (١٤٢٣ هـ / ٢٠٠٢ م)، ل٨٠، و الإكليل: ٢٩ ـ ٤٣، و نكت الزركشي ١/ ١٢٥ ـ ١٢٨.

غەریب و ناوبەینی هەیە، وە بە ئیعتیباری بەهێزی و بێ هێزی ئەو سیفەتانە کە ئیعتیبار کراون تیایدا، ئەوەندە پلەوپایەی زۆرە کە بە عادەت ناژمێررێن، بۆ وێنە: عەداڵەتی ئەبوبەکری سدیق یا عومەری فارووق یا باقی خەلیفەکان لە عەداڵەتی ئاحادی سەحابە بەهێزترە، هەرچەند هەموویان عادڵن ـ رضي الله عنهم ـ هەروا عەداڵەتی بازێ لە تابیعین لە بازێکی تریان بەهێزترە و عەداڵەتی بازێ لەوانە کە ناسراون بە تەقوا لە عەداڵەتی غەیری ئەو زیاترە، هەروا باقی سیفەتەکانی تریش، (بناء علیه) چاك وایە لەم بابەوە زۆر نەدوێ و حوکم نەکا بەوە کە فڵان ئیسناد لە هەموو ئیسنادەکان بەهێزترە، چونکە قابیلە لە حەقیقەتا پایەی ئەو شەخسانەت بۆ دەرنەکەوتبێ، (ومع ذلك) موحەددیسەکان بە گوێرەی طاقەت جوهدیان کردووە لە تەماشاکردن و وردەکاری لە سیفاتی ڕاوییەکانا و گەیشتوون بە پایەی قەناعەت، ڕیوایەت کراوە لە ئیسحاقی کوڕی راهەوەیهی فەرموویەتی: (أصحُّ الأسانيدِ) ئیسنادی زوهری لە سالیمی کوڕی عەبدوڵلا لە عەبدوڵلاوە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە، وە ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەویش هەروای فەرمووە.

وە ڕیوایەت کراوە لە عومەری کوڕی عەلی فەللاسەوە فەرموویەتی: **(أصحُّ الأسانيدِ)** ئیسنادی ئیبنوسیرینە لە عوبەیدەوە لە ئیمامی عەلی ـ رضي الله عنه ـ وە ڕیوایەت کراوە لە ئەبوبەکری کوڕی شەیبەوە فەرموویەتی: **(أصحُّ الأسانيدِ)** ئیسنادی زوهرییە لە عەلی زەینولعابیدینەوە لە ئیمامی حوسەینی باوکی لە ئیمامی عەلی ئیبنی ئەبی تالیبەوە ـ رضیالله عنهم أجمعین ـ

وە ڕیوایەت کراوە لە موحەددیسی مەشهوور موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخارییەوە ـ رحمه الله تعالی ـ کە: (أصح الأسانید) ئیسنادی ئیمامی مالیکی کوڕی ئەنەسە لە نافیع لە ئیبنی عومەرەوە، جا ئیمام ئەبو مەنسوور لەسەر ئەم ئەساسە فەرموویەتی: **(أصحُّ الأسانيدِ)** ئیسنادی ئیمام شافیعییە لە ئیمامی مالیکەوە لە نافیعەوە لە ئیبنو عومەرەوە ـ رضي الله عنهم، وە دەلیلی هێناوەتەوە بەوە کە ئیجماعی موحەددیسین لە ڕاوییەکانی ئیمام مالیکدا کەس نەبووە خاوەن پایەتر بووبێ لە ئیمامی شافیعی ـ رضي الله عنه ـ.

فائیدەی دووەم: کاتێ لە کتێبی حەدیسدا حەدیسێکی (صحیح الاسناد)ی، وامان

وەرگرت کە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا نەبوو وە لە باقی کتێبە موعتەبەرەکانیشا نەبوو، یا ناوی سیحەتی نەبرابوو ئەوە ئێمە ناتوانین جەزم بنێین بەوە کە ئەو حەدیسە سەحیحە، چونکی لەم زەمانەدا دەرکی حەدیسی سەحیح و تەحقیقی ئیسناد گەلێ زەحمەتە، لەبەرئەوە هەر ئیسنادێ ئەبینی گەلێ قسە هەیە لە ئیسنادەکەیدا، کەوابێ ئەنجام هاتە سەر ئەوە کە لە ناسینی حەدیسی سەحیح و حەسەندا ئیعتیماد بدەین لەسەر نەسسی ئەو خاوەن کتێبانە بە سیحەتی حەدیس یا بە حوسنی، چونکە ئەو کتێبانە ئەوەندە مەشهوور و مەعروفن ئینسان بە عادەت ئەمینە لەوەکە تەحریف و تەبدیلیان تێدا بکرێ یا کرابێ، وە حاڵی موئەللیفەکانیشیان مەعلوومە بۆمان، کەوابێ زۆربەی مەقسوود لە ئیجازە وەرگرتن بۆ ڕیوایەتی ئەحادیس لە ئیسنادێکا خاریج بێ لە ئیسنادی ئەوانە ئەوەیە کە زنجیرەی ئیسناد و ڕشتەی ئیتتیسال لەناو موسڵمانانا بەردەوام بێ لەبەرئەوە کە مانەوەی ئیسناد و ڕەبت لە بەینی ئوممەت و پێغەمبەردا لە خاسسەی ئوممەتی حەزرەتی موحەممەدە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

فائیدەی سێیەم: یەکەم کەس کە تەسنیفی حەدیسی سەحیحی کردووە ئیمام ئەبو عەبدوڵڵا موحەممەد کوڕی ئیسماعیل مەشهوور بە بوخارییە ـ رَحِمَهُ اللَّهُ ـ بە شوێنی ئەودا ئیمامی موسلیم کوڕی حەججاجی نیسابووری قوشەیرییە، وە موسلیم لەگەڵ ئەوەدا کە شاگردی بوخاری بووە لە گەلێ کەس لە مامۆستاکانی بوخاریش ڕیوایەتی ئەحادیسی کردووە، وە کتێبی ئەم دوو ئیمامە لە پاش قورئانی کەریم ئەسەححی کتێبەکانن، چونکە پاش کەلامی خودای تەعالا کەلامی ڕەسوولەڵڵایە و ئەوەی وا لەو کتێبانەدا ئەسەحح و ئەسبەتی کەلامی ڕەسوولەڵڵایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وە ئەوەی کە لە ئیمامی شافیعییەوە ڕیوایەت کراوە کە فەرموویە: نازانم لەسەر عەرزا کتێبێ ببێ لە کتێبی ئیمامی مالیك ساغتر بێ، ئەوە ئەو فەرموودەیە لە پێش تەئلیفی سەحیحی بوخاری و سەحیحی موسلیمدا بووە و بە نیسبەتی عەسری خۆیەوە بووە.

جا بزانن (جامع الصحيح)ی، بوخاری ئەسەححترە لە کتێبی موسلیم و فەوائیدیشی زۆرترە، وە ئەوە کە ئەبو عەلی حافیزی نیسابووری فەرموویەتی: لە ژێر خێمەی

ئاسماندا کتێبێ نییە سەحیحتر بێ لە کتێبی موسلیم، ئەگەر مەبەستی ئەوەبێ کە لە کتێبی موسلیمدا هەر حەدیسی سەحیح هەیە و شتی تری تێدا نییە، وەکو کتێبی بوخاری کە لە تەرجومەی بابەکاندا بازێ شتی تێدایە لەسەر وەسفی مەشرووتی خۆی نییە، ئەوە قەی ناکا، وەئەگەر مەبەستی ئەوەبێ کە کتێبی موسلیم ڕاجیحترە لە کتێبی بوخاری لە ئەوسافێکدا کە بگەڕێتەوە بۆ نەفسی حەدیسی سەحیح، واتە ئەسەححترە لە سەحیحەکانی کتێبی بوخاری، ئەوە ئەو مەبەستەی لێ قبووڵ ناکرێ.

فائیدەی چوارەم: ئەمەیە کە بوخاری و موسلیم ﷺ هەموو حەدیسە سەحیحەکانیان ڕیوایەت نەکردووە لەناو کتێبەکانیاندا و ئەوەیشیان نەخستووەتە گەردنی خۆیان، بەڵێ ئەوەی کە ڕیوایەتیان کردووە فەقەت حەدیسی سەحیحە، ئیمامی بوخاری فەرموویەتی: (**ما أدخلْتُ فِي كتابي «الجامع» إلاّ ما صحَّ، وَ تركْتُ مِنَ الصِّحَاحِ لِحالِ الطُّولِ**)[1]، ڕیوایەت کراوە لە موسلیم ـ رحمە اللە ـ فەرموویەتی: (**ليسَ كُلُّ شيءٍ عندي صحيحٍ وَضَعْتُهُ هاهُنا ـ يعني: فِي كتابِهِ الصحيحِ ـ إنَّما وضعْتُ هَاهُنا مَا أجْمعُوا عليهِ**)[2]، وە (**أبو عبدالله بنَ الأخرمِ الحافظَ**) فەرموویەتی: زۆر کەمە ئەوەی کە لە دەستی بوخاری و موسلیم دەرچووە لەوەی کە ثابیت بێ لە حەدیس، یانی لەناو کتێبەکانیاندا، بەڵام یەکێ ئەتوانێ بڵێ: ئەوەی کە لە دەستی ئەوان دەرچووە و نەیاننووسیوە لە کتێبەکانیاندا کەم نییە و زۆرە، بۆ وێنە: (المستدرك على الصحيحَين) تەئلیفی (الحاكم أبو عبدالله)یە کتێبێکی گەورەیە و گەلێ حەدیسی تیایە لە کتێبەکانی ئەوانا نییە هەرچەند لە ئیسنادی بازێ لەو حەدیسانەدا قسە هەیە.

ئیمامی بوخاری ـ رحمە اللە ـ فەرموویەتی: سەد هەزار حەدیسی سەحیح و دوو سەد هەزار حەدیسی وا کە بە پایەی سیححەت نەگەیشتوون هەمووم لەبەرن[3].

وە ئەوەی وا لەناو کتێبەکەیا لە سەحیح حەوت هەزار و دوو سەدو حەفتاو پێنج

١. بڕوانە: رواه ابن عدي في الكامل ١/ ٢٢٦، و في أسماء مَن روى عنهم البخاري (٤ أ)، والخطيب في تاريخ بغداد ٢/ ٨ ـ ٩، والحازمي في شروط الأئمة الخمسة: ٦٢ ـ ٦٣، وانظر: هدي الساري ١٨.

٢. بڕوانە: صحيح مسلم ٢/ ١٥، عقيب (٤٠٤).

٣. أسنده ابن عدي فِي تقدمة الكامل ١/ ٢٢٦، والخطيب في تاريخه ٢/ ٢٥، والحازمي في شروط الأئمة ٦١، وابن نقطة في التقييد: ٣٣.

حەدیسە بە موکەڕەرەکانەوە و بەبێ موکەڕەرەکان چوار هەزار حەدیسن. بەڵێ ئەو عیبارەتە ئەخبار و ئاساری سەحابی و تابیعین هەم ئەگرێتەوە، وە گومان وایە حەدیسێ کە ڕیوایەت کرابێ بە دوو ئیسناد بە دوو حەدیسی ژماردووە.

جا پاش ئەمانە ئەگەر یەکێ تالبی حەدیسی سەحیح بێ لەوانەی کە لە بوخاری و موسلیمدا نەبن پێویستە وەری بگرێ لە یەکێ لە کتێبە مەشهوورەکان، وەکو: کتێبی ئەبوداودی سەجستانی و ئەبو عیسای ترمزی و ئەبو عەبدوڕەحمانی نەسائی و ئەبوبەکری بەنی خوزەیمە و ئەبولحەسەنی دارەتوقنی و غەیری ئەوانیش. بەڵام ئەگەر لەو کتێبانەی وەرگرت کە سەحیح و غەیرە سەحیحیان گرد کردووەتەوە، ئەوە پێویستە لەو کتێبەدا تەسریح کرابێ بەوە کە ئەو حەدیسە سەحیحە و نابێ بە تەنیا بوونی لە یەکێ لەو کتێبانەدا قەناعەت بکا، وە ئەگەر لەو کتێبانەی وەرگرتبێ کە بڕیاردراوە ڕیوایەتی حەدیسی سەحیحی تێدا بکرێ، ئەوە باشە قەناعەت بکا بە بوونی لەو کتێبەدا و ئەو جۆرە کتێبە کە موختەسسە بە ڕیوایەتی حەدیسی سەحیح، وەکو: کتێبی ئەبوبەکری ئیبنو خوزەیمە و ئەو کتێبانەیش کە تەخریج کراون لەسەر کتێبی بوخاری و موسلیم، وەکو: تەئلیفی ئەبو عەوانەی ئەسفەرایینی و ئەبوبەکری ئیسماعیلی و ئەبوبەکری بەرقانی و غەیری ئەمانەیش.

وە حاکیم ئەبو عەبدوڵڵای حافیز زۆر ئیهتیمامی کردووە بە زیادکردنی ژمارەی حەدیسی سەحیح و کتێبێکی تەئلیف کردووە ناوی (المستدرك)ـە، لەم کتێبەدا گەلێ حەدیسی وا هەیە کە لە سەحیحەیندا نین، بەڵام ئەو وا حاڵی بووە کە لەسەر شەرتی بوخاری و موسلیم، یان تەنیا یەکێ لەوان ڕیوایەت کراون و بازێکیشیان هەر بە ئیجتیهادی خۆی بە سەحیحی داناون، هەرچەند لەسەر شەرتی ئەوانیش نەبێ، بەڵام ئێمە پێویستە ئیحتیات بکەین بەم شێوەیە: ئەو حەدیسە کە ئەو حوکمی کردووە بە سیححەتی و غەیری ئەو لە موحەدیسەکان ڕیوایەتی نەکردبێ، بە حەدیسی سەحیح ڕیوایەتی نەکەین، بەڵکو بە حەدیسی حەسەنی دابنێین و عەمەلی پێ ئەکەین، مەگەر عیللەتێکی وای تێدا بێ کە موجیبی زوعفی بێ.

بێدار بن! نزیکە لە پایەی موستەدرەکی حاکیم سەحیحی ئەبو حاتەمی بوستی، رحمه الله تعالی.

فائیدەی پێنجەم: ئەو کتێبانە کە تەخریج کراون لەسەر بوخاری یا موسلیم ـ رحمهما الله تعالی ـ موسەننیفەکانیان ئیلتیزامی ئەوەیان نەکردووە کە لە ئەلفازی حەدیسەکاندا موافیقی بوخاری یا موسلیم بن بێ کەم و زیاد، چونکی ئەو کەسانە کە ڕیوایەتی ئەو حەدیسانەیان ڕیوایەت کردووە لە بوخاری و لە موسلیم مەبەستیان (علوی) ئیسناد بووە، واتە: بە ژمارەیەکی کەم لە ڕیجالی ئیسناد حەدیسەکانیان ئەگات بە حەزرەت ﷺ.

هەروا ئەوەی بەیهەقی ڕیوایەتی کردووە لە (السنن الکبری) و بەغەوی لە (شرح السنة)دا و غەیری ئەوانیش کە لە کاتی ڕیوایەتا ئەڵێن: (**أخرجه البخاري ومسلم**)، هەموو ئەوانە هەر ئەوەندەی لێ ئیستیفادە ئەکرێ کە شێخی بوخاری یا موسلیم ئەسڵی ئەو حەدیسانەی ڕیوایەت کردووە لەگەڵ ئیحتیمالی ئەوەدا کە فەرق و تەفاووت بێ لەبەینی عیبارەتی ئەحادیسی (مروی)یەی، ئەم کتێبانە لەگەڵ عیبارەتی ئەحادیسی موسلیم و بوخاری لە لەفزدا.

وە جار بە جار تەفاووت لە بازێ مەعنایشا هەیە، من خۆم دیققەتم کردووە لەوانەدا و بازێ فەرق و تەفاووت لە مەعناکانیاندا دەست کەوتووە، مادام وەها بوو ئێوە کە نەقڵی حەدیس لەو کتێبانەوە بکەن، قەت مەڵێن: ئەم حەدیسە بەم شێوە وا لە سەحیحی بوخاری یا موسلیمدا، مەگەر بەتایبەتی موقابەلەی حەدیسەکان بکەی لەگەڵ حەدیسی بوخاری و یا موسلیم و بە تەواوی موافیقی یەك بن، وە یاخود ئەو موسەننیفە بڵێت: (**أخرجه البخاري بهذا اللفظ**).بەڵێ ئەو کتێبانەی کە کورت کراونەتەوە لە بوخاری و موسلیم ئەوە ئەو کتێبانەی عەینی ئەلفازی بوخاری یا موسلیمن و موافیقن بۆیان.

فائیدەی شەشەم: ئەو حەدیسە کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردبێ لە سەحیحەیندا بە ئیسنادی موتتەسیل، ئەوە حوکم ئەکرێ بە سیححەتی بەبێ ئیشکال، وە ئەمما حەدیسی موعەللەق کە عیبارەتە لەو حەدیسە لە سەری ئیسنادەکەیەوە یەکێ یا دوو یا زیاتر لە ڕاوییەکان تەرك کرابێ ـ وەلحاڵ ئەم نەوعە کارە لە بوخاریدا زۆرە و لە موسلیمدا کەمە ـ ئەوە بازێکیان جێگەی دیققەتە و پێویستە تەماشا بکرێن: ئەگەر بە شێوەی جەزم ڕیوایەت کراوە ئەوە لەوانەیە حوکم بە سیححەتی کراوە، وەکو ئەوە کە

بوخاری فەرموویەتی: (**قال رسول الله (ﷺ) كذا وكذا، قال ابن عباس كذا، قال مُجاهد كذا، قال عفان كذا، قال القعنبى كذا، روى أبو هريرة كذا وكذا**).

وە وێنەی ئەم عیبارەتانەیش و ئەو شێوە ڕیوایەتە حوکمە بە سیححەتی ئەو حەدیسە، ئەگەرنا وەها بە شێوەی جەزم نەقڵی نەدەکرد، وە ئەو کەسە تەعلیقەکەی لێوەکراوە ئەگەر لە خواری سەحابییەوە بوو ئەوە حوکم بە سیححەتی مەوقووفە لەسەر ئیتتیسالی ئیسناد لە بەینی ئەو کەسە و بەینی سەحابییەکەدا، وە لەسەر بەجێهاتنی باقی شرووتی حەدیسی سەحیح لەو بەینەدا.

وە ئەمما ئەو تەعلیقاتە کە بە شێوەی جەزم نەبێ وەکو ئەوە بڵێ: (**روي عن رسول الله ـ ﷺ ـ كذا وكذا، أو روى عن فلان كذا وكذا، أو في الباب عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ كذا وكذا..**). ئەوە موجیب نییە بۆ حوکم بە سیححەتی مەروویيەکە لەو شەخسەوە، چونکی وێنەی ئەو عیبارەتانە لە حەدیسی زەعیفیشدا هەیە، (مع العلم) زیکری بوخاری بۆ ئەو موعەللەقانە لەناو ئەحادیسی سەحیحدا دەلالەت ئەکا لەسەر سیححەتی ئەسڵەکەی بە دەلالەتێکی وەها کە دڵی ئینسان پێی ئارام ئەبێ ـ والله أعلم ـ

وە ئەو جۆرە شتانە کە دابەزیون لە پایەی حەدیسی سەحیح لە بوخاری شەریفدا زۆر کەمن، وە ئەوانە وان لە بوخاریدا لە تەرجومەی بابەکاندا ـ نەك لە مەقاسیدی بابەکاندا ـ وە لە مەوزووعاتێکدا کە ناوی کتێبەکە ئیفادەی ئەکا بە عینوانی: (**الـجامع الـمسند الصحيح الـمختصر من أمور رسول الله وسنته وأيامه**)، وە مەبەست لە مەقاسیدی کتێبەکەیە فەرموودەی بوخاری ـ **رحِمه الله تعالى** ـ: (**ما أدخلتُ فِي كتابِ الـجامعِ إلاّ ما صحَّ**)، هەر ئەوەی کە حەمیدی لە کتێبی (الجمع بين الصحيحن)دا، فەرموویەتی: (**لَمْ نـجدْ مِنَ الأئمّةِ الـماضينَ ـ رضيَ اللهُ عنهُم أجـمعينَ ـ مَنْ أفصَحَ لنا فِي جـميعِ ما جـمَعَهُ بالصِّحَّةِ إلاَّ هذينِ الإمامَيْنِ**)[1]، ئەویش هەر مەقسوودی مەقاسیدی کتێبەکانە و مەوزووع و متوونی پایەکان، نەك بە تەرجومەکانەوە، چونکی بازێ لەوانە لە سەحیح نین قەتعەن، وەکو فەرموودەی بوخاری: (**بابُ مَا يُذكَرُ في الفَخِذِ، ويُروى عنِ ابنِ عبَّاسٍ، وجَرْهَدٍ، وَ مُحمّدِ بنِ**

---

١. الـجمع بيْن الصحيحيْن: ٧٣ ـ ٧٤.

جَحْشٍ، عنِ النبيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: الفَخِذُ عوْرَةٌ)[١]، هەم وەکو فەرموودەی لە ئەوەڵ باب لە ئەبوابی غوسڵ ئەڵێ: **(وقال بهز بن حكيم عن أبيه عن جده عن النبي صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الله أحقّ أن يُستحى منه)** ئەمە بە قەتعی لەسەر شەرتی ئەو نییە، بۆیە حەمیدی لە کتێبی (الجمع بين الصحيحين) نەینووسیوە، ئەم شتانە بزانن زۆر مەقسوودن.

فائیدەی حەوتەم: مادام کار هاتە سەر موراجەعەی کتێبی ئیمامە موحەددیسە گەورەکان، بۆ جیاکردنەوەی حەدیسی سەحیح لە غەیری سەحیح، بزانن پێویستە بێدارتان بکەمەوە لەسەر ئەقسامی سەحیح.

جا یەکەم: ئەو سەحیحەیە کە بوخاری و موسلیم هەردوو بەیەکەوە ڕیوایەتیان کردبێ.

دووەم: ئەو سەحیحەیە کە بوخاری بە تەنیا ڕیوایەتی کردبێ.

سێیەم: ئەو سەحیحەیە کە موسلیم بە تەنیا ڕیوایەتی کردبێ.

چوارەم: ئەو سەحیحەیە کەوا ڕیوایەت کرابێ لەسەر شەرتی بوخاری و موسلیم، لە غەیری خۆیانەوە، واتە ئەوان ڕیوایەتیان نەکردبێ.

پێنجەم: ئەو سەحیحەیە کە لەسەر بوخاری فەقەت ڕیوایەت کرابێ و بوخاری خۆی ڕیوایەتی نەکردبێ.

---

١. صحيح البخاري ١/ ١٠٣ عقيب (٣٧٠)، و حديث ابن عباس: أخرجه أحمد ١/ ٢٧٥، والترمذي (٢٧٩٦)، والطحاوي في شرح المعاني ١/ ٤٧٤، والبيهقي ٢/ ٢٢٨. من طريق أبي يحيى، عن مجاهد، عن ابن عباس، مرفوعاً. وسنده ضعيف؛ لضعف أبي يحيى القتات. ليّنه الحافظ في التقريب (٨٤٤٤)، و حديث جرهد: أخرجه عبد الرزاق (١١١٥) و (١٩٨٨)، والحميدي (٨٥٧)، وابن أبي شيبة (٢٦٦٩٢)، وأحمد ٣/ ٤٧٨ و ٤٧٩، والدارمي (٢٦٥٠)، والبخاري في تاريخه الكبير ٥/ (١٥٤)، وأبو داود (٤٠١٤)، والترمذي (٢٧٩٥)، والطحاوي في شرح المشكل (١٧٠١) و (١٧٠٢)، وفي شرح المعاني ١/ ٤٧٥، وابن حبان (١٧١٠) والطبراني في الكبير (٢١٣٨) ـ (٢١٥١)، والدارقطني ١/ ٢٢٤، والبيهقي ٢/ ٢٢٨. وحديثه مضطرب جداً. قال ابن عبد البر في الاستيعاب ١/ ٢٥٥ متحدّثاً عن جرهد: «لا تكاد تثبت له صحبة روى عن النبي ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: «الفخذ عورة»، وقد رواه غيره جماعة، وحديثه ذلك مضطرب». = =وانظر فيه: بيان الوهم والإيهام ٣/ ٣٣٨ (١٠٨٢) و (١٠٨٣) فقد أطال النفس فيه، ونصب الراية ١/ ٢٤١ ـ ٢٤٢، وأثر علل الحديث ٢٤٣ ـ ٢٤٦، و حديث محمد بن جحش: أخرجه أحمد ٥/ ٢٨٩ ـ ٢٩٠، وعبد بن حميد (٣٦٧)، والنسائي ٧/ ٣١٤، والحاكم ٤/ ١٨٠، والبغوي (٢٢٥١). قال الزيلعي في نصب الراية ٤/ ٢٤٥ عن إسناد أحمد: «هذا مسند صالح»، قلنا: وكذلك ورد من حديث عمرو بن شعيب، عن أبيه، عن جده، مرفوعاً. بلفظ: «إذا أنكح أحدكم عبده أو أجيره، فلا ينظر إلى شيء من عورته؛ فإنّما أسفل من سرته إلى ركبتيه من عورته». أخرجه أحمد ٢/ ١٨٧، وأبو داود (٤٩٦)، والبيهقي ٢/ ٢٢٨ ـ ٢٢٩، وسنده قوي.

شەشەم: ئەو سەحیحەیە کە لەسەر شەرتی موسلیم فەقەت ڕیوایەت کرابێ و موسلیم خۆی ڕیوایەتی نەکردبێ.

حەوتەم: ئەو سەحیحەیە کە ڕیوایەت کرابێ لەسەر شەرتی غەیری بوخاری و موسلیم.

ئەمانە کە باسمان کردن موهیمماتی ئەقسامی حەدیسی سەحیحن و ئەعلایان قیسمی یەکەمە و لەو قیسمەدا ئەهلی حەدیس ئەڵێن: (صحيح متفق عليه)، وە مەبەستیان ئیتیفاقی بوخاری و موسلیمە لەسەری نەك ئیتیفاقی ئوممەت، (مع العلم) لەوەوە لازم دێت ئیتیفاقی ئوممەت، چونکی ئیمامانی دین ئیتیفاقیان هەیە لەسەر وەرگرتنی حەدیسێ کە بوخاری و موسلیم ڕیوایەتی بکەن و بە سەحیحی دابنێن و بێ دوودڵی قوبووڵی ئەکەن، وە ئەم قیسمە سیححەکەی قەتعییە، وە عیلمی نەزەری بەو حەدیسە وە بە ڕیوایەتی لە حەزرەتەوە ﷺ هەیە، بە خیلافی ئەو کەسانە کە ئەڵێن: موفیدی عیلمی قەتعی نییە، لەبەرئەوە خەبەری ئاحاد لە زاتی خۆیا موفیدی عیلم نییە، ئەوەندە هەیە واجبە ڕەفتاری پێ بکەن، چونکە زەننی قوبووڵیان پێ هەیە، بەڵام قابیلە ئەو زەنە بە خەتا دەرچێ.

وە (ابن الصلاح) ئەفەرموێت[١]: منیش وەختی خۆی بیرم لەگەڵ ئەم بیرەدا بوو، وە لە لام وابوو ئەم بیرە ڕاستە و بەهێزە، لە پاشان مەعلووم بوو کە بیری ئێستەم ڕاستە، چونکی زەننە بە سیححەتی ئەو حەدیسانە زەننی تەنیا کەسێ یا چەند کەسێکی مەحدوود نییە، بەڵکو زەننی عولەمای ئیسلامە و ئوممەتی ئیسلام بە کۆمەڵی مەعسوومە لە ئیتیفاق لەسەر خەتەء، هەر لەبەرئەمەیە ئیجماعێ دامەزرابێ لەسەر ئیجتیهاد ئەبێ بە حوججەی قەتعی (مع أنه) ئیجتیهاد بە تەنیا خۆی موفیدی زەننە، هەروا ئیجماعی عولەما حوججەتە هەرچەند یەکە یەکەی عالمەکان قسەیان حوججەت نییە، وە ئەمە نوکتەیەکی نایابە و لە فەوائیدەکەیەتی ئەوەی کە بە تەنیا شێخی بوخاری یا موسلیم ڕیوایەتی بکا لە قەبیلی قەتعییاتە، چونکی ئوممەتی ئیسلام کتێبی ئەو دوو زاتەیان یەکە یەکە وەرگرتووە و قبووڵیان

١. دەربارە بە بابەتی (إفادة أحاديث الصحيحينِ لليقين أو الظنّ)، بڕوانە: نكت الزركشي ١/ ٢٧٦، ومحاسن الاصطلاح: ١٠١، ونكت ابن حجر ١/ ٣٧١، والبحر الذي زخر ١/ ٣٣٥، وتوجيه النظر: ٣٠٧.

کردووە لەسەر ئەو شێوە کە باسمان کرد، مەگەر چەند شتێکی کەم کە بازێ لە ئەهلی نەقد وەکو دارەتوقنی و غەیری ئەو باسیان کردووە کە مەعرووفن لەلای ئەهلی حەدیس.

فائیدەی هەشتەم: دەرکەوت لەو بەیاناتەوە کردمان ئەمە کە ڕێگەی ناسینی حەدیسی سەحیح و حەسەن بە موراجەعەی سەحیحەین و غەیری سەحیحەینە لە کتێبە موعتەمەدەکان، کەوابێ ڕێگەی ئەو کەسە کە ئەیەوێ ڕەفتار یا ئیستیدلال بکا بە حەدیس، مادام لەو عالمانە بێ بۆی دروستە عەمەل بە حەدیس بکا ئەوەیە: بگەڕێتەوە بۆ کتێبێ لەو کتێبانە کە موقابەلەی کرابێ لەگەڵ چەند کتێبی ئوسوولی سەحیحەی وەها ڕیوایەت کرابن بە ڕیوایاتی موتەنەوویعە، بۆ ئەوە ببوە هۆی موقابەلەی لەگەڵ ئەو کتێبە مەشهوورانەدا وسووق و باوەڕی بۆ پەیدا بێ بەو حەدیسە کە ئەیەوێ ڕەفتار یا ئیستیدلالی پێ بکا ـ واللە أعلم ـ

تەقسیمی حەدیس بۆ لای صەحیح و حەسەن و ضەعیف

بەبارێ ترا حەدیسی شەریف سێ قیسمە: سەحیح، حەسەن و زەعیف
سەحیح ئەوەیە ڕاوی عادڵ بێ لە ریوایەتا زەبتی کامڵ بێ
(موصول السند) دوور بێ لە عیللەت بە عەیبی شزووز ئەگا بە زیللەت
جا پێویستە شەرح بۆ ئەجزای تەعریف هەتا لەم قیسمە حاڵی بن ظەریف
عادیل لە عورفا ئینسانێکە وا دارا بێ لەبۆ مەلەکەی تەقوا
تەقوا پارێزە لە کوفر و تاوان لە ڕۆچوون لە بۆ دونیای بەدناوان
هەروا دارا بێ لە بۆ مرووەت کاری دوون نەکا بە عورف و عادەت
زابیت کەسێکە کە مەتن و کیتاب ڕابگرێ تەواو بە یاسای «صواب»
مەتنی حەدیسی بە دڵ مەحفووز بێ کتێبەکەیشی لەلا مەلحووز بێ
بە قووەو زوعفی ئەم سیفەتانە سەحیح ئەگۆڕێ وەك مەعلوومتانە
یانی چەن پایەی هەیە لە بارا جێی ئیعتیبارن لە ڕۆژگارا
بازێ لای هەموو جێی ئیتیفاقە بازێ موختەلیف دوور لە ریفاقە

مەشهووری هەیە و غەریب و مابەین　　گشت پایە پایەن ئەی نووری عەینەین
هەرکام بگاتە مەرتەبەی عولیا　　ئەوە ئەسەححە لای زانای وریا
وەکو ریوایەتی زوهری لە سالم　　کوڕی عەبدوڵڵای خاوەن مەعالیم
کوڕی خەلیفەی دووەمین عومەر　　(علیه الرضا ملك الأكبر)
یا ئیبنو سیرین عالمی وەلی　　لە عوبەیدەوە لە ئیمام عەلی
یاخود ئیبراهیم ڕاوی عەلقەمە　　لە ئیبنو مەسعوود خاوەن مەکرەمە
(أصح) بە فیکری بوخاری ئەنوەر　　(مالك عن نافع عن ابن عمر)
لەم بابەتەیە لای خاوەن نرخان　　(ما اتفق علیه الشیخان)
کە لەیەك بڕان شێخی بوخاری　　لە پاش ئەو موسلیم مەحبووبی باری
ئەو کەسە عەکسی ئەهێنێتە ناو　　تەرتیبی تەئلیف ئەخاتە بەرچاو
ئەنا تەشریفی شێخی بوخاری　　سابیتە لەلای واقیف و ساری
بوخاری و موسلیم لەبۆ ریوایەت　　شەرتیان دانا لەسەر عینایەت
شەرتی بوخاری لیقای ڕاوییە　　بۆ (مروي عنه) وا دیارییە
شەرتی موسلیمیش هاوچەرخییانە　　چونکە مەزەننەی مولاقاتیانە
پاش ئەو دوو زاتە حەدیسێ وابێ　　شەرتی شەیخەینی بەڕاستی تیابێ
پاش ئەمە شەرتی شێخی بوخاری　　پاش ئەوە شەرتی موسلیمی جاری

* * *

یەکەم موئەللیف لە ڕۆژگارا　　بۆ سەحیح کێ بوو؟ شێخی بوخارا
یانی موحەممەد ئیبنی ئیسماعیل　　لە پاش ئەو موسلیم ئیمامی جەلیل
پاش (کتاب الله) جامیعی ئەوان　　(خیر الکتاب)ن بەبێ لێ دوان
(مع أنه) ئەر بڕوانی ورد　　هەموو سەحیحیان گردەوە نەکرد
سەحیحی خاریج لەو کیتابانە　　دەسمان ئەکەون ئەمە عەیانە
لەو تەئلیفانا بە ئیعتیبارن　　بۆ ئیمامانی بەرزی ئەخیارن

وەك: ئەبو داود یا ئەبو عیسا … یا عەبدورەحمان مەنسووب بە نەسسا
یا ئەبوبەكری ئیبنی خوزەیمە … یا دارەتوقنی كە خاوەن حەزمە
بە مەرجی نەسسنان لەسەر سیححەتی … نەك ئیكتیفایان بە نەقڵی ڕووتی
هەرچی بوخاری و موسلیمی ئوستاد … وەریان گرتبێ بە وەسڵی ئیسناد
ئەوە بێ گومان لەلای ئەوانا … سەحیحە بێ شك لای زانایانا
هەروا موعەللەق ئەوەی مەجزوومە … نەك بێ جەزمەكان وەكو مەعلوومە
بەڵێ بوخاری فەرموویە: (أصح … ما أثبت فيه إلا ما قد صح)
جا مادام كە هۆی ناسینی سەحیح … هاتە سەر كتێب وەربگرە تەسریح
ئەسەحح ئەوەیە بوخاری و موسلیم … وەریان گرتبێ (بلا تكلم)
جا هەر بوخاری جا شێخی موسلیم … بە تەنیا تەنیا ئەی برای عالیم
پاش ئەمە ئەوەی ڕیوایەت بكرێ … شەرتی شەیخەینی تیا دابمەزرێ
ئەمجار بوخاری جا شەرتی موسلیم … بێ ڕیوایەتیان ئەی برای سالیم
ئەمجارە سەحیح لە غەیری ئەوان … بە شەرتی خۆیان نەك شەرتی ئەوان

◈◈◈

٢ـ فەرموودەی جوان و شیرین (الحسن)[١]

(ابن الصلاح ـ رحمه الله) ئەفەرموێت: وەرمانگرتووە لە ئەبوسولەیمانی خەتتابییەوە ـ رحمه الله ـ كە حەدیسی شەریف لەسەر سێ قیسمە: سەحیح و حەسەن و زەعیف. لەمەوپێش تەعریفی سەحیح كرا، وە حەدیسی حەسەن حەدیسێكی وایە ڕاوییەكەی ناسراو بێ و ڕیجالی ئیسنادی مەشهوور بن و مەداری ئەكسەری حەدیس لەسەر ئەم

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی حەسەن تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە: (إرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٣٧ ـ ١٥٢، والتقريب: ٤٢ ـ ٤٩، والاقتراح: ١٦٢، والمنهل الروي: ٣٥، والخلاصة: ٣٨، والموقظة: ٢٦، واختصار علوم الحديث: ٣٧، والمقنع ١/ ٨٣، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ١٧٧، ونزهة النظر: ٩١، والمختصر: ٧٣، وفتح المغيث ١/ ٦١، وألفية السيوطي: ١٥ ـ ١٩، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٢٦، وفتح الباقي ١/ ٨٤، وتوضيح الأفكار ١/ ١٥٤، وظفر الأماني: ١٧٤، وقواعد التحديث: ١٠٥).

بەشەیەو ئەم جۆرە حەدیسەیە، کە ئەغلەبی موحەددیسین قبووڵیان کردووە و بە گشتی فوقەها و موجتەهیدین بەکاری دێنن.

وە وەرمانگرتووە لە ئەبو عیسای ترمزییەوە ـ رحمه الله ـ کە حەدیسی حەسەن ئەوەیە لە ڕاوییەکانیا ئینسانێکی وەها نەبێ کە موتتەهەم بێ بە درۆکردن و شاز نەبێ، وە لە ڕێگەیەکی تریشەوە ناسرابێ، واتە ڕیوایەت کرابێ، وە بازێ موحەددیسی موتەئەخخیر فەرموویانە: حەسەن ئەوەیە زوعفێکی کەمی تیا بێ وا کە چاوپۆشی لێ بکرێ، وە ئەمە بۆ عەمەل پێ کردن ڕەوایە، جا (ابن صلاح) فەرموویەتی: هیچ کام لەم تەعریفانە چاری تینوێتی دڵ ناکاو لە فەرموودەی ترمزی و خەتتابیدا فەرقێکی ڕووناك لە بەینی حەدیسی حەسەن و سەحیح دەرناکەوێ، وە من بە جوانی تەماشای وتاری موحەددیسەکانم کردووە و شوێنی ئیستیعمالی ئەم دوو نەوعەم باش تەماشاکردووە و بۆم دەرکەوتووە کە حەدیسی حەسەن لەسەر دوو قیسمە:

یەکەم حەدیسێکی وایە ڕیجالی ئیسنادەکەی خاڵی نەبێ لە ئینسانێکی مەستووری وا کە بە تەواوی ئەهلییەتی مەعلووم نەبێ، بەس ئەوەندە هەیە (مغفل) نەبێ کە خەتەئی زۆر لە ڕیوایەتیا بێ و موتتەهەم نەبێ بە درۆ کردن لە حەدیسدا، واتە تەعەممودی درۆی لێ دەرنەکەوتبێ و کاری (مفسق)ی، نەکردبێ، وە وێنەی ئەو حەدیسەیش لە ڕێگەیەکی تریشەوە ناسرابێ، تا هێزی وەرگرتبێ بە هۆی ئەو کەسانەوە کە وێنەی ئەو حەدیسەیان ڕیوایەت کردووە، وە بەم شێوە ئەو حەدیسە: حەسەنە، دەرئەچێ لەوە کە بە شاز بناسرێ یا بە مونکەر.

وە تەعریفەکەی ئەبو عیسای ترمزی حەمل ئەکرێ لەسەر ئەم قیسمە کە باسمکرد.

قیسمی دووەمی ئەوەیە ڕاوییەکەی مەشهوور بێ بە سیدق و ئەمانەت بەس نەگەیشتبێ بە پایەی ڕیجالی ڕیوایەتی حەدیسی سەحیح لە حیفز و لە ئیتقاندا، وە لەگەڵ ئەمەیشا حاڵی بەرزتر بێ لە حاڵی ئەو کەسە کە ئەگەر بە تەنیا ڕیوایەتی حەدیس بکا بە مونکەر دابنرێ، وە هەر وەکو ئیعتیباری سەلامەتی ئەو حەدیسە حەسەنە ئەکرێ لەوە کە شاز یا مونکەر بێ ئیعتیباری سەلامەتیشی ئەکرێ لەوە کە موعەللەل بێ، وە تەعریفی خەتتابی حەمل ئەکرێ لەسەر ئەم قیسمە.

جا ئەم باسە ڕووناك ئەكەینەوە بە چەند وتارێكی بە سوود:

یەكەم: ئەمە حەدیسی حەسەن پایەی وا لە خوار حەدیسی سەحیحەوە، لەوەدا كە پێویستە ڕیجالی ڕیوایەتی سەحیح هەموویان عەدالەت و زەبت و ئیتقانیان سابیت بێ بە نەقڵی سەریح لەوانەوە كە باوەڕ پێكراون، یا بە شۆرەت و ئیستیفازە، بەڵام ئەم وەزعە لە حەدیسی حەسەندا ئیعتیبار نەكراوە، وە ئەگەر موحەددیسێكی شافیعی مەزهەب ئەم واتەی ئێمەیە بە دوور دابنێ ئەوە نەسسی ئیمامی شافیعیرَحِمَهُ‌اللَّهُی بۆ ئەخوێنمەوە كە لە حەدیسی مورسەلی تابیعیندا مورسەلی وەها قبووڵ ئەكا كە وێنەی ئەو مورسەلە بە موسنەدی وارید بووبێ یاخوود مورسەلێكیتر موافیقی بێ لەو مورسەلانە كە وەرگیرابن لە غەیری ڕیجالی تابیعییەوە، هەروا ئیقناعی ئەكەین كە ئیمام (أبو مظفر)ی، سەمعانی نەقڵی كردووە لە بازێ شافیعییەوە كە ڕیوایەتی ئینسانی مەستوور قبووڵ ئەكرێ ئەگەرچی شەهادەتی مەستوور قبووڵ ناكرێ.

وتاری دووەم: ئەمەیە ئەگەر كەسێ ڕەخنە بگرێ بڵێ: بۆچی ئەو حەدیسانە كە لە چەند ڕێگاوە نەقڵ كراون بە زەعیف دائەنرێن، وەكو حەدیسی: (**الْأُذُنانِ مِنَ الرَّأسِ**)[1]، وە بە حەسەن ناژمێررێن (مع أنه) تەریقی ڕیوایەتیان زۆرە؟

لە وەڵامدا ئەڵێین: هەموو حەدیسێكی زەعیف بە زۆری ڕێگا نابێ بە حەسەن، وە زوعفەكەی لاناچێ، بەڵكو ئەگەر زوعفەكەی لەبەرئەوە بوو حیفزی ڕاوی كەم بوو بەڵام ئەهلی سیدق و ئەمانەت بوو ئەوە بەهۆی ڕیوایەتی لە ڕێگەی ترەوە ئەبێ بە

١. هذا حديث روي عن عدّة من الصحابة منهم: أبو أمامة: رواه أحمد ٥/ ٢٥٨ و ٢٦٤ و ٢٦٨، وأبو داود (١٣٤)، والترمـذي (٣٧)، وابـن ماجـه (٤٤٤)، والطحاوي ١/ ٣٣، والطبرانـي في الكبيـر ٨/ ١٢١، والدارقطني ١/ ١٠٣، والبيهقيَ ١/ ٦٦، و أبو هريرة: أخرجه ابن ماجه (٤٤٥)، وأبو يعلى (٦٣٧٠)، وابن حبان في الـمجروحين ٢/ ١١٠، والدارقطني ١/ ١٠١ ـ ١٠٢، وعبد اللّه بن زيد: أخرجه ابن ماجه (٤٤٣)، والبيهقي ١/ ٦٥، وعبد اللّه بن عمر: رواه الدارقطني ١/ ٩٧، و عائشة: رواه الدارقطني ١/ ١٠٠، و عبد اللّه بن عباس: رواه الدارقطني ١/ ٩٩، و هو مروي من حديث غيرهم، قال ابن حجر في النكت ١/ ٤١٥ بعد أن أورد الروايات وتكلم عليها: «وإذا نظر الـمنصف إلـى مجموع هذه الطرق علم أن للحديث أصلاً، وأنه ليس ممًا يطرح، وقد حسنوا أحاديث كثيرة باعتبار طرق لها دون هذه، واللّه أعلم»، و هەروەها بڕوانە: نكت الزركشي ١/ ٣٢٠، والتقييد: ٥٠، ونكت ابن حجر ١/ ٤٠٩.

حەسەن و زوعفەکەی نامێنێ. وە ئەگەر زوعفەکەی لەبەرئەوە بێ کە ڕاوی موتتەهەم بێ بە درۆکردن ئەوە بەهۆی ڕیوایەتی لە ڕێگەیەکی ترەوە نابێ بە: حەسەن، وە ئەم حەقیقەتە بە بەحث و مومارەسەی ئەحادیس دەرئەکەوێ.

وتاری سێیەم: ئەگەر ڕاوی حەدیسی زەعیف پایەی کەمتر بوو لە پایەی ئەهلی حیفز و ئیتقان بەڵام مەشهوور بوو بە سیدق و ئەمانەت، وە لەگەڵ ئەمەیشا حەدیسەکەی لە ڕێگەی ترەوە نەقڵ کرابوو ئەوە ئەم حەدیسە دوو هێز پەیدا ئەکا، یەکێ لە سیدق و ئەمانەتەوە، وە یەکێ‌تر لە ڕیوایەتی لە ڕێگای ترەوە، وە ئەم دوو هێزە پایەی ئەو حەدیسە زەعیفە ئەگەیێنێ بە پایەی حەدیسی سەحیح، وەکو حەدیسی: **(لولا أنْ أشُقَّ على أُمَّتِي لأَمَرْتُهُم بالسِّواكِ عِنْدَ كُلِّ صلاةٍ)**[1]، کە موحەممەدی کوڕی عەمر ڕیوایەتی کردووە لە ئەبو سەلەمەوە لە ئەبوهورەیرەوە ـ خودایان لێ ڕازی بێ ـ ئێستە موحەممەدی کوڕی عەمر مەشهوورە بە سیدق، بەڵام لەبەر ئەوە کە لەڕێگەی ترەوە ڕیوایەت کراوە گەیشتووە بە پایەی حەدیسی سەحیح، تەبعەن مەبەست (صحيح لغيره)یە، نەك (لذاته).

چوارەم: کتێبی ئەبو عیسای ترمزی ئەسڵە بۆ ناسینی حەدیسی حەسەن، وە ئەبو عیسا گەلێ ناوی حەدیسی حەسەنی بردووە لە کتێبەکەیدا، هەروا ناوی حەدیسی حەسەن هەیە لە کتێبی ئەو موئەللیفانەیش پێش ترمزی کەوتوون، وەکو ئەحمەدی بن حەنبەل و بوخاری و غەیری ئەوانیش، وە عیبارەتی ترمزی لە کتێبەکەیدا جۆر جۆرە، بازێ جار ئەڵێ: (هذا حديثٌ حسَنٌ)، وە بازێ جار ئەڵێ: (هذا حديثٌ حسَنٌ صحيحٌ)، جا پێویستە کیتابەکەتان بە چەند کتێبی ئوسوول موقابەلە بکەن، وە ئیعتیماد بدرێ لەسەر ئەو سیفەتە کە بە ئیتیفاق بڕیاری ئەدەن، هەروا لە شوێنی مەزەنەی حەدیسی حەسەنە سونەنی ئەبی داوودی سەجستانی ـ رحمه الله تعالى ـ ڕیوایەت کراوە بۆمان لە ئەبووداودەوە کە فەرموویەتی: لە کتێبەکەمدا نووسیومە حەدیسی سەحیح و حەدیسێ نزیك بێ لە سەحیحەوە، هەروا ڕیوایەت کراوە بۆمان لە ئەبوداوود فەرموویەتی: لەهەر بابێکدا (أصح) لەواندا کە دەستمکەوتووە لەو بابەدا

---

١. أخرجه أحمد ٢/ ٥٨ و ٢٨٧ و ٣٩٩ و ٤٢٩، والترمذي (٢٢)، والطحاوي في شرح المعاني ١/ ٤٤، والطبراني في الأوسط (٧٤٢٠)، والبيهقي ١/ ٣٧، وأبو نعيم في الحلية ٨/ ٣٨٦.

ئەینووسم، وەهەر حەدیسێ کە زوعفێکی زۆری تێدابێ بەیانی ئەکەم، وە ئەوەی کە باسی هیچی تیا نەکەم ئەوە بەکاردێ، وە بازێکیان باشترە لە بازێ تریان.

جا (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: ئەوەی کە دەستمان بکەوێ لە سونەنی ئەبو داوود لەوانەی کە لە سەحیحەیندا نین و کەسیش نەسسی دانەناوە لەسەر سیححەتیان لەو کەسانە کە سەحیح لە حەسەن جیا ئەکەنەوە، وای نیشان ئەدەن کە لەلای ئەبوداوود حەسەنە، وایش ئەبێ کە لەلای غەیری ئەو حەسەن نییە و بەر زابیتەی ئێمەیش ناکەوێ کە بۆ زەبتی حەسەن نووسیمان، چونکە ئەبو عەبدوڵڵای حافیز مەشهوور بە «ئیبنو مەندە» ئەڵێ: بیستوومە لە موحەممەدی کوڕی سەعیدی باوەردی لە میسردا ئەیوت: مەزهەبی ئەبو عەبدوڕڕەحمانی نەسائی وابوو هەر حەدیسێ کە ئیجماع نەکرابوو لەسەر تەرك کردنی ئەو ڕیوایەتی ئەکرد، هەروا ئەبوداوودی سەجەستانیش بە یاسای ئەو ڕەفتاری ئەکرد و ئیسنادی زەعیفی قبووڵ ئەکرد و ئیستیدلالی ئەکرد بەوەی کە حەدیسی زەعیف بەهێزترە لە بیروڕای خەڵك.

وتاری پێنجەم: ئەمەیە: ئەوەی خاوەنی (مەسابیح) لەسەرەی ڕۆیشتووە کە: هەرچی لە سەحیحەیندا بێ بە سەحیح ناوی بردووە، وە هەر حەدیسێ ئەبوداوود و ترمزی و نەسائی و وێنەی ئەوان ڕیوایەتی کردبێ بە حەسەنی ناوبردووە، بزانن یاسای خۆیەتی و لەلای ئەهلی حەدیس دائیری نەبووە، وە حەسەن لە لای ئەهلی حەدیس عیبارەت نییە لەوانە، چونکی لەو کتێبانەدا حەدیسی حەسەن و غەیری حەسەنیش هەیە ـ والله أعلم ـ

وتاری شەشەم ئەمەیە: کتێبە موسنەدەکان ناخرێنە پاڵ کتێبە موعتەبەرەکان، کە سەحیحی بوخاری و موسلیم و سونەنی ئەبو داوود و نەسائی و ترمزین. وە لە ئیستیدلالدا ناگەن بە پایەی ئەمانە موتڵەقەن، هەرچەند موئەللیفەکانیان خاوەن شان و پایەبەرزن، لەبەرئەوە کە یاسای ئەوان وابووە لە موسنەدی هەر سەحابییەکدا هەرچی لەو سەحابییەوە ڕیوایەت کرابێ وەریانگرتووە بەبێ ئەوە موقەییەد بن بەوەوە کە ئیحتیجاج و ئیستیدلالی پێ بکرێ یان نە، جا لەبەر ئەم یاسا پایەیان پاش کەوتووە لە پایەی کوتوبی خەمسە.

وە ئەو موسنەدانە وەکو موسنەدی ئەبو داوودی تەیالیسی و موسنەدی عەبدوڵڵای بن موسا و موسنەدی ئەحمەد بن حەنبەل و موسنەدی ئیسحاق بن راهەوەیهی و موسنەدی

عەبد بن حەمید و موسنەدی دارەمی و موسنەدی (أبو يعلى الموصلي) و موسنەدی (حسن بن سفيان) و موسنەدی (أبوبكر بن بزار) و هاووێنەی ئەمانە، جا لەم مەوزووعاتە ئاگادار بن.

وتاری حەوتەم: فەرموودەی موحەدیسەکان: (هذا حديثٌ صحيحُ الإسنادِ أو حسنُ الإسنادِ) پایەی کەمترە لەو حەدیسە کە بفەرموون بۆی: (هذا حديثٌ صحيحٌ أو حديثٌ حسَنٌ) چونکی وا ئەبێ ئەوترێ: (هذا حديثٌ صحيحُ الإسنادِ)، ـمع أنّه ـ نەفسی حەدیسەکە سەحیح نییە لەبەرئەوە کە شازە، یا موعەللەلە، بەڵێ ئەوەندە هەیە موحەددیسێکی باوەڕپێکراو، کە فەرمووی: (صحيحُ الإسنادِ) و لەگەڵ ئەو حەدیسەدا عیللەتی یا قەدحی دەرنەبڕی ئەوە زاهیر لەو ڕەفتارەوە ئەوەیە کە حوکمی کردووە بە سیححەتی ئەو حەدیسە لە نەفسی خۆیدا، چونکی ئەسڵ عەدەمی عیللەت و عەدەمی قادیحە.

وتاری هەشتەم: لە فەرموودەی ترمزی و غەیری ترمزیدا: (هذا حديثٌ حسَنٌ صحيحٌ) ئیشکال هەیە، چونکی پایەی حەدیسی حەسەن وا لە خواری پایەی حەدیسی سەحیحەوە، کەوابێ ئەم دوو سیفەتە ناکەونە یەك.

وەڵامی ئەم ئیشکالە ئەمەیە کە: ئەو دوو واتە ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ئیسناد، قابیلە یەك حەدیس ڕیوایەت بکرێ بە دوو ئیسناد و یەکێ لەو ئیسنادانە بەهێز بێ و ڕیجالەکەی ڕیجالی سەحیح بن، وە یەکێ لەوانە هێزی کەمتر بێ و ڕیجالەکانی نەگەن بە پایەی ڕیجالی سەحیح، جا لەسەر ئەم یاسا ئەم دوو سیفەتە ئەگەڕێنەوە بۆ دوو ئیسناد و موونافات نامێنێ.

وە یاخود ئەو دوو سیفەتە لەسەر (تردد) بێ لە پایەی ڕیجالی ئیسنادەکەدا، ئایا گەیشتووە بە پایەی ڕیجالی سەحیح یا کەمترە لەوە، عەلاوە دوور نییە ئەو کەسە کە ئەڵێ: ئیسنادەکەی حەسەنە مەبەستی لە (حسن)ی، مەعنای لوغەوی بێ، یانی: شیرین و جوان، نەك مەعنای عورفی بۆ (حَسَن)، وە (حَسَن) بەو مەعنایە هەردوو قیسمەکان ئەگرێتەوە.

وتاری نۆیەم: بازێ لە موحەددیسین نەوعی حەسەن جیاناکەنەوە لە نەوعی سەحیح، بەڵکو داخڵی سەحیحی ئەکا، چونکی هەردوو نەوعە حەدیسەکە ئیستیدلالیان پێ ئەکرێ و داخڵن لە مەفهومی (مَا يُحتجُّ بهِ)دا، وە ئەمە زاهیر ئەبێ لە کەلامی حافیز ئەبو عەبدوڵڵاوە، وە بۆ ئیشارەیە بۆ لای ئەم نوکتە کە ناوی کتێبی ترمزی ئەبا بە: (جامع

الصحيح)، وە ئەبوبەکری خەتیب هەم بەو کتێبە ئەڵێ: (صحیح)، وە بە کتێبی نەسائیش ئەڵێ: (صحیح)، وە ئەبو تاهیری سەلەفی، ناوی کوتوبی خەمسە ئەبا و ئەڵێ: (**اتَّفَقَ على صِحَّتِها علماءُ الشرقِ والغربِ**)[1]، بەڵام لەم وتارەی ئەودا تەساهول هەیە، چونکی لەو کتێبانەدا گەلێ حەدیسی زەعیف و مونکەر و وێنەی ئەوان لە ئەوسافی زەعیف هەیە، وە نەفسی ئەبو داوود ئەڵێ : لەم کتێبی منەدا حەدیسی سەحیح و غەیرە سەحیح هەیە، هەروا ترمزی تەسریح ئەکا بەوەکە لە کتێبەکەیا سەحیح و حەسەن هەیە، عەلاوەی ئەمە ئەو کەسەی کە حەدیسی حەسەن ناو ئەبا بە سەحیح ئینکاری ئەوە ناکا کە پایەی حەسەن کەمترە لە پایەی سەحیح، کەوابێ ئەمە هەر ئیختیلافە لە عیبارەتدا و بەس.

حەدیسی حەسەن چییە

حەدیسی حەسەن ئەی خاوەن ڕەسەن … وێنەی سەحیحە لای بیری پەسەن
بە مەرجێ زەبتی ڕاوی خەفیف بێ … ما باقی شرووت لەسەر تەوسیف بێ
بە زۆری تەریق ئەبێ بە سەحیح … سەحیحی (للغیر) ئەی برای سەبیح
لە شوێنێ وترا: (حَسنٌ صحیح) … بۆ دوو ئیسنادە واتەی بە تەلمیح
یا (تردد)ـە، ئەی برای عاقڵ … لە پێکهاتنی سیفاتی ناقڵ
ئەوەی کە ئەڵێ: ئەوە سەحیحە … ئەڵێ: سیفاتی ڕاوی مەلیحە
ئەو کەسەیش ئەڵێ: ئەوە حەسەنە … ئەڵێ: (نسبةً) سەحیح (أحسن)ـە
ئەم باسە دەریای بێ ئینتیهایە … مادام کە وابێ سەلاحمان وایە
ئەوەی ئەئیممەی حەدیسی ڕەهبەر … لە کتێبانی بەرزی موعتەبەر
وتیان: سەحیحە، یاخود حەسەنە … وا وەری بگرێ و بڵێ: پەسەنە

---

١. قد أجاب الحافظ العراقي عن قول السـلفي هذا في نكته على ابن الصَّلاح: فقال: «إنما قال السـلفي بصحة أصولها»، ثم قال: «ولا يلزم من كون الشيء له أصل صحيح أن يكون هو صحيحاً». وانظر: نكت الزركشي ١/ ٣٨٠، ونكت ابن حجر ١/ ٤٨١ و معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (المتوفى: ٦٤٣هـ)، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، الطبعة الأولى، الناشر: دار الكتب العلمية، (١٤٢٣ هـ / ٢٠٠٢ م)، ل٨٠، و الإكليل: ٢٩ ـ ٤٣، و نكت الزركشي ١/ ١٢٥ ـ ١٢٨.

تاریفی حەسەن لای (ابن صلاح)	کەمێ تاریکە ئەیەوێ میسباح
ئەو ئەڵێ: حەسەن لەسەر دوو قیسمە	هەر قیسمێ دارای جۆرێ لە ڕەسمە
یەکەم ئەوەیە کە ڕاوییەکان	وەکو سەحیح بن بە پایە و مەکان
بەڵام پایەیان نەگا بەو پایە	بۆ سەحیح هەیە لە هێز و مایە
بە مەرجێ ڕاوی (مغفّل) نەبێ	شاز و مەنکوور و موعەللەل نەبێ
ئەم بەشە بە نازشان بە شان ئەکا	بۆ پایەی سەحیح خۆی نیشان ئەکا
قیسمی دووەمیان ئیسنادی وایە	کە ئینسانێکی مەستووری تیایە
بەس ئەو مەستوورە (مغفّل) نەبێ	موتتەهەم بە درۆو موعەللەل نەبێ
لەگەڵ ئەمانا مەتنەکەی وا بێ	لە ڕێی ترەوە هەم ناسرا بێ
تەبعەن ئەم قیسمە ناگا بە یەکەم	پایەی کەمترە یەقین خاتر جەم

◇◇◇

٣ـ باسی فەرموودەی لاواز (الضَّعیف)[1]

باسی حەدیسی زەعیف:

زەعیف بە حەدیسێ ئەڵێن کە نە سیفاتی ڕیجالی حەدیسی سەحیح و نە سیفاتی ڕیجالی حەدیسی حەسەن، لە ڕاوییەکەی مەوجود نەبێ، وە ڕێگەی ئەو کەسە ئەیەوێ ئەقسامی حەدیسی زەعیف بدۆزێتەوە، ئەوەیە کە تەماشای سیفەتێکی تایبەتی بکا، بەبێ وجوودی سیفەتێ کە جەبری ئەو سیفەتە فەوتاوە بکاتەوە، ئەوە بەم شێوە قیسمێکی لە حەدیسی زەعیف دەست ئەکەوێ، ئەمجار سیفەتێکی‌تر بخاتە پاڵ سیفەتی پێشوو لە نەبووندا،

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی زەعیف تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٥٨، والجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ٢/ ١٩٢، إرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٥٣، والتقريب: ٤٩، والاقتراح: ١٧٧، والمنهل الروي: ٣٨، والخلاصة: ٤٤، والموقظة: ٣٣، واختصار علوم الحديث: ٤٤، والمقنع ١/ ١٠٣، شرح التبصرة ١/ ٢١٦، والمختصر: ١١٧، وفتح المغيث ١/ ٩٣، وألفية السيوطي: ١٩ ـ ٢١، والبحر الذي زخر ٣/ ١٢٨٣، وشرح السيوطي علـى ألفية العراقي ١٤١، وفتح الباقي ١/ ١١١، وتوضيح الأفكار ١/ ٢٤٦، وظفر الأماني: ٢٠٦، وقواعد التحديث: ١٠٨، وتوجيه النظر ٢/ ٥٤٦).

بەمەیش قیسمێکی‌تر پەیدا ئەبێ کە لە حەدیسی ئەوەڵ کزترە، چونکی دوو سیفەت لە ڕاوییەکەیدا نییە، ئەمجار سیفەتێکی‌تر بخاتە پاڵ ئەوەی کە دوو سیفەتی تێدا فەوتاوە، بەمەیش قیسمێکی سێیەم پەیدا ئەبێ کە لە ئەوان کزترە، چونکە سێ سیفەتی تێدا فەوتاوە، هەروا بەم یاسا هەتا هەموو سیفەتەکان ئەکەونە پاڵی سیفەتە فەوتاوە پێشووەکان، پاش ئەمە بگەڕێنەوە بۆ سەرەوە و سیفەتێ ئیعتیبار بکا بۆ نەبوون، غەیری ئەو سیفەتە کە زوو لە ئەوەڵەوە دیاریی کرد، بە نەمانی ئەمە بە تەنیا قیسمێ‌تر بۆ زەعیف پەیدا ئەبێ، ئەمجار سیفەتێکی‌تر بخاتە پاڵ ئەو سیفەتە فەوتاوە غەیری سیفەتی ئەوەڵ جار هەتا بە نەمانی ئەم دوو سیفەتە قیسمێکی‌تر پەیدا ببێ، هەروا هەتا ئەو سیفەتانە هەموو تەواو ئەبن، ئەمجار ئیعتیباری نەمانی هەموو سیفەتەکان بکا، هەتا قیسمێکی تری زۆر زەعیفی دەست بکەوێ. وە هەرکام لە سیفەتەکان شرووتیان ببێ تەماشای نەبوونی ئەو شەرتانەش بکا، لەسەر یاسای نەفسی سیفەتەکان، بەم جۆرە ئەقسامی حەدیسی زەعیف زۆر زیاد ئەبن.

وە ئەو حەدیسە کە لەقەبێکی تایبەتی ببێ عیبارەتە: لە (موضوع)[1] و (مقلوب) و (شاذ) و (معلل) و (مضطرب) و (مرسل) و (منقطع) و (معضل) لەگەڵ چەند نەوعێکی تردا کە باسیان ئەکرێ - إن شاء الله تعالى -

وە مەقسوود لەم کتێبە ئەنواعی مەعلوومی حەدیسە نەك خسووسی ئەنواعی ئەو تەقسیمە کە باسمان کردن، وە لە خودای تەعالا ئەپاڕێینەوە کە سوودی ئەم کتێبە بگەیەنێ بە موسڵمانان لە دونیا و لە قیامەتا - آمین -.

حەدیسی زەعیف

لە پاش تەعریفی سەحیح و حەسەن   زەعیف مەعلوومە ئەی برای ڕەسەن
زەعیف لە عورفا حەدیسێ وایە   کە ڕاوییەکەی کز بێ بە پایە
پایەی کەمتر بێ لە پایەی سەحیح   نەیشگا بە پایەی حەسەنی مەلیح
تەئییدیش نەکرێ بە موتابەعات   کە تەئیید کرابێ حەسەنە لەلات

---

١. لام وایە باش نییە (موضوع) لەناو زەعیفدا حیساب بکرێ، چونکی لە واقیعدا حەدیس نییە. دانەر.

بەڵام مەبەسمە حەسەنی (للغیر) — نەوەك حەسەنی (للذات)ی، پڕخەیر
کاتێ حاڵی بووی لە حاڵی هەموان — تۆ خاوەن چرای بۆ فەرقی ئەوان
ئەناسی بە حەق حەدیسی سەحیح — حەسەن ئەناسی بە شێوەی مەلیح
زەعیفیش بۆ خۆی دیارە لە ناوا — وەکو پیرۆزە لەبەر هەتاوا
ئەم عیلمە عیلمی موحەددیسانە — کاڵای شیرینی باڵای ئەوانە
بۆ ئێمە نیە غەیری (اطّلاع) — لەسەر مەسانید ئەمجار (اتّباع)
تەحقیقی حاڵی ڕیجالی ئیسناد — (أصعب جداً من خرط القتاد)[1]
جا بێرە سەیری بوخاری و موسلیم — باقی مەسانید ئەی برای سالیم
دوور بە لە عەناد نزیك لە ئینساف — (ان الانصاف أحسن الأوصاف)
زاناو موخلیص بن تا بە نووری دین — بگەن بە ئیدراك بۆ (عین الیقین)
سەحیح و حەسەن بە شێوەی ڕاسی — جیا بکەنەوە لەبۆ حەقناسی
جا ئامادەبە بە شێوەی تەشریف — لەبۆ ناسینی حەدیسی زەعیف
لەگەڵ زەعیفدا بێ ئەدەب مەبن — وەکوو بێ ئەدەب بێ حەسەب مەبن
زەعیف سەنەدی زەعیفە ئەنا — قابیلە بگات بە ئاسمانا
یانی قابیلە قەولی ڕەسوول بێ — چرای دەلیلی ڕێگەی وسوول بێ
یاخود قابیلە مەعناکەی حەق بێ — بە مینهاجی دین باش موحەققەق بێ
(ابن الصلاح)ی، سەربەرزی شەریف — ئەڵێ: جائیزە ڕیوایەی زەعیف
نەك بۆ سیفاتی خالقی عەلام — یا بۆ ئەحکامی حەڵاڵ و حەرام
بەڵکوو بۆ وەعز و ئیرشاد و تەهزیب — وە یا تەنبیهـ و تەرغیب و تەرهیب
بۆ فەزائیلی ئەعمالی ئینسان — تا بەجێی بێنن بۆ دەرکی ئیحسان
بۆنەقڵی زەعیف بەم یاساو تەرزە — سەنەدن لەبۆ ئەم زاتە بەرزە

---

١. خرط القتاد: پەندی پێشینانە و نموونەیە بۆ کارێك کە بە نارەحتییەکی زۆر جا بێت بە دەستەوە و لەبەردەمیدا لەمپەڕ هەبن، واتاکەیش داماڵینی گەڵا و توێکڵی درەختێکی ڕەق و تیژە کە وەك دەرزی وایە.

عەبدورەحمانی وەلەدی مەهدی (أحمد بن حنبل بهما اقتد)ی
ڕیوایەی زەعیف لەگەڵ ئیسنادا دائیرە لەناو ئەهلی ئیرشادا
ئەگەر بێ ئیسناد ڕیوایەتت کرد ئەدەب ڕابگرە وەکو مەردی ورد
بە (قال الرسول) مەیێرە بەیان (روي عنه) باشە بۆ ئینسان

◇◇◇

٤ـ باسی فەرموودەی (الـمُسند)[1]

ئەبو عەمری (ابن عبدالبَر) نەقڵی کردووە لە قەومێ کە: موسنەد ناو نابرێ ئیللا بۆ حەدیسێ کە بەرز بووبێتەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ.

وە ئەبو عەبدوڵڵای حافیز جەزمی ناوە بەم تەعریفەدا و لە کتێبەکەیدا کە عینوانی: (معرفة علوم الحديث)ە، غەیری ئەمەی باس نەکردووە، وە بە فیکری ئەبوبەکری خەتیبی بەغدادیرَحِمَهُ اللَّهُ حەدیسی موسنەد لای ئەهلی حەدیس ئەوەیە کە: ئیسنادەکەی لە ئەوەڵەوە تا ئاخر موتتەسیل بێ. وە زۆربەی ئیستیعمالی موسنەد بۆ حەدیسێکە کە لە حەزرەتەوە هاتبێتە خوارەوە، نەك لە سەحابییەکانەوە، وە ئەبو عەمری (ابن عبدالبر)ی، حافیز خۆی ئەڵێ موسنەد ئەوەیە بەرز بکرێتەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ بەتایبەتی، جا ئەمە وائەبێ موتتەسیل ئەبێ وەکو: ڕیوایەتی لە نافیع لە ئیبنو عومەر لە حەزرەتەوە، وە وایش ئەبێ کە مونقەتیع ئەبێ، وەك: مالیك لە زوهری لە (ابن عباس)ەوە لە حەزرەتەوە ﷺ وە ئەمە موسنەدە، چونکی ئیسناد دراوە بۆ لای حەزرەت ﷺ (مع أنه) مونقەتیعە، چونکە زوهری حەدیسی نەبیستووە لە (ابن عباس)ەوە، (خودایان لێ رازی بێ).

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی موسنەد تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٧، والكفاية: (٥٨ ت، ٢١ هـ)، والجامع لأخلاق الرَّاوِي ٢/ ١٨٩، والتمهيد ١/ ٢١، وجامع الأصول ١/ ١٠٧، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٥٤ ـ ١٥٦، والتقريب ٤٩ ـ ٥٠، والاقتراح: ١٩٦، والمنهل الروي: ٣٩، والخلاصة: ٤٥، والموقظة: ٤٢، واختصار علوم الحديث: ٤٤، والمقنع ١/ ١٠٩، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٢٤، ونزهة النظر: ١٥٤، والمختصر: ١١٨، وفتح المغيث ١/ ٩٩، وألفية السيوطي: ٢١، وشرح السيوطي على ألفية العراقي ١٤٤، وفتح الباقي ١/ ١١٨، وتوضيح الأفكار ١/ ٢٥٨، وظفر الأماني: ٢٢٥، وقواعد التحديث: ١٢٣).

حەدیسی (مسند)

حەدیسی موسنەد نرخی تەواوە
لەسەر سێ شێوە تەعریف کراوە

ئەبو عەبدوڵڵا حافیزی حاکیم
بڕیاری داوە بە عەزمی جازیم

موسنەد ئەوەیە کاتی ڕیوایەت
بێ قەتع و بێ وەقف بگا بە حەزرەت

تەئیید کراوە ئەم فیکرە بە تین
لەلای کۆمەڵێ لە موحەددیسین

خەتیبی بەغدا فەرموویە: موسنەد
حەدیسێ وایە (موصول السند)

لە ئیبتیداوە هەتا نیهایە
پێک موتتەسیل بێ ڕشتەی ڕیوایە

بە حەزرەت بگا یا بە سەحابی
یا بە تابیعی (أهل الصواب)

ئەمە شامیلە بە شێوەی مەسمووع
لەبۆ (مرفوع) و (موقوف) و (مقطوع)

مەرفووع بۆحەزرەت، مەوقووف بۆئەسحاب
مەقتووع بۆ تابیع بە شێوەی سەواب

(ابن عبد البرّ) فەرموویە: موسنەد
ئەبێ مەرفووع بێ و بگا بە ئەحمەد

خواه موتتەسیل بێ سەنەدی تا ئەو
یا مونقەتیع بێ و کزبێ بە پرتەو

◇◇◇

٥- (باسی فەرموودەی موتتەسیل)[1]

وە حەدیسی موتتەسیل -کە بە مەوسوول هەم ناوئەبرێ و بە موتڵەقی ئەوترێ بۆ مەرفووع و مەقووف- حەدیسێکە ئیسنادەکەی موتتەسیل بێ، واتە هەموو یەکێ لە ڕاوییەکان بیستبێتی لەو کەسە کە وا لە ژووریەوە، هەروا تا ئاخری ئیسنادەکەی، جا وێنەی موتتەسیلێ کە مەرفووع بێ وەکو: ڕیوایەتی مالیک لە ئیبنو شەهاب لە سالیم کوڕی عەبدوڵڵا لە باوکییەوە و لە حەزرەتەوەﷺ، وە وێنەی موتتەسیل کە

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی موتتەصیل تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (التمهيد ١/ ٢٣، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٥٦، والتقريب: ٥٠، والاقتراح: ١٩٥، والمنهل الروي: ٤٠، والخلاصة: ٤٦، والموقظة: ٤٢، واختصار علوم الحديث: ٤٥، والمقنع ١/ ١١٢، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٢٧، ونزهة النظر: ٨٣، والمختصر: ١١٩، وفتح المغيث ١/ ١٠٢، وألفية السيوطي: ٢٤، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٤٥، وفتح الباقي ١/ ١٢١، وتوضيح الأفكار ١/ ٢٦٠، وظفر الأماني: ٢٢٦، وقواعد التحديث: ١٢٣.).

مەوقووف بێ، وەکو: ڕیوایەتی مالیك لە نافیع لە ئیبنو عومەر لە عومەرەوە ـ خودایان لێ ڕازی بێ ـ

حەدیسی (متصل)

ئەر لە موتتەسیل ئەپرسی کامە بگرە تەعریفی عەنبەر شەمامە
حەدیسێ وایە کە موتتەسیل بێ ئیسنادی هەموو (بلا فاصیل) بێ
خواه واسیل بێ بە زاتی ڕەهبەر یا بگاتە سەر سەحابی ئەنوەر

٦ـ (باسی فەرموودەی مەرفوع)[١]

حەدیسی مەرفوع:

حەدیسی مەرفووع ئەوەیە کە ئیسناد بدرێ بۆ لای حەزرەت ﷺ بەتایبەتی، وە بە موتڵەقی هەر بۆ ئەمە ئەوترێ و بەکارناهێنرێ بۆ حەدیسێ کە مەوقووف بێ لەسەر سەحابی و غەیری سەحابی، (بناء علیه) حەدیسی موسنەد و مەرفووع یەکێکن و ئینقیتاع و ئیتتیسال بەسەر هەردووانیاندا دێ، بەڵام لەلای کۆمەڵێ لە موحەددیسین لەیەك جیا ئەبنەوە، لەبەرئەوە ئیتتیسال و ئینقیتاع دێن بەسەر حەدیسی مەرفووعدا نەك بەسەر حەدیسی موسنەددا، چونکی لای ئەوان موسنەد ئەوەیە کە بەبێ ئینقیتاع بگا بە حەزرەت ﷺ.

وە حافیز ئەبوبەکری کوڕی ثابیت ئەڵێ: حەدیسی مەرفووع ئەوەیە کە سەحابی بیڵێ لە وتار و ڕەفتاری پێغەمبەر ﷺ جا بەم تەخسیسە مورسەلی تابیعی لە حەزرەتەوە خاریج بوو لە مەرفووع.

وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: من ئەڵێم هەرکەسێ لە ئەهلی حەدیس کە مەرفووعی لە موقابیلی مورسەلدا داناوە مەبەستی لە مەرفووع ئەوەیە موتتەسیل بێ ـ واللّٰه أعلم ـ

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مەرفوع تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الکفایة: (٥٨ ت، ٢١ هـ)، والتمهید ١/ ٢٥، إرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٥٧، والتقریب: ٥٠ ـ ٥١، والاقتراح: ١٩٥، والمنهل الروي: ٤٠، والخلاصة: ٤٦، والموقظة: ٤١، واختصار علوم الحدیث: ٤٥، والمقنع ١/ ٧٣، وشرح التبصرة والتذکرة ١/ ٢٢٢، ونزهة النظر: ١٤٠، والمختصر: ١١٩، وفتح المغیث ١/ ٩٨، وألفیة السیوطي: ٢١، وشرح السیوطي علی ألفیة العراقي: ١٤٣، وفتح الباقي ١/ ١١٦، وتوضیح الأفکار ١/ ٢٥٤، وظفر الأماني: ٢٢٧، وقواعد التحدیث: ١٢٣).

حەدیسی (مەڕفووع)

مەڕفـوع ئەوەیـە بـگا بـە حـەزرەت
خواه موتتەسیل بێ سەنەد بە دیققەت

یـا مونقەتیـع بـێ ڕشـتەی ڕیوایـە
یەکـێ دەرچـوو بـێ لەنـاو ڕیوایـە

بە فیکـری بـازێ مەرفووع لـە حەدیس
ئیخبـاری صەحبـە لـە حاڵـی ڕەئیـس

وتـار یـا ڕەفتـار یاخـود لـە تەقریـر
کـە صـادر بـوو بـێ لـە زاتـی بەشـیر

◈◈◈

٧ـ باسی فەرموودەی وەستێنراو (الـموقوف)[1]

حەدیسی (موقوف)

حەدیسـی مەوقـووف ئەوەیـە ڕیوایـەت بکرێ لە سـەحابییەکانەوە ـ خـوایان لێ ڕازی بـێ ـ لە وتار و ڕەفتـار و ئەحواڵـیان، وە ڕاوەسـتێن لەسـەر خـۆیان و بـەرز نەکرێنـەوە بـۆ لای حەزرەت ﷺ، جا ئەم نەوعە وا ئەبێ ئیسنادەکەی موتتەسیل ئەبێ تا ئەگا بە سەحابییەکە، ئەمە ناوی مەوقوفی مەوسووله، وایش ئەبێ ئیسنادەکەی موتتەسیل نابێ ئەمـە ناوی مەوقووفـی غەیـرە مەوسـووله، وەکو ئەوە کە زانیمان لە حەدیسـی مەرفووع بۆ لای حەزرەت ﷺ، وە ئەوەی کە وتـمان لە ڕاوەسـتانی لەسـەر سـەحابی ئەوە بەو مەرجەیە کە موتڵـەق بێ و ناوی (موقوف علیه) نەبرێ، ئەنا جاربەجاریش ئیستیعمال ئەکـرێ بـە (مُقيّـد) بـە غەیری سـەحابییەوە و ئەوترێ: (**حديثٌ كذا وكذا، وقفَهُ فلانٌ على عطاءٍ أو علَى طاوسٍ أو نـحوِ هذا**)، وە لە ئیستیلاحی فوقەهای خوراساندایە کە مەوقووف ناوئەبەن بە (أثر).

---

[1]. بۆ زیاتر ناسـینی فەرموودەی مەوقوف تەماشـای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٩، والكفاية: (٥٨ ت، ٢١ هــ)، والتمهيد ١/ ٢٥، والإرشـاد ١/ ١٥٨، والتقريـب: ٥١ ـ ٥٣، والاقتراح: ١٩٤، والمنهل الروي: ٤٠، والخلاصة: ٦٤، والموقظة: ٤١، واختصار علوم الحديث: ٤٥، والمقنع ١/ ١١٣، وشـرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٣٩، ونزهة النظر: ١٥٤، والـمختصر: ١٤٥، وَ فتح المغيث ١/ ١٠٣، وألفية السيوطي ٢١ ـ ٢٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي ١٤٦، وفتح الباقي ١/ ١٢٣، وتوضيح الأفكار ١/ ٢٦١، وظفر الأماني: ٣٢٥، وقواعد التحديث: ١٣٠).

ئەبو قاسمی فەورانی (الفُوْرَانيُّ)[١] کە لە خوراسانییەکانە فەرموویەتی: (الـخبرُ: ما يُروى عنِ النبيِّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ والأَثَرُ: ما يُرْوى عنِ الصحابةِ ـ رضي الله تعالى عنهم أجـمعيـن)[٢].

(حەدیسی مەوقوف)

حەدیسی مەوقـووف حەدیسێ وایـه سـەحابی بـۆ ئـەو بێتـە نیهایـە

خواه مونقەتیع بێ موسـنەد یا مەوسوول تـا لای سـەحابی مەحبووبی ڕەسـوول

جـار بەجـار مەوقـووف ئەگەر ئـاگا بی ئەوەسـتێ لەسـەر غەیـری سـەحابی

وەك: (وقفَـهُ فـلان علـى عطـاء، وهـو شـخص ذو عـلا

◇◇◇

٨ـ باسی فەرموودەی بڕاو (الـمَقطوُع)[٣]

حەدیسی (مقطوع)

بزانـن کـە مەقتـووع غەیـری مونقەتیعـە، کـە لەمـەولا باسـی دێ ـ ان شـاء الله تعالـى ـ وە مەقتووع حەدیسێکە لە تابیعینەوە ڕیوایەت کرابێ و لەسەر ئەوان ڕاوەستابێ وتار بێ یا ڕەفتار.

---

١. هو القاضي أبو القاسـم عبد الرحمان بن محمد بن أحمد الفوراني، توفي سنة (٤٦١ هــ). والفُوْرَاني ـ بضم الفاء وسـكون الواو وفتح الراء وبعد الألف نون ـ نسبة إلى جده فوران. انظر: الأنساب ٤/ ٣٨٥، وفيات الأعيان ٣/ ١٣٢، والسير ١٨/ ٢٦٤، والتاج ١٣/ ٣٥١.

٢. قـال ابـن حجر ١/ ٥١٣: «هذا قد وجد في عبارة الشـافعي ـ رضي الله تعالى عنـه ـ في مواضع، والأثر في الأصـل: العلامة والبقية والروايـة، ونقل النووي عن أهل الحديث أنهم يطلقون الأثـر على المرفوع والموقوف معـاً، ويؤيده تسـمية أبي جعفر الطبري كتابـه «تهذيب الآثار» وهو مقصور على المرفوعـات وإنما يورد فيه الموقوفات تبعاً. وأما كتاب « شـرح معاني الآثار» للطحاوي فمشـتمل على المرفـوع والموقوف ـ أيضاً ـ والله تعالى الموفق». وانظر: الرسـالة للإمام الشـافعي الفقرات (٥٩٧) و (١٤٦٨) ـ كما تقدمت قبل قليل الإشارة إليه ـ ونكت الزركشي ١/ ٤١٧.

٣. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مەقتووع تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الجامع لأخلاق الراوي ١/ ١٩١، وإرشاد طـلاب الحقائـق ١/ ١٦٦، والتقريب: ٥٣، والاقتـراح: ١٩٤، والمنهل الروي: ٤٢، والخلاصـة: ٦٥، واختصار علوم الحديث: ٤٦، والـمقنع ١/ ١١٦، وشـرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٣١، ونزهة النظر: ١٥٤، والمختصر: ١٣١، وفتح المغيث ١/ ١٠٥، وألفية السـيوطي: ٢١ ـ ٢٣، وشـرح السـيوطي على ألفية العراقي: ١٤٦، وفتح الباقي ١/ ١٢٤، وتوضيح الأفكار ١/ ٢٤٩، وظفر الأماني: ٣٤٢، وقواعد التحديث: ١٣٠).

وە خەتیب ئەبوبەکری حافیز لە (جامع)ـەکەیدا، فەرموویەتی: (**المقاطِعُ: هيَ الموقوفاتُ على التابعينَ، واللّه أعلم**)[1]، وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: ئاگام هەیە لەوە کە ئیمامی شافیعی ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ تەعبیری داوەتەوە لە مونقەتیعی غەیرە مەوسوول بە: مەقتووع، هەروا لە کەلامی ئەبو قاسمی تەبەرانی و غەیری ئەوانیش ئەم تەعبیرە هەیە[2].

(مقطوع)

مەقتووع ئەوەیە ڕاوەستێ لەسەر شەخسی تابیعی عادڵی ئەنوەر
ئەمانەت زانی ڕای بگرە لەلات گوێش بگرە لەبۆ بازێ تەفریعات

◇◇◇

جا لەم مەقامەدا بازێ تەفریعات هەیە:

یەکەم: فەرموودەی سەحابی: (**كُنَّا نَفْعَلُ كذا أو كنَّا نقولُ كذا**)، ئەمە ئەگەر نیسبەتی نەدەن لە زەمانی حەزرەت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەوە لە بابەتی حەدیسی مەوقووفە، وە ئەگەر نیسبەتی بدەن لە زەمانی ئەو، ئەوە لەسەر جەزمی ئەبوعەبدوڵڵای کوڕی یەعیی حافیز

١. الجامع لأخلاق الراوي، ٢/ ١٩١، بڕگەی (١٥٧٧).

٢. قال ابن حجر ٢/ ٥١٤: «عنى به الدارقطني والحميدي، فقد وجد التعبير في كلامهما بالمقطوع في مقام المنقطع. وأفاد شيخنا ـ أي: العراقي ـ في منظومته: أنه وجد التعبير بالمنقطع في كلام البرديجي في مقام المقطوع على عكس الأول ... ». بڕوانە: شرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٣١، وتدريب الراوي ١/ ١٩٤.
نموونەی (**المقطوع**): أ.نموونەی:(**المقطوع القولي**)، وەك: گوتەی حەسەنی بەصری لە نوێژ کردن لە پشت سەری بیدعەچییەوە: (**صلِّ و عليه بدعته** ـ نوێژی لەپشت سەرەوە بکەن، و بیدعەکەی بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە!). ب. نموونەی (**المقطوع الفعلي**):وەك گوتەی (**إبراهيم بن محمد بن المُنْتَشِرْ**) کە دەڵێت:(**كان مسروق يُرخي السِّرْ بينه و بين أهله، و يقبل على صلاته و يُخليّهم و دنياهم**) حوکمی بە بەڵگە کردنی (**المقطوع**): (**مقطوع**) ناکرێتە بەڵگە لە هیچ شتێ لە حوکمە شەرعییەکاندا، واتە: هەرچەندە دانەپاڵەکەیشی بۆ لای بێژەرەکەی ڕاست بێت، چونکە گوتەو کرداری یەکێك لە موسڵمانانە، بەڵام ئەگەر لێرەدا نیشانەیەك هەبوو، بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە ئەو قسەیە بەرزکراوەتەوە (رفع) کراوە، وەك گوتەی هەندێ گێڕەرەوە ـ کە لە کاتی ناوبردنی تابعییەکدا ـ دەڵێت: بۆ نموونە (**يرفعه** ـ بەرزی دەکاتەوە) لەم کاتەدا حوکمی (مەرفوعی مورسەلی) بۆ دادەنرێ، پێگەکانی (موقوف) و (**مقطوع**): واتە:ئەو کتێبانەی کە فەرمودەی (موقوف)و (**مقطوع**)یان، تیادا زۆرە، و دەست دەکەوێت، وەك: **أ. مصنف إبن ابي شيبة. ب. مصنف عبد الرزاق.** جـ تەفسیرەکانی (**إبن جرير**) و (**إبن ابي حاتم**) و (**إبن منذر**).

و غەیری ئەو لە ئەهلی حەدیس: لە بابەتی حەدیسی مەرفووعە.

وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: خەبەرم پێگەیشتووە لە ئەبوبەکری بەرقانییەوە کە پرسیاری کردووە لە ئەبوبەکری ئیسماعیلی لەم تەعبیرانە کە: ئایا مەرفووعن یان مەوقووفن؟ ئەویش ئینکاری ئەوەی کردووە کە لە حوکمی مەرفووعا بن، وە فەرموویەتی: مەوقووفن لەسەر سەحابییەکان، بەڵام واتەی ئەوەڵ ئیعتیمادی لەسەر ئەدرێ و بەهێزە، چونکی زاهیر لەو تەعبیرانە ئەوەیە کە حەزرەت ﷺ ئاگادار بووە لەسەر ئەو تار و ڕەفتارە و تەقریری کردوون.

وە تەقریری حەزرەت ﷺ سوننەتە و حوججەیە لە دینا، وە هەر لەو بابەتە فەرموودەی سەحابی: (**كُنَّا لا نرى بأساً بكذا ورسولُ اللّهِ - ﷺ - فِيْنا، أو كانَ يقالُ: كذا وكذا على عهدِهِ، أو كانُوا يفعلونَ: كذا وكذا في حياتِهِ - ﷺ -**)، هەموو ئەمانە و وێنەی ئەمانە مەرفووع و موسنەد و (**مُخَرَّجٌ**)ـن، لە کتێبە مەسانیدەکان.

(تفريعاتٌ)

تەفریعی یەکەم ئەمەیە برا	بە دڵ بزانە بێ شوبهە و مورا
(كنا نفعل أو كنا نقول)	لە سەحابیوە بە یاسای مەنقوول
ئەگەر ڕەبتی دان بە عەهدی ڕەسوول	ئەوە وان لە جێی مەرفووع و مەوسوول
چون زاهیر وایە تەقریر کراون	لای حەزرەتەوە ڕەوا دراون
(وكذا كنا لا نرى بأسا	والنبيّ فينا قد استأنسا)
(أو كانوا كذا يفعلون في	عهد حياة النبي الوفيّ)
هەموو ئەمانە وێنەی مەرفووعن	لە شوومی شوبهەی هەوا مەمنووعن
ئەگەر وانەهات ئەوە مەقووفن	لە سەحابیوە بە حەق مەعرووفن

تەفریعی دووەم: فەرموودەی سەحابی: (**أُمِرْنا بكذا أو نُهِيْنا عَنْ كذا**)[1]، بە صیغەی

١. نكت الزركشي ١/ ٤٢٦.

ماضی مەجهوول، لە نەوعی مەرفووع و موسنەدن، بەلای ئەهلی حەدیسە وە، وە ئەمە فەرموودەی زۆربەی ئەهلی عیلمە[١]، وە ئەم یاسا کۆمەڵێ موخالەفەیان کردووە، کە ئەبوبەکری ئیسماعیلی لەوانە[٢]، بەڵام واتەی ئەوەڵ ڕاستە، چونکە موطەقی ئەو عیبارەتانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە کە ئەمر و نەهیی بەدەستی ئەوە، وەکو حەزرەت بێ ﷺ هەروا فەرموودەی سەحابی: (مِنَ السُّنَّةِ كَذَا)[٣]، ئەصەح ئەوەیە کە موسنەد و مەرفووعە، چونکە زاهیر وایە مەبەستی سوننەتی ڕەسولوڵڵا بێ، لەو شتانەدا کە پێویستە بۆ ئێمە پەیڕەوی بکەین، هەروەها فەرموودەی: (أنس بن مالك ـ رضي الله عنه ـ: أُمِرَ بلالٌ أنْ يَشْفَعَ الأَذانَ ويُوتِرَ الإِقامةَ)[٤]، واتە فەرمان درا بە بیلال کە کەلیمەکانی بانگ بە جووت و قامەت بە تاك بڵێ، وە هەروەها وێنەی ئەو عیبارەتانە، وە فەرق نییە لە بەینی ئەوەدا بڵێت: لە زەمانی حەزرەتا ﷺ بووە تا نەڵێت ـ والله أعلم ـ

١. لەوانە: الخطيب في الكفاية: (٥٩٢ ت ـ ٤٢١هـ)، والنووي في المجموع ١/ ٥٩، والآمدي في الإحكام ٢/ ٨٧، والأسنوي في نهاية السول ٣/ ١٨٧، وابن السبكي في الإبهاج ٢/ ٣٢٩.

٢. هەروەها: أبو بكر الصيرفي من الشافعية، وأبو الحسن الكرخي والرازي من الحنفية، وابن حزم والغزالي وجماعة من الأصوليين، وأكثر مالكية بغداد، وحكاه إمام الحرمين عن المحققين، وذكر الزركشي أنه قول إمام الحرمين، بل حكى ابن فورك وسليم الرازي وابن القطان والصيدلاني: أنه الجديد من مذهب الشافعي وكذا نسبه المازري إلى أحد قولي الشافعي. بڕوانە: البرهان ١/ ٦٤٩، والمنخول: ٢٧٨، والتبصرة في أصول الفقه: ٣٣١، وإحكام الأحكام ٢/ ٨٧، والإبهاج ٢/ ٣٢٨، والبحر المحيط ٤/ ٣٧٥، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٣٥، ونكت ابن حجر ٢/ ٥٢٣، وشرح السيوطي: ١٤٩، وهو الخلاف نفسه الذي يأتي في قول الصحابي: «من السنة كذا ...». وانظر: نكت ابن حجر ٢/ ٥٢٠.

٣. نكت الزركشي ١/ ٤٢٨، و نكت ابن حجر ٢/ ٥٢٣.

٤. أخرجه الطيالسي (٢٠٩٥)، وعبد الرزاق (١٧٩٤)، وابن أبي شيبة ١/ ٢٠٥، و أحمد ٣/ ١٠٣ و ١٨٩، والدارمي (١١٩٦) و (١١٩٧)، والبخاري ١/ ١٥٧ (٦٠٣)، و١/ ١٥٨ (٦٠٦)، ومسلم ٢/ ٢ (٣٧٨)، وأبو داود (٥٠٨)، وابن ماجه (٧٢٩) والترمذي (١٩٣)، والنسائي ٢/ ٣، وأبو يعلى (٢٧٩٢)، وابن خزيمة (٣٦٦)، وأبو عوانة ١/ ٣٢٧، والطحاوي في شرح المعاني ١/ ١٣٢، وابن حبان (١٦٧٥)، والدارقطني ١/ ٢٣٩، والحاكم ١/ ١٩٨، والبيهقي ١/ ٣٩٠، والبغوي (٤٠٣) من طرق عن أبي قلابة، عن أنس.

تەفریعی دووەم

تەفریعی دووەم قەولی سەحابی به سیغەی مەجهوول (في الانتساب)
وتیان: (أمِرنا بكذا أو قد نهينا عنه) بزانه به حەد
وەکو موسنەد و مەرفووع وەهایە ئامیر و ناهی ڕەسولوڵڵایە ﷺ
هەروەها (مِنَ السُّنَّةِ كَذَا) ئەسەحح موسنەدە برای شارەزا
هەروا فەرموودەی (أنس) وا بزان (أمر بلال يشفع الأذان
وأن يؤتر الاقامة. فالحق) وێنەی موسنەدن بێ شوبهەی موطلەق

تەفریعی سێیەم: ئەوەی وتراوە کە تەفسیری سەحابی حەدیسی موسنەدە، ئەوە لە تەفسیرێکدایە بەهۆی سەبەبی نزوولەوە بێ بۆ ئایەتێ کە سەحابییەکە بیگێڕێتەوە، وە بۆ تەفسیرێ نییە کە مەعنای ئایەتەکە بەیان بکا.

تەفریعی سێیەم

سێیەم تەفسیری سەحابی ڕەسوول ئەوعەلاقەی بوو لە گەڵ هۆی نزوول
وێنەی موسنەدە ئەنا مەوقووفە ئەم باسە باشە وەها مەعرووفە
چوارەمین جوملەی (يرفع الحديث) لەگەڵ ڕیوایەی حەدیسی ڕەئیس
(أو يبلغ به) یاخود (ينميهِ فِي حكم الرفع الى نَبِيّهِ). [1]

تەفریعی چوارەم: ئەمەیە کە لە بابەتی ئەحادیسی مەرفووعەیە ئەو حەدیسانە کە لەکاتی ناوبردنی سەحابیدا ئەڵێ: (**يَرْفَعُ الحديثَ، أو يبْلُغُ بهِ، أو يَنْمِيْهِ أو رِوَايَةً**) هەموو ئەمانە کینایەن لە بەرزکردنەوەی ئەو سەحابییە بۆ ڕیوایەتەکە بۆ لای حەزرەت ﷺ، وە حوکمی ئەمانە بەلای ئەهلی حەدیسە وە حوکمی حەدیسی مەڕفووعە، وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: من ئەڵێم ئەگەر شەخسی ڕاوی لە تابیعییەوە بڵێ: (**يَرْفَعُ الحديثَ، أو يبْلُغُ بهِ،**) ئەویش هەم مەرفووعە، بەڵام مەڕفووعی مورسەل ـ واللّٰه أعلم ـ

١. أي نبيّه بتشديد الياء الاضافة إلى الضمير.

٩ـ باسی فەرموودەی بەرەڵڵاکراو (المُرسل)[١]

بزانن: لەسەر عیبارەتی (جامع التحصیل فِي أحکام المراسیل) تەئلیفی (الحافظ صلاح الدین أبو سعید) خەلیلی عەلائی، لە تەعریفی حەدیسی مورسەلدا سێ وتار هەیە، یەکەمیان زۆر گوشادە ئەمەیە:

یەکەمیان: حەدیسی مورسەل واتەی یەکێکە لە ئەهلی عەسرەکانی ئێستە یا لەمەوپێش: (قالَ رسولُ اللهِ ـ ﷺ ـ کذا).

دووەمیان: حەدیسی مورسەل ئەوەیە: کە یەکێ لە کیباری تابیعین لەوانە کە چاویان کەوتووە بە ژمارەیەکی زۆر لە ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ وە ڕیوایەتیان لە تابیعین کەم بێ، وەکو (سَعید بن المسَیِّبِ) و (أبو سلمة بن عبدالرحمن)، وە وێنەی ئەمانە تابیعین ڕیوایەتیان کردبێ لە حەزرەتەوە ﷺ.

وە ئەمما ئەوەی کە سیغاری تابیعین ڕیوایەتیان کردبێ ئەوە حەدیسی مونقەتیعە و مورسەل نییە.

سێیەم مورسەل ئەوەیە: کە یەکێ لە تابیعین ڕیوایەتی کردبێ لە حەزرەتەوە ﷺ خواه لە کیباری تابیعین بێ یا لە سیغاری تابیعین، وە ئەم تەعریفە مەشهوورە لە زۆر کەس لە ئەهلی حەدیسە وە و ئیختیاری حاکیم لەسەر ئەمەیە.

چوارەم مورسەل ئەوەیە: کە لە سەنەدەکەیدا تاقە کەسێك ساقت بووبێ، خواه خاوەن ئیرسالەکە لە تابیعین بێ یا لە غەیری تابیعین، وە زاهیری کەلامی ئیمامی شافیعی لەسەر ئەمەیە، وە بینا لەسەر ئەم تەعریفە حەدیسی مورسەل و مونقەتیع ئەبن بە یەکێ.

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مورسەل تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: **(معرفة علوم الحدیث: ٢٥، والکفایة: (٥٨ ت، ٢١ هـ)، والتمهید ١/ ١٩، وجامع الأصول ١/ ١١٥، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٦٧ ـ ١٧٩، والمجموع شرح المهذب ١/ ٦٠، والاقتراح: ١٩٢، والتقریب: ٥٤ ـ ٥٧، والمنهل الروي: ٤٢، والخلاصة: ٦٥، والموقظة: ٣٨، وجامع التحصیل: ٢٣ وما بعدها، واختصار علوم الحدیث: ٤٧، والبحر المحیط ٤/ ٤٠٣، والمقنع ١/ ١٢٩، وشرح التبصرة والتذکرة ١/ ٢٥٦، ونزهة النظر: ١٠٩، والمختصر: ١٢٨، وفتح المغیث ١/ ١٢٨، وألفیة السیوطي: ٢٥ ـ ٢٩، وشرح السیوطي علی ألفیة العراقي: ١٥٩، وفتح الباقي ١/ ١٤٤، وتوضیح الأفکار ١/ ٢٨٣، وظفر الأماني: ٣٤٣، وقواعد التحدیث: ١٣٣).**

وە لە لای (ابنُ عبدِالبرِّ) حەدیسی مونقەتیع عامترە لە موڕسەل، چونکی مونقەتیع ئەوەیە سەنەدەکەی موتتەسیل نەبێ، خواهـ ڕاوییەکەی تابیعی بێ یا لە غەیری تابیعین.

وە لەلای حاکیم مونقەتیع ئەوەیە کە لە پێش گەیشتن بە تابیعی ببێ کە لەو کەسەی والە ژووریەوە حەدیسی نەبیستبێ یاخود ئەوەیە کە ئیسنادەکەی لە کەسێکی نا مەعلوومەوە بێ، وەکو ئەوە ڕاوی بڵێ: (روى فلان عن شيخ، أو روى فلان عن رجل)، وە مورسەل عیبارەتە لەوە کە تابیعی ڕیوایەت بکا لە حەزرەتەوە ﷺ (بناء عليه) مونقەتیع لەلای حاکیم بە مورسەل ناناسرێ.

وە (معضل) ئەوەیە کە لە ڕاوییەکانا دوو کەس یا زیاتر ساقت بووبێ، وە لەلای کۆمەڵی حەنەفییە موعزەل و مورسەل وەکوو یەکن، هەروەها لەلای (امام الـحَرَمَيْن) و تابیعەکانی.

وە لە لای جـمهوور موعزەل «خاص»ترە لە مونقەتیع و موڕسەل، وە هەموو موعزەلێ مونقەتیع و مورسەلە، بەڵام هەموو مونقەتیع و مورسەلێ موعزەل نییە، وە ئەوە کە فەرموویانە: موڕسەل هەر ئەو حەدیسەیە کە سەحابی ساقت بوو بێ لێی نەك سەحابی و تابیعی لێی ساقت بووبن، وەکو خەتیب ئەمەی گێڕاوەتەوە لە زۆربەی ئەهلی حەدیس، ئەوە موعزەل و مورسەل بە (متباين) دەرئەچن ناوی یەکێکیان نادرێ بەویان، ئەمە تا ئێرە لە کتێبی (جامع التحصيل) وەرمگرتووە، بەڵام بینا لەسەر فەرموودەی (ابن الصلاح) ئەم باسە ئاوایە کە دێ:

ئەڵێ: سوورەتی ئەو موڕسەلە کە خیلافی تێدا نەبێ، حەدیسێکە یەکێ لە تابیعییە گەورەکان فەرموبێتی: (**قال رسول الله ـ ﷺ ـ كذا أو فعل رسول الله ـ ﷺ ـ كذا**)، وە مەبەست لە تابیعی گەورە کەسێکە گەیشتبێ بە کۆمەڵێ لە ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ و دانیشتبێ لەگەڵیاندا، وەکو عەبدوڵڵای کوڕی عەدیی کوڕی خیار و سەعیدی کوڕی موسەییەب و هاووێنەی ئەوان، بەڵام مەشهوور وەهایە کە فەرق نییە لە بەینی تابیعییەکاندا، وەهەریەکێ لەوان بڵێ: (قال رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ كذا) ئەوە حەدیسەکەی بە موڕسەل ئەزانرێ.

وە لەم مەقامەدا چەند سوورەتێ هەیە ئیختیلاف هەیە لەوا کە موڕسەلن، یان نا:

یەکەم ئەو سوورەتە کە لە پێش گەیشتن بە تابیعی ئیسنادەکەی قەتع ببێ، واتە ڕاوی ڕیوایەتەکەی لە کەسێکەوە بێ کە نەیبیستبێ لەو کەسەوە، لەم سوورەتەدا حاکیم جەزمی ناوە بەوەدا کە ئەم حەدیسە ناونابرێ بە موڕسەل، وە موڕسەل خاسسە بە ڕیوایەتی تابیعینەوە، جا لەو ڕیوایەتەدا کە وتمان: ئەگەر تاقە یەکێ ساقت بووبێ ئەوە حەدیسەکە لە عورفا ناوی بە مونقەتیع ئەبرێ، وە ئەگەر دوو کەس یا زیاتر بن ئەوە ناوی موعزەلە، هەروا بە مونقەتیعیش ناوئەبرێ، بەڵام ئەوە زانراوە لە فیقهـ و ئوسوولدا هەموو ئەوانە ناوئەبرێن بە موڕسەل، وە ئەبوبەکری خەتیب و گەلێ لە موحەددیسین لەسەر ئەم فیکرەن، بەڵام خەتیب فەرموویەتی: ئەغڵەبی ئەوەی کە بە موڕسەل ناوئەبرێ ئەو حەدیسەیە کە تابیعی ڕیوایەتی کردبێ لە حەزرەتەوە ﷺ و ئەوەی کە تابیعی ڕیوایەتی کردبێ ئەوە بە موعزەل ناوئەبرێ.

دووەم ئەوەی کە بچووکانی تابیعین ڕیوایەتی بکەن لە حەزرەتەوە ﷺ وەکو زوهری و ئەبو حازم و یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساری و وێنەی ئەمانە، ئەوە کۆمەڵێ لە موحەددیسین ناوی نابەن بە موڕسەل، بەڵکو پێی ئەڵێن مونقەتیع لەبەرئەوە ئەمانە زۆربەی ڕیوایەتیان لە تابیعینەوەیە، وە لە کۆمەڵێ ئەسحابی مەگەر یەکێ یا دوو کەسیان چاو پێکەوتبێ.

سێیەم: کاتێ لە ئیسنادا لە ئینسانی نامەعلوومەوە ڕیوایەت بکرێ، وەکو: **(روى فلان عن رجل، أو شيخ أن نحو ذلك)** ئەوە بینا لەسەر ئەوەی کە حاکیم لە کتێبی **(معرفة علوم الحديث)**دا نووسیویەتی: ئەوانە بە موڕسەل ناونابرێن، بەڵکو بە مونقەتیع دائەنرێن، بەڵام لە بازێ تەسانیفدا بە موڕسەل دائەنرێن.

جا (ابن الصلاح) فەرموویەتی: بزانن حەدیسی موڕسەل حوکمی حەدیسی زەعیفی هەیە، مەگەر لە ڕێگەیەکی تریشەوە ڕیوایەت کرابێ، بۆیە ئیمامی شافیعی ـ رضي الله عنه ـ ڕەفتاری کردووە بە موڕسەلەکانی سەعیدی کوڕی موسەییەب ـ رضي الله عنه ـ لەبەرئەوە لە چەند ڕێگەی ترەوە بە موسنەدی ڕیوایەت کراون، وە ئەو ڕەخنە کە گیراوە لەم قسەیە و وتوویانە:

لەم کاتەدا ئیعتیماد لەسەر مورسەلەکە نییە، بەڵکو ئیعتیماد لەسەر موسنەدەکەیە، ئەوە لە وەڵامیاندا ئەڵێین: بێگومان ئەو مورسەلە بە هۆی یارمەتی ئەو موسنەدەوە دەرکەوتووە بۆمان ئەو ئیسنادە کە ئیرسالەکەی تێدا ئیسنادێکی سەحیح و موعتەبەرە و ئیحتیجاجی پێ ئەکرێ و ئینکاری ئەمە ناکا مەگەر یەکێ کە زەوقی نەبێ لە عیلمی حەدیسدا.

بزانن ئەوەی وتمان کە: حەدیسی مورسەل وەکو حەدیسی زەعیف وایە و ئیحتیجاجی پێ ناکرێ بیری کۆمەڵێ لە موحەددیسەکانە، وە لە ئە وەڵی سەحیحی موسلیمەوە ئەڵێ: (**المُرسَلُ فِي أصلِ قولِنا وقولِ أهلِ العلمِ بالأخبارِ ليسَ بحُجَّةٍ**)[1]، وە (**ابنُ عبدِالبرِّ**) حافیزی مەغریب ئەم قسەیەی گێڕاوەتەوە لە کۆمەڵێ لە ئەهلی حەدیسەوە، بەڵام مەزهەبی ئەبوحەنیفە و مالیك و ئەتباعیان لەسەر ئەوەیە کە: مورسەل ئیستیدلالی پێ ئەکرێ.

ئاگادار بن: ئێمە ئەو حەدیسانە کە وردە سەحابیەکان ڕیوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ وەکو (ابن عباس - رضي الله عنهما -) و غەیری ئەویش وە لە حەزرەتیشیان نەبیستووە، لە حوکمی مەوسوول و موسنەددا دایان ئەنێین، لەبەرئەوە کە ڕیوایەتیان لە سەحابییەوە بووە وە حاڵی سەحابیش عەداڵەتە - والله أعلم -

حەدیسی (مرسل)

حەدیسی مورسەل لای موحەددیسین ... ئەوەیە بیری گەلێ تابیعین
بێ بڵێ: (قال رسول اللهِ) ... ئەمە زۆر بەرزە مەرتەبە و جاهی
وەك عوبەیدوڵڵای بن عەدی ئەرشەد ... هاورازی گەلێ ئەسحابی ئەحمەد
یا وەکو (سعید بن المسیب) ... یا وێنەی ئەمان پیری (مهذب)
چون زاهیر وایە کە ڕیوایەتیان ... لە سەحابییە نەك تابیعییان
تەبعەن سەحابیش بە دڵی ئاگاه ... ڕیوایەت ئەکا لە (رسول الله)
هەرچەن مەشهوورە هەموو تابیعین ... لە حوکما یەکن لای موحەددیسین
بەڵێ چەند سوورەن خیلافیان تیایە ... مورسەلن یاخۆ دوورن لەو پایە

---

١. مقدمة صحيح مسلم، ١/ ٢٤.

یەکەم عاریض بێ (عند الاجتماع)   بەر لە سەحابی دەردی ئینقیتاع
ڕاوی لەو شوێنا دوورە لە سەماع   لە سەحابیوە بێ شوبهە و نیزاع
حاکیم ئەم مادە ناکا بە مورسەل   لەبەر نەمانی تابیعی ئەمثەل
جا ئەگەر یەکێ لەویا فەوتاوە   ئەوە مونقەتیع لەبۆ ئەو ناوە
ئەگەر دوو کەس بن ئەوە (مُعضل)ـە   ئەمیش لای حاکیم غەیری مورسەلە
لەلای فوقەها و لای ئەهلی ئوسوول   هەردوو مورسەلن مورسەلی مەقبوول
دووەم ڕیوایەی چینی (أصاغر)   کە وتیان: (قال الرسول الناصر)
بە وێنەی زوهری و یەحیای بن سەعید   ئەبو حازمی فازیلی ڕەشید
لەسەر حیکایەی (ابن عبد البر)   عالمی گەورەی خاوەن خێرو فەڕ
قەومێ هەن ناویان نابەن بە مورسەل   هەر مونقەتیعە ناویان (في المثل)
چونکە بە عادەت لە سەحابییان   کەمیان بینیوە دوان یان سیان
دەی زاهیر وایە کە ڕیوایەتیان   لە تابیعین بێ نەك سەحابییان
بەڵام بە شۆرەت مەروی تابیعین   هەمووی مورسەلن: (کالماء المعین)
سێیەم ڕیوایەت لە شەخسی موبهەم   وەکوو (فلان عن شیخ أکرم
أو عن رجل) بەبێ زیکری ناو   شەخسییەتەکەی دەرنەچێ تەواو
حاکیم فەرموویە: بڵێ مونقەتیع   پێی مەڵێ: (مرسل، فاسمع وأطع)
حەدیسی مورسەل وێنەی زەعیفە   بۆ عەمەل ناشێ هێزی خەفیفە
مەر بە وەجهێتر تەخریج کرابێ   وەکو زەعیفی (متابع) وابێ
ئەبو حەنیفە و مالیك بە مورسەل   ئیحتیجاج ئەکەن بێ شوبهە و خەلەل
هەروا ئیمامی (أحمد بن حنبل)   بە ڕیوایەتی وەرئەگرێ مورسەل
(نعم مسند صغار الاصحاب   مسندٌ حکماً بلا ارتیاب)

◊◊◊

١٠ـ باسی فەرموودەی پچڕاو (الـمُنْقَطِعْ)(١)

بزانن لە تاریفی (مُنْقَطِع) و فەرقی مابەینی مونقەتیع و مورسەلدا چەند بیروڕای لەسەر هەیە بۆ موحەددیسەکان و غەیری ئەوان، جا لەو بیرانەیە ئەوەی ڕابوورد لە حاکیمەوە لە باسی مورسەلدا، کە: مورسەل مەخسووسە بە ڕیوایەتی تابیعییەوە، وەمونقەتیع عیبارەتە لە ئیسنادێ کە لەپێش گەیشتن بە تابیعی ڕاوییەکی وا بێ نەیبیستبێ لەوەی واله ژوورییەوە و ئەوە کە ساقتە لەبەینی ئەواندا مەذکوور نەبێ، نە بە موعەیەنی و نە بە غەیرە موعەیەنی، وە لە مونقەتیعە ئەو ئیسنادە کە بازێ لە ڕاوییەکانی بە لەفزێکی موبهەم ناوبرابێ، وەکو (رجل، شیخ) و وێنەی ئەوانە، وێنەی یەکەم ئەوەیە کە ڕیوایەتمان کردووە لە (عبدالرزاق) لە سوفیانی سەوری لە ئەبوئیسحاق لە زەیدی کوڕی (یُشَیع) لە حوزەیفەوە ئەڵێ: **قالَ رسولُ اللهِ ـ ﷺ ـ إنْ وَلَّيْتُمُوْهَا أبا بكرٍ، فقويٌّ أمينٌ. الحَديث)** (٢)، ئەم ئیسنادە کە موحەددیس تەماشای ئەکا شێوەکەی شێوەی موتتەسیلە

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مونقەتیع تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٢٧ ـ ٢٩، والكفاية: (٥٨ ت، ٢١ هـ)، والتمهيد ١/ ٢١، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ١٨٠ ـ ١٨٢، والتقريب: ٥٨، والاقتراح: ١٩٢ ـ ١٩٣، والمنهل الروي: ٤٦ ـ ٤٧، والخلاصة: ٦٨ ـ ٦٩، والموقظة: ٤٠، وجامع التحصيل: ٣١، واختصار علوم الحديث: ٥٠ ـ ٥١، والمقنع ١/ ١٤١، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٧٣، ونزهة النظر: ١١٢، والمختصر: ١٣١ ـ ١٣٢، وفتح المغيث ١/ ١٤٩، وألفية السيوطي: ٢٤، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٦٣، وفتح الباقي ١/ ١٥٨، وتوضيح الأفكار ١/ ٣٢٣، وظفر الأماني: ٣٥٤ ـ ٣٥٥، وقواعد التحديث: ١٣٠).

٢. هكذا أورد ابن الصلاح متن هذا الحديث، وهو متابع فيه للحاكم، إذ أورده هكذا في معرفة علوم الحديث: ٢٨ ـ ٢٩، وهو اختصار مخلّ من حيث ما ذُكِر وما حُذِف والمتن الكامل الذي أورده الحاكم نفسه في المستدرك ٣/ ١٤٢: «إن وليتموها أبا بكر فزاهد في الدنيا راغب في الآخرة وفي جسمه ضعف، وإن وليتموها عمرَ فقويٌّ أمينٌ لا يخاف في الله لومة لائم، وإن وليتموها علياً فهادٍ مهتدٍ يقيمكم على صراط مستقيم»، والحديث أخرجه: العقيلي ٣/ ١١١، وابن عدي في الكامل ٥/ ٩٥٠ ـ ط دار الفكر و ٦/ ٥٤٢ ط دار الكتب العلمية، والحاكم في المستدرك ٣/ ١٤٢، وفي معرفة علوم الحديث: ٢٩، وأبو نعيم في الحلية ١/ ٦٤، والخطيب في تاريخه ٣/ ٣٠٢، وابن الجوزي في العلل المتناهية: (٤٠٥)، قلنا: عبد الرزاق رواه عن رجلين ـ ولكنهما شبه لا شيء ـ روى العقيلي بسنده ٣/ ١١١: أنه قِيلَ لعبد الرزاق: سَمعت هذا من الثوري؟ قال: لا، حدّثني يحيى بن العلاء وغيره، ثُمّ سألوه مرة ثانية، فقال: حدَّثنا النعمان بن أبي شيبة ويحيى بن العلاء عن سفيان الثوري»، و قال الذهبي فِي الميزان ٢/ ٦١٢: «النعمان فيه جهالة ويحيى هالك ... والخبر منكر».

(مَعَ أنـه) مونقەتیعـه لـه دوو شـوێنا، یەکـەم: (عبدالـرزاق) نەیبیسـتووه لـه سـەوریـیەوه، بەڵکو بیستوویەتی لە نەعمانی کوڕی ئەبو شەیبەی جوندی لە سـەوریـیەوه و سـەوری نەیبیستووه لـه ئەبو ئیسحاقەوه، بەڵکو بیستوویەتی لە شورەیك لە ئەبوئیسحاقەوه، وه وێنەی دووەم ئەو حەدیسەیە کە ڕیوایەتمان کردووه لە (أبو العلاء)ی کوڕی عەبدوڵڵای (شخیر) لـه دوو پیاوەوه لە شـەددادی کوڕی ئەوس لە ڕەسولوڵڵاوه ﷺ لە دۆعا لە نوێژا: (**اللَّهُمَّ إنِّي أسألُكَ الثباتَ فِي الأمرِ ، الحديث**)[1].

دووەم: لـەو بیرانـه ئەوەیـه کـه (اِبنُ عبدِالبـرِّ ـ رَحِمَهُ اللّٰهُ ـ) فەرموویەتی: موڕسـەل مەخسووسە بە تابیعینەوه، وه مونقەتیع شامیله بۆ تابیعین و غەیری تابیعین، وه مونقەتیع لە لای ئەو عیبارەتە لە حەدیسـێ کە ئیتتیسـالی سـەنەدی نەبێ، خواهـ نیسـبەت بدرێ بۆ لای حەزرەت ﷺ یا بۆ لای غەیری ئەو.

سێیەم: لـەو بیرانـه ئەوەیـه کـه مونقەتیع وەکو موڕسەلـێ وایە و هەردووکیان شامیلن بۆ هەر ئیسـنادێ کە موتتەسیل نەبێ، وه ئەم مەزهەبە نزیکترە لە واقیع و گەلێ کەس لە فوقەها و غەیری فوقەها وەریانگرتووه، وه ئەبوبەکری خەتیب لە (کِـفاية)دا، زیکری کردووه، ئەوەندە هەیە زۆربەی ئیستیعمالی مورسەل بۆ ئەوەیە کە تابیعی ڕیوایەتی کردبێ لە حەزرەتەوه ﷺ وه زۆربەی ئیستیعمالی مونقەتیع بۆ حەدیسێکە کەسانێ وان لە

١. حديث حسن بطرقه، وهذا إسناد ضعيف لانقطاعه، حسان بن عطية لم يدرك شداد بن أوس. ورجال الإسناد ثقات رجال الشـيخين، و أخرجه ابن أبي شـيبة ٢٧١/١٠، والخرائطي في «فضيلة الشكر للّه» من طريق عيسى بـن يونس، وأبو نعيم في «الحليـة» ٢٦٦/١ و٧٧/٦ـ٧٨ من طريق يحيى بن عبد اللّه، كلاهما عن الأوزاعي، بهذا الإسـناد، و أخرجه ابن حبان (٩٣٥) ، والطبراني (٧١٥٧) ، وأبو نعيم في «الحلية» ٢٦٦/١ من طريق سـويد بن عبد العزيز، عن الأوزاعي، عن حسـان بن عطية،حديث حسن بطرقه، وهذا إسناد ضعيف لانقطاعه، حسان بن عطية لم يدرك شداد بن أوس. ورجال الإسناد ثقات رجال الشيخين، وأخرجه ابن أبي شيبة ٢٧١/١٠، والخرائطي في «فضيلة الشكر للّه» من طريق عيسى بن يونس، وأبو نعيم في «الحلية» ٢٦٦/١ و٧٧/٦ـ٧٨ من طريق يحيى بن عبد اللّه، كلاهما عن الأوزاعي، بهذا الإسـناد، و أخرجه ابن حبان (٩٣٥) ، والطبراني (٧١٥٧) ، وأبو نعيم في «الحلية» ٢٦٦/١ من طريق سـويد بن عبد العزيز، عن الأوزاعي، عن حسـان بن عطية، و مسند الإمام أحمد بن حنبل، أبوعبد اللّه أحمد بن محمد بن حنبل بن هلال بن أسد الشيباني (الـمتوفى: ٢٤١هـ)، الـمحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وآخرون، إشراف: د عبد اللّه بن عبدالـمحسن التركي، الناشر: مؤسسة الرسالة، الطبعة الأولى، ١٤٢١ هـ ـ ٢٠٠١ م، ٣٣٩/٢٨، فەرموودەی ژمارە(١٧١١٥).

خواری تابیعینەوە نەقڵی بکەن لە سەحابییەوە، وەکو ڕیوایەتی مالیك لە ئیبنوعومەرەوە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ وە وێنەی ئەمەیش ـ واللە أعلم ـ

چوارەم: لەو بیرانە ئەوەیە کە ئەبوبەکری خەتیب گێڕاویەتیەوە لە بازێ لە ئەهلی عیلمی حەدیسە وەکە مونقەتیع ئەوەیە ڕیوایەت بکرێ لە تابیعییەوە یا لە کەسێ لە خواری تابیعییەوە و ڕاوەستێ لەسەر ئەو لە وتار بێ یا لە ڕەفتار، وە ئەمە غەریبە و دوورە ـ واللە أعلم ـ

حەدیسی (مونقەتیع)

بە فیکری گەلێ لە موحەددیسین	گەلێ وجەهاء لە فوقەهای دین
مونقەتیع ناوە لەبۆ حەدیسێ	کە ئیتتیسالی سەنەدی نەبێ
ئەو ئینقیتاعەیش بە هەرچۆنێ بێ	واتە جێی ساقت لەهەر شوێنێ بێ
بەڵام بە ئەکسەرعولەمای حەدیس	بەکاری دێنن لە کاتی تەحدیث
بۆ ڕیوایەتی (من دون التابع)	لە ئەسحابەوە ئەسحابی شافیع
(قیل) ئەوترێ لەبۆ ئیسنادێ	لە خوار تابیعی خەلەلی تیابێ
یەك ڕاوی گوم بێ یاخود موبهەم بێ	ئەگەرچی (قیل)ـە، با موسەللەم بێ

◈◈◈

١١ـ باسی فەرموودەی ئاڵۆزاو (الـمُعْضَلْ)[1]

حەدیسی موعزەل ئەوەیە دوو کەس یا زیاتر لە ئیسنادەکەیا نەمابن، وەکو ئەو حەدیسە کە تابیعی تابیعی ڕیوایەتی ئەکا و ئەڵێ: (عن رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، أو عن أبي

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی موعزەل تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٣٦، والكفاية: (٥٨ ت، ٢١ هـ)، والإرشاد ١/ ١٨٣، والتقريب: ٥٩، والاقتراح: ١٩٢، والمنهل الروي: ٤٧، والخلاصة: ٦٨، والـموقظة: ٤٠، وجامع التحصيل: ٣٢ ـ ٩٦، واختصار علوم الحديث: ٥١، والمقنع ١/ ١٤٥، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٢٧٣، ونزهة النظر: ١١٢، والمختصر: ١٣١، وفتح المغيث ١/ ١٤٩، وألفية السيوطي: ٢٤، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٦٣، وفتح الباقي ١/ ١٥٨، وتوضيح الأفكار ١/ ٣٢٣، وظفر الأماني: ٣٥٥، وقواعد التحديث: ١٣٠).

بكر، أو عن عمر، وهكذا)، ئیتر ناوی ئەو کەسانە نابا کە وان لە بەینی خۆیان و ئەو کەسەدا کە ڕیوایەتی لێوە ئەکەن.

وە ئەبو نەصری سجزی (السِّجْزِيُّ) حافیز ئەڵێ: قەولی ڕاوی: (بلغنـي) وەکو قەولی ئیمامی مالیك ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ ئەڵێ: (**بَلَغَنـي عَنْ أبي هريرةَ: أنَّ رسولَ اللهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ قالَ: لِلْمَملوكِ طَعامُهُ وكِسْوتُهُ. الحديث**)[1]، ئەوە لە لای ئەهلی حەدیسدا ناوئەبرێ بە موعزەل.

جا (ابن الصلاح)یش ـ رحمه الله تعالى ـ فەرموویەتی: منیش ئەڵێم فەرموودەی موسەننیفین لە فوقەهاو غەیری فوقەها: (قال رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كذا وكذا) لە قەبیلەی حەدیسی موعزەلە.

وە حافیز ئەبوبەکر بەغدادی خەتیب لە بازێ وتاریا بە مورسەل ناوی بردووە، وە ئەمە لەسەر ئەو یاساتانێ کە بازێ فەرموویانە: (كل ما لَم يتصل سنده فهو مُرسل).

---

١. في الموطأ (رواية يحيى الليثي (٢٨٠٦)، ورواية أبي مصعب الزهري (٢٠٦٤)، ورواية سويد بن سعيد (٧٧٩)، وهو في موطأ عبد الله بن مسلمة القعنبي كما أسنده إليه الحاكم في معرفة علوم الحديث: ٣٧)، و قد روي موصولاً عن مالك: رواه إبراهيم بن طهمان، والنعمان بن عبد السلام، و رواية ابن طهمان: عند الحاكم في معرفة علوم الحديث: ٣٧، والخليلي في الإرشاد ١/ ١٦٤، و رواية النعمان: عند الخليلي في الإرشاد ١/ ١٦٤ ـ ١٦٥؛ كلاهما (إبراهيم بن طهمان والنعمان بن عبد السلام) عن مالك، عن محمد بن عجلان، عن أبيه، عن أبي هريرة، عن النبي ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ... الحديث، و قد خولف فيه مالك فقد أسنده عن محمد بن عجلان: سفيان الثوري، عند الحميدي (١١٥٥)، وأحمد ٢/ ٢٤٧، وهيب بن خالد عند أحمد ٢/ ٣٤٢، وسعيد بن أبي أيوب عند البخاري في الأدب المفرد (١٩٢)، والليث بن سعد عند البخاري في الأدب المفرد (١٩٣)، والبيهقي في الكبرى ٨/ ٦، وسفيان بن عيينة عند البغوي (٢٤٠٣)، لكن هؤلاء (سفيان الثوري، وهيب، وسعيد بن أبي أيوب، والليث بن سعد، وسفيان بن عيينة) رووه عن ابن عجلان، عن بكير بن عبد الله الأشج، عن العجلان، عن أبي هريرة وروايتهم أصحّ. فقد توبع محمد بن عجلان على روايته، كما في رواية الجمع، فقد أخرجه مسلم ٥/ ٩٣ (١٦٦٢) من طريق عمرو بن الحارث، عن بكير بن عبد الله بن الأشج، عن العجلان، فلعل هذا هو السبب الذي جعل الإمام مالك يذكره بلاغاً في موطئه؛ لأنّه لم يضبطه جيداً، وعجباً أنّ الدكتور بشار عوّاد لم يتنبه إلى ذلك في تعليقه على موطأ مالك في روايتيه (رواية أبي مصعب ورواية يحيى الليثي) بل لم يشر أبداً إلى الرواية الموصولة من طريق مالك، و استشكل بعضهم كون هذا الحديث معضلاً؛ لجواز أن يكون الساقط بين مالك وأبي هريرة واحداً فقط، لا سيّما وَ قد سَمع مالك من جماعة من أصحاب أبي هريرة كسعيد المقبري ونعيم المجمر ومحمد بن المنكدر، فَلِمَ جعلَهُ معضلاً؟ الجواب: أن مالكاً قد وصله ـ كما تقدّم ـ خارج الموطأ فرواه عن محمد بن عجلان، عن أبيه، عن أبي هريرة، فتبين أن الساقط اثنان، بروانه: نكت الزركشي ٢/ ١٨، ومحاسن الاصطلاح: ١٤٩، والتقييد والإيضاح: ٨٢، ونكت ابن حجر ٢/ ٥٨٢.

وە کاتێ یەکێ لە تابیعی تابیعین حەدیسێکی ڕیوایەت کرد لەو تابیعییەوە لەسەری ڕاوەستا، وەلـحاڵ ئەو حەدیسی ئەوە موتتەسیل بوو بە حەزرەتەوە ﷺ ئەوەیش حاکیم ئەبو عەبدوڵلا بە نەوعێکی لە موعزەل داناوە، وەکو ئەو حەدیسە کە ڕیوایەتمان کردووە لە (أعمش)ـەوە، و لە (شعبی)ییەوە، کە فەرمووی: **(يُقالُ للرَّجُلِ يومَ القيامةِ عَمِلْتَ كذا وكذا، فيقولُ: ما عَمِلْتُهُ فَيُخْتَمُ على فيهِ. الحديث)**[1]، ئەمە ئەعمەش بە شێوەی موعزەل ڕیوایەتی کردووە، وەلـحاڵ ئەو حەدیسە شەعبی ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەسەوە ئەویش لە حەزرەتەوە ﷺ بە ئیتتیسالی سەنەد.

(ابن الصلاح ـ رحـمه الله) فەرموویەتی: من ئەڵێم ناوبردنی ئەمە بە: موعزەل ، جوانە، چونکی ئینقیتاع بە نەبوونی یەکێك لە ڕاوییەکان لەگەڵ وەقفدا موشتەمیلە لەسەر ئینقیتاع بە دوو کەس کە عیبارەتن لە سەحابی لەگەڵ (رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ)دا، کەوابوو ناوی موعزەل بۆ ئەمە جوانترە لەناوی مونقەتیع ـ والله أعلم ـ جا لێرەدا چەند تەفریعاتێ هەیە:

یەکەم: ئیسنادێ کە (معنعن) بێ کە عیبارەتە لە حەدیسێ ڕیوایەت بکرێ بەشێوەی : (فلان عن فلان عن فلان) بازێ لە موحەددیسەکان لە قەبیلەی مورسەل و مونقەتیعیان ژماردووە تا ئیتتیسالی سەنەدەکەی دەرئەکەوێ، بەڵام ئەو بیرە کە ڕاست بێ و ڕەفتاری موحەددیسین لەسەری ڕۆیشتوە ئەمەیە کە: ئەم جۆرە حەدیسە (معنعن)ـە، بە خاوەنی ئیسنادی موتتەسیل دائەنرێن، بەمەرجێ ئەو کەسانە کە مەشموولی (عنعن)ـەکەن، بازێکیان گەیشتبن بە بازێکیان و پارێزراوبن لە عەیبی تەدلیس، لەم کاتەدا لەسەر ئیسنادی موتتەسیل دائەنرێن، مەگەر خیلافی ئەوە سابت بووبێ.

وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: زۆر واقیع بووە و ئەبێ لەلای ئەهلی حەدیس کەلیمەی (عن) بەکاردێنن لە ئیجازەدا مەسەلەن: یەکێ لەوان ئەڵێ: **(قرأتُ على فلانٍ عَنْ فلانٍ)** ئەوانە زاهیرن لە ئیتتیسالی سەنەددا ـ والله أعلم ـ

---

١. أخرجه من هذا الوجه معضلاً، الـحاكم فِي معرفة علوم الـحديث، ص٣٨، و رواه من هذا الوجه متصلاً مسنداً: مسلم ٨/ ٢٦٧ (٢٩٦٩)، والنسائي فِي الكبـرى (١١٦٥٣)، وابن أبي حاتـم ـ كما فِي تفسير ابن كثير ٣/ ٥٧٧ ـ وابن أبي الدنيا فِي التوبة وابن مردويه فِي تفسيـره ـ كما ذكره السيوطي في الدر الـمنثور ٧/ ٦٧ ـ .

دووەم: ئیختیلاف هەیە لە قەولی ڕاویدا: (أنَّ فلاناً قالَ: كذا وكذا) ئایا بە ئیسنادی موتتەسیل دائەنرێ، وەکو ڕیوایەتی (معنعن) ـ ئەگەر ئەو کەسانە وان لە سەنەدەکەدا بازێکیان گەیشتبی بە بازێکیان ـ یا نە؟

(ابن عبدالبَر) لە جمهووری ئەهلی عیلمەوە نەقڵی کردووە کە لەفزی (عَنْ) و (أنَّ) وەکو یەك وان، وە لەم باسەدا هەر مولاقاتی بازێ بۆ بازێکیان ئیعتیبار ئەکرێ هەتا دەرئەکەوێ ئینقیتاع لە سەنەدەکەدا، بەڵام ئیمامی (أحمد بن حنبل) ئەفەرموێت: حەرفی (أنَّ) وەکو (عَنْ) نییە و ئیسنادەکە بە موتتەسیل ناناسرێ.

تەفریعی سێیەم: وەکو ئێمە ڕیوایەتی (معنعن) و ڕیوایەت بە حەرفی (ان) ئەبڕین بەسەر ئیتتیسالی سەنەددا، ئەبوبەکری سیرەفی شافیعیش وایکردووە و فەرموویەتی: هەرکەسێ حەدیسی بیستبێ لە کەسێکەوە و لە پاشان حەدیس لەو کەسەوە ڕیوایەت بکا ئەوە ئەو تەحدیسە لەسەر سەماع ئیعتیبار ئەکرێ، مادام لە واقیعدا ثابت نەبێ بۆمان کە ئەو حەدیسەی لەو شەخسەوە نەبیستووە، هەروا هەرکەسێ کە بە مەعلوومی گەیشتبێ بە کەسێ حەدیس لەو کەسەوە ڕیوایەت بکا، ئەوەش حەمل ئەکرێ لەسەر ئیتتیسال، بەڵام بۆ ئەو کەسانەیە کە تەدلیسیان لێ دەرنەکەوتبێ.

وە دەلیل لەسەر ئەو بڕیارە ئەمەیە: ئەگەر ئێمە ئەو حەدیسە حەمل نەکەین لەسەر ئیتتیسالی سەنەد ئەبێ ئەو کەسە بە خاوەن تەدلیس بزانین، وە زاهیر وایە کابرا دوور بێ لە عەیبی تەدلیس، چونکە زاهیر پاکیی ئینسانە لەم عەیبانە مادام عەیبەکەی لای ئێمە دەرنەکەوتبێ، وە لە وێنەی ئەمانەیە فەرموودەی کەسێ: **(قال فلان كذا وكذا)** وەکو ئەوە کە نافیع ئەڵێ: **(قال ابن عمر كذا)** هەروا ئەگەر بە نەقڵ لە شەخسێکەوە بڵێ: **(ذَكَرَ، أو فَعَلَ، أو حَدَّثَ، أو كانَ يقولُ: كذا وكذا)** ئەمانە هەموو ئەبڕێن بەسەر ئیتتیسالی سەنەددا و لەسەر ئەوە کە بەبێ واسیتەی غەیر ئەو شتەی وەرگرتووە لەو کەسەوە.

وە ئەبو موزەففەری سەمعانی لە (عنعنة)دا، توولی سوحبەتی بە شەرت گرتووە، بەڵام ئیمام موسلیمی کوڕی حەججاج لە خوتبەی (الجامع الصحيح)دا، ئەم شەرتەی بە شیددەت ئینکار کردووە و فەرموویەتی: ئەم شەرتە بێ ئەساسە و ئەوەی کە (متفق

عليه) بێ ئەمەیە: کافییە بۆ ئیتیسالی سەنەد ثبووتی موعاصەرەی ڕاوی بۆ (مروی عنه) هەرچەند مولاقاتیان ثابت نەبێ، بەڵام شیخ (ابن الصلاح) ئەم فەرموودەی ئیمامی موسلیم بە باش نازانێ و ئەڵێ: ئەو بیرە کە موسلیم ڕەددی کردووەتەوە بیری ئیمامانی عیلمی حەدیسە، وەکوو (علي ابن المديني) و بوخاری و غەیری ئەوانیش ـ والله أعلم ـ

تەفریعی چوارەم: ئەو تەعلیقە کە ئەبو عەبدوڵڵای حەمیدی ساحێبی کتێبی (**الجمعِ بينَ الصحيحيْنِ**) و غەیری ئەویش لە موحەددیسینی مەغریب لە بوخاری شەریفدا زیکریان کردووە و بڕیاریان داوە کە ئیسنادەکەی قەتع کراوە، ئەوە هەر لە سوورەتا سوورەتی ئینقیتاعی هەیە و لە حوکمدا حوکمی ئینقیتاعی نییە و لە پایەی سەحیح نایەتە خوارەوە بۆ پایەی زەعیف، وەکو لە پێشەوە باسمان کرد لە فائیدەی شەشەم لە نەوعی ئەوەڵدا، کەوابێ ئیلتیفات ناکرێ بۆ قسەی (ابن حزم)ی، زاهیری حافیز لە ڕەتکردنەوەی ئەو حەدیسەدا کە بوخاری ئیخراجی کردووە لە حەدیسی ئەبو عامیر یا ئەبو مالیکی ئەشعەری لە حەزرەتەوە ﷺ (**لَيَكُونَنَّ فِي أُمَّتِي أقوامٌ يَسْتَحِلُّونَ الحريرَ والْخَمْرَ والْمَعَازِفَ. الحديث**)، لەم جیهەتەوە کە بوخاری بەو شێوە هێناویەتی ئەڵێ: (**قالَ هِشامُ بنُ عمَّارٍ، وساقَهُ بإسنادِهِ، فزَعَمَ ابنُ حَزْمٍ أنَّهُ منقطِعٌ فيما بيْنَ البخاريِّ وهِشامٍ، وَ جَعلَهُ جواباً عَنِ الاحتجاجِ بهِ على تَحريمِ الـمَعازِفِ**)، جا (ابن حزم) گومانی بردووە بە هۆی جەوابدانەوەی ئەو کەسانە کە بەو حەدیسە ئیستیدلالیان کردووە لەسەر تەحریمی مەعازیف[1].

وە لە واقیعدا ئیبنو حەزم لەو قەزییەدا بە غەڵەتا ڕۆیشتووە و ئەو حەدیسە سەحیحە و ئیتیسالی مەعرووفە، وە بوخاری ـ رَحِمه الله تعالى ـ ئەو نەوعە سیاقەی هەیە، چونکی حەدیسەکە مەعرووفە لە لایەنی چەند کەسی باوەڕپێکراوانەوە تا ئەگات بەو شەخسە کە تەعلیقەکەی لێوە کردووە، وە جار جاریش تەعلیق ئەکا لەبەرئەوە کە ئەو حەدیسەی لە شوێنێکی تردا بە موسنەدی و موتتەسیلی بەیان کردووە، یا لەبەر ئەسبابێکی تری وەهادا کە غەیری خەلەلی ئینقیتاع بێ ـ والله أعلم ـ

وە ئەوەیش کە باسمان کرد لە حوکمی تەعلیق بۆ شوێنێکە بوخاری بەشێوەی ئەسڵ

---

١. مەعازیف: تەپڵ و زوڕنا و مۆسیقا

و مەقسوود زیکری بکا، نەك لە مەعرەزی ئیستیشهاددا، چونکە شەواهید چاوپۆشیان تیا ئەکرێ مەقتووع بن یان مەوسوول.

جا بزانن من سوورەتی تەعلیقم وەها چاوپێکەوتووە کە بەکاردێ لە حەزفی ئیسناد بە حەزفی ئیسناد لە ئەوەڵی ڕیوایەتەکەوە یەکێ بێ یا زیاتر، بەڵام بازێ کەس بەکاریان هێناوە بە حەزفی هەموو ئیسنادەکان، وەکو: **(قالَ رسول اللّهِ ـ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: كذا وكذا، قالَ ابنُ عبَّاسٍ: كذا وكذا، روى أبو هريرةَ: كذا وكذا، قالَ سعيدُ بنُ المسيِّبِ عَنْ أبي هريرةَ: كذا وكذا، قالَ الزهريُّ، عَنْ أبي سلمةَ، عَنْ أبي هريرةَ، عَنِ النبيِّ ـ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ: كذا وكذا)** هەروا تەعلیق ئەکەن تا ئەگا بە شیوخی شێخەکانیان، وە ئەمما ئەوەی ئیرادی بکا لە شێخەکانیەوە ئەوە لە قەبیلی ئەوەیە کە باسم کرد لە تەفریعی سێیەمدا.

تەفریعی پێنجەم: ئەو حەدیسە کە بازێ لە باوەڕپێکراوەکان بە مورسەل ڕیوایەتی ئەکەن و بازێ بە موتتەسیل، ئەوە موحەددیسەکان ئیختیلافیان بووە تیایا، کە ئایا بە مەوسووڵ حسێب ئەکرێ یا بە مورسەل؟ مەسەلەن: حەدیسی: **(لا نِكَاحَ إلاَّ بوليّ)**[1]،

١. حديث صحيح، وهذا إسـناد اختُلف فيه على أبي إسـحاق في وصله وإرساله، وصلُه أصح، فرواه إسرائيل ـ كما في هذه الرواية ـ عن أبي إسـحاق، عن أبي بردة، عن أبي موسـى، مرفوعاً. وسماعُ إسرائيل من جدّه أبي إسحاق في غاية الإتقان للزومه إياه، و تابع إسـرائيلَ في وصله: شـريكُ بنُ عبد اللّـه النَّخعي كما عند الدارمي (٢١٨٣) ، والترمذي (١١٠١) ، وابن حبان (٤٠٧٧) و (٤٠٩٠) ، والطبراني في «الأوسـط» (٦٨٠٥) ، والبيهقي في «السـنن الكبرى» ١٠٧/٧ـ١٠٨، وفى «السـنن الصغير» (٢٣٦٨) ، والخطيب في «تاريخه» ٤١/٦، وقيسُ بنُ الربيع كما عند الطحـاوي في «شـرح معاني الآثار» ٩/٣، والحاكم ١٧٠/٢، وأبي نعيم فـي «أخبار أصبهان» ١٢٠/١، والبيهقي في «السـنن الكبـرى» ١٠٨/٧، والخطيب في «الكفايـة» (٥٧٨) ، والطبراني في «الأوسـط» (٥٥٦١) ، وعنده زيادة: «وشـهود». =وزهيرُ بنُ معاوية كما عند ابن الجارود (٧٠٣) ، وابنِ حبان (٤٠٧٧) ، وابن عدي ١٧٩٠/٥، والحاكم ١٧١/٢، والبيهقي في «السنن الكبرى» ١٧/٠٧، وعبدُ الحميد الهلالي، كما عند ابن عدي ١٩٥٨/٥، و شريك وقيس بن الربيع وعبد الحميد الهلالي ضعفاء، وزهيرُ بن معاوية سـمع من أبي إسـحاق بعد الاختلاط، غير أن الترمذي رجَّح روايتهم مع رواية إسـرائيل، و رواه سـفيان الثوري، واختُلف عليه فيه: فأخرجه ابن الجارود في «المنتقى» (٧٠٤) ، وتقـام فـي «فوائده» (٧٥٧) «الروض البسّـام»، وابن حزم في «المحلـى» ٤٥٢/٩، والذهبي في «معجم الشيوخ « ٤٠٥/٢ من طريق بشر بن منصور، والإسماعيلي في «معجم الشيوخ» ٦٠٩/٢ـ٦١٠ من طريق عبد الرزاق وجعفر بن عون، وتمّام (٧٥٦) من طريق عبد اللّه بن وَهْب، والخطيب في «تاريخه» ٢٧٩/٦ من طريق خالد بن عمرو الأموي، خمسـتهم عن سـفيان الثوري، عن أبي إسحاق، عن أبي بردة، عن أبي موسى، به مرفوعاً، و أخرجه عبد الرزاق (١٠٤٧٥) ، والطحاوي في «شـرح معاني الآثار» ٩/٣ من طريق أبي عامر العَقَدي، والخطيب في ☚

کە ئیسرائیلی کوڕی یونس لە ئەبو ئیسحاقی سەبیعییەوە لە ئەبو بەردەوە لە باوکیەوە ـ کە ئەبو موسای ئەشعەرییە ـ و لە ڕەسولوڵلاوەﷺ ڕیوایەت کراوە بە موتتەسیلی و موسنەدی، وە سوفیانی سەوری و شوعبە لە ئەبو ئیسحاق لە ئەبو بەردەوە لە حەزرەتەوە ڕیوایەتیان کردووە.

جا خەتیبی حافیز حیکایەتی کردووە کە ئەکسەری ئەسحابی حەدیس فەرموویانە: ئەو حەدیسە بە مورسەل دائەنرێ، وە بازێ فەرموویانە حوکم بۆ ئەکسەرە و بازێ فەرموویانە حوکم بۆ (أحفظ)ـە، دەی ئەگەر ئەو کەسە کە بە مورسەل ڕیوایەتی کردووە حافیزتر بێ لەو کەسە کە بە موتتەسیل هێناویەتی ئەوە حوکم بۆ خاوەن ئیرساڵە، وە بازێ فەرموویانە حوکم بۆ ئەو کەسەیە کە ئیسنادی کردووە، ئەگەر عادڵ و زابیت بێ حەدیسەکەی وەرئەگیرێ ئەگەرچی غەیری ئەو موخالەفەی کردبێ، خواە موخالیف یەکێ بێ یا زیاتر. وە خەتیب ئەڵێ: ئەم قەولە سەحیحە و (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: ئەو قسەی خەتیبە ڕاستە لە فیقهـ و ئوسوولی فیقهدا.

وە پرسیار کرا لە بوخاری لە حەدیسی (لا نِكَاحَ إلاَّ بوليّ) ئەویش فەرمووی: حوکم بۆ ئەو کەسەیە کە وەسڵی کردووە و فەرمووی زیادەی ئینسانی باوەڕپێکراو مەقبوولە.

تەماشا بکەین بوخاری ئەمەی فەرموو (مع أنه) ئەوانەیش کە ئیرساڵی ئەو حەدیسەیان کردووە وەکو دوو کێون لە حیفز و ئیتقاندا کە ئەوانە شوعبە و سوفیانن، وە مولحەقە بەمەوە مادەیەك کە ئەو کەسە ئیرساڵی کردبێ هەر ئەو کەسەبێ کە وەسڵی کردووە لەوێیشا هەر حوکم بۆ واسیل ئەبێ، هەروا ئەگەر یەکێ حەدیسێ بەرز بکاتەوە بۆ لای حەزرەت ﷺ ڕایوەستێنی لەسەر سەحابی، یاخود یەکێ لەکاتێکدا ڕەفعی کردبێ و لە کاتی ترا وەقفی کردبێ، ئەوە لە هەموو ئەمانەدا حوکم بۆ ئەوەیە کە

☚«الكفاية» ص٥٧٩ـ٥٨٠ من طريق الحسين بن حفص، والترمذي في «العلل» ٤٢٨/١ من طريق عبد الرحمن بن مهدي أربعتهم عن سفيان الثوري، عن أبي إسحاق، عن أبي بردة، عن النبي ﷺ مرسلاً دون ذكر أبي موسى في الإسناد. و رواه شعبة، واختُلف عليه فيه كذلك: فأخرجه الدارقطني في «السنن» ٢٢٠/٣، وابن حزم في «المحلى» ٤٥٢/٩ من طريق يزيد بن زريع، عن شعبة، عن أبي إسحاق، عن أبي بردة، عن أبي موسى، به، مرفوعاً، و تابع يزيدَ النعمانُ بنُ عبد السلام كما عند ابن عدي في «الكامل» ١١٤٥/٣، والحاكم ١٦٩/٢، والبيهقي ١٠٩/٧ .

زیادەکەی هەیە، کەوابێ لەو ماددانەدا حوکم بۆ خاوەن وەسڵ و خاوەن ڕەفعە، چونکە ئەو (مثبت)ـە، و غەیری ئەو ساکتە و بێ دەنگە، وە ئەگەر نافی بێ ئەوە (مثبت) موقەددەمە لەسەری، چونکە زانایە بە شتێ کە پەنهانە لەسەر ئەویتر، وە ئەم فەصڵە تەعەللوقی هەیە بە فەسڵی زیادەی ثیقەوە ـ واللّه أعلم ـ

حەدیسی (معضل)

موعـزەل ئەوەیـە دوو یـا زیاتـر نەمابـن لـە نـاو ڕواتـی فاخـر
بـە مەرجـێ هەمـوو پێکـۆ لـکا بـن چـون مونقەتیعـە کـە لێـك بـڕا بـن
دەی گشـت موعەضەلێ مونقەتیعیشە عەکسـی بـە کوللـی نیـە لـەم پیشـە
واتـەم وەربگـرن بـە قـەدری ئیمـکان بـەکاری دێنـن موحەددیسـەکان
بـۆ ڕیوایەتـی (مـن دون التابـع) لـە ئەسـحابەوە یاخـۆ لـە شـافیع
دەی واتـەی ڕاوی (بلغنـی عـن ابـن مسـعود) موعزەلـە بـە فـەن
هەرووەهـا واتـەی فەقیهـی شـاهی کـە ئەڵـێ: (قـال رسـول اللّه)
خەتیـب بە وانەش هەر ئەڵێ مورسـەل بـەو یاسـا بیسـتت ئـەی بـرای ئەفزەل
(مـا لـم یتّصـل فهـو المرسـل فالـمعضل مرسـل واشـرب العسـل)
کاتـێ تابیعـی نابیـع لـە تابیـع ڕیوایـەت بـکا بـە وەقفـی واقیـع
سـەنەد لەوەو ژوور هەم موتەسـیل بێ بـە زاتـی بـەرزی شـافیع واسـیل بـێ
حاکیـم بە مەیشـە هەر ئەڵێ مورسـەل ئەمەیـش جوانـە لای شـێخی ئەفـزەل
مەبەسـتی شـێخی (ابـن صلاح)ـە کـە نـووری واتـەی وێنـەی میسـباحە

◇◇◇

١٢ـ باسی فەرموودەی فێڵ تیاکراو (مُدَلَّسْ)[١]

بزانن (تەدلیس) لە سەر دوو نەوعە:

یەکەم: (تدليس الاسناد)ـە، کە ئەوەیە یەکێ ڕیوایەت بکا لـە کەسێکەوە موعاسیر و هاوچەرخی بووبێ، بەڵام پێی نەگەیشتبێ و ڕیوایەتەکەیشی بە عیبارەتێکی وەها بێ موهیمی پێ گەیشتن و بیستن لەو شەخسەوە بێ، وەیا ڕیوایەت بکا لە کەسێکەوە کە پێی گەیشتبێ و حەدیسی لێ نەبیستبێ بە عیبارەتێ کە موهیمی ئەوە بێ لێی بیستووە، جا وا ئەبێ لە بەینی ئەو و ئەو کەسەدا کە ڕیوایەتەکەی لێ کردووە تا قە یەکێ هەیە یا زیاتر، وە حەققی ئەو ڕاوییە وایە ئەڵێ: **(أخبرنا فلان، أو حدثنا فلان)** بەڵکو حەققی ئەوەیە بڵێت: **(قالَ فلانٌ أو عَنْ فلانٍ)** وێنەی ئەمە وەکو ئەوە کە ڕیوایەتمان بۆ کراوە لە **(عليِّ بنِ خَشْرَمٍ)**ـەوە، ئەڵێ: لەلای سوفیانی ئیبنو عویەینە بووین **(قال الزهريُّ)** لەویا پێیان وت: ئایا زوهری قسەی بۆ تۆ کردووە، وە ئەو بێدەنگ بوو، جارێتریش وتی: **(قال الزهريُّ)** دیسان پێیان وتەوە: ئایا زوهری قسەی بۆ تۆ کردووە، ئەویش وتی: نەخێر، من نەمبیستووە لە زوهرییەوە و نەمبیستووە لە کەسێکیش کە لە زوهری بیستبێ، بەڵکو بیستوومە لە **(عبدُالرَّزَّاقِ)** کە ڕیوایەتی کردووە لە (مَعْمَر)ـەوە، و (مَعْمَر)یش، ڕیوایەتی کردووە لە زوهرییەوە.

نەوعی دووەم (تدليسُ الشيوُخ)ـە، کە ئەوەیە شەخسێ ڕیوایەت بکا لە شێخێکەوە کە لێی بیستووە، بەڵام ناوی ئەبا یا کونیەی بۆ دائەنێ یا نەسەبی باس ئەکا، یا تەوسیفی ئەکا بە جۆرێ کە ئەو شێخە بەو شێوە نەناسراوە.

جا وێنەی ئەمە وەکو ڕیوایەت کراوە بۆمان لە ئەبوبەکری کوڕی موجاهید ئیمامی

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مودەللەس تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٠٣، والمدخل إلى الإكليل: ٢٠، والكفاية: (٥٠٨ ت، ٣٥٥ هـ)، والتمهيد ١/ ١٥، وجامع الأصول ١/ ١٦٧، والإرشاد ١/ ٢٠٥، والتقريب: ٦٣، والاقتراح: ٢٠٩، والمنهل الروي: ٧٢، والخلاصة: ٧٤، والموقظة: ٤٧، وجامع التحصيل: ٩٧، واختصار علوم الحديث: ٥٣، والمقنع: ١/ ١٥٤، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٠٣، ونزهة النظر: ١١٣، ومقدمة طبقات المدلسين: ١٣، والمختصر: ١٣٢، وفتح المغيث ١/ ١٦٩، وألفية السيوطي: ٣٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٧٣، وفتح الباقي ١/ ١٧٩، وتوضيح الأفكار ١/ ٣٤٦، وظفر الأماني: ٣٧٣، وقواعد التحديث: ١٣٢).

(المُقرئ) بەم عیبارەتە: (**رَوَى عَنْ أبي بكرٍ عبدِ اللّهِ بنِ أبي داودَ السِّجِسْتانيِّ، فقالَ: حدَّثَنا عبدُ اللّهِ بنُ أبي عبدِ اللّهِ، وروى عَنْ أبي بكرٍ محمدِ بنِ الحسنِ النَّقَّاشِ الْمُفَسِّرِ المُقرئِ فقالَ: «حدَّثَنا محمدُ بنُ سَنَدٍ، نسبَهُ إلى جدّ لهُ»، واللّهُ أعلمُ).**

جا نەوعی یەکەم گەلێ ناشیرینە و زاناکان زەمیان کردووە، وە ئیمامی شافیعی ـ رضي الله عنه ـ فەرموویەتی: تەدلیس برای درۆیە، وە زاناکان ئیختیلافیان بووە لەوەدا ئایا حەدیسی (مدلس) مەقبوولە یا مەردوودە و ڕیوایەتی ئینسانی خاوەن تەدلیس قەبووڵ ئەکرێ یان نا؟

بازێکیان فەرموویانە: ئەو ڕاویە بەو تەدلیسە ناپەسەندە بریندار ئەبێ و ڕیوایەتی قەبووڵ ناکرێ، خواە بەیانی بیستنی خۆی بکا لەو (مروي عنە)وەی، خۆی یا نە. وە ئەوەی ڕاستە لێرەدا تەفسیلە بەم جۆرە:

ئەوەی (مدلس) ڕیوایەتی ئەکا ئەگەر باسی بیستنی خۆی لەو شێخەوە نەکا ئەوە حوکمی حەدیسی مورسەلی هەیە و زەعیفە مادام تەئیید نەکرێ، وە ئەگەر تەسریح بکا بە بیستنی خۆی بە وێنەی: (**سَمِعْتُ، وحدَّثَنا، وأخبَرَنا**) ئەوە حەدیسەکەی مەقبوولە و ئیستیدلالی پێ ئەکرێ، وە لە بوخاری و موسلیمدا گەلێ حەدیس ڕیوایەت کراوە لە چەند کەسانێکەوە کە تەدلیسیان بووە، وەکو: (قتادە) و (أعمش) و سوفیانەکان و (**هُشَيْمِ بنِ بَشِيرٍ**) و غەیری ئەمانەیش لەبەرئەوە کە لە حەقیقەتدا تەدلیس درۆ نییە، بەڵێ نەوعێ لە ئیهام و تاریکیی تیایە بەهۆی ئەو لەفزەوە کە ئیحتیمالی چەند حاڵی هەیە.

وە ئەمما نەوعی دووەمی تەدلیس ئەوە کارێکی سوکترە بەڵکو ئیزاعەی وەختی سامیعانی تێدایە هەتا بە شێنەیی (**مَرْوِيٌّ عنهُ**) بناسێ، بەڵێ حاڵی کابرای (مدلس) ئەگۆڕێ لەسەر نییەتی خۆی لەو تەدلیسەدا کە بۆچی وای کردووە؟

وە موحەددیسەکان نەوعێکی تریان لە تەدلیس کەشف کردووە بریتییە لەمە کابرای ڕاوی حەدیسێ ڕیوایەت ئەکا لە ئینسانێکی باوەڕپێکراوەوە کە لە ژووری ئەوەوە ئینسانێکی زەعیف هەیە و لە ژووری ئەو زەعیفەوە باقی ڕاوییەکان بەهێزن، جا ئەو ڕاوییە زەعیفە لائەبا لەناوا هەتا حەدیسەکەی بۆ ببێ بە حەدیسێکی مەروی لە

مەوسووقی (عن موثوق)، وە ئەفرادی سەنەدەکەی هەموو بۆ ئەبن بە جێگەی باوەڕ و ئیعتیماد، وە ئەم جۆرە تەدلیسە زۆر ناشیرینە، چونکە باوەڕپێکراوی یەکەم (موثوق بە) بووە و تەدلیسی نەکردووە کەچی یەکێ کە تاقیقی سەنەدەکەی کرد وا حاڵی ئەبێ ئەو مەوسووقە یەکەم تەدلیسی کردووە و ناوی شەخسە زەعیفەکەی ژووری خۆی نەبردووە (مع أنە) ئەو وای نەکردووە، وە لەلایەکی ترەوە ئەو سەنەدە کە زەعیفی تێدا بووە کابرا بەم تەدلیسە وای پێکردووە سەنەدەکانی هەموو بەهێزو قووەت دەرئەکەون، وە ئەمە مەغرووری و بایبوونێکی زۆری تێدا هەیە.

مورسەلی خەفـی لە لای گەلـێ کـەس	مـەردوودە و نابار وێنـەی (مودەللەس)
کـە عیبارەتـە لـەوەی مـەرووی بـێ	لـە موعـاصیرێ پێـی نـەگەیی بـێ

واتە: مورسەلی خەفیی، وەکو حەدیسی (مدلس) زەعیفە مادام (متابع) نەبێ، ئەویش عیبارەتە لە حەدیسێ کە شەخسێ ڕیوایەتی بکا لە کەسێکەوە پێینەگەیشتبێ و لە بەینی ڕاوی و (مَرْوِيٌّ عنهُ)دا، واسیتەیەك بێ.

وە فەرق لە بەینی (مدلس) و مورسەلی خەفیی دا ئەوەیە کە (مدلس) ڕیوایەت ئەکا لە کەسێ کە مەعلوومە پێیگەیشتووە، بەڵام حەدیسی لێ نەبیستووە، وە مورسەلی حەدیسی کەسێکە ڕیوایەتی کردبێ لە کەسێکەوە هاوچەرخی بێ بە مەرجێ نەزانرێ پێی گەیشتووە یا پێی نەگەیشتووە.

(تدلیس و مدلّس)

لەسـەر فەرمـوودەی عولەمای حەدیس	لەسـەر دوو نەوعـە رەذیلـەی تەدلیس
یەکـەم پێـی ئەڵێـن تەدلیسـی ئیسـناد	وەکـو ڕیوایـەی بـازێ لـە عیبـاد
لـە هاوچەرخـی وا پێـی نەگەییوە	وەهـا موهیـم بـێ کـە پێـی گەییـوە
یـا پێـی گەیـی بـێ و لـێ نەبیستبـێ	وەهـا موهیـم بـێ کـە لێـی بیستبـێ
لێرانـا نابـا نـاوی شـێخی خـۆی	بەڵکـو مافەوقـی ڕێکـەوێ لەبـۆی
وێنـەی ئەمەیـە کـە (ابـن خشـرم)	ئەڵێ: لای سـوفیان حازربووین بە جەم

ڕیوایەتێکی فەرموو لە زوهری وتیان: بە تۆی وت جەنابی زوهری
کەمێ ساکت بوو ئەمجاریش تیکرار عەینی ماجەرا هاتەوە دیار
وتی: نەم بیستووە لە زوهری بۆخۆی نە لەو کەسەیشە قسەی کردووە بۆی
لە (عبدالرزاق) بیستم بە جەهری ئەویش لە (معمر، معمر) لە زوهری
ئەم جۆرە کارە تانە وا لە دووی بۆیە ئیمامی شافیعی فەرمووی:
تەدلیس برایە بۆ درۆکردن یانی شەقیقن وەك جەهل و مردن
دووەم پێی ئەڵێن (تدليس الشيوخ) کاتی ریوایە لە یەك لە شیوخ
عەمدەن لا ئەدا لە یاسای ئەعراف بە ناو بە نەسەب بە کونیە و ئەوساف
هەتا نەزانن ئەو شێخە کێیە شارستانییە یا ئەهلی دێیە
باری ئەم نەوعە سووکترە لەویان سەد حاشا لەمیان دوو سەدیش لەویان
بەڵێ بازێ‌تر لە موحەددیسان نەوعێکی تریان هێنایە مەیدان
لە ژوور شێخەکەی کەسێکی زەعیف هەیە لای ئەبا بۆ قەسدی تەشریف
چون لە ژوورییەوە کەسێکی ئەفزەڵ هەیە و مەوسووقە بە وێنەی ئەوەڵ
ئەمجار دێتە سەر نەقڵ و ڕیوایەت مەوسووق لە مەوسووق هەتا نیهایەت
تا خەڵکی بڵێن: سیلسیلەی زەهەب مەقبووڵە لەلای عەجەم و عەرەب
ئەم نەوعە گەلێ گولترە لەوان چەن تیری تانە ئەخاتە کەوان

◇◇◇

حوکمی حەدیسی (مدلّس)

ئەوەی (مدلّس) ریوایەی ئەکا موحەددیس وەها تەماشای ئەکا
ئەگەر تیا نەبوو تەسریح بە سەماع وەکو مورسەلە (عند الاستماع)
ئەویش کە سەماع لەوا مەوسوولە (مُحتجّ بە) و باش و مەقبوولە
لە سەحیحەینا هەیە لەم جۆرە ئەحادیسانە قیمەتیان زۆرە

١٣ـ باسی فەرموودەی ناوێزە (الشاذ)[١]

فەرموودەی ناوێزە (الشاذ):

(ابن الصلاح) ئەفەرموێت: ڕیوایەت کراوە بۆمان لە ئیمامی شافیعییەوە ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ بە ڕیوایەتی یونسی کوڕی عەبدولئەعلا کە شافیعی فەرموویەتی پێی: حەدیسی (شاذ) ئەوە نییە کە ڕاوییەکی (موثوق بە) ڕیوایەتی حەدیسی وا بکا کە لە غەیری خۆی ڕیوایەتی نەکردبێ، بەڵکو (شاذ) ئەوەیە ئینسانێکی (موثوق بە) ڕیوایەتی حەدیسێ بکا موخالیف بێ بۆ ئەوەی کە خەڵك ڕیوایەتیان کردووە، وە حافیز ئەبوئەعلای قەزوێنی وێنەی ئەمەی حیکایەت کردووە لە شافیعییەوە و لە گەڵێ موحەددیسینی حیجازییەوە. لە پاشان ئەبو یەعلا فەرمووی: ئەوەی کە حافیزانی حەدیس بڕیاریان لەسەر داوە ئەمەیە کە: حەدیسی شاز ئەوەیە کە تەنیا ئیسنادێکی ببێ، خواهـ ڕاوی (موثوق بە) بێ یا غەیرە مەوسووق، جا ئەوەی کە لە غەیرە مەوسووقەوە بێ ئەوە مەترووکە و غەیرە مەقبووڵە، وە ئەوەیش لە مەوسووقەوە بێ تەوەقووفی تێدا ئەکرێ و ئیستیدلالی پێ ناکرێ.

وە حاکیم ئەبو عەبدوڵڵا فەرموویەتی: شاز حەدیسێکە ئینسانێکی (موثوق بە) بە تەنها نەقڵی کردبێ لە چەند کەسێکی مەوسووقەوە و ئەسڵێ نەبێ بە (متابع) بۆی، وە فەرموویەتی: شاز غەیری حەدیسی (معلل)ـە، لەم جیهەتەوە کە (معلل) عەیب و عیللەتەکەی کەشف کراوە چییە.

وە ئیمام (ابن الاصلاح) فەرموویەتی: ئەوەی کە ئیمامی شافیعی ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ بە شازی داناوە ئەوە شوبهە نییە لەوەدا کە شازە، بەڵام ئەوەی لە غەیری ئەوەوە نەقڵ کراوە ئەوە ئیشکالی تێدا هەیە، لەبەرئەوە کە شامیل دەبێ بۆ ئەو حەدیسە فەردانەی کە ڕاوی عادڵی حافیزی

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی شاز تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١١٩، وجامع الأصول ١/ ١٧٧، والإرشـاد ١/ ٢١٣، والتقريـب: ٦٧، والاقتراح: ١٩٧، والمنهل الـروي: ٥٠، والخلاصة: ٦٩، والموقظة: ٤٢، ونظم الفرائد: ٣٦١، واختصار علوم الحديث: ٥٦، والمقنع ١/ ١٦٥، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٢٠، ونزهة النظر: ٩٧، والـمختصر: ١٢٤، وفتح الـمغيث ١/ ١٨٥، وألفية السيوطي: ٣٩، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٧٧، وفتح الباقي ١/ ١٩٢، وتوضيح الأفكار ١/ ٣٧٧، وظفر الأماني: ٣٥٦، وقواعد التحديث: ١٣٠).

زابیت بە تەنیا ڕیوایەتی بکا، وەکو ئەو حەدیسە فەردە کە تەنیا عومەر ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ نەقڵی کردووە لە حەزرەتەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وە عەلقەمە لە عومەرەوە و موحەممەدی کوڕی ئیبراهیم لە عەلقەمەوە و یەحیای کوڕی سەعید لە موحەمـمەدەوە کە عیبارەتە لە حەدیسی: **(إنَّما الأعمالُ بالنِّيَّاتِ... الحديث)**[1]، وە حەدیسی عەبدوڵڵای کوڕی دینار لە (ابن عمر)ـەوە، **(أنَّ النبيَّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ نَهَى عَنْ بَيْعِ الوَلاءِ وهِبَتِهِ)**[2]، ئەم عەبدوڵڵای کوڕی دینارە بە تەنیا نەقڵی نەکردووە، وە حەدیسی زوهری لە ئەنەس: **(أنَّ النبيَّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ دَخَلَ مَكَّةَ وعلى رأسِهِ المِغْفَرُ)**[3]، ئەوەیش مالیك بە تەنیا نەقڵی نەکردووە لە زوهرییەوە.

ئەمانە هەموو ڕیوایەت کراون لە بوخاری و موسلیمدا (مع انه) هەیە یەك ئیسنادیان هەیە کە یەك (موثوق) بە تەنیا ڕیوایەتی کردووە، وە لە (غرائب الصحيح)دا، گەلێ حەدیسی وەها مەوجوودن.

وە موسلیمی کوڕی حەججاج فەرموویەتی کە: زوهری نزیکی نەوەد ڕیوایەتی هەیە لە حەزرەتەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە کەس شەراکەتی تێدا نەبووە، کە هەمووی نەقڵ کردن بە ئەسانیدی جوان.

---

١. أخرجه الحميدي (٢٨)، و أحمد ١/ ٢٥، ٤٣، والبخاري ١/ ٢ (١)، و ١/ ٢١ (٥٤)، و٣/ ١٩٠ (٢٥٢٩)، و ٥/ ٧٢ (٣٨٩٨) و ٧/ ٤ (٥٠٧٠)، و٨/ ١٧٥ (٦٦٨٩)، و٩/ ٢٩، (٦٩٥٣)، و مسلم ٦/ ٤٨ (١٩٠٧)، وأبو داود (٢٢٠١)، وابن ماجه (٤٢٢٧)، والترمذي (١٦٤٧)، والنسائي ١/ ٥٨ و ٦/ ١٥٨ و ٧/ ١٣ و في الكبرى (٧٨) و (٤٧٣٦) و (٥٦٣٠)، وابن خزيمة (١٤٢) و (١٤٣) و (٤٥٥).

٢. أخرجه: مالك (٢٢٦٨)، والحميدي (٦٣٩)، وأحمد ٢/ ٩ و ٧٩ و ١٠٧، والدارمي (٢٥٧٥) و (٣١٦٠) و (٣١٦١)، والبخاري ٣/ ١٩٢ (٢٥٣٥)، و ٨/ ١٩٢ (٦٧٥٦)، ومسلم ٤/ ٢١٦ (١٥٠٦)، وأبو داود (٢٩١٩)، وابن ماجه (٢٧٤٧)، والترمذي (١٢٣٦) و (٢١٢٦)، والنسائي ٧/ ٣٠٦، وفي الكبرى (٦٢٥٣) و (٦٢٥٤) و (٦٢٥٥)، والبيهقي ١٠/ ٢٩٢، و التمهيد ١٦/ ٣٣٣.

٣. رواه مالك في الموطأ (١٢٧١)، ومن طريقه أخرجه: الحميدي (١٢١٢)، وابن أبي شيبة ١٤/ ٤٩٢، وأحمد ٣/ ١٠٩ و ١٦٤ و١٨٠ و ٢٢٤ و ٢٣١ و٢٣٢ و ٢٤٠، والدارمي (١٩٤٤) و (٢٤٦٠)، والبخاري ٣/ ٢١ (١٨٤٦) و ٤/ ٨٢ (٣٠٤٤) و ٥/ ١٨٨ (٤٢٨٦)، ومسلم ٤/ ١١١ (١٣٥٧)، وأبو داود (٢٦٨٥)، وابن ماجه (٢٨٠٥)، والترمذي (١٦٩٣)، وفي الشمائل (١١٢)، والنسائي ٥/ ٢٠٠ و ٢٠١، وابن خزيمة (٣٠٦٣)، والطحاوي في شرح المشكل (٤٥١٩) و (٤٥٢٠)، وفي شرح المعاني ٢/ ٢٥٨، وأبو يعلى (٣٥٣٩) و (٣٥٤٠) و (٣٥٤٢)، وابن حبان (٣٧١٩) و (٣٧٢١) و (٣٨٠٥)، والبيهقي ٧/ ٥٩ و ٨/ ٢٠٥، والبغوي (٢٠٠٦). والمِغْفَر ـ كَمِنْبَر ـ زَرَدٌ مِنَ الدرعِ ينسج على قدر الرأس، يلبس تحت القَلَنْسُوَة. (التاج ١٣/ ٢٤٨).

وە ئەمە نەقڵ کرا لە مەزهەبی موحەددیسەکان ئەبێ بزانی نابێ لەسەر ئیتلاق بمێنێتەوە بەو جۆرە کە خەلیل و حاکیم فەرموویانە، بەڵکو پێویستیە بە تەفسیل، (بناء علیه) ئەڵێین: کاتێ کە ڕاوییەك بە تەنیا ڕیوایەتێکی کرد تەماشا ئەکرێت: ئەگەر ئەوەی ئەو نەقڵی بە تەنیا کردووە موخالیفە بۆ ئەوەی کە ڕاوییەکی حافیزتر و زابیتتر لەو نەقڵی کردووە، ئەوە ئەو ڕیوایەتە کە بە تەنیا کراوە شازە و مەردوودە. وە ئەگەر موخالیف نییە بۆ ڕیوایەتی غەیری خۆی ئەوە تەماشا ئەکرێ لەم ڕیوایەتە تاقەدا: ئەگەر ڕاوییەکەی عادل و زابیت و (موثوق بە) بێ لە ئیتقان و زەبتدا ئەوە ڕیوایەتەکەی شازی مەقبوولە و ڕیوایەتکردنی بە تەنیایی مانیع نییە لە قبوولی، وەکو ئەو حەدیسە مونفەریدانە کە ئێستە باسمان کردن، وە ئەگەر باوەڕ بە حیفز و ئیتقان و زەبتی نییە ئەوە تەنیایی ڕاوییەکەی مانیعە لە قەبووڵی و لە پایەی حەدیسی سەحیح دەرئەچێ.

جا ئەو حەدیسە شازە مەقبووڵیشە دائیرە لە بەینی چەند پایەدا کە گەلێ تەفاوتیان هەیە، بە نەوعێ ئەگەر ڕاوییەکەی دوور نەبوو لە پایەی حافیزی زابیت، ئەوە بە حەدیسی حەسەن ئیعتیبار ئەکرێ و داینابەزێنین بۆ پایەی زەعیف، وە ئەگەر دووربوو لەو پایە ئەوە ڕەددی ئەکەینەوە و حەدیسەکەی بە شاز و مونکەر دائەنێین، کەوابێ دەرکەوت کە شازی مەردوود دوو قیسمە:

یەکەم: حەدیسی فەردە کە ئینسانێکی ئەعلا موخالیفی بێ.

دووەم: حەدیسی فەردێکە ڕاوییەکەی ئەوەندە ثیقە و زەبتی نەبێ کە جەبری تەفەڕوودی ڕاوییەکەی بکاتەوە ـ واللّه أعلم ـ

(شاذ و مُنكَر[1])

ـ شاز حەدیسێکە یەکێ بە تەنیا	ڕیوایەی بکا بۆ ئەهلی دونیا
جا ئەگەر یەکێ (احفظ و أولی)	موخالیفی بێ ئەکەوێتە لا
چونکە لەم کاتا شازی مەردوودە	لە سینفی مەقبووڵ غەیرە مەعدوودە

١. لە پاشکۆدا بە سەربەخۆیی باسی (مونکەر)م، کردووە. (لێکۆڵەر)

ئەر موخالیفی وەهایە نەبوو ... بۆ حاڵی ڕاوی بروانە زوو زوو
ئەگەر سیفاتی ڕاوی بۆ سەحیح ... لەو ڕاوییەدا بوو بە واتەی فەسیح
بڵێ ئەو شازە بە حەق سەحیحە ... جێی مەدح و سەنای مەردی سەبیحە
ئەگەر دابەزی بۆ پایەی پەسەن ... بزانە ئەوە مەقبوولە و حەسەن
مەراتیب زۆرن بە یاسای کیتاب ... تەماشا ئەکرێن بۆحەقق و حیساب
لە پایەی حەسەن ئەگەر هاتە خوار ... شازی مونکەرە و دوور لە ئیعتیبار
وا شازی مەردوود بە دوو بەش دەرچوو ... یەکەمیان (أحفظ) موخالیفی بوو
دوو بێ موخالیف هەر خۆی زەعیفە ... لەبەر زەعیفی لات و نەحیفە
(منكر) فەردێکە لای غەیری ڕاوی ... نیە لەبۆ ئەو ڕیوایە و ناوی
ئەمەیش وەکو شاز شوێنی تەفسیلە ... بازێکی صاغە و بازێ عەلیلە
بەڵام بە تەحقیق دەست کەوت لەبۆمان ... مونکەر جیایە لەو شازەی وتمان
حەدیسی مونکەر حەدیسێ وایە ... ڕاویی زەعیف و تاق و تەنیایە
موخالیفێکیش دەرکەوێ مەوسووق ... وەها پێی بڵێن سادقی مەسدووق
لەسەر ئەم یاسا چوار نەوعی مەلفووف ... شاز و مونکەر و مەحفووز و مەعرووف
موقابیلی شاز بە مەحفووز مەوسووف ... خیلافی مونکەر پێی بڵێن مەعرووف
مەحفووز ڕاجیحە لەسەر ڕیوایەی ... ثیقەی موخالیف بە گوێرەی پایەی
مەعرووفیش وایە کە ثیقەی شەریف ... ڕیوایەت بکا بە زیددی زەعیف

◇◇◇

١٤ـ (مَعْرِفَةُ الاعْتِبَارِ وَالْمُتَابِعَاتِ وَالشَّوَاهِدِ)

بزانن ئیعتیبار و موتابەعە و شاهید، چەند عیبارەتێکن کە موحەددیسەکان ئیستیعمالیان ئەکەن، مەسەلەن لە کاتی تەماشاکردنی حەدیسدا، ئایا ئەو حەدیسە فەردە یان نا؟ وە مەعروفە یان نا؟ وە ئەگەر فەرد بوو ئایا (مؤيد)ی، هەیە یان نا؟ وە (مؤيد) پایەکەی چییە؟

جا ئەبو حاتەم موحەممەدی کوڕی حیبانی تەمیمی حافیز ـ رحمه الله تعالى ـ فەرموویەتی: ڕێگەی ئیعتیبار لە حەدیسدا وەکو ئەوە کە حەممادی کوڕی سەلەمە حەدیسێکی وای ڕیوایەت کردووە کە موتابەعەی لەسەر نەکراوە (عَنْ أَيُّوبَ، عنِ ابنِ سيرينَ، عَنْ أبي هريرةَ، عَنِ النبيِّ ـ ﷺ ـ)، وە لەم حەدیسەدا تەماشا ئەکرێ: ئایا ڕاوییەکی (موثوق به) غەیری ئەیوب لە ئیبنو سیرینەوە هەیە؟ جا ئەگەر دەستی کەوت ئەزانێ ئەو حەدیسە ئەسڵێکی هەیە ئەگەڕێتەوە بۆ سەری، وە ئەگەر دەستی نەکەوت تەماشا بکا ئایا مەوسووقێکی غەیری ئیبنو سیرین نەقڵی کردووە لە ئەبو هورەیرەوە رضي الله عنه ئەگەر ئەویش نەبوو بڕوانێ بزانێ ئایا سەحابیەکیتر غەیری (ابو هريرة رضي الله عنه) ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە ﷺ، وە ئەگەر ئەویش نەبوو، بەڵام لەسەر مەعنای ئەو حەدیسە ڕاوییەك ڕیوایەتێکی کردبوو لە حەزرەتەوە ﷺ ئەوە ئەکرێ بە شاهید.

جا هەرکام لەوانەی دەستکەوت ئەوە حەدیسەکەی ئەسڵی هەیە، وە ئەگەر دەستی نەکەوت ئەوە ئەو ڕیوایەتە بە فەردی ئەمێنێتەوە.

جا (ابن الصلاح) فەرموویەتی: من ئەڵێم میسالی موتابەعە، وەکو ئەوە کە ئەو حەدیسە ڕیوایەت بکا لە (ایوب)ـەوە، کەسێکیتر غەیری (حَمّاد)، ئەوە ئەبێ بە (متابع) بە موتابەعەی (تام)، وە ئەگەر یەکێ نەبوو لەوەوە ڕیوایەت بکات بەڵام یەکێ بوو کە ڕیوایەتی کرد لە ئیبنوسیرینەوە یا لە ئەبوهورەیرەوە، وە غەیری ئەبوهورەیرە ڕیوایەتی کردبوو لە حەزرەتەوە ﷺ ئەوە هەم ناوئەبرێ بە (متابع) و ئەنجامەکەی موتابەعەیە بەڵام موتابەعەی ناقیسە بە گوێرەی دووری لە موتابەعە تامەکەوە. وە ئەگەر نەفسی ئەو حەدیسە ڕیوایەت نەکرابوو بە نەوعێ لە ئەنواع، بەڵام حەدیسێکیتر بە مەعنای حەدیسی ئەوەڵ ڕیوایەت کرابوو لە حەزرەتەوە ﷺ ئەوە شاهیدە بە بێ (متابعة)، وە ئەگەر لەسەر مەعناکەیشی ڕیوایەت نەبوو ئەوە ئەو حەدیسە بەشێوەی تەفەڕودی موتڵەق ئەمێنێتەوە، جا لەم کاتەدا ئەکرێ بە دوو بەشەوە: یەکەمیان مەقبوڵە و دووەمیان مەردوودە، وەکو ڕابووردن.

وە ئەگەر لەم شوێنانەدا وترا (تفَرَّدَ بِهِ أبو هريرةَ، وتَفَرَّدَ بِهِ عَنْ أبي هريرةَ ابنُ سيرينَ،

وتَفَرَّدَ بِهِ عَنِ ابنِ سيرينَ أيّوبُ، وتَفَرَّدَ بِهِ عنْ أيوبَ حمَّادُ بنُ سَلَمَةَ) ئەوە دەلالەت ئەکا لەسەر ئەوە کە هیچ نەوعێ موتابەعەی تێدا نییە.

جا بزانن داخڵی بابی موتابەعە و (استشهاد) ئەبێ ڕیوایەتی کەسێ کە بە تەنیا ئیستیدلالی پێ ناکرێ لەبەر ئەوە کە لە (ضعفاء) ژمێرراوە، وە لە بوخاری و موسلیمدا کۆمەڵێ لە (ضعفاء) هەن کە ناویان بردوون لە (متابعة و استشهاد)دا، وە هەموو زەعیفێکیش بۆ ئەوە ناشێ، بۆیە دارەتوقنی و غەیری ئەویش لە باسی حەدیسی زەعیفدا ئەڵێن: فڵان کەس ئیعتیباری پێ ئەکرێ، فڵان کەس ئیعتیباری پێ ناکرێ.

جا وێنەی (متابع و شاهد) وەکو ئەوە ڕیوایەتمان کردووە لە حەدیسی سوفیانی کوڕی عویەینە لە عەمری کوڕی دینارەوە لە عەتای کوڕی ئەبی ڕەباحەوە لە ئیبنو عەباسەوە ـ رضی الله عنهم ـ کە حەزرەت ﷺ فەرمووی: **(لَوْ أَخَذُوا إِهَابَها فَدَبَغُوهُ فانتَفَعُوا بِهِ)** [1] ئەم حەدیسە ڕیوایەتی کردووە (ابن جريج) لە عەمر لە عەتاوە و ناوی دەباغی تیانەبردووە، جا حافیز ئەحمەدی بەیهەقی ئەڵێ: بۆ حەدیسی (ابن عيينه، متابع و شاهد) هەیە وە ئەمما موتابەعەکەی ئەوەیە کە: ئوسامەی کوڕی زەید، موتابەعەی کردووە لە عەتاوە و ڕیوایەتی کردووە بە ئیسنادی خۆی لە ئوسامەوە لە عەتاوە لە ئیبنوعەباسەوە کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: **(أَلاَ نَزَعْتُمْ جِلْدَها فَدَبَغْتُمُوهُ فاسْتَمْتَعْتُمْ بِهِ)** [2]، وە ئەمما شاهیدەکەی ئەوە حەدیسی **(عبدالرَّحْمَانِ بنِ وَعْلَةَ)**یە، لە ئیبنو عەباسەوە رضي الله عنهما **قال: قالَ رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ: **(أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَدْ طَهُرَ)** [3].

١. أخرجه مسلم ١/ ١٩٠ (٣٦٣)، والنسائي ٧/ ١٧٢، وكذلك أخرجه الحميدي (٤٩١).

٢. أخرجه الطحاوي في شرح المعاني ١/ ٤٦٩، والدارقطني ١/ ٤٤، والبيهقي ١/ ١٦.

٣. أخرجه مالك «٤٩٨/٢»: كتاب الصيد، باب ما جاء في جلود الميتة، الحديث «١٦»، والشافعي «٢٧/١»: كتاب الطهارة: الباب الثالث في الآنية والدباغ، الحديث «٥٩»، وأحمد «٣٢٩/١»، والدارمي «٨٦/٢»: كتاب الأضاحي: باب الاستمتاع بجلود الميتة، والبخاري «٣٥٥/٣»: كتاب الزكاة: باب الصدقة على موالي أزواج النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، الحديث «١٤٩٢»، ومسلم «١٧٦/١»: كتاب الحيض: باب طهارة جلود الميتة بالدباغ. «٣٦٣/١٠١»، وأبو داود «٣٦٦/٤»: كتاب اللباس: باب في أهب الميتة، الحديث «٤١٢١»، والنسائي «١٧٢/٧»: كتاب الفرع والعتيرة: باب جلود الميتة، وابن ماجة «١١٩٣/٢»: كتاب اللباس: باب لبس جلود الميتة إذا دبغت، الحديث «٣٦١٠»، والطحاوي في «شرح معاني الآثار» «٤٦٩/١» كتاب الصلاة: باب دباغ الميتة، وفي «مشكل الآثار» ☚

باسی (اعتبار و متابعة و شاهد)

ئیعتیبار یانی تێکۆشینی مەرد — بۆ هێز و تەئیید لەبۆ ڕاوی فەرد
جا کاتێ فەردێ ڕیوایەتی کرد — مەثهەل سێ پلە تا حەزرەت ڕابوورد
ئەگەڕێین ئایا ڕاوییەکی تر — هەیە لە سێیەم یا بەرەو ژوورتر
یا لەسەر مەعنا بۆ ئەو حەدیسە — ڕیوایەت هەیە لەو شا ڕەئیسە
ئەر بوو تێئەگەین ئەو نەقلە فەردە — ئەسڵ و مەرجەعی هەیە و بێ گەردە
ئەگەرنا ئەوە فەردێکی ڕووتە — لەبەر بێ هێزی لات و پەڕپووتە
جا ئەگەر ڕاوی لە سێیەمۆ بو و — حەدیسی فەردی نەقڵ کردبوو
ئەوە بە یەقین بۆ ئەو ڕیوایە — موتابیعێکە (تامّ الکفایة)
ئەگەر لە دووەم یاخۆ لە یەکەم — ڕاوی بوو هەروا موتابیعە و کەم
وەکوو ڕیوایەی سەحابییە تر — لە حەزرەتەوە بە جەمعی خاتر
وە ئیللا ئەگەر لەسەر مەعنا بوو — ئەوە شاهیدە موتابیع نەبوو

◈◈◈

١٥ـ زیادەی کەسانی بڕوا پێکراو (زیادات الثقات)[١]

مەزهەبی جمهوری فوقەها و موحەددیسین ـ بینا لەسەر نەقڵی ئەبوبەکری خەتیب

☚«٤٩٧/١»، والدارقطني «٤١/١»: كتاب الطهارة: باب الدباغ، الحديث «١»، والبيهقي «١٥/١» كتاب الطهارة: بـاب طهـارة جلد الميتة بالدبـغ، وأبو عوانة «٢١١/١»، وابـن عبد البر في «التمهيـد» «١٥٤/٤»، من حديث الزهري، عن عبيد الله بن عبد الله بن عتبة، عن ابن عباس قال: «مر النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ بشـاة ميتة كان أعطاها مولاة لميمونة زوج النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ فقال: «أفلا انتفعتم بجلدها؟ « فقالوا: يا رسـول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إنها ميتة فقال رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إنما حرم أكلها».

١. بۆ زیاتر ناسیـــن و زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سـەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٣٠، والكفاية: ٥٩٧، وجامع الأصول ١/ ١٠٣، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ٢٢٥ ـ ٢٣١، والتقريب: ٧١ ـ ٧٢، والـمنهل الروي: ٥٨، والخلاصة: ٥٦، ونظم الفرائد: ٣٧٠، واختصار علوم الحديث: ٦١، وشـرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٤٦، ونزهة النظر: ٩٥، والمختصر: ١٧١، وفتح المغيث ١/ ١٩٩، وألفية السـيوطي: ٥٣ ـ ٥٤، وشـرح السـيوطي على ألفية العراقي ١٨٧، وفتح الباقي ١/ ٢١١، وتوضيح الأفكار ٢/ ١٦، وَ قواعد التحديث: ١٠٧).

- ئەمەیە کە: زیادەی ڕاوی (موثوق بە) باوەڕپێکراو مەقبووڵە، کاتێ بە تەنیا ڕیوایەتی کردبێ، خواه ئەو زیادە لەو ڕاوییەوە بێ کە ناقیسەکەی ڕیوایەت کردووە یا لە یەکێترەوە بێ، وە بازێ لە موحەددیسەکانیش ئەو زیادەیانە ڕەد کردووەتەوە موتڵەقا، وە بازێ فەرموویانە: ئەو زیادە مەردوودە ئەگەر لەو کەسەوە بێ کە ڕیوایەتی ناقیسەکەی کردووە، وە مەقبووڵە ئەگەر لە غەیری ئەوەوە بێ.

(ابن الصلاح) - رحمه الله تعالى - فەرموویەتی: من وەهام بە باشزانی کە ئەم زیادەی ڕاوییە تەقسیم بکەم بە سێ قیسم:

یەکەم ئەوەیە کە: ئەو زیادە موخالیف بێ و مونافی بێ بۆ ئەوەی کە باقی ڕاوییە باوەڕپێکراوەکان ڕیوایەتیان کردووە، ئەمە حوکمی ئەوەیە کە مەردوودە و غەیرە مەقبووڵە.

دووەم ئەوەیە: موخالیف و مونافی نەبێ، وەکو حەدیسی تاقە کەسێ ڕیوایەتی بکا و (تعرّض) نەکا بۆ ڕیوایەتی غەیر، ئەسڵەن، ئەمە حوکمی هەر قەبووڵە و خەتیب ڕیوایەتی ئیجماعی کردووە لەسەر ئەم قبووڵە.

سێیەم ئەوەیە: لە بەینی ئەم دوو پلەدا بێ، واتە (ظاهراً) مونافیی نەبێ بۆ (مرويّات)ی، غەیر، بەڵام خۆیشی مەعنایەکی وای ببێ تەئثیر بکا لە مەعنای ئەوان بە تەخسیس و تەحدید، ئەم بەشە شێخ (ابن الصلاح) بەیانی حوکمی نەکردووە، بەڵام ئیمامی نەوەوی لە (تقريب الراوي)دا، فەرموویەتی: ئەم بەشە ئەشوبهێ بە بەشی یەکەم، کە مەردوود بوو، لەبەرئەوە کە (مروي) غەیری ئەم شەخسە عامـمە و دوورە لەم قەیدە، یا ئەم جوملە زیادکراوە، وە ئەم زیادەیە موفیدە بۆ (مغايرة) لە بەینی مەروییەکاندا بە نەوعێ حوکمی پێ ئەگۆڕێ، هەروا ئەشوبهێ بە بەشی دووەمەوە کە مەقبووڵە لەبەرئەوە مونافی نییە بۆ (مروي)یە ناقیسەکە، وەکو شێخ فەرموویەتی، جا نەوەوی ئەڵێ: ڕاستەکەی ئەوەیە کە قبووڵ بکرێ. وە شێخ وێنەی ئەمەی بەوە هێناوەتەوە کە ئیمامی مالیك لە حەدیسی سەر فیترەی مانگی ڕەمەزاندا قەیدی (من المسلمين)ی، زیاد کردووە[1]، بەڵام ئەم وێنە

١. رواهُ مالكٌ عَنْ نافعٍ عَنِ ابنِ عُمرَ: «أنَّ رسولَ اللّهِ - صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - فَرَضَ زَكاةَ الفِطْرِ مِنْ رَمَضَانَ على كُلِّ حُرّ أو عَبْدٍ، ذَكَرٍ أو أنثَى مِنَ المسلمينَ». فذَكَرَ أبو عيسى الترمذيُّ أنَّ مالكاً تفَرَّدَ مِنْ بينِ الثِّقاتِ بزيادةِ قولِهِ: «مِنَ المسلمينَ»، الموطأ (٧٧٣)، وأخرجه من طريق مالك: الشافعي ١/ ٢٥٠، والدارمي (١٦٦٨)، والبخاري ٢/ ١٦١ ☚

باش نییە، چونکی ئەو زیادە تەنیا ئیمامی مالیك نەیهێناوە، بەڵکو گەلێ لە باوەڕپێکراوان ڕیوایەتیان کردووە، وەکو عومەری کوڕی نافیع، وە ڕیوایەتەکەی وا لە سەحیحی بوخاریدا، وە (ضحاك بن عثمان) وە ڕیوایەتەکەی وا لە سەحیحی موسلیمدا، وە عێراقی فەرموویەتی: (كثير بن فرقد) هەم ڕیوایەتی کردووە و ڕیوایەتەکەی وا لە (مستدرك)ی، حاکیمدا، وە لە سونەنی دارەقوطنیدا، وە (یونس بن یزید)یش، ڕیوایەتی کردووە و ڕیوایەتەکەی وا لە (مشكل)ی، طەحاویدا، وە (معلا بن اسماعیل) هەم ڕیوایەتی کردووە و ڕیوایەتەکەی وا لە سەحیحی (ابن عبدالله بن عمر العمری)دا، لە کتێبی (سنن دارقطني)دا ـ انتهى ـ

وە ئەمما زیادەی وەسڵ لەسەر ئیرسال ئەوەیە ئەو نەوعە موخالەفەیەکی تێدا هەیە و ئیرسال موفیدی جەرحە، وە پێشخستنی لە بابی تەقدیمی جەرحە لەسەر تەعدیل کە یاسای موحەددیسەکانە (مع ما فيه) لەبەرئەوە کە وەسڵ زیادە عیلمی تێدایە وەسڵ موقەددەمە لەسەر ئیرسال، بەڵام عولەمای ئەحناف فیکریان لەسەر ئەوەیە کە هەر زیادەیەك ببێ بە هۆی گۆڕانی حوکمی ناقیسەکە ئەوە بە موعاریضی دائەنێن بۆ ئەو حوکمە، وە لەسەر قانونی (معارضة وترجيح) ئەو زیادە ڕەد ئەکەنەوە[1].

☚ حديث (١٥٠٤)، ومسلم ٣/ ٦٨ حديث (٩٨٤)، وأبو داود (١٦١١)، وابن ماجه (١٨٢٦)، والترمذي (٦٧٦)، والنسائي ٥/ ٤٨، وابن خزيمة (٢٣٩٩) والطحاوي ٢/ ٤٤، وابن حبان (٣٣٠١)، والبيهقي ٤/ ١٦١، والبغوي (١٥٩٣)، و الجامع الكبير ٢/ ٥٤ عقب (٦٧٦).

١. **زیادەی کەسانی بڕوا پێکراو (زیادات الثقات):**

١. مەبەست لە زیادەی کەسانی باوەڕپێکراو:

(الزيادات) کۆی (الزيادة)یە، وە (الثقات) کۆی (الثقة)یە، وە (الثقة) بریتییە لە کەسی ڕاستاڵی بیر چاك (العدل الضابط)، وە مەبەست لە زیادەی بڕواپێکراو ئەو لەفزە زیادانەیە کە ئێمە دەیانبینین لە ڕیوایەتی هەندێ کەسی بڕواپێکراودا بۆ هەر فەرموودەیەك، کەسانی بڕوا پێکراوی‌تر ئەوزیادەیان بۆ فەرمودە نەگێڕابێتیانەوە.

٢. بەناوبانگترینی ئەوانەی بایەخیان پێی داوە:

ئەم زیادانە لە هەندێ لە بڕوا پێکراوانەوەیە لەهەندێ فەرمودەداو جێگای تێڕوانینی زانایانن، بۆیە شوێنیان کەوتوون و بایەخیان پێداون، بۆ کۆکردنەوە یان و ناسینیان، لەو پێشەوایانەی کە بەمەوە بەناو بانگن.

أ.أبو بكر عبدالله بن محمد بن زياد النيسابوری.

ب. أبو نُعَيْمْ الجرْجاني.

ج . أبو الوليد حسان بن محمد القُريشى.☛

☚٣. جێگای ڕوودانی ئەم زیادەیە:
أ. لەمەتندایە، بە زیادکردنی وشەیەك یان ڕستەیەك.
ب. لە سەنەددایە بە بەرزکردنەوەی مەوقوفێك (رفع موقوف) یان هێنانی مورسەلێك (وصل مرسل).
٤. حوکمی زیادە لە مەتندا:
بەڵام زیادە لە مەتندا، زانایان جیاوازییان هەیە لە حوکمەکەیدا، بەچەند گوتەیەك:
أ. هەندێکیان بە موتڵەقی وەریان گرتووە.
ب. هەندێکیان بە موتڵەقی بەرپەرچیان داوەتەوە.
ج. وە هەندێکیان ئەو زیادەیەیان بەرپەرچ داوەتەوە، ئەگەر لە گێڕەرەوەی فەرمودەکەوە بێت، کە یەکەمجار بەبێ زیادە گێڕا بێتیەوە، وە لە غەیری خۆیەوە ئەو زیادەیەی وەرگرتبێ.
(إبن الصلاح) زیادەی بە گوێرەی وەرگرتن و بەرپەرچ دانەوە بۆ سێ بەش دابەش کردووە، کە ئەمەش دابەش کردنێکی باشە، (إمام النواوي)و غەیری ئەویش لەگەڵیدان لەسەر ئەوە، ئەم بەش کردنەش بەم جۆرەیە. :
أ. زیادەیەك کە پێچەوانەگەری تیادا نەبێت، لەگەڵ ئەو گێڕانانەوەدا کە کەسانی متمانە پێکراوی‌تر (ثقات) یان پلە بەرزتر لە متمانەدا (ألأوثق) گێڕاویانەتەوە، ئەمە حوکمەکەی وەرگرتنیەتی، چونکە وەك فەرمودەیەك وایەکە گێڕانەوەکەی بەگشتی لە متمانە پێکراوێکەوەیە کە ئەویش لە متمانە پێکراوێکی ترەوە بە تەنهایی گێڕاویەتیەوە.
ب. زیادەیەك کە پێچەوانە بوونەوەی تیادا بێت، لەگەڵ ئەو ڕیوایەتانەدا کە کەسانێکی متمانە پێکراو (ثقات) یان پلە بەرزتر لە متمانەدا (ألأوثق) گێڕابێتیانەوە، ئەمە حوکمەکەی بەرپەرچ دانەوەیەتی، هەروەك لە باسی (شاذ)دا ڕابورد.
ج. زیادەیەك کە جۆرێك لە پێچەوانەگەری تیادا بێت بۆ کەسانی بڕواپێکراو، یان پلە بەرز لە متمانەدا، ئەم پێچەوانەگەریەش لە دوو شێوازدا کورت هەڵهێنراوە.
١. لە پەیوەست کردنی شتێکی ڕەهادا (تقييد المطلق).
٢. لە تایبەت کردنی شتێکی گشتی دا (تخصيص العام).
ئەم بەشەش (إبن الصلاح) لە حوکمەکەی بێدەنگ بووە، (ألإمام النواوي) لەسەری دەفەرموێ: گوتەی ساغ لەسەر ئەوەیە کە ئەم دواییە وەردەگیرێت.
٥. نمونەی زیادە لە مەتندا:
أ.نمونە بۆ ئەو زیادەیەی کە پێچەوانە بوونەوەی تیادا نییە، وەك: ئەوەی کە (إمام مسلم) ڕیوایەتی دەکات لە ڕێگای (علي بن مُسْهِر) ئەویش لە (ألأعمش) و ئەویش لە (أبو رزين) و (أبو صالح)ەوە ئەویش لە (أبو هريرة)ەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ لە زیادکردنی وشەی (فَلْيُرِقْهُ)دا لە فەرمودەی باس لەدەم تێنانی قاپو قاچاخ لە لایەن سەگەوە...کە ئەو وشەیە (حافظ)ەکانی‌تر لەهاوەڵانی (أعمش) باسیان نەکردووە، بەڵکو بەم جۆرە ڕیوایەتیان کردووە، (إذا ولغ الكلب في أناء أحدكم فليغسله سبع مرات ـ واتە: ئەگەر سەگ دەمی نایە ناو قاپ و قاچاغی یەکێکتان ئەوا با حەوت جار بیشوات)، جا ئەو زیادەیە وەك فەرمودەیەك وایە کە (علي بن مُسهِر) بەتەنها خۆی هێنابێتی، کە کەسێکی باوەڕ پێکراوە، بۆیە ئەو زیادەیە وەردەگیرێت.☚

زیادەی ئینسانی باوەڕپێکراو

زیـادەی   ڕاوی   باوەڕپێکـراو   جێـی ئیختیلافـە کاتـێ هاتـە نـاو
لـە لای بازێکیـان مەقبولـە بـە حـەق   لـە لای بازێتـر مـەردوودە موتڵـەق
بازێکیـش ئەڵـێ بـە فکـری خالیـص   قـەت وەرناگیـرێ لـە ڕاوی ناقیـص

☚ب. نموونەی زیادەیەك كە پێچەوانەگەری تیا بێت: وەك زیادەی (یوم عرفة) لە فەرمودەی (یوم عرفة و یوم النحر و أیام التشریق عیدُنا أهل ألأسلام، وهی أیام أكل و شرب ـ واتە: ڕۆژی عەرەفەو ڕۆژی قوربانی سەربڕینو سێ ڕۆژەی دوای جەژنی قوربان جەژنەكانی ئەهلی ئیسلامن، وە ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەن).

جا ئەم فەرمودەیە بەسەرجەم ڕێگاكانیەوە، جگە لەم ڕێگایە بەبێ (یوم عرفة)ـەیە، جا ئەمە (موسى بن علي بـن رباح) لە باوكییەوە ئەویش لە (عقبة بن عامر)ـەوە، هێناویەتـی، وە فەرمودەكە (الترمذي)و (ابو داود)و غەیری ئەمان هێناویانە.

ج. نموونەی زیادەیەك كە جۆرێك لە پێچەوانەگەری تیادایە:

ئەوەیە كە (مسـلم) لە ڕێگای (أبو مالك ألأشجعي)و ئەویش لە (ربعی)و ئەویش لە (حذیفة)ـەوە، ڕیوایەتی دەكات و دەڵێـت: پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: .... وجعلـت لنا ألأرض كلها مسـجداً و جعلت تربتها لنـا طهوراً) سـەرجەم زەویمان بەمزگەوت بۆ گێڕدراوە، وسـەرجەم گڵەكەیشـمان بە پاك بـۆ دانراوە، جا (أبو مالك الأشـجعي) تەنها خۆی زیادەی (تربتها)ی، هێناوە، وە هیچیتر لە ڕاوییەكان باسیان نەكردوە، بەڵكو ئەم فەرمودەیەیان بەم جۆرە هێناوە: (وجعلت لنا ألأرض مسجداً وطهوراً).

٦. حوكمی زیادە لە سەنەددا:

بەڵام زیادە لە سـەنەددا، لەسەر دوو مەسەلەی سەرەكی وەسـتاوە كە ڕوودانیان زۆرە، كە بریتین لە پێچەوانە بونەوە (تعارض) لە نێوان (وصل)و (أرسال)، (تعارض) لە نێوان (رفع)و (وقف)دا، بەڵام شێوازەكانی دیكەی زیادە لەسەنەددا ئەوەیە كە زانایان چەند باسێكی سەرەكییان بۆ تایبەت كردووە، وەك: (الـمزید في متصل الأسانید).

زانایان لێرەدا جیاوازییان هەیە لەسەر وەرگرتنی زیادەو بەرپەرچ دانەوەیدا لەسەر چوار گوتە كە ئەمانەن:

أ. حوكـم بـۆ ئەوەیە كـە (وصل) و (رفع)ی، تیایـدا كردووە، واتـە: وەرگرتنی زیادەكەیە، كـە ئەمەش گوتەی جەماوەری شەرعزانان و زانایانی ئوسووله.

ب. حوكـم بۆ ئەوەیە كە (أرسـال)و (وقـف)ی، تیاداكردووە، واتە: بەرپەرچ دانـەوەی زیادەكەیە، كە ئەمەش گوتەی زۆرینەی زانایانی فەرمودەیە.

ج. حوكم بۆ ئەوانەیە كە زۆرترینن، كە ئەمەش گوتەی هەندێ لە زانایانی فەرمودەیە.

د. حوكم بۆ ئەوانەیە كە هێزی لەبەركردنیان زۆر ترە (الأحفظ) كە ئەمەش گوتەی هەندێ لە زانایانی فەرمودەیە.

نوونەكەیشی: وەك فەرمودەی (لاناح إلا بولي ـ واتە: نیكاح دانامەزرێت بەڕەزامەندی وەلی ئافرەتەكە نەبێت)، ئەمە (یونس بن أبی أسـحاق السـبیعی) ڕیوایەتی كردووە، وە كوڕەكەی (إسرائیل)و (قیس بن الربیع) لە (أبو أسحاق)ەوە، بە موسنەدیو پەیوەستی (متصل)ی، وە(سفیان الثوري)و (شعبة بن حجاج) ڕیوایەتیان كردوە لە (أبو إسحاق)ـەوە، بە موڕسەلی.

بەڵام غەیری ئەو لێی وەرئەگیرێ   لەسەر ئەو شێوە پێمان ئەسپێرێ
بەڵام لەم باسا شێخ (ابن الصلاح)   پڕتەو دەرئەخا بە وێنەی میسباح
زیادەی (موثوق) ئەکاتە سێ بەش   بۆت بەیان ئەکا بە سافی بێ غەش
یەکەمیان زیدە بۆ نەقڵی سیقات   ئەمە مەردوودە لە ڕووی سەربیسات
دووەم زید نیە بۆ نەقڵی ئەوان   زوو وەری بگرە مەقبووڵە و جوان
سێیەم شتێکە کەس نەیهێناوە   بە (بێن بێن)ـە، باسی کراوە
لەو جیهەتەوە مونافیی نیە   قەبووڵی باشە مانیعی چیە
لەم جیهەتەوە تەخسیسی تیایە   جێگەی تەردیدی مەردی وریایە
بەڵام بە فکرێ کە ساغە و سەلیم   قەبووڵ کردنی ڕاستەو موستەقیم
حەنەفییەکان وایان داناوە   زیادە ئەگۆڕێ حوکمی ئەو ناوە
بە یاسای تەرجیح بۆ ئەسڵی ئەسیل   زیادە مەردوودە ئەبێ بە دەخیل
ئەمما زیادەی وەسڵی ڕیوایە   بەسەر ئیرسالدا وایە بە پایە
کە وەسڵی حەدیس زیادی عیلمە   مەقبووڵە لە لای ئەوەی پڕ حیلمە

◈◈◈

١٦- باسی فەرموودەی (تاکەوە بوو الافراد)[1]

(أفراد) جەمعی فەردە و فەرد بە مەعنا: تاقە، بەڵام لێرەدا فەرد کراوە بە دوو بەشەوە: یەکەم فەردی موتڵەق، دووەم فەردی نسبی.

جا فەردی موتڵەق عیبارەتە لەوە تاقە یەکێ ڕیوایەتی بکا لە کەسێکەوە و کەسی لەگەڵدا نەبێ لەو ڕیوایەتەدا، وە لەمەوپێش حوکمی ئەم فەردەمان باسکرد.

١. بۆ زیاتر زانینی باسی ئیفراد تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٩٦، وجامع الأصول ١/ ١٧٥، والإرشاد ١/ ٢٣٢ ـ ٢٣٣، والتقريب: ٧٣ ـ ٧٤، والمنهل الروي: ٥١، والخلاصة: ٤٨، واختصار علوم الحديث: ٦١، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٥٧، ونزهة النظر: ٧٨، والمختصر: ١٢١، وفتح المغيث ١/ ٢٠٥، وألفية السيوطي: ٤٢ ـ ٤٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٩٠، وفتح الباقي ١/ ٢١٧، وتوضيح الأفكار ٢/ ٧، وظفر الأماني: ٢٤٢، وقواعد التحديث: ١٢٨).

وە فەردی نیسبی ئەوەیە ڕاوی فەردی بێ نەك لە هەموو بارێکا بەڵکو لە بازێ جیهەتەوە، وەکو ڕیوایەتی ئەهلی مەککە فەقەت، یا ئەهلی شام فەقەت، یا ئەهلی کووفە، یا ئەهلی بەسرە، ئەمانە فەردن بەم ئیعتیبارە کە ڕاوی ئەهلی مەککەن نەك ئەهلی مەدینە، یا ڕاوی ئەهلی شامە نەك ئەهلی مەککە (وَ هکذا)، یا وەکو ڕیوایەتی شەخسێ لە شەخسێکەوە، بەم مەعنا کە هەر ئەو شەخسە ئەو حەدیسەی ڕیوایەت کردووە لەم شەخسەوە، هەرچەند لە گەلێ کەسەوە ئەو حەدیسە ڕیوایەت کراوە لە شەخسێکی ترەوە، وە لەم نەوعە ڕیوایەتە فەردانەدا کە حاڵیان زانرا موجیب نییە بۆ حوکم بەوە کە ئەو حەدیسە زەعیفە (اللّهم) مەگەر لە شوێنێکا بڵێن: ئەهلی مەککە ڕیوایەتی ئەو حەدیسەیان کردووە و مەبەست تاقە یەکێ بێ لە ئەهلی مەککە، بە مەجاز بەناوبردنی کۆمەڵ و قەسد لەسەر فەردێ بێ لەو کۆمەڵەیە، ئەوە لەم حاڵەدا پێویستە تەحقیقی حاڵی ئەو فەردە بکرێ هەتاکو دەرکەوێ ئایا (موثوق به)یە یان نا؟

وێنەی ڕیوایەتی ئەبو داوود لە ئەبو وەلیدی طەیالیسییەوە لە (همام) لە قەتادە لە (أبو نضرة) لە ئەبو سەعیدەوە فەرمووی: **(أُمِرْنَا أَنْ نَقْرَأَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَمَا تَيَسَّرَ)** [1].

حاکیم فەرموویەتی: ئەهلی بەسرە، بە تەنیا ڕیوایەتی ئەم ئەمرەیان کردووە لە ئەوەڵی ئیسنادەکەوە تا ئاخری، وە کەس شەریکیان نەبووە.

وە ئەوەیش کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە حەدیسی عەبدوڵڵای کوڕی زەیدەوە لە سیفەتی دەستنوێژگرتنی حەزرەتدا ﷺ ئەڵێ: **(وَ مَسَحَ رَأْسَهُ بِمَاءٍ غَيْرِ فَضْلِ يَدَيْهِ)** [2]،

١. إسناده صحيح على شرط مسلم، وَ صححه ابن حبان (١٧٨٧)، والحافظ ابن حجر، إسناده: حدثنا أبو الوليد الطيالسي: ثنا همام عن قتادة عن أبي نضرة عن أبي سعيد، قلت: وهذا إسناد صحيح على شرط مسلم. وقال الحافظ ابن حجر فِي «التلخيص « (٢٢٢/١ـ مصر): « إسناده صحيح». بروانە: صحيح أبي داود ـ الأم، المحقق: مُحَمّد ناصر الدين الألباني، (١٣٤ـ باب من ترك القراءة في صلاته بـ«فاتحة الكتاب»)، ٤٠١/٣ـ٤٠٢، فەرموودەی ژمارە (٧٧٧).

٢. حديث صحيح، وهذا إسناد ضعيف، ابن لهيعة: وَ هو عبد الله، وَ بقية رجاله رجال الصحيح، وَ أخرجه الدارمي ١٨٠/١ عن يحيى بن حسان، عن ابن لهيعة، عن حبان ابن واسع، عن أبيه، عن عبد الله بن زيد المازني، عن عمه عاصم المازني، قال: رأيتُ رسول الله ﷺ، فذكر الحديث، وزاد في الإسناد: عن عمه عاصم، و قال الحافظ في «إتحاف المهرة» ٣٨٧/٦: كذا رأيت في نسختين من «مسند الدارمي»، وقوله: «عن عمه» زيادة لا حاجة إليها، فقد رواه الإمام أحمد في مسنده» عن موسى بن داود الضبي وغيره، عن ابن لهيعة، فلم يذكرها، ورواه مسلم ☚

حاکیم ئەفەرموێت: ئەمە سوننەتێکی غەریبە کە تەنیا ئەهلی میسر ڕیوایەتیان کردووە و کەس شەریکیان نییە لەو ڕیوایەتەدا، وە بە وێنەی ئەوە کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە حەدیسی زەحاکی کوڕی عوسمان لە «ابونضر» لە ئەبو سەلەمەوە لە عائیشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە ئەفەرمووێ: «**لَقَدْ صَلَّى رَسُولُ اللهِ ﷺ عَلَى ابْنَيْ بَيْضَاءَ فِي الْمَسْجِدِ سُهَيْلٍ وَأَخِيهِ**»[1]، حاکیم فەرموویەتی: ئەهلی مەدینەی مونەووەرە ئەم حەدیسەیان ڕیوایەت کردووە، وە وێنەی ئەوە کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕیوایەتی کردووە لە حەدیسی ئیسماعیلی کوڕی عەبدولمەلیکی مەککی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو مالیکەوە لە عائیشەوە ـ رضي الله عنها ـ (**أن رسول الله (ﷺ) خرج من عندها فقالت: يا رسول الله خرجت من عندي وَ أنت طيب النفس ثم رجعت إلي حزينا، فقال: دخلت الكعبة وددت اني لَم أكن دخلتها، او أَكُونَ أَتْعَبْتُ أُمَّتِي)** [2]، حاکیم فەرموویەتی: ئەم حەدیسە ئەهلی مەککە ڕیوایەتیان کردووە لە عائیشەوە ـ رضي الله عنها ـ، وە وێنەی ڕیوایەتی (فلان عن فلان) ئەوەیە کە ئەسحابی (سنن أربع)ـە، لە ڕێگەی (سفيان بن وائل بن

وغيره من حديث عمرو بن الحارث، عن حبان بن واسع، ولم يذكرها، والحديث مشهور من رواية عبد الله بن زيد، عن النبي ﷺ، ولا يعرف في الصحابة أحد يسمى عاصماً المازني، وعبد الله بن زيد: هو عبد الله بن زيد بن عاصم، فعاصم جده لا عمه، وليست له صحبة، والله أعلم. بڕوانە: مُسند الإمام أحْمَد بن حنبل المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وَ آخرون، ٣٨٥/٢٦، فەرموودەی ژمارە (١٦٤٦٠).

١. صحيح مسلم، فەرموودەی ژمارە (٩٧٣).

٢. دەقی فەرموودەکە: حَدَّثَنَا وَكِيعٌ، حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ، عَنِ ابْنِ أَبِي مُلَيْكَةَ، عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: خَرَجَ النَّبِيُّ ﷺ مِنْ عِنْدِي، وَهُوَ قَرِيرُالْعَيْنِ، طَيِّبُ النَّفْسِ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيَّ وَ هُوَ حَزِينٌ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّكَ خَرَجْتَ مِنْ عِنْدِي وَأَنْتَ قَرِيرُ الْعَيْنِ، طَيِّبُ النَّفْسِ، وَرَجَعْتَ وَأَنْتَ حَزِينٌ؟ فَقَالَ: « إِنِّي دَخَلْتُ الْكَعْبَةَ، وَ وَدِدْتُ أَنِّي لَمْ أَكُنْ فَعَلْتُ، إِنِّي أَخَافُ أَنْ أَكُونَ أَتْعَبْتُ أُمَّتِي مِنْ بَعْدِي»، حسن لغيره، وهذا إسناد ضعيف لضعف إسماعيل بن عبدالملك ـوهو ابن أبي الصُّفَير ـ وبقية رجاله ثقات رجال الشيخين. ابنُ أبي مُلَيكة هو عبد الله بن عُبيد الله، وأخرجه إسحاق (١٢٤١)، والترمذي (٨٧٣)، وابن ماجه (٣٠٦٤)، وابن خزيمة (٣٠١٤) من طريق وكيع، بهذا الإسناد. وقال الترمذي: هذا حديث حسن صحيح! وأخرجه أبو داود (٢٠٢٩)، والطحاوي في «شرح مشكل الآثار» (٥٧٩٠)، والحاكم في «المستدرك» ١ / ٤٧٩، وفي «معرفة علوم الحديث» ص٩٨، والبيهقي في «السنن» ٥ / ١٥٩ من طرق عن إسماعيل بن عبد الملك، به. قال الحاكم: هذا حديث صحيح الإسناد، ولم يخرجاه ووافقه الذهبي! وقال في «المعرفة»: هذا حديث تفرّد به أهل مكة، وليس في رواته إلا مكّيّ. بڕوانە: مُسند الإمام أحْمَد بن حنبل المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وَ آخرون، ٥٠٤/٤١، فەرموودەی ژمارە (٢٥٠٥٥).

داود) لـە کوڕەکەیـەوە (بکـر بـن وائـل)[1] لە زوهرییەوە لـە ئەنەسـەوە: **أَنَّ النَّبِيَّ** ﷺ: «**أَوْلَمَ عَلَى صَفِيَّةَ بِسَوِيقٍ، وَتَمْرٍ**»[2]، ئیبنو تاهیر ئەڵێ: ئـەم حەدیسـە بـە تەنیا وائیـل لـە باوکییەوە ڕیوایەتی کردووە و کەس ڕیوایەتی نەکردووە و کەس لەوەوە ڕیوایەتی نەکردووە غەیری سوفیان، بەڵام موحەممەدی کوڕی صەلتی تەوزیـی ڕیوایەتـی کـردووە لە (ابن عیینـه) وە ئەویـش لـە زیادی کـوڕی سـەعد ئەویـش لـە زوهرییـەوە، هـەروا کۆمەڵێ ڕیوایەتیان کـردووە لـە سـوفیان و لـە زوهرییـەوە بەبـێ واسیتەی کـەس لەو بەینـەدا، وە وێنەی ڕیوایەتی ئەهلی شارێ لە ئەهلی شارێکەوە ـ مەبەس لە ئەهلی شار یەکێ بێ لەوان ـ حەدیسی (نسائی) یە (**كُلُوا الْبَلَحَ بِالتَّمْرِ**)[3]، ئەمە لە (تفردات)ی، ئەهلی بەسرەیە

---

١. یەعنـی سـوفیان ڕیوایەتی کردووە لە وائیل کە باوکی بووە وە وائیـل لە کوڕی خۆیەوە کە بەکرە، وە بەکر لە زوهرییەوە ـ منه ـ

٢. إسناده قوي من أجل بكر بن وائل. ابن أبي عمر العدني: هو محمد بن يحيى بن أبي عمر. وسفيان: هو ابن عيينة، وأخرجه أبو داود ٣٧٤٤ في الأطعمة: باب في استحباب الوليمة عند النكاح، والطبراني ١٨٤/٢٤، والبيهقي ٢٦٠/٧ من طريق حامد بن يحيى البلخي، عن سـفيان، بهذا الإسناد، وأخرجه الترمذي١٠٩٥ في النكاح: باب ما جاء في الوليمة، وفي «الشـمائل» ١٧٨، وابن ماجه ١٩٠٩ في النكاح: بـاب الوليمة، من طريق ابن ابي عمر العدني، به وقد تصحف في سـنن الترمذي وشـمائله: «ابنه» إلى: «أبيه»، وقال الترمذي: هذا حديث حسـن غريب، وأخرجه الترمذي ١٠٩٦ والنسائي في الكبرى كما في التحفة ٣٧٧/١ من طريق ابن أبي عمر العدني، عن الحميدي، عن سفيان، به، وأخرجه ابـن ماجـه ١٩٠٩، والحميدي ١١٨٤ ومن طريقه أبو يعلى ٣٥٨٠، من طريق سـفيان، بهوأخرجه احمد ١١٠/٣، وأبو يعلى ٣٥٥٩، وابن الجارود ٧٢٧ من طريق سفيان، عن الزهري، به. وقال الترمذي: وقد روى غير واحد هذا الحديث عـن ابـن عيينة، عن الزهري، عن أنس، ولم يذكروا فيه «عن وائل عن أبنه». وكان سـفيان ابن عيينة يدلس في هذا الحديث، فربما لم يذكر فيه «عن وائل عن ابنه»، وربما ذكره. بروانه: الإحسـان في تقريب صحيح ابن حبان، محمد بـن حبان بن أحمد بن حبـان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُسـتي (المتوفى: ٣٥٤هـ)، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسـي (المتوفى: ٧٣٩ هـ)، حققه وخرج أحاديسـه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٨ هـ ـ ١٩٨٨م، ٣٦٨/٩، فەرموودەی ژمارە (٤٠٦١).

٣. مَوضـوع. رواه ابـن ماجه (١ / ٣١٧) والعقيلي في « الضعفاء « (٤٦٧) وابن عدي (٣٦٤ / ٢) وابن حبان في « الضعفاء « (٣ / ١٢٠) وأبو نعيم في « أخبار أصبهان « (١ / ١٣٤) والحاكم في « المسـتدرك « (٤ / ٢١) وفي « معرفة علوم الحديث « (ص ١٠٠ ـ ١٠١) والبيهقي في « الآداب « (٣١٨ / ٦٦٧) وأبو الحسـن الحمامي في « الفوائد المنتقاة « (٩ / ٢٠٧ / ٢) والخطيب في « تاريخه « (٥ / ٣٥٣) وهبة الله الطبري في « الفوائد « (١ / ١٣٤ / ٢) واستغربه عن أبي زكير يحيى ابن محمد بن قيس قال: حدثنا هشام بن عروة عن أبيه عن عائشة مرفوعا، وقـال ابن عـدي والحاكم في « المعرفة « والبيهقـي والحمامي والخطيب: تفرد به أبـو زكير، والحاكم مع ☚

لە ئەهلی شامەوە کە بە تەنیا (أبو زکَیر) ڕیوایەتی کردووە لە ئەهلی شامەوە، وە وێنەی ڕیوایەتی فەردی (موثوق بە) حەدیسی موسلیم و غەیری موسلیمە کە حەزرەت ﷺ **(كَانَ يَقْرَأُ فِي الْأَضْحَى وَالْفِطْرِ بِـقاف، وَاقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ)**[1]، ئەمە بە تەنیا زەمرەی کوڕی سەعید لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵا لە ئەبو واقیدی لەیثییەوە ڕیوایەتی کردووە، ئیتر لە مەوسووقەکان کەسی تر ڕیوایەتی نەکردووە غەیری زەمرە، وە ڕیوایەتی کردووە لە غەیری ئەوانەوە (ابن لهيعة)، وە ئەمە زەعیفە لە لای جمهووردا ـ لە خالیدی کوڕی یەزید لە زوهری لە عوروە لە عائیشەوە رضي الله عنها ـ

بزانن دارەتوقنی لەم نەوعەدا کتێبی گەورەی تەئلیف کردووە، وە لەناو مەعاجیمی تەبەرانیدا وێنەی زۆر هەن بۆ ئەم نەوعە.

☚ تساهله المعروف لَم يصححه فِي «المستدرك» و قال الذهبي فِي « الميزان «: هذا حديث منكر، وكذا قال في تلخيص «المستدرك»، بڕوانە: سلسلة الأحاديث الضعيفة والموضوعة وأثرها السيئ في الأمة، محمد ناصر الدين، بن الحاج نوح بن نجاتي بن آدم، الأشقودري الألباني (المتوفى: ١٤٢٠هـ)، دار النشر: دارالمعارف، الرياض ـ المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولى، ١٤١٢ هـ / ١٩٩٢ م، ٤٠١/١، فەرموودەی ژمارە (٢٣١).

١. دەقی فەرموودەکە: «كَانَ يَقْرَأُ فِيهِمَا ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ، وَاقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ»، رجاله رجال الصحيح، إلا أن عبيد الله بن عبد الله ـ وهو ابن عتبة بن مسعود ـ لم يدرك عمر، لكن الحديث صحيح بلا شك، فقد صرح باتصاله في رواية مسلم «٨٩١» من طريق فليح بن سليمان، عن ضمرة بن سعيد، عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، عَنِ أبي واقد، قال: سألني عمر. قال النووي في شرح مسلم «١٨١/٦»: هذه متصلة، فإنه أدرك أبا واقد بلا شك وسمعه بلا خلاف، و هو فِي «الموطأ» «١٨٠/١» في العيدين: باب ما جاء في التكبير والقراءة في صلاة العيدين، ومن طريقه: أخرجه الشافعي في «الأم» «٢١٠/١»، وأحمد «٢١٧/٥» ـ «٢١٨»، ومسلم «٨٩١» في العيدين: باب ما يقرأ به في صلاة العيدين، والترمذي «٥٣٤» في الصلاة: باب ما جاءفي القراءة في العيدين، وأبو داود «١١٥٤» في الصلاة: ما يقرأ في الأضحى والفطر، والبغوي «١١٠٧»، وأخرجه النسائي «١٨٣/٣» ـ «١٨٤» في العيدين: باب القراءة في العيدين ب {ق} و {اقْتَرَبَتِ} ، وابن ماجه «١٢٨٢» في إقامة الصلاة: باب ما جاء في صلاة العيدين، والترمذي «٥٣٥»، من طريق سفيان بن عيينة، عن ضمرة، بهذا الإسناد. بلفظ: «خرج عمر رضى الله عنه يوم عيد، فسأل أبا واقد الليثي: بأي شيء كان النبي ﷺ يقرأ في هذا اليوم؟ فقال: بـ {ق} و {اقْتَرَبَتِ}». بڕوانە: الإحسان في تقريب صحيح ابن حبان، محمد بن حبان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُستي (المتوفى: ٣٥٤هـ)، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (المتوفى: ٧٣٩ هـ)، حققه وخرج أحاديثه وعلق عليه: شعيب الأرنؤوط، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٠٨ هـ ـ ١٩٨٨م، ٦١/٧، فەرموودەی ژمارە (٢٨٢٠).

حەدیسی (ئیفراد)

لەسەر فەرمـوودەی عولەمـای ئەمجاد — لەسـەر دوو قیسـمە ڕیوایـەی ئەفـراد
یەکەمیـن فـەردی موتڵەقـە بـە حـەق — دووەمیـن فـەردی نیسـبی موحەققـەق
ئـەوڵ ریوایـەی یەکێکـە تەنیـا — نەبـێ لەگەڵیـا کەسـێ لـە دونیـا
ئەمـە ڕابـوورا تەکـراری نـاوێ — حوکمەکـەی دەرچـوو وێنـەی هەتاوێ
دووەم ڕیوایـەی فـەردە بـە نیسـبەت — جیهەتێکی «خاص» فەردو جەماعەت
وەکـو ڕیوایـەی ئەهلـی مەککـە و شـام — یـا ئەهلـی کووفـە یـا بەسـرەی ئـارام
یاخـۆ فـڵان کـەس هـەر لـەو فڵانـە — ڕیوایەتـی کـرد ئـەو حەدیسـانە
هەرچـەن ئەوانـە بێنـە ئـەو نـاوە — لەگەڵـی مەحـدوود لەمـلاو لـەولاوە
بەمشـێوە وتمـان هـەر چۆنـێ بـدوێ — هیچیان موجیب نین بۆ زوعفی مەرویی
مەگـەر نیسـبەتی ڕیوایـە بـدرێ — لـە ئەهلـی شـوێنێ بەنـرخ و قـەدرێ
کەچـی مەبەسـتت لـە ڕیوایـە و ڕاز — یەکـێ بـێ لـەوان بـە شـێوەی مەجـاز
ئـەوە پێویسـتە تەحقیقـی حاڵـی — ئـەو کەسـە لەسـەر پایـەی کەماڵـی

◈◈◈

١٧ـ فەرموودەی عەیبدار (الـمُعَلّل)[١]

حەدیسی (معلل) حەدیسێکە کە موحەددیس ئاگادار ببێ لەسەر عیللەتێکی وەها لەو حەدیسەدا کە قادیح بێ لە سیحەتی (مع أنه) بە زاهیر سالـمە لە عەیب، وە ئەو عەیبە جار بە جار ڕوو ئەکاتە ئیسنادی حەدیسەکە، جا موحەددیسی زانا ئاگادار ئەبێ

١..بۆ زیاتر زانینی باسی موعەللەل تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١١٢، وإرشاد طلاب الحقائق ١/ ٢٣٤ ـ ٢٤٨، والتقريب: ٧٥ ـ ٧٧، والمنهل الروي: ٥٢، والخلاصة: ٧٠، والـموقظة: ٥١، واختصار علوم الحديث: ٦٣، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٦٣، ونزهة النظر: ١٢٣، والـمختصر: ١٣٤، و فتح الـمغيث ١/ ٢٠٩، وألفية السيوطي: ٥٥ ـ ٦٦، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٩٢، وفتح الباقي ١/ ٢٢٤، وتوضيح الأفكار ٢/ ٢٥، وظفر الأماني: ٣٦٣، وقواعد التحديث: ١٣١، وراجع كتاب: أثر علل الحديث فِي اختلاف الفقهاء).

لەسەری بەهۆی (تفرد)ی، ڕاوییەکەی لە باقی ڕاوییانی حەدیس، وە بە موخالەفەی باقی ڕاوییەکان بۆ ئەو ڕاوییە کە حەدیسە (معلل)ـەکەی ڕیوایەت کردووە، وە بە هۆی بازێ قەرینەوە کە ئاگاداری ئەدا بە ئینسانی زانا لەسەر ئیرسال لە حەدیسی (موصول) دا، وە (وقف) لە حەدیسی (مرفوع)دا، یا داخڵبوونی حەدیسێ لە ئیسنادی حەدیسێکی تردا، بە نەوعێ کە گومان پەیدا ئەکا لە سیحەتی حەدیسەکەدا، وە بازێ جاریش ئەو عەیبە ڕوو ئەکاتە مەتنی حەدیسەکە.

جا ئەو عەیبە کە وا لە ئیسناددا وا ئەبێ قەدح ئەدا لە سیحەتی ئیسنادەکە فەقەت، وە وایش ئەبێ قەدح ئەدا لە سیحەتی ئیسناد و مەتنی حەدیسەکە بە یەکەوە.

جا وێنەی ئەو حەدیسە کە عیللەت لە ئیسنادەکەیا بێ ئەوەیە: ڕیوایەتی کردووە (**يَعْلَى ابنُ عُبَيْدٍ**) لە سوفیانی سەوری لە عەمری کوڕی دینار لە ئیبنو عومەرەوە لە حەزرەت (ﷺ ـ **قال: البَيِّعَانِ بالـخِيارِ**)[1]، ئەمە ئیسنادەکەی موتتەسیلە بە نەقڵی عەدڵ لە عەدڵەوە (مع أنه) موعەللەلە و عیللەتەکەی وا لە ئیسنادی ڕاویدا کە ئەڵێ: (**عَنْ عمرِو بنِ دينارٍ**) وە ڕاستەکەی ئەوەیە (**عَنْ عبدِ اللّهِ بنِ دينارٍ، عنِ ابنِ عُمرَ**) وە موحەددیسەکان لە ئەسحابی سوفیان وایان نەقڵ کردووە لە سوفیانەوە و ڕاوی لای داوە لە عەبدوڵڵای کوڕی دینار بۆ عەمری کوڕی دینار، وە هەردووکیانیش مەوسووقن، و بەرهەحاڵ مەتنی حەدیسەکە سەحیحە.

وە وێنەی عیللەت لە مەتندا ئەو حەدیسەیە کە موسلیم بە تەنیا ڕیوایەتی کردووە لە ئەنەس کە بە سەراحەت نەفیی خوێندنی (**بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**) ئەکات، ئەمە گەلێ لە موحەددیسین تەعلیلی ئەو لەفزەیان کردووە، لەبەرئەوە لە زۆربەی ڕاوییەکانەوە ڕیوایەت کراوە: (**فكانوا يَسْتَفْتِحونَ القراءةَ بـ«الحمدُ للّهِ ربِّ العالَمينَ»**) بە بێ تەعەرڕوز بۆ باسی (**بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ**) وە باوەڕیان وەهایە: ئەو کەسە بەو لەفزە پێشووە نەقڵی کردووە لەسەر ڕیوایەتی (بالمعنى) بووە و وا حاڵی بوون مەبەست لە (**الحمدُ للّهِ ربِّ العالَمينَ**) ئەو لەفزەیە نەك سوورەتی (فاتِحَة)، لەبەرئەوە وەهایان ڕیوایەت کردووە

---

١. رواه البخاري، فەرموودەی ژمارە (٢٠٧٩ـ٢٠٨٢).

بە جۆرێ ببێ بە هۆی ئەوە قارئ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) نەخوێنێ و لە (الحمدُ للّهِ ربِّ العالَمينَ)ـەوە، دەست پێ بکا، وە ئەمە خەتایە، چونکە مەعنای حەدیسەکە وایە ئەو سوورەتە کە دەستیان پێ ئەکرد سوورەتی (فاتِحَة) بووە ئیتر باسی ناوبردنی (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) لەوێدا نییە، عەلاوەی ئەوە ثابت بووە کە پرسیاری لێ کراوە، ئایا لە پێشا لەو سوورەتەدا دەست بە (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) بکا یان نە؟ ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە لەو بابەتەوە ئاگادار نییە و لە حەزرەتەوە ﷺ فەرموودەیەکی وەرنەگرتووە.

حەدیسی (معلّل)

موعەللەل عورفەن حەدیسێ وایە | لای موحەدیسین عەیبێکی تیایە
وەلحاڵ بە زەننی ئینسانی بێ رەیب | بە یاسای زاهیر سالمە لە عەیب
ئەو عەیبە جارێ وا لە ئیسنادا | باش دەرئەکەوێ لە لای ئوستادا
ئەگەرچی زاهیر حاوی شرووتە | بۆی مەعلووم ئەبێ غەیرە مەزبووتە
بە تەفەڕودی ڕاوی لە ثیقات | یا موخالەفە بۆ باقی ڕوات
یا قەرینەیەك دەرئەکەوێ بۆی | ئەیکا بە کلیل بۆ مەقسوودی خۆی
ئاگادار ئەبێ لە عەیبی ئیرسال | لەبۆ حەدیسی زاهیر ئیتتیسال
یا وەقفی مەرفووع بۆ زاتی ڕەئیس | یا داخڵ بوونی حەدیس لە حەدیس
واش ئەبێ عیللەت ئەوترێ زەریف | بۆ خۆی تەوسیفی حەدیس بە زەعیف
وەکو حاڵی بوون لە درۆی ڕاوی | یا لە غەفڵەتی ذیهنی بڵاوی
یا موحافەزە و زەبتی قەلیلە | بۆم ئافاتانە سەنەد عەلیلە
جارێکیش ئافەت لەناو مەتنایە | بناغەی هەڵەی فامی مەعنایە
بۆی دەرئەکەوێ مەتن یا ئیسناد | غەیرە سەحیحە و بێ سوودە و بەرباد
بەڵام حاڵی بوون لە دەردی حەدیس | بۆ ئوستادێکە حازیق و ڕەئیس

◈◈◈

١٨ـ فەرموودەی شڵەقاو (الْمُضْطَرِبِ)[١]

حەدیسی (مضطرب) لە عورفی موحەددیسیندا عیبارەتە لە حەدیسێکی وا ڕیوایەت لەودا موختەلیف بێ: بازێ لە ڕاوییەکان بە جۆرێ ڕیوایەتی بکا و بازێکی تریان بەجۆرێکی تر، بەمەرجی هۆی تەرجیح نەبێ. وەکو ئەوە کە ڕاوی ئەو جیهەتە حافیزتر و زابیتتر بێ، یا زۆرتر سوحبەتی (مروي عنه)ی کردبێ، یا شتێکی تری ببێ لە تەئییدات، ئەگەرنا مادام (مرجح) بوو بەلایەك ئەو لە (اضطراب) دەرئەچێ و تەرجیح دراو موعتەبەرە. وەلحاسڵ (اضطراب) مەشرووتە بە مساواتی وجووهی ڕیوایەتەکان بۆ یەکتر، وە ئەو (اضطراب)ـە، یا لە ئیسنادایە یا لە مەتنا یاخود لە هەردووکیانا، وەکو ئیمامی نەوەوی لە (تقریب)دا، فەرموویەتی.

جا وێنەی (اضطراب) لە ئیسناددا حەدیسی ئەبوبەکری سددیق ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ **(قال: أراك يا رسول الله شبت؟ قال: شَيَّبَتْنِي هُودٌ وَ أَخَوَاتُهَا ـ الحديث)**[٢]، دارەتوقنی ئەڵێ: ئەم حەدیسە

---

١. بۆ زیاتر زانینی باسی موصطەریب تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ١/ ٢٤٩ ـ ٢٥٣، والتقريب: ٧٧ ـ ٧٨، والاقتراح: ٢١٩، والمنهل الروي: ٥٢، والخلاصة: ٧٦، والموقظة: ٥١، واختصار علوم الحديث: ٧٢، والمقنع ١/ ٢٢١، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٩٠، ونزهة النظر: ١٢٦، والمختصر: ١٠٤، وفتح المغيث ١/ ٢٢١، وألفية السيوطي: ٦٧ ـ ٦٨، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٩٧، وفتح الباقي ١/ ٢٤٠، وتوضيح الأفكار ٢/ ٣٤، وظفر الأماني: ٣٩٢، وقواعد التحديث: ١٣٢).

٢. سنده ضعيف لضعف يزيد بن أبان الرقاشي وأما حَماد بن يحيى والحديث ذكره السيوطي في «الدر المنثور» (٤ / ٣٩٦ ـ ٣٩٧) بعدة ألفاظ من رواية أنس وعزاه للمصنِّف والبزار وابن مردويه وابن عساكر، و قد أخرجه ابن عدي في «الكامل» (٢ / ٦٦٤) من طريق أحمد بن إبراهيم الموصلي، عن حماد بن يحيى الأبح، به، و قد أخرجه ابن مردويه في «تفسيره» من طريق محمد بن غالب كما في «تخريج الكشاف» للزيلعي (٢ / ١٤٩ ـ ١٥٠)، و أخرجه ابن سعد في «الطبقات» (١ / ٤٣٦) من طريق أبي صخر حميد بن زياد الخرّاط، عن يزيد بن أبان الرقاشي، به بلفظ أطول منه، وفيه قصة، و ذكر البزار في «مسنده» (١ / ١٦٩رقم ٩٢) أن زائدة بن أبي الرُّقَاد رواهعن زياد النميري، عن أنس، عن أبي بكر أنه قال: يا رسول الله، قد شبت؟! قال: «شيبتني هود وأخواتها»، ثم قال البزار: «وهذا الحديث فيه علتان، إحداهما: أن زائدة منكر الحديث. والعلة الأخرى: فقد رواه غير واحد عن زائدة، عن زياد، عن أنس: أن أبا بكر قال لِلنَّبِيِّ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ ... ، فصار الخبر عن أنس، فلذلك لم نذكره» . اهـ وكأنه عنى بقوله «لم نذكره» أي: في مسند أبي بكر، و ذكر السيوطي في الموضع السابق من «الدر المنثور» ابن ابن عساكر أخرجه من طريق ربيعة بن أبي عبد الرحمن، عن أنس، و ذكره الدارقطني في «العلل» (١ / ١٩٩) فقال: (وروي عن أبي بكر بن عياش فيه إسناد آخر: حدث به الحسن بن محمد الطنافسي ـ ابن أخت يعلى بن عبيد ـ عن أبي بكر بن عياش، ☚

(مضطرب)ـە، چونکە ڕیوایەت نەکراوە ئیللا لە ڕێگەی ئەبو ئیسحاقەوە (مع أنە) ڕاوییەکان ئیختیلافیان تێدا پەیدا بووە لە نزیکی دە ڕێگەوە، بازێکیان ڕیوایەتی کردووە بە مورسەلی و بازێ ڕیوایەتی کردووە بە مەوسوولی و بازێ دایانناوە بە موسنەدی ئەبوبەکر و بازێ بە موسنەدی سەعد و بازێ بە موسنەدی عائیشە ـ رضي الله تعالى عنهم أجمعين ـ وە هەموو ڕاوییەکان مەوسووقن تەرجیحی بازێکیان نادرێ بەسەر بازێکدا و جەمع لە بەینی ئەوانەیشا مەحاڵە.

وە وێنەی (اضطراب) لە مەتندا وەکو موحەددیسی عێراقی فەرموویەتی: حەدیسی فاطیمەی کچی قەیسە: **قَالَتْ: سَأَلْتُ، أَوْ سُئِلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الزَّكَاةِ؟ فَقَالَ: «إِنَّ فِي الـمَالِ لَحَقًّا سِوَى الزَّكَاةِ»**[1]، وە ترمزی بەم جۆرە ڕیوایەتی کردووە لە ڕیوایەتی

☚عن ربيعة الرأي، عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ أَبُو بَكْرٍ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ... » ، ثم أخرجه بسنده (١ / ٢١٠ ـ ٢١١) من طريق الحسن بن محمد، و هذا إنّما أورده الدارقطني في الاختلاف على أبي إسحاق السبيعي والرواة عنه. بڕوانە: التفسير من سنن سعيد بن منصور ـ محققا، المؤلف: أبو عثمان سعيد بن منصور بن شعبة الخراساني الجوزجاني (المتوفى: ٢٢٧هـ)، دراسة وَ تحقيق: د سعد بن عبد الله بن عبد العزيز آل حميد، الناشر: دار الصميعي للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٤١٧ هـ ـ ١٩٩٧ م، ٣٧٠/٥ بە دواوە، فەرموودەی ژمارە (١١٠٩ـ١١١٠).

١. سنده صحيح. وقد روي مرفوعًا ولا يصح، و بهذا السياق ذكره السيوطي في «الدر المنثور» (٣ / ٣٦٩) وعزاه للمصنّف وابن المنذر، و أخرجه ابن جرير الطبري في «تفسيره» (٣ / ٣٤٢ رقم ٢٥٢٥) من طريق إِسْمَاعِيلُ بْنُ سَالِمٍ، عَنِ الشَّعْبِيِّ، سمعته يُسأل: هل على الرجل حق في ماله سوى الزكاة؟ قال: نعم، وتلا هذه الآية: {وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ والسائلين وفي الرقاب وأقام الصلاة وآتى الزكاة}، و ذكر السيوطي في «الدر المنثور» (١ / ٤١٦) هذا الأثر بنحو سياق الطبري، وعزاه لعبد بن حميد فقط، و قد رواه أبو حمزة ميمون الأعور، عن عامر الشعبي، عن فاطمة بنت قيس قالت: سألت ـ أو: سئل ـ النَّبِيّ ـ صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ عن الزكاة فقال: «إِنَّ فِي الْمَالِ لَحَقًّا سِوَى الزكاة» ، ثم تلا هذه الآية: {ليس البر أن تولوا وجوهكم ..... أخرجه الدارمي في «سننه» (١ / ٣٢٤ رقم ١٦٤٤)، و الترمذي في «جامعه» (٣ / ٣٩ ـ ٤٠ رقم ٦٥٩ ـ ٦٦٠) في كتاب الزكاة، باب ما جاء أن في الـمال حقًّا سوى الزكاة، وابن جرير الطبري في «تفسيره» (٣ / ٣٤٢ و ٣٤٣ رقم ٢٥٢٧ و ٢٥٣٠)، والطحاوي في «شرح معاني الآثار» (٢ / ٢٧)، وابن عدي في «الكامل» (٤ / ١٣٢٨)، و الدارقطني في «سننه» (٢ / ١٢٥ رقم ١١ و ١٢)، والبيهقي في «سننه» (٤ / ٨٤) في الزكاة، باب الدليل على أن من أدىٰ فرض الله ... جَميعهم من طريق شريك بن عبد الله القاضي، عن أبي حمزة، به، واللفظ للترمذي، قال الترمذي بعد أن رواه: «هذا حديث ليس إسناده بذاك، وأبو حمزة ميمون الأعور يُضَعَّف. وروى بيان وإسماعيل بن سالِم عن الشعبي هذا الحديث قوله، وَ هذا أصح» . اهـ و ضعّفه الشيخ الألباني، بڕوانە: صحيح وضعيف سنن الترمذي، فەرموودەی ژمارە (٦٥٩). وقال البيهقي عقبه: «فهذا حديث يعرف بأبي حمزة ميمون الأعور، كوفي، وقد جرحه أحمد بن حنبل، ويحيى بن معين فمن بعدهما من حفاظ الحديث» . اهـ

(أبو شريك) لە ئەبو حەمزە لە (شعبی) لە فاطیمەوە، وە (ابن ماجە) ڕیوایەتی کردووە بە لەفزی: (لَيْسَ فِي الْمَالِ حَقٌّ سِوَى الزَّكَاةِ) [1] ئەڵێ: ئەمە ئیضطرابێکە تەئویلی نییە.

باسي حەدیسی (مضطرب)

(مضطرب، عرفاً) حەدیسێ وایە | کە موختەلیف بێ لەوا ڕیوایە
تەرجیحیش نەبێ بۆ یەکێ لەوان | لەسەر ما باقی لەلای زانایان
بە زەبتی ڕاوی یا زۆری سوحبەت | بۆ (مروي عنە) بە یاسای عادەت
کە تەرجیح هەبێ نابێ (اضطراب) | میزان شاهیدە بۆ کاتی حیساب
ئەو (اضطراب)ـەیش، یا لە مەتنایە | یا لە ئیسنادا کاتی ڕیوایە
ڕاوی یەکێ بێ بە تاقی تەنیا | یا دوو یا زیاد زانا بە ئەشیا
ئەوەیش ئەبێتە هۆی زوعفی حەدیس | لەبەر بێ زەبتی ئەربابی تەحدیث
جا بێرە سەیری شەرحی وێنەکان | لەبۆ میقیاسی باقی شوێنەکان

◈◈◈

١. أخرجه ابن ماجه «١/٥٧٠»، كتاب الزكاة: باب ما أدى زكاته ليس بكنز، حديث «١٧٨٩»، والطبراني في «الكبير» «٢٤/٤٠٤» رقم «٩٧٩»، وَ أخرجه الترمذي «٣/٤٨» في الزكاة، باب ما جاء في أن المال حقاً سوى الزكاة «٦٥٩/٦٦٠»، والطبراني «٢/٥٧»، والدارمي «١/٣٥٨» في الزكاة باب ما يجبي في مال سوى الزكاة، والدارقطني «٢/١٢٥» في الزكاة، باب تعجيل الصدقة قبل الحول رقم «١١/١٢»، والطحاوي في «شرح معاني الآثار» «٢/٢٧»، والبيهقي «٤/٨٤» في الزكاة، باب الدليل على أن من أدى فرض الله في الزكاة فليس عليه أكثر منه إلا أن يتطوع ... من طري شريك عن أبي حمزة الشعبي عن فاطمة بنت قيس بنحوه، وَ قال الترمذي: هذا حديث ليس إسناده بذاك، وأبو حمزة ميمون الأعور يضعف، وروى بيان وإسماعيل بن سالم عن الشعبي هذا الحديث من قوله، وَ هذا أصح. وقال البيهقي: هذا حديث يعرف بأبي حمزة ميمون الأعور كوفي، وقد خرجه أحمد بن حنبل ويحيى بن معين فمن بعدهما من حفاظ الحديث، والذي يرويه أصحابنا في التعاليق ليس في المال حق سوى الزكاة، فلست أحفظ فيه إسناداً.

١٩ـ باسی (الْمدْرَجْ)[١]

حەدیسی (مدرج) ئەوەیە کە بازێ لە مەتنی حەدیسێ بـخەیتە پاڵی مەتنی حەدیسێکی ترەوە، یا ڕاوی کەلامی خۆی بە دوای ئەو حەدیسەدا بێنێ بە نەوعێ کە خەڵکی وا بزانن ئەو کەلامە داخڵی حەدیسە شەریفەکەیە، وە لە پاشان ڕاوییان ڕیوایەتی بکەن لەناو جوملەی حەدیسەکەدا، یاخود ڕاوییەك حەدیسێ ڕیوایەت بکا لە کۆمەڵێ مەشایخی وا کە موختەلیف بن لە ئیسناددا بە ئیسنادی تاقە یەکێ لەوان. وە ئەم کردەوەی (ادراج)ـە، (عمداً وَ قصداً) حەرامە و دروست نییە موتڵەقەن، چونکی ئەبێ بە هۆی (إشتِباه) بۆ چینی دوایی.

جا وێنەی (ادراج)ی، بازێ لە مەتن لە مەتنی حەدیسێکی ترا وەکو ڕیوایەتی (سَعِیْدِ بنِ أبي مَرْیَمَ) لە مالیك لە زوهرییەوە لە ئەنەسەوە ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ (أن رسول الله صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قال: لاَ تَبَاغَضُوا، ولاَ تَحَاسَدُوا، ولاَ تَدَابَرُوا، وَ لاَ تَنَافَسُوا. الحديث) ئیستە جوملەی (وَ لاَ تَنَافَسُوا) ئیبنو ئەبی مەریەم لە مەتنی حەدیسێکی ترەوە هێناویەتی بۆ ئێرە، کە مالیك ڕیوایەتی کردووە لە (ابو الزناد) لە ئەعرەج لە ئەبو هورەیرەوە ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ کە هەیە لەو حەدیسەدا: (لاَ تَجَسَّسُوا، ولاَ تَحَسَّسُوا، ولاَ تَنَافَسُوا، ولاَ تَحَاسَدُوا ـ واللّه أعلم)[٢].

---

١. بۆ زیاتر زانینی باسی مودرەج تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٣٩، والإرشاد ١/ ٢٥٤ ـ ٢٥٧، والتقريب: ٧٩ ـ ٨٠، والاقتراح: ٢٢٣، والمنهل الروي: ٥٣، والخلاصة: ٥٣، والموقظة: ٥٣، واختصار علوم الحديث: ٧٣، والمقنع ١/ ٢٢٧، ونزهة النظر: ١٢٤، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٩٥، والمختصر: ١٤٥، وألفية السيوطي: ٧٣ ـ ٧٩، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٠١، وفتح الباقي ١/ ٢٤٦، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠، وظفر الأماني: ٢٤٨، وقواعد التحديث: ١٢٤).

٢. وَ روايته أخرجها: الخطيب في الفصل: ٤٤٣، وابن عبد البر في التمهيد ٦/ ١١٦، و فِي الموطأ (٢٦٤٠) رواية الليثي، و من طريقه الخطيب في الفصل: ٤٤٣، والحديثان هكذا على الصواب عند رواة الموطأ، إذ رواه عن مالك:

ـ عبد اللّه بن يوسف التنيسي، عند البخاري ٨/ ٢٣ (٦٠٦٦) و ٨/ ٢٥ (٦٠٧٦).

ـ عبد اللّه بن مسلمة القعنبي. عند أبي داود (٤٩١٠) و (٤٩١٧)، وأبي نعيم في الحلية ٣/ ٣٧٤، والخطيب في الفصل: ٤٤٣ ـ ٤٤٤.

ـ قتيبة بن سعيد. عند أبي أحمد الحاكم في عوالي مالك (٧٢)، والخطيب في الفصل: ٤٤٤، والعلائي في بغية الملتمس (١٥١).

ـ يحيى بن يحيى النيسابوري. عند مسلم ٨/ ٨ (٢٥٥٩) و ٨/ ١٠ (٢٥٦٣).☚

وە وێنەی (ادراج)ی، کەلامی ڕاوی لە حەدیسی حەزرەتدا ﷺ ئەوەیە کە ڕیوایەتمان کردووە لە (تشهد)دا لە (أبي خَيْثَمَةَ زُهَيْرِ بنِ معاويةَ) لە (الحسَنِ بنِ الْحُرِّ) لە (القاسِمِ بنِ مُخَيْمِرَةَ) لە عەلقەمەوە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعودەوە: (أنَّ رَسُوْلَ اللهِ ـ ﷺ ـ عَلَّمَهُ التَّشَهُّدَ في الصلاةِ فقالَ: «قُل: التَّحِيَّاتُ للهِ ... فَذَكَرَ التَّشَهُّدَ، وفي آخِرِهِ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ اللهُ، وأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ فإذا قُلْتَ هذا فَقَدْ قَضَيْتَ صَلاَتَكَ، إنْ شِئْتَ أَنْ تقُومَ فَقُمْ، وإنْ شِئْتَ أَنْ تَقْعُدَ فاقْعُدْ)[1]، بەم جۆرە (ابو خَيْثَمَةَ) ڕیوایەتی کردووە لە (حسن ابن حر) جا هاتووە جوملەی (فاذا قلت هذا) تا ئاخری دەرجی کردووە لە حەدیسەکەدا (مع انه) کەلامی حەزرەت ﷺ نییە، بەڵکو کەلامی ئیبنو مەسعودە[2]، وە دەلیل لەسەر ئەمە ئەوەیە کە (حسین جعفی وابن عجلان) و غەیری ئەوانیش موتتەفیقن لە ڕیوایەتی حەدیسی (التشهد) لە (حسن ابنِ الْحُرِّ) و تەرکی کەلامی پێشوویان کردووە یانی: (فاذا قلت) تا ئاخر.

☚ـ أبو مصعب الزهري. كما في روايته للموطأ (١٨٩٤) و (١٨٩٥).
ـ إسماعيل بن أبي أويس. عند البخاري في الأدب المفرد (٣٩٨) و (١٢٨٧).
ـ سويد بن سعيد. كما في موطئه (٦٨١) و (٦٨٢).
ـ عبد الله بن وهب. عند الطحاوي في شرح المشكل (٤٥٤) و (٤٥٧).
ـ عبد الرحمان بن القاسم. في روايته للموطأ.
ـ الفضل بن دكين. عند ابن عبد البر في التمهيد ٦/ ١١٦.
ـ محمد بن سليمان المصيصي لوين. عند أبي أحمد الحاكم في عوالي مالك (٧٦).
ـ يحيى بن بكير. عند العلائي في بغية الملتمس (١٥١).
ـ إسحاق بن عيسى الطباع. عند أحمد ٢/ ٤٦٥.
ـ روح بن عبادة. عند أحمد ٢/ ٥١٧.
ـ محمد بن الحسن الشيباني. كما في الموطأ (٨٩٦) بروايته.

قال حمزة بن محمد الكناني: «لا أعلم أحداً قال في هذا الحديث عن مالك: «ولا تنافسوا» غير سعيد ابن أبي مريم». التمهيد ٦/ ١١٦، و قال الخطيب: «وقد وهم فيها ابن أبي مريم على مالك عن ابن شهاب، وإنما يرويها مالك في حديثه عن أبي الزناد». نكت الزركشي ٢/ ٢٤٩.

١. أخرجه من هذه الطريق: الطيالسي (٢٧٥)، وأحمد ١/ ٤٢٢، والدارمي (١٣٤٧)، وأبو داود (٩٧٠)، وابن حبان (١٩٦١)، والدارقطني ١/ ٣٥٣.

٢. نص على هذا غير واحد من الحفّاظ، منهم: الدارقطني في السنن ١/ ٣٥٣، وفي العلل (١٢٧٥)، والحاكم في معرفة علوم الحديث: ٣٩، والبيهقي في الكبرى ٢/ ١٧٤، والخطيب في الفصل: ١٠٤، ونقل النووي في الخلاصة ٦١ / ب اتفاق الحفّاظ على إدراجها. وانظر: شرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٩٦ ـ ٤٠٠.

وە لە وێنەی (ادراج)ی، ئیسناد لە ئیسنادێکی ترا ئەمە کە مەتنی حەدیس لەلای بازێ ڕاوی ئیسنادێکی بێ ئیللا بازێ لەو حەدیسە، ئەوە بە ئیسنادێکی‌تر ڕیوایەتی کردبێ (مع انه) ئەو کەسەی ئەو حەدیسە ڕیوایەت ئەکا لەو کەسەوە هەموو حەدیسەکە بە ئیسنادی ئەوەڵ ڕیوایەت ئەکاو ئیسنادی ئاخر تەرك ئەکا، وەکو ئەو حەدیسە کە (ابنِ عُيَيْنَةَ) و (زائِدَةَ)ی، کوڕی (قُدَامَةَ) ڕیوایەتیان کردووە لە (عَاصِمِ بنِ كُلَيْبٍ) لە باوکییەوە لە وائیل کوڕی حوجرەوە لە سیفەتی نوێژی حەرزەتدا ﷺ وە لە ئاخری حەدیسەکەوە هەیە (**أَنَّهُ جَاءَ في الشِّتَاءِ، فَرَآهُمْ يَرْفَعُونَ أَيْدِيَهُمْ مِنْ تَحْتِ الثِّيَابِ**)[1] ـ مع انه ـ سەواب وایە ئەو کەسە کە ڕیوایەت ئەکا لە عاسیمەوە هەر سیفەتی نوێژەکە نەقڵ بکا و باسی دەستبەرزکردنەوە جیا بکاتەوە لە حەدیسەکە.

وە بزانن: دروست نییە (ادراج)ی، حەدیس بە هیچ نەوعێ لەم نەوعانە بەشێوەی عەمدی، چونکی ئەبێ بە هۆی سەرشێواندن لە چینی پاشکەوتوویی ڕاویەکان، وە فەرزە ئیسناد و مەتن هەموو سەربەخۆ بن.

حەدیسی (مدرج)

(ادراج) بە مەعنا تێ هەڵکێشانە — (مدرج) بەو مەعنا فەهمی ئاسانە
یانی حەدیسێ لە مەتنی ئەودا — مەتنێکی دووەم داخڵ کەی تیدا
یا واتەی ڕاوی لە واتەی ئەکرەم — (فتأتي الشبهة لمن لا يعلم)
یا تێکەڵ بکەی ئیسناد بە ئیسناد — کاتی ڕیوایەت بۆ زومرەی عیباد
ڕەوا نەدراوە عەمەلی ئیدراج — (عمداً فاحذره بدون لجاج)

١. أخرجه الشافعي في الـمسند (١٩٧)، والحميدي (٨٨٥)، والنسائي ٢/ ٢٣٦، والدارقطني ١/ ٢٩٠، والخطيب في الفصل: ٢٧٩، و عند أحمد ٤/ ٣١١، والدارمي (١٣٦٤)، وابن الجارود (٢٠٨)، وابن حبان (١٨٥٧)، والطبراني في الكبير ٢٢ / (٨٢)، والخطيب في الفصل: ٢٧٩، وَ مِمّن رواه على الصواب: زهير بن معاوية: عند أحمد ٤/ ٣١٨، والطبراني ٢٢ / (٨٤)، والخطيب في الفصل: ٢٨٤، و شجاع بن الوليد: عند الخطيب في الفصل: ٢٨٤، و قال موسى بن هارون الحمال: «وذاك ـ يعني: رواية سفيان وزائدة ـ عندنا وهم وإنما أدرج عليه، وهو من رواية عاصم، عن عبد الجبار بن وائل، عن بعض أهله، عن وائل. هكذا رواه مبيناً زهير بن معاوية وأبو بدر شجاع بن الوليد، فميزا قصة تحريك الأيدي من تحت الثياب، وفصلاها من الحديث وذكرا إسنادهما كما ذكرنا». ثم قال: «وهذه رواية مضبوطة اتفق عليه زهير وشجاع بن الوليد، وهما أثبت له رواية ممن روى «رفع الأيدي من تحت الثياب»، عن عاصم بن كليب، عن أبيه، عن وائل». نكت الزركشي ٢/ ٢٤٧ ـ ٢٤٨.

٢٠ـ فەرموودەی هەڵبەستراو (الـموضوع)[١]

حەدیسی (موضوع) ئەوەیە بەبێ ڕیوایەت لە ئەسڵێکی باوەڕپێکراوەوە بڵاوبکرێتەوە بەناو عالەمدا، بە ئیعتیباری ئەوە کە فەرموودەی حەزرەت ﷺ بووە.

ڕیوایەتکردنی حەدیسی وەها زۆر گوناهە و حەدیسی مەوزووع لە خراپترینی ئەحادیسە. وە لە حەقیقەتدا لە ئەحادیسی زەعیف نییە، چونکی ئەحادیسی زەعیف گەلێکیان (متابع و مؤید)یان، بۆ دەرئەکەوێ و هێز وەرئەگرێ و لە ئەحادیسی نەبەوی ئەژمێررێ، بەڵام مەوزووع بێ ئەسڵ و ئەساسە و دروست نییە کە ئینسان ڕیوایەتی حەدیسی مەوزووع بکا مەگەر بۆ ئەوە بەیانی حاڵی بکا و بڵێ: ئەم حەدیسە مەوزووعە و دەم هەڵبەستە، بەڵام ئەحادیسی زەعیفە دروستە ڕیوایەت بکرێن لە بۆ تەرغیب و تەرهیب وەکو لەمەولا باسی دێ.

وە ئەسبابی هەڵبەستنی حەدیسی مەوزووع یا خێرە یا شەڕە، جا ئەو هۆیە کە خێر بێ وەکو ئەوە کابرا هەڵیبەستێ بۆ تەرغیبدان لە واجبات و تەرهیب و ترساندنی خەڵك لە موحەڕەمات، مَعَ العِلْم ئیجماع هەیە لەسەر ئەوە دروست نییە ڕیوایەتی حەدیسی مەوزووع ئیللا بۆ بەیانی ئەوە کە بڵێ: ئەو حەدیسە مەوزووعە.

وە هۆیەك کە شەڕ بێ ئەوەیە: زەندیقەکان ویستوویانە بازێ درۆ هەڵبەستن بەناوی فەرموودەی حەزرەتەوە ﷺ بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوە کاتێ عاقڵان و هۆشیاران تەماشای مەعناکەیان کرد کە موخالیفی واقیع و غەیرە مەعقوولە، لە دینی ئیسلام وەرگەڕێنەوە، وە یا بازێ لە ئەهلی بیدعەت کە لە یاسای جمهووری موسڵمانان لایانداوە بازێ قسەیان دروست کردووە بە موافیقی بیدعەتەکەی خۆیان بۆ ئەوە کە دەستەوبەستەیان زۆر ببێ، وە یاخوود دوو کەس لە قەزییەیەکدا نیزاعیان ئەبێ، جا هەرکام لەوانە بە موافیقی

---

١. بۆ زیاتر زانینی باسی مەوزووع تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الـجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع ٢/ ٩٨، وجامع الأصول ١/ ١٣٥، والإرشاد ١/ ٢٥٨ ـ ٢٦٥، والتقريب: ٨٠ ـ ٨٥، والاقتراح: ٢٣١، والـمنهل الروي: ٥٣، والـخلاصة: ٧٦، والـموقظة: ٣٦، واختصار علوم الحديث: ٧٨، ونزهة النظر ص ١١٨، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٤١٣، والـمختصر: ١٤٩، وفتح الـمغيث ١/ ٢٣٤، وَ ألفية السيوطي: ٧٩ ـ ٩٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢١٥، وفتح الباقي ١/ ٢٦١، وَ توضيح الأفكار ٢/ ٦٨، وَ ظفر الأماني: ٤١٢، وَ قواعد التحديث: ١٥٠).

مەقسوودەکەی خۆی حەدیس دروست ئەکا و لە زمانی حەزرەتەوە ﷺ ڕیوایەتی ئەکا بۆ تەرویجی ئەو مەقسوودەی خۆیە، وە یاخود خوێندەوارێ لە لای فەرمانداڕێکدایە و کاتێ پرسیاری لێ ئەکرێ لەسەر دڵخوازی ئەو فەرمانداره قسە دروست ئەکا و بە زمانی حەزرەتەوە ﷺ ڕیوایەتی ئەکا تا ئەو فەرمانداره دڵشاد بێ، وە لە واقیعدا محەببەتی دونیا ئینسان هەڵئەنێ بۆ گەلێ کاری نابار ـ خودا بمانپارێزێ لە فیتنەی دونیا، آمیـن ـ

وە هۆی ئاگاداربوون بەسەر حەدیسی مەوزووعدا گەلێ شتە:

یەکەم: ئیعتیراف و ئیقراری کابرای خاوەن حەدیسە کە وەها بڵێ: من ئەو حەدیسەم داناوە، ئەمە ئەبێ بە دەلیلی قەتعی شەرعی لەسەر ئەم «وضع» و ئیفتیرایە هەرچەند مومکینە کابرا لەم ئیعتیراف و ئیقرارەدا درۆ بکا، یاخود شتێ کە لە جێگەی ئیقرارکردندا بێ بە وەزعی حەدیسەکە، وەکو ئەوە یەکێ لە تاریخی هەزار و پەنجای هیجریـدا حەدیسێ ڕیوایەت ئەکا لە شێخێکەوە و کاتێ پرسیاری لێ ئەکرێ کە شێخەکەت ماوە یا مردووە؟ ئەڵێ: مردووە، وە ئەپرسن تەئریخی وەلادەی چییە؟ ئەڵێ: هەزارە، لە پاش تەحقیق دەرئەکەوێ لە پێش هەزارا مردووە و دەرئەکەوێ ئەو کابرایە درۆزنە.

دووەم: ئەو حەدیسە ببێ بەهۆی جەوازی مەحاڵی عەقڵی کە مەشهوورە بە مەحاڵی زاتی، وەکو: (جَمع النقيضَيْن وَ رفع النقيضَيْن وَ إجماع الضِدَّيْـن).

سێیەم: ئەوەیە کە ئەو حەدیسە مونافی بێ بۆ بەدیهیی حیسسی وەکو تاوی ڕۆژ، یا بەدیهیی عەقڵی، وەکو: مساواتی (کلّ و جزء).

چوارەم: ئەوەیە کە ئەو حەدیسە مونافی بێ بۆ نەسسی قاتیع، وەکو نەسسی قورئانی پیرۆز، یا حەدیسی موتەواتەر یا ئیجماعی قەتعی لەسەر حوکمێکی دینی، ئەمانە هەموو دەلیلن لەسەر ئەوە کە حەدیسەکەی مەوزووع و هەڵبەستراوە.

پێنجەم: ئەوەیە ئەلفازی حەدیسەکە غەیرە فەسیح بێ بە مەرجێ کابرا ڕیوایەتی لەفزی حەزرەت ﷺ بکا نەك ڕیوایەتەکەی لەسەر مەعنای حەدیسەکە بێ و لەفزەکەی لەفزی خۆی بێ.

شەشەم: ئەوەیە ئیعرابی حەدیسەکە موخالیفی قاعیدەی ئیعراب بێ، یا بازێ کەلیماتی حەدیسەکە غەریب و غەیرە مەئنووس بێ، چونکە فەرموودەی حەزرەت ﷺ لە کەلیماتی (مأنوس الاستعمال)ـن، و دائیرن لە ناو عەرەبدا.

حەوتەم: ڕیوایەتی ئەو حەدیسەیە بە ئاحاد لە باسێکی وادا زۆر (مهم) بێ بۆ دین و باعیس زۆر بێ لەسەر ڕیوایەتی بەشێوەی تەواتور، ئەمەیش دەلیلە لەسەر ئەوە ئەو حەدیسە هەڵبەستراو و بێ ئەساسە، چونکە ئەگەر ڕۆژی جومعە خەتیبی مزگەوتی جامیعە لە مینبەرەوە بکەوێتە خوار و بمرێ عالەم پێی ئەزانێ و گەلێ کەس ئەو ئەحادیسە ئەگێڕنەوە (مع هذا) ئەگەر تاقە کەسێ بەس ئەو حادیسەیەی لەلابێ و بیگێڕێتەوە عاقڵ جەزم ئەنێ بەوەدا کە ئەو خەبەرە درۆیە، ئەگەرنا خەڵکی زۆر ئەیانزانی و ئەیانگێڕایەوە.

جا زۆر پێویستە بۆ زانای موسڵمان کە ئیحتیات بکا لە وەرگرتنی حەدیس و بڵاوکردنەوەی بەناو عالەمدا، وە لەم چەرخەدا کە یاسای لەبەرکردنی حەدیس نەماوە پێویستە بۆ خوێندەوار کە کتێبێ لە ئوسوولی حەدیسدا بخوێنن تا فەرقی حەدیسی سەحیح لە حەسەن و حەسەن لە زەعیف و زەعیف لە مەوزووع بکەن، وە لە یەکێ لە کتێبە گەورەکانەوە وەکو: سەحیحی بوخاری یا موسلیم حەدیس وەربگرن، وە ئەگەر لە باقی کتێبەکانی وەرگرت با حەدیسێ وەربگرێ کە سەحیح بێ یا حەسەن. وە ئەگەر حەدیسی زەعیفی وەرگرت با لە فەزائیلی ئەعمالا بێ، وە ئەگەر لە ئەحکامدا بوو پێویستە بۆ ئەو حەدیسە تەئیید وەربگرێ لە (متابعات و شواهد)، هەروا پێویستە ئینسان خۆی بپارێزێ لە نەقڵی ئەحادیسی مەوزووعە بەهەر جۆرێ مومکین ئەبێ، وەکو پێویستە کە لە خۆیەوە دان نەنێ بەوە کە ئەو حەدیسە مەوزووعە هەتاکو بۆی دەرئەکەوێ.

حەدیسی (موضوع)

لە عورفا مەعنای حەدیسی (موضوع)	دروست کراوی بێ ئەسڵی مەصنووع
(شر الكلام)ـە، نەك (شر الضعيف)	زەعیف قابیلە حەدیس بێ و شەریف

حەرامە نەقڵ و ڕیوایەی بۆ کەس ... مەگەر بەیانی بکەی بە مەبەس
سەبەبی وەزعی یا خێرە یا شەڕ ... یا قەسدی خێرە یا بۆ فیتنە و گەڕ
لە یەکەم بەشە ئەی برای حەبیب ... وەزع بۆ تەرغیب یا لەبۆ تەرهیب
بۆ تەرغیب لەسەر (مهمات)ی دین ... واجب یا مەسنوون لە دینی ئەمین
تەرهیب ترساندن لە کاری (منهي) ... حەرام یا مەکرووهـ (کي لا تشتهي)
ئەم کارە زیدی ئیجماعە موتلەق ... دوورە لەوانەی ئەڕۆن لەسەر حەق
لە دووەم بەشە وەزع بۆ تەنفیر ... لە دینی بەرزی بەشیری نەذیر
کاری زیندیقە ئەم کارە سووچە ... لە بۆ تەشویشی دەماخی پووچە
یا وەزعی (فسّاق) بۆ بیدعەت خواهی ... یانی تەرویجی یاسای گومڕاهی
یا هەواخواهی ئینسانی نەفام ... شەهوەت پەرستی ناپوختانی خام
بە بەرامبەرکێی دوو کەسی کەم فام ... حەدیس دائەنێن بە گوێرەی مەرام
یا بۆ دڵداری گەورەی ناپەسەند ... حەدیس دائەنێ خۆی ئەکا بە پەند
بۆ پایە و مایەی ڕووی ئەم جیهانە ... ژینی ئادەمی گەلێکی ژانە
ئەسبابی دەرکی وەزعی ئەحادیس ... یەکەم ئیقراری وازیعی خەبیس
یا کارێکی وا بە وێنەی ئیقرار ... درۆی ئەو کەسە بۆت دێتە دیار
ئەڵێ: ویلادەی شێخم هەزارە ... کەچی پێش هەزار مەوتی دیارە
دووەم ئیفادەی مەحاڵی (بالذات) ... بە جەمعی (ضدّین) یا (مناقضات)
سێیەم (منافات) لە بۆ بەدیهی ... (حسّي أو عقلي للمنتبه)
چوارەم (منافات) بۆ نەسسی مەنقوول ... یا موتەواتەر لە سوننەی ڕەسوول
یا (مونافات)ی ئیجماعی قەتعی ... ئەبن بە دەلیل بۆ کاری وەزعی
پێنجەم ڕەکیکی ئەلفازی خەبەر ... ئەگەر مەرویی بێ لە نەسسی ڕەهبەر
شەشەم خیلافی قاعیدەی ئیعراب ... یا لەفزی وەحشیی دوور لە بۆ جەناب
حەوتەم ڕیوایەی بە نەقڵی ئاحاد ... لە حوکمی (مهم) بۆ کافەی عیباد

لەوانە داعی موتەوافیر بێ   کە نەقڵی ئەوە موتەواتیر بێ
ئەمانە ئەبنە ئامارەو دەلیل   بۆ دۆزینەوەی مەوزووعی عەلیل
موحەددیسەکان زەحمەتیان کێشا   لەسەر تەحقیقات زۆر سەریان ئێشا
(جزاهم الله عن المُسلمین   یوم لقاء ربّ العالَمین)
زانا لەم باسا ئەبێ وریا بێ   لیباسی تەقوا با لەبەریا بێ
چونکە گەلێ کەس خاوەن تەئلیفات   کەوتە خەتاوە لەسەر تەوسیفات
نەجاح بۆ عیلمە و عەمەل بە ئیخلاس   (ربّنا احفظنا من شرّ الوسواس)
تا چەند کتێبێ موتالا نەکەی   خۆت بە خەیاڵات موبتەلا نەکەی
کاتێ بە تەوفیق هەڵ بکا شەماڵ   ئەوسا بێن ئەکەی شەمامەی کەماڵ

◈◈◈

٢١ـ فەرموودەی وەرگەڕاو (الْمَقْلُوْبِ)[١]

ئیمامی نەوەوی ـ رحمه اللّه تعالى ـ لە (تقريب الراوي)دا، فەرموویەتی کە (مەقلووب) دوو قیسمە[٢]:

یەکەم: ئەمەیە حەدیسێ بێ مەشهوور بێ لەسەر ڕیوایەتی شەخسێ لە موحەددیسین و ڕاوی ئەو حەدیسە لە باتی ئەو ڕاوییە مەشهورە ڕاوییەکی غەیرە مەشهوور دابنێ، وەکو حەدیسێ کە مەشهوورە بە ڕیوایەتی سالم، ڕیوایەت بکرێ بە ناوی نافیعەوە بۆ ئەوە کە ڕەغبەت لەو حەدیسەدا زۆر بێ، چونکی ئەو ڕیوایەتە غەریبە، یا حەدیسێ کە مەشهوورە لە مالیکەوە ڕیوایەت بکرێ لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عومەرەوە.

---

١. بۆ زیاتر زانینی باسی مەقلوب تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ١/ ٢٦٦ ـ ٢٧٢، والتقريب: ٨٦ ـ ٨٧، والاقتراح: ٢٣٦، والـمنهل الروي: ٥٣، والـخلاصة: ٧٦ والـموقظة: ٦٠، واختصار علوم الحديث: ٨٧، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٤٣٤، ونزهة النظر: ١٢٥، والـمختصر: ١٣٦، وفتح الـمغيث ١/ ٢٥٣، وألفية السيوطي: ٦٩ ـ ٧٢، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٢٥،، وفتح الباقي ١/ ٢٨٢، وتوضيح الأفكار ٢/ ٩٨، وظفر الأماني: ٤٠٥، وقواعد التحديث: ١٣٠).

٢. تدريب الراوي فِي شرح تقريب النواوي، للامام جلال الدين السيوطي (الـمتوفى: ٩١١هـ)، حققه: أبو قتيبة نظر مُحمّد الفاريابي، الناشر: دار طيبة، ٣٤٢/١ .

وە لەوانە کە ئەم کارەیان کردووە لە (وضاعیــن) حەممادی کوڕی عەمری نەسیبی و **(أَبُو إِسْمَاعِيلَ إِبْرَاهِيمُ بْنُ أَبِي حَيَّةَ الْيَسَعُ، وَ بُهْلُولُ بْنُ عُبَيْدٍ الْكِنْدِيُّ)**یە.

(ابْنُ دَقِيقِ الْعِيدِ) فەرموویەتی: ئەو کەسە کە ئەم کارەی کردووە مەشهوورە بە دزی حەدیس، وە عێراقی فەرموویەتی: وێنەی ئەمە حەدیسێکە ڕیوایەتی کردووە عەمری کوڕی خالیدی حەڕانی لە حەممادی نەصیبی لە ئەعمەش لە ئەبوسالح لە ئەبوهورەیرەوە بە مەرفووعی: «**إِذَا لَقِيتُمُ الْمُشْرِكِينَ فِي طَرِيقٍ فَلَا تَبْدَءُوهُمْ بِالسَّلَامِ**»، **الْحَدِيثَ**، ئێستە ئەم حەدیسە مەقلووبە و حەممادی وەری گێڕاوەتەوە و ڕیوایەتی کردووە لە ئەعمەشەوە (مع أنه) ناسراوە بەوە کە سوهەیلی کوڕی ئەبوسالح لە باوکییەوە ڕیوایەتی کردووە، کە موسلیم لە ڕیوایەتی شوعبە و سەوری و جەریری کوڕی عەبدولحەمید و عەبدولعەزیزی دراوەردی هەموو ئەمانە لە سوهەیلەوە ڕیوایەتیان کردووە.

وە (**شَيْخُ الْإِسْلَامِ اِبن حَجَر الْعَسْقَلَانِي ـ رحِمهُ اللّه تعالى ـ**) لە شەرحی (**نُخْبَة**)دا، وێنەی هێناوەتەوە بۆ قەلبی ئیسناد بە (**كَعْبِ بْنِ مُرَّةَ، وَ مُرَّةَ بْنِ كَعْبٍ**) وە قەلبی مەتن لە حەدیسی موسلیمدا لەو حەوت سینفانە کە خودای تەعالا ڕایان ئەگرێ لە ژێر سێبەری ڕەحمەتی خۆیدا لە ڕۆژی قیامەتدا کە ئەڵێ: (**وَ رَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ أَخْفَاهَا حَتَّى لَا تَعْلَمَ يَمِينُهُ مَا تُنْفِقُ شِمَالُهُ**)، فەرموویەتی: ئەم مەتنە هەڵچەرخاوەتەوە لەسەر یەکێ لە ڕاوییەکان، وە ئەسڵەکەی ئەمەیە: (**حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ ـ كما فِي الصحيحيْن**) [1].

جا شێخ جەلالودینی سیوطی ـ رحِمه اللّه تعالى ـ لە شەرحی (تقریب)ی، نەوەویدا فەرموویەتی: من ئەڵێم: منیش وێنەیترم چاو پێکەوتووە لە قەلبی مەتندا کە عیبارەتە لەوە: تەبەرانی ڕیوایەتی کردووە لە ئەبوهورەیرەوە کە حەزرەت ﷺ **فەرموویەتی:** (**إِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوهُ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَاجْتَنِبُوهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ**)، ئێستە ئەوەی مەشهوورە لەم مەتنەدا و لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هەیە، (**مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ، فَاجْتَنِبُوهُ وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ. انتهى**) [2].

١. رواه البخاري، فەرموودەی ژمارە (٦٦٠).

٢. رواه مسلم، فەرموودەی ژمارە (١٣٣٧).

وە شێخ (ابن الصلاح) فەرموویەتی: لە بابەتی قەلبە ئەوەی ڕیوایەت کراوە بۆمان: بوخاری ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ ڕۆیشتە بەغداد و موحەددیسەکان ئیسنادی سەد حەدیسیان وەرگێڕا بۆ سەد مەتنی ترو مەتنی ئەو ئیسنادانەیان برد بۆ ئیسنادێکی تر، جا حازر بوون لە مەجلیسی شێخی بوخاریدا و ئەم (متون) و (أسانید)ـە، مەقلووبانەیان لێ پرسیارکرد، ئەویش ڕووی کردە ئەو موحەددیسانە و هەر مەتنێ لەو مەتنانەیانی بردەوە بۆ سەر ئیسنادی خۆی و هەر ئیسنادێ لەو ئیسنادانەیان بردەوە بۆ مەتنی خۆی، ئەوانیش هەموو ئیعتیرافیان کرد بە فەزل و عیلمی شێخی بوخاری ـ رحمه الله تعالى ـ

حەدیسی (مقلوب)

حەدیسی (مقلوب) یانی وەرگەڕاو	چەند نەوعی هەیە پێت ئەڵێم تەواو
یەکەمین قەلبی ڕاوی مەشهوورە	بە غەیرە مەشهوور نزیك یا دوورە
دووەمین قەلبی مەتنی پڕ سەواب	ئیجابیی بە سەلب سەلبیی بە ئیجاب
سێیەمین قەلبە بۆ ئوستادەکان	بە قەسدی ئیغراب یا بۆ ئیمتیحان
ئیغراب حەرامە ئیمتیحان ئەبێ	ئەگەر قەسدێکی مەشروعت هەبێ
شێخی بوخاری لەسەر سەد ئیسناد	قەلبی گێڕاوە لە شاری بەغداد

◈◈◈

(فصلٌ)

شێخ (ابن الصلاح) لە کتێبی (أصول علم الحديث)دا، فەرموویەتی: ئێمە بەڕاستی ئەو وەعدەیە کە دابوومان بە شەرحی ئەنواعی حەدیسی زەعیف بەجێمان هێنا ـ والحمد لله وە ئێستە بێدارتان ئەکەمەوە لەسەر چەند شتێکی بە قیمەت لە عیلمی حەدیسی شەریفدا:

یەکەم: کاتێ چاوت کەوت بە حەدیسێ ڕیوایەت کرابوو بە ئیسنادێکی زەعیف، ئەوە بۆت هەیە بڵێیت: ئەو حەدیسە زەعیفە و مەبەستت ئەوەبێ کە لەسەر ئەو ئیسنادە زەعیفە. وە حەقت نییە بڵێیت: زەعیفە وە مەبەستت ئەوەبێ کە مەتنی حەدیسەکە

زەعیفە بە ئیعتیماد لەسەر زەعیفی ئیسنادەکەی، چونکە قابیلە ڕیوایەت کرابێ بە ئیسنادێکی‌تر سەحیح بێ، بەڵکو حوکم بە زوعفی ئەو حەدیسە پەیوەستە بە ئیمامێ لە ئیمامەکانی حەدیس کە ئاگادار بێ لەسەر ئەوە کە ئەو حەدیسە بە ئیسنادێکی بەهێز ڕیوایەت نەکراوە، یاخود بڵێ: ئەو حەدیسە زەعیفە و بەیانی سەبەبی زوعفەکەشی بکا، ئەنا ئەگەر هەر بڵێ: ئەوە زەعیفە و بەس، ئەوە جێگەی موناقەشەیە، بەڵکو ئەو کەسە لەو حوکمەدا بە هەڵەدا چووبێ ـ والله أعلم ـ

دووەم: دروستە لای موحەددیسەکان و غەیری ئەوانیش کە (تساهل) بکەن لە ئیسنادەکاندا، وە غەیری حەدیسی مەوزووع هەر حەدیسێکی‌تر ڕیوایەت بکەن لە ئەحادیسی زەعیفە، بەڵام لە غەیری بابی سیفاتی خودای تەعالا و ئەحکامی حەڵاڵ و حەرامدا، وە وێنەی ئەوان مەسەلەن ڕیوایەتی حەدیسی زەعیف بکەن لە ئامۆژگاری و گێڕانەوەی مێژووی ڕۆژگاردا و لە پایە و پلەی تۆڵەی کردەوە خێرەکاندا و لە جەزا و عیقابی کردەوە خراپەکاندا، بەکورتی لە بانگکردنی عالەم بۆ چاکە و دوورخستنەوەیان لە خراپە، لەبەر ئەوە ئەم شتانە بە سوورەتی گشتی دەلیلیان هەیە لە کیتاب و سوونەتی بەهێزدا، وە لەو موحەددیسانەیە کە ڕیوایەتی حەدیسی زەعیفیان ڕەوا داوە لەو مەوزووعانەدا (**عَبْدُ الرَّحْمَانِ بنُ مَهْدِيّ**[١]، **وأَحْمَدُ بنُ حَنْبَلٍ**[٢] ـ **رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا**)[٣].

سێیەم: کاتێ ویستت ڕیوایەتی حەدیسی زەعیف بکەی بە بێ ئیسناد مەڵێ: (**قَالَ رسُولُ اللّهِ** ـ ﷺ ـ **كذا وكذا**)، وە وێنەی ئەمە لەو عیبارەتانە کە دەلالەت بکەن لەسەر جەزم بەوەدا کە ئەو حەدیسە فەرموودەی حەزرەت ﷺ بووە، بەڵکو بڵێ: (**رُوِيَ عَنْ رَسُولِ اللّهِ** ﷺ **كذا وكذا**) هەروایە ئەدەب لە ڕیوایەتی هەر حەدیسێکدا کە شکت ببێ لە سیححەت و زوعفی ئەودا، وە تەعبیری (**قَالَ رَسُولُ اللّهِ** «ﷺ»)

١. رواه عنه الحاكم في المدخل إلى الإكليل: ٢٥، والبيهقي فِي المدخل إلى دلائل النبوة ١/ ٣٤، والخطيب فِي الجامع ٢/ ٩١ (١٢٦٥).

٢. رواه الخطيب فِي الكفاية: (٢١٣ ت، ١٣٤ هـ).

٣. قال البلقيني فِي المحاسن: ٢١٧: «زاد الخطيب السفيانيْن وَ يَحيى بن مُحمّد». بڕوانە: الكفاية (٢١٢ ـ ٢١٣ ت، ١٣٤ هـ).

بۆ شوێنێ ئەبێ کە بە یاسای شەرعی پیرۆز دەرکەوتبێ بۆت ئەو فەرمووده فەرموودەی حەزرەتە، یا ئەو کردەوە کردەوەی ئەوە، ئەمە ئەدەبە لە ڕیوایەتی حەدیسی شەریفدا (وَفـقّنا اللّه وَ اِیّاكُم عَلَیهِ).

◈◈◈

٢٢ـ (باسی سیفەتی ئەو کەسەی کە گێڕانەوەی لێ وەردەگیرێت، یان بەرپەرچ دەدرێتەوە، وە باسی ئەوەی پەیوەستە بەم باسەوە لە الجرح والتعدیل:

مَعْرِفَةُ صِفَةِ مَنْ تُقْبَلُ رِوَايَتُهُ، ومَنْ تُرَدُّ رِوَايَتُهُ وَ مَا يَتَعَلَّقُ بِذَلِكَ مِنْ قَدْحٍ وَجَرْحٍ وَتَوْثِيْقٍ وتَعْدِيْلٍ)[1].

کۆمەڵی موحەددیسین و فوقەها لە سەر ئەوەن پێویستە ڕاوی حەدیسی شەریف عادڵ و زابیت بێ، ئەنا ڕیوایەتەکەی قەبووڵ ناکرێ، وە بەیانی ئەم باسە بە درێژی ئەمەیە:

پێویستە ڕاوی بۆ حەدیسی شەریف موسڵمان و باڵغ و عاقڵ بێ و لە ئەسبابی فیسق دووربێ و خاوەن مرووەت و بێدار و هوشیار بێ، جا ئەگەر ئیعتیمادی لە سەر بیر بوو، واتە حافیز بوو، ئەبێ کتێبەکەی لەبەر بێ، وە ئەگەر ئیعتیمادی لەسەر کتێب بوو پێویستە ئاگادار بێ لە کتێبەکەی و نەیدا بە هەموو کەسێ هەتا زیاد و کەمی تێدا بکەن،

ئەمە هەموو بۆ کەسێکە کە ئیعتیمادی لە سەر ڕیوایەتی ئەلفازی ئەحادیسی شەریفە بێ، وە ئەگەر ڕیوایەتی بە مەعنا ئەکرد ئەوە پێویستە زۆر ئاگادار و زانا بێ بە مەعنای (مفردات و مرکبات)ی، حەدیسەکە، وە لە گۆڕینی ئەلفازی ئەسڵی حەدیسەکە بە ئەلفازی خۆی بە هەڵەدا نەڕوا.

---

١. بۆ زیاتر ناسیـــن و زانینی ئەم باســە تەماشای ئەم ســەرچاوانە بکە: (الإرشاد ١/ ٢٧٣ ـ ٣٣٣، والتقريب: ٩٠ ـ ١٠٠، والمنهـل الـروي: ٦٣، والخلاصة: ٨٨، واختصار علوم الحديث: ٩٢، وشـرح التبصرة والتذكرة ٢/ ١، ونزهة النظر: ١٨٥ ـ ١٩٩، والمختصر: ١٥٥، وفتح المغيث ١/ ٢٦٢، وألفية السـيوطي: ٩٦ ـ ١١٢، وشـرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٣١، وفتح الباقي ١/ ٢٩٢، وتوضيح الأفكار ٢/ ١١٤، وظفر الأماني: ٧٨).

زوو بەیانم کرد بۆ برای ئەحسەن   شرووتی ڕاویی سەحیح و حەسەن
پێویستە ڕاویی حەدیسی ئەنوەر   باڵغ بێ و موسلیم عاقڵ مونەووەر
لەگەڵ عەقڵدا ئەبێ عادڵ بێ   لە (مروة) و ڕووشدا کامڵ بێ
زابیت بێ لە بۆ مەروییەکانی   لە غەفڵەت دوور بێ بە قەد ئیمکانی
حافیز بێ ئەگەر حەدیس لەبەرکا   ناظیر بێ ئەگەر لە دەفتەر دەرکا
مەرویی لە یاد بێ بە ڕۆژ و بە شەو   کتێبەکەیشی نەدا بەم و بەو
ئەگەر ڕاوی بێ فەقەت بۆ مەعنا   باش عالم نەبێ نالێم (سَمِعنا)
جا ئەم شەرتانەت بۆ بەیان ئەکەم   بە چەند جوملەیەك لێت عەیان ئەکەم

◈◈◈

جا ئەم باسە ڕووناك ئەکەینەوە بە چەند مەسئەلەیەك:

یەکەم: عەدالەتی ڕاوی پابت ئەبێ بە واتەی دوو کەس بێن بڵێن: فلان کەس عادڵە. هەروا دێتەجێ بە شۆرەتی لەناو کۆمەڵەی ئەهلی حەدیسدا، واتە هەرکەس لە موحەددیسەکان فەرمووی: ئەوە عادڵە و ناوی عادڵی ببرێ بەسەریا، ئەوە عادڵە و پێویستی نییە بەوە دوو کەس پێی بڵێن : فلان کەس عادڵە، وە ئەم واتەیە ڕاستە لای ئیمامی شافیعی - رَحِمَهُ اللَّهُ - وە لەو کەسانەیە ئەم بیرەی دەرخستووە: ئەبوبەکری خەتیبی بەغدادی حافیز و ئیمامی مالیك و شوعبە و هەردوو سوفیانەکان و ئەوزاعی و لەیث و (ابن المُبارك) و وەکیع و (أحمدَ بنِ حنبلٍ، وَ يَحيى بنِ مَعِينٍ، وَ عَلِيِّ بنِ المدِيْنِيُّ) و هاووێنەی ئەمانەیش لە پاکی و ڕووناکیی بیردا.

یەکەم سبووتی عەدالەی ڕاوی   لای موحەددیسین شیرین بێ ناوی
بە دوو شاهیدی خاوەن عەدالەت   کە لەسەر عەدڵی بدەن شەهادەت
یا (مستفیض) بێ عەدالەتی ئەو   یانی مەشهوور بێ بێ (تردید ولو)
مادام بە شۆرەت لای موحەددیسان   عادل بێ بەسە لای خاوەن عیرفان

دووەم: دەرئەکەوێ زەبتی ڕاوی بەوە کە ڕیوایەتەکەی موافیق بێ بۆ ڕیوایەتی

موحەددیسە مەوسووقەکان کە بە سیفەتی زەبت و ئیتقان ناسراون، جا ئەگەر موافیق دەرچوو ئەوە خاوەن زەبتە، ئەگەرنا زەبتی تەواو نییە.

دووەم زەبتی ئەو لەلای ڕاوییان — سابت بێ وەکو لەبەر چاویان
لە موافەقەی ڕیوایەتی ئەم — بۆ ڕیوایەتی ئەوان بە سەرجەم
کاتێ ڕیوایەی موافیق دەرچوو — بۆ ڕیوایەتیان کاری تەواو بوو
کە موخالیف بوو بۆ مەرویی ئەعیان — دەرئەکەوێ بۆت تیا هەیە زیان

سێیەم: تەعدیلی ڕاوی ثابت ئەبێ بە واتەی عادڵ، بەبێ ناوبردنی ئەسبابی عەدالەتەکەی، چونکی ئەسبابی عەدالەت زۆرن ناژمێررێن، بەڵام جەرحی ڕاوی ثابت نابێ هەتا بەیانی سەبەبەکەی ئەکرێ، لەبەرئەوە کە ئەسبابی جەرح هەرچەند زۆرن، بەلام هەرکامیان بێتەجێ کافییە بۆ جەرحی ڕاوییەکە، وە هەرچەند کابرای جاریح ئەبێ عادڵ بێ (ظاهراً) بەڵام مومکینە لەگەڵ مەجرووحەکەیدا و دژمنایەتی ببێ بە درۆ جەرحی بکا، کەوابێ پێویستە بەیانی عەیبەکانی بکا، هەتا تێ بگەین لە حاڵی کابرا.

سێیەم تەعدیلی ئینسانی ڕاوی — نایەوێ ئەسباب بێنێتە ناوی
کەس ئاگای نیە لە غەیری زاهیر — ئەسبابیش زۆرن لەسەر مەزاهیر
ژمارە ناکرێ بۆ کەس بە ڕاسی — بەسە دوو عادل بە عەدلی ناسی
بەڵام ئەسبابی جەرح و تەفسیقی — بێ زیکری سەبەب نابێ تەسدیقی
هەرچەن لای ئێمە جاریح مؤمین بێ — ڕەنگە بۆ مەجرووح گەورە دوژمن بێ
بە جەرحی فەقەت بکەین (اکتفا) — کەس ڕزگار نابێ لە باری جەفا
یا موحتەمەلە بە یاسای ئینساف — سەبەب مەحەل بێ لەبۆ ئیختیلاف
لای بازێ ئیمام بێ بە جاریح — لای بازێ نەبێ (وهذا واضح)
مادام وەهایە با جاریح بیڵێ — با لە دڵمانا شوبهە نەهێڵێ
بە کورتی زیکری سەبەبی شەرتە — بێ زیکری سەبەب جەرحەکەی پەرتە

چوارەم: موحەددیسەکان ئیختیلافیان بووە لەوەدا: ئایا جەرح و تەعدیل بە قەولی

تاقە کەسێ تەواو ئەبێ یا پێویستە بە دوو کەس؟

بازێکیان ئەڵێن کە: پێویستە بە دوو کەس وەکو جەرح و تەعدیلی شاهید لە حقووقدا، وە بازێکیان ئەڵێن: تاقە یەکێ کافییە، چونکە مادام عەدەد شەرت نییە لە قبووڵی حەدیسدا هەروا لە جەرح و تەعدیلی ڕاوییەکەیشدا پێویستت نییە.

چوارەم عادلێك بۆ جەرح و تەعدیل　　بەسە بەیانی بە بێ قال و قیل

پێنجەم: لەبۆ تاقە ڕاوییەك (جارح ومعدّل) گردەوە بوون، ئەوە جاریح موقەددەمە، چونکی (معدّل)[1] لە ڕووی عیلم بە زاهیری ئەحواڵی ڕاوییەوە تەعدیلی ئەکا، بەڵام جاریح لەسەر عیلم بە باتینی ئەحواڵ و پەنامەکی کردەوە جەرحی ئەکا و (معدل) ئاگای لەوانە نییە، بەڵام ئەمە مەشرووتە بەوەکە جاریح بە تەفسیل بەیانی ئەسبابی جەرحەکەی بکا و دوژمنایەتی و مونافەرە لە بەینی ئەو جاریحە و ڕاوییەکەدا نەبێ و کابرای (معدل)یش، ڕەددی ئەسبابی جەرحەکە نەکاتەوە.

پێنجەم ئەم دووە کە جەرحە و تەعدیل　　کە گردەوە بوون بۆ ڕاویی جەمیل

شەهادەتی جەرح لەویا پێش ئەخرێ　　تەرجیح بە عیلمی بە حاڵی ئەدرێ

بەم شەرتە جاریح تەفسیری بێ　　لەگەڵ مەجرووحدا تەکدیری نەبێ

هەم (معدّل)یش نەیێتە مەقال　　بۆ ڕەددی جاریح نەکا ئیستیدلال

شەشەم: کافی نییە تەعدیل بەشێوەی (إِبْهَامِ) بۆ شەخسە (معدّل)ـەکە، وە عیبارەتی (حَدَّثَنِي الثِّقَةُ) نابێ بە تەعدیل بۆی، وەکو کۆمەڵێ لە موحەددیسەکان فەرموویانە، لەبەرئەوە ئیحتیمالی هەیە کە ئەو ڕاوییە بە ئیعتیقادی کابرای (معدل) پیاوی باش بێ (مع أنە) غەیری ئەو ئاگادار بێ لەسەر کردەوەی خراپی، کەوایە پێویستە ناوی ببا بە ناوی خۆی هەتا بناسرێ.

شەشەمین (ابهام) نابێ بە تەعدیل　　بەڵکو پێویستە بەیان و تەفسیل

(فأخبرني ثقة بذا　　لا یكفي، بل قل: أخبرني ذا

وهو عادل، لیس بفاسِق　　ففي الحدیث المروي الصادق)

---

١. معدّل: ئیسمی فاعیلە ـ بکەرە ـ واتە ئەوکەسەی پشتیوانی لە سەر ڕاستی گێڕەرەوەکە دەکات.

حەوتەم: ئەگەر عادڵێ ڕیوایەتی حەدیسی کرد لە ئینسانێ و ناوی برد ئەوە ئەو ڕیوایەتە نابێ بە تەعدیل بۆی، لەبەرئەوە کە ئیحتیمالی هەیە ئەو ڕاوییە بە ئیعتیقادی خۆی ئەو کەسە بە عادڵ بزانێ و یا ئەو ڕاوییە عادەتی وابێ کە ڕیوایەت بکا لە عادڵ و غەیری عادڵ، کەوابێ ڕیوایەت کردنی موجیب نییە بۆ تەعدیلی (مروي عنه).

حەوتەمین تەنیا ناوبردنی ئەو نابێ بە تەعدیل (على ما رأوا) بەڵکو پێویستە تەعدیل بە تەسریح فلانە عادڵە، بە یاسای تەوضیح

هەشتەم: لە مەوزووعی ڕیوایەت لە مەجهوولەوە ئەڵێین: ئەگەر یەکێ (مَجهُولَة العَدالَة) بوو بە زاهیر و باتین، واتە کەس ئاگاداری لە کردەوەی زاهیری نەبێ و کەسیش تەحقیقی ئەحواڵی باتینیی نەکردبوو، ئەوە بە قەتعی ڕیوایەتی حەدیسی لێ قەبووڵ ناکرێ، وە ئەگەر کەسێ عەدالەتی باتینیی مەعلووم نەبوو وە بە زاهیر عادڵ بوو ـ کە ئەمە ناوئەبرێ بە مەستوور ـ ڕیوایەتی حەدیسی کرد، ئەمە بازێ لە موحەددیسەکان فەرموویانە: ڕیوایەتەکەی لێ قەبوڵ ئەکرێ، وە ئیمام سەلیمی ڕازی قەتعی داناوە بەسەر ئەم بیرەدا، ئەڵێ: چونکی مەوزووعی ڕیوایەتی حەدیسی شەریف دامەزراوە لەسەر حوسنی زەن بە ڕاوییەکە و مادام کابرا (ظاهراً) باشە ڕیوایەتی لێ قەبووڵ ئەکرێ، عەلاوە ئەگەر عیلم بە ئەحواڵی باتینی پێویست بێ دەرگای ڕیوایەت دائەخرێ، کەوابێ قەناعەت ئەکەین بە عەدالەتی زاهیری.

وە ئەمما ئینسانی (مَجهول العيْن) کە عیبارەتە لە کەسێ موحەددیسەکان نەیناسن و با کەس ڕیوایەتی لێ نەکردبێ ـ مەگەر یەك ڕاوی ـ ئەوە ڕیوایەتی قەبووڵ ناکرێ. وە خەتیب فەرموویەتی: کەمتر شتێ کە ڕەفعی جەهالەت بکا لەو کەسە ئەوەیە کە: دوو ڕاوی مەشهوور بە عیلم ڕیوایەتی لێ بکەن. ئەمەیش ئەگەرچی لە جەهالەتی عەین دەری ئەکا، بەڵام عەدالەت بۆ ئەو مەجهوولە ثابت ناکا، جا ئەگەر کەسێ بڵێ: ئەی بۆچی شێخی بوخاری ـ رَحِمَهُ اللهُ ـ ڕیوایەتی کردووە لە (**مِرْدَاسٌ الأَسْلَمِيُّ**) کە غەیری (**قَيْسِ بنِ أبي حازم**) کەس ڕیوایەتی لەوەوە نەکردووە، وە بۆچی موسلیم ـ رَحِمَهُ اللهُ ـ لە (ربيع بن كعب)ی، سەحابی کە غەیری ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمان کەس ڕیوایەتی لەوەوە نەکردووە؟

لە جوابیاندا ئەڵێین: (مِرْدَاسٌ الأَسْلَمِيُّ) و (ربيع بن كعب ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا ـ) سەحابی و ئەهلی (صفة) بوون و سیفەتی عەدالەت و زوهدیان مەعلوومە (لأنَّ الصحابةَ كُلَّهُمْ عدولٌ)[1].

هەشتەمین مەجهوول باتین و زاهیر — غەیرە مەقبووڵە (عند الجماهیر)
مەعلووم بە زاهیر بە عادل مەشهوور — نەقڵی مەقبووڵە پێی ئەڵێن مەستوور
بەڵام ئەو کەسەی عەینی مەجهووله — ڕیوایەت لەوۆ غەیرە مەقبووله
دین ئەمانەتە ئەمینی ئەوێ — ڕاویی بە قەدر و تەمکینی ئەوێ
مەجهوول کەسێکە لە عەسر و زەمان — نەناسرابێ لای موحەددیسەکان
کەس ڕیوایەتی لێ نەکردبێ — یا تاقە کەسێ لێ وەرگرتبێ
ئەگەر دوو عادڵ نەقڵیان لێ کرد — وا جەهالەتیان لەو کەسە لابرد
ئەر یەکێ بڵێ شێخی بوخاری — هەم موسلیم هەردوو مەحبووبی باری
ڕیوایەتیان کرد لە گەلێ ئینسان — تەنیا ئینسانێ ڕاوی بوو لەوان
وەکو میرداسی ئەسلەمی کە ئەو — هەر بە تەنیا قەیس ڕاوی بووە لەو
ئەڵێم: ئەوانە یاری حەزرەت بوون — لە تەقواو زوهدا خاوەن شۆرەت بوون
چۆن ئەڵێن: ئەوان (مَجهُوُل العَيْن)ن؟ — مەعلوومن وێنەی ڕۆژی مابەینن

نۆیەم: ئیختیلاف بووە لە قەبووڵی ڕیوایەتی ئینسانی خاوەن بیدعەتێکدا کە تەکفیری نەکرێ. بازێ لە موحەددیسەکان موتڵەقا قەبووڵیان نەکردووە، لەبەرئەوە کە (مبتدع) فاسقە، وە هەرچۆن لە کوفردا خاوەن تەئویل و بێ تەئویل بێ فەرقن، لە بیدعەتیشدا خاوەن تەئویل و بێ تەئویل بێ فەرقن.

وە بازێکیان قەبووڵیان کردووە مادام درۆکردن لە مەزهەبیا حەڵاڵ نەبێ بۆ تەئییدی ئەو بیروڕایەی خۆیە.

وە بازێکیان فەرموویانە قەبووڵ ئەکرێ ئەگەر ئەو (مبتدع)ە، داعیە نەبێ و خەڵکی بانگ نەکا بۆ سەر مەزهەبەکەی، وە ئەگەر وەهابوو قەبووڵ ناکرێ، وە (ابن الصلاح) فەرموویەتی: ئەم بیرەی سێیەم باشترینی بیرەکانە.

---

١. مَحاسن الاصطلاح: ١٤٢ ـ ١٤٣.

نۆیەم (مبتدع) کە تەکفیر نەکرێ | لای بەعزێ ئیذنی ڕیوایەی ئەدرێ
بە مەرجێ درۆ ڕەوا نەبینێ | بۆ تەرویجی خۆی تا خۆی بنوێنێ
لەلای بەعزێکیش قەتعەن مەردوودە | چونکە فاسقە ڕێگەی مەسدوودە
لە لای بەعزێکیش غەیرە (داعیة) | مەقبوولە و داعی لە (أفاعي)یە

دەیەم: ئەو کەسە درۆی کردبێ و لە دواییدا تەوبەی کردبێ، ئەوە ئەگەر وەختی خۆی درۆی لەسەر حەزرەت ﷺ کردبێ، ئەوە با تەوبەیش بکا ناگا بە پایەی ڕیوایەت کردنی حەدیسی ئەو، بەڵام ئەگەر درۆی لەسەر غەیری حەزرەت ﷺ کردبێ و تۆبەی کردبێ لەو درۆکردنە ئەوە ڕیوایەتەکەی قەبووڵ ئەکرێ.

وە ئیمام ئەبوبەکری سەیرەفی شافیعی فەرموویەتی: هەرکەسێ درۆی کردبێ لەسەر هەرکەس ئەوە با تەوبەیشی کردبێ ڕیوایەتی لێ قەبووڵ ناکەین[1].

دەیەم تەوبەکار لە درۆ کردن | لەسەر پێغەمبەرﷺ ڕەددە تا مردن
ئەگەر تۆبەکەی لە درۆی خەڵکە | مادام ثابت بوو نەقلی بە کەڵکە
بازێکیش ئەڵێن ئەوەی درۆی کرد | یەکجار ئابڕووی دین و دونیای برد
سەد تۆبە بکا ناچێ بە پوولێ | پاشای وڵات بێ نازی بە کوولێ
ڕزگار بووینایە لە درۆزنان | بەهرەدار ئەبووین بە توولی زەمان

یازدەیەم: ئەگەر ئینسانێکی مەوسووق و باوەڕپێکراو ڕیوایەتی حەدیسێکی کرد لە کەسێکەوە کە ئەویش مەوسووق بێ و ئەو شێخە بەشێوەی جەزم ئینکاری کرد و وتی: من ڕیوایەتی ئەوا حەدیسەم نەکردووە بۆ فلان، وە فەرعەکەیشی جازم بوو لەسەر ڕیوایەتەکەی، ئەو ئەو دوو قسە تەعارووض ئەکەن و لە ئەنجامدا ڕەفتار بەو حەدیسە ناکەین لەسەر ڕیوایەتی لەو شێخەوە (مع أنه) فەرعەکەیشی بەم وەزعە مەجرووح نابێ و ناوترێ درۆی کردووە لەو ڕیوایەتەدا، چونکی ئینسانێکی عادڵە وەکو شێخەکەی. بۆچی ئەبێ شێخەکەی ڕاست بکا و ئەو درۆ بکا، کەوابێ ئەگەر ئەو فەرعە ڕیوایەتی حەدیس بکا قەبووڵی ئەکەین، هەروا کەسێ ڕیوایەتی حەدیسێ بکا لە کەسێکەوە لە پاشانا ئەو

---

١. إكمال المعلم ١/ ١٠٧، والفروق ١/ ٥، و مَحاسن الاصطلاح: ٢٣١، والنكت الوفية: ٢٢٥ / أ، و تدريب الراوي ١/ ٣٣١ ـ ٣٣٤.

ڕیوایەت کردنی خۆیە لەبیر بچێتەوە، ئەوە ئەو حاڵە نابێ بەهۆی ئەوە کە ڕاوی لەو شەخسەوە ڕەفتار بەو حەدیسە بکا، وە ئەمە بڕیاردراوە بە لای جمهووری موحەددیسین و فوقەها و موتەکەللیمینەوە، بە خیلاف بۆ کۆمەڵێ لە ئەسحابی ئیمام (أبو حنیفە ـ ﵁ ـ) کە فکریان وایە کە فەرامۆشکردنی کابرا بۆ ڕیوایەتەکەی خۆی ئەبێ بە مانیع لە ڕیوایەتی ئەو حەدیسە لەو شەخسەوە، لەبەرئەوە کە حەدیسەکە لەو وەرگیراوە و ئەویش ئەڵێ: من ڕیوایەتم نەکردووە. ئەمما ئەوان ئەڵێن: ئەو شەخسە لەسەر عەقیدەی خۆی ئەڵێ ڕیوایەتم نەکردووە و ئیحتیمالی هەیە ڕیوایەتی کردبێ و لەبیری چووبێتەوە (مع انە) جەزمی فەرعەکەی بەو ڕیوایەتە ئەبێ بەهۆی باوەڕپێکردنی.

یازدەیەم کاتێ حەدیسی (مصدوق)	ڕیوایەتی کرد (موثوق) لە (موثوق)
(مروي عنە) ئینکاری بکا	واتەی ئەو دووە تەعاروض ئەکا
(مادام المنکر أصلا هنالك	رُدّ، حدیث الفرع في ذلك)
(مع أنە) ئەم نوعە مەنعە	نابێ بە جاریح لەبۆ ئەو فەرعە
فەرعیش وەکو ئەسڵ عەدڵە و ئینسانە	پایەی وتاری هەردوو یەکسانە
ڕیوایەی تری لێ قەبووڵ ئەکرێ	لەگەڵ شرووتا هەتاکو ئەمرێ
ئەگەر ئینسانێ وەزعێ هات لەبۆی	فەرامۆشی کرد ڕیوایاتی خۆی
ئەم حاڵە نابێ بە مەنعی عەمەل	بەو ڕیوایەتە بۆ فەرعی (أکمل)
ئوستاد نەخۆشە و دڵ فەرامۆشە	بەڵام خۆ شاگرد بەهۆش و گۆشە

دوازدەیەم: کۆمەڵێ لە موحەددیسەکان لەسەر ئەوەن ئەگەر موحەددیس ئوجرەی وەرگرت لەسەر تەدریسی حەدیس ئەوە ڕیوایەتی لێ قەبووڵ ناکرێ، بەڵام بازێکیان وەرگرتنی ئوجرەیان ڕەوا داوە بۆی، بە تایبەتی ئەگەر خاوەن عەیال بێ و تەدریسەکەی مەنعی کەسبی لێ بکا، وە یاخود (ذاتاً) قابیلیەتی کەسب و کاری نەبێ.

دوازدەیەم کەسێ ئوجرە وەربگرێ	بۆ تەحدیث نەقڵی لێ وەرناگیرێ
سامەگەر عوذرێ مەعلووم بێ لەبۆی	پایەی موحەددیس بێنێتەوە بۆی

بـەڵام گەلێ کـەس لـە موحەددیسـان ئەڵێـن ڕەوایـە ئوجـرە لەبۆیـان
تایبەتـی ئەگـەر موحەددیـس کـەم بێ ئەویـش بـۆ ژیـوار دڵـی پـڕ غـەم بـێ

سیازدەیەم: قەبووڵ ناکرێ ڕیوایەتی هەرکەسێ کە بە سیفەتی بێ ئیهتیمامی و بێ موبالاتی لە بیستنی حەدیس لە شێخەکەیەوە ناسرابێ، وەکو ئەوە بنوێ لە مەجلیسی سەماعی حەدیسدا، وە یا حەدیس بگێڕێتەوە بۆ خەڵك بەبێ ئەوە کە حافیزی حەدیسەکە بێ، وە کتێبێکی سەحیحی وای ببێ کە ئەو حەدیسەی لێ وەرگرتبێ. وە لەم بابەتەیە کەسێ کە حەدیسی (شاذ) یا حەدیسی (منکر)ی، زۆر ڕیوایەت بکا، مەنقوولە لە شوعبەوە فەرموویەتی: **(لاَ يَجِيْئُكَ الحديثُ الشَّاذُّ إلاَّ مِنَ الرَّجُلِ الشَّاذِّ)**[1]، هەروا نابیسترێ لە کەسێکەوە سەهووی زۆر بێ لە ڕیوایەتکردنی حەدیسدا، هەموو ئەم حاڵەتانە باوەڕی ئینسان بەو ڕاوییانە زەعیف ئەکا[2].

سـیازدەیەم فەرعـێ (تسـاهل)ی، کـرد لـە گـوێ گرتنـدا (تفـاؤل)ی، کـرد
هـات لـە مەجلیسـدا سـەری نایـەوە تـا دەرزی حەدیـس بـاش برایـەوە
ئـەوە ڕیوایـەی قەبـووڵ ناکـرێ ئـەو گوێ ڕانەگرێ کێ گـوێ لەو ئەگرێ

چواردەیەم: زاناکان لەم زەمانەدا ئیعرازیان ناوە لە شرووتی ڕاوی و ناگەڕێن بە شوێنی موحەددیسی گەورەدا، چونکی ئینسانی جامیع بۆ شرووتی مەشیخەت لە ڕیوایەتدا زۆر کەمە، وە لەم لایشەوە ئوممەتی ئیسلام موختەسسە بە دەوامی ئیسناد لە ڕیوایەتی دیندا، هەتا دەرکەوێ کە سەرچاوەکەی وا لەلای حەزرەتدا ﷺ کەوایە مومکین نابێ دەستبەرداری ڕیوایەتکردن ببین. کەوایە واجبە ئیعتیباری نیسبەت بکەین لەناو ئەوکەسانەدا کە ڕیوایەتیان لێوە ئەکەین، وە بە یاسای (الأمثل فالأمثل) تەماشا بکەین، هەر زانایەك کە ئەمینتر و زاناتر و ئاگادارترە لە سەر ئەحادیسی حەزرەت ﷺ و لەسەر کتێبە سیحاحەکانی ئەحادیس

١. أسنده ابن عدي فِي الكامل ١/ ١٥١، والخطيب فِي الكفاية: (٢٢٤ ت، ١٤١ هـ).

٢. معرفة أنواع علوم الحديث، عثمان بن عبد الرحمن، أبوعمرو، تقي الدين المعروف بابن الصلاح (المتوفى: ٦٤٣هـ)، المحقق: عبد اللطيف الهميم ـ ماهر ياسين الفحل، الطبعة الأولى، الناشر: دار الكتب العلمية، (١٤٢٣ هـ / ٢٠٠٢ م)، ل٢٣٩

و دڵسۆزتر و موخڵیسترە لە دەرزدادانا، بیکەین بە شێخ بۆ ڕیوایەت و ئەحادیسی شەریفەی لێوە ڕیوایەت بکەین، هەتا ڕشتەی ئیسنادی ئەحادیس پایەدار بێ (مع العلم) مادام ئەمڕۆ کتێبە بەرزەکانی حەدیسی شەریف، وەکو سەحیحی بوخاری و موسلیم و ترمزی و غەیری ئەوانیش مەحفووز و مەوجوودن و زانای دین تەماشای ئەوانە ئەکەن، قابیل نییە بە عادەت کە حەدیسی خاوەن هێز لە دەستی هەموویان دەرچێ، وە غالیبا ئاگادار ئەبن لەسەری، بەتایبەتی بۆ عالمێ کە خۆی ئامادەکردبێ بۆ ئەوە تەحدیث بکا و ڕیوایەتی حەدیس بکا بۆ موسڵمانان، وە ئەگەر کەسێکێ حەدیسێکی هێنا لە لای زاناکاندا نەبوو وە لەم کتێبانەیشدا نەبوو ئەوە ئەو حەدیسە وەرناگرین، چونکی زاهیر وەهایە بێ ئەسڵە.

چواردەیەم ئەمڕۆ لەم ڕووی جیهانە   کەم ماوەتەوە خاوەن ئەمانە
جامیع بێ لەبۆ جەمیعی شرووت   بۆ ڕاوییانی حەدیسی مەضبووط
خۆ لەم لایشەوە مانەوەی ئیسناد   لە فەزائیلە بۆ ئوممەی ئیرشاد
دەی با بە قەد حاڵ (أمثل فأمثل)   تێکۆشین لەبۆ شێخێکی (أکمل)
ڕیوایەت بکەین لە شێخی ئیمام   بۆ پاراستنی ئیسنادی ئەحکام
مادام (صحاح)یش، مەوجوودن مەطبووع   (صحاح) دەرناچن لە دەستی مەجمووع
ئەو (صحاح)ـانە، عەینی ئەساسن   بۆ ڕیوایەی شێخ مایەی خەلاصن
لەبۆ زاناکان ئەبن بە میقیاس   لەبۆ تەمییزی مەروییاتی ڕاس
دەی کەسێ مەروی بێنێ لەلاوە   لەو (صەحاح)ـانە، نەبێ لەم ناوە
هەرگیز حەدیسی لێ وەرناگرین   بێ سەنەد هەتا ئەو ڕۆژە ئەمرین

پازدەیەم: لە بەیانی ئەو ئەلفازانەدا کە موحەددیسەکان لە کاتی ڕیوایەتی حەدیس بۆ جەرح و تەعدیل ڕاوییانی حەدیس بەکاریان دێنن و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو حاتەمی ڕازی لە کتێبەکەی خۆیدا لە باسی جەرح و تەعدیلدا بەکاریان هێناون و ڕیزیان کردوون، ئێمەیش لەسەر ئەو ڕیزە لەم کتێبەدا بەیانیان ئەکەین.

◈◈◈

جا ئەلفازی تەعدیل بەم ڕیزەیە[١]:

یەکەم: (ثِقَةٌ أو مُتْقِنٌ) واتە: باوەڕپێکراوە و ڕیوایەتی پوختەیە. ئەمانە بۆ هەرکەسێ وتران ئەو کەسە باوەڕی پێ ئەکرێ لە ڕیوایەتی حەدیسدا، (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: من ئەڵێم: وەکو ئەو لەفزانەیە لەفزی (ثَبْتٌ أوْ حُجَّةٌ) یا لە شانی ئینسانی عادڵدا وترا (حَافِظٌ أوْ ضَابِطٌ).

دووەم: (ابن أبی حاتەم) ئەڵێ: کە وترا (فلانٌ صَدُوْقٌ، أوْ مَحَلُّهُ الصِّدْقُ، أوْ لاَ بأسَ بِهِ) ئەوەیش حەدیسی ئەنووسرێ و تەماشا ئەکرێ ـ ئەمە پایەی دووەمە ـ

سێیەم: کە وترا (هو شَيْخٌ) ئەوە وا لە پلەی سێیەمدا و حەدیسی ئەنووسرێ، بەڵام وا لەم پلەدا و کەمترە لە پایەی دووەم و یەکەم.

چوارەم: کە وترا (فلانٌ صَالِحُ الحَديثِ) ئەمەیش حەدیسی لێ وەرئەگیرێ و ئەنووسرێ بۆ ئیعتیبار.

وە ئەمما ئەلفازی موحەددیسەکان لە جەرحی ڕاویدا، ئەوە ئەوانیش لەسەر ئەم ڕیزەن:

یەکەم: (لَيِّنُ الحَديثِ) ئەوە مەعنای وایە حەدیسی ئەنووسرێ و تەماشا ئەکرێ بۆ ئیعتیبار، ئەڵێن: حەمزەی کوڕی یوسفی سەهمی پرسیاری کرد لە (أبوالحَسن الدَّارقطنيَّ) وتی: مەبەستتان چییە لە کەلیمەی (لَيِّنُ الحَديثِ)؟ وتی: مەبەستمان ئەوەیە کە: ساقت نییە و حەدیسی تەرك ناکرێ، بەڵام مەجرووحە بە عەیبێ کە عەداڵەتەکەی ساقت ناکاو ئەمێنێتەوە.

دووەم: کە وتیان: (فلانٌ ليسَ بقَويّ) ئەوە تۆزێ کەمترە لە پلەی یەکەم.

سێیەم: کە وتیان: (فلانٌ ضَعِيْفُ الحَديثِ) ئەمە لە پلەی دووەم کەمترە و حەدیسەکەی تەرك ناکرێ و بۆ ئیعتیبار ئەشێ.

چوارەم: کە وتیان: (فلانٌ مَتْرُوكُ الحَديثِ، أوْ ذَاهِبُ الحَديثِ، أو كَذَّابٌ) ئەو حەدیسی ساقطە و نانووسرێتەوە ـ ئەمە پلەی چوارەمە ـ

---

١. نكت الزركشي ٣/ ٤٣٢، وَ مَحاسن الاصطلاح: ٢٣٧، والتقييد والإيضاح: ١٥٧، والتقييد والإيضاح: ١٥٨، و تدريب الراوي ١/ ٣٤٥، والنكت والوفية: ٢٣٦/ ب، ومباحث فِي علم الجرح والتعديل: ٣٩، و الجرح والتعديل ٢/ ٣٧.

پازدەیەم هەیە بۆ جەرح و تەعدیل	چەن عیبارەتێ مەقبووڵ و ئەسیل
لەسەر مەراتیب زوو دامەزراون	بەکاریان بێنن هەتاکو ماون
(ثقةٌ، متقن) بۆ پایەی تەعدیل	یەکەم پایەیە بێ تووڵ و تەفسیل
(ثبتٌ، حجةٌ، حافظٌ، ضابطٌ)	لە پاش ئەوانە (لها ضوابط)
مەعنای ئەمانە ئەوەیە کە ئەو	مەرویی ئەوانە تیا هەیە پڕتەو
دووەم (صدوق، ولا بأس به)	جێی ئیعتیبارن لەبۆ (منتبه)
سێیەم (قال الشیخ) کەمترە لە دووەم	بەڵام بۆ نووسین ئەشێ خاطرجەم
چوارەم تەعبیری (صالح الحدیث)	پێت ئەڵێ ئەشێ بینووسێ پێنووس
ئەلفازی جەرحیش بە مەراتیبە	(لَيِّنُ الحَديث) بەشی کاتیبە
واتە قابیلە بینووسێ کاتیب	بەڵام زەعیفە بە پێی مەراتیب
دووەم تەعبیری (لیسَ بقَوِيّ)	سێیەم (ضعیف الحدیث المروي)
چوارەم تەعبیری (مَتْرُوكُ الحَديث)	یا خۆ تەعبیری (ذَاهِبُ الحَديث)
باش وەریان بگرن (اصطلاحات)ـن	بۆ پایە پایەی ئیعتیباراتن

◇◇◇

٢٣ـ سەنەدی بەرزی، و نزمی (الإسناد العالي والنازل)[1]

بزانن هەموو عیلم و زانستێکی ئینسان بەهرەیەکە خودا خەڵاتی کردووە بە کەرەمی خۆی، جا ئەو بەشەی کە (بدیهي) بێ ئەوە موشتەرەکە لە مابەینی هەموو ئینساناندا، وە ئەو بەشەی کە (نظري)یە ئەوە عەقڵییە، ئەوە لە موکتەسەباتی ئینسان خۆیەتی بە

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٥ ـ ١٤، والجامع لأخلاق الراوي ١/ ١١٥ وما بعدها، وجامع الأصول ١/ ١١٠ ـ ١١٥، والإرشاد: ٥٢٩ ـ ٥٣٧، والتقريب: ١٥٠ ـ ١٥٢، والاقتراح: ٣٠١ ـ ٣٠٨، واختصار علوم الحديث: ١٥٩ ـ ١٦٤، والشذا الفياح ٢/ ٤١٩ ـ ٤٣٤، والمقنع ٢/ ٤٢١ ـ ٤٢٦، وشرح التبصرة ٢/ ٣٦٠، ونزهة النظر: ١٥٦، وفتح المغيث ٣/ ٣ ـ ٢٦، وتدريب الراوي ٢/ ١٥٩ ـ ١٧٢، وفتح الباقي ٢/ ٢٥٦، وتوضيح الأفكار ٢/ ٣٩٥ ـ ٤٠١).

یارمەتی زاتی خودای تەعالا ـ جل جلاله ـ و ئەمانە عەلاقەیان بە ئیسنادەوە نییە، لەبەر ئەوە کە (بديهي)ن، هەموو کەس ئەیزانێ، وە نەزەری ئیستیدلالیش تابیع بە دەلیلە، وە ئەوەی کە نەقڵی بێ و لە کیتاب و سوننەت بێ و یا لەسەر ئەوان دامەزرا بێ، ئەوە موحتاجە بە ئیسناد و گەیاندنیان بە مەقامی حەزرەت ﷺ بۆ ئەو کەسانە کە ئیعتیقاد و باوەڕیان هەیە بە دینی ئیسلام، چونکی موسڵمانێ باوەڕی نەبێ ئەو حەدیسە حەدیسی پێغەمبەرە ﷺ ڕەفتاری پێ ناکا و ئیهتیمامی پێ نادا، وە یاخود موسڵمانێ باوەڕی نەبێ کە ئەو قیرائەتە لە فلان کەلیمەی قورئانی پیرۆزدا قیرائەتی حەزرەتە ﷺ وەریناگرێ و نایخوێنێتەوە. هەروەها ئادابی تەجوید و ئەحکامی فیقهی ئیجتیهادی دامەزراوە لەسەر (استنباط) لە کیتاب و سوننەت لە هەموو ئەمانەدا واجبە ڕیعایەتی ئیسناد بکرێ، هەتا موسڵمانان ڕەفتار بکەن بەو قیرائەتە یا ئەو حوکمە شەرعییە کە لە دین وەرگیراوە، وە ئەگەر ئیسناد نەبێ گەلێ شت بە درۆ نیسبەت ئەدرێ بۆ دین و ئەوترێ حەزرەت ﷺ فەرموویەتی یا کردوویەتی و موسڵمانان ئەکەونە شوێنی. (مع أنه) لە فەرموودەی ئەو نییە، (بناء علیه) عیلمی ئیسناد دانراوە بۆ ئەوە کە عالەمی ئیسلام تەمییز بکەن لە بەینی دین و غەیری دین، وە ئەم ئیسنادە هەر لە ئوممەتی حەزرەتدا ﷺ بە مەضبووتی بووە و هەیە، وە ـ ان شاء الله ـ هەر دەوام ئەکا.

ئیسنادی (عالي و نازل)

ئەمجار بێینە سەر ئەحواڵی ئیسناد
ڕێی ئیتتیسالمان بە (خَيْرُ العِباد)

شەرەفی ئیسناد باڵا خەڵاتە
خاسەی ئوممەتی پڕ بەرەکاتە

بە ئیسناد ئەبێ بەسیرە و سەبات
بە ئایەو حەدیس (أعلى البيّنات)

لەسەر ئیسنادی سەحیح و حەسەن
بە عەقڵ و ئەدەب بە خولقی پەسەن

ئەتوانین بڕۆین بە ڕێگەی پاکا
بە ڕێگەی پان و ڕێك و ڕووناکا

دڵ دائەمەزرێ بە واتەی ڕەسوول
لێت ئەکرێتەوە دەروازەی وسوول

ئەزانی دینت (خَيْر الأديان)ـە
یاسای ڕەهبەری ئاخر زەمانە

ئەر ئیسناد نەبێ لە ناو ئومەتا سەرگەردان ئەبین لەناو توهمەتا
هەرکەسێ بۆخۆی بێتە سەروتار کەس حاڵی نابێ کێیە سەرقەتار
(لولا الاسناد هلك العباد واختفى عنهم طريق الرّشاد)

◈◈◈

جا ئیسنادی حەدیسی شەریف بۆ حەزرەت ﷺ لەسەر دوو بەشە: ئیسنادی عالی و ئیسنادی نازیل. وە ئیسنادی عالی بەش کراوە بۆ لای پێنج بەش:

یەکەم: ئەوەیە کە نزیك بێ لە حەزرەتەوە ﷺ یانی بە گوێرەی ئەو زەمانە کە ڕیوایەتەکەی تێدایە بە ژمارەیەکی کەم لە ڕیجالی سەنەد بگات بە حەزرەت ﷺ بە مەرجێ کە هەموو ئەو کەسانە هەموو خاوەن عەداڵەت و باقی سیفاتی ڕاوی بن. جا ئەم ئیسنادە عالییە لە چەند جیهەتێکەوە ئیعتیبار و قیمەتی هەیە، وەکو نزیکی لە زەمانی حەزرەت ﷺ و پارێزراوی ڕاوییەکان لە سەهوو و نیسیان و سەرلێتێکچوون و غەیری ئەمانەیش لە جیهاتی نەقس و عەیب، ڕیوایەت کراوە لە بازێ لە موحەددیسین فەرموویەتی: (**قُرْبُ الإِسْنادِ قُرْبٌ أو قُرْبَةٌ إِلى اللهِ عَزَّوَجَلَّ**)[1]، لەسەر ئەووەڵ یانی: نزیکی ئیسناد لە حەزرەتەوە ﷺ نزیکبوونەوەیە لە خودای تەعالا، بە دەلیلی ئەوە موسڵمان تا نزیك بێ لە حەزرەتەوە ﷺ ئیمانی بەهێزترە و عیبادەتی باشترە، ئەمەش هۆی نزیکییە لە خوداوە، وە لەسەر ڕیوایەتی دووەم دیارە نزیکی ئیسناد موفیدە بۆ زیادە (وثوق) و باوەڕ بەو حەدیسە ڕیوایەتکراوە، وە ئەمە باعیسە بۆ عەمەلکردن بەو حەدیسە، ئەمەیش هۆی نزیکبوونەوەیە لە خودای تەعالا.

قیسمی دووەم لە پێنج قیسمەی قوربی ئیسناد: نزیکی ڕاوییە لە ئیمامێ لە ئیمامانی ڕیوایەتی حەدیسی شەریفەوە، هەرچەند لەو ئیمامەوە تا ئەگا بە حەزرەت ﷺ ژمارە زۆر بێ، جا لەم سوورەتەدا ئەو ئیسنادە تەوسیف ئەکرێ بە: عالی بە هۆی نزیکی لەو ئیمامەوە، خواه بە نیسبەت بۆ لای حەزرەت ﷺ نزیك بێ یا نە.

١. أخرجه الخطيب في الجامع، ١١٥ .

سێیەم لە ئەقسامی (علو)ی، ئیسناد، (علو)وە بە نیسبەت بۆ لای سەحیحەین بوخاری و موسلیم، یا بۆ لای یەکێکیان یا بۆ لای سەحیحێکی‌تر غەیری ئەوان، وە ئەمە ئەوەیە کە لەم دواییەدا لە بەینی موحەددیسەکان مەشهوور بووە بە (**الـموافَقاتِ، الأبدالِ، والـمسَاواةِ، والـمُصافحةِ**) وە گەلێ ئیهتیمامیان کردووە بەم نەوعە (علو)وە.

ئەمما (موافقة) ئەوە عیبارەتە لەوە کە بۆت ڕێ بکەوێ ڕیوایەتی حەدیسێ بکەیت لە مامۆستای ئیمامی موسلیمەوە لە غەیری ڕێگەی موسلیمەوە کە ژمارەی ڕیجالی ئیسنادەکەی کەمتر بێ لە ژمارەی ڕیجالی ئیسناد لە ڕێگەی موسلیمەوە مەسەلەن لە ڕیگەی موسلیمەوە بە دە کەس ئەگەی بە مامۆستای موسلیم و لە ڕێگەی خۆتەوە بە نۆ کەس ئەگەی بەو مامۆستایە یا بە هەشت کەس یا بە کەمتر.

وە ئەمما (أبدال) ئەوەیە بریتییە لەوە کە ئەو عەددە کەمەت بۆ ڕێ بکەوێ لە ئوستادێکەوە غەیری ئوستادی ئیمامی موسلیم کە ئەو ئوستادە وەکو ئوستادی موسلیم وایە لەو حەدیسەدا.

وە ئەمما (مساواة) لە زەمانی ئێمەدا ئەوەیە: بۆت ڕێ بکەوێ قیللەتی عەددەی ڕیجالی ئیسناد نەك نیسبەت بۆ لای شێخی موسلیم یا شێخی شێخی موسلیم، بەڵکو بۆ لای کەسێ کە ژوورتر بێ لەوانە، وەکو یەکێ لە ئەسحابی حەزرەت ﷺ یا لە نزیکانی ئەسحابی ئەو بەڵکو جار بەجار بۆ لای زاتی حەزرەت ﷺ بە جۆرێ هەڵبکەوێ بۆت ئیسنادێکی وەها کە عەددەی ڕیجالی مابەینی تۆ و ئەو سەحابییە (مثلاً) وەکو ئەو عەددە بێ کە هەیە لە بەینی ئیمامی موسلیم و ئەو سەحابییەدا کە تۆ بووی بە مساوی موسلیم لە قوربی ئیسناد و عەددەی ڕیجالدا.

وە ئەمما (مُصافحة) ئەوە عیبارەتە کە ئەم مساواتە باسمان کرد لە بەینی تۆ و موسلیمدا نەبێ، بەڵکو لە بەینی مامۆستای تۆ و موسلیمدا بێ، واتە عەددەی مابەینی مامۆستاکەی تۆ و ئەو سەحابییەیە، وەکو عەددەی مابەینی موسلیم و ئەو سەحابییە بێ، وە ئەمە ناوئەبرێ بە (مُصافحة)، چونکی مادام تۆ موصافحەت کرد لەگەڵ مامۆستاکەی خۆتدا و ئەویش لەگەڵ موسلیمدا هاوپایەیە (كأنّه) موصافەحەت لەگەڵ نەفسی موسلیمدا کردووە.

چوارەم لە ئەقسامی (علو)ی، ئیسناد ئەوەیە کە ئیستیفادە بکرێ لە پێشکەوتنی وەفاتی ڕاویدا، بۆ وێنە ئەو حەدیسەی کە ڕیوایەتی بکەم لە شێخێکەوە کە ڕیوایەتی کردبێ لە یەکێکەوە ڕیوایەتی کردبێ لە بەیهەقی حافیزەوە لە حاکیم ئەبو عەبدوڵڵای حافیزەوە، ئەوە (أعلی) و بەرزترە لە ڕیوایەتی من بۆ ئەو حەدیسە لە شێخێکەوە ڕیوایەتی کردبێ لە یەکێکەوە ڕیوایەتی کردبێ لە ئەبوبەکر عەبدوڵڵای کوڕی خەلەف کە ڕیوایەتی کردبێ لە حاکیم ئەبو عەبدوڵڵای حافیزەوە، هەرچەند عەدەدی ڕاوییەکان لەهەردوو ئیسنادەکەدا چوارن، چونکی تاریخی وەفاتی بەیهەقی پێش وەفاتی (ابن خلف) بووە، لەبەرئەوە بەیهەقی لە ساڵی چوارسەد و پەنجا و هەشتا وەفاتی کردووە، وە (ابن خلف) لە ساڵی چوارسەد و هەشتا و حەوتا وەفاتی کردووە.

پێنجەم لە ئەقسامی (علو)ی، ئیسناد پێشکەوتنی سەماعی ڕاوییە لەسەر سەماعی ڕاوییەکی تر، بۆ وێنە دوو کەس لە شێخێك حەدیس وەرئەگرن، یەکێکیان لە ماوەی شەست ساڵ و یەکێکیان ماوەی چل ساڵە جا مادام کە ئێمە ڕیوایەتی حەدیسێ بکەین لە دوو شەخسەوە بە نەوعێ کە عەدەدی ڕیجالی سەنەدیان وەکو یەك بێ، ئەوە ئەتوانین ڕیوایەت لە ئەووەڵیانەوە بە ئیسنادی عالی دابنێین، چونکی سەماعی ئەو بە ماوەی بیست ساڵ پێش سەماعی دووەم کەوتووە.

جا کاتێ کە ئیسنادی عالیت زانی ئەوە ئیسنادی نازیلیش ئەزانی، لەبەرئەوە کە عالی و/نازیل لە ئیزافاتن، وە هەرکامیان بەهەر مەعنایەك تەماشا بکەین ئەویان بە مەعنای موقابیل بۆ ئەوە دەرئەکەوێ، بۆوێنە ئیسنادی عالی بە مەعنای یەکەم نزیکییە لە حەزرەتەوە ﷺ کە بە چوار ڕاوی ـ مثلاً ـ پێی گەیشتووە لەبەرانبەر ئەووە ئیسنادی نازل ئەوەیە کە بە زیاتر لە چوار ڕاوی بگا بە حەزرەت ﷺ.

ئەقسامی ئیسناد

ئیسناد بە پایە (عالي)یە و (نازل)	دووەم (مفضول)ە، و یەکەمین (فاضل)
ئیسنادی عالی لەبۆ ڕیوایە	پێنج قیسمە نووریان وەکو چرایە

ئەووەڵیان قوربە لە (رسول الله) بڕژێ بەسەریا (صلوات الله)
بە ئیسنادێکی پەسەندی شەریف پاك بێ لە بێنی ئینسانی زەعیف
(قرب الاسناد قربة لله لقرب الراوي من رسول الله)
دووەم نزیکی یەك لە ئیمامان ئیمامی حەدیس لە موسڵمانان
لە حەزرەتەوە نزیك بێ یا دوور چون مونەوەرە بە باریقەی نوور
وەکو نزیکی شێخێکی (أمثل) لە ئیمامی دین (أحمد بن حنبل)
سێیەمیان قوربە بۆلای سەحیحەین یا سەحیحی‌تر مەعرووفی مابەین
بە موافەقە یاخود بە ئیبدال یا بە مساوات (بلا اختلال)
یا موسافەحە، شەرحی ئەمانە لەم پەخشانەدا بۆ تۆ عەیانە
چوارەم (علو)ێکە، وەرئەگرێ ناوی لە پێش کەوتنی وەفاتی ڕاوی
پێی ئەڵێن عالی چونکی زەمانی بەرزە و نزیکە لە شای عەدنانی
پێنجەم (علو)ـە، بە گوێرەی سەماع لە شێخی حەدیس (عند الاجتماع)
وێنەی وەربگرە لە شەرحی مەشرووح بۆت وازیح ئەبێ (أحسن الوضوح)
کە عالیت ناسی نازیل ئەناسی هەردوو ئیزافەن بە حەق شوناسی

◇◇◇

٢٤ـ باسی فەرموودەی ناسراو (الْمَشْهُور)[1]

کەلیمەی (شهرة) مەعنای لە لوغەتی عەرەبدا دیارە، وە لە عورفی ئەهلی حەدیسدا ـ بینا لەسەر عیبارەتی ئیبن حەجەری عەسقەلانی و غەیری ئەو ـ مەشهوور ئەو حەدیسەیە: بە سێ کەس یا زیاتر لە سێ ڕیوایەت بکرێ بەم شەرتە ژمارەی ئیسنادەکانی (محصور و معيّن) بێ،

١. بۆ زیاتر زانینی باسی فەرموودەی ناسراو (الْمَشْهُور) تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٩٢ ـ ٩٤، والإرشاد ٢/ ٥٣٨ ـ ٥٤٤، والتقريب: ١٥٢ ـ ١٥٣، والاقتراح: ٣١٠، واختصار علوم الحديث: ١٦٥ ـ ١٦٦ والشذا الفياح ٢/ ٤٣٤ ـ ٤٤٥، والمقنع ٢/ ٤٢٧ ـ ٤٤٠، وفتح الباقي ٢/ ٢٦٥ ـ ٢٧٧، ونزهة النظر: ٦٢ ـ ٧١، وفتح المغيث ٣/ ٢٧ ـ ٤١، وتدريب الراوي ٢/ ١٧٣ ـ ١٧٩، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٠١ ـ ٤١١، وظفر الأماني: ٣٩ ـ ٧٦).

بەڵام لەسەر فەرموودەی (ابن الصلاح) مەشهوور ئەوەیە کە: زیاتر لە سێ کەس ڕیوایەتی بکا و ئەگەر دوو کەس یا سێ کەس ڕیوایەتی بکا ئەوە بە حەدیسی (عزیز) ئەناسرێ.

وە حەدیسی (مستفیض) هەر بە مەعنای مەشهوورە، بەڵام بازێ فەرموویانە: شەرتە لە (مستفیض)دا، کە ژمارەی ئیسنادەکەی لە ئەوەڵەوە تا ئاخر وەکو یەك بن، وە مەشهوور بەم مەعنایە (مباین)ـە، لە بۆ موتەواتەر، چونکی مەشهوور مەشرووتە بە حەصری عەدەدی ئیسناد و موتەواتەر بێ حەصرە.

وە بۆ مەشهوور مەعنایەکی‌تر هەیە عیبارەتە لەو حەدیسە کە دائیر بێ لە ناو موحەددیسان و غەیری موحەددیسان، خواه عەدەدی ئیسنادی کەم بێ یا زۆر یا هەر ئیسنادی نەبێ، وە مەشهوور بەم مەعنایە ئەکەوێتە یەك لەگەڵ موتەواتەر و مەشهوور بە مەعنای پێشوو وە بازێ لەوانەیش کە دائیرن لەناواو ئەسڵیان نییە. (بناء علیه) پێویستە ئینسان ئاگادار بێ لەو حەدیسانەدا کە مەشهوورن تا نەزانێ ئەسڵیان هەیە ڕیوایەتیان نەکا.

وە حەدیسی مەشهوور تەقسیم ئەکرێ بۆ لای سەحیح و غەیری سەحیح کە حەسەن و زەعیفە.

جا میسالی مەشهووری سەحیح وەکو حەدیسی: (**إنَّما الأعمالُ بالنِّيَّاتِ... الحديث**)[1]، ئەمە لە پلەی یەکەمدا عومەری کوڕی خەتتاب ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتەوە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وە لە پلەی دووەمدا ڕاوییەکان زۆربوون و پلە بە پلە هاتووەتە خوار ڕاوییەکان زۆرتر بوون.

وە میسالی حەدیسی مەشهووری حەسەن، وەکو حەدیسی: (**وَ لِلسَّائِلِ حَقٌّ، وإنْ جاءَ عَلَى فَرَسٍ**)[2]، ئەم حەدیسە ئیمامی (**أحمدی بن حنبل** ـ رَحِمَهُ اللهُ ـ) لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی لە ئیمام حوسەین و لە ئیمام عەلی ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا ـ کردووە لە بابی زەکاتدا و سەنەدەکەی حەسەنە،

---

١. أخرجه الحميدي (٢٨)، و أحمد ١/ ٢٥، ٤٣، والبخاري ١/ ٢ (١)، و ١/ ٢١ (٥٤)، و٣/ ١٩٠ (٢٥٢٩)، و ٥/ ٧٢ (٣٨٩٨) و ٧/ ٤ (٥٠٧٠)، و٨/ ١٧٥ (٦٦٨٩)، و٩/ ٢٩، (٦٩٥٣)، و مسلم ٦/ ٤٨ (١٩٠٧)، وأبو داود (٢٢٠١)، وابن ماجه (٤٢٢٧)، والترمذي (١٦٤٧)، والنسائي ١/ ٥٨ و ٦/ ١٥٨ و ٧/ ١٣ و في الكبرى (٧٨) و (٤٧٣٦) و (٥٦٣٠)، وابن خزيمة (١٤٢) و (١٤٣) و (٤٥٥).

٢. أخرجه أحمد ١/ ٢٠١، وأبو داود (١٦٦٥)، والطبراني في الكبير (٢٨٩٣)، والبيهقي ٧/ ٢٣، وابن عبد البر في التمهيد ٥/ ٢٩٦، وأبو نعيم في الحلية ٨/ ٣٧٩ من طريق فاطمة بنت الحسين، عن أبيها مرفوعا، وأخرجه مالك في الموطأ (٢٨٤٦) عن زيد بن أسلم، مرفوعاً: «اعطوا السائل وإن جاء على فرس» قال ابن عبد البر في التمهيد ٥/ ٢٩٤: «لا أعلم في إرسال هذا الحديث خلافا بين رواة مالك وليس في هذا اللفظ مسند صحيح يحتج به فيما علمت».

وە هەم ڕیوایەت کراوە لە (ابن عباس)ـەوە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ و لە (**هرماس ابن زیاد** ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ).

وە بە باریٚ ترا مەشهوور دوو قیسمە:

یەکەم: ئەوەیە مەشهوور بیٚ لە بەینی ئەهلی حەدیس و غەیری ئەواندا، وەکو حەدیسی: (اَلْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمسْلِمونَ مِنْ لِسانِهِ وَ يَدِهِ)[1].

دووەم: ئەوەیە مەشهوور بیٚ لە بەینی ئەهلی حەدیسدا فەقەت، وەکو ئەو حەدیسە کە (أنس) ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتەوەﷺ : (**أَنَّ رَسُولَ اللّهِﷺ قَنَتَ شَهْراً بَعدَ الرُّكُوعِ يَدْعُو عَلَى رِعْلٍ وَ ذَكْوانَ**) [2] ئەم حەدیسە مەشهوورە لەناو ئەهلی حەدیسدا و بە سەحیح ڕیوایەت کراوە.

(مشهور)

مەشهوور بە لوغەت مەعنای مەعلوومە | بەلاٚم لە عورفا وەها مەڕسوومە
لای (ابن الصلاح) بە زیاترلە سیٚ | پێویستە مەشهوور ڕیوایەت بکریٚ
ئیبنو حەجەری عەسقەلان ئەلٚیٚ: | مەشهوور ئەوەیە ڕیوایەت بکریٚ
لەسەر سیٚ ئیسناد یا زیاترلە سیٚ | عەدەد مەحصوور و (متعين) بیٚ
(مستفيض أيضا) هەم بەو مەعنایە | بازێکیش فاریق دێنن لەم لایە
ئەلٚێن: عەدەدیٚ لەو جێگەدا بیٚ | ئەووەڵ تا ئاخر بە مساوات بیٚ
مەشهوور بەم مەعنا (مباين) ئەبیٚ | بۆ موتەواتەر باش ئاگات لیٚ بیٚ
هەروەها مەشهوور بەم مەعنایە دیٚ | ئیسنادی سیٚ بیٚ یا زیاترلە سیٚ
عەدەد مەحصوور بن یا (لا منحصر) | بەم مەعنا عامە بۆ موتەواتەر
مەعنایەکیتر هەیە لە زەینا | مەشهوور ئەوەیە بیٚ لە بەینا

---

١. أخرجه أحمد ٢/ ٣٧٩، والترمذي (٢٦٢٧)، والنسائي ٨/ ١٠٤ ـ ١٠٥، وابن حبان (١٨٠)، والحاكم ١/ ١٠، من حديث أبي هريرة، وَ قال الترمذي: «حسن صحيح».

٢. صحيح البخاري ٢/ ٣٢ و ٥/ ١٣٦. وصحيح مسلم ٢/ ١٣٦. وكذلك أخرجه أحمد ٣/ ١١٦، و٢٠٤، والنسائي ٢/ ٢٠٠ جَميعهم من حديث سليمان التيمي، عن أبي مجلز، عن أنس!

ئیسنادێك یا دوو یا زیاد لە سێ ... یاخود موتڵەقەن ئیسنادی نەبێ
بۆیە پێویستە بۆ خاوەن شعوور ... زۆر ئاگادار بێ لە مەعنای مەشهوور
بە تەقسیمی ڕاست شیرین و مەلیح ... مەشهوور سەحیحە یا غەیرە سەحیح
تەعریفی سەحیح مەعلوومە لە لات ... وەکو حەدیسی حەمیدە سیفات
کە عومەر هێنای لای خاوەن ئایات ... جوملەی (إنَّما الأعمالُ بالنِّيّات)
غەیرە سەحیحیش دیارە بەر مەلا ... (طلب العلم فريضة على)
تەقسیمێکیتر بۆ مەشهوور ڕاسە ... یەکەم لای ئەهلی حەدیسی خاصە
دووەم مەشهوور بێ لای ئەهلی خەیرا ... لە بەینی ئەهلی حەدیس و غەیرا

◈◈◈

٢٥ـ فەرموودەی نامۆ، و دەگمەن (الغَرِيْبِ والعَزِيْزِ)[١]

ڕیوایەتکراوە بۆمان لە ئەبو عەبدوڵڵای (ابن منده)ی، حافیزی ئەصفەهانی فەرموویەتی: غەریب لە حەدیس وەکو حەدیسی زوهری و (قتادە) و وێنەی ئەوان لە ئیمامە موحەددیسەکان، ئەگەر یەکێ لەوان تەنیا بێ لە ڕیوایەتیا، وە ئەگەر دوو کەس یا سێ کەس ڕیوایەتی کرد لەوان ئەوە پێی ئەڵێن: (عزیز) وە ئەگەر جەماعەتێ ڕیوایەتی کرد لەوان پێی ئەڵێن: مەشهوور.

(ابن الصلاح) ئەڵێت: من ئەڵێم حەدیسێ کە یەکێ لە ڕاوییەکان ڕیوایەتی بکا ئەوە پێی ئەڵێن (غریب) هەروا حەدیسێ کە یەکێ لە ڕاوییەکان بە تەنیا شتێ زیاد بکا کە غەیری ئەو نەیوتبێ، ئەوەش پێی ئەڵێن (غریب)، خواه ئەو زیادە لە مەتنی حەدیسەکەدا بێ یا لە ئیسنادیدا، بەڵام بزانن هەموو ئەنواعێ لە (افراد) بە غەریب ناژمێررێ، ئێستە

١. بۆ زیاتر زانینی باسی فەرموودەی (الغَرِيْبِ والعَزِيْزِ) تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٩٤ ـ ٩٦ وجامع الأصول ١/ ١٧٤ ـ ١٧٨، والإرشاد ٢/ ٥٤٥ ـ ٥٤٩، والتقريب: ١٥٣ ـ ١٥٥، والاقتراح: ٣٠٩ ـ ٣١٠، والموقظة: ٤٣، واختصار علوم الحديث: ١٦٦ ـ ١٦٧، والشذا الفياح ٢/ ٤٤٦ ـ ٤٥٠، والمقنع ٢/ ٤٤١ ـ ٤٤٢، وفتح الباقي ٢/ ٢٦٥ ـ ٢٧٧، ونزهة النظر: ٦٤ ـ ٧١، وطبعة عتر ٢٤ ـ ٢٨، وفتح المغيث ٣/ ٢٧ ـ ٤١، وتدريب الراوي ٢/ ١٨٠ ـ ١٨٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٠١ ـ ٤١١، وظفر الأماني: ٦٨ ـ ٧٦).

ئەفرادێ کە خاصەی ئەهلی شارێ بێ، وەکو شاری مەککەی موکەڕڕەمە و مەدینەی موونەوەرە، ئەوە لە ئەفرادە و (مع أنّه) غەریب نییە. وە بزانن: غەریب یا سەحیحە، وەکو ئەو (أفراد)انە، کە ڕیوایەت کراون لە (صحاح)دا، وە یا غەیرە سەحیحە، وە ئەم بەشە زۆربەی ئەحادیسی غەریبەیە.

بۆمان ڕیوایەت کراوە لە (أَحمدَ بنِ حَنْبَلٍ ـ رَحِمَهُ اللَّهُ) کە زۆر جاران فەرموویەتی: (لا تَكْتُبُوا هذهِ الأحاديثَ الغرائبَ فإنَّها مَنَاكِيرُ وعَامَّتُها عَنِ الضُّعَفاءِ)[1].

وە بە بارێ ترا غەریب تەقسیم ئەکرێ بۆ: غەریبی (فِي المَتن) و غەریبی (فِي الاسناد معاً) وەکو حەدیسێ کە یەك ڕاوی (تفرد) بکا بە ڕیوایەتی، وە بۆ غەریبی (في الاسناد فقط) وەکو حەدیسێ کە مەتنەکەی مەعرووف بێ لە جەماعەتێ لە سەحابییەکانەوە (مع أنه) یەکێ لەوان (تفرد) بکا بە ڕیوایەتکردنی لە سەحابییەکی ترەوە، ئەوە لەو جیهەتەوە غەریبە (مع أنه) مەتنەکەی غەریب نییە. وە لەم بابەتەیە (غرائب)ی، موحەددیسە گەورەکان لە (أسانید)ی، (متون)ی سەحیحەدا، وە ئەم جۆرە حەدیسانەیە کە ترمذی ئەڵێ: (غریب من هذا الوجه)، وە عەکسی ئەمە نابینم کەوابێ حەدیسێکی وەها کە مەتنەکەی غەریب و ئیسنادەکەی غەریب نەبێ دەستناکەوێ، (اللّهم) مەگەر حەدیسێکی فەرد ڕیوایەت بکرێ و پاش ئەوە جەماعەتێکی زۆر ڕیوایەتی بکەن لەو کەسەوە، ئەوە ئەبێ بە غەریبی مەشهوور و لە مەتنا غەریبە، بەڵام لە ئیسناددا غەریب نییە، یان: لە طەرەفێکدا غەریبە و لە طەرەفێکدا مەشهوورە، وەکو حەدیسی: (إنَّما الأعمالُ بالنِّيَّاتِ) وە ئەو غەریبانەش کە لە تەسنیفەکاندا مەشهوور بوون ـ والله أعلم ـ

حەدیسی (غریب و عزیز)

غەریب ئەوەیە لای موحەددیسان	یەك ڕاوی بێ نەك دوو یا سیان
کە ڕاویی دوو بوون یا بوو بە دوو کەس	ئەوە عەزیزە ڕاست و (مشخص)

١. أخرجه ابن عدي في مقدمة الكامل ١/ ١١١، وابن السمعاني في أدب الإملاء: ٥٨، ونحوه في الكفاية: (٢٢٤ ت، ١٤١ هـ)، و نحو قول الإمام أحمد عن كثير من العلماء، بروانه: الجامع ٢/ ١٠٠ ـ ١٠١، والكفاية: (٢٢٣ ـ ٢٢٧ ت، ١٤٠ ـ ١٤١ هـ)، و المحدّث الفاصل: ٥٦١ ـ ٥٦٥.

کاتێ جەماعەت ڕاوی بوون لەوان ... ئەوە مەشهوورە لای موحەددیسان
ئیتر هەڵئەگرێ جەماعەت سێ بێ ... یاخود زیاتر با ئاگات لێی بێ
وا دەرکەوت لەبۆت لە (ابن صلاح ... قد خالفهم فِي ذا الاصطلاح)
هەروا حەدیسێ ڕاویی یەکێ بێ ... پێی ئەڵێن (غریب) با ئاگات لێی بێ
حەدیسێکی وایش (تفرد) بکا ... بازێ موحەددیس بە زیادە لەودا
لە ئیسناد یا مەتن پێی ئەڵێن غەریب ... (فاحفظ کلامي کالاخ النجیب)
ئەمەیش بزانە بە یاسای لەبیب ... هەموو ئەفرادێ پێی ناڵێن غەریب
(مثلا وێنەی ئەفرادی موضاف ... بۆ ئەهلی شارێ لە زانای ئەشراف
غەریب دوو بەشە: یەکەمین سەحیح ... وەکو غەریبی مەروی لە سەحیح
دووەم بەشەکەی غەیرە سەحیحە ... غەریب بە ئەغلەب دوور لە تەفریحە
وەربگرە واتەم خۆشە و عەجیبە ... غەریب یا تەنیا مەتنی غەریبە
یا تەنیا ئیسناد یا مەتن و ئیسناد ... وایان فەرمووە عولەمای ئیرشاد
بۆ فامی ئەمە بەهانە مەگرە ... بڕوانە شەرح و وێنەی وەربگرە

◈◈◈

٢٦- باسی زانینی دەستەواژە نامۆکانی نێو فەرموودە (مَعْرِفَةُ غَرِيْبِ الْحَدِيْثِ)

غەریب کەلیمەیەکە هەڵکەوێ لە مەتنی حەدیسی شەریفدا کە هەموو کەسێ مەعنای نەزانێ، جا تێکۆشین بۆ فامی مەعنای ئەو لەفزە فەرزی کیفایەیە.

ڕیوایەتکراوە لە مێژوونووسی بەناوبانگ موحەممەدی کوڕی عەبدولمەلیکەوە ئەڵێ: (أبو قِلابَةَ) گێڕایەوە بۆم: وتم بە أصمعي: (يا أبا سَعِيْدٍ مَا مَعْنَى قَولِ رَسُولِ اللّهِ ـ ﷺ ـ (الجارُ أَحَقُّ بِسَقَبِهِ)[1] وتی: من تەفسیری فەرموودەی ڕەسووڵەڵڵا ناکەمەوە، بەڵام عەرەب

---

١. أخرجه الحميدي (٥٥٢)، وأحمد ٦/ ١٠ و ٣٩٠، والبخاري ٣/ ١١٥ و ٩/ ٣٥ و ٣٦ و ٣٧، وأبو داود (٣٥١٦)، ☚

گومانیان وایە مەبەس لە (سقب) کەسێکە لکابێ بە شتێکەوە، وەکو دراوسێ بە نیسبەت بۆ دراوسێی خۆی، چونکی (سقب) بە مەعنای (لزیق)ـە، وە (لزیق) بە مەعنای (لصیق)ـە.

گەلێ لە زاناکان تەئلیفیان هەیە لە تەفسیری (غرائب)ی، حەدیسی شەریفدا، ئەوەڵ موئەللیف لەم بابەتەدا (أبو عُبَيْدَةَ ـ مَعْمَرُ بنُ المثَنَّى) بووە جا (أبو عُبَيْدٍ القاسِمُ بنُ سَلاَّمٍ) پاش ئەو (أبو محمد عبدالله بن مسلم بن قتيبە) دینەوەری، پاش ئەو (أبو سلیمان)ی، خەتتابی، ئەمانە خاوەنی تەئلیفاتی باشن.

وە (أحسن البیان) بۆ ئەو لەفزە غەریبانە ئەوەیە وەربگیرێ لە ڕیوایەتێکی ترا کە وارید بووبێ لە عەینی ئەو مەوزووعەدا، وەکو تەفسیری کەلیمەی (الدُّخُّ) لەو حەدیسەدا وارید بووە لە باسی (ابن الصیاد)دا، بە (الدُّخَانُ) چونکە دەرئەکەوێ لە ڕیوایەتێکی ترا کە حەزرەت ﷺ فەرموویەتی: (قَدْ خَبَأْتُ لكَ خَبِيئاً، فما هوَ؟ قالَ: الدُّخُّ)[1]، واتە مەقسوود لە (الدُّخُّ) ئایەتی: (يَوْمَ تَأْتِي السَّمَاءُ بِدُخَانٍ مُبِيْنٍ)[2] بوو، یانی حەزرەت ﷺ ئەم ئایەتەی گرتە دڵ بۆ (ابن الصیاد) و پرسیاری کرد لێی ئایا چی والە دڵی مندا ئێستە؟ کەچی ئەو هەر بازێکی زانی لەو ئایەتە و دەربڕی بە عیبارەتی (الدُّخُّ) نەك بە عیبارەتی (دُخَان)، بۆیە حەزرەت ﷺ فەرمووی: (اخْسَأْ، فَلَنْ تَعْدُوَ قَدْرَكَ) [3] واتە: بڕۆرە دواوە و قسە مەکە، چونکی تۆ ناتوانی لە میقداری مەعریفەتی خۆت لابدەی و هەر ئەوەندە حاڵی بوویت کە دەرتبڕی.

☚وابن ماجه (٢٤٩٥)، والنسائي ٧/ ٣٢٠ والبغوي ٨/ ٢٤٢ من حديث أبي رافع، و أخرجه ابن أبي شيبة ٧/ ١٦٨، وأحمد ٤/ ٣٨٩ و ٣٩٠، وابن ماجه (٢٤٩٦)، والنسائي ٧/ ٣٢٠، والطحاوي ٤/ ٣٢٤، والدارقطني ٤/ ٢٢٤، وابن الجارود (٦٤٥)، والبيهقي ٦/ ١٠٥ من حديث الشريد بن سويد، و جاء في بعض ألفاظ الحديث: «بصقبه» بالصاد وهما بمعنىً؛ قَالَ ابن الأثير في النهاية ٢/ ٣٧٧: «السقب بالسين والصاد في الاصل: القرب، يقال: سقبت الدار وأسقبت، أي: قربت».

١. صحيح البخاري ٨/ ٤٩ (١٣٥٤) و (١٣٥٥)، وصحيح مسلم ٨/ ١٨٩ (٢٩٣٠) من حديث ابن عمر.

٢. سورة الدُخَان: ١٠

٣. سورة جامع التِرمذي (٢٢٤٩)، وَ قال فِي (٢٢٣٥): (حسن صحيح)، و أخرجه عبد الرزاق (٢٠٨١٧)، وأحمد ٢/ ١٤٨ و ١٤٩، والبخاري ٢/ ١١٧ (١٣٥٤) و ٤/ ٨٥، (٣٠٥٥) و ٨/ ٤٩ (٦١٧٣) و ١٥٧ (٦٦١٨)، وَ فِي الأدب المفرد (٩٥٨) ومسلم ٨/ ١٩٢، (٢٩٣٠) و ١٩٣ (٢٩٣٠) (٩٦) (٩٧)، وأبو داود (٤٣٢٩)، وابن حبان (٦٧٩٤)، والطبَراني فِي الأوسط (٩٢٧٦)، وابن منده فِي الإيمان (١٠٤٠)، والبغوي (٤٢٧٠)، بروانه: مَحاسن الاصطلاح ٤٠٠.

باسی ڕووناککردنەوەی کەلیمەی (غەریب) لە ناو حەدیسدا

وا ڕێ کەوتووە حەدیسی حەبیب | تیا بووە بازێ کەلیمەی غەریب
غەریب لەفزێکە لەناو کەلاما | مەعنای مەجهوول بێ لەلای عەواما
پێویستە ئێمە هەتا ئەتوانین | تێکۆشین هەتا مەعنای ئەزانین
(ابن سلام وقتبي وخطابي | هداهم الله إلى الصّواب)
تەئلیفیان هەیە لەسەر (غرائب) | پڕ لە فائیدە و عیلمی (عجائب)
(أحسن البیان) وایە ئەی برا | دەس کەوێ لەناو ڕیوایەی ترا
بە وێنەی تەفسیر بۆ کەلیمەی (دخ) | بە (یوم تأتي السماء) بەخ بەخ

◈◈◈

٢٧- زانینی فەرموودەی زنجیرەیی (الْمُسَلْسَلِ)[1]

(تسلسل) لە عورفی موحەددیسیندا عیبارەتە لە بە شوێن یەکا هاتنی ڕیجالی ئیسناد، لە سیفەتێ یا حاڵێ بۆ ڕاوییەکان یا بۆ ڕیوایەتەکان. وە سیفات و حاڵی ڕاوی یا وتارە یا ڕەفتارە یا هەردووکیانە. وە حاڵ و سیفەتی ڕیوایەتیش یا مەربووتە بە صیغەی ئەدای ڕیوایەتەکەوە یا بە کاتیەوە یا بە شوێنیەوە، وە ئەم باسە هەرچەند ئەگا بە نۆ قیسم، بەڵام لەبەر ئەوە کە سیفەتی ڕاوی (قولاً وفعلاً) وەکو یەك شتن بە یەك قیسمیان دائەنێین و هەشت قیسم ئەمێنێتەوە، جا با میسالی بازێکیان پیشان بدەین پێتان.

میسالی (مسلسل) بە ئەحواڵی (فعليّة)ی، ڕاوییەکان وەکو موسەلسەلی (تشبيك) واتە: پەنجە خستنە ناو پەنجە (روي عن أبي هريرة - رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ - شَبَّكَ بِيَدِي

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی موسەلسەل تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٢٩ ـ ٣٤، والإرشاد ٢/ ٥٥٤ ـ ٥٥٨، والتقريب: ١٥٥ ـ ١٥٦، والاقتراح: ٢٠١ ـ ٢٠٥، والموقظة: ٤٣ ـ ٤٤، واختصار علوم الحديث: ١٦٨ ـ ١٦٩ والشذا الفياح ٢/ ٤٥٦ ـ ٤٥٩، والمقنع ٢/ ٤٤٧ ـ ٤٤٩، وشرح التبصرة والتذكرة ٢/ ٤٠٥، ونزهة النظر (١٦٧) وطبعة عتر: ٦٤ ـ ٦٥، وفتح المغيث ٣/ ٥٣ ـ ٥٨، وتدريب الراوي ٢/ ١٨٧ ـ ١٨٩، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ١٥٨، وفتح الباقي ٢: ٢٨٤ ـ ٢٨٩، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤١٤ ـ ٤١٦، وظفر الأماني: ٢٨٧ ـ ٣٢٣).

رسول الله ﷺ **وَ قال: خَلَقَ اللَّهُ الْأَرْضَ يَوْمَ السَّبْتِ)**[1]، ئەم حەدیسە پیرۆزە لە ئەبوهورەیرەوە تا ئێستە هەرکەسێ ڕیوایەتی کردووە شێخەکەی پەنجەی ناوەتە ناو پەنجەی ڕاوییەکەیەوە، ئەوسا حەدیسەکەی بۆ خوێندووەتەوە.

وە میسالی (مسلسل) بە ئەحواڵی (قولیّة)ی، ڕاوییەکان، وەکو حەدیسی **(مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ** ـ رضي الله عنه ـ) کە حەزرەت ﷺ فەرمووی: **(يا معاذ اني أحبك، فقل فِي دبر كلّ صلاة: اللَّهُمَّ أعِنِّي عَلَى شُكْرِكَ وذِكْرِكَ وحُسْنِ عِبَادَتِكَ)** وە ئەم حەدیسە بە شێوەی

١. الأســماء والصفات للبيهقي، أحمد بن الحسين بن علي بن موسى الخُسْرَوْجِردي الخراساني، أبو بكر البيهقي (الــمتوفى: ٤٥٨هـ)، حققه وخرج أحاديســه وعلق عليه: عبد اللّه بن مُحمّد الحاشــدي، قدم له: فضيلة الشيخ مقبل بن هادي الوادعي، الناشر: مكتبة السوادي، جدة ـ المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولــى، ١٤١٣ هـ ـ ١٩٩٣م، ٢٥٠/٢، فەرمووده‌ی ژماره (٨١٢)، و إســناده ضعيف جدًّا فيه: ـ إبراهيم بن أبي يحيى وهو متروك. ـ وأيوب بن ســالم لم أجد له ترجمة. ـ وبكر بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الشُّــرُودِ، وهو ضعيف. و أخرجه الحاكم في «معرفة علوم الحديث» (ص٣٣ـ٣٤) من طريق بكر بن الشــرود به مسلسلا بقوله «شبّك بيدي»، وأخرجه أحمد (٣٢٧/٢) ، ومســلم (٢١٤٩/٤ح ٢٧٨٩) كتاب صفــات المنافقين وأحكامهم، باب ابتداء الخلق و خلق آدم، والنســائي في «السنن الكبرى» (٢٩٣/٦) ، وابن خزيمة (١١٧/٣) ، وأبو يعلى (٤١/١ـ٤٢) و (٥١٤/١٠) ، وابن جرير في «تفسيره» (٣/١٢) و (٩٤/٢٤ـ٩٥) ، وفــي «تاريخــه» (٢١/١، ٣٥، ٤١، ٤٢)، وابــن حبان (٣٢/١٤ح٦١٦١) ، وأبو الشــيخ في «العظمــة» (١٣٥٨/٤) ، والبيهقي في «الســنن الكبرى» (٣/٩) ، وفي «الأســماء والصفات» (ص٣٨٣) ، والخطيب في «تاريخ بغداد» (١٨٨/٥) من طرق عن حجاج بن محمد، عن ابن جريج عن إســماعيل بن أمية، عن أيوب بن خالــد بــه، و لفظه عندهم «خلق اللّه التربة يوم الســبت، وخلق الجبال فيها يوم الأحد، وخلق الشــجر فيها يوم الإثنين، وخلق المكروه يوم الثلاثاء، وخلق آدم بعد العصر يوم الجمعة آخر الخلق في آخر ســاعة من ســاعات الجمعة، فيما بين العصر إلى الليل»، و أخرجه يحيى بن معين في «تاريخه» (٥٢/٣) ، وعنه الدولابي في «الكنى والأســماء» (١٧٥/١) عن هشــام بن يوســف، عن ابن جريج به، و علقه البخاري في «التاريــخ الكبير» (٤١٣/١) عن إســماعيل بن أمية، عن أيوب مختصرًا، وقال: وقال بعضهم: عن أبي هريرة، عن كعب، وهو أصحّ، و أخرجه النسائي في «السنن الكبرى» (٤٢٨/٦ـ٤٢٨/ح١١٣٩٢) من طريق الأخضر بن عجلان، عن ابن جريج، عن عطاء، عن أبي هريرة، فخالف حجاج بن محمد وهشام بن يوسف ـ وهما ثقتان ـ والصواب روايتهما، ورواية الأخضر خطأ، كمــا خالفــه يحيى بن أيوب فرواه عن ابن جريج، عن عطاء، عن ابن عباس بحديث آخر فيه أن ابتداء الخلق يوم الأحد، و أخرجه أبو الشيخ في «العظمة» (١٣٦١/٤)، قلت: هذا الحديث رفعه خطأ، والصحيح أنه من قول كعب الأحبار، و الطيوريات، انتخاب: صدر الدين، أبو طاهر السِّــلَفي أحمد بن محمد بن أحمد بن محمد بن إبراهيم سِــلَفَه الأصبهاني (المتوفى: ٥٧٦هـ)، من أصول: أبو الحسين المبارك بن عبد الجبار الصيرفي الطيوري (المتوفى: ٥٠٠هـ)، دراسة وتحقيق: دسمان يحيى معالي، عباس صخر الحسن، الناشر: مكتبة أضواء السلف، الرياض، الطبعة الأولى، ١٤٢٥ هـ ـ ٢٠٠٤ م، ٣٤٧/٢ .

(تسلسل) هاتووە، هەر شێخێ ڕیوایەتی کردووە بۆ تلمیذەکەی فەرموویەتی: **(یا فلان اني احبك فقل فِي دبر كل صلاة. الـحَديث).**

وە میسالی (مسلسل) بە ئەحواڵی ڕاوییەکان (قولا وفعلا) حەدیسی (أنس)ـە ـ رَضِيَاللَّهُعَنْهُ ـ **(قال: قال رسول اللّه صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ : لا يَجِدُ العبدُ حَلاوة الإيـمَانِ حَتَّى يؤمنَ بالقَدَر خيْرِه وشرِّه، حُلْوِه ومُرِّه ، وَ قَبَضَ رسولُ اللّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى لِحْيَتِه، وَقَالَ: آمنتُ بالقَدَر خيْرِه وشرِّه، حُلْوِه ومُرِّه)**[1] ، هەروا هەرکەسێ ئەم حەدیسەی ڕیوایەت کردووە بۆ هەر شاگردێ وەها ڕیشی خۆی گرتووە و لە پاش تەحدیسەکەیشی (آمنتُ بالقَدَر)ی خوێندووەتەوە تا ئاخر.

وە میسالی (مسلسل) بە سیفاتی (فعلية)ی، ڕاوییەکان، وەکو ئەو حەدیسانەیە کە نەجارِ ڕیوایەتی ئەکا بۆ نەجارِ و یا خەیاط ڕیوایەتی ئەکا بۆ خەیاط، یا حافیزی قورئان لە خوارەوە تا سەر کە ئەگا بە حەزرەت صَلَّاللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ.

وە میسالی (مسلسل) بە سیفاتی (فعليّه)ی، ڕیوایەت کە پەیوەندی ببێ بە صیغەی ئەداوە، وەکو (مسلسل) بە لەفزی: **(سَمِعْتُ فلاناً، أو أخبَرنا فلان، أو أخبَرنا فلان واللّه أو أشهد باللّه سَمعت فلاناً يقول ذلك).**

وە میسالی (مسلسل) بە سیفاتی ڕیوایەت کە مەربووت بێ بە زەمانەوە، وەکو (مسلسل) بە ڕیوایەت لە ڕۆژی جومعەدا، یا وەکو (مسلسل) بە نینۆك کردن لە پێنج شەممەدا.

وە (مسلسل) بە سیفەتی ڕیوایەت کە پەیوەندی هەبێ بە مەکانەوە، وەکو حەدیسی (مسلسل) بە ئیجابەی دوعا لە (ملتزم)دا ـ **وهكذا واللّه أعلم** ـ

---

١. إسناده واهٍ فيه: ـ يزيد الرقاشي وهو ضعيف. ـ وشهاب الحوشبي صدوق يخطئ، مع قلة ما روى. ـ و سليمان بن شعيب الكيساني، لم أجد له توثيقًا ولا تجريـحًا، والـحديث أخرجه ـ مسلسلاً ـ الحاكم في «معرفة علوم الحديث» (ص٣١ـ٣٢) ، ومن طريقه الأيوبي في «الـمناهل السلسـلة» (ص٦٦ـ٦٧) ، والذهبي في «سـير أعلام النبلاء» (٢٨٧/٨) من طريق سليمان بن شعيب الكيساني به، قال الذهبـي: «وتسلسل إليّ هذا الكلام، وهو كلام صحيح، لكن الحديث واهٍ لمكان الرقاشي»، بروانه: الطيوريات، انتخاب: صدر الدين، أبو طاهر السِّلَفي أحمد بن محمد بن أحمد بن محمد بن إبراهيم سِـلَفَه الأصبهاني (المتوفى: ٥٧٦هـ)، من أصول: أبو الحسين المبارك بن عبد الجبار الصيرفي الطيوري (الـمتوفى: ٥٠٠هـ)، دراسة وتحقيق: دسـمان يحيى معالي، عباس صخر الحسن، الناشر: مكتبة أضواء السلف، الرياض، الطبعة الأولـى، ١٤٢٥ هـ ـ ٢٠٠٤ م، ٣٥٢/٢ .

وە مەقبوڵترینی حەدیسی (مسلسل) ئەوەیە موسەلسەل بێ بە بەیانی ئیتتیسال لە سەماعدا وەکو بڵێ: (**سَمعت من فلان، قال: سَمعت من فلان، قال: سَمعت رسول اللّه** ﷺ **يقول: كذا**).

وە لە فەوائیدی حەدیسی موسەلسەلە ئەمە کە زیادە زەبت ئەگەیێنێ بۆ ڕاوییەکەی کەم بێ یا زۆر، چونکی هەموویان ڕیوایەتەکەیان بە نەوعێکی وایە دەلالەت ئەکا لەسەر ئیهتیمام بەو حەدیسە لە چلۆنی ڕیوایەتەکەدا بە زەبتی سیفەت و حاڵی ڕاوی، وە یا سیفەت و حاڵی ڕیوایەت وەکو باسمان کرد، وە کەم ڕێ ئەکەوێ کە حەدیسی (مسلسل) خاڵی بێ لە خەلەل، وە وایش ئەبێ کە ئەو (تسلسل)ـە، لە ناو بەینی ڕشتەکەدا ون ئەبێ و تەرك ئەکرێ بەمەیش (مسلسل) زۆر زەعیف ئەبێ.

باسی حەدیسی (مسلسل)

بڕای (مسلسل) بە زوڵفی دولبەر ... (مسلسل) وەسفە هاتووە بۆخەبەر
یانی (توالي) بۆ ڕشتەی ڕیجال ... لەسەر سیفەت و حاڵێ لە ئەحواڵ
لەبۆ ڕیوایەت یا ڕاوییەکان ... (حال و فعل و قول، زمان و مكان)
ئەقسامیان زۆرن مەشهووریان هەشتن ... وێنەی کلیلی دەرگای بەهەشتن
چاتر لەواندا بە قووەی ئیجماع ... (ما دلّ على الوصل بالسماع
فضل المسلسل انه الحاوي ... لما يفيد لضبط الراوي)
وەسفی ڕیوایەت وێنەی (سَمعت ... ابن عمر قال سَمعت
أبي عمر وَ هو قد قال ... سَمعت النبيّ يقول ذا القال)
میسالی وەسفی ڕاوی لە قەولا ... حەدیسی موعاز ڕاوی لە مەولا
(إني أحبّك يا معاذ فقل) ... ئەمە هاتووە لە سەردا بۆ (كلّ)
ئەر تا سەر بڕوا وەها تەواوە ... ئەنا ناقیسە و نیە لەو ناوە
(قلّما كان خلوُ المسلسل ... عن ضعف من حيث وصف التسلسل)
شێر ئەو شێرەیە (أفضل وأمثل) ... بە عیلمی حەدیس بێ (مسلسل)

٢٨ـ باسی فەرموودەی سڕیار و فەرموودەی سڕاوە (مَعْرِفَةُ نَاسِخِ الْحَدِيْثِ وَمَنْسُوْخِهِ)(١)

٢٨ـ بابی نەسخ بابێکی بەقیمەتە لە دیندا، ڕیوایەت کراوە لە حوزەیفەوە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ جارێ پرسیاری لێ کرا لە حوکمێکی شەرعی ئەویش فەرمووی یەکێ جواب ئەداتەوە کە (ناسخ) لە (مەنسوخ) جیا بکاتەوە، جا وتیان: کێ هەیە ئەوە بزانێ، فەرمووی: عومەری کوڕی خەتتاب ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ.

وە ئیمامی شافیعی لەم عیلمەدا دەستێکی باڵای بووە، ئەگێڕنەوە کاتێ (ابن دارة) لە میسرەوە گەڕایەوە بۆ بەغدا و چاوی کەوت بە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پێی وت: کتێبەکانی شافیعیت نووسیوەتەوە؟ وتی: نەء، فەرمووی: قصوورت کردووە دەربارەی خۆت، ئێمە نەمانتوانی (مُجمَل) لە (مفسر) جیا بکەینەوە و (ناسخ) لە (مەنسوخ) هەتا بووین بە ئاشنای ئیمامی شافیعی ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ وە گەلێ لە موحەددیسەکان بازێ حەدیسیان بە (ناسخ) بۆ بەعزێ داناوە، لەسەر نەزانین بۆ مەعنای (نسخ) و شرووتی.

وە گەلێ تەعریف کراوە بۆ (نسخ)، بەڵام ئەوەی جوانە و جامیع و مانیعە ئەمەیە بڵێیت: (نسخ) ئەوەیە کە خاوەن شەرع حوکمێکی سابقی خۆی بە حوکمێکی لاحیقی خۆی لا ببا، وە مەبەس لە ڕەفعی حوکمی خودا ڕەفعی (تعلق) و پەیوەندی حوکمەکەیە، ئەگەرنا حوکم (خطاب الله)یە و (خطاب الله) قەدیمە و ڕەفع نابێ، جا کاتێ تەعریفی نەسخت زانی ئەزانی کە هاتنی حوکمی خودا بەسەر ئیباحەی ئەسڵی و بەرائەتی ئەسڵییەدا نەسخ نییە بەڵکو (تأسیس) و دامەزراندنی حوکمی شەرعە، چونکی ئەو ئیباحە ئەسڵییە کە بەم

---

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٨٥ ـ ٨٨، وجامع الأصول ١/ ١٤٥ ـ ١٥٢، والإرشاد ٢/ ٥٥٩ ـ ٥٦٥، والتقريب: ١٥٧ ـ ١٥٨، واختصار علوم الحديث: ١٦٩ ـ ١٧٠، والشذا الفياح ٢/ ٤٦٠ ـ ٤٦٦، والمقنع ٢/ ٤٥٠ ـ ٤٦٨، شرح التبصرة والتذكرة ٢/ ٤١٤، نزهة النظر: ١٠٥ ـ ١٠٦، وطبعة عتر: ٣٩، وفتح المغيث ٣/ ٥٩ ـ ٦٦، وتدريب الراوي ٢/ ١٨٩ ـ ١٩٢، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ١٦١، وفتح الباقي ٢/ ٢٨٩ ـ ٢٩٥، و توضيح الأفكار ٢/ ٤١٦ ـ ٤١٩، و قال الحافظ العراقي في شرح التبصرة والتذكرة ٢/ ٤١٤: «النسخ يطلق لغة عَلَى الإزالة، وعلى التحويل، وَ أما نسخ الأحكام الشرعية، وهو المحدود هنا فهو عبارة عن رفع الشارع حكماً من أحكامه سابقاً، بحكم من أحكامه لاحق»، ثُمَّ شرع في شرح هذا التعريف، فراجعه. وانظر عن معاني النسخ اللغوية: الصحاح ١/ ٤٣٣، وتاج العروس ٧/ ٣٥٥.).

حوکمە شەرعییە لائەچێ خۆی حوکمی شەرعی نییە بەڵکو عیبارەتە لە پاکی و بەرائەتی ذیممە، وە ئەمە حوکمی شەرعی نییە بەڵکو ئەمرێکی عەقڵییە. هەروا بەیانی حوکمی (مُجمَل) نەسخ نییە بۆ ئەو حوکمە موجمەلە، چونکی ئەو حوکمە موجمەلە لا نەچووە، ئەوەندە هەیە رووناك بووەتەوە بەهۆی بەیانەکەوە. هەروا نەمانی حوکمی وجووبی شۆرینی پێ لە دەستنوێژی ئینسانی پێ بڕاودا نەسخ نییە بەڵکو مەحەلی حوکمەکە نەماوە، وە نەمانی ئەحکام لەسەر مردوو نەسخ نییە، چونکە موکەللەف نەماوە، وە تەخسیسی عام بە بەعزێ ئەفرادەوە نەسخ نییە بۆ حوکمی ئەو عامــە بەڵکو بەیانی موراده لەو عاممە (کأنـه) خودا فەرموویەتی: مەبەستم لەم لەفزە عاممە ئەو ژمارەیە لە ئەفرادەکانی نەك هەموویان، هەروا عامێ کە موراد لەو تاقە فەردێکی تایبەتی بێ، چونکی زۆر تەتبیق نەکراوە لەسەر هەموو ئەفرادەکان تا تۆ بڵێیت: ئەو حوکمە لاچووە، بەڵکو هەر لە ئەساسدا بە قەسدی ئەو بازە ئەفرادە وارید بووە، هەروا تەقییدی موتڵەق نەسخ نییە، واتە ئەگەر ئەمر بکرێ بە ئازادکردنی بەندەیەك بەبێ قەیدو شەرت، وە لە وێنەی ئەوا حوکم بکرێ بە ئازادکردنی بەندەیەك لەگەڵ بازە سیفەتێ، وەکو ئیسلام یا سەلامەت لە عەیب، ئەمە نەسخ نییە بۆ حوکمی موتڵەقەکە بەڵکو وەکو بەیانی موراده لە (مُجمَل)ێك.

جا نەسخ بە چەند شت دەرئەکەوێ:

یەکەم: بەیانی حەزرەت ﷺ وەکو ئەوە کە فەرموویەتی: **(كنت نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ، فَزُورُوهَا، وَنَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلَاثٍ، فَأَمْسِكُوا مَا بَدَا لَكُمْ، وكنت وَنَهَيْتُكُمْ عن الظروف. الحديث)**[1]، ئێستە لەم بەیاناتی حەزرەتەوە ﷺ دیاری ئەدا کە زیارەتی گۆڕستانەکان دروستە، وە ئەم فەرمووده ناسیخە بۆ حوکمی سابیق.

دووەم: بە فەرموودەی سەحابی وەکو ئەوەیە یەکێ لەوان بفەرموێت: **(كانَ آخِرَ الأمْرينِ مِنْ رسولِ اللّهِ ﷺ تَرْكُ الوضوءِ مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ)**[2]، ئەبو داوود و نەسائی ڕیوایەتیان کردووە لەسەر وەختی سابیقدا ئەگەر خاوەن دەستنوێژێ گۆشتی برژاوی

١. صحيح مسلم ٣/ ٦٥ (٩٧٧) و ٦/ ٨٢ (١٩٧٧) (٣٧) و ٦/ ٩٨ (٩٧٧) (٦٣).

٢. سنن النسائي ١/ ١٠٨، وأخرجه أبو داود (١٩٢)، وابن خزيـمة (٤٣).

بـخواردايه بـەو عەمەلـە دەستنوێژەکەی ئەشکا، بـەڵام لـە پاشان ئـەو حوکمـە نەسخ کرایـەوە بـە فەرموودەی سـەحابی کـە (جابر) بـوو ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ یا وەکو فەرموودەی (أبي ابن كعب رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: **كانَ الـماءُ مِنَ الـماءِ رُخْصَةً فِي أوَّلِ الإسلامِ ثُمَّ نُهِيَ عنه ـ «ثم أمر بالغسل»**، رواه ابو داود والتِرمذي، وَ صحّحه [1].

وە ئەهلی (أصول) لەم مەوزووعەدا بە شەرتیان گرتووە ئەو سەحابییە تەسریح بکا بـە دواکـەوتنـی ئـەم حوکمـە موخالیفـە، ئەگـەرنا قابیلە بـە ئیجتیهادی خۆی بـێ، بەڵام کە فەرمووی وەزعی دوایی وا بوو ئەو گومانە نامێنێ.

سێیەم: ئەمەیـە کـە بـە تاریخ دەربکەوێ ئەم حوکمە پاش ئـەو حوکمە کەوتووە، وەکو حەدیسـی شـەددادی کـوڕی ئـەوس بـە مەرفووعـی: **(أفْطَرَ الـحاجِمُ والـمحْجُومُ ـ رواه أبو داود والنسائي)**[2]، ئیمامـی شـافیعی ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ فەرموویەتـی: ئـەو حەدیسـە مەنسووخە بـە حەدیسـی: (**ابن عباس** رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا: **أن النبـي** صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **احْتَجَمَ وَ هوَ مُحْرِمٌ صَائِمٌ. أخرجه مسلم**)[3]، ئێستە (ابن عباس) ڕەفیقی حەزرەت بووە صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ئیحرامەوە لە سەفەری (حجـة الـوداع)دا، لـە ساڵی دەی هیجریـدا، وە لـە بازێ ڕێگـەی حەدیسـی شـەددادی کوڕی ئەوس دەرئەکەوێ کە ئەوە لە ساڵی هەشتدا بووە لە کاتی فەتحی مەککەدا.

چوارەم: ئەوەیـە کـە ئـەو نەسـخە بـە ئیجمـاع ثابـت بووبـێ، وەکو حەدیسـی کوشتنی ئینسانی شەرابخۆر لە جاری چوارەمدا، ئەم حەدیسە ئەبوداود و ترمزی ڕیوایەتیان کردووە لـە موعاویـەوە ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ : **«مَنْ شَرِبَ الـخَمْرَ فَاجْلِدُوهُ، فَإِنْ عَادَ فِي الرَّابِعَةِ فَاقْتُلُوهُ»**[4]،

١. جامع التِرمذي (١١٠)، وأخرجه الشافعي ١/ ٣٥ و ٣٦، وأحـمد ٥/ ١١٥ و ١١٦، والدارمي (٧٦٥) و (٧٦٦)، وابن ماجه (٦٠٩)، وابن خزيـمة (٢٢٥) و (٢٢٦)، وابن الـجارود (٩١)، والطحاوي ١/ ٧، وابن حبان (١١٧٣) و (١١٧٩)، والطبراني في الكبير (٥٣٨)، والدارقطنـي،١/ ١٢٦، والبيهقي ١/ ١٦٥.

٢. أخرجه أحـمد ٤/ ١٢٣ و ١٢٤، والدارمي (١٧٣٧)، وأبو داود (٢٣٦٨) و (٢٣٦٩)، وابن ماجه (١٦٨١)، والنسائي في الكبـرىٰ (٣١٣٨) و (٣١٥٥).

٣. أخرجه الشافعي ١/ ٢٥٥، والطيالسي (٢٧٠٠)، وعبد الرزاق (٧٥٤١)، والحميدي (٥٠١)، وعلي بن الجعد (١٠٤)، وابن أبي شيبة ٣/ ٥١، وأحمد ١/ ٢١٥ و ٢٢٢، وأبو داود (٢٣٧٣)، والترمذي (٧٧٧)، وأبو يعلى (٢٤٧١)، والطحاوي ٢/ ١٠١، والطبراني (١٢١٣٧)، والدارقطنـي ٢/ ٢٣٩، والبيهقي ٤/ ٢٦٣. بڕوانە: التعليق على جامع الترمذي ٢/ ١٣٩.

٤. قال الـحاكم: هذا حديث صحيح على شرط مسلم، ولم يخرجاه، وافقه الذهبي. قلنا: حديث الحاكم صحيح ☛

ئیمامی نەوەوی لە شەرحی موسلیمدا ئەڵێ: ئیجماع لەسەر داردان لە شەراب خۆر نەسخی حەدیسی کوشتنی کردووە لە جاری چوارەمدا، هەرچەند (ابن حزم) موخالیفە لەو قەزییەدا چونکی خیلافی کۆمەڵی زاهیرییە نابێ بە (قادح و مانع) بۆ ئیجماعی دامەزراو، وە مەعلوومە کە ئیجماع لەسەر حوکمی بێ (مستند) نابێ. وە لە واقیعدا ئەو حەدیسی کوشتنی شەرابخۆرە نەسخ بووەتەوە بە حەدیسێکیتر کە هەر (جابر) ڕیوایەتی کردووە بە ڕیوایەتی ترمزی لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لە (مُحَمَّدِ بْنِ الـمُنْكَدِرِ) لە جابیرەوە ـ رضي الله عنه ـ : **«إِنَّ مَنْ شَرِبَ الخَمْرَ فَاجْلِدُوهُ، فَإِنْ عَادَ فِي الرَّابِعَةِ فَاقْتُلُوهُ»** ، **قَالَ: ثُمَّ أُتِيَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بَعْدَ ذَلِكَ بِرَجُلٍ قَدْ شَرِبَ الخَمْرَ فِي الرَّابِعَةِ فَضَرَبَهُ وَلَمْ يَقْتُلْهُ**)[1]، هەروا زوهری ڕیوایەتی کردووە لە (قَبِيصَةَ بْنِ ذُؤَيْبٍ) لە حەزرەتەوە(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وێنەی ئەم حەدیسە (**قال: فَرُفِعَ القَتْلُ، وَكَانَتْ رُخْصَةً**).

وە ئەمەیش بزانن کە ئیجماع نەسخ ناکاتەوە، بەڵکو دەلالەت ئەکا لەسەر وجوودی ناسیخ لەو شوێنەدا.

لغيره، لأن في إسناده محمد بن مسلمة ـ وهو ابن الوليد أبو جعفر الواسطي الطيالسي ـ قال الخطيب في «تاريخ بغداد» ٣٠٥/٣: في حديثه مناكير بأسانيد واضحة إلا أن الحاكم ذكر أنه سمع الدارقطني يقول: لا بأس به. ثم قال الخطيب: رأيت هبة الله بن الحسن الطبري (وهو أبو القاسم اللالكائي) يضعفه، وسمعت الحسن بن محمد الخلال يقول: ضعيف جداً، و ذكره الهيثمي في «المجمع» ٢٧٧/٦ـ٢٧٨، وقال: رواه الطبراني، وفيه عبد الله بن عتبة بن عروة بن مسعود الثقفي، ولم أعرفه، وبقية رجاله ثقات، قلنا: فاته أن ينسبه لأحمدوله شاهد من حديث أبي هريرة، سلف برقم (٧٧٦٢) بلفظ: «من شرب الخمر فاجلدوه، ثم إذا شرب فاجلدوه، ثم إذا شرب فاجلدوه، ثم إذا شرب في الرابعة فاقتلوه». وإسناده صحيح على شرط مسلم. بڕوانە: مُسند الإمام أحمَد بن حنبل المحقق: شعيب الأرنؤوط ـ عادل مرشد، وَ آخرون، ٢١٢/٣٢، فەرموودەی ژمارە (١٩٤٦١).

١. سنن الترمذي، مُحمّد بن عيسى بن سَوْرة بن موسى بن الضحاك، الترمذي، أبو عيسى (المتوفى: ٢٧٩هـ)، تحقيق وتعليق: أحمد محمد شاكر (جـ ١، ٢)، و محمد فؤاد عبد الباقي (جـ ٣)، و إبراهيم عطوة عوض المدرس في الأزهر الشريف (جـ ٤، ٥)، الناشر: شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي ـ مصر، الطبعة الثانية، ١٣٩٥ هـ ـ ١٩٧٥م، ، ٤٨/٤، فەرموودەی ژمارە (١٤٤٤).

(النسخ في الحديث الشريف)

نەسخ لە دینا هەیە بە ڕاسی ‌‌‌   کیتاب و سوننەت ئەبێ بناسی
نەسخ لە دینا کە دانراوە   ئا بەم تەعریفە تەعریف کراوە
ڕەفعی حوکمێکە لەلای خوداوە   بە حوکمێکی‌تر دێ لە دواوە
مەبەس لە ڕەفعی حوکمی خودایی   ڕەفعی عەلاقەی حوکمە تەواوی
وا دەرچوو ڕەفعی ئیباحەی ئەسڵی   حوکمی دین نیە براکەی عەقڵی
دەرچوو بەیانی (مُجمَل) لە ئەحکام   تەوضیح بەیانە نەك ڕەفعی ئەحکام
دەرچوو ڕەفعی غوسڵ بۆئەودەست وپێ   نەمێنن لەلات بە هەرچۆنێ بێ
دەرچوو ڕەفعی حوکم لە شەخسی مردوو   مەحکووم کە نەما لە حوکمیش مەدوو
هەم دەرچوو (تقیید) بۆ حوکمی موتڵەق   یا تەخسیسی عام (عند الموفق)
هەروەها عامێ لە ئەسڵا خاصە   وا دانراون چاکیان بناسە
ئەم نەسخە زۆرە لەناو قورئانا   هەروا حەدیسیش (كما أتانا)
بە وێنەی نەسخی حوکمی زیارەت   یا ئاو لە کاتی ڕەفعی جەنابەت
یا تەرکی دەستنوێژلە (ما مسّ النار)   (افطار حاجم) مەحجووم بە قەرار
وەکو حەددی قەتڵ لە بۆشەراب خۆر   مەنسووخە بە جەڵد لەسەر سپی و بۆر
نەسخ ئەزانین بە گەلێ دەلیل   یەکەم بەیانی ڕەسوول جەلیل
دووەم فەرموودەی سەحابی کەریم   کە خەبەرداوە لە کاری قەدیم
سێیەم بە تاریخ بۆت دەرئەکەوێ   کامە کۆنەیەو کامەیە نوێ
چوارەم بە ئیجماع لەسەر حوکمی نەو   چونکی بێ دەلیل کەس نایێتە ئەو

◇◇◇

٢٩ـ باسی فەرموودەی (الْمُصَحَّف)
(مَعْرِفَةُ الْمُصَحَّفِ مِنْ أَسَانِيْدِ الأَحَادِيْثِ ومُتُونِهَا)[1]

بزانن خەبەرداربوون لە تەسحیفی حەدیسی پیرۆز سیفەتی موحەددیسە زاناکانە، ئیمامی دارەتوقنی یەکێ بووە لەوان و کتێبی نافیعی داناوە لە باسی تەسحیفی حەدیسدا.

جا فەرموویانە: تەسحیف یا وا لە مەتنی حەدیسدا، وە یاخود وا لە ئیسنادی حەدیسدا، میسالی تەسحیف لە مەتندا ئەو حەدیسەیە کە (إبنُ لَهِيْعَةَ) ڕیوایەتی کردووە لە کیتابی موسای (إبنُ عُقْبَةَ)ـەوە، بە ئیسنادی ئەو لە زەیدی کوڕی سابتەوە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ: (أَنَّ رسولَ اللّهِ ـ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ احْتَجَمَ فِي الـمَسْجِدِ)[2]، یانی ڕیوایەتی لەفزی (احْتَجَمَ)ی، بە میم کردووە، واتە کەڵەشاخی گرت لە مزگەوتدا (مع أنه) ڕاستەکەی لەفزی (احْتَجَر)ەیە، بە (ڕێ)، یانی: شوێنێکی بۆ خۆی دیاری کرد، وە لە واقیعدا شوێنێکی بۆ خۆی جیاکردەوە بە حەسیر بۆ ئەوە شەونوێژی تیا بکا، وە (إبنُ لَهِيْعَةَ) لەبەرئەوە ئەم حەدیسەی لە کتێب وەرگرتووە و نەیبیستووە لە ئەهلی حەدیس حەرفی ڕێی گۆڕیوە بە میم و لە باتی (احْتَجَر) وتوویەتی (احْتَجَمَ).

وە میسالی تەسحیف لە ئیسناددا وەکو حەدیسی (شُعبةُ) لە (العَوَّامِ بنِ مُرَاجِمٍ) لە

---

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٤٦ ـ ١٥٢، والإرشاد ٢/ ٥٦٦ ـ ٥٧٠ والتقريب: ١٥٨ ـ ١٥٩، واختصار علوم الحديث: ١٧٠ ـ ١٧٤، والشذا الفياح ٢/ ٤٦٧ ـ ٤٧٠، والمقنع ٢/ ٤٦٩ ـ ٤٧٩، وشرح التبصرة والتذكرة ٢/ ٤٢٢ ـ ٤٣١، وَ نزهة النظر: ١٢٧ ـ ١٢٨، وطبعة عتر: ٤٩، وفتح المغيث ٣/ ٦٧ ـ ٧٤، وتدريب الراوي ٢/ ١٩٣ ـ ١٩٥، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ١٥٦، وفتح الباقي ٢/ ٢٩٥، ٣٠١، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤١٩ ـ ٤٢٢، وظفر الأماني: ٢٨٢ ـ ٢٨٧، وَ لا بدَّ من الإشارة إلى أن المتقدمين ـ ومنهم ابن الصلاح، ومتابعوه ـ كانوا يطلقون المصحّف والمحرّف جميعاً عَلَى شيء واحد، ولكن الحافظ ابن حجر جعلهما شيئين وخالف بينهما، وقد جرى عَلَى اصطلاحه السيوطي. قال ابن حجر في النزهة: ١٢٧: «إن كانت المخالفة بتغيير حرف أو حروف مع بقاء صورة الخط في السياق فإن كان ذَلِكَ بالنسبة إلى النَّقْط فالمصحف، وإن كان بالنسبة إلى الشَّكْل فالمحرّف». بڕوانە: تدريب الراوي ٢/ ١٩٥، وألفية السيوطي: ٢٠٣، وَ توضيح الأفكار ٢/ ٤١٩ مع حاشية مُحيي الدين عبدالحميد).

٢. أخرجه البخاري ٨/ ٣٤ (٦١١٣)، ومسلم ٢/ ١٨٨ (٧٨١). وأخرجه البخاري أيضاً ١/ ١٨٦، (٧٣١)، و ٩/ ١١٧ (٧٢٩٠)، ومسلم ٢/ ١٨٨ بلفظ: «اتَّخذَ حُجْرةً».

ئەبو عوسمانی نەهدییەوە لە عوسمانی کوڕی عەففان کە فەرموویەتی: (قالَ رسولُ اللّهِ ﷺ: لَتُؤَدُّنَّ الحقوقَ إلى أهلِهَا. الحَديث)[1]، ئەم حەدیسە یەحیای کوڕی موعین تەسحیفی تێدا کردووە و (مراجم)ی، بە ڕێی بێ نوختە و جیمی نوختەدار گۆڕیویەتی بە (مزاحم) بە زێی نوختەدار و حێی بێ نوختە!

وە بە ئیعتیبارێکیتر تەقسیمی تەسحیف ئەکرێ بۆ (تَصْحِيفُ البَصَرِ وَ تَصْحِيفُ السَّمْعِ)، میسالی یەکەم کە چاو بە هەڵەدا چووبێ وەکو حەدیسی (اِبنُ لَهِيْعَةَ) کە لەفزی (مراجم)ی، گۆڕی بە (مزاحم) لەبەر چاودا، وە میسالی دووەم وەکو حەدیسی (عاصِمٍ الأَحْوَلِ) کە بازێ موحەددیس ڕیوایەتی کردووە بە عیبارەتی: (عَنْ واصِلٍ الأَحْدَبِ) لە باتی: (عَن عاصِمٍ الأَحْوَلِ) ئەمە لەوانە نییە کە چاو بەهەڵەدا بڕوا تێیدا، بەڵکو گوێچکە بەهەڵەدا چووە تێیدا.

وە بە ئیعتبارێکیتر تەقسیم ئەکرێ بۆ لای تەسحیفی لەفز وەکو ڕابوورا، وە تەسحیفی (فِي المَعنى) وەکو ئەوە کە ئەبو موسای عەنەزی ڕۆژێ وتوویەتی بە کۆمەڵێ لە ڕەفیقەکانی: (نَحْنُ قَوْمٌ لنا شرَفٌ، نحنُ مِنْ عَنَزَةَ، قَدْ صَلَّى النبيُّ - ﷺ - إلينا)، مەبەستی ئەو حەدیسە بووە کە ئەڵێ: (أنَّ النبيَّ - ﷺ - صَلَّى إلى عَنَزَةَ)[2]، وە مەبەست لە (عَنَزَة) دارێکی کورت بووە حەزرەت لە حاسی سوجدەگاکەیدا دایچەقاندووە بۆ ئەوە خەڵك هاتوچۆ نەکەن لەبەردەمیا لە کاتی نوێژکردندا، وە ئەبو موسا وا حاڵی بووە کە مەبەس قەبیلەی (عَنَزَة)یە، وە ئەو حەدیسەی کردووە بە شەرەف بۆ خۆیان کە حەزرەت لە نوێژدا ڕووی کردووە لە قەبیلەی (عَنَزَة) وە ئەو قەبیلەیەی بە قیبلە داناوە.

باسی (تصحيف)ی، حەدیس

تەسحیف تەغییری مەتنە یا ئیسناد لەبۆ حەدیسی (سید العباد)
بە تەقسیمێتر تەسحیفی خەبەر تەسحیفی سەمعە و تەسحیفی بەصەر

1. أخرجه الدارقطني فِي العلل ٣/ ٦٤ - ٦٥ س٢٨٧، وَ فِي المؤتلف والمختلف ٣/ ٢٠٧٨ - ٢٠٧٩.
2. هذه إشارة إلى حديث ورد عن جماعة من الصحابة. انظر مثلاً: مسند أحمد ٤/ ٣٠٨، وصحيح البخاري ٢/ ٢٥ (٩٧٣)، و صحيح مسلم ٢/ ٥٥ (٥٠١) (٢٤٦)، وابن ماجه (١٣٠٤)، بڕوانە: الصحاح ٣/ ٨٨٧، والتاج ١٥/ ٢٤٧.

یەکەم هەڵەبوون بۆ گوێی شنەوا دووەم هەڵە بوون بۆ چاوی بینا
تەقسیمێکی‌تر بۆ تەسحیف وایە یا لەبۆ لەفزە یا بۆ مەعنایە

◇◇◇

٣٠ـ باسی (الـمُحكم وَ مُختلف الحديث)[1]

بزانن لەفزی (مُختلف الحديث) بە فەتحەی لام مەسدەری میمی مەزیدوفیهییە لە بابی (افتعال) یانی (اختلاف)ی، دوو حەدیس، وە بە کەسرەی لام لە ئیزافەی سیفەتە بۆ لای مەوسووف، یانی دوو حەدیسی وەها کە لە مەعنادا موتەنافیر بن و نەکەونە یەك. وە مەبەس لێرەدا باسی چارەکردنی ئەو دوو حەدیسانەیە کە بە زاهیر مەعناکانیان ناکەونە یەك، جا ئەم (مُختلف الحديث)ـە، دوو قیسمە:

یەکەمیان قابیلە بۆ جەمع لە بەینی ئەو دوو حەدیسەدا بە تەوجیهی هەر یەکێ لەوانە بۆ ئیعتیبارێکی (مغاير) بۆ ئەویتریان، وەکو حەدیسی: **(لا عَدْوَى ولا طِيَرَةَ)** [2] لەگەڵ حەدیسی: **(لا يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحّ)**[3]، وە حەدیسی: **(فِرَّ مِنَ الـمجذومِ فِرَارَكَ مِنَ الأَسَدِ)**[4]، وە جەمعی ئەمانە بەوە ئەبێ کە نەفیی سیرایەتی نەخۆشین لە یەکێکەوە بۆ یەکێ‌تر حەمل بکرێ لەسەر تەئثیری تەبیعەت، واتە: بەبێ ئیرادە و خواستی خودای تەعالا هیچ نەخۆشینێ لانادا لە گیانلبەرێکەوە بۆ گیانلبەرێکی‌تر وە تەبیعەتی نەخۆش

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٢٢ ـ ١٢٨، وإرشاد طلاب الحقائق ٢/ ٥٧١ ـ ٥٧٥ والتقريب: ١٥٩ ـ ١٦١، واختصار علوم الحديث: ١٧٤ ـ ١٧٥، والشذا الفياح ٢/ ٤٧١ ـ ٤٧٦، والمقنع ٢/ ٤٨٠ ـ ٤٨٢، وفتح المغيث ٣/ ٧٥ ـ ٧٨، وتدريب الراوي ٢/ ١٩٦ ـ ٢٠٢، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٢٣ ـ ٤٢٦).

٢. أخرجه البخاري ٧/ ١٧٩ (٥٧٧٢)، ومسلم ٧/ ٣١ (٢٢٢٠) (١٠٢). والطِّيَرة ـ بكسر الطاء وفتح الياء وقد تسكن ـ هي التشاؤم بالشيء، وكان ذلك يَصُدُّهم عن مقاصدهم، فنفاه الشرع وأبطله ونهى عنه، وأخبر أنه ليس له تأثير في جَلْب نَفْع أو دَفْع ضرّ. (النهاية ٣/ ١٥٢).

٣. أخرجه البخاري ٧/ ١٧٩ (٥٧٧١)، ومسلم ٧/ ٣١ (٢٢٢١) من حديث أبي هريرة.

٤. أخرجه البخاري ٧/ ١٦٤ (٥٧٠٧)، الجُذام: مرض وخيم ربما انتهى إلى تقطّع أطراف اليد وسقوطها عن تقرح، ويفسد مزاج الأعضاء وهيأتها. متن اللغة ١/ ٤٩٦.

و نەخۆشینەکە موجیب نییە بۆ ئەو سیراتەیە ئەگەرچی گەلێ جاران بە عادەت ئەو سیراتەیە هەیە. هەروەها (طیرة و تشاؤم) بەو شتانە کە عەرەب کردوویانە بە عەلامەتی زیانلێکەوتن لە زەمانی جاهیلییەتدا بێ ئەسڵ و بێ ئەساسە، وە ئەو شتانە تەئثیریان نەبووە و نابێ لە زیانگەیاندندا (بالذات) مەگەر بە ئیرادەی خودای تەعالا.

وە ئەمـا حەدیسی: (**لا يُورِدُ مُمْرِضٌ عَلَى مُصِحٍّ**)، وە حەدیسی: (**فِرَّ مِنَ الـمجذومِ**) ئەوە حەمل ئەکرێن لەسەر عادەت و واقیع بوونی زیان بە غاڵب، لەبەرئەوە گەلێ جار حەیوان لە نزیکی حەیوانی نەخۆشەوە نەخۆش کەوتووە و ئینسان لە نزیکی ئینسانی گولەوە گول بووە ـ والعیاذ بالله ـ وە مەبنی نییە لەسەر تەئثیری تەبیعەت.

وە **قیسمی دووەم** لە (**مُختلف الحدیث**) قابیلی جەمع نییە، وە ئەو دوو حەدیسە موختەلەفە بە تەئویل یەك ناکەون، جا لەم قیسمەدا ئەگەر یەکێ لەوان تاریخی لە پاش ئەوی تریانەوە بوو ئەوە دواکەوتووە کە ناسیخی پێشکەوتووەکەیە وەکو حەدیسی: (**إِنَّمَا الْمَاءُ مِنَ الْمَاءِ**) کە لەمەوپێش باسمان کرد، ئەمە مەنسووخە بە حەدیسی: «**إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ، ثُمَّ جَهَدَهَا فَقَدْ وَجَبَ الغَسْلُ**» **الحَدیث**)[1]، وە ئەگەر ئەم دواکەوتنە مەعلووم نەبوو ئەوە پێویستە کە تەرجیحی یەکێ لەوانە بدرێ بەسەر ئەوی تردا بە مورەجحێ لە (مرجحات) ئەگەرنا (توقف) ئەکەین لە عەمەل کردن بەو حەدیسانە موتڵەقەن.

(مُختلف الحديث)

کاتێ دەرکەت کرد دوو حەدیسی وا — موونافی یەك بن لە هۆی مەعنادا
ئەگەر جەمعیان ئەکرا بە تەئویل — پێویستە بیکەی (علیه التعویل)
ئەنا یا بە نەسخ یاخۆ بە تەرجیح — یەکێکیان بگرە و ئەوی تر تەسریح

◈◈◈

---

١. صحيح البخاري ١/ ٦٦، فەرموودەی ژمارە (٢٩١).

٣١ـ باسی زیادە لە سەنەدی پەیوەستدا
(مَعْرِفَةُ الْمَزِيْدِ في مُتَّصِلِ الأَسَانِيْدِ)[١]

وێنەی ئەو حەدیسە ڕیوایەت کراوە لە (عبدِ اللّهِ بنِ المباركِ) لە سوفیان لە (عبدِالرَّحمانِ بنِ يَزيدَ بنِ جابِرٍ) ئەڵێ: **(عَنْ عبدِ اللّهِ بنِ المباركِ، قالَ: حَدَّثَنا سُفْيانُ، عَنْ عبدِالرَّحمانِ بنِ يَزيدَ بنِ جابِرٍ، قالَ: حَدَّثَني بُسْرُ بنُ عُبَيْدِ اللّهِ، قالَ سَمِعْتُ أبا إدْرِيْسَ، يَقُولُ: سَمِعْتُ واثِلَةَ بنَ الأسْقَعِ، يقولُ: سَمِعْتُ أبا مَرْثِدٍ الغَنَوِيَّ، يقولُ سَمِعْتُ رسولَ اللّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ يقولُ: «لاَ تَجْلِسُوا عَلَى القُبُورِ ولا تُصَلُّوا إليها» فَذِكْرُ سُفيانَ في هذا الإسنادِ زيادةٌ وَوَهَمٌ، وهكذا ذِكْرُ أبي إدْرِيسَ: أَمَّا الوَهَمُ في ذِكْرِ سُفْيانَ فَمِمَّنْ دُونَ ابنِ المبارَكِ، لأنَّ جماعةً ثِقَاتٍ رَوَوْهُ عَنِ ابنِ المباركِ عَنِ ابنِ جابرٍ نفسِهِ**[٢])، ئێستە وەهم و خەتا لەناوبردنی سوفیاندا ئەوە لە (ابن مبارك)ـەوە، نییە بەڵکو خەتا لە خوار (ابن مبارك)ـەوەیە، لەبەرئەوە کۆمەڵێ باوەڕپێکراو ڕیوایەتیان کردووە لە (ابن مبارك) لە (ابن جابر)ـەوە، (بالذات)، وە ئەمما زیکری ئەبو ئیدریس ئەوە (ابن مبارك) خۆی نیسبەتی وەهمی لێ دراوە، چونکی کۆمەڵێ ڕیوایەتیان کردووە لە (ابن جابر)ەوە، و ناوی ئەبو ئیدریسیان نەبردووە لە بەینی (بسر و واثلة)دا، جا لەم باسەدا (ابن الصلاح) فەرموویەتی: ئەگەر ئەو ئیسنادە کە ڕاوییە زیادەکەی تێدا نییە بە لەفزی (عن) ڕیوایەتەکەی تێدا کراوە ئەوە لایەقە حوکم بکرێ بەوە کە مورسەلە و بە موعەللەل دابنرێ بەهۆی ئەو ئیسنادەوە کە ئەو زیادەیە تێدا هەیە. وە ئەگەر تەسریح بە سەماعی تێدایە یا بە ئیخبار ئەوە ئیحتیمالی هەیە ڕاوی ئەو حەدیسەی

---

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٥٧٦ ـ ٥٨٠، والتقريب: ١٦١ ـ ١٦٢، واختصار علوم الحديث: ١٧٦ ـ ١٧٧، والشذا الفياح ٢/ ٤٧٧ ـ ٤٧٨، والمقنع ٢/ ٤٨٣ ـ ٤٨٦، وشرح التبصرة والتذكرة ٢/ ٤٤٠، وفتح المغيث ٣/ ٧٩ ـ ٨٢، وتدريب الراوي ٢/ ٢٠٣ ـ ٢٠٤، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٧٠، وفتح الباقي ٢/ ٣٠٦ ـ ٣١٠، وتوضيح الأفكار ٢/ ٦٤ ـ ٦٧، قال ابن كثير: هو أن يزيد راوٍ في الإسناد رجلاً لَمْ يذكُرْهُ غيرُهُ. وقال ابن حجر: هو ما كانت المخالفة فيه بزيادة راوٍ فِي أثناء الإسناد، ومن لَمْ يزدها أتقن ممن زادها. قال: وشرطه أن يقع التصريح بالسماع في موضع الزيادة، وإلاَّ فمتى كان معنعناً ـ مثلاً ـ ترجحت الزيادة. انظر: اختصار علوم الحديث ٢/ ٤٨٥، ونزهة النظر: ١٢٦).

٢. الطرق والروايات مفصلة فِي شرح التبصرة، ٢/ ٤٤٤ ـ ٤٤٦.

بیستبێ لە کەسێکەوە کە ڕیوایەتی کردووە لەم کەسە زیادکراوە، وە جارێکیتر هەر لەو کەسە زیادکراوەی بیستبێ نەفسی خۆی، کەوابێ هەڵ ئەگرێ کە (بسر) لەو حەدیسەدا بیستبێتی لە ئەبو ئیدریس و ئەبو ئیدریس لە وائیلەوە و لە پاشان جارێکیتر گەیشتبێ بە واثیلة و حەدیسەکەی بیستبێ لێیەوە و شتێ بووە بە ئاشکرا لە غەیری ئەم ماددەدا (اللّهم) مەگەر قەرینەیێ ببێ لەسەر (تحقق)ی، ئەو وەهمە کە دەعوا کراوە.

باسی زیادە لە ئیسنادی حەدیسدا

لە موهیمماتە زانستی (مزید) لە موتتەسیلی ڕشتەی ئەسانید
واتە ئیسنادێ کە موتتەسیل بوو عیلمیش بە ڕشتەی سەنەد حاصڵ بوو
کە سەنەدیتر هاتە ئەو بەینە (حاذق) ئەزانێ (مزید العین)ـە
بەڵێ لەم باسا پێویستە تەفسیل چونکی تیا هەیە نەوعێ لە تەحصیل

◈◈◈

٣٢ـ (باسی مورسەلی خەفی بەرەڵڵاکراوی شاراوە)(١)

ناسینی مورسەلی خەفیی زۆر بەسوودە و ئەم عیلمە دەست ئەکەوێ بەهۆی ئاگاداری لەسەر (طرق)ی ڕیوایەتی ئەحادیس و ئەسانیدی موختەلیفەوە. وە ئەوەی ناوبراوە لێرەدا ئەوەیە کە ئیرسالی تێدا دەرئەکەوێ بەهۆی ئەوەوە کە بزانی ئەو ڕاوییە نەگەیشتووە بە (مروي عنه) یا پێی گەیشتووە و بەڵام ڕیوایەتی لێوە نەکردووە، وەکو لەو حەدیسەدا کە ڕیوایەت کراوە لە (عَوَّامِ بنِ حَوْشَبٍ) لە (عبدِاللّهِ بنِ أبي أوْفَى، قالَ: «كانَ النبيُّ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ إذا قالَ بِلالٌ: قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ نَهَضَ وكَبَّرَ»(٢)، ڕیوایەت کراوە لە ئەحمەدی

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الكفاية في علم الرواية: (٥٤٦ ت ـ ٣٨٤ هـ)، والإرشاد ٢/ ٥٨١ ـ ٥٨٣، التقريب: ١٦٢، واختصار علوم الحديث: ١٧٧ ـ ١٧٨، والشذا الفياح ٢/ ٤٧٩ ـ ٤٨٢، والمقنع ٢/ ٤٨٧ ـ ٤٨٩، ونزهة النظر ١٠٩ ـ ١١٢، وطبعة عتر: ٤٣ ـ ٤٤، وفتح المغيث ٣/ ٧٩ ـ ٨٢، وتدريب الراوي ٢/ ٢٠٥ ـ ٢٠٦.).

٢. أخرجه البزار ١/ ٢٥٢ (كشف)، والبيهقي ٢/ ٢٢، وقال عقيبه: «وهذا لا يرويه إلا الحجاج بن فروخ، وكان يحيى بن معين يضعفه». بڕوانە: مَجمع الزوائد ٢/ ١٠٣.

کوڕی حەنبەلەوە فەرموویەتی: (عوام) نەگەیشتووە بە (اِبن أبي أوْفَى) وە لەم مورسەلەیە کە حوکم بە ئیرسالەکەی دەرچووە بە هۆی ئەوەوە کە لە ئیسنادی ترا شەخسێ یا دوو شەخس زیاد کراوە لەو شوێنەدا کە ئیدیعای ئیرسالەکەی تیا کراوە، ئەو حەدیسە کە ڕابورد لە باسی حەدیسی (منقطع)دا، لە ڕیوایەتی (عبدالرزاق) لە سوفیانەوەیە.

مورسەلی خەفی

لە موهیمماتە برای (مستوفی) — زانینی حوکمی ئیرسالی خەفیی
بەینی دوو ڕاوی هاوعەسرو زەمان — پێك نەگەییبن لە ماوەی ژیان
یا پێك گەییبن بەڵام بێ سەماع — بە تەسادوف بێ یا بە (امتناع)
یاخۆ دەرکەوێ سەنعەتی ئیرسال — بەڕیوایەتی یەك یا دوو ڕیجال
لەو شوێنا ناوی ئیرسال براوە — ثبوتی ئیرسال لێرا تەواوە

◈◈◈

٣٣ـ باسی (الْمُؤْتَلِفِ والْمُخْتَلِفِ)(١)

ئەو ناوانە کە لە نووسیندا یەکن و لە خوێندنەوەدا موخالیفی یەکن ناوئەبرێن بە (مؤتلف و مُختلف) واتە: هاوئولفەت لە نووسیندا و موخالیف لە خوێندنەوەدا.

وە ئاگاداری بەسەر ناوی ئەو موحەددیسانەدا کە بەر ئەم عینوانە ئەکەون زۆر موهیممە و دەستوورێکی زابت نییە بۆ ئەم بابەتە و خەبەرداری لەسەریان بەسراوە بە موتالەعەوە، بۆ ئەوە بە تەواوی زەبتی ناوەکان بکەن و نەکەونە ئیشتیباهەوە، وە لەم باسەدا تەئلیفات زۆرن جامیعیان (اکمال)ـە، کە کتێبی (ابو نصر ابن ماکولا)یە، بەڵێ چەند ناوێ هەن کە داخڵن لە زەبتدا و زەبتی ئەوان لەسەر دوو قیسمە:

---

١. بۆ زیاتر ناسیــن و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٦٩٦ ـ ٧٢٩، والتقریب: ١٨٠ ـ ١٨٥، والاقتراح: ٣١٣ ـ ٣١٤، والمنهل الروي: ١٢١ ـ ١٢٧، والموقظة: ٩٢، واختصار علوم الحدیث: ٢٢٣ ـ ٢٢٦، والشذا الفیاح ٢/ ٦١٧ ـ ٦٦١، والمقنع ٢/ ٥٩٢ ـ ٦١٣، وشرح التبصرة ٣/ ١٣٣، ونزهة النظر: ١٧٦، وطبعة عتر: ٦٨، وفتح المغیث ٣/ ٢١١ ـ ٢٤٤، وتدریب الراوي ٢/ ٢٩٧ ـ ٣١٥، وشرح السیوطي علی ألفیة العراقي: ٢٢٢، وفتح الباقي ٣/ ١٢٣ ـ ١٢٧، وتوضیح الأفکار ٢/ ٤٨٧ ـ ٤٨٨، وظفر الأماني: ٩٨ ـ ١٠٢).

زەبتی عام و زەبتی خاص، لەبەشی یەکەمە: (سلام) بە لامی (مشددة) وە (سلام) بە لامی (مُحفف)ـە، وە هەرچی لەم ناوە هەیە هەموو بە لامی (مشدّدة)ـن، مەگەر پێنج ناو:

یەکەم (سلام): باوکی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام ئیسرائیلی سەحابی.

دووەم (سلام): باوکی موحەمـمەدی کـوڕی سـەلامی بیکەنـدی بوخـاری مامۆستای شێخی بوخاری.

سێیەم (سلام): کوڕی (مُحَمَّدِ بنِ ناهِضِ المَقْدسيُّ) کە ئەبو تالیبی حافیز و تەبەرانی ڕیوایەتی حەدیسیان لێوە کردووە.

چوارەم (سلام): باپیری موحەممەدی کوڕی عەبدولوەهابی کوڕی سەلام (**المُتَكَلِّمِ الجُبَّائيِّ ـ أبي عَلِيِّ المُعْتَزِلِيِّ**).

پێنجەم: (سلام ابن ابي الحقيق): وە ئەڵێ بازێ کەس ناوی تری زیاد کردووە عیبارەتە لە (سَلاَمَ اِبنَ مِشْكَمٍ) کە لە زەمانی جاهیلیدا (خـمّار) بووە، بەڵام مەشهوور وایە لامی ئەم ناوە موشەددەدە.

وە لە بەشی (عُمار) بە زەممەی عەین و (عِمارة) بە کەسرەی عەین، بەڵام (عِمارة) بە کەسرەی عەین نییە (الا أبی بن عُمارة) کە سەحابی بووە، وە بازێکیش بە زەممەی عەین خوێندوویانەتەوە.

هەروا لە بەشی یەکەمە (کریز) لەسەر وەزرنی (سعید)، وە (كُرَيْز) لەسەر وەزنی (زُبیر) وە (حزام) بە زێی نوختەدار لە قەبیلەی قورەیش و (حرام) بەڕێی بێ نوختە لە قەبیلەی ئەنسار، وە ئەبو عەلی کوڕی (بردان)ی، ئەڵێ بیستوومە لە خەتیب ئەیوت: (**العَيْشِيُّونَ: بَصْرِيُّونَ، والعَبْسِيُّونَ: كُوفِيُّونَ، والعَنْسيُّونَ: شَامِيُّونَ**) وە لەم بەشەیە چەند لەفزیتر لە کتێبی (ابن الصلاح)دا، مەوجودن.

بەشي دووەم: زەبتی ئەو ناوانە کەوان لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدا یان وان لە واندا لەگەڵ (موطأ)ی، ئیمامی مالیکدا، لەو ناوانەیە (بشار) بە بێی مەفتووحە لەگەڵ شینی نوختەدار باوکی (بندار مُحمد بن بشار) ئیتر باقی ئەوەی کە لە سەحیحەیندا هەیە (یسار)ـە، بە یێی دوو نوختە لە ژێرەوە و سینی بێ نوختە لە پاشیەوە. وە هەرچی وا لە

(صحیحین و موطأ)دا، لەو ناوانە لەسەر سوورەتی (بشر)ــە، ئەوە بە شینی مەنقووطە و کەسرەی بێیە ئیللا چوار ناو، ئەوانە بە سینی بێ نوختە و بێی یەك نوختە لە ژێرەوە بە مەضموومی. ئەو کەسانەیش (عبدالله بن بسر الـمازنی) لە ئەسحابە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ وە (**بُسْرُ بنُ سعيدٍ، وبُسْرُ بنُ عُبَيْدِ اللهِ الحَضْرميُّ، وبُسْرُ ابنُ مِحْجَنٍ الدِّيْلِيُّ**).

وە هەرچی وا لە (صحیحین و موطأ)دا، لەسەر سوورەتی (بشر)ــە، بە یێی دوو نوختەدار لە ژێرەوە و لە ئەوەڵەوە بێی یەك نوختە و لە ئاخریەوە ڕێی بێ نوختەیە، ئەوە بە شینی نوختەدار و بێی یەك نوختەی مەفتووحەیە ئیللا چوار نەبێ، ئەوە دوو ناویان بە زەممەی بێ و فەتحەی شینی سێ نوختەن لەسەرەوە، ئەوانە: (**بُشَيْرُ بنُ كَعْبٍ العَدَوِيُّ، وَ بُشَيْرُ بنُ يَسارٍ**) و سێیەمیان (**يُسَيْرُ بنُ عَمْرٍو**)ـە، بە یێی دوو نوختەی ژێر و لە ئەوەڵەوە و سێی مەفتووحەی بێ نوختەوە، وە چوارەمیان (**قَطَنُ بنُ نُسَيْرٍ**)ـە، بە نوونی مەضمومە لە ئەوەڵەوە و سینی مەفتووحەی بێ نوختە و بێی ساکنە لەسەر وەزنی (زبَیر).

وە هەرچی لەو کتێبانەدا لەسەر سوورەتی (یزید)ـە، ئەوە بە زێی نوختەدارە لە ئەوەڵەوە بە یێی دوو نوختەی مەفتووحە ئیللا سێ ناو:

یەکەم: (**بُرَيدُ بنُ عَبْدِ اللهِ بنِ أبي بُرْدَةَ**) ئەوە بە زەممەی بێی یەك نوختەیە لە ئەوەڵەوە و ڕێی بێ نوختە.

دووەم: (**مُحَمَّدُ بنُ عَرْعَرَةَ بنُ البِرِنْدِ**) بە بێی یەك نوختەی مەکسوورە و ڕێی بێ نوختەی مەکسوورە و نوونی ساکینە و دالی بێ نوختە لە ئاخریەوە، وە (تلفظ) بەم ناوە زۆر زەحمەتە.

وە سێیەم: (**عَلِيُّ بنُ هَاشِمِ بنِ البَرِيدِ**)ـە، بە بێی یەك نوختەی مەفتووحە لە ئەوەڵەوە و ڕێی بێ نوختەی مەکسوورە و یێی دوو نوختەی ژێر.

وە هەر ناوێ لەسەر شێوەی (براء) و لەو کتێبانەدایە ئەوە ڕێکەی موخەففەفە ئیللا (**أبو مَعْشَرٍ البَرَّاءَ، وَ أبو العاليةِ البَرَّاءَ**) ئەمانە بە ڕێی موشەددەدەن.

وە لە (صحیحێن و موطأ)دا، ناوی (جاریة) بە جیمی نوختەدار نییە ئیللا (**جَارِيَةَ بنَ قُدامَةَ وَ يَزِيدَ بنَ جَارِيَةَ**) و غەیری ئەم دوو ناوانە هەموو (حارثة)ـن، بە حێی بێ نوختە و «ث»یی سێ نوختە لە سەرەوە، ئەمانە ئاگاداربن.

حەدیسی (مؤتلف و مختلف)

عینـوان دوو وەسـفی (متعاطـف)ن (الـمؤتلف والـمختلف)ن
بـۆ ئـەو ناوانـەن یەکـیَ بـن بـە خەت جیابـن بـە لەفـز بزانـە بـە زەبـت
بـە وێنـەی (سـلام) بـە وەزنـی (علام) هاوخەتـی (سـلام) بـە وەزنـی (کلام)
لامـی ئـەم نـاوە هەمـوو گـیراوە ئیلـلا پێنـج (سـلام) کـە بـە دراوە

◈◈◈

٣٤- باسی (المُتَّفِقِ والمُفْتَرِقِ)[1]

بزانـن نەوعـی (الـمُتَّفِقِ والـمُفْتَرِقِ) ڕێکـن لـە لەفز و نووسیندا بـە خیلافـی نەوعـی پێشـوو، ئـەو نەوعـە لە نووسـیندا یـەك بوون و لە لەفـزدا جیابوون، وە ئـەم نەوعە وێنەی لەفزی موشتەرەکە کە لە عیلمی (أُصُولِ الفِقْهِ)دا، باس ئەکرێ و زانستی گەلێ بە قیمەتە، وە ئەم نەوعە گەلێ ئەقسامی هەیە:

قیسمی یەکەم: ئەوانەیـە کـە ڕاویـەکان ناوی خۆیان و باوکیان یەکە، وەکو (خَلِيلُ بنُ أَحْمَدَ) ئەم خەلیل ناوانە شەش کەسن:

یەکەم: خەلیلـی نەحـوی بەسری، خاوەنی عیلمی (عروض) کـە ڕیوایەتی کردووە لە (عاصم)ی، ئەحوەل و غەیری ئەویش.

دووەم: (خَلِيلُ بنُ أَحْمَدَ) کە کونیەی (ابو بشر)ـە، وە (مزنی)یە، و لە ئەهلی بەسرەیە.

سێیەم: ئەسبەهانییە.

چوارەم: (أَبُو سَعِيدٍ السِّجْزِيُّ)یە.

---

١. بۆ زیاتر ناسیـن و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٣٠ ـ ٧٤٣، والتقريب: ١٨٥ ـ ١٨٨، والاقتراح: ٣١٤ ـ ٣١٥، والـمنهل الروي ١٢٧ ـ ١٢٩، واختصار علوم الحديث: ٢٢٧ ـ ٢٢٩، والشذا الفياح ٢/ ٦٦٢ ـ ٦٨٢، والمقنـع ٢/ ٦١٤ ـ ٦٢١، وشـرح التبصـرة ٣/ ١٩٠، ونزهة النظر: ١٧٥ ـ ١٧٦، وطبعة عتر: ٦٨، وفتح المغيـث ٣/ ٢٤٥ ـ ٢٥٨، وتدريـب الراوي ٢/ ٣١٦ ـ ٣٢٩، وفتـح الباقي ٣/ ٢٠٠، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٨٨ ـ ٤٩٣، وظفر الأماني: ٨٩ ـ ٩٨).

پێنجەم: (أَبُو سَعيدٍ البُسْتِيُّ)یە.

شەشەم: (أَبُو سعيدٍ البُسْتيُّ الشَّافِعيُّ)یە، کە زاتێکی فازیل بووە، ئەمانە هەموو ناویان (خليل) و ناوی باوکیان (احمد)ە.

قیسمی دووەم: کە ناوی خۆیان و باوك و باپیرەیان (متفق) بووە و لە میسالی ئەوەیە: (أَحْمَدُ بنُ جَعْفَرِ بنِ حَمْدَانَ)، ئەمانە چوار کەس بوون و هەموو لە یەك چەرخدا بوون.

یەکەم: (القَطِيعيُّ البغداديُّ) کە ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی (أَحْمَدَ بنِ حَنْبَلٍ) ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ.

دووەم: (السَّقَطيُّ البَصْريُّ) کە ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی (الدَّوْرَقيُّ)یەوە.

سێیەم: دینەوەری کە ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی (سنان) کوڕی موحەممەدی کوڕی (كَثِيْرٍ صاحبِ سُفيانَ الثوريِّ ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ).

چوارەم: (طَرَسُوسيُّ) کە ڕیوایەتی کردووە لە عەبدوڵڵای کوڕی (جابر الطَّرَسُوسيّ)یەوە، ئەمانە هەموویان ناویان (احمد) و ناوی باوکیان (جعفر) و ناوی باپیریان (حمدان) بووە.

قیسمی سێیەم: کە ئەوانەن لە کونیە و نیسبەتدا (موافق)ـن، وەکو: (أَبُو عِمْرَانَ الجَوْنِيُّ) ناوی (موسى بن سهل) بووە، لە بەغدادا دانیشتووە.

قیسمی چوارەم: کە ناوی خۆیان و کونیەی باوکیان (موافق) بووە چوارن:

یەکەم: (صَالِحُ بنُ أَبِي صالِحٍ) کە ئازادکراوی تەوئەمەی کچی (أميّة)ی کوڕی (خلف) بووە.

دووەم: (صَالِحُ بنُ أَبِي صالِحِ السَّمَّانُ) کە ڕیوایەتی کردووە لە (أبو هريرة)وە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ.

سێیەم: (صَالِحُ بنُ أَبِي صالِحِ السَّدُوسيُّ) کە ڕیوایەتی کردووە لە حەزرەتی (علي) و (عائشة) ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا ـ

چوارەم: (صَالِحُ بنُ أَبِي صالِحٍ) ئازادکراوی (عمرو)ی، کوڕی (حريث) ڕیوایەتی کردووە لە (ابو هريرة)وە، وە ئەبوبەکری (ابن عيّاش) کە ڕیوایەتی لەم ساڵحەوە کردووە ـ الله اعلم ـ

قیسمی پێنجەم: ئەوانەن کە ناویان و ناوی باوکیان و نیسبەتیان ڕێکە، وەکو : (مُحَمَّدُ

بنُ عَبْدِ اللّهِ الأنصاريُّ) كە ناوی دوو کەسن نزیکن لە تەبەقەدا:

یەکەم: (**مُحَمَّدُ بنُ عَبْدِ اللّهِ الأنصاريُّ القاضي**)یەکە شێخی بوخاری و غەیری ئەویش ڕیوایەتیان لێوە کردووە.

دووەم: (**مُحَمَّدُ بنُ عَبْدِ اللّهِ الأنصاريُّ**)یە، و کونیەی (ابو سلمة)یە، و (ضعيف الحَديث)ـە.

قیسمی شەشەم: ئەوانەن کە هەر لە ناوی خۆیاندا یا لە کونیەدا (متوافق)ـن.

قیسمی حەوتەم: ئەوانەن کە (متوافق)ـن، لە نیسبەتدا و بەس، وەکو: (آمُلِيُّ)، وە (آمُلِيُّ) یەکەم نیسبەتە بۆ (آمُل) لە (طبرستان)، دووەم نیسبەتە بۆ (آمُل) لە (جَيْحُونَ)دا، وە وەکو (حنفي) حەنەفی یەکەم نیسبەتە بۆ لای بەنی حەنیفە و دووەم نیسبەتە بۆ لای مەزهەبی ئەبو حەنیفەرَحِمَهُاللَّهُ ئیمامی مەشهوور.

ئەمما نەوعی (مرکب) لە دوو نەوع ئەوە عیبارەتە لەوەی کە (اتفاق)ی، دوو کەس ڕێکەوێ لەناو و کونیەیاندا و لە نەسەبدا یا لە نیسبەتدا ئیختیلافیان ببێ یا (بالعکس) واتە: ئیختیلاف لە ناو و کونیەیاندا ببێ ئیتیفاق لە نیسبەتیاندا یا لە نەسەبیاندا ببێ، جا لە ئەوەڵەوە (موسى بن على) بە فەتحەی عەین و کەسرەی لام، وە (موسى بن علي) بە زەممەی عەین و فەتحەی لام و یێی موشەددەدە، وە لە وێنەی عەکسی ئەوەڵە (عَمرو بن زُرارة) بە فەتحەی عەین و زەممەی زێی (زُرارة) وە (عُمر بن زرارة) بە زەممەی عەینی عومەر، ئەمانە باسمان کردن نموونەن بۆ ئێوە ڕایان بگرن.

المُتَّفِقِ والمُفْتَرِقِ

لە لەفز و خەتا ئەر (متفق)ـن | (الـمُتَّفِقِ و المُفْتَرِقِ)ـن
ئەقسامیان زۆرە یەکەمیان ڕێکە | ناوی خۆیان و باوکیان یەکە
وێنەی (خليل)ی، (ابن احمد)ـە | ئەمانە شەشن قەت بەریان مەدە
دووەم: ناوی خۆو باب و باپیریان | یەکێکە ئەمجار بێ بۆ تەحریریان
(أحمد)ی، کوڕی (جعفر)ی، (حمدان) | چوارن هەموویان هاوچەرخ و زەمان

سێیەمیان: یەکن بە کونیە و نیسبە — نەك ئیسم و لەقەب (فاحفظه حسبه)
چوارەم: ناویان و کونیەی باوکیان — یەکەو لە یەکتر جیایە نیسبەتیان
ئەمانە چوارن ناویان صالحە — کونیەی باوکیشیان ئەبو صالحە
پێنجەمین: ناویان لەگەڵ باوکیان — موتەوافیقن هەروا نیسبەتیان
دوانن (مُحمّد بن عبدالله) — ئەنساریی نیسبەت مەحبووبی ئەڵڵا
شەشەم: (توافق) هەروا لە ناوا — یا کونیەی فەقەت بێ شەڕ و داوا
حەوتەم: (توافق) لە نیسبەتایە — (آملي) دوو کەس لەبەردەستایە
نەوعی (مرکب) لەو دوو نەوعانە — وەکو فەرعێکە بۆ ئەو ئەسڵانە
مەسەلەن یەکن بە ئیسم و کونیەت — بەڵام لە یەك جیان نەسەب و نیسبەت
ئەمانە هەموو نموونەن بۆ تۆ — کەوتیتە هۆهۆ دێ بۆ تۆ کۆکۆ
عیلم بە سەعیە و یارمەتی خودا — (لیس للإنسان إلا ما سعی)

◇◇◇

٣٥ـ (گێڕانەوەی گەورەکان لە بچووکەکان:

مَعْرِفَةُ الأكَابِرِ الرُّوَاةِ عَنِ الأصَاغِرِ)[1]

گەلێ جار ڕیوایەتی (أکابر) لە (أصاغر)ـەوە، بووە، واقیعەن مەبەس لە ڕیوایەت کەسبی عیلمە و خزمەتی ئیسلام، وە عیلم حیکمەتە، بەتایبەتی عیلمی دین و حیکمەت ئامانجی موسڵمانە و هیوای ماوەی ژیانە و گومبووی خاوەن ئیمانە، لەهەر شوێنێ و لەلای هەرکەسێکدا دەست کەوت فرصەتە و ئەم فرصەتە غەنیمەتە و ڕەوا نییە

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٤٨ ـ ٤٩، والإرشاد ٢/ ٦١٧ ـ ٦١٩، والتقريب: ١٦٧ ـ ١٦٨، واختصار علوم الحديث: ١٩٥ ـ ١٩٦، والشذا الفياح ٢/ ٥٣٥ ـ ٥٤٠، والمقنع ٢/ ٥١٨ ـ ٥٢٠، وشرح التبصرة ٣/ ٧٣ ـ ٧٦، ونزهة النظر: ١٦٠ ـ ١٦١، وطبعة عتر: ٦٢، وفتح المغيث ٣/ ١٥٧ ـ ١٥٩، وتدريب الراوي ٢/ ٢٤٣ ـ ٢٤٥، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٩٨، وفتح الباقي ٣/ ٦٤ ـ ٦٥، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧٣ ـ ٤٧٤).

لەبەرئەوە کە (مروي عنه) بچووکە ئینسان تەرکی ئیستیفادەی عیلم بکا و خۆی بەبێ بەهرە بهێڵێتەوە، وە لە فەوائیدی ئەم نەوعە ڕیوایەتەیە دەفعی (توهم)ی، ئەوە کە پێویستە (مروي عنه افضل) بێ لە ڕاوی لەبەر تەماشای غالب یا عادەت و خۆی بێبەش بکا و پایەی ئەو خاوەن عیلمانە فەرامۆش بکرێ،(**وَ قدْ صَحَّ عَنْ عائِشَةَ ـ رَضِيَ اللّهُ عَنْها ـ قالتْ: «أمرَنا رسُولُ اللّهِ ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ـ أنْ نُنَزِّلَ النَّاسَ مَنَازِلَـهمُ»**[1].

جا ئەو ڕیوایەتە بەچەند جۆر ئەبێ، وا ئەبێ کە ڕاوی لە عومر و ساڵدا گەورەتر ئەبێ لە (مروي عنه) وەکو حەفتا ساڵە ڕیوایەت بکا لە چل ساڵە، وە یا تەبەقە و چینی (مقدم)تر ئەبێ، وەکو ڕیوایەتی سەحابی لە تابیعی ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ یا ڕیوایەتی تابیعی لە تابیعی ـ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ ـ وەکو ئەوە زوهری و یەحیای کوڕی سەعیدی ئەنساری ڕیوایەتیان کردووە لە مالیکەوە، وە یاخود ڕاوی قەدر و پایەی بەرزتر بێ لە (مروي عنه) وەکو ئەوە کە ئینسانێکی عالم و حافظ ڕیوایەت بکا لە کەسێکەوە مەقامی عیلمی کەمتر بێ لە خۆی، وەکو ڕیوایەتی مالیك لە عەبدوڵلای (ابن دینار)ـەوە، وە یا (**أَحْمَدَ بنِ حَنْبَلٍ، وَ إِسْحاقَ بنِ رَاهَوَيْهِ**) ڕیوایەتیان کردووە لە (**عُبَيْدِاللّهِ بنِ مُوْسَى**)وە، وە یا ڕاوییەکەی گەورەتر بێ لە هەردوو جیهەتەکەوە، وە ڕیوایەتی گەلێ لە (علماء و حفاظ) لە تلمیذەکانی خۆیانەوە، وە داخڵی ئەم سوورەتەیە ڕیوایەتی سەحابی لە تابیعییەوە، وە ڕیوایەتی تابیعی لە تابیعی تابیعییەوە، وەکو (**عَمْرِو بنِ شُعَيْبِ بنِ مُحَمَّدِ بنِ عبدِ اللّهِ بنِ عَمْرِو بنِ العاصِ**) کە لە تابیعین نەبووە و زیاتر لە بیست کەس لە تابیعین ڕیوایەتیان لێ کردووە کە (**عبدُالغَنِيِّ بنُ سَعيدٍ الحافِظُ**) ناوی نووسیوون لە کتێبێکدا.

ڕیوایەتی (أکابر) لە (أصاغر)

ڕیوایەت هەیە لەبۆ (أکابر)	لە چینی (أدنی) یەعنی (أصاغر)
گەورەتر بە ساڵ یا پایەی شەرعی	وەکو (صحابی) لەگەڵ (تابعی)
یا پایەی قەدری عیلم و عیرفانی	وەکو مامۆستا لە فەقێکانی

١. صحيح مسلم ١/ ٥، وسنن أبي داود (٤٨٤٢)، ومعرفة علوم الحديث: ٤٩.

(عمرو بن شعیب تابع تابعین) ڕاوی بوون لەوۆ حەفتا تابیعین
عیلم حیکمەتە و سەرمایەی ئینسان نەخسوس عیلمی دین وەسیلەی ئیحسان

◈◈◈

٣٦ـ گێڕانەوەی (الـمُدَبَّج و رواية ألأقران)[١]

(مَعْرِفَةُ الْمُدَبَّجِ وَ مَا عَدَاهُ مِنْ رِوَايَةِ الأَقْرَانِ بَعْضُهُمْ عَنْ بَعْضٍ)

باسی (مدبج و غیْر مدبج) لە ئەقران:

هەروا ڕیوایەتی هاوتەمەنەکان لەناو خۆیاندا واقیع بووە، جا ئەگەر ئەو هاوتەمەنانە هەردوولایان ڕیوایەت لەیەکتر بکەن ئەوە پێی ئەڵێن: (مدبج)، میسالی لە سەحابەدا وەکو: ڕیوایەتی (أم المؤمنین عائشة ـ رضي الله عنها ـ) لە (أبو هريرة)وە ـ رضي الله عنه ـ وە ئەمیش ڕیوایەتی لە عائیشەوە کردووە، وە لە تابیعیندا، وەکو: ڕیوایەتی (الزهری) لە (عمر بن عبدالعزیز) و ڕیوایەتی (عمر بن عبدالعزیز) لە (الزهری)یەوە، وە لە ئەتباعی تابیعیندا، وەکو: ڕیوایەتی مالیك لە (أوزاعی) و ئەوزاعی لە مالیکەوە، وە لە ئەتباعی ئەتباعی تابیعیندا، وەکو: ڕیوایەتی ئیمامی (أَحْمَدَ بنِ حَنْبَلٍ) لە (عليِّ بنِ المدينيِّ) و ڕیوایەتی (علی) لە (احمد)ەوە.

وە ئەگەر هەر یەکێ لەوانە ڕیوایەتی کرد لە ڕەفیقەکەیەوە ئیتر ئەویان ڕیوایەتی لەمەوە نەکرد ئەوە (غیْر مدبج)ـە، وەکو: ڕیوایەتی سولەیمانی تەمیمی لە (مِسْعَر)ـەوە، کە ڕەفیقی یەك بوون و نازانین بەوە کە (مِسْعَر) ڕیوایەتی کردبێ لە سولەیمانەوە.

---

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٢١٥ ـ ٢٢٠، والإرشاد ٢/ ٦٢٠ ـ ٦٢٢، والتقريب: ١٦٨، والاقتراح: ٣١١ ـ ٣١٣، واختصار علوم الحديث: ١٩٧، والشذا الفياح ٢/ ٥٤١ ـ ٥٤٦، والمقنع ٢/ ٥٢١ ـ ٥٢٣، وشرح التبصرة ٣/ ٧٦ ـ ٧٩، و نزهة النظر ١٥٩ ـ ١٦٠، وطبعة عتر: ٦١ ـ ٦٢، وفتح المغيث ٣/ ١٦٠ ـ ١٦٢، وفتح الباقي ٣/ ٦٧ ـ ٦٩، وتدريب الراوي ٢/ ٢٤٦ ـ ٢٤٨، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧٥ ـ ٤٧٦).

ڕیوایەتی ئەقران

وەکو ئەم نەوعە بێ شوبهە و گومان
هەیە ڕیوایەی ئەقران لە ئەقران

جا ئەگەر هەردوو ڕاوی بن لە یەك
ناوی (مُدبَّج) دانێ بەبێ شەك

مەثەل عائیشەی (أم المؤمنین)
ڕیوایەتی بوو لەبۆ نەشری دین

لە کێ؟ لە (أبو هريرة)ی، ئەمین
ئەویش لە دایەی بە قەدر و تەمکین

زوهری لە (عمر بن عبدالعزیز)
ئەویش لە زوهری بە فام و تەمیز

مالیك ڕیوایەی لە ئەوزاعی کرد
ئەمیش لە مالیك ڕیوایەی ڕابورد

(أحمد بن حنبل روى عن علي
ابن المديني ذي الفضل الجلي)

هەروەها عەلی لە نەفسی ئەحمەد
ڕیوایەتی کرد حەدیسی ئەرشەد

ئەگەر هەر لایەك ڕاوی بوون لەویان
غەیرە (مُدبج) بکە بە عینوان

◈◈◈

٣٧ـ باسی ڕیوایەتی برا و خوشکەکان

(مَعْرِفَةُ الإِخْوَةِ وَالأَخَوَاتِ مِنَ العُلَمَاءِ وَالرُّوَاةِ)[1]

باسی برا و خوشکەکان لە ئەهلی ڕیوایەت:

دوو برا لە سەحابە وەکو: (عبدالله بن مسعود و عتبە بن مسعود) و وەکو (زيد بن ثابت و يزيد بن ثابت) کە برا بوون، وە (عمرو بن العاص و هشام بن العاص) کە برا بوون. وە لە تابیعیندا، وەکو: (عمرو بن شرحبيل و أرقم بن شرحبيل) کە ئەمانە لە ئەفازیلی ڕەفیقانی (ابن مسعود) بوون، وە (هزيل و أرقم بن شرحبيل) کە دوو برای ترن

١. بۆ زیاتر ناسین و زانینی ئەم باسە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٥٢ ـ ١٥٧، والإرشاد ٢/ ٦٢٣ ـ ٦٣١، والتقريب: ١٦٩، واختصار علوم الحديث: ١٩٨ ـ ١٩٩، والشذا الفياح ٢/ ٥٤٧ ـ ٥٥٧، والمقنع ٢/ ٥٢٤ ـ ٥٣٤، وشرح التبصرة ٣/ ٧٩ ـ ٨٥، ونزهة النظر: ٢٠٤، وَ طبعة عتر: ٧٩، وفتح المغيث ٣/ ١٦٣ ـ ١٦٩، وتدريب الراوي ٢/ ٢٤٩ ـ ٢٥٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٠١، وفتح الباقي ٣/ ٦٩ ـ ٨٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧٦ ـ ٤٧٧).

لە ڕەفیقانی (ابن مسعود ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) وە میسالی سێ برا وەکو: (سهل و عُبادة و عثمان) ئەولادی «حەنیف» و (عمرو بن شعیب و عمر و شعیب) ئەولادی (شعیب بن محمد بن عبدالله بن عبدالله بن العاص)، وە ڕیوایەتی چوار برا و پێنج برا و شەش برا و حەوت برایش هەیە، نووسراون لە کتێبەکەی (ابن الصلاح)دا، وە ڕیوایەتی باب لە کوڕ وەکو: ڕیوایەتی (عباس بن عبدالمطلب) لە (**فضل بن عباس** ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) کە حەزرەت صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ جەمعی نوێژی مەغریب و عیشای کردووە لە عەرزی موزدەلیفەدا، وە ڕیوایەتمان کردووە لە (وائل)ی، کوڕی داوود لە کوڕی خۆیەوە (بکر بن وائل) لە زوهرییەوە لە (سعید بن المسیب) لە (ابو هریرة)وە، (**قال: قال رسول الله** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «**أَخِّرُوا الْأَحْمَالَ، فَإِنَّ الْأَيْدِيَ مُعَلَّقَةٌ وَالْأَرْجُلَ مُوثَقَةٌ**»[1]، وە مەعنای ئەم حەدیسە شەریفە ئەمەیە کە: باری وشتر لابەرن لەسەر حاسی دەستی وشترەکە، چونکی ئەوە مەنعی دەستی ئەکا لەوە بە ئاسانی بڕوا بە ڕێدا، وە ئەو بارە بخرێتە ناوەڕاستی پشتی وشترەکە نەك لەسەر حاسی پێی، چونکە ئەو وەزعە مەنعی پێی ئەو وشترە ئەکا لە ڕۆیشتن و وای لێ ئەکا (کأنه) زنجیر کراوە.

وە ڕیوایەتی کوڕ لە باوکیەوە وەکو: ڕیوایەتی (عَمْرِو بنِ شُعَيْبٍ) لە باوکییەوە لە باپیریەوە، هەروا (بَهْزِ بنِ حَكِيمٍ) ڕیوایەتی کردووە لە باوك و باپیریەوە، وە لە عەجیبترین ئەم بابەتەیە ڕیوایەتی (**أبوُالفَرَجِ عبدِ الوهابِ التَّمِيْمِيِّ الفقيهِ الحنْبَلِيِّ**) کە لە شاری بەغدادا لە مزگەوتی مەنصور حەڵقەی وەعزی بوو لە باوك و باپیرەکانی خۆیەوە هەتا نۆ پشت بە شوێنی یەکدا.

---

١. أخرجه أبويعلى (٥٨٥٢)، والبزار (زوائده ـ ١٠٨١)، والطبَراني فِي «الأوسط» (٤٥٠٨)، والبيهقي (١٢٢/٦) من طريق بكر بن وائل به، و أخرجه أبوداود فِي «مراسيله» (٢٩٤) من طريق الزهري مرسلاً، و صححه الشيخ الألباني فِي «الصحيحة» (١١٣٠).

ڕیوایەتی (الأخوة والأخوات)

نەوعێکی ترمان براو خوشکەکان ... ڕاوین یەك لە یەك بۆ حەدیسەکان
دوو برای سەحابی ڕاوی بوو مەقسوود ... (عبدالله و عتبە) دوو کوڕی مەسعوود
وەك (زید و یزید) ئەولادی (ثابت) ... دوو برای (نابت خیر المنابت)
وەك (عمرو و هشام) ئەولادی عاصی ... دوو برای هاودڵ بە ئایین راسی
لە تابیعیندا وەك (عمرو وأرقم ... ابنا شرحبیل الشهم الأشم)
لە ڕەفیقانی (ابن مسعود) بوون ... لە عیبادەتا خاوەن صعوود بوون
سێ برا و چوار و پێنج و شەش و حەوت ... ڕیوایەتیان بوو لە یەك بە ڕێکەوت
وەکو کوڕ لە باب ئیستیفادەی کرد ... باوکیش لە کوڕی ڕیوایەتی کرد
ئەو (وفق)ی، عادەت ئەم خەرقی عادەت ... هەردوو شیرینن بۆ ڕێی سەعادەت
بەخبەخ لەو کوڕە ئەونە ئەکرەم بوو ... تاجی شەرەفی باوکە ئادەم بوو
هەر فەزلە کە کوڕ ئەکا بە بابە ... چ لە تابیعین چ لە ئەسحابە
ڕەببی سیحجەتی لەشمان پێ بدەی ... لە دونیا و دینا بەشمان پێ بدەی

◈◈◈

٣٨ زانستی حەدیسی پیرۆز:

ئینسانی موسڵمانی باڵغی عاقڵ گەلێ واجباتی لەسەرە، بەڵام بازێکیان فەرزی عەینن، وەکو عیلم بە دوو کەلیمەی شەهادەت و ئایاتی سوورەتی (فاتیحە) و کەلیماتی (تحیات) و غەیری ئەمانە لە واجباتی عەینییە، وەکو ناوی خودا و پێغەمبەری خوداﷺ و ناسینی ناوو نیشانی، ئەمانە واجبن فەرزی عەینن و بازێکیان فەرزی کیفایەن، واتە: ئەگەر یەکێ لە کۆمەڵێ بیانزانێ کافییە و بەسە، وەکو قەزاوەت لە ئەحکامی بەینی مسوڵماناندا.

وە لە جوملەی واجباتی عیلم بە ئەلفاز و مەعنای ئەحادیسی شەریفە: چونکی ئەوانە بناغەی ئەحکامی دینی ئیسلامن، وەکو لەفز و مەعنای قورئانی شەریف، جا

ئەگەر ئەوانە قابیلیەتی ئەوەیانە هەیە زۆر بن ئەوە فەرزی کیفایەن. وە ئەگەر لە وڵاتێکدا هەریەکێ قابیلی ئەوانە بوو ئەوە فەرزی عەینە لەسەر ئەو کەسە.

وە گەلێ قسە کراوە لە عومری ئەو ئینسانە کە حەدیس فێر ببێ و بیکاتە بەر، وە لە ئەنجامدا بڕیاردرا کە منالّی پێنج ساڵە دروستە (تحمّل)ی، حەدیس بکا، بەڵام بازێ لە (مُحققين) فەرموویانە: ئەم مەوزووعە بەسراوە بە فام و هۆشیاری شەخسەوە، جا ئەگەر منداڵێکی چوار ساڵە هۆشیار بوو حەدیس وەرئەگرێ، وە ئەگەر دە ساڵە بێهۆش و نەفام بوو ئەوە ئیعتیبار ناکرێ بەو حەدیسە کە ئەو وەریئەگرێ، بەڵێ ئەگەر لە کاتی نائەهلیدا حەدیسەکەی وەرگرت و لەکاتێکدا ئەهل بوو باڵغ و عاقڵ و موسڵمان بوو حەدیسەکەی ئەداکرد ئەوە قبووڵ ئەکرێ.

زانستی حەدیسی پیرۆز

عیلم بە حەدیس بە لەفز و مەعنا   فەرزی کیفایەن لەبۆ تەوانا
لە موسڵمانی باڵغی عاقڵ   ئەگەر بە مانیع نەبوو بێ عاطڵ
(تعیّن)ی، کرد لە فەرزی عەینە   وەکو مەعلوومە و مەشهووری بەینە
حیفزی مەتنەکەی لە موهیمماتە   لە مەندوباتی پڕ کەراماتە
کێ لەبەریی کاو لە کام تەمەنا   دائیر بوو لە ناو زانای (اُمَنا)
تا بڕیار درا پێنج ساڵەی زەریف   ئەشێ بۆ حیفزی حەدیسی شەریف
بەڵام بە فیکرێ ساغ و تەمامە   تەحدیدی ئەوە بە عەقڵ و فامە
پێنج ساڵە ئەگەر فامیدە و ژیرە   لایقی حیفزی کەلامی میرە
پەنجا ساڵە بێ مادام نەفامێ   ناشیبە ناشێ بۆ هیچ مەرامێ
سەماعی نا ئەهل قبووڵی سەهلە   ئەگەر ئەدای کا لەو کاتا ئەهلە

◇◇◇

٣٩ ڕێگەی نەقڵی حەدیسی شەریف:

ئەو ڕێگەیەی دانراوە بۆ نەقڵی حەدیسی حەزرەت ﷺ لە لایەنی موحەددیسەوە و (تحمّل) و ڕاگرتنی بەڕاستی هەشت ڕێگەیە، وەکو باسیان ئەکەین ـ ان شاء الله تعالی ـ

یەکەم: بیستنی تلمیذە لە شێخەکەیەوە، خواە ئەو شێخە لەسەر حیفزی ذیهنی حەدیسی بۆ ڕیوایەت بکا، یا لە ڕووی کتێبەوە، وە ئەم جۆرە ئەعلایانە و دروستە تلمیذ بڵێ: (**حدثنا، أخبَرنا، انبأنا، وَ سَمعت فلاناً يقوُل، وَ قال لَـنا فلان، وَ ذكر لنا فلان**).

دووەم: خوێندنەوەی تلمیذە لەسەر شێخەکەی وە زۆربەی موحەددیسین بەم بەشە ئەڵێن: (عرض) واتە: ڕانواندنی کتێبی حەدیسی شەریف بەسەر شێخدا، لەبەرئەوە کە تلمیذەکە کتێبەکەی نیشانی شێخەکەی ئەدا، وەکو چۆن قوتابی قورئانی شەریف ئەبا بۆ لای شێخی قیرائەت و ئەویش تەماشای ئەکا، وە ڕاجیح ئەوەیە ئەم قیسمە وا لە پاش قیسمی پێشووەوە، وە عیبارەتی نەقڵ لێرەدا ئەمەیە تلمیذ بڵێ: (**قرأت على فلان، او قرئَ على فلان وأنا اسْمع فأقرّ به**) وە دروستیشە بڵێ: (**حدّثنا فلان قراءة عليه او اخبَرنا قراءة عليه**)، وە لەم بەشەدا دروستە بۆ تلمیذ نەقڵ بەهۆی بیستن لە شێخەکەیەوە لە پشتی پەردەوەو چاوی لێوە نەبێ ئەگەر بە زەبت دەنگەکەی بناسێ یا بزانێ کە شێخەکەی لەو شوێنەدا حازرە ئەگەر بەهۆی کەسێکەوە حەدیسەکە وەربگرێ.

بەشێ سێیەم: لە یاسای نەقڵ و (تحمّل) بۆ حەدیسی شەریف ئیجازەیە، وە ئەم ئیجازە بە چەند جۆرێکە:

یەکەم: ئیجازەی شێخە بۆ تلمیذی (معيّن) لە (معيّن)دا، وەکو ئەوە بڵێ بە تلمیذەکەی: ئیجازەم پێدای لە ڕیوایەتی سەحیحی بوخاریدا، یا لەو بابانەدا کە فەهرەستی ئەم کتێبە شامیلە بەسەریاندا، ئەم بەشە ئەعلای ئەنواعی ئیجازەیە، وە ئەوەی کە عەمەلی موحەددیسین دامەزراوە لەسەری ئەمەیە کە ڕیوایەت بە ئیجازە دروستە و عەمەل کردن بە (مروي بالاجازة) واجبە، هەرچەند ئیختیلافی تێدا هەیە.

دووەم: ئیجازەیە بۆ (معيّن) لە (غيْر معيّن)دا، وەکو ئەوە شێخەکە بڵێ: (**أجزت لك او**

لكم جَميع مسموعاتي او جَميع مروياتي، أو ما أشبه ذلك) وە خیلاف لەم بەشەدا زۆرترە لە نەوعی پێشوو، بەڵام جومهووری موحەددیسین و فوقەها لەسەر ئەوەن کە ئیجازە بەم شێوەیشە دروستە و عەمەل پێ کردنی واجبە.

سێیەم: ئیجازەی غەیرە (معیّن)ـە، بە سیفەتی عموم، وەکو ئەوە کە بڵێ: **(اجزت للمسلمین او اجزت لکل احد او اجزت لِمن ادرك زماني، وَ ما اشبه ذلك)** جا زانا (متأخر)ـەکان، لەوانە کە ئیجازەیان ڕەوا داوە ئیختیلافیان هەیە لەم جۆرە ئیجازەدا، خولاسەکەی ئەمەیە: ئەگەر ئەو غەیرە (معیّن)ـە، موقەییەد بێ بە سیفەتێکی خاسسەوە، وەکو ئەوە بڵێ: **(اجزت لکل احد یکون اهلاً للرّوایة)** ئەوە نزیکە لە جەوازەوە، وە (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: نەمانبیستووە لە ئیمامە گەورەکاندا کەس بەم جۆرە ئیجازەیە ئیجازەی دابێ.

چوارەم: ئیجازەیە بۆ مەجهوول یا بە ڕیوایەتی شتی مەجهوول، وە لەم جۆرە ئیجازەیە ئیجازەی (معلق) بەشەرت وەکو ئەوە بڵێ: **(اجزت لِمُحَمّد بن خالد الدمشقي)** وە لە عەینی کاتدا جەماعەتێ ببن بەو ناوو عینوانە لە دیمشقی شامدا، وە شێخەکەش مەقسوودی خۆی لەو ئیجازەدا دیاری نەکا، ئەم جۆرە ئیجازە فاسیدە و بێسوودە، وە لەم بابەتە نییە ئیجازەی جەماعەتێ هاوناو و (معیّن) بە ڕشتەی نەسەب، بەڵام شێخەکە ئەیانناسێ ئەمە عەیبی تێدا نییە و ئیجازەکە دروستە، چونکی لێرەدا ئیجازەکە بۆ هەموویانە، وە لە پێشەوە بۆ یەکێکە لەو خاوەن ناوانە و مەعلووم نییە کێیە، وە ئەگەر بڵێ ئیجازەم دا بەوانە کە فلان کەس مەیلی هەیە بە ئیجازەیان، ئەمە جێگەی خیلافە، لەبەر جەهالەتی ئەو کەسانە بەهۆی تەعلیق بە شەرتەکەوە گەلێ کەس مەنعیان کردووە، وە خەتیبی بەغدادی نەقڵی کردووە لە بازێ ئیمامانی حەدیسە وە کە دروستە، وە ئەگەر ئیجازەی دا بۆ ئەو کەسە کە مەیلی هەیە ئیجازەی لێ وەربگرێ ئەوە موناسبترە بۆ جەواز، چونکە عیبارەتەکەی بەیانی واقیعە، چونکی هەرکەسێ مەیلی نەبێ داوای ئیجازەی لێ ناکا.

پێنجەم: ئیجازەیە بۆ مەعدووم، وە مولحەقە بەم بەشەوە ئیجازە بۆ منداڵی بچووك، وەکو بڵێ: **(اجزت لِمن یولد لفلان)** وە ئەگەر ئەو مەعدوومە لاحیق بکا بە مەوجوودەوە،

وەکو ئەوە بڵێ: (**اجزت لزيدٍ وَ لِمَن يولد منه، او اجزت لك وَ لِنسلك**) ئەمە نزیکترە لە جەوازەوە، چونکی سەربەخۆ ئیجازە نییە بۆ مەعدووم، بەڵام ئیجازە بۆ مەعدووم (ابتداء) بە بێ (عطف) لەسەر مەوجوود، ئەوە خەتیبی بەغدادی ئیجازەی داوە و باسی ئەوەی کردووە کە بیستوویەتی لە چەند کەسێ لە گەورەکانی عیلمی حەدیس کە دروستە، بەڵام (مُحققيـن) موتتەفیقن، لەسەر ئیمتیناعی ئەم جۆرە ئیجازە بە قەتعی و ئەمە (موجب)ـە، بۆ عەدەم، جەوازی ئیجازەی منداڵی بچووکیش کە لەوکاتەدا قابیلی سەماع و (تـحمّل)ی، حەدیسی نەبێ، بەڵام ئەوەی ئیعتیمادی لەسەر دراوە ئەمەیە کە: ئیجازەی منداڵی (غيْر مُميّز) دروستە و (بالأولى) ئەگەر (مُميّز) بێ لەبەر حیرص لەسەر مانەوەی ئیسناد لە ئوممەتی پێغەمبەردا ﷺ.

شەشەم: ئیجازەیە لە حەدیسێکدا کە هێشتا خۆی نەیبیستووە بۆ کەسانێ بەم شەرتە لەپاش ئەوە کە شێخەکەی خۆی بیستی ئەوان ڕیوایەتی بکەن، ئەمە دروست نییە و لە قەبیلەی ئەوەیە شتێ هێشتا نەبووە بەماڵی خۆت بیدەی بە کەسێ.

حەوتەم: ئیجازەدانە لەو کتێبانەدا کە خۆی ئیجازەی پێ دراوە لەواندا، ئەمە ئەگەرچی بازێ کەس مەنعیان کردووە ڕاستەکەی ئەوەیە دروستە، جا بزانن سەحیح وەهایە کە ئیجازەدان لە علوومدا دروست نییە ئیللا بۆ کەسێ کە (حاذق) و ماهیر بێ لە عیلمەکەدا و لە ئەنواعێکی (معيّن)دا، بێ بە تەعیینی نەوعێ، وەکو بڵێ: ئیجازەم پێدای لە ڕیوایەتی حەدیسی سەحیح لە هەر کتێبێ لە سیحاحەکان یا لە عیلمی (صَرْف) یا (اصول الفقه أَوْ اصول الدين) وە وێنەی ئەمانە.

وە باش وەهایە هەرکەسێ ئیجازەی بە کەسێ دا بە نووسین بە زمانیش (تلفظ)ی، پێ بکا و ئەگەر (تلفظ)ی، پێ نەکرد لە کاتی نووسینەکەدا قەسدی ئیجازە پێدان بکا بەو نووسراوە، بەڵام پایەی ئەمە کەمترە لە کیتابەت و تەلەفوظ بە زمان.

قیسمی چوارەم: لە ئەقسامی ڕێگەی (تحمّل) و نەقڵی حەدیسی شەریف لە شێخەوە (مُناوَلة)یە، واتە: کتێب دانە دەستی تلمیذ لە لایەنی شێخەوە، وە ئەمەیش دوو نەوعە:

یەکەم: (مُناوَلة)یە، لە گەڵ (تلفظ) بە ئیجازەدا، ئەمە ئەعلای ئەنواعی ئیجازەیە (على

الاطلاق) ئەمەیش چەند سوورەتی هەیە، یەکێ لەو سوورەتانە ئەمەیە کە شێخەکە ئەسڵی سەماعەکەی خۆی یا کتێبێکی‌تر کە موقابەلەی کرابێ لەگەڵ ئەو ئەسڵەدا بدا بە تالیبەکە و پێی بڵێ: ئەمە ئەسڵی سەماعی منە و ئیجازەم پێ دای کە ڕیوایەتی بکەی لە منەوە، وە لەم بەشەیە ئەمەیش کە تلمیز کتێبەکەی خۆی بێنێ بۆ لای شێخەکەی و بڵێ: ئەوەی وا لەم کتێبەدا هەموو لە ڕیوایاتی تۆیە لە ئوستادتەوە ئەمەوێ ئیجازەم پێ بدەی ڕیوایەتی بکەم لە تۆوە، جا ئەگەر شێخەکەی ئیجازەی پێ داو یارۆی تلمیزیش ئینسانێکی (موثوق بە) بوو، وە یاخود شێخەکەی لە پاش تەماشای ئەو کتێبە و عیلم بە سیححەتی لەلای خۆی ئیجازەی دا بە تلمیزەکەی ئەوە ئیجازەکەی دروستە، وە ئەگەر نە تلمیزەکە (موثوق بە) بوو وە نە شێخ تەماشای کتێبەکەی کرد و هەر لە خۆیەوە ئیجازەی ڕیوایەتی پێدا، ئەوە ئەو ئیجازە بەتاڵ و بێسوودە و دروست نییە ئەو تالیبە ڕیوایەتی بکا لەو شێخەوە.

دووەم: نەوعی (مُناوَلة) عیبارەتە لە دانەدەستی ڕووت، بەم جۆرە کە شێخ کتێبەکەی خۆی بدا بە تالیب و بڵێ: (هذا مِن حديثي، أو من سَماعاتي) ئیتر نەڵێ: **(أجزت لك روايته عني، أو أروه عنّي)** ئەوە ئەم موناوەلەیە باش نییە و ڕیوایەتی تلمیزەکە لەسەر ئەوە دروست نییە، بەڵام خەتیبی بەغدادی گێڕاویەتیەوە لە ئەهلی عیلم کە تەسحیحی ئەم نەوعە ئیجازەیانە داوە و فەرموویانە: دروستە تلمیز ڕیوایەتی لەسەر بکا بە ناوی ئەو شێخەوە ـ واللّٰه اعلم ـ

جا بازێ ڕیوایەتیان کردووە کە دروستە خاوەن (مُناوَلة) بە عیبارەتی (حدثنا أو أخبَرنا) ڕیوایەت بکا، بەڵام (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: ئیحتیات لەم قیسمەدا ئەمەیە بڵێ: **(أخبَرنا فلان مُناوَلة، أو حدّثنا مُناوَلة وَ إجازة ـ وَ هكذا).**

قیسمی پێنجەم: لە ئەقسامی ڕێگەی نەقڵی حەدیس (مكاتبة)یە، واتە بۆ تلمیز نووسین، بەم جۆرە شێخ بنووسێ بۆ لای تلمیزەکەی بازێ لە (مرويات)ی، خۆی ئەگەر غایب و یاخود بازێ (مرويات)ی، خۆی بنووسێ بۆی ئەگەر حازر بێ، وە ئەم قیسمە دوو بەشە:

یەکەمیان: ئەوەیە لەگەڵ ئیجازەدابێ، بەم جۆرە لەگەڵ (مرويات)ـەکەیدا، بۆی بنووسێ: **(وَ أجزت لك مروياتي)** وە ئەم بەشە زۆر بە هێزە و وەکو (مُناوَلة) وایە و خیلاف نییە لە جەوازیدا.

بەشی دووەم: ئیجازەی لەگەڵدا نییە و بازێ لە موحەددیسەکان قبووڵیان کردووە و بازێکیان ئیعتیباریان پێ نەکردووە، بەڵام ئەم فیکرە باش نییە و زاهیر وایە ئیعتیماد بدرێ لەسەر نووسراوی شێخ، وە تلمیزی بۆی هەیە ڕیوایەتی بکا لێیەوە، لاکین بڵێ: **(کتب إلي فلان، قال: حدثنا فلان بکذا، أو کتب لي فلان وَ قال: حدثنا فلان بکذا)** ئەمە موختارە و (مرضي)یە.

قیسمی شەشەم: لە ڕێگەی نەقڵ و (تحمل، اعلام)ـە، یانی ئیعلامی شێخ بە تلمیزەکەی کە فڵانە کتێب یا فڵانە حەدیس لە (مسموعات)ی، منە لە فڵانەکەسەوە یا لە ڕیوایەتی منە، لە فڵانەوە، بەبێ ئەوە پێی بڵێ: **(اروه عني، او أذنت لك فِي روايته، أو نَحو ذلك)**، ئەمە بەلای گەلێ لە موحەددیسەکانەوە ڕێگەی نەقڵە بۆ ئەو حەدیسانە لەو شەخسەوە، حەتا ئەگەر بڵێ: ڕیوایەتیان مەکە لە منەوە، هەر ئەتوانێ ڕیوایەتیان بکا لێیەوە، بەڵام شێخ (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: موختار وایە کە دروست نییە بۆ تلمیز ڕیوایەت بکا لەو شەخسەوە بەم ڕێگەیە، چونکی وا ئەبێ ئەو کتێبە لە (مسموعات)ی، ڕاوییەکە ئەبێ، بەڵام لەبەرئەوە کە خەلەلێکی تێدا ئەبینێ ئیزنی کەس نادا ڕیوایەتی بکەن لێیەوە.

قیسمی حەوتەم: لە ڕێگەی نەقڵ و تەحەممول (وصية)ـە، بە کیتاب، بەم جۆرە شێخ (وصية) بکا بۆ تلمیز کە فڵانە کتێبم لێوە ڕیوایەت بکە، خوا کاتی نەخۆشینی مردنی بێ یا ڕۆیشتنی بۆ سەفەرێ، ئەوە ڕیوایەت کراوە لە بازێ (سلف)ـەوە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ ـ کە ڕەوای داوە ڕیوایەت بەم جۆرە، بەڵام ئەمە زۆر دوورە یا زەللەی عالمە یاخود تەئویل ئەکرێ بەوە کە تلمیذ ئەتوانێ بە شێوەی (وجادة) ڕیوایەتی بکا، وەکو لەمەولاوە شەرحی دێت.

قیسمی هەشتەم: (وجادة)یە، واتە: دەستکەوتن، بەم جۆرە ئینسانێ بە یارمەتی خودا کتێبی موحەدیسێکی دەست بکەوێ کە چەند حەدیسی تێدا بێ، وە ئەمەیش نەگەیشتووە بە خاوەنی ئەو کتێبە و ڕیوایەتی لێوە نەکردووە و لەلای ئەویشەوە ئیجازەی دەست نەکەوتووە، ئەمە بۆ ئەو کەسە دروستە بڵێ: **(وجدت بخطِّ فلان، أو قرأت بخط فلان، وَ يذكر شيخه، وَ يسوق سائر الاسناد والمتن معاً)**.

وە ئەمما ڕەفتارکردن بە مەعانی ئەو (مرويات)ـە، لە لای گەلێ لە موحەددیسەکان دروست

نییە، بەڵام ئەوەی ڕاستە و بازێ (مُحققین) جەزمیان ناوە بە سەریا ئەمەیە: مادام ئەم شەخسە باوەڕی وابێ کە (مروي)یە، (مروي)ی، فڵانەکەسە، بۆیە واجبە کە ڕەفتاری پێ بکرێ.

ڕێگەی نەقڵی حەدیسی شەریف

چەن ڕێگەی هەیە نەقڵی ئەحادیس ... یەکەم بیستنە لە شێخی حەدیس
خواه بە (إملاء) بێ یا هەر بە (تحديث) ... لەبەر یا بە هۆی کیتابی نەفیس
نەقڵی دروستە بە (حدثنا ... و أخبرنا و أنبأنا)
(أو بسمعت فلانا يقول ... وَ قال لنا فلان مقبول)
دووەم قیرائەی شاگردی تەمیز ... لەسەر ئوستادی سەربەرزی عەزیز
یا تیلمیزێ‌تر بیخوێنێ لە بۆی ... ئوستاد گوێ بگرێ و ئاگای بێ لە خۆی
ئەگەر کتێبی لەبەردەستا بێ ... تەماشای بکاو بە دڵ ئاگا بێ
ئەم قیسمە لە پاش قیسمی ئەووەڵە ... ئەمە مەفضوولە و ئەووەڵ ئەفزەلە
ناوی ئەم قیسمە لای (مُحدثین) ... عەرزە وەك خوێندن لەلای (مقرئین)
ئەسلەمی تەعبیر بۆ نەقڵی ثانی ... ئەڵێ: (قرأت على الفلان)
(أو قرِيء عليه وأنا أسمع ... فاقرّه هذا أَجْمع)
نەك (حدثنا یا أخبَرنا) ... ناڕێکە لەگەڵ حاڵی (أمنا)
نەوعی سێیەمین بۆ نەقڵی حەدیس ... بە ئیجازەیە لای شێخی ڕەئیس
ئەمەیش چەن قیسمە (کما تبیّن) ... یەکەم بوو مەعلووم (فیما تعیّن)
ئەڵێ: (أجزت لك یا عینی ... نص البخاري ترويه عني)
دووەم ئیجازەی (معیّن) بەڵام ... بۆ ڕیوایەتی (أشیا) بە (ابهام)
ئەڵێ: ئیجازەم پێدای حەیاتم ... بۆ (مسموعات) و بۆ (مرویات)م
سێیەم ئیجازەی (غیر معیّن) ... گەر بۆت مەعلووم بێ (لا بأس فِي البيْن)
چوارەم ئیجازەی (مبهم) لە (مبهم) ... ئەمە مەردوودە غەیرە موحتەرەم

پێنجەم ئیجازە بۆ شەخسی مەعدووم باشە تابیع بێ بۆ شەخسی مەعلووم
شەشەم ئیجازە (فیما لَمْ یسمع) لە هەر نەوعێ بێ مەردوودە و (یُمنع)
حەوتەم ئیجازەی (ما أجیز فیە هذا جائز علی ما نرویە)
ئیجازە وەختێ باشە بۆ ئیسناد بە زمان بدا ئیجازە ئوستاد
ئەنا هەر نووسین بێ دەخڵی زمان پایەکەی پەستە لای موحەددیسان
چوارەمین نەوعی نەقڵ بزانە موناوەلەیە و کتێب پێدانە
بدا بە تلمیذ کتێبەکەی خۆی ئیجازەکەشی بەدەم بڵێ بۆی
یا تلمیذەکەی کتێبێ بێنێ لە لای شێخیدا باش بینوێنێ
پاش موتالەعە و مولاحەظەی ئەو تەقریری بکا و ئیذنیش بدا بەو
لێرا پێویستە موقابەلەی تام بۆ کتێبەکەی بە کتێبی ئیمام
پێنجەمین نەوعی یاسای (تحمّل) بە کیتابەتە بۆ ڕاوی (کامل)
شێخ بۆی ئەنووسێ عەینی (مرویات) بە دەمیش ئەڵێ: ئیجازەم پێدایت
ئەمە بەهێزە وەك موناوەلە لەگەڵ ئیجازە بۆ ئەو فازیلە
بەڵام ناگاتە پایەی (سَمعنا أو حدثنا أو أخبَرنا)
گەر نووسی و پێیدا بە بێ ئیجازە حوکمی ئەمیشە ئەڵێن جەوازە
موختار لەم نەوعا (کتبَ لَنا) نەك (حدثنا أو أخبَرنا)
نەوعی شەشەمین ڕێگەی ئیعلامە لەبۆ تیلمیزی بە هۆش و فامە
ئەڵێ جامیعی سەحیحی کامیل ڕیوایەتم کرد لە شێخی فازیل
(فأروه عنیّ) ئەمە دروستە ڕیوایەی چونکە یاسای مەخصوصە
ئەگەر ئەو ئەمرەی نەفەرموو ئوستاد یا نەهیی لێ کرد نابێ بە ئیسناد
نەوعی حەوتەمین خاوەنی کیتاب وەسییەت ئەکا بۆ بازێ ئەحباب
ڕیوایەت بکا فڵانە کیتاب ئەمە بێ سوودە بە یاسای سەواب
هەشتەم (وجادة) یانی دەستکەوتن بۆ کتێبی شێخ لەسەر هەڵکەوتن

بێ لیقای ئوستاد یا بیستنی ئەو   یا ئیجازەدان قەدیم بێ یا نەو
لێرا هەر ئەوە ئەشێ بۆ ئینسان   بڵێ: (وجدت بخط فلان)
یاخود (وجدت فِي كتابه   أو قد قرأت من كتابه)
لەمە زیاتر دەعواو ئیزافە   دوورە لەو کەسە خاوەن ئینسافە

ڕیوایەتی حەدیس بە مەعنا

بزانن کاتێ ڕیوایەی حەدیس   لەسەر مەعنا بێ نەك نەسسی نەفیس
ئەمە بۆ نەزان حەرامە حەرام   (إذ لا يعلم المعنى بالتمام)
بەڵێ بۆ زانا بە مەعناو مەقام   دروستە بەبێ ئیخلال بە مەرام
لەگەڵ ئەوەیشا پێویستە (فِي الحال)   بڵێ: (بالمَعنى) یا (أو كما قال)

◇◇◇

٤٠ ئادابی تالیبی حەدیس ئادابەکانی تامەزرۆیانی فەرموودە[1]:

مەبەست لە ئادابەکانی داواکاری فەرمودە (طالب الحديث) ئەوەیە کە دەبێت قوتابی پێی برازێتەوە لە ئادابی بەرزو ڕەوشتی چاك کە لەگەڵ شەرەفی ئەو زانستەدا بگونجێن، کە ئەو بەدواوەیەتی، کە ئەویش فەرمودەی پێغەمبەرە ﷺ لەو ئادابانە لە هەندێکیان قوتابی و فەرموودەناس تیایدا هاوبەشن و هەندێکیشیان تایبەتە بە قوتابییەوە.

ـ ئەو ئادابانەی تالیبی حەدیس کە لەگەڵ فەرمودەناس (المُحدِّث)، تیایدا هاوبەشن:

أ. ساغ کردنەوەو پاك کردنەوەی نیەت بۆ خوای گەورە لە تامەزرۆبونیدا، بۆ دەست خستنی فەرمودە.

١. پەخشانی ئەم بابەتە لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئامادە کراوە، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی لەم بابەتەدا تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإلماع: ٤٥ وما بعدها، والإرشاد ١/ ٥٢١ ٥٢٨، والتقريب: ١٤٦ ـ ١٤٩، والاقتراح: ٢٨٠ ـ ٢٨٤، والمنهل الروي: ١٠٨، واختصار علوم الحديث: ١٥٧ ـ ١٥٨، والشذا الفياح: ١/ ٤٠٠ ـ ٤١٨، والمقنع ١/ ٤٠٧ ـ ٤١٨، وشرح التبصرة ٢/ ٣٣٢، ونزهة النظر: ٢٠٤، وفتح المغيث ٢/ ٣١١ ـ ٣٤٦، والتدريب ٢/ ١٤٠ ـ ١٥٨، وفتح الباقي ٢/ ٢٢٣، وَ قواعد التحديث: ٢٣٣ ـ ٢٣٦).

ب. بێداربوون لەوەی کە مەبەست لە دەست خستنی دا گەیشتن بێت بە مەبەستە دونیاییەکان (أبو داود) و (إبن ماجة) لە فەرمـوودەی (أبو هريرة)ـەوە، هێناویانە، کە وتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: «**مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا مِمَّا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ لَا يَتَعَلَّمُهُ إِلَّا لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنَ الدُّنْيَا، لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**»[1]، واتە: هەرکەسێك خۆی فێری زانستێك بکات لەو زانستانەی کە تەنها لەبەر خاتری خوان، بەڵام ئەم تەنها لەبەر ئەوە فێر بێت، تا بەمەبەستێکی دونیایی بگات، ئەوە ئەو کەسە لەڕۆژی دواییدا بۆنی بەهەشت ناکات).

ج. دەبێت کار بکات بەو فەرموودانەی کە دەیان بیستێ.

ـ ئەو ئادابانەی کە تایبەتن بە (قوتابی فەرمودەوە: طالب الحديث) نەك بە فەرمودەناس (الـمُحدِّث)ـەوە:

أ. دەبێت داوای موەفەقێتی (التوفيق)و سەقامگیری (التسديد)و ئاسانکاری (التيسير) و یارمەتی (إعانة) لە خوا بکات، بۆ (ضبط)کردنی فەرمودەکان و لێ تێگەیشتنیان.

ب. دەبێت خۆی بۆ ئەم مەبەستە یەکلایی بکاتەوە، وە هەموو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ دەست خستنی.

جـ دەبێت دەست بکات بە گوێ گرتن لە چاکترین مامۆستای شارەکەیەوە، کە چاکترینیان بێت لەڕووی سەنەدو زانستو دینەوە.

١. إسناده حسن، و أخرجه ابن ماجه (٢٥٢) من طريق يونس وسريج، بهذا الإسناد، وَ أخرجه ابن أبي شيبة ٧٣١/٨، ومن طريقه أخرجه أبو داود (٣٦٦٤) ، وابن عبد البر في «جامع بيان العلم وفضله» ١٩٠/١، وأخرجه السهمي في «تاريخ جرجان» ص ١٦٥، والخطيب في «اقتضاء العلم العمل» (١٠٢) من طريق سريج بن النعمان وحده، به، وَ أخرجه أبو الحسن القطان في «زياداته على سنن ابن ماجه» بإثر الحديث (٢٥٢) ، وأبو يعلى (٦٣٧٣) ، والعقيلي ٤٦٧/٣، وابن حبان (٧٨) ، والحاكم ٨٥/١، والبيهقي في «الشعب» (١٧٧٠) ، والخطيب في «تاريخه» ٣٤٧/٥ و٧٨/٨، وفي «الفقيه والمتفقه» ٨٩/٢، وابن عبد البر في «جامع بيان العلم وفضله»١٨٠/١ـ١٩٠ و١٩٠ مـِن طرق عن فليح بن سليمان، به، وَ أخرج ابن ماجه (٢٦٠) من طريق عبد اللّه بن سعيد المقبري، عن جده أبي سعيد المقبري، عن أبي هريرة، رفعه: «من تعلم العلم ليباهي به العلماء، ويجارى به السفهاء، ويصرف به وجوه الناس إليه، أدخله اللّه جهنم». وهذا إسناد ضعيف جداً، عبد اللّه بن سعيد متروك ويشهد لهذا اللفظ الأخير غير ما حديث، لكن بأسانيد ضعيفة، بڕوانه: «صحيح ابن حبان» (٧٧) .

د. دەبێت مامۆستاکەی بەگەورە بگرێت، و هەروەها ئەوەیش کە گوێی لێگرتووە، وڕێزی لێ بگرێت، چونکە ئەمە لەڕیزی زانست و هۆکارەکانی سوود وەرگرتنە، وە هەوڵی ڕەزامەندکردنی بدات، وە خۆڕاگربێت لەسەر مەینەتیەکانی ئەگەر هەیبوو.

ه. دەبێت ڕێنوێنی هاوەڵ و برادەرانی بکات، بۆ ئەوەی کە ئەوانیش لەوسودەی کە ئەم بەدەستی کەوتووە، ئەوانیش دەستیان بکەوێت، لێیانی نەشارێتەوە، چونکە شاردنەوەی سوودەکانی زانست لە قوتابیان نەگبەتییەکە، کە قوتابی نەزان و قەڵب دەیکەن، چونکە مەبەست لە دەست خستنی زانست بڵاوکردنەوەیەتی.

و. نابێت شەرم و خۆبەزل زانین جڵەوگیری لێ بکەن، لە هەوڵدان بۆ گوێ گرتن و دەستخستن و وەرگرتنی زانست، با لە کەسانێکیشەوە بێت، کە لەتەمەن و پلەدا لەو کەمتر بن.

ز. کورت بڕی نەکات لەوەدا کە تەنها گوێ لەفەرموده بگرێت و بینوسێتەوەو ئیتر زانینی و تێگەیشتنی وەلا بنێت، چونکە بەم کارە دەروونی خۆی هیلاك کردووە، ونەگەیشتووە بەمەبەستەکە.

ح. دەبێت لەگوێ گرتن و (ضبط)کردن و لێ تێگەیشتن دا، دوو کتێبە سەحیحەکە پێش بخات، و پاشان (سنن أبو داود)و (الترمذي)و (النسائي)و (السنن الكبرى)ی (البيهقي)و پاشان ئەوەی کە پێویستە لە (موسنەدەکان)و (جامیعەکان)، وەك (سنن أحمد)و (موطأ مالك)و لە کتێبەکانی (العلل)، (علل الدار قطني)و لە (ناوەکان ـ الأسماء)دا، (التأريخ الكبير ـ للبخاري) و (الجرح و التعديل ـ لإبن أبي حاتم) وە لەوانەی کە (ضبط)ی، ناوەکانی کردووە، وەك کتێبەکەی (إبن ماكولا)، و لەکتێبەکانی (غريب الحديث)، (النهاية)ی، (إبن الأثير) دیراسە بکات.

(ئادابی تالیبی حەدیس)

تالیبی عیلمی حەدیسی شەریف	ئەبێ رابگرێ دەروونی نەزیف
دەروون کاسەیە بۆ عیلمی ڕەهبەر	چۆن ئەبێ پڕبێ لە ژاری خەتەر؟
هەتا بتوانێ بە یاریی خودا	دڵ پاکاتەوە لە فیتنە و سەودا
ئیخلاس بۆ خودا بکا بە مایە	بە مایە ئینسان ئەگا بە پایە

تەزکیەی نەفسی (امارة)ی، ئینسان   فەرزە لە خوڵکی ناچیزی نوقسان
(حقد وحسد و بخل و استکبار   عجب وغرور) و سومعەی ناهەموار
لە تاوی غەزەب لە شەهوەت ڕانی   لە هەوای فیسق و کاری نادانی
لە باقی وەسفی ڕەذیلەی ئینسان   ئەگەر ڕێکەوێ فەزلە بۆ ئینسان
ئەسبابی ئەمەیش فەیزی خودایە   ئەمجار سوحبەتی خاوەن تەقوایە
خاوەن تەقوایێ ئەهلی ڕەشاد بێ   یانی لایقی پایەی ئیرشاد بێ
پاش ئەوە تەرکی کردەوەی حەرام   بە دەست بە زمان بە باقی ئەندام
ئەمجارە ئەدای هەموو واجبات   جا سوننەت نەخسوس لە (مؤكدات)
ئەدەب لە ئوستاد هەم لە ڕەفیقان   تایبەتی لەگەڵ بەرزە سەدیقان
جا میهرەبانی و دڵسۆزی و ئینساف   ئیصلاحی (ما بیْن) لە کاتی خیلاف
قەناعەت کردن بە قووتی شەخسی   (مسخر) نەبوون بۆ هەوای نەفسی
عیززەتی نەفس و خوڵکی سەخاوەت   ئینسان بەرز ئەکەن لە بۆ سەماوات
با شەرم و حەیا نەبن بە مانیع   لە پرسیاری مامۆستای جامیع
تا حاڵی نەبی لەوەی ئەیخوێنی   نەکەی لەو جێگا هەنگاو هەڵبێنی
ئەو دەرزە خوێندت لێی غافڵ مەبە   لە (حل و تحقیق) قەت ماتڵ مەبە
عیلم دێتە جێ بە (مُمارسة)   بە حیفزی (متون) یا (مدارسة)
کەتمی فەوائید مەکەن لە یاران   سەخی بن وێنەی هەوری بەهاران
تەحقیقات بکەن بە (مُجاملة)   بە شێوەی شیرین بێ (مُجادلة)
ئەوەی دەروونی یاران ڕێش ئەکا   چاوی دڵی خۆی خاوەن ئێش ئەکا
زۆر کەس بێ بەش بوون لە بەهرە و پایە   بە (مُجادلة)ی، بێ سوود و مایە
ئەمە بوو ئاداب بۆ شەخسی تالیب   لە بۆ (مکاسب) یا بۆ (مواهب)
(وفقنا الله لِحسن الآداب   مع الأَصحاب وَ مع الأَحباب)

٤١ ئادابەکانی فەرمووودەناس ئادابی (مُحَدِّث)[١]

لەبەر ئەوەی سەرقاڵ بوون بە فەرمودەوە، لەگەورەترینی نزیك کەوتنەوەکانە لە خوای گەورە، وە پیرۆزترین پیشەیە، پێویستە لەسەر کەسێك کە پێوەی خەریکەو لەناو خەڵکیدا بڵاوی دەکاتەوە، خۆی برازێنێتەوە بە چەند ڕەوشتێکی باش و خویەکی جوان، وە دەبێت نموونەیەکی ڕاستگۆیانە بێت بۆ ئەوشتانەی کە فێری خەڵکیان دەکات، و پێش ئەوەی فەرمان بکات بەکەسانی‌تر کە ئەنجامیان بدەن، خۆی بیانکات.

ـ دیارترینی ئەو شتانەی کە دەبێت فەرمووودەناس خۆی پێ برازێنێتەوە پێیان:

أ. ساغکردنەوەو پاککردنەوەی نیەت و پاککردنەوەی دڵ لە مەبەستە دونیاییەکانی، وەك کورسی پەرستی و ناودەرکردن.

ب. دەبێت گەورەترین مەبەست‌و مەرام و خەمی بڵاوکردنەوەی فەرمودە، وگەیاندنی بێت لە پێغەمبەرەوە ﷺ و مەبەستیشی پێی دەستکەوتنی پاداشتی فراوان بێت.

ج. نابێت هەستێ بە گێڕانەوەی لە کاتێکا کە کەسێکی بەتەمەن‌تر و زاناتر لەو ئامادەبن .

د. دەبێت کەسێك کە پرسیاری لێکرد لە شتێك دەربارەی، ئەگەر زانی ئەو شتانە لەلای کەسێکی‌تر هەیە، دەبێت ڕەوانەی لای ئەو کەسەی بکات.

هـ. نابێت ڕێگا بگرێت لەگێڕانەوەی کەسێك لەبەر ئەوەی کە نیەتی ساغ نییە، چونکە سابەڵکو فەرمووودەکە ساغ بێت.

و. دەبێت کۆڕی دانیشتن بگرێت بۆ ئیملاکردنی فەرمووده و فێرکردنی خەڵکی ئەگەر توانای ئەوەی هەبوو، چونکە ئەمە باڵاترین پلەی گێڕانەوەیە.

ـ ئەو شتانەی کە کردنیان سوننەتە، لە کاتی ئامادەبوونی کۆڕی خوێندنەوەدا:

أ. دەبێت پاك‌و بۆن خۆش بێت و ڕیشی دابێنێت.

١. پەخشانی ئەم بابەتە لە لایەن لێکۆڵەرەوە ئامادە کراوە.

ب. ده‌بێت به‌ جێگیری دابنیشێت و به‌هه‌یبه‌ت و شکۆیه‌که‌وه‌، ئه‌مه‌ش بۆ گه‌وره‌ ڕاگرتنی فه‌رموده‌کانی پێغه‌مبه‌رﷺ .

ج. ده‌بێت ڕوو له‌سه‌رجه‌م ئاماده‌بوان بکات، نه‌ك ته‌نها که‌سێك تایبه‌ت بکات، جگه‌ له‌که‌سانی تر، و ته‌نها ڕوو له‌و بکات.

د. ده‌بێت سه‌ره‌تای مه‌جلیسه‌که‌ی و کۆتاییه‌که‌ی به‌ سوپاسی خوداو درووود له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌رﷺ و نزایه‌ك که‌ بۆ ئه‌و حاڵه‌ته‌ بشێت ده‌ست پێ بکات.

ه. ده‌بێت له‌و شتانه‌ دوور بکه‌وێته‌وه‌ که‌ عه‌قڵی ئاماده‌بوان وه‌ری نه‌گرێت، یان له‌و شتانه‌ی که‌ له‌ فه‌رمووده‌که‌دا لێی تێ ناگه‌ن.

و. ده‌بێت کۆتایی خوێندنه‌وه‌که‌ به‌ چیرۆك و شتی نامۆ کۆتایی پێ بێنێت، ئه‌مه‌ش بۆ ساف کردنی دڵه‌کان و لابردنی خه‌وی غه‌فڵه‌ت و بێ ئاگایی.

ـ ئه‌و ته‌مه‌نه‌ چه‌نده‌ که‌ ده‌بێت فه‌رموده‌ناس تیایدا ده‌ست به‌ گێڕانه‌وه‌ی فه‌رمووده‌ بکات؟

ڕاجیایی هه‌یه‌ له‌مه‌دا:

أ. گوتراوه‌ له‌ په‌نجاساڵیدا و گوتراو یشه‌ له‌ چل ساڵیداو قسه‌ی تریش گوتراوه‌.

ب. به‌ڵام گوته‌ی سه‌حیح ئه‌وه‌یه‌ که‌ هه‌رکات ئه‌هلی ئه‌و کاره‌ بوو، وه‌خه‌ڵکان پێویستیان به‌وه‌ هه‌بوو، که‌ له‌ لای ئه‌مه‌، ئه‌وا داده‌نیشێت، بۆ گێڕانه‌وه‌ له‌هه‌رته‌مه‌نێکدا بێت.

ـ به‌ناو بانگترین کتێب له‌م باره‌یه‌وه‌:

أ. (الجامع لأخلاق الرّاوي و آداب السامع)ـی، (الخطيب البغدادي).

ب. (جامع بيان العلم و فضله وَ ما ينبغي فِي روايته وَ حَمله)، دانراوی (إبن عبدالبَرّ).

ئادابی (مُحَدِّث)

موحەددیس کاتێ بۆخۆی پێ گەیشت — لە ڕۆحی مەعنا بە حەق تێ گەیشت
هەرکەس تالیب بێ بۆبەیانی ئەو — ئیفادەی فەرزە لە سەر شانی ئەو
تەمەنی ئوستاد ناکرێ بە مەبەست — سی بێ یا چل بێ پەنجا بێ یا شەست
بەڵێ بۆ بەرزی مەقامی ئیرشاد — بە (کهل)ی، باشە ئیفادەی ئوستاد
چاك وایە لەبۆ شەخسی موحەددیس — ڕابگرێ یاسای (شأن و مقاییس)
کە لەو زاناتر بێ لە شارا — نەبێتە تەحدیث بەبێ مودارا
ڕیعایەی ئەدەب فەرزە بۆ ئینسان — ئینسان بە ئەدەب ئەگا بە ئیحسان
مەنعی عیلمی خۆی نەکا لە موحتاج — بەڵێ بۆ تەعلیم دابنێ (منهاج)
ئەگەر زاناتر لە خۆی ببینێ — ئەو کەسە لە بۆ تالیب بنوێنێ
ئەگەر وەها بوو کە موحتاج بوون بەو — بە (اشعاع)ی، عیلم دەربخا پڕتەو
بۆ هەر مەوزووعێ شایع یا نەفیس — ئیحضارات بکا پێش کاتی تەدریس
ویستی بێتە سەر تەحدیث بۆ ئەنام — دەستنوێژێ بگرێ خێرە بۆ ئیسلام
لە پاش دوو ڕکات سوننەتی (وضو) — بێ بۆ مەقامی تەدریسەکەی زوو
ڕوو لە قیبلە بێ بە قەدەر ئیمکان — موخلیص بێ لەبۆخودای (لا مکان)
لە پاش (بسم الله) و پاش حەمد و سەلام — دەس بکا بە دەرس بە یاری (علاّم)
پەلەپەل نەکا دەرزی ئارام بێ — با عیبارەتی مەفهوومی عام بێ
بە دڵسۆزانە بێتە سەر وتار — خۆی مەلوول نەکا لەسەر پرسیار
بێ جەوابی حەق هەڵ نەسێ لە جێ — مادام جەوابی بۆ (مُمکِن) بێ
جەزای هەر حەرفێ تا حەوسەد خێرە — زیاتریش لەلای خودا بژمێرە
جەزای کەلیمەی (طیّبة)ی، ئینسان — نەیلی ڕەحمەتە فەوزە بە ئیحسان

٤٢ ـ باسی هاوەڵان رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ:[١]

ئەوەی قەرار دراوە لە لای موحەددیسیندا: سەحابی عیبارەتە لە موسوڵمانێ کە حەزرەتی (مُحمّد المصطفی ـ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)ی، چاو پێ کەوتبێ یا حەزرەت چاوی بەو کەوتبێ، پیاوبێ یا ژن، گەورە بێ یا بچووك هەرچەند منداڵی ناو بێشکەش بێ، چونکە مەبەس لە سەحابی ئەوەیە بەو پایە و شەرەفی (رؤية و ملاقاة)ـە، فائیز بووبێ، وە ئەوەی کە ئەڵێن: سەحابی ئەبێ سوحبەتی بۆ حەزرەت بوو بێ لە ماوەی ساڵێ یا زیاترداو (مُجالسة)ی، بووبێ لەگەڵیا، ئەوە عورفی عولەمای ئوسوولە، وە لە واقیعدا ئەو نەوعە کەسانە شەرەفیان زۆرە، بەڵام موحەددیسەکان مەبەستیان شەرەفی سوحبەتەو بەس.

گەیشتن بە شەرەفی سوحبەت ثابت ئەبێ بە (تواتر)، وەکو سوحبەتی گەلێ لە ئەسحابەکان، وە یا بە شۆرەت کەمتر لە (تواتر) وە یا بە ئەخباری ئاحاد وەکو نووسراوە لە کتێبەکاندا.

بزانن کە ئەسحابی کیرام سیفەتێکی شەرەفیان هەیە عیبارەتە لەوە کە پرسیار ناکرێ لە عەدالەتیان، واتە: یەکێ ناتوانێ (تردد) بکا و بپرسێ لە وەجهی عەدالەتیان، لەبەرئەوە تەعدیل کراون بە نەسسی کیتاب و سوننەتی نەبەوی و ئیجماعی ئەو موسڵمانانە کە ئیعتیباریان پێ ئەکرێ لە ئیجماعدا، جا نەسسی ئایەت زۆرن:

یەکەم ئایەتی ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾[٢]، موفەسیرەکان ئیتتیفاقیان بووە کە ئەم ئایەتە لە شەئنی ئەسحابی پێغەمبەردا صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وارید بووە، وە ئەگەر (تنازل) بکەین (جدلا) کە بۆ هەموو ئوممەتی حەزرەتە، ئەمجارە ئەوانیش داخڵن لەو کۆمەڵەی ئوممەتەدا، وە بە موباشەرە ئەو خیتابە ڕوو لە ئەوان ئەکا، وە زیاتر لەوە ئاخری ئایەتەکە نیشانەیەك بەیان ئەکا، وەکو: ئەمر بە مەعرووف و نەهیی لە مونکەر کە لەواندا بە ساغی

١. بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٢٢ ـ ٢٥، والكفاية: (٩٣ ـ ١٠٢ تَ، ٤٦ ـ ٥٢ هـ ـ)، والإرشاد ٢/ ٥٨٤ ـ ٦٠٥، والتقريب: ١٦٢ ـ ١٦٥، واختصار علوم الحديث: ١٧٩ ـ ١٩١، والشذا الفياح ٢/ ٤٨٣ ـ ٥١٨، والمقنع ٢/ ٤٩٠ ـ ٥٠٥، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٥ ـ ٥٦، وفتح المغيث ٣/ ٨٣ ـ ١٣٨، وتدريب الراوي ٢/ ٢٠٦ ـ ٢٣٣، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٧١، وفتح الباقي ٣/ ٢ ـ ٤٤، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٢٦ ـ ٤٧١، وظفر الأماني ٤٩٦ ـ ٥١٣).

٢. آل عمران: ١١٠

هاتووەتە جێگە و بەری (معروف) کە ئیمانە و ناشیرینترینی (منكرات) کە کوفرە، ئەوان بە ئەمر و نەهیی موعالەجەیان کردووە.

دووەم ئایەتی ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴾[1]، وە ئەم ئایەتە خیتابە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لەو ڕۆژەدا حازر بوون بۆ بەجێهێنانی ئادابی دینی ئیسلام، جا کۆمەڵێ کە خودا بیان کا بە شاهیدی کردەوەی ئادەمیزاد و حەزرەت بکا بە شاهید لەسەر پاکی ئەوان ئەبێ پایەی عەدالەت و سەربەرزییان ثابت بێ.

سێیەم ئایەتی ﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ۖ تَرَاهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا ۖ سِيمَاهُمْ فِي وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ السُّجُودِ ﴾[2]، ئیستە ئەم ئایەتە شەریفە بەر لە هەموو شتێ ئیعلانی بازێ سیفاتی عالیە ئەکا بۆ ئەسحابی پێغەمبەر ﷺ کە هەر بۆ ئەوان لایقە، وەکو ئەوە کە ئیمانیان ئەوەندە ساغە و بە قووەتە خاوەن شیددەتن بەسەر موخالیفانی ئیسلامدا و لە بەینی خۆیاندا میهرەبانن، وە دەربارەی عیبادەتکردن (مواظب) و خاوەن ئیستیقامەتن بە نەوعێ کە نیشانەی نووری ئیمان و عیبادەت لە ناوچاوانیاندا دیارە لەگەڵ ئەوەدا بە عیبادەتی خۆیاندا نانازن و داوای فەزل و ڕەحمەت و ڕەزا لە خودا ئەکەن، وە خودا بەمە ئیکتیفای نەکردووە و باسی ئەوەی کردووە هەرچەند ئەم سیفاتە هەیە بۆیان و لە (تەورات)دا، هەیە لە (ئینجیل)یشدا، ئەحواڵێکی تریان هەیە و بەیانی کردووە، وە پاش ئەمانە وەعدەی (مغفرة) و ئەجری گەورەی پێداون، جا بە ئینساف ئینسان تەماشای ئەم ئەوسافانە بکا بۆ ئەو ئەسحابە کیرامانە، ئەزانێ ئەمانە لە ئەشراف و ئەخباری ئوممەتی ئیسلامن، چونکی بۆ هیچ تەبەقەیەك لە تەبەقاتی ئوممەتی ئیسلام ئەم جۆرە تەعریفە نەکراوە و وەعدەیشی بۆ (مغفرة) و ڕەزای لەوان حەققە و موافیقی واقیع و (نفس الأمر)ە، و ئەو زاتانە ئەجری عەزیم و پایەی بەرزیان هەیە لەلای خودای تەعالا لە دونیا و قیامەتدا ـ رضي الله عنهم أجمعين ـ

١. ئایەتی ١٤٣ لە سوورەتی (البقرة).

٢. ئایەتی ٢٩ سورەتی (الفتح).

چوارەم ئایەتی ﴿لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ﴾[١]، ئەم ئایەتە نازڵ بوو لە شەئنی ئەوانەدا کە (بیعة)یان، کرد بە حەزرەت ﷺ و ژمارەیان لە هەزار و چوار سەد زیاتر بوو، لەو کاتەدا قورەیشییەکان مەنعی حەزرەتیان کرد لە چوونە ناو شاری مەککە بۆ بەجێهێنانی عەمرە، وە لە کاتی (بیعة)ـەکەدا، لەبەرئەوە کە عوسمانی کوڕی عەففان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ چوو بوو بۆ شاری مەککە دەستی خۆی دانا لەناو دەستی خۆیدا بە ئیعتیباری ئەوە دەستێکی دەستی خۆیەتی و ئەو دەستەکەی دەستی عوسمانە، تەماشای ئەو سوێندە بکەن کە خودا دەربیڕیوە لەسەر ڕەزامەندی خۆی لەو کۆمەڵە ئەسحابە، وە تەماشای ئەو وەعدە بە نەسرەت و غەنیمەتە بکەن بۆیان و خودا جێبەجێی کرد بە ماوەیەکی کەم.

پێنجەم ئایەتی ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُم بِإِحْسَانٍ رَّضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾[٢]، هەر موسڵمانی کە فام و ئیمان و ئینسافی ببێ و تەماشای ئەم نەسسە جوانە بکا لە شەئنی ئەو کۆمەڵە موهاجیرین و ئەنسارە و پەیڕەوەکانیاندا بە دڵ تەسدیق و باوەڕ ئەکا بەوە کە هیچ کەس لە موسڵمانان ناگاتە پایەی ئەوان، وە ئەوان لە هەموو کەسێ لە ئوممەتدا پایە بەرزترن.

وە بۆ تەحقیقی سیفەتی (سابقین) لە موهاجیریندا ئیتیفاق هەیە لەسەر ئەوە هەر موسڵمانێ لە پێش تەحویلی قیبلە لە (بیت المقدس)ـەوە، بۆ لای (کعبة)ی، شەریفە هیجرەتی کردبێ بۆ مەدینەی مونەوەرە ئەوە لە (سابقین)ـە، وە ئەو قسەیە لە پاش ساڵێك و شەش مانگ لە هیجرەت هاتە جێگە، وە بەعزێ ئەفەرموون: ئەهلی غەزای بەدرە، وە بازێ ئەڵێن: ئەهلی (بیعة الرضوان)ـە، وە (سابقین) لە ئەنسار ئەهلی (عقبة)ی، یەکەم و دووەم و سێیەمە بە ئیزافەی ئەوانە کە لە ئەووەڵی وسوولی حەزرەت ﷺ بە مەدینەی مونەوەرە یارمەتی و خزمەتیان کرد هەتا دامەزراو مزگەوتی کردەوە، وە

١. سوورەتی (الفتح / ١٨)

٢. سوورەتی (التوبة/ ١٠٠).

جوملەی ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ﴾ شامیل دێ بۆ باقی موهاجیرین و ئەنسار و بۆ تەبەقەی تابیعین لە پاش سەحابە، وەکو لە کتێبە تەفسیرەکاندا نووسراوە.

وە دەلیل لە حەدیسی شەریفدا گەلێکە (من جُملة) حەدیسی ئەبو سەعید کە بوخاری لە (فضائل الصحابة)دا، ڕیوایەتی ئەکا، حەزرەت ﷺ فەرمووی: «**لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِي، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ، ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ، وَلاَ نَصِيفَهُ**»[1]، دیارە زیادی ئەجری سەرفی مشتێ لە لایەنی یەکێ لەوانەوە لەسەر ئەجری سەرفی میقداری کێوی (ئوحود) لە ئاڵتون لەبەرئەوەیە کە ئیمانی ئەسحابەکان بەهێزترە لە ئیمانی غەیری ئەوان، چونکی ئەجری عەمەل بە قەد ئیخلاس و هێزی ئیخلاس تابیعی هێزی ئیمانە.

وە بە دلیلی عەقڵی هەر عاقڵێ تەماشای کردەوەی ئەسحابان بکا شوبهەی نامێنێ لە پایە و مەقامیاندا:

یەکەم: قبووڵی ئازار و زەحمەت لەسەر ئیسلام لە ئەووەڵی ئیسلامەوە، وە هیجرەت کردنی بازێکیان بۆ حەبەشستان دوو جار و هاتنەوەیان بۆ حیجاز.

دووەم: ئەوە کە کافرەکان دەریان کردن لە نیشتمان و جێگە و ڕێگەی خۆیان و کۆچیان کرد بۆ مەدینەی مونەوەرە و قبووڵی غوربەت و زەحمەتیان کرد.

سێیەم: ڕۆحی خۆیان سەرف کرد لە جیهاددا بۆ بەرزکردنەوەی دینی ئیسلام و دینی ئیسلامیان گەیاند بە عالەمی مەشریق و مەغریب.

چوارەم: یەکەم سەرۆکیان ئەبوبەکری صدیق ـ رضي الله عنه ـ لە پاش وەفاتی حەزرەت کە قەبائیل (مرتد) بوونە و مەنعی حقووقیان کرد ڕامی کردن و فیتنەی (مسلیمة الکذاب)ی، کوژاندەوە کە ویستی دینی ئیسلام بەرباد بکا، وە قورئانی کەریمی گردکردەوە ئایەت بە ئایەت و سوورەت بە سوورەت. دووەم سەرۆکیان عومەری کوڕی خەتتاب ـ رضي الله عنه ـ فەتحی (جزیرة العرب) و شام و میسر و ئێرانی تەواو کرد، بە نەوعێ ئەگەر ئەو (فتوحات)ـە، لەو چەرخەدا نەکرایە ئیسلام دانەئەمەزرا. وە سەرۆکی سێهەم عوسمانی کوڕی عەففانە ـ رضي الله عنه ـ بێجگە لەوە دوو جار بە هۆی سەرفی دارایی خۆیەوە لە سەندنی

---

١. صحيح البخاري، فەرموودەی ژمارە (٣٦٧٣).

بیری (رومة) بۆ مسوڵمانەکان و سەرفی ماڵ لە سوپای (جیش العسرة)دا، کە حەزرەت ﷺ فەرمووی: **(اشْتَرَى الْجَنَّةَ مَرَّتَيْنِ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ)**[١]، وە بێجگە لەوە ئەوەندە موحتەرەم بووە لە لای حەزرەت کە یەك لە دوای یەك کچی خۆی لێ مارە کردووە، ئەو زاتە هات هەموو موسڵمانانی لەسەر یەك لەهجە قیرائەتی قورئان گردکردەوە و شەش نوسخەی قورئانی لەسەر لەهجەی قورەیش نووسیەوە بە ئیهتیمام و لوجنەی بۆ ئەم کارە دامەزراند و حەزرەتی عەلی (کرم الله وجهه) یەکێ بوو لەو لوجنەیە. وە ئەگەر عوسمان ئەم خزمەتەی نەکردایە هەر لە سەدری ئیسلامەوە مەخلووقی موسڵمانان لە خوێندنەوەی قورئاندا ئیختیلاف و پەرێشانی ئەکەوتە ناویان. خولاسە ئەم زاتە گەورە مەقامانە بەم ئەعمالە مەردانانە ئیسلامیان پاراست و پایەی دەوامیان بۆ داناو حەزرەتی عەلی (کرم الله وجهه) لە هەموو ئەم فرمانە مەردانانەدا (معاون) یارمەتیدەر و (مناصر)یان، بووە هەتا ئیسلام شەخسییەتی دامەزرا ـ والحمد لله.

وە سەرۆکی چوارەم حەزرەتی عەلی (کرم الله وجهه) لە پاش وەفاتی حەزرەت ﷺ و چەند رۆژێ دڵپەرێشانی لە (متوفی) بوونی ئەو هاتە مەیدانەوە بۆ ئیطاعە و فەرمانبەرداری یەکەم خەلیفە، وە لە قیتالی ئەعراب و (مسیلمة الکذاب) و باقی موهیمماتدا ئەوەی کە لە ئیمکاندا بێ موناصەرە و موساعەدەی کرد و بەشی خۆی لە (غنائم)ی، (واقعة یَمامة) یەکێ لەوانە جاریەی (حنفیة) بوو کە بوو بە (أم الولد) و موحەممەدی لێ (تولد) بووە کە ئەعلەمی عولەمای ئال بووە، ئیللا (ابن عباس ـ رضي الله عنه ـ) وە لە زەمانی خەلیفەی دووەم (عمر بن الخطاب) بە هەموو نەوعێ موافەقە و موانەسەی نیشان داو (أم کلثوم)ی، کچی خۆی بۆ مارە کرد، وە لە موهیمماتی ڕاوێژدا حاضر بوو، وە پاش وەفاتی عومەر (بالذات) ئیمامی عەلی خۆی یەکێ لە ئەهلی (شوری) کە ئیختیاری (عثمان بن عفان) کراو تەبریکی کرد و ئیطاعەی کرد و لە ڕاوێژدا

---

١. حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء، أبو نعیم أحمد بن عبد الله بن أحمد بن إسحاق بن موسى بن مهران الأصبهاني (المتوفى: ٤٣٠هـ)، الناشر: السعادة ـ بجوار محافظة مصر، ١٣٩٤هـ ـ ١٩٧٤م، دار الکتب العلمیة ـ بیروت (طبعة ١٤٠٩هـ بدون تحقیق)، ٥٨/١.

بوو، وە لـە جەمعی قورئانـدا حـازر بوو، وە ئەو قورئانەی لـە لای بوو تەسلیمی لوجنەی کـرد، وە لـە عەسری خەلافەتی خۆیـدا ئەوەی کـە لـە ئیمکانـدا بـوو لـە خزمەتی دینی ئیسلام جێبەجێی کـرد و هەمـوو خولەفـا لـە یەك ڕازی بـوون و دۆعای خێـریان بۆ یەك ئەکـرد (رضوان اللّه تعالى عليهم أجـمعيـن) وە لـە پاش ئیستیشـهادی خەلیفەی چـوارەم وەکو خەلیفـەی سێیەم و دووەم بـە ئیتییفاقـی حاضـریان حەزرەتی حەسـەن ـ رضي الله عنه ـ ئیستیخلاف کـراو شەش مانگ لەسـەر پایـەی خەلافـەت بوو، جا بە ئیختیـاری خۆی تەنازولی کـرد، لەبەرئـەوە موشـاغەبە لـەناو موسڵمانانـدا دەوام نـەکا، وە لەسـەر تەتبیقی فەرمـوودەی حـەزرەت ﷺ «**إِنَّ ابْنِي هَذَا سَيِّدٌ وَلَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يُصْلِحَ بِهِ بَيْنَ فِئَتَيْنِ عَظِيمَتَيْنِ مِنَ الـمُسْلِمِينَ**»[١] ـ رضي الله عنهم أجـمعيـن ـ).

◈◈◈

باسی ئەصحابی کیـرام رضي الله عنهم

کاتـێ حاڵـی بـوون لـەم موهیمماتـە — بێـن دڵ ڕابگـرن لـەم کەلیماتـە

ڕیوایـەی عامـەی عولەمـای (أبـرار) — لـە سـەحابەوە بۆمـان هاتـە خـوار

ئەوانـن لەسـەر ئیختیـاری حـەق — کـران بـە سـوپای تەوحیـدی (مطلـق)

بـەوان ڕوونـاك بـوو جیهانـی تاریـك — ئادەمـی دەرچـوون لـە تۆزی تەشـریك

ئـەوان هـاوڕازی شـاهی (رسـل) بـوون — بـۆ سـەرفەرازی دەلیلـی (کلّ) بـوون

ئەبـێ بزانـن سـەحابی کێیـە — تاریفـی چییـە و خەڵکـی کام جێیـە؟

(حقوق)یـان، زۆرە لـە سـەر مسـوڵمان — قـەت تـەواو نابـێ سوپاسـیان بۆمـان

واجبـی ئینسـان وەفایـە وەفـا — هەرگیـز بـێ وەفـا نـاگا بـە صەفـا

نیسـبەت بـە مانـە ڕیعایـەی وەفـا — وەفایـە لەگـەڵ (منبـع الصفـا)

◈◈◈

---

١. صحيح البخاري، فەرموودەی ژمارە (٢٧٠٤).

تەعریفی سەحابی

سەحابی زاتی (مؤمن) بە ڕەسوول — پێی گەیشتبێ بۆ بارەی (وصول)
هەردوو لەبۆ یەك یا ئەم وە یا ئەو — (رؤیة)ی، بیێ بۆ ئیلقای پڕتەو
سوحبەت ساتێ بێ یا مانگێ یا ساڵ — بە هەر وەزعێ بێ بە هەر شێوە و حاڵ
سەفەر و غەزا و ڕیوایەی هەبێ — یا ئەم وەسفانەی لەگەڵدا نەبێ
پێی ئەڵێن (صاحب) لای موحەددیسین — (رضی اللّه عنهم أجمعین)
تەسەوور مەکەن شەرەفی سوحبەت — پێویستی بێ بە توولی موددەت
یاخود بە جیهاد یا بە ڕیوایە — هەرچەندە عورفی (أصولی) وایە
بۆ داخی ناریی فەرزە زەمانێ — بۆ داخی نووریی کافییە ئانێ
کاتێ دەرکەوێ لەمحەیێ پڕتەو — کافییە لەبۆ بۆی سوحبەتی ئەو
بەڵێ (تفاوت) هەیە لە ناوا — بۆ کەم و زۆری سوحبەت لە چاوا
لەبۆ ڕیوایەی حەدیسی شەریف — لەبۆ جیهادو (تعب و تکلیف)
بەڵام سوحبەتی عالی جەنابی — کافییە لەبۆ فەزلی سەحابی

◈◈◈

عەدالەتی ئەصحابی کیرام

هەموو ئەسحابی شای (خیر البشر) — عادلن بە نەسس لە ئایە و خەبەر
بە چەن (أدلة)ی، سەریحی نەقلی — بە چەن بورهانی سەحیحی عەقلی
بازێ بۆ (عموم) بازێ بۆ (خصوص) — دەلیلی وازیح لە عەینی (نصوص)
ئایەتی (کنتم خیر أمّة) — بورهانە ئەگەر خاوەن هیممەتی
خیتابی زاتی باری تەعالا — لەگەڵ ئەوان بوو دەرەجەی (أولی)
خوا ناوی بردن بە (خیر الأمة) — ئیتر لە ناوا نەماوە (غمة)
نامێنێ گومان لە جەلالەتیان — لە بەرزی پایە و لە عەدالەتیان

ئەسحابی حەزرەت شوهەدای خودان — لەسەر ئوممەتان لە عەرزی مەیدان
شوهەدای خودا بە بێ عەدالەت — نابێ مەر لە لای ئەهلی جەهالەت
حەزرەتی ڕەسوول بە ئەمری خودا — بۆ سیدقی ئەوان شەهادەت ئەدا
ئەسحاب (شهدا) وحەزرەت (شاهد)ـە — لەبۆ عەدالەت چەن (مساعد)ـە
ئایەی (مُحمّد رسول الله) — بۆ هەموویانە بە خاوەن جاهی
مەثەلی تەورات مەثەلی ئینجیل — ناهێڵێ بۆ کەس دەسیسە و تەئویل
ئایەتی (لقد رضي اللهُ) — بۆ ئەهلی بەیعەی (رضوان) بەهابوو
سوێندی ئەکیدی خوا لەسەر ڕەزا — (مُحکم)ـە، وێنەی ئیبرامی قەزا
(والسابقون الأولون من) — بخوێنێتەوە ئینسانی (مؤمن)
ئەزانێ خودا بەشارەی داوە — بەهەشت بۆ ئەوان حازر کراوە
نەسخ مەحاڵە بۆ ئەخباری حەق — مەعنای (مُحکم)ـە، ڕاست و (مُحقق)
(حسبك الله ومن اتبع — كاف لعبد بالعقل استمع
ثاني اثنين إذهما في الغار) — بۆ ئەبوبەکرە و ڕەسوولی نازار
حەدیسی (لعلّ الله اطلع) — بۆ ئەهلی بەدرە (فانتبه واسمع)
بێجگە لەمانە ئایەت و حەدیس — زۆرن بۆ مەدحی سەحابی شەریف
نامەوێ تەتویل بدەم بە کەلام — بۆ یاران ڕەزا و بۆ ڕەهبەر سەلام
با دەلیلێکی عەقڵیش بێتە بەین — بۆ نووری عەین و بۆ تەنویری زەین
(عقلا) ڕەسوولێ ریسالەی عام بێ — وەکو عەلەمی (فوق الأعلام) بێ
دینی (ناسخ) بێ بۆ هەموو ئەدیان — حوکمی باقی بێ تا ئاخر زەمان
دەستووری دینی کەلامێ وابێ — هەمو سی ئایەی ئیعجازی تیا بێ
کەس موعارەزەی نەکا بە قەدەر — لە بەلیغانی (جنی) یا (بشر)
ئەبێ ئوممەتی ئوممەتێ وابێ — لە بۆ ئەو دینە هاو (مستوی) بێ
واتە میللەتی چۆن هەر ئەمینێ — ئەبێ ئوممەتی وا خۆی بنوێنێ

لە گەلی وادا ئەوەی (أکبَر)ـە   هاوچەرخەکانی زاتی ڕەهبەرە
چونکی مەعلومە کە یارانی ئەو   ئەووەڵ ئاوێنەن بۆ عەکسی پڕتەو
کە وابوو ئەسحاب (خَیْر الأمة)ن   بۆ دین و دونیا خاوەن هیممەتن
تەماشایێتر بەرەو حەقیقەت   یانی بۆ یاسای سەیری تەبیعەت
ئەشرەف گەلێکن مونکیری خۆبن   خاوەن ئەخلاق و خۆش گوفتوگۆبن
بۆ دامەزرانی دینی خودایی   بە مەعنای واقیع بینە فیدایی
ئەمە سیفەتی یارانی ئەو بوو   لە هیچ گەلێکدا ئەم حاڵە نەبوو
چونکی بۆ خودا بوون بە فیدایی   دایاننا هەموو مایە و دارایی
هەتا ئەم دینە دامەزرا بە حەق   گەیشتە ئێمە تەبەق بە تەبەق
نەزەر بە دیقەت لە حاڵی ئەوان   کارو ئەخلاق و کەماڵی ئەوان
ئەوەی لایق بوو بۆ پایەی ئیسلام   لە عیلم و عەمەل لە ئیخلاسی تام
گەلێ کاتب بوون بۆ (خیر البشر)   گەلێ قورئانیان هەموو کردەبەر
گردیان کردەوە لەسەر ئیهتیمام   پاش فەوتی حەزرەت (علیه السلام)
هەتا نەفەوتێ شادەستووری دین   سەرگەردان نەبن جوملەی (مسلمین)
(ایضا) جارێتر پاش ماوەی چەن ساڵ   گردیان کردەوە بە ئیخلاسی حاڵ
بۆ لوجنەی بەرزی یارانی ئەمین   عەلی یەکێ بوو لە لوجنەی تەمکین
لەسەر لوغەتی فەسیحی قوڕەیش   (أفصح الناس أعلاهم فِي العیش)
عالەم کەوتە سەر تەنها یاسایێ   ئیختیلاف نەما لە ڕووی دونیایێ
خزمەتی وەها کێ ئەیکا بۆ دین   بۆ پاراستنی ئەحکامی ئایین
ئەگەر ئەم کارە لای نائەمین بێ   ئەبێ ئەمینی لای (خائنین) بێ
بەچکەی خاوەن ماڵ لە برسا بمرێ   بەچکەی بەد ئەحواڵ جێگەیان بگرێ
سەد (معاذ الله) لەبیری بەد حاڵ   هەر فیکری یاران ڕووی وا لە کەماڵ
کەوابێ ئەسحاب (خَیْر الأُمّة)ن   بۆ دین و دونیا خاوەن هیممەتن

بە بەرزی عیلم و بە بەرزی عەمەل
قەت غافڵ نەبوون تا کاتی ئەجەل

بە ماوەی چل ساڵ بە سوپایێ کەم
بە چەکی کەمتر لە ڕۆم و عەجەم

بە چەکی دین و عەزیمە و ئیخلاس
بۆ هەموو جیهان گەڕان بە (نبراس)

بوون بە کارەبای سەفای عالەمی
بوون بە بارەگای وەفای ئادەمی

عالەمیان داگرت لەمپەڕ و لەوپەڕ
بۆ بەنی ئادەم بوون بە خێر و فەڕ

لە هەر وڵاتێ کە دائەمەزران
ئەتوت ئەمانە بۆ عالەم بران

حوکمیان یەك بوو بۆ گەورە و بچووك
خەرجیان هەڵگرت لە گران و سووك

(مصحف) دەستوور و مزگەوت دادگا
قەراری حاکم بە حوکمی خودا

بە ماوەی چل ساڵ ئەم کارەیان کرد
کام (فاتح) وا بوو لەگەڵ دەست و برد

ئێمە چیمان کرد ئەوسا تا ئیستە
غەیری پاشکەوتن دەستە بە دەستە

هەر کەس زانا بێ لە واقیعی حاڵ
ئەزانێ یاران گەیینە کەماڵ

کەس ناتوانێ بێ شەرمی بکا
مەگەر سا ناکەس دڵ گەرمی بکا

واتە ئینسانی تەبیعەت (سافل)
دوور لە تەئریخ و وەزعی (مَحافل)

کە وابوو ئەسحاب (خَیرُ الأُمّة) بوون
بۆ دین و دونیا خاوەن هیممەت بوون

◈◈◈

تەرتیبی فەزڵ لە نێوان هاوەڵاندا رضي الله عنهم

وە تەرتیبی فەزل لە بەینی خۆیاندا وەهایە کە (عشرة المبشرة) لە باقی ئەسحابە گەورەترن و تەرتیبی خۆیان بە تەرتیبی خەلافەت قەرار داوە، ئەمجارە ئەسحابی بەدر، ئەمجار ئەسحابیی (أحد) جا ئەسحابی (بیعة الرضوان) جا باقی ئەسحابەکان رضي الله عنهم.

وە تەبەقاتیان دوازدەن:

یەکەم: ئەوانە لە ئەووەڵەوە و لە مەککەی موکەڕەمەدا موسڵمان بوون.

دووەم: ئەسحابی (دار الندوة).

سێیەم: موهاجیرینی حەبەشستان.

چوارەم: ئەسحابی عەقەبەی یەکەم.

پێنجەم: ئەسحابی عەقەبەی دووەم.

شەشەم: سابقین لە موهاجیرین.

حەوتەم: ئەهلی بەدر.

هەشتەم: ئەوانەی لە بەینی غەزای بەدر و حادیسەی (حدیبیة)دا، هیجرەتیان کرد بۆ مەککەی موکەڕەمە.

نۆیەم: ئەهلی (بیعة الرضوان).

دەیەم: ئەوانە لە بەینی (حدیبیة) و فەتحی مەککەدا هیجرەتیان کرد.

یازدەیەم: ئەوانە کە لە فەتحی مەککەدا موسڵمان بوون.

دوازدەیەم: ئەو منداڵانە کە لە چەرخی فەتحی مەککە و زەمانی (حجة الوداع)دا بە خزمەتی حەزرەت ﷺ گەیشتن ـ خودا ڕازی بێ لە هەموو ئەوان و لە ئێمەیش لەبەر شەرەفی ئەوان ـ

وە ئەووەڵی موسڵمان لە پیاوانی ئازاددا (ابوبکر الصدیق) و لە پیاوانی مەوالی زەیدی کوڕی حاریثە و لە (عبید)دا، بیلالی حەبەشی و لە منداڵاندا (علي بن أبي طالب) و لە ژناندا (أم المؤمنین = **خدیجة بنت خویلد**)ە حەرەمی حەزرەت ﷺ.

وە ئاخری ئەسحابی کیرام لە وەفاتدا (علی الاطلاق) نیسبەت بە هەموو شوێن (**ابو الطفیل عامر بن واثلة الثقفي**) کە لە شاری مەککەدا و لە ساڵی سەدی هیجریدا (متوفی) بووە، وەکو موسلیم لە سەحیحی خۆیدا فەرموویەتی[1]، وە لە مەدینەی مونەووەرەدا (سهل بن سعد الانصاری) (١) ـ وە (ابن الصلاح) ئەفەرموێت: ئاخر (متوفی) لە مەککەدا عەبدوڵڵای کوڕی عومەر بوو، کە لە ساڵی نەوەد و یەکی هیجریدا (متوفی) بووە، وە لە کوفەدا (عبدالله بن أبی أوفی) بووە کە لە ساڵی هەشتاو شەشدا (متوفی) بووە، وە لە شاری بەسرەدا (أنس بن مالك) بووە کە لە ساڵی نەوەد و سێدا وەفاتی کردووە، وە لە شاری

١. (عبدالله بن عمر) بووە.

شامدا (عبدالله بن بسر)ی، مازنی بووە کە لە ساڵی هەشتاو هەشتدا. وە گوتراویشە: لە ساڵی نەوەد و شەشدا (متوفی) بووە، وە ئەم زاتە ئاخر کەسێکە وەفاتی کردووە لەوانە کە بەرەو هەردوو قیبلەکان نوێژیان کردووە، وە بازێ کەس ئەڵێن: ئاخر کەسێ کە وەفاتی کردووە لە شامدا (**واثلة بن الاسقع**) بووە، وە لە دیمشقدا (متوفی) بووە، بازێ ئەڵێن: لە (بیت المقدس)دا، وە بازێ ئەڵێن لە شاری (حِمص)دا، لە ساڵی هەشتاو پێنجدا، وە ئاخریان لە (جزیرة)دا، (**عرس بن عميرة الكندی**) بووە، وە ئاخریان لە فەلەستیندا (أبو أبی عبدالله بن حرام) بووە ڕەبیبی (**عبادة بن الصامت**)، وە ئاخریان لە میسردا (**عبدالله بن الحارث بن الجزء الزبيدی**) کە لە ساڵی هەشتا و شەشدا (متوفی) بووە، وە ئاخریان لە شاری «**برقة**»، (**رويفع بن ثابت الانصاري**) بووە، وە بازێ ئەڵێن: لە ئەفریقیەدا (متوفی) بووە، وە ئاخریان لە (یەمامە)دا، (هرماس بن زياد الباهلی) بووە لە ساڵی سەدی هیجری یا سەد و دووی هیجریدا، وە ئاخریان لە بادیەدا (**سلمة بن أكوع**) بووە لە ساڵی حەفتاو چوار (متوفی) بووە، وە ئاخریان لە خۆراساندا (**بريدة بن الحَصب**) بووە، وە ئاخریان لە سەجەستاندا (**عداء بن خالد بن هوذة**) بووە، وە ئاخریان لە ئەسفەهاندا (**نابغة الجعدی**) بووە، وە ئاخریان لە شاری سەمەرقەنددا (**فضل بن عباس**) بووە، وە ئەڵێن (**قثم بن عباس**) بووە، وە لە شاری **واسیط** لە عێراقدا (**لُبَي**) بووە لەسەر وەزنی (قصي)، وە ئاخر (متوفی) لە بەدرییەکاندا لە موهاجیرین (سعد بن أبی وقاص)، و ئاخری عەشەرەی موبەشەرە بووە لە وەفاتدا، وە لە ئەنسارییەکان (أبو أسيد مالك بن ربيعة الساعدی) وە یا (أبو اليسر كعب بن عمر)، وە ئاخری ئەزواجی حەزرەت ﷺ (**ميمونة**)، **گوتراویشە: (أم سلمة)** بووە، (رضي الله عنها) **ـ وعن باقي الصحابة أجمعين**).

تەرتیبی فەضل

تەرتیبی یاران بۆ فەزل و تەمکین — یەکەم خولەفای بەرزی (راشدین)

لە پاش ئەمانە باقی (عشرة) — مەشهوورن هەموو بە (مبشّرة)

(سعد و سعید) و جا (طلحة و زوبێر) — (عبدالرحمن)ی، خاوەن فەزل و خێر

ئەبو عوبەیدەی (أمین الأمّة — فاضت علیهم أنواع الرّحمة)
ئەمجار ئەهلی (بدر) جا ئەهلی (أُحُد) — نائیل بە ڕەزای خودا تا ئەبەد
پاش ئەمان ئەهلی (بیعة الرضوان) — خودا ڕازی بێ لە هەموو ئەوان
ئەمجارە باقی ئەسحابی کیرام — (رضي الله عنهم الملك العلاّم)
تەبەقاتیشیان بە قەولی حاکم — دوازدە تەبەقەن خاوەن (معالم)
یەکەم: ئەوانەی لە شاری مەککە — ئیسلامیان وەرگرت بێ شوبهە و لەکە
دووەم: ئەسحابی (دار الندوة) بوون — هەموو دڵدار و بە (مروة) بوون
سێیەم: موهاجیر بۆ حەبەشستان — لە دەستی (کفار) تەبیعەت پەستان
چوارەم: ئەسحابی (عقبة)ی، (أولی) — عەدەدیان شەش بوو مەحبووبی مەولا
پێنجەم: ئەسحابی (عقبة)ی، دووەم — عەدەدیان دوازدە تەبیعەت ئەکرەم
شەشەم: سابیقان لە (مهاجرین) — لە (قوبا) گەیین بە شای (مرسلین)
تەبەقەی حەوتەم: سوپای ئەهلی (بدر) — لەلای خوداوە خاوەن پایە و قەدر
هەشتەم: ئەسحابی هیجرە و (أذيّة) — بەینی غەزای بەدر تا (حديبية)
نۆیەمین: ئەهلی (بیعة الرضوان) — خودا ڕازی بێ لە هەموو ئەوان
دەیەم: موهاجیر بێ شوبهە و لەکە — پاش (حديبيّة) و پێش فەتحی مەککە
یازدە: ئەوانی لە فەتحی مەککە — ئیسلامیان وەرگرت لەسەر بەرەکە
دوازدە: منداڵان کە حەزرەتیان دی — لە فەتحا و حەججی ویداعی هادی

◈◈◈

ئەهلی ڕیوایەت لە سەحابە

ڕیوایەت کراوە لە ئەبو زەرعەی ڕازی کە پرسیاری لێ کرا لە عەدەدی ئەوانە ڕیوایەتیان کردووە لە حەزرەت ﷺ ئەویش فەرمووی[1]: کێ ئەتوانێ زەبتی ئەوە بکا حاضری

١. أخرجه الخطيب في الجامع (١٨٩٣).

خزمەتی حەزرەت بووە، لە غەزوەی (تبوك) حەفتا هەزار کەس، وە لە (حجة الوداع) دا، چل هەزار کەس، وە کاتێ کە حەزرەت ﷺ موتەوەففا بووە عەدەدی سەدو چواردە هەزار سەحابی مەوجوود بوون و چواردە هەزار کەس لە سەحابی ڕیوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوە و کەلامیان لێ بیستووە، جا وتیان: (یا أبا زرعة) ئەوانە لە کوێ بوون؟ فەرمووی: ئەهلی مەدینە و مەککە و مابەینی ئەوان و ئەعراب و ئەوانەی کە حازری (حجة الوداع) بوون.

ڕیوایەت کراوە لە ئیمام (احمد بن حنبل ـ رضي الله عنه ـ) فەرموویەتی: شەش کەس لە ئەسحابی حەزرەت ﷺ ڕیوایەتی حەدیسیان زۆر کردووە لێیەوە و عومریشیان زۆر بووە: (أبو هريرة، عبدالله بن عمر، عائشة، جابر بن عبدالله، ابن عباس و أنس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ) وە ئەبو هورەیرە لە هەموو ڕەفیقەکانی ڕیوایەتی زیاتر بووە، پێنج هەزار حەدیس و سێ سەد و حەفتاو چوار حەدیسی ڕیوایەت کردووە، (شێخان = موسلیم و بوخاری) بە ئیتتیفاق سێ سەدو بیست و پێنج حەدیسیان لێ ڕیوایەت کردووە، وە بوخاری بە تەنیا نەوەد و سێ حەدیسی لێ ڕیوایەت کردووە، وە موسلیم بە جیا سەد و هەشتا و نۆ حەدیسی لێ ڕیوایەت کردووە، وە زیاتر لە هەشت سەد کەس ڕیوایەتی حەدیسیان لێ کردووە و لە هەموو سەحابەکان حافیزتر بووە، واتە شتی لە بیر نەچووەتەوە، ڕیوایەت کراوە لە سەحیحدا دەربارەی بە خۆی ئەڵێ: عەرزی حەزرەتم کرد، وتم: (یا رسول الله) من حەدیسی زۆر لە تۆ ئەبیستم و لە دواییدا لە بیرم ئەچنەوە، ئەویش فەرمووی: بەرماڵەکەت ڕابخە و منیش ڕامخست و حەزرەت ﷺ بە دەستی خۆی دوو لەوێچی تێ کرد، فەرمووی: بیپێچەرەوە، منیش پێچامەوە، ئیتر پاش ئەمە حەدیسێ بیستوومە لە بیرم نەچووەتەوە.

وە لە (مستدرك)دا، ڕیوایەت ئەکا لە (زيد بن ثابت)ـەوە، ئەڵێ: من و ئەبوهورەیرە و پیاوێکیتر لە خزمەتی حەزرەتدا بووین ﷺ، فەرمووی: دوعا بکەن، جا من و ڕەفیقەکەم دوعامان کرد و حەزرەت ئامینی ئەکرد، جا ئەبوهورەیرە دوعای کرد و فەرمووی: (**اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِثْلَ مَا سَأَلَكَ صَاحِبَايَ هَذَانِ، وَأَسْأَلُكَ عِلْمًا لَا يُنْسَى، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ** ﷺ: «**آمِينَ**»)، ئێمەش وتمان (یا رسول الله) ئێمەیش ئەو داوا ئەکەین

و تۆیش ئامینمان بۆ بکە، فەرمووی: «**سَبَقَكُمْ بِهَا الْغُلَامُ الدَّوْسِيُّ**»[١].

وە ئەوەی بازێ (ملل) وتوویانە لە تانەدان لە ڕیوایەتی ئەبوهورەیرە ئەوە مەردوودە بەوەی (ابن عساکر) لە تەئریخەکەیدا و (ابن کثیر) لە بیدایەدا و (عبدالعزیزی) بوخاری لە (کشف الاسرار)دا، و سەرەخسی لە (أصول)دا، فەرموویانە.

ئەم زاتە دەوری سێ قەول هەیە لە ناوی خۆی و باوکیا، یەکێ لەوانە ئەمەیە: ناوی خۆی (عبدالرحمن)ـە، ناوی باوکی (صخر)ـە، و لە ساڵی شەشی هیجریدا لەگەڵ خاڵۆیدا (طفیل الدوسي) واریدی مەدینەی مونەوەرە بوون و لەوکاتەدا حەزرەت ﷺ لە شەڕی خەیبەردا بوو، وە ناوی قەدیمی خۆی (عبد الشمس) بووە، حەزرەت ناوی گۆڕیوە بە (عبدالرحمن) و کونیەی پێداوە بە ئەبو هورەیرە ـ رضي الله عنه ـ وە لە ساڵی پەنجاو نۆدا لە (عقیق) دا[٢]، موتەوەففا بووە، واقیدی ئەڵێ: نوێژی جەنازەی عائیشەی کرد لە ساڵی پەنجاو هەشتدا و نوێژەی جەنازەی (أم سلمة)ی، کرد لە ساڵی پەنجاو نۆی هیجریدا و جا خۆیشی موتەففا بوو ـ رضي الله تعالى عنه ـ

وە لە پاش ئەبو هورەیرە ئەکسەریان لە ڕیوایەتدا (عبدالله بن عمر رضي الله عنه) بووە کە ڕیوایەتی دوو هەزار و شەش سەد و سێ حەدیسی کردووە و لە مەککەدا لە دەوری سەدی هیجریدا (متوفی) بووە.

وە لە پاش (ابن عمر) ئەکسەریان لە ڕیوایەتدا (عبدالله بن عباس رضي الله عنهما) بووە،

---

١. السنن الكبرى، أبو عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني، النسائي (المتوفى: ٣٠٣هـ)، المحقق: حسن عبد المنعم شلبي، الناشر: مؤسسة الرسالة ـ بيْروت، الطبعة الأولى، ١٤٢١ هـ ـ ٢٠٠١ م، ٣٧٤/٥، فەرموودەی ژمارە (٥٨٣٩)، والمعجم الأوسط، سليمان بن أحمد بن أيوب بن مطير اللخمي الشامي، أبو القاسم الطبراني (المتوفى: ٣٦٠هـ)، المحقق: طارق بن عوض الله بن محمد , عبدالمحسن بن إبراهيم الحسيني، الناشر: دار الحرمين ـ القاهرة،٥٤/٢، فەرموودەی ژمارە (١٢٢٨)، و المستدرك على الصحيحيْن، أبو عبدالله الحاكم مُحمد بن عبد الله بن مُحمد بن حَمدويه بن نُعيم بن الحكم الضبي الطهماني النيسابوري المعروف بابن البيع (المتوفى: ٤٠٥هـ)، تحقيق: مصطفى عبد القادر عطا، الناشر: دار الكتب العلمية ـ بيْروت، الطبعة الأولى، ١٤١١ ـ ١٩٩٠، ٥٨٢/٣، فەرموودەی ژمارە (٦١٥٨).

٢. عەقیق: ئاوەدانییەکە لە بەینی مەدینە و مەککەدا، جا لە پاش وەفاتەکەی هێنایانەوە بۆ مەدینەی مونەوەرە و دفن کرا.

کە هەزار و شەش سەد و شەصت حەدیسی ڕیوایەت کردووە و لە ساڵی شەصت و هەشتدا لە شاری (طائف)دا، موتەوەففا بووە لە تەمەنی حەفتاو یەك ساڵیدا،

وە لە پاش (ابن عباس رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) ئەکسەر لە ڕیوایەتدا (جابر بن عبدالله رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) بووە، کە ڕیوایەتی هەزار و پێنج سەدو چل حەدیسی کردووە، وەفاتی (جابر) لە مەدینەی مونەووەرەدا لە ساڵی حەفتاو چواری کۆچیدا بووە، وە بازێ فەرموویانە: کە (جابر) ئاخر کەسێ بووە لە ئەسحاب لە مەدینەی مونەووەرەدا (متوفی) بووە، وە بازێ ئەڵێن: ئاخر کەس (سهل بن سعد رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) بووە.

وە لە (تدریب الراوی)دا، تەئلیفی (**جلال الدین السیوطي ـ رحِمه الله تعالى ـ**) هەیە کە (أنس بن مالك ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ) دوو هەزار و سەدو هەشتا و شەش حەدیسی ڕیوایەت کردووە.

وە (ام المؤمنین = عائشة رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) دوو هەزار و دوو سەد و دە حەدیسی ڕیوایەت کردووە.

وە لەناو سەحابەدا غەیری ئەوانەی باسمان کردن کەس نییە کە حەدیسی ڕیوایەت کراوی لە هەزار حەدیس زیاتر بێ ئیللا (أبو سعید الخدری ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ) کە هەزار و سەد و حەفتا حەدیسی ڕیوایەت کردووە ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ـ وە ئیمامی (أحمد بن حنبل) فەرموویەتی: کەس نەبووە لە ئەسحابدا کە ڕیوایەتی فەتاوای لێ کرابێ وەکو (ابن عباس ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا).

وە بزانن (عبادلة) لە ئەسحابدا چوار کەسن: (عبدالله بن عباس، وعبدالله بن عمر، وعبدالله بن الزبیر، وعبدالله بن عمرو بن العاص ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ ـ) وە (عبدالله بن مسعود) لە (عەبادلـة) نییـە، چونکـی ئـەو زوو وەفاتی کرد لە پێش ئەم چوار کەسەدا، وە ئەم زاتانە مانـەوە و عیلمیان بڵاوکـردەوە، ڕیوایـەت کـراوە لـە عەلی کـوڕی عەبدوڵڵای مەدەنییەوە کـە لـەناو ئەسحابی پێغەمبـەردا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەس نەبووە کە مسوڵمانان لـە فیقهدا ببن بە پەیڕەویان وەکو سێ کەس (**عبدالله بن مسعود، و زید بن ثابت، و ابن عباس**)، خودایان لێ ڕازی بێ، وە ڕیوایـەت کـراوە لـە (مسروق)ـەوە، کـە عیلمی ئەسحابی پێغەمبـەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتـە سـەر شـەش کـەس: (**عمر بن الخطاب، وعلي بن أبي طالب، وأبي بن کعب، و زید بن ثابت، وأبو الدرداء، و عبدالله ابن مسعود**)، وە لە ئەنجامدا هاتەوە سەر دوو کەس: (علی، و عبدالله ابن مسعود ـ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ).

وە حەزرەت ﷺ حەفتا هەزار سەحابی لە خزمەتیدا بوون لە غەزای (تبوك)دا، وە چل هەزار کەس لە (حجة الوداع)دا، لە خزمەتیدا بوون، وە کاتێ وەفاتی کرد سەدو چواردە هەزار سەحابی لێ بەجێماوە و چواردە هەزار کەس بە یەکە یەکە نوێژی جەنازەیان کردووە، و ئەمانە خاوەن ڕیوایەت بوون لە حەزرەتەوە ﷺ وە ماواو مەڵبەندیان مەدینەی مونەوەرە و مەککەی موکەڕەمە و مابەینی ئەوان و باقی ئەعرابی قەبیلەکان بوون ـ خودایان لێ رازی بێ ـ

ئەسحابە ڕاوییەکان

گەلێ لە ئەسحاب لەسەر عینایەت — بوون بە خاوەنی بەهرەی ڕیوایەت
ڕیوایەتیان کرد سوننەتی ڕەسوول — لە قەول و فیعل و تەقریری مەحصوول
شەش کەس لەوانە زیاتر لە باقی — ڕیوایەتیان کرد (علی الاطلاق)
ئەووەڵ لەوانە (ابو هریرة) — عەبدورەحمانی سەلیلی (صخرة)
دووەم عەبدوڵڵای (ابن عمر) بوو — لە دین و دونیا خاوەن ثەمەر بوو
سێیەم (عائشة أمّ المؤمنین) — خاوەن شەطری دین بە قەولی ئەمین
چوارەم جابیری (ابن عبدالله) — ڕیوایەی زۆر بوو لە (رسول الله)
پێنجەم (عبدالله)ی، (ابن عباس) بوو — ساحیبی عیلم و حەقیقەتناس بوو
شەشەم ئەنەسی کوڕی مالیکە — لە ڕیوایەتدا (خیر السالك)ـە

◈◈◈

خاوەن فەتواکان

بەڵام زۆربەیان لە بارەی فەتوا — (ابن عباس) بوو شای ئەهلی تەقوا
(ثانی عبدالله)ی، کوڕی عومەرە — جا (ابن الزبیر) خاوەن ثەمەرە
عەبدوڵڵای (ابن مسعود)ی، شەریف — هەرچەن عالم بوو عالمی ظەریف
بەڵام چونکی زوو وەفاتی فەرموو — لە (عَبادِلَة)ی، زۆر فەتوا نەبوو

(ابن مسعود و زید بن ثابت
ابن عباس)ی، عالمی قانیت
سەحابە زۆر بوون لە ئەهلی تەقوا
(مفید) بوون بۆ ناس بە نەشری فەتوا
(مسروق) فەرموویە: عیلمی سەحابە
گەیشتە شەش کەس خاوەن نەجابە
(عمر وعلی زید بن ثابت
أبی بن کعب) قاریئی قانیت
(عبدالله ابن مسعود)ی، شەریف
هەم (أبو الدرداء) زاهیدی نەظیف
لە پاش ئەمانە ماوە بۆ دوو کەس
بۆ (علی و ابن عباس)ی، ئەقدەس
ڕاوی لە حەزرەت گەلێ ئەسحابن
(کثیر و قلیل) خاوەن سەوابن

◇◇◇

ژمارەی ئەسحابە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ

حەفتا هەزار کەس لە غەزای (تبوك)
ئەهلی ئیخلاس و جیهادی مەبرووك
چل هەزار ئەسحاب لە حەجی ویداع
ئەهلی مەناسیك (راوی بأَسماع)
وەفاتی فەرموو (سید الاحباب)
لە سەدو چواردە هەزار لە ئەسحاب
لەوانەی هەموو ئەهلی سەماع بوون
لە بابی دیندا بە (اطّلاع) بوون
چواردە هەزار کەس بە جیاوازە
بە جێیان هێنا نوێژی جەنازە
ئەوەیە مەولا و ئەمانەن یاران
(غرّة الجبهة)ن، بۆ ڕۆژگاران

◇◇◇

ئەووەڵ کەسێ موسڵمان بوو لە یاران رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ

ئەووەڵ ئینسانێ کە موسڵمان بوو
بە عەهدی ئیمان خاوەن ئەمان بوو
لە پیاواندا بوبەکری (صدیق)
نائیل بوو بە جاە بە فەیزی (تصدیق)
لە منداڵانا (علی = حیدر) بوو
شێری خودایی شێری خەیبەر بوو
لە مەوالیدا زەیدی موحتەرەم
لە عەبدەکاندا بیلالی ئەکرەم
لە ژنان دایە خەدیجەی (عُلیا)
سەییدەی ئافرەت بۆ دین و دونیا

ئاخر ئەسحابێ کە (متوفی) بوو — داخڵی ڕەوزەی (دار الصفا) بوو
(عبدالله بن عمر) لە مەککە — (متوفی) بوو لەسەر بەرەکە
لە مەدینەدا بۆ حوکمی خودا — سەحابی (جابر بن عبدالله)
هرماسی کوڕی زیادی شەریف — لە یەمامەدا گەیشتە تەشریف
(واثلة بن الأسقع الامام — متوفی) بوو لە دمشقی شام
(عبدالله بن بسر) لە (حِمص — متوفی) بوو بە فەیزی (مُختص)
لە فەلەسطیندا عروسی ئیسلام — (أبو أبیّ) بوو (ابن أم حرام
عبدالله بن أبی أوفی) بوو — لە شاری کوفە (متوفی) بوو
(أنس بن مالك، موصوف) بە نەصرە — (متوفی) بوو لە شاری بەسرە
ئاخر کەس لەناو بادیەی ئەعراب — سەلەمەی (بن أکوع رفیع الجناب
عرس) بە کونیەی (ابن عمیرة) — ئاخر وەفاتی خاکی جەزیرە
(عبدالله بن الحارث) لە عەسرا — (متوفی) بوو لە خاکی میسرا
(رویفع ابن ثابت)ی، وریا — ئاخر ڕاحیل بوو لە ئەفریقیا
(ابو طفیل)ی، مەشهوور بە (عامر) — لە شاری مەککە ئاخری ئاخر
هەتا سەحابی مابوون لە دونیا — دونیا پڕنوور بوو بە ڕوتبەی عولیا
ئەوان کە نەمان ئەو نوورە نەما — لەگەڵ ئەڕواحیان سەرکەوت بۆ سەما

◇◇◇

٤٣ ـ تابیعین: شوێنکەوتووان (خودایان لێ ڕازی بێ)[1]:

تابیعی لە عورفی موحەددیسیندا کەسێکە گەیشتبێ بە یەکێ لە ئەسحابی پێغەمبەر

١. بۆ زیاتر شارەزا بوون لەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ٤١ ـ ٤٦، والإرشاد ٢/ ٦٠٦ ـ ٦١٦، والتقريب: ١٦٥ ـ ١٦٧، واختصار علوم الحديث: ١٩١ ـ ١٩٤، والشذا الفياح ٢/ ٥١٩ ـ ٥٣٤، والمقنع ٢/ ٥٠٦ ـ ٥١٧، وفتح المغيث ٣/ ١٣٩ ـ ١٥٦، وتدريب الراوي ٢/ ٢٣٤ ـ ٢٤٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧١ ـ ٤٧٣، وظفر الأماني: ٥١٣ ـ ٥١٤).

ﷺ ئەگەرچی ڕیوایەتی لێ نەکردبێ و زۆر سوحبەتی نەکردبێ، ئەمانە زاناکان ئەڵێن پازدە تەبەقەن، ئێمە سێ تەبەقەیان لێ باس ئەکەین:

یەکەم: ئەوانەی کە گەیشتبن بە عەشەرەی موبەشەرە، وەکو: (قيس بن أبي حازم، وأبو عثمان النهدي، وأبو وائل، وقيس بن عباد، وحضين بن المنذر، وأبو رجاء العطاردي).

دووەم: ئەوانەن (مُخضرم) بوون، واتە زەمانی جاهیلیەت و ئیسلامیان دیوە، وەکو **(سويد بن غفلة الكندي، وعمرو بن ميمون الاودي، وأبو عثمان النهدي، وعبد خير، وابو مسلم الخولاني، وأحنف بن قيس).**

سێیەم: فوقەهای سەبعەی شاری مەدینەی مونەووەرە، وەکو: (سعيد بن المسيّب، وقاسم بن مُحمّد بن أبي بكر، وعروة بن الزبير، وخارجة بن زيد، وأبو سلمة بن عبدالرحمن، وسليمان بن يسار، وعبيدالله بن عبدالله) بەڵام (ابن المبارك) لەباتی (ابو سلمة) سالمی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر حسێب ئەکا.

زاناکان ئیختیلافیان هەیە لە گەورەترینی تابیعین - رَحِمَهُمُ اللَّهُ - ئەهلی مەدینەی مونەوەرە ئەڵێن: (سعيد بن المسيب)ـە، وە ئەهلی کووفە ئەڵێن: (وەیسی قەرەنییە) و ئەهلی بەسرە ئەڵێن: حەسەنی بەسرییە، وە (سيدة التابعيات) یەکەمیان (حفصة بنت سيرين) دووەم (عمرة بنت عبدالرحمن) سێیەمیان (أم الدرداء الصغرى) کە ناوی (جهيمة) يا (هجيمة) بووە - رضي الله عن الجَميع -

(ابن الصلاح) ئەفەرموێت: (امام احمد بن حنبل) فەرموویەتی: کەس نەبووە لە تابیعیندا فەتاوای زۆرتر بووبێ لە «عەتا» لە شاری مەککەدا و لە «حەسەنی بەسری» لە بەسرەدا.

ئەمانە باسمانکردن فەوائیدی بەقیمەتن وەریانبگرن، وە تەبەقەی تابیعین ئەهلی قەرنی دووەمن لەو سێ قەرنە کە حەزرەت ﷺ شەهادەتی داوە لەسەر مەقامیان بە فەرموودەی: **(خيْر القروُن قرني ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ. الحَديث)**[1]، وە

١. عَن بْنَ حُصَيْنٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «خَيْرُكُمْ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ» - قَالَ عِمْرَانُ: لا أَدْرِي أَذَكَرَ النَّبِيُّ ﷺ بَعْدُ قَرْنَيْنِ أَوْ ثَلَاثَةً، صحيح البخاري، فەرموودەی ژمارە (٢٦٥١)، «إسناده حسن، عاصم: هو ابن أبي النجود، وهو صدوق وحديثه في «الصحيحين» مقرون، وباقي السند من رجال الصحيح غير محمد بن وهب بن أبي كريمة فقد روى له النسائي. محمد بن سلمة: هو الحرّاني، ☚

پێویسته باوەڕمان وابێ له ئەدواری ئیسلامدا هەر قەڕنێ نزیكتر بێ له قەڕنی حەزرەت ﷺ ئەوه شەرەفی له قەڕنی دوایی زیاتره ـ رضي الله تعالى عن الصحابة والتابعين وَ عمّن تبعهم بإحسانٍ إلى يوم الدّين ـ

تابیعی كێن؟

لـه پـاش ناسـینی مەعنـای سـەحابی   باشـه بناسـین گـرۆی تابیعـی
بڵـێ تابیعـی و تابیـع لـه بـۆ فـەرد   ئیتلاقـی ئـەوه جائیـزه و بـێ گـەرد
موتڵەقـی تابیـع بـه موتڵـەق مەگـره   تابیـع بـه ئیحسـان مەقسـووده لەگـره
(حاكـم) بـۆ تەعریـف كردی بـه كافی   سـەماع یـا لیقـا بـێ سـوحبەی عورفی
یەعنـی تابیعـی ئینسـانێ وایـه   لـه سـەحابیوه بیـێ ڕیوایـه
یـا (ملاقـاة)ی، سـەحابی بـكا   هەرچـەن حەدیسـیش ڕیوایـەت نـەكا
(أبـو عبـدالله) ئەڵـێ: تابیعیـن   پـازده تەبەقـەن بـۆ فـەزڵ و تەمكیـن

◇◇◇

یەكـەم ئەوانـه كـه (مظفـر)ن   بـه لیقـای ده كـەس كـه (مبشّـر)ن
بـه وێنـەی قەیسـی (ابـن أبـی حـازم)   ئەبـو عوسـمانی نەهدیـی جـازم
(أبـو وائـل وقیـس بـن عبـاد   حضیـن بـن الـمنذر)ی، دڵشـاد

☚وأبــو عبد الرحيم: هو خالد بن أبي يزيد الحراني، وأخرجه أحــمد ٢٦٧/٤و٢٧٦و٢٧٧، والبزار»٢٧٦٧»، وابن أبي عاصم في «السـنة» «١٤٧٧»، والطحاوي فِي «مشـكل الآثار» ١٧٧/٣، وأبو نعيم «في الحلية» ٨٧/٢و١٢٥/٤ من طرق عن عاصم بن أبي النجود، بهذا الإسـناد. وقد زيد في بعض طرق الحديث الشـعبي مقرونا مع خيثمة بــن عِبــد الرحمن، و أورده الهيثمي فــي «المجمع» ١٧/١٠ وقــال: رواه أحمد والبزار والطبرانــي في «الكبير» و»الأوسط» وفي طرقهم عاصم ابن بهدلة وهو حسن الحديث، وبقية رجال أحــمد رجال الصحيح،الإحسان في تقريــب صحيح ابن حبان، محمد بن حبــان بن أحمد بن حبان بن معاذ بن مَعْبدَ، التميمي، أبو حاتم، الدارمي، البُســتي (المتوفى: ٣٥٤هـ)، ترتيب: الأمير علاء الدين علي بن بلبان الفارسي (المتوفى: ٧٣٩ هـ)، حققه وخرج أحاديســه وعلق عليه: شـعيب الأرنؤوط، الناشر: مؤسسة الرسالة، بيْروت، الطبعة الأولــى، ١٤٠٨ هـ ـ ١٩٨٨م، ١٢١/١٥، فەرموودەی ژماره (٦٧٢٧).

هەم ئەبو ڕەجای عەتاریدی باو (سعید ابن المسیب) بە ناو
بازێ کەس ئەڵێن: (سعید) وا نیە ڕۆڵەی زەمانی گەورەی (ثانی)یە
ویلادەتی بوو لە عەهدی عومەر نەیدی بوو عەهدی سیددیقی ئەنوەر

◈◈◈

تەبەقەی دووەم (مُخضرم)ـەکان ئەوانە کە بوون لە هەردوو زەمان
عەهدی جاهیلی و زەمانی ئیسلام بەڵام سوحبەتیان نەبوو بە مەرام
وێنەی (سوید)ی، (بن غفلة)ی، کیندی (عمرو بن میمون) بە نیسبەت ئەودی
ئەبو عوسمانی نەهدیی نیسبەت وەکوو «عبید خیر» خاوەن مەعریفەت
(ابو مسلم)ی، نیسبەت (خۆلانی) (احنف بن قیس) شەخسی ڕەبیانی
غەیری ئەمانەیش گەلێ مەوجوودن لە تابیعیندا هەموو مەسعوودن

◈◈◈

تەبەقەی سێیەم بناسە بۆ دین لە (أکابر)ی، زومرەی تابیعین
فوقەهای سەبعەی شاری مەدینە خوا بەشمان بدا لەو فیقهـو دینە
(سعید)ی، (ابن المسیّب) یەکەم قاسمی کوڕی موحەممەد دووەم
عوروەی کوڕزوبەیر شەخسی سێیەمین خاریجەی کوڕ زەید شەخسی چوارەمین
(ابو سلمة بن عبدالرّحمن) جا (ابن یسار) بە ناو سولەیمان
جا (عبید الله بن عبدالله ابن عتبة)یە، موخلیصی خودا
(ابن المبارك شیخ النجبا) ئەبو سەلەمە لەوان ناو نابا
دائەنێ (سالم الفقیه البرّ ابن عبدالله، وهو ابن عمر)
ئەمانە هەموو ئەهلی حیجازن خاوەن حەقیقە و دوور لە مەجازن
تەفسیلی هەیە باقی تەبەقات فامی مەربووتە بە (مراجعات)

◈◈◈

فائیدەیەکە بیزانی چاکە عیلم کارەبای دەروونی پاکە

ئیختیلاف هەیە لەلای (عالمین): کێیە ئەفزەلی زومرەی تابیعین
ئەهلی مەدینە ئەڵێن: (سعید)ـە (ابن المسیّب) زاناو ڕەشیدە
کووفەیی ئەڵێن: وەیسی قەرەنی مەحبووبی قەلبی مەولای مەدەنی
بەصرەیی ئەڵێن: حەسەنی بەسری ئەم زاتە گەلێ مەشهوورە قەدری

◈◈◈

ئەڵێ ئەبوبەکر خاوەن بەرەکات ئەوەی سەیید بۆ تابیعیات
یەکەمیان (حفصة) کچی سیرینە گەورەی ژنانە لەو تابیعینە
دووەمین (عمرة بنت عبدالرحمن) خاوەنی دینی بێ لەکەکەی جوان
جا (أم الدرداء صغری هجیمة) وەیا (جهیمة) خەیلێ سەلیمە
(قال ابن الصلاح: قال ابن الحنبل: عفی عنهما الملك الأجل .
لیس أحدٌ أکثر فتوی من الحسن البصري وعطا)
(عطا) لە مەککە و (حسن) لە بەسرە بۆ دینی ئیسلام بوون بە نەسرە

◈◈◈

ئەم (فوائد)ـە، وەرئەگرێ وریا چرای دەروونن بۆ دین و دونیا
فەیزی ئەسحاب و فەزلی تابیعین (رضي اللّهُ عنهم أجمعین)
قەت تەواو نابن بە نامەی ئێمە بەس موحەبەتیان هەمیشە پێمە
(یُحشر المرء مع من أحبّ) کردوومە بۆخۆم بە ئەعلامەطڵەب
بەندەم بۆ خودای قەریبی سەمیع غوڵامم لەبۆ ڕەسوولی شەفیع
دۆستی ئەسحابم لەگەڵ تابیعین دۆستی ئیمامان لە موجتەهیدین
موحیبیم لەبۆ ئالی بەیتی پاك لە ماوەی ژینا تا ئەڕۆمە خاك
خادمم لەبۆ ئەولیای کامیل هەم لەبۆ هەمو عولەمای عامیل
موخالیف لەبۆ ئەربابی بیدعەت موافیق لەبۆ ئەسحابی سوننەت
(علی ما کان رسول علیه وأصحابه الکرام لدیه)

(نامی) لە فەزڵی خودا ڕاجییە داخڵ بێ لە ناو فیرقەی ناجیە
لەسەر تەکراری تەوحیدی خودا لەسەر ئیمانی بە (رسول الله)
جەزای کەلیمەی طەییبەی تەوحید (دخول الجنّة بالفضل المَزید)
بەم (تَفاؤُل)ـە، زۆر دڵ ئارامم فەزڵی مەزیدە حوسنی خیتامم

◈◈◈

(بەیانی مەعانی عەداڵەت ـ شرۆڤەی مانای دادگەری)

لەمەوپێش وتمان یارانی حەزرەت ﷺ هەموو عادڵن، جا بۆ ئەوەکە شاگردەکان بگەن بە حەقیقەت، پێویستە مەعنای عەداڵەت بەیان بکەین، بزانن: عەداڵەت بە چەند مەعنا ئیتلاق ئەکرێ:

یەکەم: بە مەعنای موقابیل بۆ ستەمکردن، وەکو ئەڵێ: پادشای عادڵ یانی ستەم ناکا.

دووەم: بە مەعنای موقابیل بۆ فیسق و عیسیان، ئەڵێ: فلان عادڵە یانی فیسق و مەعسیەتی نییە.

سێیەم: بە مەعنای عیسمەت لە تاوان وەکو بۆ مەلائیکە و پێغەمبەرەکان هەیە، کە مەلائیکە مەعسوومن و قەت گوناهـ ناکەن و پێغەمبەرەکانیش مەعسوومن و لە تاوانکاری بە مەعنای موخالەفەکردن بۆ شەرعی خودایی.

ئەم سێ مەعنایە مەقسوود نین لە نیسبەتی عەداڵەت بۆ لای ئەسحابی حەزرەت ﷺ.

چوارەم: عەداڵەت بە مەعنای مەحفووزی و پارێزراوییە لە گوناهـ و لە لوتف و میهرەبانی خودا نەك لەبەر مەلەکەی عیسمەت، لەسەر ئەم مەعنا قابیلە سەحابی گوناح بکا و لەپاش گوناحەکە تەوبەی لێ ئەکا.

پێنجەم: بە مەعنای خۆپاراستنە لە درۆکردن بە زمانی حەزرەتەوە و ئەم دوو مەعنایە ئیعتیبار ئەکرێن بۆ ئەسحابی حەزرەت ﷺ لە واقیعدا قابیلە یەکێ لەوان گوناح بکا و تەوبەی لێ بکا، هەروا هەموو ئەسحابی حەزرەت دووری ئەکەن لە درۆکردن لەسەر حەزرەت ﷺ، چونکی بە عادەت مەحاڵە ئینسانێ خۆی بکا بە قوربانی لە

ڕێگەی دینی حەزرەتدا (مَعَ أَنّه) درۆی بە دەمەوە بکا، وە ئەگەر ئەم عەداڵەتە بۆ ئەوان ثابت نەبێ لازم ئەکا کە ئەو دینە گەیشتووە بە ئێمە بە درۆ و ساختە هاتبێ (وَتعالـی الله عن إهمال دینه القویم).

وە ئەو ئاشووبە کە لەناو ئەسحابدا دەرکەوت نابێ بە ڕەخنە لەسەر ئەم مەعنای عەداڵەتە، چونکی ئەو ئاشووبە لەسەر ڕووناکی ئیجتیهاد بوو، وە موجتەهید هەرچەند بە هەڵەیشدا بڕوا هەر لەسەر ئیجتیهادەکەی مەئجوورە، مادام لەسەر یاسای دینە.

شاگردی نەجیب تالیبی علووم　　　هەرعیلمە مایەی ڕزگاری مەعلووم
نافیعە و دافیع لە بۆ مەلالەت　　　فامی مەعانی لەفزی عەدالەت
یەکەم موقابیل بۆ زوڵم و جەورە　　　وەهایە یاسای سەرداری گەورە
بەم مەعنا ئەڵی سوڵتانی عادڵ　　　یانی بێ جەورە و سالمە و عاقڵ
دووەم موقابیل بۆ فیسق و عیسیان　　　ئەمەیش دێتە جێ بە تەقوای ئینسان
سێیەم بە مانای عیسمەت لە تاوان　　　بۆ فریشتەیە و بۆ ئەنبیاکان
لە سەر ئەم مەعنا تاوان مەحاڵە　　　عەقڵی یا عادی جێگەی مەقالە
چوارەم مەحفووز بوون لە تاوانباری　　　لە بۆ ئەولیا جائیزە و جاری
قەرار دراوە بە یاسای سەواب　　　ئەم مەعنا بەرزە بۆ زومرەی ئەسحاب
نە مەعسوومییە وەکو ئەنبیا　　　نە موجریمییە وەکو ئەشقیا
ئەگەر بە قەدەر گوناحێ بکا　　　لە سەرهێزی دڵ تەوبەی لێ ئەکا
ئەم مەعناتانێ بە قەولی فحوول　　　(أَصحابُ الرَّسُول کُلُّهُمْ عُدُول)
نابێ بە ڕەخنە جیدال و قیتال　　　چون ئیجتیهاد بوو، نەك هەوای (قِتال)
ئەوەی بە یاسای ئیسلامیی بڕوا　　　لە سەر ئیجتیهاد دەر بکا فەتوا
موصیب و موخطئ هەر دوو مەئجوورن　　　لە تاوانباری و مەعسیەت دوورن
پێنجەمین لە لای ئەهلی دیرایە　　　دوورییە لە درۆ (عِنـدَ الرِّوَایَـة)
بەم مەفهوومیشە ئەسحابی ڕەسوول　　　دووربوون لە درۆی بێ سوود و مەحسوول

ئەوەی ڕۆحی خۆی کردە قوربانی　　قەت درۆ ناکا لە سەر سوڵتانی
جا چڵکی عەناد لابەن لە سەر چاو　　چاوتان بشۆرن بە دوو کاسە ئاو
یەکەمیان سەنای خالقی عەللام　　دووەم خزمەتیان بۆ دینی ئیسلام
نە سەنای خودا ئەشێ بۆ (کَذّاب)　　نە جیهاد لە بۆ تەبلیغی کیتاب
چاو کە ئەو شێوە بێنێ لە بۆ دڵ　　دڵ ئەشنێتەوە، وەکو پەڕەی گوڵ!

◈◈◈

کۆتایی: سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار لە سەر نیعمەتی تەوفیق لە سەر ڕیسالەی (ڕێگەی ڕەهبەر) لە عیلمی ئوسوولی حەدیسی (خیر البشر «ﷺ») لە مەدرەسەی حەزرەتی (**قطب العارفين سيدنا الشيخ عبدالقادر الگيلاني الحسني الحسيني ـ قدس الله تعالى سرّه وزاد برّه ونوّر ضريحه**) لە شەوی چوارشەممەی بیست و پێنجی (ربیع الاول)ی، ساڵی هەزار و چوار سەد و دووی هیجری، موافیقی بیستی مانگی کانوونی دووەمی هەزار و نۆ سەد و هەشتا و دووی میلادی (**واسأل الله تعالى أن ينفعني بهذه الرسالة تأليفا وَ تدريسا وَ طبعاً وَ نشراً، وَ افادة واستفادة من المسلمين، وَ أنا الفقير تراب أقدام العلماء العاملين عبدالكريم المدرس.**

سبحان ربك رب العزة عما يصفون، وَ سلامٌ على المرسلين وَالحمدلِلّه ربِّ العالَمين.

(١٤٠٢هـ)، (١٩٨٢/١/٢٠م)،(٢٥/ ربيع الأوّل / ١٤٠٢هـ).

◈◈◈

[پاشكۆ]

جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، (گۆڕی پڕ نوور بێت)، لە پەڕتووكی (ڕێگەی ڕەهبەر)دا، سەرەڕای ئەوەی كە ژمارەیەكی زۆر لە باسە پەیوەندیدارەكانی بە زانست و زاراوەكانی فەرموودەوە هێناوە و داونیەتییە بەر باس و شرۆڤە و لێكۆڵینەوەوە، بەڵام لە بەر ئەوەی كە سەرچاوەی نووسینەكەی زیاتر پەڕتووكی موقەددیمەی ئیبنوسەلاحی شارەزووری بووە، هەندێ باسی گرنگی نەهێناوون، كە زیاتر دوای ئەو پێشەوایە بوونەتە جێگای بایەخ پێدان، بۆیە شێخی مودەڕیسیش باسی لێوە نەكردوون، و یان هەندێكیانی هێناوە، بەڵام بە كورتی لە سەریان دوواوە، بۆیە بەندە هەستام بە زیادكردنی ئەو باسە پێویستانە لەم پاشكۆیەدا، كە منیش زیاتری سەرچاوەی ئەم پاشكۆیەم پەڕتووكی (تیسیر مصطلح الحدیث)ی، دكتۆر مەحموود تەحانە، كە باشترین پرۆگرامە لەم بوارەدا، و لە زۆربەی زانكۆ و پەیمانگا ئیسلامییەكانی وڵاتی خۆمان و جیهانی ئیسلامیدا مەنهەجە، و بەندەیش چەند ساڵێكە كردوومەتە كوردی و چەند جارێك چاپكراوەتەوە و پێشوازییەكی باشی لێكراوە، وا لێرەیشدا كردوومەتە سەرچاوەی ئەو باسە گرنگانەی زانیارییەكانی فەرموودە و فەرموودەناسی لەم پەڕاوە بە نرخەدا.

عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی

◈◈◈

(٤٤) فەرمودەی نەناسراو (المنكر) (١)

ئەگەر هۆكاری تانەدران لە گێڕەرەوە (الطعن في الراوي) هەڵەی گەورەو زۆر، وزۆر بێ‌ئاگاییو كردنی خراپە (فسق) بێت، كە ئەمەش هۆكاری سێهەم و چوارەم و پێنجەمن، ئەوە فەرمودەكەی بە (منكر ـ نەناسراو) ناودەبرێت.

١. پێناسەكەی:

أ. لە ڕووی زمانەوانیەوە: ئیسمی مەفعولە و لە (إنكار ـ دان پێدا نەهێنان)ەوە هاتووە، ودژی (أقرار ـ دان پێدا هێنان)ـە.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: زانایانی فەرمووده (منكر)یان، بە چەند پێناسەیەك پێناسەكردووە، ناسراو ترینیان دوانن: كە ئەمانەن:

١. ئەو فەرمودەیەكەلەسەنەدەكەی دا ڕاویەك هەبێت كە هەڵەی گەورەو زۆر (فُحْش غِلطُه)و بێ ئاگایی (غفلة)ی زۆری هەبێت و خراپە (فسق)ی، لێ دەربكەوێت.

وە ئەم پێناسەیەش (حافظ إبن حجر) باسی كردووەو داویەتیە پاڵ زانایانی غەیری خۆی(٢).

وە (الإمام البيقوني) لە (هەڵبەست ـ منظومة)ەكەیدا لەسەر ئەم پێناسەیە ڕۆیشتووەو دەڵێت...

ومنكر الفرد به راو غداً   تعديله لا يحمل التفردّا

٢. ئەو فەرمودەیەیە كە كەسێكی لاواز (ضعيف) ڕیوایەتی بكاتو دژایەتی هەبێت لەگەڵ ڕیوایەتی كەسێكی متمانە پێكراو (ثقة)دا، ئەم پێناسەیەش ئەوەیە كە (حافظ إبن حجر) باسی كردووە، و پشتی پێ بەستووە، وەزیادەیەكی تیادایە لەسەر پێناسەی

---

١. بۆ زیاتر ناسینی فەرموودەی مونكەر تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە: (الإرشاد ١/ ٢١٩، والتقريب: ٦٩، والاقتراح: ١٩٨، والمنهل الروي: ٥١، والخلاصة: ٧٠، والموقظة: ٤٢، واختصار علوم الحديث: ٥٨، والمقنع ١/ ١٧٩، وشرح التبصرة والتذكرة ١/ ٣٢٩، ونزهة النظر: ٩٨، والمختصر: ١٢٥، وفتح المغيث ١/ ١٩٠، وألفية السيوطي: ٣٩ وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ١٧٩، وفتح الباقي ١/ ١٩٧، وتوضيح الأفكار ٢/ ٣، وظفر الأماني: ٣٥٦، وقواعد التحديث: ١٣١، والحديث المعلول قواعد وضوابط: ٦٦ ـ ٧٧).

٢. النخبة و شرحها ص٤٧.

یەکەم کە ئەویش پەیوەستە (قَیْد)ی، (مخالفة الضعیف لمارواه الثقة)یە.

٣. جیاوازی نێوان (منکر) و (شاذ):

أ. (شاذ):ئەوەیە کە کەسێکی متمانەدار (مقبول) ڕیوایەتی بکات[١]، بەڵام دژایەتی هەبێت لەگەڵ ڕیوایەتی کەسێکدا کەلەو پلەکەی بەرزترە.

ب.(منکر):ئەوەیە کە کەسێکی لاواز (ضعیف) دەیگێڕێتەوە، ودژایەتی هەیە لەگەڵ گێڕانەوەی متمانەپێکراو (ثقة) یەکدا.

بەمەدا دەزانرێ، کە هەردووکیان هاوبەشن، لەبەمەرج گرتنی دژایەتی (مخالفة) کردندا بەڵام جیادەبنەوە لەمەدا کە (شاذ) ڕاوییەکەی (مقبول)ە، بەڵام (منکر) ڕاوی یەکەی لاوازە، وە (إبن حجر) دەفەرموێت: (و قد غفل من سوّی بینهما) ئەوەی کە بەیەك چاو سەیریان دەکات، لەبێ ئاگاییدایە[٢].

٣. نمونەکەی:

أ. نموونە بۆ پێناسەی یەکەم، وەك ئەوەی کە (إمام نسائی) و (إبن ماجة) ڕیوایەتی دەکەن لە ڕیوایەتەکەی (أبي زُکَیرْ یحیی بن محمد بن قیس) لە (هشام بن عروة)ەوە ئەویش لە باوکییەوە، ئەویش لە (عائشة)ەوە بەمەرفوعی: (**کلوا البَلَح بالتمر فإن إبن آدم إذا أکله غضب الشیطان**)، واتە: ووشکە خورما بخۆن، چونکە بەخواردنی شەیتان زویر دەبێت!

(إمام نسائی) دەفەرموێت: (ئەمە فەرمودەیەکی (منکر)ـە، کە (أبو زکیر) تیایدا تاك بۆتەوە کە شێخێکی ساڵحە.

وە (إمام مسلم) لە (متابعات)دا، بۆیی هێناوە، بەڵام نەگەیشتۆتە پلەی ئەوانەی کە ئیحتیمالی تاك بونەوە (تفرّد) یان لێ دەکرێ[٣].

---

١. مەبەست لە (مقبول) لێرەدا ئەوەیە کەڕاوی فەرمودەی (صحیح و حسن) دەگرێتەوە، واتە کەسێکی عادلی بیر تیژ و تەواو (العدل التام الضبط) یاخود کەسێکی عادل، بەڵام (ضبط)ەکەی کەمتر بێت.

٢. النخبة و شرحها، ص٣٧، واتە: مەبەستی بەو قسەیەی ئەو (إبن الصلاح)ە، کە بەیەکسانی سەیری (شاذ)و (منکر)ی کردووە، لە (علوم الحدیث)دا ص٧٢، کە دەفەرموێت: (المنکر ینقسم قسمین علی ماذکرنا في الشاذ فإنه بمعناه) واتە: (منکر) دەبێتە دووبەشەوە، بەگوێرەی ئەوەی کە باسمان کرد، لە (شاذ)دا، جا (شاذ) یش هەر بە مانای (منکر)ـە.

٣. تدریب الراوي ج١/ ٢٤٠.

ب.نـموونه بۆ پێناسەی دووەم: وەك ئەوەی کە (إبن أبي حاتـم) له ڕێی (**حُبَيِّب بن حَبِيبْ الزيات**)ەوە ئەویـش لـه (أبـی أسحاق)و ئەویـش لـه (**عَيْزار بن حُرَيْث**) ئەویش له (إبن عباس)و ئەویش له پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی دەكات، كه دەفەرموێت: (**من اقام الصلاة و آتىَ الزكاة و حج البيت و صامَ و قرى الضيف دخل الجنة**).

واته: كەسێك نوێژ بكاتو زەكات بدات، حەج بكات، وە بەڕۆژوبـێو میوانداری بكات، دەچێته بەهەشتەوە).

(أبـو حاتـم) دەڵێت: ئـەم فەرمودەیـە (منكر)ـه، چونكه كەسانی تری متمانـه پێكراو كـه ڕیوایەتیـان كـردووە، لـه (ابـو إسـحاق)دا وەستاون، وە ئەمـەش له جۆری فەرمودەی (مَعرُوف)ـه، بۆیـه ئیتر باسی (عَيْزار)و (إبن عباس)یان، نەكردووە، لەبەر ئەوە قسەكەی ئەوانه وەردەگیرێ، و ڕیوایەتەكەی (إبن حبيب) دەدرێته دواوە.

٤.پلەكەی:

لەدوو پێناسه باسكرا وەكەی ئێستای (منكر)ـەوە، دەردەكەوێ كه (منكر) جۆرەكانی لاواز (ضعيف)ـه، ـكـه لاوازییەكـەی زۆر بێـت. بێگومـان چونكـه یان گێڕانەوەكـەی كەسێكی لاوازی وایـه، كـه بـه هەڵـەی زۆر بێتامو بـێ ئاگایی زۆر و خراپەكاری وەسف كـراوە، یان گێڕانـەوەی كەسێكی لاوازه كەدژایەتـی هەبێـت لەگـەڵ گێڕانـەوەی كەسانی متمانـه پێكـراودا، وە ئـەم دوو بەشـەیش هەردووكیـان لاوازی تونـد (ضِعفٌ شديد)یان، هەیـه، بۆیـه بەسـەرماندا گوزەرا له باسی (متروك)دا كه (منكر) لـه پلەی لاوازییەكەیدا له دوای پلەی (متـروك)ـەوە، دێت.

◈◈◈

(٤٥) چۆنیەتی بیستنی فەرمودەو وەرگرتنی و شێوازی لەبەرکردنی
مَعْرِفَةُ كَيْفِيَّةِ سَمَاعِ الْحَدِيْثِ وتَحَمُّلِهِ وَصِفَةِ ضَبْطِهِ

١. ڕێخۆشکردن:

مەبەست لە چۆنیەتی بیستنی فەرمووده، بریتیەلە ڕونکردنەوەی ئەوەی کە پێویستەو بەمەرج گیراوە بۆ کەسێك کە دەیەوێت گوێ ڕابگرێ لە مامۆستاکان (الشیوخ) تا ڕیوایەتەکانیان ببیستێ، و لێیانەوە وەری بگرێت، تا لە دواییدا بیداتەوە بە کەسانی تر، ئەمەش وەك بەمەرج گرتنی تەمەنێکی دیاریکراو، ئیتربە پێویست (وجوب) بێت، یان بە سونەت (الإستحباب).

وە مەبەست لە (تحمل-وەرگرتن) ڕونکردنەوەی ڕێبازەکانی وەرگرتنە لە مامۆستاکانەوە، وە مەبەست لە ڕونکردنەوەی هێزی لەبەرکردن (ضبط)، واتە: چۆن ئەو قوتابیە ئەو فەرمودەیەی کە پێی گەیشتووە، چاك لەبەری دەکات، تا بەو شێوەیەی کە بیستوویەتی بیگێڕێتەوە بۆ کەسانی‌تر بە شێوازێك کە لێی دڵ دامەزراوو دڵنیا بێت.

جا زانایانی زاراوە ناسی بایەخیان داوە بەم جۆرەی زانستی فەرمودە. چەند یاساو ڕێسایەك (قواعد و ضوابط)و مەرجێکیان بۆ داناوە، بەشێوەیەکی وردەکارانەو جوان، وە جیاوازییان لە نێوان ڕێبازەکانی وەرگرتنی فەرمودەدا کردووە، وکردویانەتە چەند پلەیەکەوە، کە هەندێکیان لە هەندێکی تریان بەهێز ترن، ئەمەش وەك جەخت کردنەوەیان لەسەر بایەخ دان بەفەرمودەکانی پێغەمبەر ﷺ وە گواستنەوەی بەچاکی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، تا مسوڵمان دڵنیا بێت لەو ڕێگایەی کە فەرمودەکەی پێغەمبەری ﷺ پێ گەیشتووە، وە لە دڵنیایی تەواودا بێت، کە ئەو ڕێگایە لەو پەڕی سەلامەتی و وردەکاریدایە.

٢. ئایا موسڵمانێتی و باڵغ بوون بۆ وەرگرتنی فەرمودە بە مەرج گیراوە؟

بەمەرج نەگیراوە بۆ (وەرگرتن-تحمل)ی، فەرمودە، موسڵمانێتی و باڵغ بوون، ئەمە لەسەر

گوتەی سەحیح، بەڵام ئەمە بۆ دانەوە (أداء)[1] بەمەرج گیراوە، هەروەك لەمەرجەکانی ڕاویدا بەسەرماندا ڕابورد. لەسەر ئەمەوە گێڕانەوەی موسڵمان و کەسی باڵغ وەردەگیرێ، ئەوەی کە پێش مسوڵمان بوونی وەری گرتبێ، یاخود پێش باڵغ بوونیشی وەری گرتبێ، بەڵام پێویستە (جیا کردنەوەی چاك لە خراپ ـ تمییز)ی هەبێت لە چاو کەسی نابالغ دا.

گوتراویشە کە باڵغ بوون بەمەرج گیراوە بۆ وەرگرتنی فەرمودە، بەڵام ئەمە گوتەیەکی هەڵەیە، چونکە مسوڵمانان ڕیوایەتی سەحابی بچکۆلەیشیان وەرگرتووە، وەك (حسن) و (إبن عباس)و بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان ئەوەدا کە وەرگرتنەکە پێش کاتی باڵغ بوون بووە، یان دوای ئەو.

٣. سوننەت وایە کەی دەست بکرێ بە گوێگرتن لە فەرمودە؟

أ. گوتراوە کە سوننەت وایە دەست بکرێت بەگوێ گرتن لە فەرمودە لە (٣٠) سی ساڵیدا، و ئەمەش زانایانی شام لەسەری دەڕۆن.

ب. وە گوتراویشە لە (٢٠) بیست ساڵیدا، ئەمە کوفیەکانی لەسەرە.

جـ وە گوتراویشە لە (١٠) دە ساڵیدا، کە ئەمەش بەسریەکانی لەسەرە.

د. بەڵام ئەوانەی کە پێکاویانە لەم چەرخەی دواییەدا، ئەوەیە کە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە گوێ لە فەرمودە بگرێت، هەر لەو کاتەوە کە هێزی بیستنی باش بوو، چونکە فەرمودە لە کتێبەکاندا نوسراوەتەوەو پارێزراوە.

٤. ئایا بۆ سەحیح بوونی بیستنی منداڵ تەمەنێکی دیاریکراو هەیە؟

أ. هەندێ لە زانایان دیارییان کردووە بە پێنج ساڵ، کە کاری زانایانی فەرمودە لەسەر ئەمە جێگیر بووە.

ب. وە هەندێکی تریشیان وتویانە: قسەی ڕاست لەسەر ئەوەیە: کە حیساب بۆ (تمییز)ی ئەو کەسە دەکرێت، ئەگەر لە شت تێدەگەیشت و وەڵامی دەدایەوە، ئەوە بە (جیاکار ـ مُمَیِّز) دادەنرێت و بیستنی سەحیحە، دەنا بە پێچەوانەوە نابێت.

---

١. (وەرگرتن ـ التحمل): ماناکەی وەرگرتنی فەرمودەیە لە مامۆستاوە، و (الأداء) گێڕانەوەی فەرمودەیەو دانەوەیەتی بە قوتابی.

(٤٦) دەربارەی نووسینەوەی فەرمووده و لەبەرکردنی و کتێبدانان تیایدا

١.حوکمی نووسینەوەی فەرمودە:

زانایانی پێشینە لە سەحابیو شوێنکەوتوان جیاوازیان هەیە لەسەر نوسینەوەی فەرمودە بەچەند گوتەیەك.

أ. هەندێکیان بە ناچاك (مكروه) یان داناوە، لەوانە (إبن عمر)و (إبن مسعود)و (زيد بن ثابت).

ب. وە هەندێکیان بە دروست (مباح) یان داناوە، لەوانە (عبدالله بن عمرو)و (أنس) و (عمر إبن عبدالعزيز)و زۆرینەی هاوەڵان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ.

ج . پاشان هەموویان کۆبونەوە لەسەر دروستییەکەی: و لابردنی ئەو جیاوازییە، وە ئەگەر فەرموودە لە کتێبەکاندا نەنوسرایەتەوە، ئەوا لەم سەردەمانەی دواییدا لەناو دەچوو، بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێمەدا.

٢. هۆکاری جیاوازی لە نووسینەوەی فەرموودەدا:

هۆکاری ڕاجیایی لە نوسینەوەی فەرمودەدا، ئەوەیە کە چەند فەرمودەیەکی لێك جودا (متعارض) هاتوون، دەربارەی دروستییەکەی و نەهی لێکردنیشی، لەوانە:

أ. فەرمودەی نەهی کردن: ئەوەیە کە (مسلم) ڕیوایەتی دەکات کە پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمویەتی: (**لاَ تَكْتُبُوا عَنِّي شَيْئاً إلاَّ القُرْآنَ، ومَنْ كَتَبَ عَنِّي شَيْئاً غيرَ القُرْآنِ فَلْيَمْحُهُ**[1] - واتە: هیچم لێ مەنوسنەوە، جگە لە قورئان، ئەوەی شتێکی جگە لە قورئان لێنوسیوم، با بیسڕێتەوە).

ب. فەرمودەی دروستی ئەم کارە: ئەوەیە کە دوو پێشەوا کە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هێناویانە کە فەرمویەتی: (**أكتبوا لأبي شاهٍ**)!وە لێرەدا چەند فەرمودەیەکیتر هەیە،

١. صحيح مسلم ٨/ ٢٢٩ (٣٠٠٤)، و أخرجه أحمد ٣/ ١٢ و ٢١ و ٣٩ و ٤٦ و ٥٦، والدارمي (٤٥٦)، والنسائي في الكبرى (٨٠٠٨)، و فِي فضائل القرآن (٣٣) جميعهم من طريق همام بن يحيى، عن زيد بن أسلم، عن عطاء بن يسار، عن أبي سعيد، به مرفوعاً.

دەربارەی دروستی نوسینەوە، لەوانە مۆڵەت دانەکەی بە (عبدالله بن عمرو).

٣. کۆکاری (الجمع) لە نێوان فەرموودەکانی دروستی و نەهی کردن لە نووسینەوە:

زانایان کۆکردنەوەیان کردووە، لەنێوان ئەو فەرمودانەدا، کە نوسینەوەی فەرموده بە چاك دەزانن، و ئەوانەی کە نەهی لێ دەکەن، بەچەند شێوازێك لەوانە:

أ. هەندێکیان و تویانە، مۆڵەت دان بە نوسینەوە، بۆ کەسێکە کە ترسی لە بیرچونەوەی هەبێت، نەهی بۆ کەسێکە کە ترسی لەبیرچونەوەی نەبێت، وە ترسی ئەمەی هەبێت کە ئەگەر نوسیەوە، ئیتر پشت بەو نوسینەوەیە ببەستێت.

ب. وە هەندێکی تریان وتویانە: کاتێك نەهییەکە هات، کە ترسی ئەوە هەبوو کە لەگەڵ قورئاندا تێکەڵ ببێت، و پاشان مۆڵەتدان هات، بەنوسینەوەی کاتێك ئەو ترسە ڕەوییەوە، بەمەبێت ئەو نەهییە سڕاوەتەوە (منسوخ)ە.

٤. چی لەسەر نووسەرەوەی فەرموده پێویستە:

پێویستە لەسەر نوسەرەوەی فەرمودە، هەوڵی تەواو بخاتە گەڕ بۆ (ضبط)کردنو لێکۆڵینەوەی شێوەکەیو خاڵەکانی، تا بێ ترس بێت، لە لێکچوون (اللَّبس)، وە ئەو شتانەی کە ئیشکالیەتیان تیادایە جوان ڕێکی بخات، بەتایبەت ناوی پیاوەکان، چونکە ئەو شتانە بە پێش و دوای خۆیان نازانرێت، دەبێت ڕێنوسەکەی ڕون و ئاشکرا بێتو بە گوێرەی ڕێسا دیارەکانی ڕێنوس (قواعد الخط) بێت، بۆ خۆی زاراوەی تایبەت دانەنێت، بەڕەمزێك کە خەڵکی نەیزانێت، دەبێت پارێزگاری بکات لەسەر نوسینەوەی سەڵەوات و سەلام لە دیداری پێغەمبەر ﷺ هەرکات کە ناوی هێنا، ماندوو نەبێت لە دوبارەکردنەوەی ئەمە، وە خۆی پەیوەست (مقید) نەکات لەم شتەدا بە بنەما (أصل)ەکەوە، ئەگەر ناقیص بوو، وە هەروەها ستایشی خوای پەروەردگار وەك (عز وجل) وە هەروەها داوای ڕازی بوون و ڕەحمەت کردن بۆ سەحابی رضي الله عنهو زانایان، باشیش نییە، کە بەتەنها سەڵاوات ـبەبێ سەلام ـیان بە پێچەوانەوە بێت، هەروەك ڕەمز دانان بۆ ئەمانەیش شتێکی مەکروهە، وەك (ص)و ئەو شتانە، وەك (صلعم)!بە ڵکو پێویستە لەسەری کە بەتەواوی بیانووسێتەوە.

٥. بەرابەری پێکردن (المقابلة) وچۆنیەتییەکەی:

پێویستە لەسەر نوسەرەوەی فەرمودە پاش لێبونەوەی لەسەر نوسینەوەکەی، کە ئەو کتێبەی بەرابەری پێ بکات، لەگەڵ کتێبە ئەسڵەکەی مامۆستاکەیدا[1]، هەر چەندە بەرێگای مۆڵەت پێدانیش لێی وەرگرتبێت، وە چۆنیەتی بەرابەری پێ کردنەکە، ئەوەیە کە ئەم و مامۆستاکەی کتێبەکانیان بەدەستەوەبگرن لەکاتی گوێگرتن دا، وە دەشبێت کە کەسێکی متمانە پێکراویتر ئەو بەرابەری کردنە بکات، لە هەرکاتێکی، خوێندنەوەدا یان دوایيدابێت، هەردەبێت، هەروەك ئەوەش دەبێت، کە بەرابەری پێ بکات لەگەڵ بەشێکی نوسخەیەکی بەرابەر پێ کراودا، لەگەڵ نوسخە ئەسڵییەکەی مامۆستاکەدا.

٦. چەند زاراوەیەك لە نووسینەوەی دەربڕینەکانی دانەوە (ألفاظ الأداء)وهی تریشدا:

مەسەلەی کورت هەڵهێنان لەسەر نوسەرە وانی فەرمودەو ڕەمزدانان لە دەربڕینی لەفزەکانی (أداء)دا، شتێکە زاڵ بووە بەسەر زۆربەیاندا، لەوانەی کە ئەوان دەینوسن.

أ. (حدثنا): بە (ثنا) یان (نا).

ب. (أخبرنا): بە (أنا) یان (أرنا).

ج. گواستنەوەی سەنەد بۆ سەنەدێکی تر، کە بەڕەمزی(ح)دای دەنێن و خوێنەرەکەیش هەربە (حا) دەری دەبڕێ.

د. عادەت وا بووە، کە وشەی (قال) و هاووێنەی ئەمە لابەرن، لەنێوان پیاوەکانی سەنەددا بەنوسین، ئەمەش بۆ کورت بڕی، بەڵام پێویستە لەسەر خوێنەر کە دەری ببڕێت، وەك (**حدثنا عبدالله بن يوسف أخبرنا مالك**) ئەمە پێویستە لەسەر خوێنەر کە بڵێت: (قال أخبرنا مالك) هەر وەك عادەتیش وا بووە کە (أنه) یان لابردووە، لە کۆتایی سەنەددا ئەمەش هەر بۆ کورت بڕی، وەك: (**عن ابي هريرة قال**) کە پێویستە لەسەر خوێنەر کە (أنه) دەر ببڕێت و بڵێت: (أنه قال)و ئەمەش بۆ ساغ کردنەوەی دەستەواژەکان لە ڕوی ئیعرابەوە.

---

١. واتە: نوسخەی مامۆستا ئەسڵی یەکەی کە لێوەی وەری گرتووە.

٧. سەفەرکردن لەڕێی دەستخستنی فەرمودەدا: (الرحلة في طلب الحديث....).

پێشینەکانمان بایەخیان داوە بە فەرمووده، بەڵام بایەخدانێکی بێ وێنە، وە لە کۆکردنەوەو (ضبط) کردنیدا، هەوڵێكو تێکۆشانێكو کاتێکی وایان سەرف کردووە، کە خەریکە عەقڵ بڕوای پێ نەکات، جا دوای ئەمە کە یەکێکیان فەرمودەکانی مامۆستاکانی شارەکەی خۆیی کۆدەکردەوە، ئیتر دەکەوتە گەڕان بۆ شارو ناوچەکانی تر، نزیكو دوور تا فەرمودەلە مامۆستاکانی ئەو ناوچانەش وەربگرێت، جا ئەو زبری و نارەحەتیەی بە دەرونێکی ڕەزامەندانەوە لە خۆ دەگرت، (**الخطيب البغدادي**) کتێبێکی داناوە، کە ناوی ناوە: (**الرحلة في طلب الحديث**) کە تیایدا ئەو هەولانەی هاوەلان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ و شوێنکەوتوانو ئەوانەی دوای ئەوانی لەگەڕان بەشوێن دەستخستنی فەرموودەدا کۆکردۆتەوە، کە مرۆڤ بە بیستنی سەرسام دەبێت، و ئەوەی دەیەوێت گوێ لەو هەواڵە گرنگانە بگرێت، با بچێتە سەر ئەو کتێبە چونکە ئەو کتێبە، چالاك کەری تامەزرۆیانی زانستی شەرعییەو هیممەتیان وریادەکاتەوەو جەخت بوونەوە (عزم)، یان بەهێز دەکات.

٨. جۆرەکانی کتێبدانان (التصنيف) لە فەرمودەدا:

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە هەست بە خۆی دەکات کە توانای کتێب دانانی لە فەرمودەو هی تریشدا هەیە، کە هەستێت بە کتێب دانان ئەمەش بە کۆکردنەوەی چەند زانیاریەکی پەرت بوو، ڕوونکردنەوەی شتە پڕ لە گرێکان (المشكل)، وە ڕێکخستنی شتە نارێکەکان، و پێڕست دانان، بۆ بێ پێڕستەکان، کە ئەمانە ئاسانکاری لەسەر ئەو کەسانە دروست دەکات، کە تامەزرۆی فەرموودەن، تا سودیان لێوەربگرن، بە ئاسانترین ڕێگاو زووترین کات، جا با خۆیشی بپارێزێت، لە دەرکرنی کتێبەکەی لە پێش پوختکردنو پاك نووس (تحرير)کردن و (ضبط)کردنیدا، تا کتێبەکەی سودەکەی زۆرو گشتی بێت.

زانایان فەرمودەیان بەسەر چەند شێوازێکی جۆرا و جۆردا ڕێك خستوەو کردۆتە کتێب، وەلە بەناوبانگترین جۆرەکانی کتێب دانانیش لە فەرمودەدا ئەمانەن:

أ. (الجوامع): کە تاکەکەی (الجامع-کۆکەرەوە)یە، ئەو کتێبانەن کە دانەرەکەی سەرجەم بابەتەکانی بیروباوەڕ (العقائد) و پەرستش (العبادات) و کڕین و فرۆشتن

(المعاملات) و ژیاننامەکان (السیر) و نیشانە جوانەکانی چاکان (المناقب) و کارە باشەکان (الرقاق) و باسی فیتنەو ئاشوب (الفتن) و هەواڵەکانی ڕۆژی دوایی کۆبکاتەوە، وەك (الجامع الصحیح، للبخاری).

ب. (المسانید): کە تاکەکەی (المُسْنَد)ە، کە ئەو کتێبانەن کە سەرجەم شتە ڕیوایەت کراوەکانی هەر هاوەڵێکی ﷺ تیادا کۆکراوەتەوە، بەبێ ڕەچاو کردنی ئەو بابەتەی کە فەرمودەکەی پێوە پەیوەستە، وەك (**مسند ألإمام أحمد بن حنبل**).

ج. (السنن): ئەو کتێبانەیە کە بەگوێرەی بابەتە شەرعی یەکان (ابواب الفقە) داڕێژراون، تا ببنە سەرچاوە بۆ شەرعزانان لە هەڵهێنجانی حوکمەکاندا، ئەم (السنن)انە لەگەڵ (الجوامع) دا جیان، چونکە ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە بیروباوەڕو ژیاننامەو نیشانە جوانەکان (المناقب) ەوە هەیە، تیایاندا نییە، بەڵکو تەنها بابەتە فیقهییەکانن، و فەرمودەکانی ئەحکامن، وەك (سنن ابی داود).

د. (المعاجم): (المعجم) ئەو کتێبانەن کە دانەرەکەی فەرمودەکانی بەگوێرەی ناوی مامۆستاکانی بە ڕێکخستنی پیتەکان (حروف الهجاء) ڕیزبەندی کردووەو کۆکردۆتەوە، وەك سێ موعجەمەکەی (الطبراني) کە بریتین لە (**المعجم الكبير، المعجم ألأوسط، المعجم الصغير**).

هـ(العلل): ئەو کتێبانەن کە ئەو فەرمودانە دەگرێتەوە کە نەخۆشن (معلول)ن، لەگەڵ ڕونکردنەوەی (علة)ەکاندا، ئەمەش وەك: (**العلل لإبن ابي حاتم**) و (**العلل للدار قطني**).

و. (الأجزاء): (جزء ـ بەش) ئەو کتێبە بچوکانەن کە ڕیوایەتەکانی کەسێك لە گێڕەرەوانی فەرمودە لە خۆ دەگرێت، و کۆدەکاتەوە یاخود ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە مەسەلەیەکەوە بەسەر بەخۆیی کۆدەکاتەوە، وەك (**جزء رفع اليدين في الصلاة) للبخاري**.

ز. (ألأطراف): ئەوکتێبانەن، کە دانەرەکەی بەشێکی لە هەموو فەرمودەیەك باس‌کردووە، کە ئەو بەشە بەڵگەیە لەسەر پاشماوەکەی تری پاشان سەنەدی هەموو مەتنێك لەو مەتنانە یان بەلە خۆگرتن (مستوعبات) یان بە پەیوەست کردنیان بەهەندێ کتێبەوە، دەهێنێت. وەك (**تحفة ألأشراف بمعرفة ألأطراف للمزي**).

ح. (المستدركات): تاکەکەی (المستدرك)ە: ئەو کتێبانەن کە دانەرەکەی ئەو فەرمودانەی

کە ئەو هەستی پێکردون کە لەسەر مەرجی کتێبی کەسێکی کەن، بەڵام ئەو کەسە لەبیری چوون، ئەم دەیانهێنێت، وەك (**المستدرك على الصحيحين**)ی (**أبو عبدالله الحاكم**).

ك. (المستخرجات): تاکەکەی (المُستخرج)ـە: ئەو کتێبانەن کە دانەرەکەی کۆمەڵێك فەرموده دەهێنێت (تخريج) دەکات، کە فەرمودەی کتێبێکی ترن، بەڵام ئەم بەسەنەدی خۆیەوە دەیان هێنێت، وە لە غەیری سەنەدی ئەو کەسەی یەکەم، و هەندێ جاریش لە مامۆستاکەیدا یان لەسەروو تریەوە یەك دەگرنەوە، وەك (**المستخرج على الصحيحين**) ـی، (**أبو نُعيم ألأصفهاني**).

(٤٧) شێوازی گێڕانەوەی فەرمووده[١]

فِي صِفَةِ رِوَايَةِ الْحَدِيْثِ وشَرْطِ أدَائِهِ، ومَا يَتَعَلَّقُ بِذَلِكَ

ئایا گێڕانەوەی کەسێك دروستە، کەلە کتێبەکەیەوەبیگێڕێتەوە، و لەبەری نەبێت؟

ئەمە کارێکە زانایان ڕاجیاییان هەیە تیایدا، هەندێکیان توندییان تیادا نواندووە، و ڕۆچوون و هەندێکیشیان ئاسانکاری یان تیادا کردووە، و کورت یان تیا دا هەڵهێناوەو هەندێکیشیان ناوەڕاستیان تیایدا گرتووەو لە نێوەندا وەستاونەتەوە.

أ. دەربارەی توندەکان (المتشددون) دەڵێن: تەنها لەوانەدا دەکرێتە بەڵگەو وەردەگیرێت- کە گێڕەرەوەکە بەلەبەر کردنەوە دەیڵێت: ئەمە لە (**مالك**) و (**أبو حنيفة**) و (**أبو بكر الصيدلاني الشافعي**)یەوە گێڕدراوەتەوە.

ب. بەڵام بۆ ئاسانکاران (المتساهلون): هەندێك هەن شتیان گێڕاوەتەوە لە چەند کتێبێکی نابەرابەر کراوەو (غير مقابلة) بە ئەسڵەکانیان، لەوانە (**إبن لُهيعة**).

ج. بەڵام بۆ نێوەندکاران (المعتدلون المتوسطون): کە ئەمانە جەماوەری زانایانن، فەرمویانە: ئەگەر گێڕەرەوە لە هەڵگرتن (التحمل)و بەرابەری پێکردن (المقابلة) دا

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (إرشاد طلاب الحقائق ١/ ٢٧٣ ـ ٣٣٣، والتقريب: ٩٠ ـ ١٠٠، والمنهل الروي: ٦٣، والخلاصة: ٨٨، واختصار علوم الحديث: ٩٢، ومحاسن الاصطلاح: ٢١٨، وشرح التبصرة ٢/ ١، والتقييد والإيضاح: ١٣٦، ونزهة النظر: ١٨٥ ـ ١٩٩، والمختصر: ١٥٥، وفتح المغيث ١/ ٢٦٢، وألفية السيوطي: ٩٦ ـ ١١٢، وفتح الباقي ١/ ٢٩٢، وتوضيح الأفكار ٢/ ١١٤، وظفر الأماني: ٧٨).

هەستا بوو، بەو مەرجانەی کە ڕابوردن، ئەوە ڕیوایەت کردن لەو کتێبەوە دروستە، هەر چەندە کتێبەکەیشی لانەبێت، ئەگەر گومان زیاتر بەلای ئەوە دابوو، کە سەلامەتە لە گۆڕان و جێگۆڕکێ کاری (التغيير و التبديل) بەتایبەت لەلای ئەوانەی کە گۆڕانکاری (التغيير)یان لێ ون نابێت و ناشاردرێتەوە.

حوکمی گێڕانەوەی کەسێك کە ئەوەی کە دەیبیستێ ناتوانێ لەبەری بکات؟

ئەگەر کەسێکی نابینا (الضرير) کە شتێکی بیست نەیتوانی لەبەری بکات، پشت ببەستێت بە کەسێکی بڕوا پێکراو، لە نوسینەوەی فەرمودەیەکی وا کە بیستوویەتی و (ضبط)ی کردووەو کتێبەکەیشی پاراستووە، و تەنها خوێندنەوەی کردووە، بەشێوەیەك کە گومانی سەلامەت بوونی بەبێ گۆڕانکاری زیاتر بێت لەسەری، ئەوە گێڕانەوەی دروستە لەلای زۆرینەی زانایان، ئەمەش وەك کەسێکی بینەری نەخوێندەوارە کە ناتوانێت شت لەبەر بکات.

گێڕانەوەی فەرمودە بە مانا و مەرجەکانی:

زانایانی پێشینە جیاوازییان هەیە لەڕیوایەت کردنی فەرمودەدا بەمانا، هەندێکیان جڵەو گیرییان لێ کردووەو هەندێکیشیان بەدروستیان داناوە:

أ. کۆمەڵێك لە زانایانی فەرمودەو فیقهـ و ئوسوول، جڵەو گیرییان لێ کردووە، وەك **(إبن سيرين) و (أبو بكر الرّازي).**

ب. بەڵام جەماوەری پێشینە (السلف) و (پاشینە) (الخلف) لە فەرمودەناسان و زانایانی شەرع و ئوسوول بە دروستیان داناوە، لەوانە چوار ئیمامەکە، بەڵام ئەگەر گێڕەرەوە بەتەواوی (أداء)ی، ئەو مانایە بکات، پاشان ئەوانەی کە گێڕانەوەی بەمانایان بەدروست داناوە، چەند مەرجێکیان داناوە لەوانە:

١. دەبێت گێڕەرەوەکە زانا بێت بەدەر بڕینەکان و وشە و مەبەستەکانیان.

٢. دەبێت زۆر ئاگادار بێت بەو شتانەی کە ماناکانی دەگۆڕێت.

ئەمە بۆ ئەوانەیە کە نەکراون بە کتێب، بەڵام بۆ گێڕانەوە بەمانای کتێبەکان، ئەو گێڕانەوە بەمانایانە دروست نییە، بەهیچ جۆرێك، وە گۆڕینی لەفزەکان، هەرچەندە هەر بەو مانایەش بێت، دروست نییە، چونکە دروستی گێڕانەوەی بەمانا بۆکاتی پێویستی

(ضرورة)، بۆ کاتێکە کە وشەیەك لەو وشانە لە گێڕەرەوە ون ببێت، بەڵام دوای جێگیر بوونی فەرمودە لە کتێبەکاندا، ئەوا هیچ زەرورەتێك نییە بۆ گێڕانەوەی فەرمودە لەکاتی بوونی ئەو کتێبانەدا بەمانا.

پێویستە لەسەر گێڕەرەوەی فەرمودە بەمانا، پاش گێڕانەوەی فەرمودەکە بڵێت: **(أو كما قال)** یان **(أو نحوه)** یان **(أو شبهه)**.

(اللحن) لە فەرموودەدا، و هۆکارەکەی:

(اللحن) لە فەرموودەدا، واتە: بە هەڵە خوێندنەوەی، دیارترین هۆکارەکانی:

أ. نەزانینی زانستی (نەحو) و زمان، بۆیە لەسەر تامەزرۆیانی فەرمودە پێویستە کە ئەوەندە لە (نحو)و زمان (اللغة) فێرببن، کە بیان پارێزێ لە هەڵە خوێندنەوەی فەرمودەکانو جێگۆڕکێ پێکردنی نوختەکان (التصحیف)، جا (خطیب) لە (حماد بن سلمة)ـەوە، گێڕاویەتیەوە، کە وتویەتی: **(مثل الذي يطلب الحديث ولا يعرف النحو مثل الحمار عليه مخلاة لا شعير فيها**[1]**)**- واتە: وێنەی کەسێك کە تامەزرۆی فەرمودەیەو نەحو نازانێت، وەك گوێدرێژێك وایە کە تورەکەیەکی لەسەردا بێت، کەچی جۆی تیادا نەبێت!

ب. وەرگرتن لە دەفتەر و کتێبەوە و نەگەیشتن بە مامۆستا.

بە سەرماندا ڕابورد، کە گەیشتن بە فەرمودەو وەرگرتنی لە مامۆستاوە، چەند ڕێگایەکی هەیە، هەندێکیان لە هەندێکی تریان بەهێز ترن، وە بەهێزترینیان بیستنە لەو مامۆستایەوە (السماع من لفظ الشيخ) یان خوێندنەوەیە بەسەریدا (القراء ة عليه)، بۆیە لەسەر ئەو کەسەی کە بە فەرمودەی پێغەمبەرەوە ﷺ سەرقاڵە پێویستە، کە لەدەمی کەسانی زاناو لێکۆڵەرەوە (أهل المعرفة و التحقيق)ەوە ببیستێ، تا پارێزراو بێت، لە جێگۆڕکێ پێکردنی نوختە (التصحيف)و هەڵە کردن، شتێکی شایستە نی یە بۆ تامەزرۆیانی فەرمودە، کە پشت بەکتێب و دەفتەر ببەستێت، و شتیان لێوە وەربگرێت و لێیانەوە بگێڕێتەوە، وە ئەو کتێبانە بکاتە مامۆستای خۆی، چونکە بەمە هەڵەو جێگۆڕکێ پێکردنی نوختەکان زیاددەکات، بۆیە هەر زانایان لە دێر زەمانەوە

---

١. تدريب الرّاوي ج٢/١٠٦.

فەرمویانە (لا تأخذ القرآن من مُصحَفيّ ولا الحديث من صَحَفي[١] ـ واتە: قورئان لە (مُصحفي) و فەرمووده لە (صَحَفي) وەرمەگرن، واتاكانیان لە خوارەوە ڕوونكراوەتەوە.

(٤٨) گێڕانەوەی باوكان لە كوڕانەوە[٢]

(رواية الآباء عن الأبناء)

١. پێناسەكەی:

ئەوەیە كە لەسەنەدی فەرمودەكەدا باوكێك هەبێت كە فەرمودەكەی لە كوڕەكەیەوە گێڕابێتەوە.

٢. نموونەكەی:

وەك ئەو فەرمودەیەی كە (عباس بن عبدالمطلب) لە (الفضل)ی، كوڕییەوە دەیگێڕێتەوە، كە پێغەمبەر ﷺ لە (مزدلفة) دوو نوێژی كۆكردۆتەوە.

٣. لە سوودەكانی:

تا گومان نەبرێت كە لە سەنەدەكەدا گۆڕانكاری یان هەڵە هەیە، چونكە ئەسڵ وایە كە كوڕ لە باوكەوە شت ڕیوایەت بكات، وە ئەم جۆرەو ئەو جۆرەی پێشتری بەڵگەیە لەسەر (تواضع)ی زانایان، و زانست وەرگرتنیان لەهەر كەسێكەوە بێت، هەرچەندە لەپلەو ڕێزو تەمەنیشدا ئەوان لێیان كەمتر بن.

٤. بەناو بانگترین كتێب تیایدا:

كتێبی (رواية ألآباء عن ألأبناء)ی، دانراوی (خطيب البغدادي).

---

١. (المصحفي): ئەو كەسەیە كە قورئان لەپەڕتوكەكەوە وەردەگرێت، وە قورئان لە خوێنەران (القرّاء) و مامۆستاوە وەرناگرێت، وە (الصحفي) كەسێكە كە فەرموده لە دەفتەر و پەڕتووكەوە وەردەگرێت، وەلە مامۆستاكانەوە وەری ناگرێت.

٢. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە: (الإرشاد ٢/ ٦٣٢ ـ ٦٣٦، والتقريب: ١٧٠ ـ ١٧١، واختصار علوم الحديث: ١٩٩ ـ ٢٠٢، والشذا الفياح ٢/ ٥٥٨ ـ ٥٦٢، والمقنع ٢/ ٥٣٥ ـ ٥٣٩، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٨٥، ونزهة النظر: ١٦٠ ـ ١٦١، وطبعة عتر: ٦٢، وفتح المغيث ٣/ ١٧٠ ـ ١٨٢، وتدريب الراوي ٢/ ٢٥٤ ـ ٢٥٥، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٠٦، وفتح الباقي ٣/ ٨٣ ـ ١٠٠، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧٧ ـ ٤٨٠).

(٤٩) گێڕانەوەی کوڕان لە باوکان[١]

رواية ألأبناء عن الآباء

١.پێناسەکەی:

ئەوەیە کە لە سەنەدی فەرمودەکەدا کوڕێك هەبێت، کە فەرمودەکەی تەنها لە باوکییەوە گێڕابێتەوە، یاخود لە باوکیەوە و ئەویش لە باپیریەوە.

٢. گرنگترینیان:

گرنگترینی ئەم جۆرەیش ئەوەیە کە ناوی باوك یان باپیرەکە نەهێنرابێت، چونکە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە بۆ زانینی ناوەکەی.

٣.جۆرەکانی: دوو جۆرە:

أ. گێڕانەوەی ڕاوییەکە لەتەنها باوکییەوە، (واتە: بەبێ گێڕانەوەی لە باپیرییەوە) کە ئەمە یان زۆرە.

وەك: گێڕانەوەی (أبي العشراء) لە باوکیەوە[٢].

ب. گێڕانەوەی ڕاوییەکە لەباوکیەوەو لە باپیریەوە، یاخود لە باوكو باپیری بەرەو ژوورتریش.

وەك: ڕیوایەت کردنی (عمرو بن شعیب) لە باوكو باپیریەوە[٣].

٤.لە سوودەکانی:

أ. لێکۆڵینەوەیە بۆ زانینی ناوی باوكو باپیر، ئەگەر ناویان ڕاستەوخۆ نەدرکێنرابوو.

ب. ڕونکردنەوەی مەبەست لەو باپیرە، کە ئایا باپیری کوڕەکە یە یان باپیری باوکیەتی.

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٦٣٢ ـ ٦٣٦، والتقريب: ١٧٠ ـ ١٧١، واختصار علوم الحديث: ١٩٩ ـ ٢٠٢، والشذا الفياح ٢/ ٥٥٨ ـ ٥٦٢، والمقنع ٢/ ٥٣٥ ـ ٥٣٩، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٨٥، ونزهة النظر: ١٦٠ ـ ١٦١، وطبعة عتر: ٦٢، وفتح المغيث ٣/ ١٧٠ ـ ١٨٢، وتدريب الراوي ٢/ ٢٥٤ ـ ٢٥٥، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٠٦، وفتح الباقي ٣/ ٨٣ ـ ١٠٠، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٧٧ ـ ٤٨٠).

٢. کە لەناوەکەیدا و ناوی باوکیدا ڕاجیایی هەیە، بەچەند گوتەیەك، کە دیارترینیان ئەوەیە کە ناوی (أسامة بن مالك)ە.

٣. (عمرو) نەسەبەکەی بەم جۆرەیە: (عمرو بن شعيب بن محمد بن عبدالله بن عمرو بن العاص)کە باپیری (عمرو) موحەممەدە، بەڵام زانایان بە هۆی بەدواداچوون بۆیان جێگیر بووە، کە ضە میر لە (جَدِّهِ)دا، بۆ (شعيب) دەگەڕێتەوە، جا بۆیە مەبەست لە (جَدِّهِ)، (عبدالله بن عمرو)یە، کە سەحابیەکی ناسراوە.

٥. بەناوبانگترین دانراو تیایدا:

أ. (رواية ألأبناء عن آبائهم)ی (أبو نصر بن عبدالله بن سعيد الوائلي).

ب. (جزء من روى عن ابيه عن جده)ی، دانراوی (ابن أبو خيثمة).

ج. کتێبی (الوشي المعلّم في من روى عن أبيه عن جده عن النبی ﷺ)ی، دانراوی (الحافظ العلائي).

(٥٠) باسی (السابق و اللاحق)

١.پێناسەکەی:

أ. لەڕووی زمانەوە: (السابق) ئیسمی فاعیلەو لە (السَبق)ەوە، هاتووە، بەمانای (پێشکەوتوو ـ لە پێش ـ المتقدم)، وە (اللاحق)یش ئیسمی فاعیلە، و لە (اللَّحاق)ـەوە، هاتووە، بەمانای (دواکەوتوو ـ المتأخر ـ پاش خراو)، وە مەبەست لەمە گێڕەرەوەیەکە کە زوو مردبێت و گێڕەرەوەیەکی ترە کە دواترو لە پاشتر مردبێت.

ب. لة ڕِووی زاراوةوة: ئەوەیە کە لە گێڕانەوەدا لە مامۆستایەکەوە دوو کەس بەشداری بکەن، کەنێوانی مردنیان زۆر بێت.

٢. نموونەکەی:

أ. (محمد بن إسحاق السراج)[1]، کە (البخاری) و (الخفاف) بەشدارییان کردووە، لە گێڕانەوەدا لێیەوە، کە ماوەی مردنی نێوانیشیان (١٣٧) ساڵ یان زیاتریشە[2].

ب. (الإمام مالك): کە (الزهری) و (أحمد بن إسماعیل السَّهمی) بەشدارییان کردووە لە گێڕانەوەدا لێیەوە، کە ماوەی مردنی نێوانیشیان (١٣٥) ساڵە، چونکە (الزهری) لە ساڵی (١٢٤ هـ) وەفاتی کردووەو (السهمی) لە ساڵی (٢٥٩هـ) وەفاتی کردووە.

ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەوەیە کە (الزهری) زۆر بە تەمەنترە، لە (مالك) چونکە لە

---

١. (السراج) لە ساڵی (٢١٦ هـ) لەدایك بووەو لەساڵی (٣١٣ هـ) کۆچی دوایی کردووە، کەماوەی (٩٧) ساڵ ژیاوە.

٢. (إمام بخاري) لە ساڵی (٢٥٦هـ) وەفاتی کردووە، وە (الحسین أحمد بن محمد الخفاف النیسابوري) لە ساڵی (٣٩٣هـ) وەفاتی کردووە، وە گوتراویشە لە (٣٩٤ هـ) دا وەفاتی کردووە، وەهەروەها گوتراویشە کە لە (٣٩٥هـ)یشدا وەفاتی کردووە.

شوێن کەوتوان (تابعین)ـە، و (مالك) لە شوێنکەوتەی شوێنکەوتوان (أتباع التابعین) ـە، جا گێڕانەوەی (الزهری) لە (مالك)، لە بابی گێڕانەوەی گەورە لە بچووك حیسابە، وەك ڕابورد لە کاتێکا کە (السهمی) تەمەنی زۆر کەمترە لە (مالك) سەرەڕای ئەوەش کە (السهمی) زۆریش ژیاوە کە تەمەنەکەی نزیکەی سەد ساڵ گەیشتووە، بۆیەش ئەو جیاوازییە زۆرەی هەیە لەنێوان وەفاتی ئەم و وەفاتی (الزهری)دا.

بەدەستەواژەیەکی ڕوونتر، ئەو گێڕەرەوە لەپێش ترە (السابق) دەبێتە مامۆستا بۆ ئەو لێوەگێردراوە (المروي عنه)وە و ئەو گێڕەرەوە لەدواترە (اللاحق) دەبێتە قوتابی ئەو، وە ئەو قوتابی یە بۆماوەیەکی زۆر دەژێت.

٣. لە سوودەکانی:

أ. بەڵگەیە لەسەر شیرینی سەنەدی باڵاو نزیك لە دڵدا.

ب. تاوا گومان نەبرێت کە ئەو سەنەدە لە پاشترە پچڕاوە.

٤. بەناو بانگترین دانراو تیایدا:

کتێبی (السابق و اللاحق)ی، دانراوی (الخطیب البغدادي).

(٥١) (الوحدان) ناسینی (الوُحْدان)[1]

مَعْرِفَةُ مَنْ لَمْ يَرْوِ عَنْهُ إلاَّ رَاوٍ وَاحِدٌ مِنَ الصَّحَابَةِ والتَّابِعِيْنَ فَمَنْ بَعْدَهُمْ

١. پێناسەکەی :

أ. لە ڕووی زمانەوە: (الوُحدان) بە زەممەی واوەکە کۆی (واحد)ـە، واتە: یەکەکان .

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەو گێڕەرەوانەن کە تەنها یەك گێڕەرەوە لێیانەوە ڕیوایەتی کردووە.

٢.سوودەکەی:

ناسینی کەسی نادیارە، وەگێڕانەوەکەیشی بەرپەرچ ئەدرێتەوە، ئەگەر سەحابی نەبێت.

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث ١٥٧ ـ ١٦١، والإرشاد ٢/ ٦٤٣ ـ ٦٥٠، والتقريب: ١٧١ ـ ١٧٣، واختصار علوم الحديث: ٢٠٦ ـ ٢٠٨، والشذا الفياح ٢/ ٥٧٣ ـ ٥٧٩، والمقنع ٢/ ٥٤٩ ـ ٥٦١، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ١٠٤، وفتح المغيث ٣/ ١٨٧ ـ ١٨٩ وتدريب الراوي ٢/ ٢٦٤ ـ ٢٦٨، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢١٣، وفتح الباقي ٣/ ١٠٣ ـ ١٠٧، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٨١ ـ ٤٨٢).

٣. نموونەکەی:

أ. لەنێو سەحابیدا (عروة بن مُضرس) کە تەنها (الشعبی) شتی لێ گێڕاوەتەوە، وە (المُسَیب بن حَزْن) کە تەنها (سعید)ی کوڕی شتی لێ گێڕاوەتەوە.

ب. لەنێو (تابعین)دا: (ابو العُشراء) کە تەنها (حماد بن سلمة) شتی لێ گێڕاوەتەوە.

٤. ئایا بوخاری و وموسلیم لە کتێبە سەحیحەکانیاندا ڕیوایەتی (الوُحدان)یان هێناوە؟

أ. (حاکم) لە (المَدخَل)دا باسی کردووە، کە ئەو دوو پیاوە، لەم جۆرە ڕیوایەتەیان نەهێناوە.

ب. بەڵام جەماوەری فەرمووده ناسان وتویانە، کە لە دوو کتێبە سەحیحەکەدا، فەرمودەی زۆری (الوُحدان) هەن، بەڵام هی سەحابین لەوانە:

١. فەرمودەی (الـمُسَیَّبْ) دەربارەی مردنی (أبو طالب) کە (الشیخان) بوخاریو موسلیم هێناویانە .

٢. فەرمودەی (قیس بن ابی حازم) لە (**مِرداس ألأسلمي**) کە (**یذهب الصالحون ألأول فالأول** ـ واتە: پیاو چاکان یەك بەدوای یەکا ئەچن)، کە جگە لە (قیس) کەس لە (مرداس)ی نەگێڕاوەتەوە، کە ئەم فەرمودەیە (بخاری) هێناویەتی.

٥. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

کتێبی (المنفردات و الوُحدان)ی (إمام مسلم)ە.

(٥٢) بێئاگا بوون لە حاڵی گێڕەرەوە[١]

(الجهالة بالرّاوي)

١. پێناسەکەی:

أ. لەڕووی زمانەوە: چاوگی (جَهِلَ)یە، نەزانین دژی (عَلِمَ)یە، زانین، وە مەبەست لە (جهالة بالراوي) واتە: (نەناسینی).

ب. لەڕووی زاراوەوە: بریتیە لە نەناسینی خودی ڕاوی، یان ئەو حاڵەتەی کە هەیەتی.

١. هۆکاری هەشتەمە لە هۆکارەکانی تانەدان لە گێڕەرەوە (الطعن في الرّاوي).

٢. هۆکارەکانی:

هۆکارەکانی نەزانینی حاڵی گێڕەرەوە سیانن، کە ئەمانەن:

أ. زۆری ئاوەڵناو بۆ ئەو گێڕەرەوەیە (كثرة نعوت الراوي)، ئیتر ناوی زۆری هەبن، یان کونیە یان نازناو (لقب) یان سیفەتی زۆر یان پیشەی زۆر، یان بەرەچەڵەك (نسب)ی زۆر بناسرێ، جا ئیتر بەشتێ لەم شتانە ناسراو بێت، جا باس بکرێت، بەشتێ لە غەیری ئەو شتانەی کە ئەم پێی ناسراوە، بۆ مەبەستێك، جا وا گومان ببرێ کە ئەوە ڕاوییەکی ترە، جابێ ئاگایی لە حاڵەتەکەی دروست دەبێ.

ب. خاوەنی گێڕانەوەی کەمە: (قلّه روايته)، ئەم کەسە زۆر شتی لێ وەرنەگیراوە، لەبەر کەمی ڕیوایەتەکانی جاری وا هەیە تەنها یەك کەس لێوەی ڕیوایەت کردووە.

ج. ناو نەهێنانی ئەو کەسە بەڕاستەوخۆیی: (عدم التصريح بإسمه) لەبەر کورت بڕی و شتی ترجا ئەو ڕاوییەی کە ناوەکەی بەسەریحی نەهێنراوە بە (المُبْهَمْ- نادیار) ناوزەد دەکرێ.

٣. نموونە:

أ. نموونە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕاوییە بە سیفەتی زۆر ناسراو بێت، (محمد بن السائب بن بشر الكلبي) کە هەندێکیان نیسبەتیان داوەتە لای باپیری وتویانە (محمد بن بشر)، هەندێکیشیان بە (حَمّاد بن السائب) ناویان ناوە، وە هەندێکیان بە (ابا النضر) کونیەیان بۆ داناوە، هەندێکیان بە (أبو سعيد) و هەندێکیان بە (أبو هشام) جاوای لێهاتووە، وا گومان دەبرێ، کە کۆمەڵێکن کەچی یەك کەسە.

ب. نموونە بۆ ئەوە ڕاوییەکە ڕیوایەتی کەمەو ئەوانەیش کە ڕیوایەتی لێوەدەکەن کەمن: وەك (أبو العُشراء الدارمي) کە لە تابیعینە، تەنها (حماد بن سلمة) ڕیوایەتی لێوە کردووە.

ج. نموونە بۆ ئەو کەسەی کە ناوەکەی بە سەریحی نەهاتووە: وەك ئەو گوتەیەی ڕاوی: (أخبرني فلان أو شيخ أو رجل أو نحو ذلك) واتە: فڵانە کەس، یان ئەو مامۆستایە یان فڵان پیاو یان...هەواڵی دامێ.

٤.پێناسەی نەناسراو (الـمَجهول):

ئەو کەسەیە کە خۆیشی وسیفەتیشی نەزانراو بێت، مانای ئەمە ئەوەیە واتە: ئەو ڕاوییەیە کە خۆی و کەسایەتییەکەی نەزانراو بێت، یان کە سایەتی یەکەی دەزانرێ، بەڵام سیفەتەکەی نەزانراوە، واتە (عدالة) و (ضبط)ەکەی.

٥. جۆرەکانی نەناسراو (الـمَجهول):

دەکرێ بوترێ کە جۆرەکانی (مجهول)سیانن:

أ. مجهول العين:

١ـ پێناسەکەی: ئەوەیە کە ناوی هێنراوە، بەڵام تەنهایەك کەس ڕیوایەتی لێوەکردووە.

٢. حوکمی ڕیوایەتەکەی: شتی لێ وە رناگیری، مەگەر بە متمانە پێکراو (موثوق) دابنرێ.

٣. چۆن متمانة دار دەکرێ: بەیەکێ لەم دوو شتانە متمانەدار دەکرێ.

أ. یان ئەمەیە کە کەسێك لە غەیری ئەوەی ڕیوایەتی لێوە کردووە بەمتمانەداری دادەنێت.

ب. یاخود ئەو کەسەی کە ڕیوایەتی لێوە کردووە، متمانەداری دەکات، بەمەرجێ دەبێت کە ئەهلی (جرح و تعدیل) بێت.

٤. ئایا بۆ ئەم جۆرە فەرمودەیە ناوێکی تایبەت هەیە: بۆفەرمودەی ئەم جۆرە کەسە ناوێکی تایبەت نییە، بەڵکو فەرمودەکەیشی لە جۆری لاوازە.

ب. مجهول الحال: حاڵەتی نەناسراوە بە (المستور ـ داپۆشراوە)یش ناوزەدکراوە:

١. پێناسەکەی: ئەوەیە کە لە دوو کەس یان زیاتر لێوەی ڕیوایەت بکەن، بەڵام بەمتمانەدار دانەنرێ.

٢.حوکمی ڕیوایەتەکەی: بەرپەرچ دەدرێتەوە لەسەر گوتەی (سەحیح)ی جەماوەری زانایان.

٣.ئایا بۆ فەرموودەکەی ناوێکی تایبەت هەیە؟

بۆ فەرموودەی ئەم جۆرە ناوێکی تایبەتی نییە، وە فەرمودەکەیشی لە جۆری لاوازە.

ج. (الـمبهم ـ نادیار): دەکرێت (الـمبهم) له جۆرەکانی (مَجهول)دا، بنێین، هەرچەندە زانایانی فەرمودە ناوێکی تایبەتیان بۆ داناوە، بەڵام حەقیقەتەکەی هاووێنەی حەقیقەتی مەجهولە.

١. پێناسەکەی: ئەوەیەکەلەفەرمودەکەداناوەکەی بەڕاستەوخۆیی نەهێنراوە.

٢. حوکمی ڕیوایەتەکەی: وەرناگیرێ، تا ڕاوییەکە ناوەکەی بدرکێنێ، یاخود ناوەکەی بزانرێ بەهۆی هاتنی ئەو ناوەوە لەڕێیەکی ترەوەکە هێنرابێو تەسریحی لەسەردرابێ: هۆی بەرپەرچ دانەوەی ڕیوایەتەکە ئەوەیە، چونکە خودی ئەو کەسە نەناسراوە (جهالة عینه) چونکە کەسێ کە ناوی نەزانرا، ئەوا خۆیشی ناناسرێ، وە نەزانینی عەدالەتیشی ئەو لاترە بۆیە ڕیوایەتی وەرناگیرێ.

٣. ئەگەر نادیاریەکە (أبهام)ەکە، بەلەفزێکی ڕاستی یانە (تعدیل) دەربڕدرا، ئایا ڕیوایەتەکەی وەردەگیرێ، وەك ئەمەی کە ڕاوی بڵێت: (أخبَرني ثقة) کەسێکی متمانە پێکراو هەواڵی پێدام.

وەڵام ئەوەیە: لەسەر گوتەی زۆر سەحیح دیسان ئەمیش ڕیوایەتی وەرناگیرێ، چونکە لەوانەیە لە لای ئەو متمانەدار بێت، بەڵام لەلای غەیری ئەو کەسە متمانە پێکراو نەبێت.

٤.ئایا بۆ ئەم فەرموودەیە ناوێکی تایبەت هەیە؟

بەڵێ، بۆ فەرمودەی ئەم جۆرە ناوێکی تایبەت هەیە، کە (ألمبهم)ـە، فەرمودەی (مبهم): ئەو فەرمودەیەیە کە ڕاوییەکی تیادایە کە ناوەکەی بەڕاستەوخۆیی (تصریح) نەدرکێنراوە، (إمام بیقونی) لە هەڵبەستەکەیدا دەڵێت: (و مبهم ما فیه راو لم یُسم)ئەو گێڕانەوەیە کە گێڕەرەوەیەکی بێ ناوی تیادا بوو، ئەوە (مُبْهَم)ە.

٦. بەناوبانگترین دانراو لە هۆکارەکانی نەزانینی حاڵی ڕاوی دا (أسباب الجهالة):

أ. لەو بارەوە کە ڕاوییەکە سیفەتی زۆری درابێتە پاڵ (في كثرة نعوت الراوي): کە (خطیب) تیایدا کتێبێکی داناوە، بەناوی (موضح أوهام الجمع و التفریق).

ب. لەو بارەوە کە ڕوی ڕیوایەتی کەمی هەبێت:

(قلة روایة الراوي) چەند کتێبێکی تیادا دانراوە، کە بە کتێبەکانی (الوُحْدان) ناسراون،

واتە: ئەو کتێبانەی کە لەسەر ئەوانە نوسراوە، کە تەنها کەسێ ڕیوایەتی کردووە لێیانەوە، لەو کتێبانە (الوُحْدان) دانراوی (إمام مسلم).

ج. لەو بارەوە کە ناوی ڕاوییەکە ڕاستەوخۆ نەدرابێ، کە چەند کتێبێکی تیادا دانراوە بەناوی (المبهمات)ن، وەك **(ألأسماء المبهمة، في الأنباء المحكمة)**ی **(الخطيب البغدادي)** و **(المستفاد من مبهمات المتن و الأسناد)**ی **(ولـيّ الدين العراقي)**.

(٥٣) ناسینی موفرەداتی ناو و کونیە و نازناوەکان[١]

١.مەبەست لە (الـمفردات):

ئەوەیە کە بۆ کەسێك لە هاوەڵان رضي الله عنهم یاخود گێڕەرەوەکان بە گشتی یان یەکێك لە زانایان، ناوێـك یان کونیەیـەك یان ناز ناوێـك (لقب)ێکـی هەبێـت، کە کەس لە گێـڕەرەوە یان زاناکان نەی بێت، وە زۆر جار ئەو موفرەداتانە ناو گەلێکی نامۆی وان کە دەربڕینیان گران بێت.

٢. سوودی زانینەکەی:

نەکەوتنە نێو (تصحیف ـ شێواندنی نوختە) و گۆڕانو لادان (التحريف)ـە، لە ناو ئەو موفرەداتە نامۆیانەدا.

٣. نموونەکەی:

أ. لە ناوەکاندا:

١. لە نێو هاوەڵاندا: (أجمد بن عُجبان) وەك (سـفيان) یان (عليان) و (سـندر) لەسـەر وەزنی (جعفر).

٢. لە غەةیری هاوەڵان: **(أوسط بن عمرو) (ضريب إبن نُقير بن سمير)**ەیە.

ب. لە کونیەدا:

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشـای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٧٧ ـ ١٩٠، الإرشاد ٢/ ٦٦٨ ـ ٦٧٨، والتقريـب: ١٧٥ ـ ١٧٧، واختصـار علوم الحديث: ٢١٥ ـ ٢١٨، والشـذا الفياح ٢/ ٥٩٦ ـ ٦٠٤، والمقنع ٢/ ٥٧١ ـ ٥٨٠، وشرح التبصرة ٣/ ١١٣ ـ ١٢٨، ونزهة النظر ١٩٤، وطبعة عتر: ٧٥ ـ ٧٦، وفتح المغيث ٣/ ١٩٩ ـ ٢٠٥، وتدريب الراوي ٢/ ٢٧٨ ـ ٢٨٦، ... وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢١٩، وفتح الباقي ٣/ ١١٥ ـ ١٢٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٨٢ ـ ٤٨٣).

١. لە هاوەڵاندا رضي الله عنه: (أبو الحمراء) کە گزیری پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بوو، کە ناوی (هلال بن الحارث) ە.

٢. لە غەیری هاوەڵان: (أبو العُبیدین) کە ناوی (معاویة أبن سبرة)یە.

ج.بة نازناو (القاب)دا:

١. لە نێو هاوەڵاندا رضي الله عنه: (سفینة)ی گزیری (مولی) پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم، کە ناوی (مهران) بوو.

٢. لە غەیری هاوەڵان: (مَنْدَلْ) کە ناوی (عمرو بن علی الغزی الکوفی)یە.

٤. بەناوبانگترین دانراو تیایدا:

(**الحافظ أحمد بن هارون البردیجي**) لە کتێبێکی سەربەخۆدا ـئەم بابەتەی ـ نووسیوە، کە ناوی ناوە (ألأسماء المفردة)، وە هەروەها لە کۆتایی زۆربەی ئەو کتێبانەدا کە لە بابەتی ژیان نامەی گێڕەرەوان (تراجم الرواة)دا، نوسراوە هەیە، وەك کتێبی (تقریب التهذیب)ی، (إبن حجر).

(٥٤) زانینی ناوی ئەو کەسانەی کە بە کونیەکانیان ناسراون

١. مەبەست لەم باسە:

مەبەست لەم باسە ئەوەیە کە بەدوادا گەڕان بکەین بۆ ئەو ناوانەی کە بە کونیەکانیان زیاتر ناسراون، تا سەرجەم ئەو ناوە نادیارانەی کە هەیانە بیانزانین.

٢. لە سوودەکانی:

سوودی زانینی ئەم بابەتە ئەوەیە کەوا گومان نەبرێت کە ئەو تەنها کەسە دوانن، چونکە چەند ناوو کونیەیەکی هەیە، چونکە جاری وا هەیە کە ئەو کەسە بەناوە نادیارە (غیر مشهور)ـەکەی، باس دەکرێت و جاری وا هەیە بەو کونیەیەی کە پێی ناسراوە، ئەگەر کەسێك ئەم بابەتە نەزانێت کارەکەی لێ تێکەڵ دەبێت و دەشێوێت و وادەزانێت کە دووکەسن، کەچی یەك کەسیشە.

٣. ڕێبازی کتێب دانان تیایدا:

دانەری کتێبی (کونیەکان) کتێبەکەی (باب، باب) دەکات، بەگوێرەی ڕێکخستنی پیتەکان (حروف المعجم) بۆ کونیەکان و پاشان ناوی خاوەنەکانیان دەهێنێت، بۆنمونە: لە بابی (الهمزة)دا، ناوی (أبا إسحاق) دەهێنێت، و ناوەکەیشی دەهێنێت، وە لە بابی (الباء) دا (أبا بشر) دەهێنێت، و ناوو کونیەکەیشی دەهێنێت.

٤.بەشەکان و نموونەی خاوەن کونیەکان:

أ. ئەو کەسەی کە ناوەکە و کونیەکەی یەکێکن و هیچ ناوێکی تری نەبێت، وەك: (أبو بلال ألأشعري) کە ناوەکەی‌و کونیەکەی هەریەکێکن.

ب. ئەو کەسەی کە بە کونیەکەی ناسراوە: وە نەزانراوە کە ئایا ناوی هەیە یان نا..؟ وەك (أبي أناس)ی سەحابی.

ج. ئەوەی کەکونیەکەی بوەتە نازناو (لقب) بۆی، وە ناوو کونیەی تریشی هەیە، وەك (أبو تراب) کە ناز ناوی (علی) کوڕی (أبو طالب)ە، وە کونیەکەیشی (أبو الحسن)ە.

د. ئەو کەسەی کە دووکونیە زیاتری هەبێت:

وەك: (إبن جريج) کە کونیەی (أبو الوليد) و (أبو الخالد)ی، هەیە.

هـ. ئەو کەسەی کە جیاوازی هەیە لە کونیەکانیدا، وەك (أُسامة بن زيد) کە وتراوە، (أبو محمد) کونیەکەیەتی، وە گوتراویشە (ابو عبدالله)، وە گوتراویشە (أبو خارجة) کونیەکەیەتی.

و. ئەو کەسەی کە کونیەکەی ناسراوە، بەڵام لە ناوەکەیدا جیاوازی (إختلاف) هەیە: وەك (أبو هريرة) کە جیاوازی هەیە لەناوی خۆی و باوکیدا، بەسی(٣٠) گوتە[1].

کە مەشهور ترینیان ئەوەیە کە (عبدالرحمن بن صخر)ە.

ز. ئەوەی کە لەناوو کونیەکەیشیدا جیاوازی هەیە: وەك (سفينة) کە گوتراوە ناوی (عمير)ە، گوتراویشە ناوی (صالح)ـە، وە گوتراویشە ناوی (مهران)ـە، وە کونیەکەی گوتراوە کە (أبو عبدالرحمن)ـە، گوتراویشە (أبو البحتری)یە.

---

١. سی(٣٠) نەك سێ!

ح. ئەوەی کە بە ناوو کونیەکەی ناسراوە، وە بە هەردووکیان پێکەوە ناسراوە: وەك (أبو عبدالله)کان، بۆ (سفیان الثوري) و (مالك) و (محمد بن أدریس الشافعی) و (أحمد بن حنبل) و (أبو حنیفة النعمان بن ثابت).

ط. ئەوەی کە بە کونیەکەی مەشهورە، بەڵام ناوەکەیشی زانراوە: وەك (أبو أدریس الخولاني) کە ناوی (عائذ الله)یە.

ي. ئەو کەسەی کە بەناوەکەی ناسراوە، بەڵام کونیەکەیشی زانراوە، وەك (**طلحة بن عبید الله التیمي**)، وە (عبدالرحمن بن عوف)، وە (الحسن بن علي بن أبي طالب) کە کونیەی هەموویان (ابو محمد)ـە.

٥. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

زانایان دەربارەی (کونیەکانیان) کتێبی زۆریان داناوە، لەوانەی کە کتێبیان داناوە: (**علي بن المدیني، مسلم، النسائي**) وە لە ناسراو ترینی ئەو کتێبانە بە چاپکراوی ئەمەیە:

أ.کتێبی (الکنی و ألأسماء) دانراوی (**أبو بشر محمد بن أحمد الدولابي**) کە لە ساڵی (٣١٠ هـ) کۆچی دوایی کردووە.

(٥٥) ناسینی ئەوانەی کە بەناوو صیفاتی جیاجیا ناسراون[١]

١. پێناسەکەی:

ئەو گێڕەرەوەیە کە بە چەند ناوو ناز ناوو کونیەیەکی[٢] جیاجیا وەسف کرابێت، ئیتر لە کەسێك بێت یان لە کۆمەڵێك.

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٦٥١ ـ ٦٥٥، والتقریب: ١٧٣، واختصار علوم الحدیث: ٢٠٨ ـ ٢٠٩، والشذا الفیاح ٢/ ٥٨٠ ـ ٥٨٣، والمقنع ٢/ ٥٦٢ ـ ٥٦٤، وشرح التبصرة ٣/ ١٠٨ ـ ١١٤، ونزهة النظر: ١٩٤، وطبعة عتر: ٧٥ ـ ٧٦، وفتح المغیث ٣/ ١٩٠ ـ ١٩٤، وتدریب الراوي ٢/ ٢٦٨ ـ ٢٧١ وشرح السیوطي عَلَی ألفیة العراقي: ٢١٦، وفتح الباقي ٣/ ١١٢، وتوضیح الأفکار ٢/ ٤٨٢، وظفر الأماني: ١١١).

٢. کونیە: لە عەرەبیدا ئەو ناوەیە کە بە (ابو) یان (ام) یان (أبن) دەست پێ بکات، وەك: (أبو بصیر، ابو وائل، ابو مصعب، ابو عبدالله، أم درداء، أم بنان، أبن عمر، أبن آدم، و .....هتد).

٢. نموونەکەی:

(محمد بن السائب الكلبی) کە هەندێکیان بە (ابا النضر)، وە هەندێکیان بە (حماد بن السائب) و هەندێکیشیان بە (ابو سعيد) ناویان بردووە.

٣. لە سوودەکانی:

أ. تێکەڵ نەبوونی ناوەکانی کەسێك، وە گومان نەبردن بەوەی کە ئەوە کۆمەڵە کەسێك بن.

ب. ئاشکراکردنی بەدەمەوە هەڵبەستنی مامۆستاکان (تدليس الشيوخ) واتە: بەهۆیەوە ئەم کارە پوچەڵ دەکرێتەوە.

٤. زۆر بەکارهێنانی ئەم کارە لەناو هێنانی مامۆستاکانیدا لەلایەن (خطيب)ـەوە:

لە کتێبەکانی یەوە دەگێڕدرێتەوە، بۆ نموونە: **(عن أبي القاسم الأزهري) و (عن عبيدالله بن أبي الفتح الفارسي)و (عن عبيد الله بن أحمد بن عثمان الصيرفي)** کە هەموویان یەکێکن.

٥. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

أ. (إيضاح ألأشكال)ـی، (حافظ عبدالغني بن سعيد).

ب. (مُوضِح أوهام الجمع و التفريق)، دانراوی (الخطيب البغدادي).

(٥٦) ناسینی نازناوەکان (الألقاب)

١. پێناسە زمانەوانیەکەی:

(الألقاب ـ نازناوەکان) کۆی (نازناو ـ لقب)ـە، (اللقب) ئەو وەسفەیە کە تیایدا بەرزی و نزمیەك هەست پێ دەکرێت، وە بەڵگەیە لەسەر پیادا هەڵدان (مدح)، یان سەر زەنشتکاری (الذم).

٢. مەبەست لەم باسە:

بریتی یە لە بەدوادا گەڕان و توێژینەوەی ناز ناوی فەرمووده ناس و گێڕەرەوەکانی فەرموودە، ئەمەش بۆناسینیان و (ضبط) کردنیان.

٣. سوودەکەی:

سودی زانینی نازناوەکان دوو شتە کە ئەمانەن:

أ. گومان نەبوون بەو ناز ناوانە کە ئەوانە چەند ناوێکن، وە دانانی ئەو کەسەی کە جارێك بەناوێکەوە باس دەکرێت، وە جارێك بە نازناوەکەی کەدووکەس بن، کەچی ئەوە تەنها کەسێکە.

ب. زانینی هۆکاری ناوزەدکردنی ئەو ڕاوییە بەو نازناوە، جا بۆیە مەبەستی حەقیقی لەو نازناوە دەزانرێت، چونکە زۆر جار ئەو نازناوە پێچەوانەی مانا دیارەکەیەتی.

٤. بەشەکانی:

نازناوەکان دووبەشن، کە ئەمانەن:

أ. دروست نییە، بەکاری بێنی، کە ئەوەیە کە کابرای نازناو بۆدانراو پێی نا خۆش بێت.

ب. دروستە کابرای پێ بناسێنیو بەکاری بهێنی، ئەوەیە کە کەسی نازناو بۆدانراو پێی ناخۆش نەبێت.

٥. نموونەکانی:

أ. (الضال ـ گومڕا): کە نازناوی (**معاوية بن عبدالكريم الضالّ**) بوو، کە ئەم لەقەبەی بۆ دانراوە، چونکە لە ڕێگای مەککەدا ڕێگای لێ ون بوو بوو.

ب. (الضعيف ـ لاواز): کە ناز ناوی (عبدالله بن محمد الضعيف) بوو، کە ئەم نازناوەی بۆ دانرا، لەبەر ئەوەی کە لەلاشەدا (ضعيف ـ لاواز) بوو، نەك لە فەرمودەدا (عبدالغني أبن سعيد) دەڵێت: دوو پیاوی خاوەن شکۆ، کە دوو نازناوی بێتامیان هەیە، کە (ضال) و (ضعيف)ن، کە مەبەستی ئەو دوو کەسەیە.

ج. (غُنْدر-ئاژاوەچی): کە مانای کەسی ئاژاوە گێڕی هەیە لە زمانی حیجازدا، کە نازناوی (محمد بن جعفر البصري)یە، هاوڕێی (شعبة)یە، وە هۆی ناوزەدکردنی بەم لەقەبە، ئەوەیە کە (إبن جريج) هاتە (بصرة)، جا لە (حەسەنی بەسری)یەوە فەرمودەیەکی گێڕایەوە جا نکۆڵییان لێکرد، و دەستیان دایە پشێوی نانەوە، جا (محمد بن جعفر) زیاتر ئاژاوەکەی لەسەر گێڕا، ئیتر(إبن جريج)یش وتی: (أسکت یا غندر- بێدەنگ بە ئاژاوەچی).

د. (غُنْجار ـ کوڵم سوور): کە نازناوی (عیسی بن موسی التیمی) بوو، کە بەهۆی سووری کوڵمیەوە نازناوی (غنجار)ی بەسەردا درا.

هـ. (صاعقة ـ تریشقە): کە ناز ناوی (محمد بن إبراهیم الحافظ) بوو، کە (بخاری) شتی لێوە گێڕاوەتەوە، وە بەهۆی بەهێزی، هێزی لەبەر کردنو بیری ئەم نازناوەی بۆدانراوە.

و. (مشکدانه ـ دەنکی میسك یان قاپی میسك): کە نازناوی (عبدالله بن عمر ألأموي) بوو، کە ماناکەی بەفارسی دەنکی میسك یان قاپی میسکە.

ز ـ (مُطَيّن ـ کووڕە): کە نازناوی (أبو جعفر الحضرمي)یە، کە کاتێ بچووك بووە، کە لەگەڵ مندالآن یاری کردووە لەناو ئاودا پشتیان شکاندووە، و کووڕیان کردووە، جا (أبو نعیم) وتویەتی: ئەی (مطین) بۆ لە مەجلیسی زانستدا ئامادە نابێت؟، ئیتر ئەو نازناوەی بەسەردا بڕا.

٦.بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

کۆمەڵێك لە زانایانی دێرین و دواینە لەم جۆرەدا کتێبیان داناوە، کە چاکترین و کورترینیان کتێبی (نزهة الألباب)ی، (حافظ إبن حجر)ـە.

(٥٧) لێکچوو (المتشابه)[١].

١.پێناسەکەی:

أ. لە ڕووی زمانەوە: ئیسمی فاعیلەو لە (المتشابه)ـەوە، هاتووە، بەمانای لێکچوون (التماثل ـ هاووێنە) دێت، وە مەبەست لە (المتشابه) لێرەدا (الملتبس)ـە، وە هەر لەمەشەوە (المتشابه من القرآن) وەرگیراوە، واتە: ئەو ئایەتانەی کە لەیەك دەچن و ـ مانا ئاڵۆزن ـ.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەوەیە کە ناوی گێڕەرەوەکان لەڕوی دەربڕین (لفظ)و نووسین (خط)ـەوە، لەیەك بچن، بەڵام ناوی باوکە کانیان لەڕوی لەفزەوە جوادبن، بەڵام لەڕووی نووسینەوە وەك یەك بن یان بە پێچەوانەوە[٢].

---

١. ئەم جۆرە لە دوو جۆرەکەی پێشوو لە (المتفق و المفترق) و (المؤتلف و المختلف) پێك دێت.

٢. وەك ئـەوەی کـە ناوی گێڕەرەوەکان لەڕووی دەربڕینەوە جیابن، بەڵام ناوی باوکەکانیان لەڕوی نووسـین و دەربڕینیشەوە وەك یەك بن.

٢. نموونەکەی:

أ. (محمد بن عُقَيل)بە زەمـمەی عەینەکەو (محمد بن عَقيل) بەفەتحەی عەینەکە، کە ناوی گێڕەرەوەکان یەکە، و ناوی باوکەکانیان جیایە.

ب. (شُريح بن النعمان) و (سُرَيح بن النعمان) کەناوی گێڕەرەوەکان جیا یەو ناوی باوکەکانیان یەکە.

٣. سوودەکەی:

سودەکەی لە (ضبط)کردنی ناوی گێڕەرەوەکان و لێك نەچوونیان لە دەربڕین دا، و نەکەوتنە نێو (تصحيف) و ڕوودانی وەهمدا خۆی دەبینێتەوە.

٤. چەند جۆرێکی تری (المتشابه):

لێرەدا چەند جۆرێکی تری (متشابه) هەیە، کەمن گرنگترینیان باس دەکەم، لەوانە:

أ. ئەوەیە کە وەك یەك بوون، لە ناوو ناوی باوکدا هەبێت، تەنها لە پیتێك یان دوو پیتدا نەبێت، وەك: (محمد بن حُنَيْنٌ) و (محمد بن جُبَيْر).

ب. یان ئەوەیە کە لێکچوونەکەی لەناوو ناوی باوکدا لە ڕووی نوسین و دەربڕینەوە بێت، بەڵام جیاوازییەکەی لە پێش و دواکردن (التقديم و التأخير) دا بێت.

١. یان لە هەردوو ناوەکەدا بە گشتی، وەك (ألأسود بن يزيد) و (يزيد بن ألأسود)[1].

٢. یاخود ـ پێش و دواکە ـ لە هەندێ پیت دا بێت، وەك (ايوب بن سَيار) و (ايوب بن يَسار).

٥. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

أ. (تلخيص المتشابه في الرسم) و (حماية ما أشكل منه عن بَوادر التصحيف و الوهم)ی، دانراوی (خطيب البغدادي).

ب. (تالي التلخيص) کە دیسانەوە دانراوی (خطيب)ـە، کە وەك تەواوکاری یان پاشکۆیەك وایە بۆ کتێبی پێشوو، کە دوو کتێبی پڕ بایەخن، و وێنەی ئەمانە لەم بابەتەوە دانەنراوە.

---

١. ئەم جۆرە هەندێ لە زانایان بە (المشتبه المقلوب) ناوزەدیان کردووە، کە ئەمەیان هەڵەکە، لێك چوونە کە لە بیردا ڕوودەدات، نەك لە نووسین دا، وە جاری وا هەیە لەلای هەندێ گێڕەرەوەناوەکەی لە بەرچاویا دەگۆڕێت، وە (خطيب) لەم جۆرەدا کتێبێکی داناوە، ناوی ناوەتە (رافع الأرتياب في المقلوب من الأسماء و الأنساب).

(٥٨) فەرموودەی قودسی (الحديث القدسي)

١.پێناسەکەی:

أ. لەڕووی زمانەوە: (القُدْسِيُّ) ئاماژەیە بۆ لای (قُدس) واتە: (پاك ـ طُهر) هەروەك لە «القاموس»دا هاتووە[1]، واتە: فەرمودەی نیسبەت دراو بۆ لای زاتی گەورەو پاك (القُدُس) کە خوای پەروەردگارە.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەو فەرمودەیە یە کە بۆمان گوێزراوەتەوە لەمەدا کە دراوەتە پاڵ خوای پەروەردگار لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ.

٢. جیاوازی نێوان فەرموودەی قودسی و قورئانی پیرۆز:

لێرەدا جیاوازی زۆرن، بەڵام دیارترینیان ئەمانەن:

أ. قورئان لەفزەکەی‌و ماناکەی لەلایەن خواوەیە، بەڵام فەرمودەی قودسی ماناکەی لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە، ولەفزەکەی لەلایەن پێغەمبەرەوەیە ﷺ.

ب. بە خوێندنەوەی قورئان پەرستشت بۆ حیسابە، بەڵام خوێندنەوەی فەرمودەی قودسی بە پەرستش حیساب نییە.

ج. قورئان لە جێگیر (ثابت) بونیدا، بەمەرج گیراوە کە بە (متواتر)ی، گێڕدرابێتەوە، بەڵام فەرمودەی قودسی بۆ جێگیربونی (متواتر) بوون بە مەرج نەگیراوە.

٣. ژمارەی فەرموودەی قودسی:

فەرمووده قودسییەکان ژمارەیان زۆر نییە، لەچاو فەرمودەکانی پێغەمبەردا ﷺ، بەڵام ژمارەیان لە (٢٠٠) دووسەد فەرمووده زیاترە.

٤. نموونەکەی:

وەك ئەوەی کە (إمام مسلم) لە سەحیحەکەیدا لە (أبو ذر)ـەوە، (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە ﷺ ڕیوایەتی دەکات، کە ئەویش لە خوای پەروەردگارەوە دەیگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (**يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ ضَالٌّ إِلَّا مَنْ هَدَيْتُهُ، فَاسْتَهْدُونِي أَهْدِكُمْ، يَا عِبَادِي كُلُّكُمْ جَائِعٌ، إِلَّا مَنْ أَطْعَمْتُهُ،**

١. القاموس ج١/ ص٢٤٨.

فَاسْتَطْعِمُونِي أُطْعِمْكُمْ، يَا عِبَادِي ....)[١] واتە: ئەی بەندەکانم زوڵمو ستەمم لەسەر خۆم حەرام کردووە، وە لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، بۆیە زوڵم و ستەم مەکەن.

٥. شێوازەکانی گێڕانەوەی (صِيَغُ روايته):

بۆ گێڕەرەوەی فەرمودەی قودسی دوو واژە هەیە، کە بە هەرکامیان بێت، دەتوانێت بیگێڕێتەوە کە ئەمانەن:

أ. قال رسول الله ﷺ فيما يرويه عن ربه عز وجل، پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: لەبارەی ئەوەوە کە لە خودای خۆیەوە گێڕاویەتیەوە.

ب. قال الله تعالى فيما رواه عنه رسوله ﷺ، خوای گەورە فەرمویەتی: کە پێغەمبەرەکەی ﷺ لێوەی گێڕاویەتیەوە.

٦. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

(الأتحافات السنية بالأحاديث القدسية) دانراوی: **(عبدالرؤوف المناوي)** کە **(٢٧٢)** فەرمودەی تیادا کۆکردۆتەوە.

(٥٩) ناسینی ئەوانەی کە بۆلای غەیری باوکیان نیسبەت دراون[٢]

١. مەبەست لەم باسە:

ناسینی ئەوانەیە کە بەنیسبەت لێدانەکەی بۆ لای غەیری باوکی ناسراوە، ئیتر نزیك بێت، وەك (دایك و باپیر) یان (نامۆ-غریب) بێت، وەك بۆلای پەروەردەکەرەکەی یان... هتدو پاشان زانینی ناوی باوکەکەی.

٢. سوودەکەی:

جڵەوگیری کردن لەوەی کە لە کاتی نیسبەت لێدانیاندا بۆلای باوکیان لەخوێنەر بشێوێت. و واگومان بەرێت، کە ئەوانە جیاوازن و چەند کەسێکن.

---

١. مسلم بشرح النواوي ج١٦/ ١٣١ ومابعدها.

٢. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٥١ ـ ٧٥٧، والتقريب: ١٩٠ ـ ١٩١، والمنهل الروي: ١٣٠، واختصار علوم الحديث: ٢٣١ ـ ٢٣٤، والشذا الفياح ٢/ ٦٩٥ ـ ٦٩٩، والمقنع ٢/ ٦٢٦ ـ ٦٢٩، وشرح التبصرة ٣/ ٢١٩ ـ ٢٢٤، ونزهة النظر: ١٩٥، وطبعة عتر: ٧٦، وفتح المغيث ٣/ ٢٦٦ ـ ٢٦٩، وتدريب الراوي ٢/ ٣٣٦ ـ ٣٣٩، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٥٥، وفتح الباقي ٣/ ٢٢٤ ـ ٢٢٧، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٩٥، وظفر الأماني: ١١٢ ـ ١١٣).

٣.بەشەکانی و نموونە بۆی:

أ. بۆ ئەوەی کە بۆلای دایکی نیسبەت دراوە: وەك (معاذ) و (معوذ) و (عود بنو عفراء) و باوکیان (حارث)ـە، وەك (بلال بن حمامة) کە (ریاح) باوکیەتی، وە (محمد بن الحنفية) کە (علي بن ابو طالب) باوکیەتی.

ب. بۆ ئەوەی کە بۆلای داپیرەی نیسبەت دراوە ئیتر باپیرەکە بەرز یان نزم ـ دوور یان نزیكـ بێت، وەك (یعلی بن منية) کە (منية) دایکی باوکیەتی، وە (أمية) باوکیەتی، وە (بشير بن الخصاصية) کە (خصاصية) دایکی دایکی دایکی یەتی، وە (معبد) باوکیەتی.

ج. ئەوەی کە بۆلای باپیری نیسبەتی لێ دراوە: وەك (أبو عبيدة بن الجراح) کە ناوەکەی (عامر بن عبدالله بن الجراح)ـە، (أحمد بن حنبل) کە خۆی (أحمد بن محمد بن حنبل)ـە.

د. ئەو کەسەی کە نیسبەتی لێ دراوە بۆ لای کەسێکی بێگانە بەهۆی هۆکارێکەوە: وەك (المقداد بن عمرو الكندى) کە پێی ئەوترێ، (المقداد بن ألأسود)، چونکە لە ژێر سانسۆر (حجْر)ی (أسود بن عبد يغوث) دا بوو، وە ئەو گەورەی کردبوو.

٤. بەناو بانگترین کتێب تیایدا:

کتێبێکی تایبەت لەم بابەتەدا پێ نازانم! بەڵام کتێبەکانی ژیان نامەکان (التراجم) بە گشتی ڕەچەڵەکی هەموو گێڕەرەوەیەکی تیادایە، بەتایبەتی کتێبە فراوانەکانی (التراجم).

(٦٠) ناسینی ئەو نیسبەت لێدانانەی کە پێچەوانەی ڕووکەشی نیسبەت لێدانەکانن[1]

١.ڕێخۆشکردن:

لێرەدا ژمارەیەك گێڕەرەوە هەن کە نیسبەتیان لێ دراوە بۆ جێگایەك یان بۆ غەزایەك یان بۆ عەشیرەتێك یان بۆ لای پیشەیەك، بەڵام ڕووکەشی ئەوەی کەلە بیردا دەردەکەوێت

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٥٨ ـ ٧٦١، والتقريب: ١٩١ ـ ١٩٢، والمنهل الروي: ١٣١، واختصار علوم الحديث: ٢٣٤ ـ ٢٣٦، والشذا الفياح ٢/ ٧٠٠ ـ ٧٠٢، والمقنع ٢/ ٦٣٠ ـ ٦٣١، وشرح التبصرة ٣/ ٢٢٤ ـ ٢٢٨، ونزهة النظر: ١٩٦، وطبعة عتر: ٧٦، وفتح المغيث ٣/ ٢٧٠ ـ ٢٧٣، وتدريب الراوي ٢/ ٣٤٠ ـ ٣٤١، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٥٧، وفتح الباقي ٣/ ٢٢٧ ـ ٢٢٩، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٩٦ ـ ٤٩٧، وظفر الأماني: ١١٤).

لەو نەسەبانەوە ئەوەیە کە ئەو نیسبەتانە وانین، وە مەبەست نین، وە لە واقیعدا کە نیسبەت دراون بۆ ئەو شتانە لەبەر شتێکی ڕۆتینی (عارض)ێك، بووە، کە بە هۆی ڕۆشتنیان بۆ ئەو جێگایە یان دانیشتنێکیان لەگەڵ ئەو پیشە کارانەداو ...هتد، بووە.

٢. سوودی ئەم باسە:

سودی ئەم باسە زانینی ئەوەیە کە ئەو نیسبەت لێدانانە حەقیقی نین، بەڵکو ئەو نیسبەت لێدانە بۆ ئەو کەسانە (عارض)ێك، بوون، وە هەروەها سودەکەیشی ناسینی ئەو عاریزە و هۆکارەکەیەتی، کە بە هۆیەوە ئەو نیسبەتەی لێدراوە.

٣. نموونەکەی:

أ. (أبو مسعود البَدري):کە غەزای (بدر)ی نەدیوە، بەڵکو چۆتە ئەو جێگایە، بۆیە نیسبەتی لێدراوە بۆی.

ب. (یزید الفقیر): کە پشت کووڕ نەبووە و بەڵکو بڕبڕەی پشتی ئازاری گەیشتۆتێ.

ج. (خالد الحَذّاء): کە پێڵاو دروستکەر نەبووە، بەڵکو لەگەڵ پێڵاو دروست کەراندا دانیشتووە.

٤. بەناوبانگترین کتێب لەسەر ڕەچەڵەکەکان (الأنساب):

کتێبی (الأنساب)ی، (السمعانی)، کە (إبن ألأثیر) لە کتێبێکدا پوختی کردووە، وناوی ناوەتە (اللباب في تهذیب ألأنساب)، و (سیوطي) ئەم پوختەکراوەی لە کتێبێکدا پوخت کردۆتەوە کە ناوی ناوەتە (لب اللباب).

(٦١) زانینی (الـمُبْهَمات)[١]

١.پێناسەکەی:

أ. لە ڕووی زمانەوانیەوە: (المبهمات) (جەمعی) (مُبْهَم)ـە، کە ئیسمی مەفعوولە و لە (ألأبهام ـ نادیاری)ییەوە، هاتووە، کە دژی (الإیضاح: ڕوونی)یە.

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٦٢ ـ ٧٦٨، والتقريب: ١٩٢ ـ ١٩٣، والمنهل الروي: ١٣٦، واختصار علوم الحديث: ٢٣٦ ـ ٢٣٧، والشذا الفياح ٢/ ٧٠٣ ـ ٧١٢، والمقنع ٢/ ٦٣٢ ـ ٦٤٣، وشرح التبصرة ٣/ ٢٢٨ ـ ٢٣٧، وفتح المغيث ٣/ ٢٧٤ ـ ٢٧٨، وتدريب الراوي ٢/ ٣٤٢ ـ ٣٤٨، وشرح السيوطي على ألفية العراقي: ٢٥٨، وفتح الباقي ٣/ ٢٣٠ ـ ٢٣٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٩٧ ـ ٤٩٨).

ب. لەڕووی زاراوەوە: ئەو کەسەیە کە ناوەکەی لە مەتنەکەدا یاخود لە سەنەدەکەدا، ناڕوون و نادیار بێت لە نێو ئەو گێڕەرەوانەدا، یاخود لەنێو ئەوانەدا کە پەیوەندییان بە گێڕانەوەکەوە هەیە.

٢.لە سوودەکانی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە:

أ. ئەگەر نادیارییەکە لە سەنەددا بوو: ناسینی گێڕەرەوەکەیە، ئەگەر متمانە پێکراو یان لاواز بێت، ئەمەش بۆ حوکم دان بەسەر سەحیحی یان لاوازی فەرمودەکەدا.

ب. ئەگەر لە مەتندا بوو: سوودی زۆری هەیە، لە دیارترینیان ناسینی خاوەنی چیرۆکەکەیە، یان ناسینی پرسیارکەرەکەیە، تا ئەگەر لە فەرمودەکەدا نیشانە (مناقب)ێکی چاکی هەبێت، ئەوا ئیتر فە ضلە کەییمان بۆ دەردەکەوێت، وە ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمەوە بوو، بەهۆی ناسینەکەیەوە پارێزراو دەبین لە گومان بردن بە غەیری ئەو کەسە لەنێو هاوەڵە بەڕێزەکاندا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ.

٣. چۆن (مُبْهَم) دەناسرێت؟

بە یەکێك لەم دوو شتانە دەناسرێت:

أ. بە هاتنی لە هەندێ لە گێڕانەوەی تردا، بە ناوهێنراوی، واتە: ناوەکەی هاتبێت.

ب. بە هاتنی دەقی گوتەی زانایانی ژیان ناس (السِّيَر) لەسەری بە زۆری.

٤. بەشەکانی:

(المُبْهَم) بە گوێرەی زۆرو کەمی نادیاری (أبهام)ەکەی، دابەش دەبێت بۆ چوار بەش، کە لە توندترینی (ابهام) یانەوە دەست پێ دەکەم.

أ. پیاو یان ژن: وەك فەرمودەکەی (إبن عباس): (أنّ (رجلاً) قال: يارسول الله الحج كلّ عام؟ واتە: کە پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەج بۆ هەموو ساڵێکە، دەبێ بیکەیت؟ کە ئەو پیاوە (اقرع بن حابس) بوو.

ب. کوڕ یان کچ: کە براو خوشك و برازاو خوشکەزا چ کوڕ یان کچ دەگرێتەوە، وەك فەرموودەکەی (أم عطية) دەربارەی شۆردنی کچەکەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە ئاوو سابوون (سِدْر) کە ئەو کچە زەینەب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا بوو.

ج. مام و پوور: كە خاڵ و پوری دایكی و كوڕو كچی مام (ئامۆزا) و كوڕ، وكچی خاڵ (خاڵۆزا) و كوڕو كچی پوری دایكی (پورزاش) دەگرێتەوە، وەك فەرموودەكەی **(رافع بن خديج) عن (عمه) في النهي عن المخابرة)**، كە ئەو مامەیەی ناوی (ظُهير بن رافع) بووە، هەروەها وەك فەرمودەی پورەكەی (جابر) پوری باوكی، گریا بۆ باوكی كە لە غەزوەی ئوحودا شەهید بوو، كە ناوی ئەو پورەی (فاطمة بنت عمرو) بوو.

د. مێردو ژن: وەك فەرمودەكەی دوو كتێبە سەحیحەكە دەربارەی وەفاتی (زوج: مێردەكەی «سُبَيْعة») كە ناوی مێردەكەی (سعد بن خولة) بوو، هەروەها وەك فەرمودەی (ژنەكەی) (عبدالرحمن بن الزبير) كە لە ژێر نیكاحی (رفاعة القرظي) دا بوو ئیتر تەلاقی دا، كە ناوی (تميمة بنت وهب) بوو.

٥.بەناوبانگترین كتێب تیایدا:

ژمارەیەك لە زانایان لەم جۆرەدا كتێبیان داناوە، لەوانە (عبدالغنی بن سعيد) و (الخطيب) و (النواوي)، كە جوانترین و كۆكەرەوە ترینیان، كتێبی **(المُسْتَفاد من مُبهمات المتن و ألإسناد) ی (ولـي الدين العراقي)**یە.

(٦٢) زانینی مێژووی گێڕەرەوەكان[1]

١.پێناسەكەی:

أ. لە ڕووی زمانەوە: (تواريخ) كۆی (تأريخ ـ مێژوو)وە، كە چاوگی (أرَّخ)ـەیە، كە دەربڕینی ئەو هەمزەیە تیایدا، بە ئاسانی خوێنراوەتەوە.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: بریتییە لە زانینی ئەو كاتەی كە بە هۆیەوە چۆنیەتی (ضبط) كردنی، كاتی لەدایكبوون (مواليد) و كاتی مردن و ڕووداوەكان و ...هتد، دەزانرێت.

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە: (معرفة علوم الحديث: ٢٠٢ ـ ٢١٠، والإرشاد ٢/ ٧٦٩ ـ ٧٨١، والتقريب: ١٩٤ ـ ١٩٧، والمنهل الروي ١٤٥، واختصار علوم الحديث: ٢٣٧ ـ ٢٤٢، والشذا الفياح ٢/ ٧١٣ ـ ٧٣٨، والمقنع ٢/ ٦٤٤ ـ ٦٥٦، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٢٣٧، وفتح المغيث ٣/ ٢٨٠ ـ ٣١٣، وتدريب الراوي ٢/ ٣٤٩ ـ ٣٦٧، وشرح ألفية السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ٢٦٢، وفتح الباقي ٣/ ٢٣٤ ـ ٢٥٩، وتوضيح الأفكار ٢/ ٤٩٨ ـ ٥٠٠، وظفر الأماني: ١٠٤).

٢. مەبەست لە ـ مێژوو ـ لێرەدا:

بریتییە لە: زانینی مێژووی لەدایك بوون و گوێ لێ گرتنی ئەو کەسانە لەمامۆستاکان، و گەیشتنیان بە هەندێ لە شارەکان و مردنیانە.

٣. گرنگیەکەی و سوودەکانی:

ئەمە هونەرێکی گرنگە، (سفیان الشوري) دەڵێت: کە گێڕەرەوەکان درۆیان خستە کار، ئێمەش مێژوومان بۆ بەکارهێنان، وە لە سودەکانی زانینی ڕشتە پەیوەستەکان (إسناد المتصل) و ڕشتە پچڕاوەکان (منقطع)ـەکانە.

وە کۆمەڵێك بانگەشەی ئەوەیان کردووە، کە لە کۆمەڵێکی ترەوە، شتیان گێڕاوەتەوە، ئەوا سەیری مێژوو دەکرێت، جا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوانە بانگەشەی ئەو گێڕانەوەیەیان کردووە لە مێژوویەکدا، ئەوانی تر لەو مێژووەدا، چەند ساڵ بووە مردوون!

٤. چەند نموونەیەك لە مێژووەوە:

أ. گوتەی ساغ لەسەر تەمەنی پێغەمبەر ﷺ و (أبوبکر)و (عمر) ئەوەیە کە (٦٣) ساڵ بوون.

١. کە پێغەمبەر ﷺ لە چێشتەنگای ڕۆژی دووشەممە دوانزەی (ربیع ألأول) دا لە ساڵی (١١هـ) کۆچی دوایی کردووە.

٢. وە (أبو بکر) رضي الله عنه لە مانگی (جمادي ألأولی) ساڵی (١٣هـ) ڕۆحی کێشراوە.

٣. وە (إمام عمر) رضي الله عنه لە مانگی (ذي الحجة)ـە، ساڵی (٢٣ هـ) شەهید کراوە.

٤. وە (إمام عثمان) رضي الله عنه لە مانگی (ذي الحجة)ی ساڵی (٣٥هـ) شەهید کراوە، کە تەمەنی (٨٢) ساڵ بووە، وە گوتراویشە کە تەمەنی (٩٠) ساڵ بووە.

٥. (إمام علی) رضي الله عنه لە مانگی (رمضان)ی ساڵی (٤٠هـ) دا، شەهید کراوە، کە تەمەنی (٦٣) ساڵ بووە.

ب. ئەو دوو هاوەڵەی کە شەست ساڵ لە دەوری نەفامیو شەست ساڵ لە ئیسلامەتیدا ژیاون و لە (مدینة)دا ساڵی (٥٤هـ) وەفاتیان کردووە، ئەمانەن:

١. حکیم بن حزام.

٢. حسان بن ثابت.

ج. خاوەنی ئەو مەزهەبانەی کە پەیڕەویان لێوە کراوە:

ناو	ساڵی لەدایکبوون	ساڵی کۆچ کردنیان
١. النعمان بن ثابت (أبو حنيفة)	٨٠	١٥٠
٢. مالك بن أنس (امام مالك)	٩٣	١٧٩
٣. محمد بن ادريس الشافعي.	١٥٠	٢٠٤
٤. أحمد بن حنبل	١٦٤	٢٤١

د.خاوەنی کتێبە بڕوا پێکراوەکانی فەرمودە

ناو	ساڵی لەدایکبوون	ساڵی کۆچ کردنیان
١.محمد بن أسماعيل البخاري	١٩٤	٢٥٦
٢.مسلم بن الحجاج النيسابوري	٢٠٤	٢٦١
٣.ابو داود السجستاني	٢٠٢	٢٧٥
٤.أبو عيسى الترمذي(١).	٢٠٩	٢٧٩
٥. أحمد بن شعيب النسائي.	٢١٤	٣٠٣
٦.(إبن ماجة) القزويني	٢٠٧	٢٧٥

هـ . بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

أ. کتێبی (الوفيات) ی (**أبن زُبْر محمد بن عبيدالله الربعي**) کە فەرمودە ناسی (دمشق) بووە، کە لە ساڵی (٣٧٩ هـ) دا کۆچی دوایی کردووە، کە بە گوێرەی ساڵەکان ڕێکی خستووە.

ب. چەند پاشکۆیەك لەسەر ئەو کتێبەی پێشووە کە پاشکۆکان هی (کتانی) و پاشان (ألأكفاني) و پاشان (العراقي) و ...هتد...ن.

(٦٣) ناسینی گێڕەرەوە بڕوا پێکراوەکان لەنێو لاوازەکاندا[1]

معرفة الثقات الضعفاء من الرواة

١.پێناسەی متمانە (ثقة) و لاوازێتی (الضعيف):

أ. لەڕووی زمانەوە: (الثقة): واتە: (المؤتمن) کەسی ئەمین و متمانەدار، وە: (الضعيف ـ لاوازە) دژی (القوي ـ بەهێزە)، وە (الضعف ـ لاوازی) لەوانەیە کە بەجەستەیی بێت یان مەعنەوی بێت.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: (الثقة) متمانەدار، بریتییە لە کەسێتی ڕاستاڵ (عادل)ی (ضابط)، وە (الضعيف) لاواز (ناوێکی گشتییە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە تانە لە هێزی لەبەر کردن (ضبط)و ڕاستاڵ (عدل)ـەکەی، درابێت.

٢.سوودەکەی و گرنگیەکەی:

ئەمە لە شکۆدارترینی جۆرەکانی زانستی فەرمودەیە، چونکە بەو هۆیەوە فەرمودەی سەحیحو زەعیف دەناسرێت.

٣.بەناوبانگترین کتێب تیایدا و لە جۆرەکانیشیدا:

أ. ئەو کتێبانەی کە بەسەر بەخۆیی لە متمانەدارەکان، (الثقات) دانراوە، وەك کتێبی (الثقات)ی (إبن حبان) و کتێبی (الثقات)ـی، (العجلي).

ب. ئەو کتێبە سەر بەخۆیانەی کە بەتەنها لە لاوازەکان (الضعفاء) دانراون: کە زۆر زۆرن، وەك کتێبی (الضعفاء)ی، (إمام بخاری)و (نسائی)و (عقيلی)و (دار قطني) لەوانەش کتێبی (الكامل في الضعفاء)ی (إبن عدی) و کتێبی (المغني في الضعفاء)ی، (الذهبی).

ج . ئەو کتێبانەی کە بەهاوبەشی لەنێوان متمانە پێکراوان و لاوازەکان (الثقات و الضعفاء)دا دانراون، کە ئەمانیش دیسانەوە زۆرن، لەوانە کتێبی (تأريخ البخاری الكبير)

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٧٢ ـ ٧٨٦، والتقريب: ١٩٧ ـ ١٩٨، والمنهل الروي: ١٣٧، واختصار علوم الحديث: ٢٤٢ ـ ٢٤٣، والشذا الفياح ٢/ ٧٣٩ ـ ٧٤٣، والمقنع ٢/ ٦٥٧ ـ ٦٦١، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٢٧٧، وفتح المغيث ٣/ ٣١٤ ـ ٣٣٠، وتدريب الراوي ٢/ ٣٦٨ ـ ٣٧٠، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي ٢٧٠، وفتح الباقي ٣/ ٢٥٩ ـ ٢٦٣، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠٠ ـ ٥٠٢).

و لەوانە کتێبی (الجرح و التعديل)ی، إبن ابی حاتم، کە کتێب گەلێکی گشتین بۆ گێڕەرەوەکان، و هەیانە کتێب گەلێکی تایبەتن، بە هەندێ لە کتێبەکانی فەرموده، وەك کتێبی **(الكمال في أسماء الرجال)ی (عبدالغني المقدسي)** کە چەندەها پوختەکردن (تهذيبات)ی، بۆ کراوە، لەلایەن (المزي) و (الذهبی)و (إبن حجر) و (الخزرجي)ییەوە.

(٦٤) ناسینی ئەو کەسە بڕوا پێکراوانەی کە شت تێکەڵ دەکەن[1]

١.پێناسەی تێکەڵکردن (الإختلاط):

أ. لەڕووی زمانەوانیەوە: واتە: خراپ بوونی عەقڵ، کە دەوترێ (أختلط فلان) واتە: عەقڵ خراپ بووەو ـ شێواوە ـ هەروەك لە (قاموس)دا، وایە.

ب. لەڕووی زاراوەوە: خراپ بوونی عەقڵە، یان بێ یاسایی‌و شێوان لە قسەکانیدا هەیە، بەهۆی پیری یان کوێری یان سوتانی کتێب یان......هتد.

٢. جۆرەکانی (المختلطين)، ئەوانەی تێکەڵ دەکەن:

أ. ئەوەی شت تێکەڵ دەکات، بەهۆی پیریەوە (الخَرَف)، وەك (عطاء بن السائب الثقفي الكوفي).

ب. ئەوەی کە بەهۆی کوێر بوونیەوە شت تێکەڵ دەکات و شێواوە، وەك (عبدالرزاق بن همام الصنعانی) کە دوای ئەوەی کوێر بوو، شتی بەسەردا دەخوێنرایەوە، ئیتر ئەویش بەسەر خەڵکیدا دەیخوێندەوە.

ج. ئەوەی کە بەهۆی هۆکاری ترەوە شت تێکەڵ دەکات، وەك سوتانی کتێبەکانی، وەك (عبدالله بن لُهَيعة المصري).

٣. حوکمی گێڕانەوەکانی کەسی شێواو (مختلط):

أ. ئەوەی کە لە پێش ئەو شێوانەدا گێڕاویەتیەوە لێی وەردەگیرێت.

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٨٧ ـ ٧٩٦، والتقريب: ١٩٨، والمنهل الروي: ١٣٧، واختصار علوم الحديث: ٢٤٤ ـ ٢٤٥، والشذا الفياح ٢/ ٧٤٤ ـ ٧٨٠، والمقنع ٢/ ٦٦٢ ـ ٦٦٧، وشرح التبصرة ٣/ ٢٨٣، وفتح المغيث ٣/ ٣٣١ ـ ٣٥٠، وتدريب الراوي ٢/ ٣٧١ ـ ٣٨٠، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ٢٧٣، وفتح الباقي ٣/ ٢٦٣ ـ ٢٧٤، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠٢ ـ ٥٠٣).

ب. بەڵام ئەوەی کە لە دوای ئەو شت تێکەڵ کردنە گێڕاویەتیەوە لێی وەرناگیرێت، هەروەها ئەوەی کە گومانی تیایە کە ئایا پێش تێکەڵ کردنە کە گێڕاویەتیەوە یان لەدوای تێکەڵ کردنەکە، هەر لێی وەرناگیرێ.

٤. گرنگیەکەی و سوودەکانی:

ئەمە هونەرێکی زۆر گرنگە، سوودەکەی لە جیاکردنەوەی فەرمودەی کەسانی بڕوا پێکراودایە، ئەوانەی کە لە دوای ئەم دەردی تێکەڵ کردنە شتیان وتوە، تا بەرپەرچ بدرێتەوە، و لێیان وەرنەگیرێت.

٥. ئایا دوو شێخەکە ـ بخاري و مسلم ـ لە کتێبە سەحیحەکانیاندا شتیان لەو کەسە متمانە پێکراوانەوە هێناوە، کە تووشی تێکەڵ کردن هاتوون؟

بەڵێ، بەڵام ئەوانەیان هێناون کەزانراوە، کە لە پێش ئەم تێکەڵ کردنە گێڕاویانەتەوە.

٦. بەناو بانگترین دانراو تیایدا:

ژمارەیەك لە زانایان کتێبیان تیایدا داناوە، وەك (العلائي) و (الحازمي)، وە لەو کتێبانەش کتێبی (ألأغتباط بمن رُمي بالإختلاط)، دانراوی (حافظ إبراهيم إبن محمد) کچە زای (إبن العجمی) کە لە ساڵی (٨٤١ ك) دا، کۆچی دوایی کردووە.

(٦٥) ناسینی چینەکانی زانایان و گێڕەرەوەکان[1]

١. پێناسەی چین (الطبقة):

أ. لە ڕووی زمانەوە: واتە: کۆمەڵێکی لێك چوو، (القوم المتشابهون).

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەوەیە کە کۆمەڵێ کەس کە لە تەمەن و (أسناد)دا، لێك نزیکن، یاخود تەنها لە (أسناد)دا، لێك نزیکن[2].

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشــای ئەم ســەرچاوانە بکە: (الإرشاد ٢/ ٧٩٧ ـ ٧٩٩، والتقريب: ١٩٩، والمنهل الروي: ١١٥، واختصار علوم الحديث: ٢٤٥، والشذا الفياح ٢/ ٧٨١ ـ ٧٨٢، والمقنع ٢/ ٦٦٨ ـ ٦٦٩، وشرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٣٠١، وفتح المغيث ٣/ ٣٥١ ـ ٣٥٤، وتدريب الراوي ٢/ ٣٨٠ ـ ٣٨٢، فتح الباقي ٣/ ٢٧٤ ـ ٢٧٦، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠٣ ـ ٥٠٤، وظفر الأماني: ١٠٣ ـ ١٠٤).

٢. تدريب الرّاوي ج٢/ ص٣٨١.

مانای نزیکی لە (أسناد)دا، ئەوەیە کە مامۆستاکانی ئەو کەسەو کەسەکەی تریەك بن، یاخود مامۆستا (شێخ)ـەکانیان، لێك نزیك بن.

٢. لە سوودەکانی زانینی ئەم بابەتە:

أ. پارێزراو بوون لە وەی کە کەسانێکی لێك چوو لە ناو و کونیە و...هتد، تێکەڵ ببن، چونکە جاری وا هەیە دووناو لە لەفزدا لێك دەچن، جا وا گومان دەبرێت بە یەکێك کە ئەوی تریان بێت، جا بە زانینی چینەکانیان ئەم جیاکاری یە دەزانرێت.

ب. سوودێکی تری، وەستانە لەسەر حەقیقەتی مەبەست لە (عنعنة)، واتە: عن فلان عن فلان...

٣. جاری واهەیە کە دوو گێڕەرەوە، بەگوێرەی تێڕوانینێك سەربە چینێکن و بە گوێرەی تێڕوانینێکی‌تر سەر بەچینێکی ترن، وەك (أنس بن مالك) و هاووێنەکانی لە کەسە تەمەن کەمەکانی هاوەڵان ﷺ، ئەمانە لەگەڵ دەیانی تردا سەر بە چینێکن بەگوێرەی ئەوەی کە لە هاوەڵانن، و لەسەرووی ئەمەیشەوە هاوەڵان ﷺ هەموویان چینێکن، وە بە گوێرەی زووهاتنە نێو ئیسلامەوە، هاوەڵان ﷺ دەبنە (١٠) دە تا.... ئەوەندە...چین، هەروەك لە باسی ناسینی هاوەڵاندا ﷺ ڕابورد، جا (أنس بن مالك) و هاووێنەکانی لەم دە چینە نابن.

٤. چی لەسەر ئەو کەسە پێویستە کە تێڕامان لەم بابەتەدا دەکات؟

لەسەر ئەو کەسەی کە لە زانستی چینەکاندا تێڕامان دەکات، پێویستە زانا بێت بەساڵی لەدایك بوون‌و مردنیان، و ئەو کەسانەی ئەمان کە شتیان لێوە ڕیوایەت کردوون‌و ئەوانەی کە شتیان لەمان ڕیوایەت کردووە.

٥. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

أ. کتێبی (الطبقات الکبری)ـی، (إبن سعد).

ب. کتێبی (طبقات القرّأء)ـی، (ابي عمرو الداني).

ج. کتێبی (طبقات الشافعية الکبری)ـی، (عبدالوهاب السبکي).

د. (تذکرة الحفاظ)ـی، (إمام الذهبي).

(٦٦) ناسینی گێڕەرەوە زانا کۆیلەکان[1]

١.پێناسەی کۆیلە و گزیر (الـموالـي):

أ. لە ڕووی زمانەوە: (الـموالي)کۆی (مولی)یە، وە(ألـمولی) لە وشە دژەکانە، کە بۆ موڵکدار (مالك) و بەندە (العبد) و بەندە ئازادکەر (الـمُعتِق) و بەندەی ئازادکراو (الـمعتَق) بەکار دێت.

ب. لە ڕووی زاراوەوە: ئەو کەسە یە کە لە ژێر پەیمان و سانسۆردا بێت (الـمحالَف) یاخود بەندەی ئازاد کراو بێت، یاخود ئەوکەسەی کە لەسەر دەستی کەسانیتر مسوڵمان بووە.

٢.جۆرەکانی (الـموالـي):

واتە: ئەو پەیوەندییەی کە بەهۆی کۆیلە ئازاد کردنەوە پەیدا دەبێت.

جۆرەکانی کۆیلە:

أ. کۆیلەیـی بەهـۆی پەیمـان نامـەوە، (مولـی الحِلـف)، وەك (ألإمام مالك بن أنس ألأصبحي التيمي) کە لە پشتدا (ألأصبحي)یە، بەڵام (التیمی) بونەکەی بەهۆی پەیمانێکەوە بووە، چونکە هۆزی (أصبح)یەکان بوونە کۆیلەی (تیم)ە، قورەیشیەکان بە پەیمان.

ب. کۆیلـەی ئازادکـراو، واتـە: بـە کۆیلـەی ئـەو کەسـە دراوەتـە قەڵەم چونکـە ئازادی کردووە، (مولـی العتاقة)، وەك (أبو البختري الطائي التابعي) کە ناوی (سعيد بن فيروز)ـە، کە کۆیلەی (طيئ) بووە، چونکە گەورەکەی لە (طيئ) یەکان بووە، کە ئازادی کردووە.

ج. کۆیلەی ئیسلامەتی، واتە: بەکۆیلەی ئەو کەسە ناوزەد کراوە، چونکە خۆی یان باو باپیرانی لەسەر دەستی ئەو کەسە ئیسلام بوون، وەك: (محمد بن إسماعيل البخاري الجعفی)، چونکە باپیری کە(موغیر)ـەیە، ئاگر پەرست بووە، وە لەسەر دەستی (اليمان بن أخنس الجعفی) مسوڵمان بووە، ئیتر نیسبەتی بۆلای ئەم (الجعفی)یە، دراوە.

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث: ١٩٦ ـ ٢٠٢، الإرشاد ٢/ ٨٠٠ ـ ٨٠٣، والتقريب: ١٩٩ ـ ٢٠٠، والمنهل الروي: ١٣٥، واختصار علوم الحديث: ٢٤٦ ـ ٢٤٧، والشذا الفياح ٢/ ٧٨٣ ـ ٧٨٧، والمقنع ٢/ ٦٧٠ ـ ٦٧٣، وشــرح التبصرة والتذكرة ٣/ ٣٠٤، وفتح المغيث ٣/ ٣٥٥ ـ ٣٥٨، وتدريب الراوي ٢/ ٣٨٢ ـ ٣٨٤، وشرح السيوطي عَلَى ألفية العراقي: ٢٧٧، وفتح الباقي ٣/ ٢٧٦ ـ ٢٧٨، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠٤).

٣.لە سوودەکانی:

بێخەم بوون لە تێکەڵ کاری و لێك چوون (اللبس)و ناسینی کەسی نیسبەت لێدراوە بۆ هۆزەکەی، ئیتر بەڕەچەڵەك بێت، یان بە هۆی (مولاء) بونەوە، وە هەر لەمە شەوە کە جیاکردنەوەی نیسبەت لێدراو بۆ هۆزو کۆیلایەتی، ئەو کەسانەی کە لەناو دا لە نێو ئەو هۆزەدا بەڕەچەڵەك یەکێکن ـو ناوەکانیان یەکە ـ دەزانرێت و بەم هۆیەوە جیا دەکرێتەوە.

٤. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

لەم بابەتەوە (ابو عمر الکندي) کتێبی داناوە، بەڵام تەنها بەنیسبەت لێدانی میسرییەکانەوەیە.

(٦٧) ناسینی ناوچەو شاری گێڕەرەوەکان[1]

معرفة أوطان الرواة و بلدانهم

١.مەبەست لەم باسە:

(الأوطان) کۆی (وطن ـ نیشتمان)ـە، کە مەبەست تیایدا ئەو هەرێم یان ناو چەیەیە کە مرۆڤ تیایدا لەدایك بووە، یان نیشتەجێ دەبێت، وە (البلدان) کۆی (بلد ـ شارە)، مەبەست پێی ئەو شار یان گوندەیە کە مرۆڤی تیادا لە دایك بووە، یان تیایدا نیشتەجێ بووە.

وە مەبەست لەم باسە: بریتییە لە ناسینی هەرێمو شارەکانی ئەو گێڕەرەوانە، کە تیایدا لە دایك بوون و تیایاندا نیشتەجێ بوون.

٢.لە سوودەکانی:

جیاکردنەوەی دوو ناوی هاو لەفزە، ئەمە ئەگەر خەڵکی دوو شاری جودا بوون، کە ئەمەش زانایانی فەرموودە لە کار کردن و لێکۆڵینەوەو کتێبەکانیاندا پێویستیان پێی هەیە.

٣.هەریەکە لە عەرەب و ناعەرەب (عجم) بۆ چ شتێك نیسبەتیان دەدرێت؟

أ. بێگومان عەرەب لە کۆندا بۆ لای عەشرەتەکانیان نیسبەتیان دەدرا، چونکە زۆرینە یان

---

١. بۆ زیاتر زانینی ئەم بابەتە تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە: (معرفة علوم الحديث ١٩٠ ـ ١٩٦، الإرشاد ٢/ ٨٠٤ ـ ٨١٥، والتقريب ٢٠٠ ـ ٢٠١، والمنهل الروي: ١٣٩، واختصار علوم الحديث ٢٤٨ ـ ٢٤٩، والشذا الفياح ٢/ ٧٨٨ ـ ٧٩٢، والمقنع ٢/ ٦٧٤ ـ ٦٧٨، وفتح المغيث ٣/ ٣٥٩ ـ ٣٦٢، وفتح الباقي ٣/ ٢٧٨ ـ ٢٨٠، وتدريب الراوي ٢/ ٣٨٤ ـ ٣٨٥، وتوضيح الأفكار ٢/ ٥٠٤ ـ ٥٠٦، وظفر الأماني: ١٠٥).

دەشتەکی و گەڕیدە بوون، وە پەیوەست بونیان بە زەویەوە نەبووە، بەڵام کە ئیسلام هات و جێگیربونیان لە شارو گوندەکانیان زیاد بوو، ئیتر بۆ لای شارو گوندەکانیان نیسبەتیان لێدرا.

ب. بەڵام غەیری عەرەب (عجم) بۆ لای شارو گوندەکانیان لە کۆندا نیسبەتیان لێوە دراوە.

٤. کەسێك کە لە شارەکەی خۆی گواستیەوە، ئیتر چۆن نیسبەتی لێ دەدرێت؟

أ. ئەگەر نیازی کۆکردنەوەی هەردووکیانی هەبوو لە نیسبەت لێدانەکەدا، ئەوە بابە شاری یەکەم دەست پێ بکات، و پاشان ئەو شارەی کە گواستوویەتیەوە بۆی، باشتروایە کە پیتی (ثم: پاشان) بخاتە سەر دووەمیان، بۆ کەسێك کە لە (حلب) لە دایك بوو بێت، و پاشان گواستبێتیەوە و کۆچی کردبێت بۆ مەدینە، دەوترێت (فلان الحلبی ثم المدني)، وە زۆرینەی خەڵکی کاریان بەمە کردووە.

ب. بەڵام ئەگەر نیازی کۆکردنەوەی نەبوو لە نێوانیاندا، ئەوە نیسبەت بۆ هەرکامێکیان کە پێی خۆشە با بیدات، کە ئەمەشیان کەمە.

٥. کەسێك کە خەڵکی گوندێك بێت و ئەو گوندە سەر بە شارێك بێت، چۆن نیسبەتی لێ دەدرێت؟

أ. بۆی هەیە کە خۆی نیسبەت بدات، بە سەر ئەو گوندەدا.

ب. بۆیشی هەیە کە خۆی نیسبەت بداتە سەر ئەو شارەی کە گوندەکەی ئەم سەربەو شارەیە.

ج. بۆیشی هەیە کە خۆی نیسبەت بداتە سەر ئەو ناوچەیەی کە شارەکەی ئەمی تیادایە، وە نمونەیش بۆ ئەمە، ئەگەر کەسێك لە گوندی (الباب) بوو، کە سەربە شاری (حلب)ـە، و حەڵەبیش سەر بە (شام)ـە، ئەوا لە نیسبەت لێداندا بۆی هەیە بڵێت: (فلان البابي) یان (فلان الحلبي) یان (فلان الشامي).

٦. ئەو ماوەیە چەندە کە ئەگەر کەسێك لە شارێکدا بەسەری بەرێت، ئیتر نیسبەتی لێ دەدرێت بۆ لای ئەو شارە؟

* چوار ساڵە، کە ئەمە گوتەی (عبدالله بن مبارك)ـە.

٧. بەناوبانگترین کتێب تیایدا:

أ. دەتوانین کتێبی (الأنساب)ـی، (السمعاني) کە باسکراو ڕابورد، لە کتێبە دانراوەکانی ئەم جۆرە دابنێین، چونکە باسی نەسەب و ناوچە و ... هتد، دەکات.

ب. لە پێگەو جێگای باس کردنی ناوچەو شارەکانی گێڕەرەوەکان کتێبی (الطبقات الکبری)ـی، (إبن سعد)ـە.

وَلِلّهِ سبحانَهُ الحَمْدُ الأَتَمُّ عَلَى مَا أسبَغَ مِنْ إفضالِهِ، والصَّلاةُ والسَّلامُ الأفضلانِ عَلَى سَيِّدِنا مُحَمَّدٍ وآلِهِ وعلى سائِرِ النَّبيينَ وآلِ كُلّ، نِهايَةَ مَا يَسأَلُ السائلونَ وغَايَةَ مَا يأمُلُ الآملونَ. آمِيْنَ، آمِيْنَ، آمِيْنَ

◈◈◈

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە چەند دێڕدا

- ناوی «عەبدولکەریم»، کوڕی «موحەممەد»، کوڕی «فەتاح»ە، لە ساڵی (١٨٩٩)ی زایینی، لە ئاوایی (گوێزەکوێرە)ی سەر بە شاری «مەریوان»، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە.

- پێنج شەش ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە.

- بۆ خوێندن ناوچەکانی مەریوان و سلێمانی و هەڵەبجە گەڕاوە تا سەرەنجام لە سلێمانی لە خانەقای مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندی، لە خزمەتی «شێخ عومەر ئینولقەرەداغی»دا ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

- سەرەتا لە ئاوایی نێرگسەجاڕ پاشان لە بیارە و سلێمانی و کەرکووك، دواجار تا کۆتایی تەمەنی لە بەغدا لە مزگەوت و مەرقەد و مەدرەسەی شێخ «عبدالقادر»ی گیلانی (رَحِمَهُ اللهُ) سەرقاڵی وانەوتنەوە و نووسین و ڕێنمایی موسڵمانان بووە.

- زیاتر لە (٨٠) کتێبی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە و چاپ کراون

- سەرەنجام لە (٢٠٠٥/٨/٢٩) لە بەغدا وەفاتی کرد و لە مەرقەدی شێخ «عبدالقادر»ی گیلانی (رَحِمَهُ اللهُ) ئەسپەردەی خاك کرا.

انتشارات کردستان
Kurdistan Publication
سنندج - پاساژ عزتی - تلفن: ٣٣١۶۵٣٨٢
ISBN:978-964-980-317-3
9 789649 803173